

# منداڵان
# لە بەهەشتەوە هاتوون

نووسینی: د. جۆن گرەی نووسەری کتێبی:
(پیاوان لە مەریخەوە هاتوون، ژنانیش لە ڤینۆسەوە)

ئەم پەرتـــووکە، لەگەڵ خۆشەویســـتی و ســـۆزێکی قـــووڵ، پێشکەشـــە بە "بـــۆنی گـــرەی" هاوســـەرم. نەمـــدەتوانی بەبـــێ ژیـــری و بەرچـــاوڕوونی ئەو ئەم کتێبە بنووسم. خۆشەویستی، خۆشی، ڕۆشنایی ئەو تەنیـــا ژیانیـــان شـــکۆمەند نەکـــردووم، بەڵکـــو ژیـــانی منداڵەکانیشمان.

# سپاس و پێزانین

سپاسی "بۆنی" هاوسەرم و هەرسێ کچەکەم، شانۆن و جولێت و لۆرین، دەکەم لەپای خۆشەویستی و پاڵپشتی بەردەوامیان. بەبێ بەشداری ڕاستەوخۆی ئەوان، نەدەتوانرا ئەم کتێبە بنووسرێت.

سپاسی "دایان ڕیڤراند" دەکەم لە دەزگای "هارپەرکۆلینز" لەپای پەرچەپێدان و ئامۆژگارییە نایابەکانی. هەروەها سپاسی "لاورا لیۆنارد"ی بڵاوکەرەوەی خەونەکانم دەکەم، هەروەها سپاسی "کارل ڕەیمۆند و کرایگ هێرمان و ماتیۆ گۆما و مارک لانداو و فرانک فۆنچێتا و ئەندریا سیرینی و کەیت ستارک و لوسێ هود و ئان گۆدنێر و ستافە بێوێنەکەی هارپەرکۆلینز دەکەم."

سپاسی "پاتی بریتمان"ی بریکارم دەکەم، لەپای ئەوەی بڕوای بە پەیامەکەم کرد و پەی بە بەهای "پیاوان لە مەریخەوە هاتوون، ژنانیش لە ڤینۆسەوە" برد نۆ ساڵ لەمەوبەر. سپاسی "لیندا مایکڵز"ی بریکاری نێودەوڵەتیم دەکەم، کە کتێبەکەمی بە زیاتر لە پەنجا زمانی جیاواز بڵاو کردەوە.

سپاسی ستافەکەم دەکەم: "هێلین درەیک و بارت و مێریل بێرنز و پۆلیانا جەیکۆبز و ئایان و ئێلین کۆرن و ساندرا واینستین و دۆنا دوایرن و مارتن و جۆزێ براون و بۆب بۆدری و مایکڵ نەجاریان و جیم پوزەن و ڕۆندا کۆلێر" لەپای پاڵپشتی و کۆشش و کاری زۆریان. هەروەها سپاسی "مات جەیکۆبز و شێری ڕیفکین و "کێڤن کرەینیک" دەکەم لەپای ئەو ئەرکەی کێشیان کە marsvenus.comیان کردە یەکێک لە باشترین پێگەکانی ئینتەرنێت.

سپاسی زۆربەی هاوڕێکانم و ئەندامانی خێزانەکەم دەکەم لەپای پاڵپشتی و پێشنیارە بەسوودەکانیان: "ڕۆبەرت گرەی" برام و "ڤێرجینیا گرەی" خوشکم، "کلیفۆرد مگوایەر" و "جیم کێنەدی" و "ئالان گاربەر" و "ڕینییە سوایسکۆ" و "ڕۆبەرت و کارین جۆزێفسن" و "ڕامی ئەلبەتراوی."

هەروەها سپاسی ئەو سەدان ئاسانکارانەی وۆرکشۆپەکان دەکەم کە وۆرکشۆپەکانی "مەریخ-ڤینۆس" دەڵێنەوە لە سەرانسەری جیهاندا لەگەڵ ئەو هەزاران کەس و هاوژینانەی بەشداربوون لەم وۆرکشۆپانەدا لە ماوەی پانزە ساڵی ڕابردوودا. هەروەها سپاسی ئەو ڕاوێژکارە خێزانیانەی "مەریخ-ڤینۆس" دەکەم کە بەردەوامن لە بەکارهێنانی ئەم بنەمایانە لە کارە ڕاوێژکارییەکانیاندا.

سپاسی "کەیلشوار"ی هاوڕێی ئازیزم دەکەم لەپای پاڵپشتی و دەستگیرۆیی هەمیشەیی خۆی بۆ من.

سپاسی "ڤێرجینیا و دەیڤد گرەی" دایکم و باوکم دەکەم لەپای هەموو خۆشەویستی و پاڵپشتیان کاتێک بەشێنەیی ڕێنوێنیان کردم تا ببمە باشترین باوک و بەخێوکەری منداڵەکانم کە توانیم ببم. سپاس بۆ "لوسیل بریکسی" کە وەک دایکی دووەم وا بوو لەپای ڕێنیشاندان و خۆشویستنم.

سپاسی یەزدانی مەزن دەکەم بۆ ئەو وزە و مێشک ڕوونی و پاڵپشتییە پێم گەیشت لە هێنانە بەرهەمی ئەم کتێبەدا.

جۆن گرەی

٩ی حوزەیرانی ١٩٩٩

# پێشەکی

دوای یەکەم ساڵی ژیانی هاوسەرگیریم، باوکی منداڵێکی ساوا و دوو زڕکچی جوانکیلە بووم. لۆرین منداڵە ساواکە بوو، جولێت تەمەنی هەشت ساڵان بوو، شانۆنیش نزیکی دوانزە ساڵان بوو. لەگەڵ ئەوەی "بۆنی" هاوژینی تازەم لە هەڕەتی دایکایەتی خۆیدا بوو، بەڵام ئەمە یەکەم ئەزموونی من بوو. هەبوونی کۆرپەیەکی ساوا، منداڵێک، یەکێکی دیکەی بەر لە قۆناغی هەرزەکاری، هەموو ئەمانە بۆ من ئاڵنگارییەکی تەواو بوو. گەلێک وانە و ۆرکشۆپم گوتبوونەوە لەگەڵ هەرزەکاران و منداڵانی گشت تەمەنەکان. گەلێک بەئاگا بووم لەبارەی شێوازی هەستکردنی منداڵان بۆ دایک و باوکیان. هەروەها ڕاوێژم بە هەزاران کەسی پێگەیشتوو کردبوو، یارمەتیم دابوون گرفت و ئاریشەکانی قۆناغی منداڵیان چارەسەر بکەن. لەو بوارانەدا کە بایەخ پێدانی دایک و باوکیان کەموکورتی و ناتەواوی تێدابوو، فێری کەسە گەورەکانم کرد چۆن زامەکانیان سارێژ بکەن بەوەی سەرلەنوێ باوانی بۆ خۆیان بکەنەوە. لەم ڕوانگە ناوازەیەوە، منیش وەک باوکێکی نوێ دەستم پێ کرد.

لە هەموو هەنگاوێکی ڕێگەکەدا، خۆمم دەبینییەوە خۆکردانە ئەو شتانەم ئەنجام دەدا باوک و دایکم ئەنجامیان دابوو. هەندێکیان شتی باش بوون، هەندێکی دیکەیان کەمتر کاریگەرییان هەبوو، هەندێکیشیان بە ڕوونی دیار بوو بە هیچ شێوەیەک باش نەبوون. لەسەر بنەمای ئەزموونی خۆم بەوەی چی بۆ خۆم و ئەو هەزاران کەسە سەرکەوتوو نەبووە کە کارم لەگەڵ کردبوون، وردەوردە توانیم ڕێگاگەلی نوێی باوانیکردن بدۆزمەوە کە کاریگەریان زیاتر بوو.

تا ئەمڕۆش، دەتوانم یەکەمین گۆڕانکارییەکانی خۆمم بیر بێتەوە. شانۆن و بۆنی دایکی کەوتنە مشتومڕ. لە پلیکانەکان هاتمە خوارەوە تا پاڵپشتی بۆنی بکەم. لە ساتێکی دیاریکراودا، بە دەنگی بڵند هاوارم کرد. لە ماوەی چەند ساتێکی کەمدا، دەستم گرت بەسەر مشتومڕەکەدا. شانۆن بێدەنگ بوو، ئازار و ڕقوقینەکەی لە ناخی خۆیدا هێشتەوە. لەناکاو بینیم چۆن زڕکچە تازەکەمم زامدار دەکرد.

لەو ساتەدا، درکم کرد بەوەی ئەوەی کردبووم هەڵەیەک بوو. ڕەفتاری من هیچ پەروەردەیی نەبوو. بەو جۆرە ڕەفتارم کرد کە باوکم ڕەفتاری دەکرد کاتێک نەیدەزانی چ شتێکی دیکە بکات. هاوارم دەکرد و هەڕەشەی ترساندنم بەکار هێنا تا جڵەوی دۆخەکە بکەم. گەرچی منیش نەمزانی چ شتێکی دیکە بکەم، بەڵام بە ڕوونی زانیم هاوارکردن و بەچەترسێنکردن وەڵام نەبوون بۆ ئەو دۆخە. لەو ڕۆژە بەدواوە، هەرگیز جارێکی دیکە بەسەر منداڵەکانمدا هاوارم نەکردەوە. سەرەنجام، خۆم و ژنەکەم توانیمان پەرە بە ڕێگەی دیکە بدەین، ڕێگەگەلی زیاتر پەروەردەیی تا جڵەوی دۆخەکە بکەینەوە کاتێک منداڵەکان ڕەوشتی ناشیرینیان دەنواند.

## خۆشەویستی بەتەنیا بەس نییە

من گەلێک سپاسگوزاری دایک و باوکی خۆمم، لەپای پاڵپشتی و خۆشەویستیان، کە گەلێک دەستگیرۆیی منیان کرد، بەڵام بە گەلێک ڕێگە، سەرەڕای خۆشەویستیان، تووشی زامی قووڵ بووم بە هۆی هەڵەکانیانەوە. تیمارکردنی ئەو زامانە منیان کردە باوکێکی باشتر. دەزانم ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان دا، بەو زانیارییە سنووردارەی هەیانبوو دەربارەی ئەوەی منداڵان پێویستیان بوو. کاتێک دایک و باوک، لە کاری باوانیکردندا، هەڵە دەکەن، بە هۆی ئەوەوە نییە

منداڵەکانیان خۆشناوێت، بەڵکو بە هۆی ئەوەوەیە کە ڕێگەیەکی باشتر پێ نازانن.

گرنگترین بەشی باوانیکردن خۆشەویستی و خستنەکاری کات و وزەیە بۆ دەستگیرۆییکردنی منداڵەکانت. گەرچی خۆشەویستی گرنگترین داواکارییە، بەڵام بەس نییە. گەر دایک و باوک لە پێویستییە ناوازەکانی منداڵەکانیان تێنەگەن، ئەوا لە توانایاندا نابێت ئەو شتە بە منداڵەکانیان ببەخشن کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا منداڵان پێویستیانە. دایک و باوک ڕەنگە خۆشەویستی ببەخشن، بەڵام نەک بەو شێوازانەی کە زۆر یارمەتیدەر و بەسوودن بۆ گەشەی منداڵەکەیان.

**بەبێ تێگەیشتن لە پێویستی منداڵەکانیان، دایک و باوک ناتوانن بە شێوەیەکی کاریگەر پاڵپشتی منداڵەکانیان بکەن.**

لەلایەکی دیکەوە، هەندێک لە دایک و باوکەکان "ئارەزوو" دەکەن کاتی زیاتر لەگەڵ منداڵەکانیاندا بەسەر ببەن، بەڵام وا ناکەن چونکە نازانن چی بکەن یاخود منداڵەکانیان هەوڵەکانی ئەوان ڕەت دەکەنەوە. بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە دایک و باوکەکان هەوڵ دەدەن قسە لەگەڵ منداڵەکانیان بکەن، بەڵام منداڵەکانیان دەرکە پێوە دەدەن و هیچ ناڵێن. ئەم دایک و باوکانە ئارەزوو دەکەن قسە بکەن، بەڵام نازانن چۆن منداڵەکانیان بهێننە قسە.

هەندێک لە دایکان و باوکان نایانەوێت بەسەر منداڵەکانیاندا هاوار بکەن، لێیان بدەن و سزایان بدەن، بەڵام ڕێگەیەکی دیکە شک نابەن. بە هۆی ئەوەی قسەکردن لەگەڵ منداڵەکانیان سەرکەوتوو نەبووە و

کاری خۆی نەکردووە، سزادان یان هەڕەشەی سزادان تاکە ڕێگەیە دەیزانن.

**بۆ دەستبەرداربوون لەڕێگە کۆنەکانی باوانیکردن، پێویستە ڕێگە نوێیەکان بخرێنە کار.**

قسەکردن سەردەگرێت و کاری خۆی دەکات، بەڵام پێویستە سەرەتا بزانن منداڵان چیان پێویستە. پێویستە فێر بن چۆن گوێ بگرن تاوەکوو منداڵان بیانەوێت قسەتان لەگەڵدا بکەن. پێویستە فێر بن چۆن بپرسن تاوەکوو منداڵان هاوکارتان بن. پێویستە فێر بن چۆن ئازادی زیادە ببەخشنە منداڵەکانتان بەڵام هێشتا با جڵەویشتان بەسەریاندا بەردەوامی بدەن. کاتێک دایک و باوکێک فێری ئەم توانا و شارەزاییانە بوون، ئەو کاتە دەتوانن دەستبەرداری ڕێبازە بەسەرچووەکانی باوانیکردن ببن.

## دۆزینەوەی ڕێگەیەکی باشتر

وەک ڕاوێژکارێکی خێزانی بۆ هەزاران کەس و مامۆستایەکیش بۆ سەدان هەزار کەس، بەئاگا بووم لەوەی چ ڕەفتارێکی باوانیکردن سەرکەوتوو نەدەبوو، بەڵام هێشتا چارەسەری کاریگەرتریشم شک نەدەبرد. بۆ بوون بە دایک و باوکێکی باشتر، ئەوەندە بەس نەبوو واز بهێنم لە کردنی شتگەلی هاوشێوەی هاوارکردن بەسەر منداڵەکانم و سزادانیان. بۆ دەستبەرداربوون لە دەستبەسەرداگرتنی منداڵەکانم بە هەڕەشەی سزادانیان تا جڵەوی خۆم بەردەوامی پێ بدەم، دەبوو پەی بە ڕێبازگەلی دیکەی کاریگەری هاوشێوە ببەم. لە بروەدان بە فەلسەفەی "منداڵان لە بەهەشتەوە هاتوون" و پێنج توانا و

شارەزاییەکەی باوانیکردنی ئەرێنی، وردەوردە پەیم بە جێگرەوەیەکی کاریگەر برد بۆ توانا و شارەزاییە تەقلیدی و نەریتییەکانی باوانیکردن.

**بۆ ئەوەی ببیت بە دایک و باوکێکی باشتر، ئەوەندە بەس نییە دەست لەو شتانە هەڵبگیرێت کە سەرکەوتوو نابن.**

توانا و شارەزاییەکانی باوانیکردنی ئەرێنی کە لەنێو "منداڵان لە بەهەشتەوە هاتوون" خراونەتە ڕوو، زیاد لە سی ساڵی بردووە لای من تا برەوم پێ داون. بۆ ماوەی شانزە ساڵ وەک ڕاوێژکاری کەسانی گەورە کە خاوەن کێشەی تاک و پەیوەندییەکان بوون، دەرفەتم هەبووە تا بکۆڵمەوە لەوەی چی سەرکەوتوو نەبووە لە قۆناغی منداڵی مشتەرییەکانمدا. پاشان، وەک باوکێک، لە ماوەی چواردە ساڵی دواتردا، دەستم کرد بە برەودان و بەکارهێنانی توانا و شارەزاییە نوێ و جیاوازەکانی باوانیکردن. ئەم بەرچاوڕوونی و شارەزاییانە تەنیا لە بەخێوکردنی منداڵەکانی خۆمدا کاریان نەکردووە و سەرکەوتوو نەبوون، بەڵکو لە هی هەزاران خێزانی دیکەشدا بە هەمان شێوە بوون.

"مارج" -کە دایکێکی تەڵاقدراو بوو- دەستی کرد بە بەکارهێنانی ئەم شارەزاییانە لەگەڵ "سارا"ی کچە گەورەیدا کە لە قۆناغی هەرزەکاریدا بوو، تەنانەت قسەی لەگەڵدا نەدەکرد و لە لێواری ئەوەدا بوو ماڵەوەش جێ بهێڵێت. کاتێک مارج شێوازی ئاخاوتن و پەیوەندیی خۆی گۆڕی، توانیان گرفتەکانیان چارەسەر بکەن. سارا لە شەو و ڕۆژێکدا گۆڕا. بەر لەوەی مارج بەشداری وۆرکشۆپی "منداڵان لە بەهەشتەوە هاتوون" بکات، سارا پیشی دەخواردەوە و ناوچەوانی

گرژ و مۆن دەبوو کاتێک دایکی قسەی دەکرد. لە ماوەی چەند مانگێکی کەمی دوای وۆرکشۆپەکەدا، سارا کەوتە باسکردنی ژیانی خۆی، گوێی دەگرت و هاوکاری دایکی دەکرد.

"تیم" و "کارۆل" تووشی زەحمەتی هاتنەوە لەگەڵ "کیڤن"ـی کوڕە هەرە بچووکەکەیاندا، "کیڤن،" کە تەمەنی سێ ساڵان بوو. هەمیشە ڕەفتاری نەشیاوی دەنواند و وڕکی دەگرت و خۆی دەکرد بە کەڵەگا. بە دەستهەڵگرتن لە قنگ پێداکێشانی منداڵەکەیان و لەجیاتی ئەوە بەکارهێنانی دوورخستنەوەی کاتی، کیڤن وردەوردە وڕکگرتن و شێتگیرییەکانی کەم بوونەوە. تیم و کارۆل فێر بوون چۆن جڵەو وەربگرنەوە لە خێزانەکەیاندا بە تێگەیشتن لەوەی چۆن پێویستییە ناوازەکانی کیڤنی کوڕیان بەجێ بهێنن.

"فیلیپ" خاوەنکارێکی سەرکەوتوو بوو. دوای ئەوەی بەشداری کرد لە وۆرکشۆپێکی "منداڵان لە بەهەشتەوە هاتوون،" درکی بەوە کرد منداڵەکانی چەندێک پێویستیان بەو بوو، دەشیتوانی چیان بۆ بکات تا لە گەشەکردنیاندا یارمەتیان بدات. فیلیپ خۆی بە شێوەیەکی سەرەکی لەلایەن دایکییەوە بەخێو کرابوو، بە ڕاستی نەیدەزانی باوک چەندێک پێویست بوو. کاتێک فێر بوو منداڵەکانی پێویستیان بە چی بوو، دەشیتوانی چیان بۆ بکات، گرۆتینی تێکەوت و هان درا تا کاتی زیاتر لەگەڵ منداڵەکانیدا بەسەر ببات. سپاسگوزارە بۆ ئەم زانیارییە نوێیە، نەک تەنیا لەبەر ئەوەی منداڵەکانی زیاتر بەختەوەرن، بەڵکو لەبەر ئەوەی خۆشی زیاتر بەختەوەرە. چێژ و خۆشی باوکایەتی لەدەست دەدا و تەنانەت ئەوەشی پێ نەدەزانی.

**زۆربەی پیاوان کە پەیوەست نین بە کاری باوکایەتییەوە، درک بەو خۆشییانە ناکەن لەدەستی دەدەن.**

"تۆم" و "کارین" هەمیشە شەڕیان بوو لەسەر ئەوەی چۆن منداڵەکانیان بەخێو بکەن. بە هۆی ئەوەی بە شێوەیەکی جیاواز بەخێوکرا بوون، مشتومڕیان دەکرد سەبارەت بەوەی چۆن پێداویستی منداڵەکانیان دابین بکەن و بەخێویان بکەن. دوای بەشداریکردن لە وۆرکشۆپێکی "منداڵان لە بەهەشتەوە هاتوون،" شێوازێکی هاوبەشیان گرتە بەر بۆ بەخێوکردنی منداڵەکانیان. منداڵەکان نەک هەر تەنیا سوودیان وەرگرت لە پاڵپشتییەکی کاریگەرتر، بەڵکو بە هۆی ئەوەشی کە دایک و باوکیان دەستیان هەڵگرت لە شەڕکردن بە یەکجاری.

چیرۆکی بێشوماری خێزانەکان هەن کە سوودیان وەرگرتووە لە بەرچاوڕوونییە نوێکان و توانا و شارەزاییەکانی *منداڵان لە بەهەشتەوە هاتوون.* گەر هەر گومانێکت هەیە لەبارەی ڕاستییانەوە، تەنیا تاقیان بکەوە و ئەنجامەکان بە چاوی خۆت ببینە. کاریگەری ئەم توانا و شارەزاییانە ئاسانە تا بسەلمێنرێن. کاتێک دەستت کرد بە بەکارهێنانیان، دەمودەست کاری خۆیان دەکەن.

**کاریگەری ئەم توانا و شارەزاییانە ئاسانە تا بسەلمێنرێن. کاتێک دەستت کرد بە بەکارهێنانیان، دەمودەست کاری خۆیان دەکەن.**

هەر پێشنیارێک لە "منداڵان لە بەهەشتەوە هاتوون" زۆر بەسادەیی ماقووڵن و مانایەکیان هەیە. لە زۆر حاڵەتدا، ئەزموونی خوێندنەوەی تۆ بۆ "منداڵان لە بەهەشتەوە هاتوون،" ئەوەت بۆ ڕوون دەکاتەوە کە تۆ پێشتر هەستت پێ کردووە کە بۆ تۆ ڕاست یاخود گونجاو بووە. لە حاڵەتەکانی دیکەدا، ئەم بەرچاوڕوونییانە ئاماژە دەکەن بۆ ئەوەی

لە کوێدا هەڵەت کردووە و وەڵامی زۆرێک لە پرسیارەکانت دەداتەوە. گەرچی "منداڵان لە بەهەشتەوە هاتوون" مامەڵە ناکات لەگەڵ هەموو کێشـەیەکدا کە تووشـت دەبێت، ڕێگەیەکـی تەواو نـوێی چارەسـەری کێشـەت بۆ دابین دەکـات. هێشتا تۆ کێشـەکانت چارەسـەر دەکەیت، بەلام بە ڕێگەیەکی جیاواز و کاریگەرتر. ئەم ڕێگە نوێیەی تێگەیشتن لە منداڵان دەستگیرۆییت دەکات لە دۆزینەوەی چارەسەرە ناوازەکانی ڕۆژانەت.

"منداڵان لە بەهەشتەوە هـاتوون" فەلسـەفەیەکی فراوانی کردارەکی بـاوانیکردنە کە لە هەمـوو تەمەنێکـدا کـاری خـۆی دەکـات. بەرچـاوڕوونییە نوێیەکـان و توانـا و شـارەزاییەکان بـۆ کـۆرپەلە و منـداڵی بچـووک و تەمەنـی بەر لە هەرزەکـاری و هەرزەکـاری سـەرکەوتوو دەبـن و کـاری خۆیـان دەکەن. تەنـانەت گەر هەرزەکارەکانتـان بەم بەرچـاوڕوونی و شـارەزاییانەش گەورە نەکرابن، ئەوا بە خێرایی دەست دەکەن بە وەڵامدانەوە بۆیان.

**منداڵان لە بەهەشتەوە هاتوون فەلسەفەیەکی فراوانی کردارەکی باوانیکردنە کە لە هەموو تەمەنێکدا کاری خۆی دەکات.**

لە ئەزمـوونی خۆمـدا، بینـیم کەوا دوو زڕکـچەکەم دەمودەسـت وەڵامیـان هەبـوو بـۆ ئەم ڕێـگەیەی دوور بـوو لە سـزادان. گەرچـی لەگەڵ هەنـدێک لە ڕێبـازە کۆنەکـان گەورە کرابـوون، لە نمـوونەی سزادان و هاوارکردن، ئەم ڕێگە تازەیە کاریگەر بوو. منداڵان لە هەر تەمەنێکدا، بەبێ گوێدانە ڕابردوویان، دەست دەکەن بە هاوکاریکردنی زیاتر وەک بەرئەنجامی بەکارهێنانی ئەم توانا و شارەزاییانە.

ئەم تەکنیکانە کاری خۆیان دەکەن تەنانەت کاتێک منداڵان بە ئیهانەکردن و پشتگوێخستن و سزادانی توندەوە گەورە کراین. بە دڵنیاییەوە، منداڵانی ئیهانە کراو و پشتگوێ خراو ڕەنگە کێشەی ڕەفتاری ناوازەیان هەبێت، بەڵام ئەم کێشانە بە شێوەیەکی گەلێک کاریگەرتر ڕێک دەکرێنەوە یاخود چارەسەر دەکرێن هەرکە ئەم ڕێگە نوێیە خرایە کار و پیادە کرا. منداڵان بە شێوەیەکی باوەڕپێنەکراو زوو هەڵدەستنەوە و قابیلی چاکبوونەوەن کاتێک جۆری گونجاوی پاڵپشتی خۆشەویستانەیان پێ دەبەخشرێت.

## قەیرانی نوێی باوانیکردن

جیهانی ئازادی ڕۆژئاوا تووشی قەیرانێکی باوانیکردن دەبێتەوە. هەموو ڕۆژێک، ڕاپۆرتی زیاتر دەردەکەون لەبارەی توندوتیژی منداڵان و هەرزەکان، کەمبوونەوەی ڕێزلەخۆنان و شێواوی کەمی سەرنج و بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر و دووگیانبوونی هەرزەکاران و خۆکوژی. ئەمڕۆ زۆرینەی زۆری دایک و باوکەکان لەڕێگە کۆن و تازەکانی باوانیکردن دەکۆڵنەوە. وا دیارە هیچ شتێک کار ناکات و سەرکەوتوو نابێت، کێشە و گرفتەکانی منداڵەکانیشمان بەردەوام لە هەڵکشاندان.

هەندێک لە باوانەکان بڕوایان وایە ئەم کێشانە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە گەلێک جڵەوشلکەر بن و زۆر ببەخشن بە منداڵەکانیان، لە کاتێکدا ئەوانی دیکە بڕوایان وایە ڕێگە کۆن و بەسەرچووەکانی باوانیکردن، لە نموونەی لێدان و هاوارکردن، بەرپرسن لەو کێشانە. کەسانی دیکەش بڕوایان وایە ئەم کێشە تازانە ڕوو دەدەن بە هۆی گۆڕانکارییە نەرێنییەکانی ناو کۆمەڵگەوە.

تەماشاکردنی زۆری تەلەفزیۆن، ڕیکلام، توندوتیژی و سێکسی زۆر لەسەر تەلەفزیۆن یان نێو فیلمەکان بەلای زۆر کەسەوە وەک تاوانباری سەرەکی دەنەخشێنرێن. بە دڵنیاییەوە کۆمەڵگە چۆن کاریگەری لەسەر منداڵەکانمان دادەنێت بەشێکە لە کێشەکە، هەندێک چارەسەری یارمەتیدەر دەتوانرێت لەلایەن حکومەتەوە بە یاسا دەربچێت، بەڵام گەورەترین بەشی کێشەکە لە ماڵەوە دەست پێ دەکات. کێشەکانی منداڵەکانمان لە ماڵەوە دەست پێ دەکەن و هەر لە ماڵیشەوە دەتوانرێت چارەسەر بکرێن. لەپاڵ ڕووانینی گۆڕینی کۆمەڵگە، دایک و باوک پێویستە درک بکەن بەوەی دەسەلاتیان لە دەستدایە منداڵانی بەهێز و بڕوابەخۆبوو و هاوکار و بەسۆز گەورە بکەن.

**کێشەکانی منداڵەکانمان لە ماڵەوە دەست پێ دەکەن، هەر لە ماڵیشەوە دەتوانرێت چارەسەر بکرێن.**

بۆ ئەوەی توانایان بشکێت بەسەر گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگە، دایک و باوک پێویستە شێوازی بەخێوکردنی منداڵانیان بگۆڕن. لە ماوەی دووسەد ساڵی ڕابردوودا، کۆمەڵگە گۆڕانکارییەکی مێژوویی و دراماتیکی کردووە بەرەو سەربەستی و مافی گەورەتری تاک. گەرچی کۆمەڵگەی مۆدێرنی ڕۆژئاواییمان بە بنەماکانی ئازادی و مافەکانی مرۆڤ ڕێک خراوە، دایکان و باوکان هێشتا توانا و شارەزاییەکانی باوانیکردنی "سەدە تاریکەکان"[1] بەکار دەهێنن.

---

١- سەردەمێکی مێژووییە کە ئاماژەیە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست. گۆڕانی دیموگرافی و کلتوری و ئابووری ڕوویان دا لەدوای ڕووخانی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی، کە لە

دایک و باوکان پێویسته توانا و شارەزاییەکانی باوانیکردن نوێ بکەنەوە تاوەکوو منداڵ و هەرزەکاری تەندروست و هاوکاریکەر گەورە و بەخێو بکەن. پیاوانی خاوەنکار و بازرگان دەزانن گەر بیانەوێت وەک پێشبڕکێکەر بمێننەوە لە بازاڕی ئازاددا، پێویستە بەردەوام بگۆڕێن و خۆیان نوێ بکەنەوە. بە هەمان شێوە، گەر دایک و باوک دەیانەوێت منداڵەکانیان بتوانن پێشبڕکێ بکەن لە جیهانی ئازاددا، پێویستە منداڵەکانیان ساز و ئامادە بکەن بە کاریگەرترین و نوێترین ڕێگەکانی پەروەردەکردن.

## پەروەردەکردن لەسەر بنەمای خۆشەویستی لەبەرانبەر ترسدا

لە ڕابردوودا، منداڵان لەڕێی زاڵبوون و ترس و هەستکردن بە گوناهەوە جڵەو دەکران. بۆ ئەوەی هانی ڕەفتاری باش بدرانایە، منداڵان وایان لێ دەکرا بڕوا بهێنن بەوەی کەسانی خراپن و شایستەی ئەوە نین هەڵسوکەوتی باشیان لەگەڵدا بکرێت گەر گوێ ڕایەڵ نەبن. کاتێک ئەمە سەری نەگرت، سزای توندتر دەدرا تا ترسی زیاتر بێتە ئاراوە و ئیرادەی منداڵی پێ بشکێت. منداڵێکی چەتوون و لاسار زۆربەی کات وەک کەسێکی خاوەن ئیرادەی بەهێز ناو دەبرا. ئەوەی سەیر و نامۆیە، لە ڕوانگەی باوانیکردنی ئەرێنییەوە، پەروەردەکردنی ئیرادەیەکی پتەو بناغەی خوڵقاندنی بڕوابەخۆبوون و هاوکاری و سۆزە لە منداڵاندا.

---

سەدەی پێنجی زاینییەوە دەگرێتەوە تاوەکو سەدەی پانزەیەم کە بە سەردەمی ڕێنسانس و سەردەمی دۆزینەوەکان ناسراوە.

## بەهێزکردنی نەک شکاندنی ئیرادەی منداڵێک بناغەی خوڵقاندنی بڕوابەخۆبوون و هاوکاری و سۆزە لە منداڵاندا.

ڕێبازەکانی ڕابردووی باوانیکردن بە شوێن دروستکردنی منداڵێکی گوێ ڕایەڵ و ملکەچدا وێڵ بوون. ئامانجی باوانیکردنی ئەڕێنی دروستکردنی منداڵێکی خاوەن ئیرادەی بەهێز بەڵام هاوکاریکەرە. پێویست ناکات ئیرادەی منداڵ بشکێنرێت تاوەکوو هاوکاریکردن بهێنرێتە ئاراوە. منداڵان لە بەهەشتەوە هاتوون. کاتێک دڵیان دەکرێتەوە و ئیرادەیان بەهێز دەکرێت، لە ڕاستیدا زیاتر ئارەزووی گیانی هاوکاریان تێدا دەبێت.

## ئامانجی باوانیکردنی ئەڕێنی دروستکردنی منداڵێکی خاوەن ئیرادەی بەهێز بەڵام هاوکاریکەرە.

ڕێبازەکانی ڕابردووی باوانیکردن ئامانجیان دروستکردنی منداڵی باش بوو. ڕێبازی باوانیکردنی ئەڕێنی منداڵی بەسۆز دەهێنێتە بوون، کە پێویست ناکات بترسێنرێن تا شوێن یاساکان بکەون، بەڵام لە هەمان کاتدا، لە دڵێکی کراوەوە ڕەفتار بکەن و بڕیارەکان بدەن. درۆ ناکەن و فێڵ ناکەن، لەبەر ئەوەی ئەوە دژی یاساکانە، بەڵکو لەبەر ئەوەی کەسانی ڕەوا و دادپەروەرن. ئاکار و ڕەوشتی باش و جوان ناسەپێنرێت بەسەر ئەم منداڵانەدا لە دەرەوە، بەڵکو لەنێو ناخی خۆیانەوە سەر دەردەهێنن و فێری دەبن بە هاوکاری کردن لەگەڵ دایک و باوکیاندا.

**لەبری گەڕان بە شوێن دروستکردنی منداڵی باشدا، باوانیکردنی ئەرێنی وێڵە بە شوێن دروستکردنی منداڵی بەسۆزدا.**

ڕێبازەکانی ڕابردووی باوانیکردن تیشکیان دەخستە سەر خولقاندنی ملکەچی، بەڵام باوانیکردنی ئەرێنی ئامانجی گەشەپێدانی سەرکردە و ڕابەرانی بڕوابەخۆبووە، کە لە توانایاندایە چارەنووسی خۆیان بخولقێنن، نەک تەنیا بە شێوەیەکی ناکارا شوێن هەنگاوەکانی کەسانی دیکەی پێش خۆیان بکەون. ئەم منداڵە بڕوابەخۆبووانە بەئاگان لەوەی کە کێن و دەیانەوێت چی بەدەست بهێنن.

**منداڵانی بڕوابەخۆبوو بە ئاسانی کاریان تێناکرێت بە هۆی فشاری هاوەڵ و هاوتەمەنەکانیانەوە هەستیش بە پێویستی یاخیبوون ناکەن.**

ئەم منداڵە بەهێزانە بە ئاسانی کاریان تێناکرێت بە هۆی فشاری هەڤاڵ و هاوتەمەنەکانیانەوە و هەستیش بە پێویستی یاخیبوون ناکەن تا خۆیان بن. خۆیان بۆ خۆیان بیر دەکەنەوە، بەڵام سنگیان ئاوالآیە بەڕووی یارمەتی و دەستگیرۆیی دایک و باوکەکانیاندا. وەک کەسانی پێگەیشتوویش، بیروڕای سنوورداری کەسانی دیکە نایانگێڕێتەوە. شوێن قیبلەنوما و تێگەیشتنی ناو ناخی خۆیان دەکەون و خۆیان بڕیار بۆ خۆیان دەدەن.

# منداڵانی ئەمڕۆ جیاوازن

هەروەک چۆن جیهانی ئەمڕۆ جیاوازە، منداڵەکانیشمان جیاوازن. چیتر وەلامیان نابێت بۆ شێوازی باوانیکردنێک لەسەر بنچینەی ترس بێت. ڕێبازە کۆنەکان کە لەسەر بنچینەی ترس بوون لە ڕاستیدا جڵەوی دایک و باوک لاواز دەکەن. هەڕەشەی سزادان تەنیا وا دەکات منداڵان لەدژی دایک و باوکیان هەڵگێڕێتەوە و وایان لێ دەکات یاخی بن. بەچەترسێنکردنی منداڵ لەڕێی هاوارکردن یان بەقنگداکێشانی چیتر نابێتە هۆی هێنانە کایەی جڵەوکردن، بەڵکو بە سادەیی دەبێتە هۆی سستکردنی ویست و ئامادەیی منداڵ تا گوێ بگرێت و هاوکار بێت. دایکان و باوکان وێڵن بە شوێن پەیوەندیگرتنێکی باشتردا لەگەڵ منداڵەکانیاندا تا ساز و ئامادەیان بکەن بۆ فشارە بەردەوام هەڵکشاوەکانی ژیانی ئەمڕۆ، بەلام بەداخەوە، هێشتا شێواز و ڕێبازە بەسەرچووەکانی باوانیکردن بەکار دەهێنن.

**هەڕەشەی سزادان تەنیا وا دەکات منداڵان لەدژی دایک و باوکیان هەڵگێڕێتەوە و وایان لێ دەکات یاخی بن.**

بیرمە باوکی خۆم ئەم هەڵەیەی دەکرد. هەوڵی دا شەش کوڕەکەی و کچە تاقانەکەی جڵەو بکات بە هەڕەشەی سزادان. لەنێو سوپادا پلەی چاوەش بوو، ئەمە تاکە ڕێگە بوو ئاشنای بوو. لە هەندێک ڕووەوە، وەک سەربازی نێو سوپا مامەڵەی لەگەڵدا دەکردین. هەر کاتێک بەرهەڵستی جڵەوکردنی ئەومان بکردایە، بە هەڕەشەی سزادان جڵەوی خۆی بەدەست دەهێنایەوە. گەرچی لە نەوەی سەردەمی خۆیدا، ئەم شێوازی باوانیکردنە تاڕادەیەک کاری خۆی کرد و سەرکەوتوو بوو، بەلام بۆ من نا، بە دڵنیاییەوە بە هیچ شێوەیەک بۆ

منداڵەکانی ڕۆژگاری ئەمڕۆیشمان کاری خۆی ناکات و سەرکەوتوو نابێت.

کاتێک هەڕەشەکەی ملکەچی لێ نەدەکەوتەوە، باوکم ئاستی هەڕەشەکەی بەرز دەکردەوە. دەیگوت: "گەر بەردەوام بەو شێوەیە قسەم لەگەڵدا بکەیت، ئەوا بۆ ماوەی هەفتەیەک بەند دەکرێیت."

کاتێک منیش بەردەوام دەبووم لە بەرهەڵستی، باوکم دەیگوت: "گەر دەست هەڵنەگری، دەبێتە دوو هەفتە."

کاتێک پیداگریم کرد، دەیگوت: "باشە، ئەوا تۆ بۆ ماوەی مانگێک بەندی، ئێستا بڕۆ بۆ ژوورەکەت."

بەرزکردنەوەی سزادانەکە هیچ کاریگەرییەکی ئەرێنی نییە و تەنیا دەبێتە هۆی هێنانە کایەی ڕقوقینێکی زیاتر. بۆ ماوەی تەواوی مانگێک، تەنیا بیرم لەوە کردەوە باوکم چەند کەسێکی نادادپەروەر بوو. لەجیاتی ئەوەی ببێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی هاوکاری من، کارەکەی باوکم منی زیاتر دوور خستەوە. کاریگەرییەکی گەلێک ئەرێنیتری دەبوو گەر تەنیا بیگوتایە: "بە هۆی ئەوەی ڕێز ناگری لەوەی من دەیڵێم، دەمەوێ دوورخستنەوەیەکی کاتی وەرگریت بۆ ماوەی دە خولەکێک لە ژوورەکەتدا."

لە ڕابردوودا سزادان بۆ تێکشکاندنی منداڵێکی کەللەڕەق بەکار دەهێنرا. گەرچی ڕەنگە سەرکەوتوو بووبێت لەوەی ملکەچبوون بهێنێتە ئاراوە، بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا سەرکەوتوو نابێت و کاری خۆی ناکات. منداڵانی ئەمڕۆ گەلێک چاوکراوە و بەئاگاترن. درک دەکەن بەوەی چی ناڕەوا و ئیهانەکەرە و بەرگەی ناگرن. ڕق هەڵدەگرن و یاخی دەبن. لە هەمووشی گرنگتر، سزادان و هەڕەشەی سزادان هێڵەکانی ئاخاوتن و پەیوەندی دەپچڕێنن. لەجیاتی ئەوەی ببن

به بەشێک لە چارەسەر، ئێوەی دایک و باوک دەبنە بەشێک لە کێشەکە.

**سزادان وا لە ئێوە، دایک و باوک، دەکات ببنە دژمن و منداڵان خۆتان لێ بشارنەوە، لەجیاتی ئەوەی ببنە دایک و باوکێک بۆ دەستگیرۆیی ڕووتان تێبکرێت.**

کاتێک دایک و باوک بەسەر منداڵاندا هاوار دەکەن، تەنیا دەبێتە هۆی سڕکردنی توانای گوێگرتنیان. بۆ سەرکەوتن لە قوتابخانە، یان لەوەش گرنگتر، بۆ پێشبڕکێکردن لە بازاڕی ئازاددا یان ئەزموونکردنی سەرکەوتن لە پەیوەندییەکی هەمیشەییدا، کەسانی گەورەساڵ و پێگەیشتووی ئەمڕۆ پێویستیان بە توانا و شارەزایی باشتری پەیوەندیگرتنە. ئەم توانا و شارەزاییانەش بە شێوەیەکی کاریگەر فێر دەبن کاتێک منداڵان گوێ بۆ دایک و باوکیان دەگرن یان دایکان و باوکان گوێ بۆ منداڵان دەگرن.

**منداڵان گوێ بۆ دایک و باوکیان دەگرن، کاتێک باوک و دایکیان فێر دەبن چۆن گوێ بۆ منداڵەکانیان بگرن.**

چی ڕوو دەدات کاتێک بە دەنگێکی بەرز گوێ بۆ مۆسیقا دەگریت؟ توانای بیستنت لەدەست دەدەیت. هەمان شت ڕوو دەدات کاتێک دایک و باوک هەموو کات هاوار دەکەن یان فەرمان دەدەن. کاتێک دایک و باوکانی ئەمڕۆ هاوار دەکەن یان بەو شێوەیە دەئاخاون کە کاتی خۆی دایک و باوکیان کردوویانە، کاریگەرییەکی جیاوازی دەبێت.

منداڵانی ئەمڕۆ گوێ ناگرن و دایکان و باوکانیش جڵەویان لەدەست دەدەن.

## دەستهەڵگرتن لە سزادان

لە نەوەکانی پێشوودا، کۆمەڵگەکان سەرکوت و جڵەو دەکران و دەستیان بەسەردا دەگیرا لەلایەن دیکتاتۆرە بەهێز و سزادەرەکانەوە، بەڵام ڕۆژگاری ئەمڕۆ بەو جۆرە نییە. خەڵکی دەوەستنەوە بەڕووی نادادی و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤدا، لەجیاتی ئەوە یاخی دەبن. خەڵکی لەپێناوی بنەماکانی دیموکراسیدا ژیانی خۆیان کردووەتە قوربانی.

بە هەمان شێوە، منداڵانی ئەمڕۆ هەڕەشەی سزادان قبووڵ ناکەن. یاخی دەبن. منداڵانی ئەمڕۆ زیاتر هەست بە توندی ڕادەی نادادی هەڕەشەی سزادان دەکەن. کاتێک سزادان لە دەرکە دەچێتە ژوورەوە، لە پەنجەرەوە وەک بەرهەڵستی و ڕقوقین و ڕەتکردنەوە و یاخیبوون دێتەوە دەرەوە. منداڵانی ئەمڕۆ بەهاکانی دایک و باوکیان ڕەت دەکەنەوە و یاخی دەبن لەدژی جڵەوی دایک و باوکیان لە تەمەنێکی کەمتر و کەمتردا.

بەر لەوەی لەڕووی دەروونییەوە پێبگەن یاخود ئامادە بن تا واز لە یارمەتی و پاڵپشتی دایک و باوکیان بهێنن، منداڵان و هەرزەکاران دوور دەکەونەوە و ئەو جۆرە پاڵپشتی و دەستگیرۆییە ڕەت دەکەنەوە کە زۆر گرنگە بۆ گەشەسەندنیان. لە سەردەمێکدا بەتاسەوەن ئازاد بن لە دەست جڵەوی دایک و باوکیان کە پێویستیان بەو جڵەوکردنەیە تا بە شێوەیەکی تەندروست گەشە بکەن.

**بەر لەوەی لەڕووی دەروونییەوە ئامادە بن، منداڵان و هەرزەکاران دەستگیرۆیی پێویستی دایک و باوکیان ڕەت دەکەنەوە.**

زۆرێک لە دایکان و باوکان درک بەوە دەکەن کەوا ڕێگە کۆنەکانی سزادان سەر ناگرن و کاری خۆیان ناکەن، بەڵام ڕێگەیەکی دیکە شک نابەن. خۆیان دەگرنەوە لە سزادان، بەڵام ئەوەیش سەرکەوتوو نابێت. دایک و باوکی جڵەوشلکەر ئەو جڵەوکردنە پێویستە بە منداڵەکانیان نابەخشن کە پێویستیانە. کاتێک یەک ئینچ هێز و توانایان پێ دەدرێت، ئەم منداڵانە یەک میل دەبڕن. منداڵان بە خێرایی فێر دەبن کە سەربەستی خۆیان بەکار بهێنن بۆ دەستبەسەرداگرتن و جڵەوکردنی دایک و باوکیان.

کاتێک منداڵان ڕێگەیان پێ دەدرێت تا مەزاج و هەست و تووڕەیی توند و نەرێنی بەکار بهێنن بۆ بەدەستهێنانی ئەوەی دەیانەوێت، ئەوا جڵەویان هەیە. کاتێک منداڵێک جڵەوی هەیە، ئەوا لە دەرەوەی جڵەوی دایک و باوکییەتی. بە چەندین شێوە، پەرە بە هەندێک لە هەمان ئەو کێشانەی منداڵان دەدەن کە گەورە و بەخێو دەکرێن بەو توانا و شارەزاییە بەسەرچووانەی لەسەر بنچینەی ترسن.

**کاتێک منداڵان جڵەویان هەیە، ئیدی لە دەرەوەی جڵەوی دایک و باوکیانن.**

جا منداڵ گەورە بکرێت بەو توانا و شارەزاییانەی لەسەر بنچینەی ترسن یان جڵەوشلکەرن، گەر منداڵەکە ئەزموونی ئەوە نەکات کە جڵەو لای دایک و باوکییەتی، یاخی دەبێت یان ڕەتی هەر هەوڵدانێک

دەداتەوە کە دایک و باوک بیدات تا جڵەو بەدەست بهێننەوە یان درێژەی پێ بدەن. کە لە پاڵپشتی و دەستگیرۆیی دایک و باوکی دابڕا، گەشەسەندنی ئەو منداڵە کەم و سنووردار دەبێت. لەڕێی بەکارهێنانی توانا و شارەزاییەکانی باوانیکردنی ئەرێنی نێو "منداڵان لە بەهەشتەوە هاتوون،" دایک و باوکەکان دەتوانن ئەو سەربەستی و ڕابەریکردنە ببەخشن بە منداڵەکانیان کە پێویستیانە بۆ بەرەودان بە هەستێکی خودبوونی بەهێز و تەندروست.

## ئەنجامەکانی باوانیکردن لەسەر بنچینەی ترس

نەریتە کۆنەکانی بەڕێوەبردنی منداڵەکانمان لەسەر بنچینەی ترس لەڕێی بەچەترسێنکردن و ڕەخنەگرتن و سەرزەنشتکردن و سزادانەوە نەک تەنیا هێزی خۆیان لەدەست داوە بەڵکو ئەنجامی پێچەوانەشیان لێ دەکەوێتەوە. منداڵانی ئەمڕۆ گەلێک هەستیارترن لەچاو نەوەکانی پێشوودا. توانای گەلێک زیاتریان هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی نەرێنیش دەکەونە ژێر کاریگەری شێوازە کۆنەکانی باوانیکردنەوە لە نموونەی هاوارکردن و لێدان و سزادان و بەندکردن و سەرزەنشتکردن و شەرمەزارکردن و تەریککردنەوەوە. کاتێک منداڵان پێستیان ئەستوورتر بوو، کاریگەر نەدەبوون بە ڕەخنە و سەرزەنشت، ئەم ڕێگەیانە سوودی خۆیان هەبوو، بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەسەرچوون و ئەنجامی پێچەوانەیان لێ دەکەوێتەوە.

لە ڕابردوودا، سزادانی منداڵ بە لێدان وای لێ دەکردن بترسن لە دەسەڵات و شوێن یاساکان بکەون. بەڵام ئەمڕۆ کاریگەری پێچەوانەی دەبێت. بەکارهێنانی توندوتیژی هەر توندوتیژی لێ دەکەوێتەوە. ئەمە یەکێک لە نیشانەکانی زیاد لە هەستیاربوونە. منداڵانی ئەمڕۆ دەکرێت داهێنەرتر و زیرەکتر بن لەچاو نەوەکانی

پێشـــوودا، بەڵام زیـــاتریش دەکەونە ژێـــر کـــاریگەری حـــاڵەتە دەرەکییەکانەوە.

## کاتێک منداڵان زیاتر هەستیارن، بەکارهێنانی توندوتیژی هەر توندوتیژی لێ دەکەوێتەوە.

منداڵانی ئەمڕۆ بە باشترین شێوە دەتوانن فێربن ڕێز لە کەسانی دیکە بگرن، نەک لەڕێی تاکتیکەکانی ترسەوە، بەڵکو لەڕێی چاولێکەری و لاساییکردنەوەوە. منداڵان بە جۆرێک بەرنامەڕێژ دەکرێن تا چاو لە دایک و باوکیان بکەن. مێشکیان بەردەوام وێنە دەگرێت و شت تۆمار دەکات بۆ لاساییکردنەوە و شوێنکەوتنی هەر شتێک ئێوە دەیڵێن و دەیکەن. بەکردارەکی هەموو شتێک فێر دەبن لەڕێی چاولێکردن و هاوکاری کردنەوە.

کاتێـک دایـک و بـاوک دەبـن بە نمـوونەی ڕەفتـاری ڕێـزدارانە، وردەوردە منـداڵانیش فێـر دەبـن چـۆن ڕێـز لە کەسـانی دیـکە بگـرن. کاتێـک دایـک و بـاوک فێـر دەبـن چـۆن هـێمن و لەسـەرخۆ و خۆشەویسـت بمێنـنەوە کاتێـک مـامەڵە لەگەڵ منداڵێکـدا دەکەن کە شێتگیر بووە و وڕکی گرتووە، ئەو منداڵەیش وردەوردە فێر دەبێت چۆن هـێمن و لەسـەرخۆ و خۆشەویست بمێنێتەوە کاتێـک هەستە بەهێزەکـانی سـەر دەردەهێـنن. دایـک و بـاوک دەتـوانن هـێمن و لەسـەرخۆ و خۆشەویست و ڕێزدار بمێننەوە کاتێک فێر دەبن چی بکەن ئەو دەمەی منداڵان لە جڵەو دەردەچن.

**دایک و باوک دەتوانن هێمن و لەسەرخۆ و خۆشەویست و ڕێزدار بمێننەوە کاتێک فێر دەبن چی بکەن ئەو دەمەی منداڵان لە جڵەو دەردەچن.**

گەر لە منداڵان بدەن تا جڵەو وەرگرنەوە، منداڵان فێردەبن شەڕەنگێزی وەڵامە کاتێک هەست دەکەن جڵەویان لەدەست چووە. چەندین جار بە چاوی خۆم گەواهی ئەوە بووم دایکێک لە کوڕەکەی داوە، گوتوویەتی: "واز بهێنە لە لێدانی براکەت." دەیەوێت کوڕەکەی تێبگات چ هەستێکی ناخۆشی هەیە، بەڵام لێدان وەڵامەکە نییە. بە لێدانی کوڕەکەی، جارێکی دیکە مەیلی کوڕەکەی بۆ لێدان یان بەکارهێنانی توندوتیژی و شەڕەنگێزی توندتر دەکاتەوە.

دواتر، کاتێک منداڵەکە ئەو شتەی دەست ناکەوێت کە دەیەوێت، ئەوا خۆکردانە پەنا دەباتە بەر ئەوەی بە شێوەی نەشیاو تووڕەیی خۆی دەربڕێت جا بە شەڕەنگێزی ڕاستەوخۆ یاخود نەرێنی بێت. گەرچی لێدان و سزادانی منداڵان لە ڕابردوو کاری خۆیان کردە ئەمڕۆ ئەنجامی خراپ و پێچەوانەی دەبێت. شێوازەکانی باوانیکردنی پشت بەستوو بە ترس گەشەی سروشتی منداڵەکانمان سنووردار دەکات و ئیشەکەمان وەک دایک و باوک کەم دەسکەوت دەکات و کاتی زیاتریشمان لێ دەبات.

## کاتی پێویست نییە بۆ باوانیکردن

دایک و باوک و بەخێوکارانی ئەمڕۆ زیاتر لە هەموو کات و سەردەمێکی دیکە کاتی زۆر کەمتریان لە بەردەستە تا تەرخانی بکەن بۆ باوانیکردنی منداڵەکانیان. لەبەر ئەم هۆکارە، کارێکی بنچینەییە فێر بین کە چ شتێک زۆر گرنگە بۆ منداڵەکانیان. ئەم زانیارییە نەک هەر

یارمەتیان دەدات کاتەکانیان بە شێوەیەکی کاریگەرتر بەکار بهێنن، بەڵکو هانیشیان دەدات کاتی زیاتریش دەستەبەر بکەن. بوونی ئاگایی و هۆشیارییەکی زیاتر لەبارەی پێویستییەکانی منداڵەکانیان، بە سروشتی هانی دایک و باوکان دەدات تا کاتی زیاتر لەگەڵ منداڵەکانیاندا بەسەر ببەن.

لە مامەڵەکردن لەگەڵ فشار و نیگەرانیدا، زۆرێک لە گەورەساڵان و پێگەیشتووان زۆربەی کات کات تەرخان دەکەن بۆ ئەو شتەی کە هەست دەکەن پێویستە یان دەتوانن ئەنجامی بدەن. بە شێوەیەکی بەربڵاو ژنان هەست دەکەن لەژێر باری گراندان لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی ناچارن ئەنجامی بدەن. پیاوان بە شێوەیەکی سەرەکی هەست بە تەرکیز دەکەن لەسەر ئەو شتەی دەتوانن ئەنجامی بدەن. کاتێک باوکان نازانن دەتوانن چی بکەن بۆ یارمەتیدانی منداڵەکانیان، زۆربەی کات هیچ ناکەن و لێی دادەنیشن. کاتێک دایکان بێئاگان لەوەی منداڵەکانیان پێویستیان بە چییە، زۆربەی کات وا دەکەن شتەکانی دیکە بە گرنگتر دابنێن.

کاتێک دایک و باوک فێر دەبن منداڵەکانیان بە ڕاستی پێویستیان بە چییە، کەمتر هان دەدرێن پارەی زیاتر پەیدا بکەن بۆ دەسکەوتنی شتەکان و زیاتر هان دەدرێن کاتی زیاتر دەستەبەر بکەن تا چێژ وەرگرم لە خێزانەکانیان. گەورەترین سەرمایەی ئەمڕۆی دایک و باوکەکان کاتە. دایک و باوکەکان دەست دەکەن بە دۆزینەوەی کاتی زیاتر تا لەگەڵ منداڵەکانیاندا بن کاتێک درک دەکەن بەو شتەی پێویستە ئەنجامی بدەن یان لە توانایاندایە ئەنجامی بدەن.

# تازەکردنەوەی توانا و شارەزاییەکانی باوانیکردنت

بە خوێندنەوەی "منداڵان لە بەهەشتەوە هاتوون،" فێری ڕێگەگەلێکی کردارەکی دەبن بۆ تازەکردنەوەی تواناکانی باوانیکردنتان. تەنیا فێری ئەوە نابیت چی کار ناکات و سەرکەوتوو نابێت، بەڵکو فێری ئەوەش دەبیت دەتوانیت چی بکەیت لەجیاتی ئەوە. فێری ڕێگەگەلی نوێی هاندانی منداڵەکانتان دەبن تا هاوکار بن و پێش بکەون بێ ئەوەی ناچار بن تاکتیکەکانی ترس بەکار بهێنن.

منداڵانی ئەمڕۆ هیچ پێویست نییە هان بدرێن لەڕێی ترسی سزادانەوە. خاوەن توانایەکی ناوەکین تا بزانن چی ڕاستە و چی هەڵەیە کاتێک دەرفەتێکیان دەدرێتێ تا برەو بەم توانایە بدەن. لەجیاتی ئەوەی لەڕێی سزادان یان بەچەترسێنکردنەوە هان بدرێن، دەتوانرێت بە ئاسانی هان بدرێن لەڕێی پاداشت و ئارەزووی سروشتی و تەندروستی خۆیانەوە بۆ دڵخۆشکردنی دایک و باوکیان.

لە یەکەمین هەشت بەشی "منداڵان لە بەهەشتەوە هاتوون،" فێری توانا و شارەزاییە جیاوازەکانی باوانیکردنی ئەرێنی دەبن بۆ برەودان بە پەیوەندیگرتن، زیادکردنی هاوکاری، هاندانی منداڵەکانتان بۆ بوون بە تەواوی ئەو شتەی لە توانایاندایە ببن. لە کۆتا شەش بەشیشدا، فێر دەبن چۆن ئەو پێنج پەیامە گرنگە بگەیەنن کە منداڵەکانتان پێویستە بەردەوام و بەردەوام گوێیان لێی بێت.

**پێنج پەیامە ئەرێنییەکە بریتین لە:**

١. ئاساییە جیاواز بیت.

٢. ئاساییە هەڵە بکەیت.

٣. ئاساییە هەست و سۆزە نەرێنییەکان دەرببڕیت.

٤. ئاساییە ئارەزووی زیاتر بکەیت.

٥. ئاسایییە بڵێیت نەخێر، بەڵام بیرت بێت دایە و بابە سەری گەورەن.

ئەو پێنج پەیامە منداڵەکانتان ئازاد دەکات تا پەرە بەو توانایانە بدەن خودا پێی بەخشیوون. کاتێک بە شێوەیەکی دروست جێبەجێ کران لەگەڵ توانا و شارەزاییە جیاوازەکانی باوانیکردنی ئەرێنی، منداڵەکەت پەرە بە توانا و شارەزاییە پێویستەکان دەدات بۆ ژیانێکی سەرکەوتوو. هەندێک لەو توانا و شارەزاییانە بریتین لە: لێبووردەیی بەرانبەر کەسانی دیکە و خودی خۆشیان، هاوبەشپێکردن، دواخستنی خۆشی و چێژوەرگرتن، ڕێزلەخۆنان، ئارامگری، کۆڵنەدان، ڕێزگرتنی کەسانی دیکە و خودی خۆیان، هاوکاری، هاوسۆزی، بڕوابەخۆبوون و توانای دڵخۆشبوون. لەگەڵ ئەم ڕێبازە نوێیە، لەپاڵ خۆشەویستی و پاڵپشتی خۆتان، منداڵەکانتان ئەو دەرفەتەیان دەبێت تا لە ماوەی هەر قۆناغێکی گەشەکردنیاندا بە تەواوی گەشە بکەن.

بەم بەرچاوڕوونییە تازانەوە، ئێوەش ئەو بڕوابەخۆبوونەتان دەبێت تا منداڵەکانتان بە باشی بەخێو بکەن و شەوانەش بە ئاسوودەی چاوەکانتان لێک بنێن و بخەون. کاتێک پرسیارەکان و سەرلێشێوان سەریان هەڵدا، سەرچاوەیەکی بەهێزت دەبێت بەردەوام بۆی بگەڕێیتەوە تا پاڵپشتیت پێ ببەخشێت و بیرت بهێنێتەوە کە منداڵەکانتان چییان پێویستە و ئێوەش دەتوانن چییان بۆ بکەن.

لە هەمووشی گرنگتر، لەبیرتان دەبێت منداڵان لە بەهەشتەوە هاتوون. بۆ خۆیان پێشوەختە لە ناخیاندا ئەو شتە هەیە کە پێویستیانە تا گەشە بکەن. ئیشی ئێوە وەک دایک یان باوک تەنیا پاڵپشتی پرۆسەی گەشەکردنیانە. لەڕێی بەکارخستنی ئەو پێنج پەیامە و توانا و شارەزاییە ئەرێنییەکانی باوانیکردن، ئێوە نەک هەر تەنیا چێژ و خۆشی دەبینن لەو بڕوابەخۆبوونە کەوا ڕێک ئەو کارە دەکەن کە پێویستە، بەڵکو دەشزانن، بە یارمەتی ئێوە، منداڵەکانتان لە توانایاندا دەبێت ئەو جۆرە ژیانە بخولقێنن کە دەبێت بژین.

# منداڵان لە بەهەشتەوە هاتوون

تەواوی منداڵان بە چاکی و پاک و بێگەردی دێنە ژیان و لەدایک دەبن. لەم ڕووەوە، منداڵەکانمان لە بەهەشتەوە دێن. هەر یان هەموو منداڵێک بۆ خۆی پێشوەختە ناوازە و تایبەتە. بە چارەنووسی ناوازەی خۆیانەوە دێنە نێو ئەم جیهانەوە. دەنکە تۆوێکی سێو بە شێوەیەکی سروشتی دەبێتە درەختی سێو. ناتوانێت هەرمێ یان پرتەقاڵ بهێنێتە بوون. وەک دایک و باوک، گرنگترین ڕۆڵی ئێمە ناسینەوە و شکۆدارکردن و پاشان برەوپێدانی پرۆسەی گەشەسەندنی ناوازە و سروشتی منداڵەکانمانە. بە هیچ شێوەیەک لە ئێمە داوا کراو نییە گەلالەی کەسایەتی ئەوان دابڕێژین بۆ ئەو کەسەی کە ئێمە پێمان وایە پێویستە بەو جۆرە بن. بەڵام هێشتا بەرپرسین تا ژیرانە پاڵپشتیان بکەین بەو شێوانەی بەهرە و هێزە تاکییەکان لەنێو ناخیان دەرهێنین و بیانخەنە ڕوو.

منداڵەکانمان پێویستیان بە ئێمە نییە تا چاکیان بکەین یان باشتریان بکەین، بەڵکو پشت بە پاڵپشتی ئێمە دەبەستن تا گەشە بکەن. ئێمە زەوی بەپیت دابین دەکەین تا تۆوی شکۆ و مەزنێتی ئەوان تێیدا چرۆ بکات. ئیدی خۆیان هێز و توانایان هەیە بۆ باقییەکەی. لەنێو تۆوێکی سێودا، نەخشەی ورد و بێکەموکووڕی هەیە بۆ گەورەبوون و گەشەسەندنی ئەو دەنکە تۆوە. بە هەمان شێوە، لەنێو عەقڵ و دڵ و

جەستەی گەشەکردووی هەموو منداڵێکدا نەخشەی ورد و بێ کەموکووڕی هەیە بۆ گەشەسەندنی ئەو منداڵە. لەجیاتی ئەوەی بیر بکەینەوە لەوەی شتێک بکەین تا وا لە منداڵەکانمان بکەین باش و چاک بن، پێویستە درک بکەین بەوەی منداڵەکانمان هەر خۆیان پێشوەختە باش و چاکن.

**لەنێو عەقڵ و دڵ و جەستەی گەشەکردووی هەموو منداڵێکدا نەخشەی ورد و بێکەموکووڕی هەیە بۆ گەشەسەندنی ئەو منداڵە.**

وەک دایک و باوک، پێویستە لەبیرمان بێت "دایکە سروشت" هەمیشە بەرپرسە لە گەورەبوون و گەشەسەندنی منداڵەکانمان. جارێکیان، ئەو دەمەی لە دایکم پرسی لەبارەی ڕاز و نهێنی ڕێچکەی باوانیکردنییەوە، بەم شێوەیە وەڵامی دامەوە: "لە کاتێکدا شەش کوڕ و تاقە کچێکم گەورە دەکرد، سەرەنجام فێر بووم شتێکی ئەوتۆ نەبوو من فێری ببم بۆ گۆڕینی منداڵەکانم. بۆم دەرکەوت هەمووی لەدەستی خودادا بوو. من ئەوپەڕی هەوڵی خۆمم دا و خوداش باقییەکەی کرد." ئەم درکپێکردنە ڕێگەی بە دایکم دا متمانەی بە پرۆسەی سروشتییەکەی گەشەکردن بێت. ئەمە نەک هەر پرۆسەکەی بۆ دایکم ئاسانتر کرد، بەڵکو یارمەتیشی دا کە نەیەتە سەر ڕێ و ببێت بە کۆسپ. ئەم بەرچاوڕوونییە گرنگە بۆ گشت دایک و باوکێک. گەر کەسێک بڕوای بە خودا نەبێت، ئەو کەسە دەتوانێت وشەی "جین"ەکان دابنێت لەجێی خودا- هەموو شتەکە لە جینەکاندایە.

لەڕێی بەکارخستنی توانا و شارەزاییەکانی باوانیکردنی ئەرێنییەوە، دایکان و باوکان دەتوانن فێر ببن پاڵپشتی پرۆسەی سروشتی

گەشەسەندنی منداڵەکانیان بکەن و خۆیان بەدوور بگرن لە دەستێوەردان. بەبێ تێگەیشتن لەوەی چۆن منداڵان بەسروشتی گەشە دەکەن، دایکان و باوکان بە گشتی تووشی تووڕەیی و نائومێدی و نیگەرانی و هەستی گوناهباری ناپێویست دەبن و بێئاگایانە دەبنە بەربەست یاخود ڕێگری دەکەن لە بەشەکانی گەشەسەندنی منداڵەکانیان. بۆ نموونە، کاتێک دایک و باوکێک لە هەستیاری ناوازەی منداڵێک تێناگەن، نەک تەنیا دایک و باوکەکە زیاتر بێزار و تووڕە دەبن، بەڵکو منداڵەکەیش ئەو پەیامەی پێ دەگات کەوا شتێکی هەڵە لەودا هەیە. ئەم بڕوا هەڵەیە: "شتێکی هەڵە لە مندا هەیە." دەبێتە نەخش لە مێشکی منداڵەکەدا و بەهرەکانیشی، کە بە هۆی هەڵکشانی هەستیارییەوە سەرچاوە دەگرن، سنووردار دەبن.

## هەموو منداڵێک کێشەی تایبەت و ناوازەی خۆی هەیە

لەپاڵ ئەوەی منداڵ بە باشی و پاک و بێگەردی دێتە ژیانەوە، هەموو منداڵێک بە کێشە و گرفتە تایبەتییەکانی خۆیەوە دێتە ئەم جیهانەوە. وەک دایک و باوک، ڕۆڵی ئێمە یارمەتیدانی منداڵەکانمانە ڕووبەڕووی ئالنگارییە تایبەت و ناوازەکانیان ببنەوە. من لە خێزانێکدا گەورە بووم حەوت منداڵی هەبوو، گەرچی هەمان دایک و باوک و هەمان هەل و دەرفەتەکانمان هەبوون، هەر حەوت منداڵەکە بە تەواوی جیاواز شکاینەوە. ئێستا من سێ کچم هەیە، تەمەن بیستوپێنج، بیستودوو و سیانزە ساڵن: هەریەکەیان، لە ئێستا و ڕابردووشدا، جیاواز بوون لەوی دیکە، بە کۆمەڵێک خاڵی جیاوازی لاواز و بەهێزی خۆیانەوە.

وەک دایک و باوک، دەتوانین یارمەتی منداڵەکانمان بدەین، بەڵام ناتوانین کێشە و ئالنگارییە ناوازە و تایبەتەکانیان دوور بخەینەوە. بەم بەرچاوڕوونییەوە، دەتوانین کەمتر نیگەران بین، لەجیاتی ئەوەی

بیروهۆشمان لەسەر گۆڕینی منداڵەکانمان یان چارەسەرکردنی کێشەکانیان بێت. متمانەپێکردنی زیاتر یارمەتی دایک و باوکەکان و هەروەها منداڵەکانیش دەدات. دەتوانین ڕێگە بە منداڵەکانمان بدەین خۆیان بن و زیاتر تیشک بخەینە سەر ئەوەی یارمەتیان بدەین لە کاردانەوەی ئاڵنگارییەکانی ژیاندا گەشە بکەن. کاتێک دایک و باوک وەڵامیان دەبێت بۆ منداڵەکانیان لە شوێنێکی زیاتر ئارام و متمانەپێکەرەوە، منداڵان دەرفەتی مەزنتریان دەبێت تا متمانە بە خۆیان و دایک و باوکیان و داهاتووی نادیاریان بکەن.

هەر منداڵێک خاوەن چارەنووسێکی تایبەتی خۆیەتی. قبوولکردنی ئەم حەقیقەتە دایک و باوکەکان دڵنیا دەکاتەوە و یارمەتیان دەدات ئاسوودە بن و بەرپرسیارێتی نەگرنە ئەستۆ بۆ هەر کێشە و گرفتێک منداڵ هەیەتی. کات و وزەیەکی زۆر بەفیڕۆ دەدرێت بە هەوڵدان بۆ پەیبردن بەوەی کە دەکرێت چیمان بە هەڵە کردبێت یان منداڵەکانمان دەبوو چیان بکردایە لەجیاتی ئەوەی قبووڵی بکەین هەموو منداڵان کێشە و ئاریشە و ئاڵنگاری خۆیانیان هەیە. ئیشی ئێمە وەک بەخێوکاری منداڵەکانمان یارمەتیدانی منداڵەکانمانە ڕووبەڕووی ئەو کێشە و ئاڵنگارییانە ببنەوە و شان بدەنە بەریان بەسەرکەوتوویی. هەمیشە لەبیرتان بێت منداڵەکانمان خاوەن کۆمەڵێک ئاڵنگاری و بەهرەی خۆیانن، ئێمە شتێکمان لەدەست نایەت کەسایەتی ئەوان بگۆڕین. بەڵام هێشتا دەکرێت دڵنیا بین لەوەی ئەو دەرفەتانەیان پێ دەدەین تا ببنە باشترین ئەو کەسەی دەتوانن بین.

**منداڵەکانمان خاوەن کۆمەڵێک ئاڵنگاری و بەهرەی خۆیانن، ئێمە شتێکمان لەدەست نایەت کەسایەتی ئەوان بگۆڕین.**

له کاته سەختەکاندا، کە ئیدی پێمان وایە هەڵەیەک لە منداڵەکانماندا هەیە، پێویستە بیرمان بێتەوە منداڵان لە بەهەشتەوە هاتوون. هەر بەو شێوەیەی کە هەن کەسانی کامڵن و خاوەن ئاڵنگاری ناوازەی خۆیانن لە ژیانیاندا. ئەوان نەک هەر تەنیا پێویستیان بە یارمەتی و هاوسۆزی ئێمەیە، بەڵکو پێویستیان بە ئاڵنگارییەکانی خۆیشیانە. کۆسپ و تەگەرە ناوازەکانیان تا بەسەریاندا زاڵ بن بە ڕاستی پێویستن بۆیان تا ببن بە تەواوی ئەو شتەی دەتوانن پێی بگەن. ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی دەبنەوە یارمەتیان دەدات لە دۆزینەوەی ئەو پاڵپشتییەی پێویستیانە و پەرەدان بە کەسایەتی تایبەتی خۆیان.

**منداڵان پێویستیان بە هاوسۆزی و یارمەتیدانە، هەروەها پێویستیان بە ئاڵنگارییە ناوازەکانی خۆیشیانە تا گەشە بکەن.**

بۆ هەموو منداڵێک، پرۆسەی تەندروستی گەشەکردن واتای ئەوەیە کات و ساتی پڕ لە ئاڵنگاریش دێنە پێش. لەڕێی فێربوونی قبوولکردن و ئامێزکردنەوە بۆ ئەو سنوورانەی دایک و باوکیان و جیهان دەیسەپێنن، منداڵان دەتوانن فێری شارەزاییە بنەڕەتییەکانی ژیان بن لە نموونەی لێبووردەیی، دواخستنی خۆشی و چێژوەرگرتن، قبوولکردن، هاوکاری، ئافراندن، هاوسۆزی، بوێری، کۆڵنەدان، خۆڕاستکردنەوە، ڕێزلەخۆنان، پشتبەخۆبەستن، خۆئاڕاستەکردن. بۆ نموونە:

- منداڵان ناتوانن فێری لێبووردەیی بن گەر کەسێک نەبێت لێی ببوورن.

• منداڵان ناتوانن پەرە بە ئارامگری بدەن یان فێری دواخستنی خۆشی و چێژوەرگرتن "دڵخۆشبوونی پاش وەختە" ببن، گەر هەموو شتێک بێت بەڕوویاندا کاتێک ئارەزووی دەکەن.

• منداڵان ناتوانن فێری قبووڵکردنی کەموکووڕی و نەنگییەکانیان ببن گەر هەموو کەسەکانی چواردەوریان کامڵ و بێ کەموکووڕی بن.

• منداڵان ناتوانن فێری هاوکاریکردن بن گەر هەموو شت بە ئاسانی بێتە دەستیان.

• منداڵان ناتوانن فێر بن داهێنەر بن گەر هەموو شتێکیان بۆ بکرێت.

• منداڵان ناتوانن فێری هاوسۆزی و ڕێزگرتن بن مەگەر هەست بە ئازار و لەدەستدان نەکەن.

• منداڵان ناتوانن فێری ئازایەتی و گەشبینی بن ئەگەر ڕووبەڕووی لێقەومان و نەهاتی نەبنەوە.

• منداڵان ناتوانن برەو بە کۆڵنەدان و ئازایەتی بدەن گەر هەموو شت لە بەردەستیان سانا و ئاسان بێت.

• منداڵان ناتوانن فێری خۆڕاستکردنەوە بن ئەگەر تووشی ناڕەحەتی و شکست و هەڵەکان نەبن.

• منداڵان ناتوانن هەست بە ڕێزی خۆیان یان فیزیکی تەندروست بکەن ئەگەر بەسەر کۆسپ و تەگەرەکاندا سەرنەکەون بۆ بەدەستهێنانی شتێک.

• منداڵان ناتوانن پەرە بە هەستی پشتبەخۆبەستن بدەن ئەگەر تووشی گۆشەگیرکردن یان ڕەتکردنەوە نەبنەوە.

• منداڵان ناتوانن خۆیان ئاراستە بکەن گەر دەرفەتیان نەبێت بەرپەرچی دەسەڵات بدەنەوە یاخود ئەو شتە بەدەست نەهێنن کە ئارەزووی دەکەن.

بە چەندین شێوەی جۆربەجۆر، ئالنگاری و ئازارە گەشەکردووەکان نەک هەر تەنیا حەتمین و خۆیان لێ لانادرێت، بەڵکو پێویستیشن. وەک دایک و باوک، ئێشی ئێمە پاراستنی منداڵەکانمان نییە لە ئالنگارییەکانی ژیان، بەڵکو ئەوەیە یارمەتیان بدەین بەسەرکەوتوویی زاڵ بن بەسەریاندا و گەشە بکەن. بەدرێژایی "منداڵان لە بەهەشتەوە هاتوون" فێری توانا و شارەزاییە ئەرێنییە تازەکانی باوانیکردن دەبن بۆ دەستگیرۆییکردنی منداڵەکانتان لە وەڵامی ئالنگاری و بەربەستەکانی ژیاندا. گەر بەردەوام کێشەکانیان بۆ چارەسەر بکەین، ئەوا لەنێو ناخی خۆیاندا توانا و لێهاتووییە ناوەکییەکانیان نادۆزنەوە.

کۆسپ و تەگەرەکانی ژیان دەکرێت ڕوو بدەن بۆ بەهێزکردنی منداڵەکانتان بە شێوازی تایبەت و ناوازە و باشترینیان لێ دەربکێشن. کاتێک پەپوولەیەک لە قۆزاخەی خۆی دێتە دەرەوە، ڕەنج و ململانێیەکی گەورەی لەبەردەمە. گەر قۆزاخەکە بدڕیت تاوەکوو ئەم پەپوولە تازەیە بپارێزیت لەم ڕەنج و ململانێیە، ئەوا هەر بە زوویی دەمرێت. ململانێی هاتنەدەرەوەی لە قۆزاخەکەی پێویستە بۆ دروستکردنی ماسوولکەکانی باڵەکانی. بەبێ ئەو ڕەنجکێشان و ململانێیە، پەپوولەکە هەرگیز لە شەقەی باڵ نادات، بەڵکو لەجێی ئەوە دەمرێت. بە هەمان شێوە، لەم جیهانەدا بۆ ئەوەی منداڵەکانمان بەهێز بن و بە سەربەستی لە شەقەی باڵ بدەن، پێویستیان بە چەند جۆرێکی دیاریکراو لە ڕەنجدان و ململانێ و جۆرێکی تایبەت لە پاڵپشتی هەیە.

بۆ زاڵبوون بەسەر ئالنگارییە ناوازەکانی خۆیاندا، هەموو منداڵێک پێویستی بە جۆرێکی تایبەت لە خۆشەویستی و پاڵپشتییە. بەبێ ئەم پاڵپشتییە، کێشەکانیان گەورە دەبن و دەشێوێن، هەندێک جار دەگەنە ڕادەی نەخۆشی دەروونی و ڕەفتاری تاوانکارییانە. ئێشی ئێمە وەک دایک و باوک پاڵپشتیکردنی منداڵەکانمانە بە شێوازی تایبەت تاوەکوو

منداڵەکانمان بەهێزتر و تەندروستر بن. گەر دەستێوەردان بکەین و شتەکە زۆر ئاسان بکەین، منداڵەکان لاواز دەکەین، بەڵام گەر زۆر قورسی بکەین و وەک پێویست یارمەتیان نەدەین، ئەوسا بێبەشیان دەکەین لەوەی پێویستیانە تا گەشە بکەن. منداڵان ناتوانن بەتەنیا ئەوە بکەن. منداڵێک ناتوانێت گەورە ببێت و پەرە بە گشت ئەو توانا و شارەزاییانە بدات بۆ ژیانێکی سەرکەوتوو بەبێ یارمەتی دایک و باوکی.

## پێنج پەیامەکەی باوانیکردنی ئەرێنی

پێنج پەیامی گرنگی ئەرێنی هەن تا یارمەتی منداڵەکانتان بدەن لەنێو ناخی خۆیاندا ئەو هێز و توانایە بدۆزنەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییەکانی ژیان و برەودان بە توانای شاراوەی نێو ناخیان. بە درێژایی "منداڵان لە بەهەشتەوە هاتوون،" کنە و پشکنەی کۆمەڵێک توانا و شارەزایی نوێی باوانیکردن دەکەین لەسەر بنچینەی گەیاندن و دەربڕینی هەریەک لەم پێنج پەیامە. پێنج پەیامەکە بریتین لە:

١. ئاساییە جیاواز بیت.

٢. ئاساییە هەڵە بکەیت.

٣. ئاساییە هەست و سۆزە نەرێنییەکان دەرببڕیت.

٤. ئاساییە ئارەزووی زیاتر بکەیت.

٥. ئاساییە بڵێیت نەخێر، بەڵام بیرت بێت دایە و بابە سەری گەورەن.

**ئێستا با ورد و درشتر کنه و پشکنەی هەرکام لەو پەیامانە بکەین.**

١. ئاساییە جیاواز بیت. هەموو منداڵان تاک و ناوازەن. خاوەن بەهرە و ئاڵنگاری و پێویستی تایبەتی خۆیانن. وەک دایک و باوک، ئەرکی ئێمە ئەوەیە بتوانین پێویستییەکانیان بناسینەوە و چاودێریان بکەین و برەویان پێ بدەین. کوڕان بە گشتی پێویستی تایبەتی خۆیان دەبێت کە لای کچان گرنگییەکی ئەوتۆی نییە. بە هەمان شێوە، کچانیش پێویستی تایبەتی خۆیان دەبێت کە ڕەنگە بەلای کوڕانەوە هێندە گرنگ نەبن. سەرەڕای ئەوەش، هەموو منداڵێک، بەبێ گوێدانە ڕەگەزی، پێویستی تایبەتی خۆی هەیە کە هاوشانە لەگەڵ ئاڵنگاری و بەهرە تایبەتەکانی خۆی.

منداڵان هەروەها لە شێوازی فێربوونیشیاندا جیاوازن. شتێکی گەلێک گرنگ و بنچینەییە دایکان و باوکان لەم جیاوازییە تێبگەن، ئەگەرنا ڕەنگە بکەونە بەراوردکردنی منداڵەکان و بە شێوەیەکی ناپێویست پەست و بێزار بن. کاتێک نۆرە دێتە سەر فێربوونی ئەرکێک، سێ جۆر منداڵ بوونیان هەیە: ڕاکەرەکان، پیاسەکەرەکان، بازدەرەکان. ڕاکەرەکان زۆر بە خێرایی فێر دەبن. پیاسەکەرەکان بە شێوەیەکی جێگیر فێر دەبن و پەرچەپێدەری ڕوون دەدەن کەوا بەرەوپێش دەچن. لە کۆتاییدا بازدەرەکانیش هەن. بازدەرەکان مەیلیان بە لای ئەوەدایە زەحمەت و قورسە بەخێو بکرێن. وا دیار نییە هیچ شتێک فێر ببن یان هیچ بەرەوپێش بچن، پاشان ڕۆژێک لە ڕۆژان بازێک دەدەن و کارەکە دەکەن و بە ئامانجەکە دەگەن. بازدەرەکان وەک تازەکار وان. پرۆسەی فێربوون کاتی زیاتری دەوێت لەلای ئەوان.

دایک و باوک فێری گرنگی دەربڕینی خۆشەویستی دەبن بە شێوازی تایبەت بە ڕەگەزی. بۆ نموونە، کچان زۆربەی کات پێویستیان بە گرنگیپێدانی زیاترە، بەڵام گرنگیپێدانی زۆر دەتوانێت وا لە کوڕێک بکات هەست بکات وەک بڵێی تۆ متمانەی پێ ناکەیت. کوڕان پێویستیان بە متمانەی زیاترە، گەرچی متمانەپێکردنی زۆر بۆ کچێک ڕەنگە وەک گرنگیپێنەدان وەک پێویست لێک بدرێتەوە. باوکان بە هەڵە مەیلیان هەیە بەلای ئەوەدا ئەوە دەبەخشن بە کچەکانیان کە کوڕان پێویستیانە، لە کاتێکدا دایکان بە هەڵە مەیلیان هەیە بەلای ئەوەدا ئەو پاڵپشتییە ببەخشن بە کوڕان کە کچان پێویستیان دەبێت. تێگەیشتن لەوەی چۆن کوڕان و کچان پێویستی جیاوازیان هەیە یارمەتی دایکان و باوکان دەدات زیاتر سەرکەوتوو بن لە چاودێریکردن و بایەخدان بە منداڵەکانیان. سەرەڕای ئەوەش، دایکان و باوکان کەمتر قڕەوقاڵ دەکەن دەربارەی شێوازی باوانیکردنی هەریەکەیان. **باوکان لە مەریخەوە هاتوون و دایکانیش لە ڤینۆسەوە.**

٢. **ئاساییە هەڵە بکەیت.** تەواوی منداڵان هەڵە دەکەن. شتێکی تەواو ئاساییە و چاوەڕوانکراویشە. ئەنجامدانی هەڵەیەک واتای ئەوە نییە شتێکی هەڵە لە تۆدا هەیە، ئەگەر دایک و باوکت بەو جۆرە کاردانەوە نەنوێنن وەک بڵێی تۆ دەبوو هەڵە نەکەیت. هەڵەکان شتگەلی ئاسایی و سروشتین و چاوەڕێی ئەوە دەکرێت ئەنجام بدرێن. منداڵان بە شێوەیەکی سەرەکی لەڕێی نموونە هێنانەوەوە فێری ئەمە دەبن. باوانەکان بە شێوەیەکی زۆر کاریگەر دەتوانن ئەم بنەمایە فێری منداڵەکانیان بکەن لەوەی دڵنیایی بخەنەوە کە دان بە هەڵەکانی خۆیاندا دەنێن لە مامەڵەکردن و پاڵپشتیکردنی منداڵەکانیان و یەکتریدا.

کاتێک منداڵان دەبینن دایک و باوکیان بە شێوەیەکی بەردەوام پۆزش دەهێننەوە بۆ هەڵەکانیان، وردەوردە فێر دەبن بەرپرسیارێتی هەڵبگرن بۆ هەڵەکانیان. لەجیاتی ئەوەی منداڵان فێری پۆزش هێنانەوە بکەن، دایک و باوک دەبێت نیشانیان بدەن. منداڵان لەلایەن سەرمەشقەکانیانەوە فێر دەبن نەک لەڕێی وانە پێدانەوە. نەک تەنیا منداڵان فێر دەبن زیاتر بەرپرسیار بن، بەڵکو لەڕێی بەردەوام لێبووردنی دایک و باوکیان لەپای هەڵەکانیان، وردەوردە فێری توانای گرنگی لێبووردەیی دەبن. منداڵان دێنە ئەم جیهانەوە بە توانای خۆشویستنی دایک و باوکیانەوە، بەڵام ناتوانن خۆیان خۆش بوێت و لە خۆیان ببوورن. بە شێوازی مامەڵەی دایک و باوکیان و چۆنیش کاردانەوە دەنوێنن کاتێک منداڵەکەیان هەڵە دەکات، منداڵان فێر دەبن خۆیان خۆش بوێت. کاتێک منداڵان شەرمەزار نەکران یاخود سزا نەدران لەپای هەڵەکانیان، دەرفەتێکی باشتریان دەبێت تا فێری باشترین توانا و شارەزایی ببن: توانای خۆشویستنی خۆیان و قبوولکردنی نەنگییەکانیان.

ئەم توانا و شارەزاییە بەوە فێر دەبن بەردەوام ئەزموونی ئەوە بکەن دایک و باوکیان هەڵەش دەکەن و هێشتاش قابیلی ئەوەن خۆش بویسترێن. شەرمەزارکردن یاخود سزادان ڕێ لە منداڵان دەگرن لەوەی برەو بە خۆشویستنی خۆیان یاخود توانای لێبووردنی خۆیان بدەن. بە درێژایی ئەم کتێبە "منداڵان لە بەهەشتەوە هاتوون،" دایک و باوک فێری شێوازی جێگرەوەی کاریگەر دەبن بۆ لێدان و شەرمەزارکردن و سزادان کە خۆیان دەبیننەوە لەڕێگەی نوێی پرسیارکردن لەجیاتی فەرمانکردن، پاداشتدانەوە لەجیاتی سزادان، دوورخستنەوەی کاتی لەجیاتی لێدان. ئەم توانا و شارەزاییە ئەرێنییە تازانەی باوانیکردن ورد و درشتر باسکراون لە بەشی سێیەم تا بەشی هەشتەمی ئەم کتێبەدا. دوورخستنەوەی کاتی منداڵ، گەر بە

دروستی و پێداگرانە جێبەجێ بکرێت، هۆیەکی بەهێزی ڕێلێگرتن دەبێت لە هەڵە هاوشێوەی لێدان و سزادانی منداڵ.

٣. **ئاساییە هەست و سۆزە نەرێنییەکانت هەبن.** هەست و سۆزە نەرێنییەکانی هاوشێوەی تووڕەیی، خەمباری، ترس، خەفەت، بێزاری، نائومێدی، نیگەرانی، شەرمەزاریی، ئیرەیی، برینداری، شلۆقی، شەرم نەک هەر تەنیا ئاسایی و سروشتین، بەڵکو بەشێکی گرنگی گەشەکردنن. هەست و سۆزە نەرێنییەکان هەمیشە ئاسایین و پێویستە دەرببڕێن.

دایک و باوک پێویستە فێر بن دەرفەتی گونجاو بخوڵقێنن بۆ منداڵان تا هەست بە هەست و سۆزە نەرێنییەکان بکەن و دەریانببڕن. گەرچی هەست و سۆزە نەرێنییەکان هەمیشە ئاسایین، چۆن و کەی و لەکوێ منداڵەکانمان دەریاندەبڕن هەمیشە گونجاو نییە. تاوی شێتگیری و وڕکگرتن بەشێکی گرنگی گەشەی منداڵەکانمانن، بەڵام پێویستە فێری شوێن و کاتەکەی بن. لە لایەکی دیکەوە، پێویستە دڵنیا ببنەوە لەوەی منداڵێک ڕازی ناکەن تا خۆتان لە تاوی شێتگیری و وڕکگرتنیان بەدوور بگرن، ئەگەرنا ئەو تاوی شێتگیری و وڕکگرتنانە کاتێک سەر هەڵدەدەن کە دەرفەتێکتان نابێت تا دوورخستنەوەیەکی کاتی بدەنە منداڵەکانتان و کاریگەرتر مامەڵە لەگەڵ ئەو کێشەیەدا بکەن لە بەردەستدایە.

دایکان و باوکان پێویستە فێری توانا و شارەزاییە نوێیەکانی پەیوەندیکردن بین و پەیڕەویان بکەن تا هۆشیاری منداڵ زیاد بکرێت لەوەی هەستی پێ دەکەن، ئەگەرنا لە جڵەوتان دەردەچن و بەرپەرچی دەسەڵاتی ئێوە دەدەنەوە و ڕەفتاری خراپ دەنوێنن لەسەر بنچینەی هەستە خەفەکراوەکان. لەم کتێبەدا، دایکان و باوکان فێر دەبن کاریگەرانە مامەڵە لەگەڵ هەستە بێزارییەکانی خۆیاندا بکەن.

ئەوەی دایک و باوک خەفەی دەکەن، منداڵەکان دەریدەبڕن سەرباری هەستە بێزارییەکانی خۆشیان. ئەم بنەمایە ڕوونی دەکاتەوە بۆچی منداڵان لە نەگونجاوترین کاتەکاندا جڵەویان لەدەست دەدەن، بە تایبەت لە ساتە پڕ فشارەکاندا کاتێک هەوڵ دەدەین سەری هەستەکانی خۆمان بنێینەوە.

باوانیکردنی ئەرێنی خۆی لەوەدا نابینێتەوە وا لە منداڵان بکات بەرپرسیار بن لەبارەی چۆنێتی هەستی باوانیانەوە. کاتێک منداڵان ئەو پەیامەیان پێ دەگات کەوا هەستەکانیان و پێویستییەکان بۆ تێگەیشتن و هەست و سۆز لەژێر سێبەری ئەو هەستانەدا شتێکی نەشیاون، دەست دەکەن بە خەفەکردنی هەستەکانیان و دادەبڕێن لە خودی ڕاستەقینەی خۆیان و گشت ئەو بەهرانەی لە سەرڕاستییەوە سەرچاوە دەگرن.

دایک و باوکە "ڕۆشنفکرەکان،" کە درک بە گرنگی هەستەکان دەکەن، زۆربەی کات ئەو هەڵەیە دەکەن کە منداڵەکانیان فێر دەکەن کە هەست بکەن لەڕێی زۆر هاوبەشپێکردنی هەست و سۆزەکانی خۆیانەوە. باشترین ڕێگە بۆ فێرکردنی هۆشیاری و ئاگابوون لە هەستەکان گوێگرتن و یارمەتیدانە بۆ دیاریکردنی هەستەکان بەهاوسۆزییەوە. دایکان و باوکان دەتوانن بە باشترین شێوە هەستە نەرێنییەکانی خۆیان هاوبەشی پێ بکەن بە گێڕانەوەی چیرۆکەکان کە لەبەرانبەر هەندێک لە ئاڵنگارییەکانی ژیانیاندا هەستیان چۆن بووە کە گەورە بوون و گەشەیان کردووە. لایەنی خراپەی باسکردن و هاوبەشپێکردنی هەستە نەرێنییەکانی خۆتان لەگەڵ منداڵەکانتان ئەوەیە کە زیاد لە پێویست وا لە منداڵان دەکات هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن. ئەم منداڵانە لۆمەی زۆر دەگرنە ئەستۆی خۆیان و دادەبڕێن لە هەستە ناوەکییەکانی خۆیان. سەرەنجام دوور دەکەونەوە و خۆیان لادەدەن لە قسەکردن لەگەڵتان.

بۆ نموونە، بە منداڵێک بڵێ: "کاتێک بەو درەختەدا سەردەکەویتە سەرەوە، دەترسم لەوەی بەربیتەوە." کاریگەرییەکی هێدی هێدی لەسەرە کە وا لە منداڵەکە بکات هەست بە جڵەوکرانی بکات لەلایەن هەستە نەرێنییەکانەوە. لەجیاتی ئەوە، کەسانی پێگەیشتوو دەبێت بڵێن: "سەرکەوتنە سەرەوە بە درەختدا بە تەواوی کارێکی سەلامەت نییە. تەنیا دەمەوێت کاتێک سەرکەویتە سەرەوە کە من لەم ناوە بم." ئەم قسەیە نەک هەر کاریگەرترە، بەڵکو منداڵانیش فێر دەکات بڕیار نەدەن لەسەر بنچینەی هەست و سۆزە نەرێنییەکان. منداڵەکە هاوکاری دەکات نەک بۆ پاراستنی دایک و باوکی لە نارەحەتی هەستکردن بە ترس، بەڵکو لەبەر ئەوەی دایک و باوکی داوای لێ کردووە شتێک بکات.

دایک و باوک دەتوانن یارمەتی منداڵەکانیان بدەن پەرە بە هۆشیارییەکی زیاتر لەبارەی هەستەکانیانەوە بدەن لەڕێی هاوسۆزی، دانپێدانان و گوێگرتنەوە، نەک لەڕێی هاوبەشیکردنی هەستەکانی خۆیانەوە. هەندێک جار، تەنانەت ڕاستەوخۆ پرسین لە منداڵیان هەستیان چۆنە یاخود چیان دەوێت ڕەنگە توانا و دەسەلاتێکی زۆریان پێ ببەخشێت. توانا و شارەزاییە نوێیەکانی گوێگرتن پێویستە بەکار بهێنرێن بۆ دەرهێنانی هەستەکان و تێگەیشتن لە پێویستی و ئارەزووەکانی منداڵێکی بچووک. دایک و باوکی جڵەوبۆشلکەر فێر دەبن چۆن هەڵنەسوورێن و دەستیان بەسەردا نەگیرێت لەلایەن ویست و هەستەکانی منداڵانەوە. دایک و باوکی فەرمانکەریش پەی بە ژمارەیەکی زۆر لەو ڕێگەیانە دەبەن کە منداڵەکانیانی پێ شەرمەزار دەکەن لەپای هەبوونی هەستە نەرێنییەکانیان.

لەڕێی فێربوونی هەستپێکردن و گەیاندنی هەست و سۆزە نەرێنییەکانەوە، منداڵان بە شێوەیەکی کاریگەر فێر دەبن خۆیان لە

دایک و باوکیان جیا بکەنەوە و تایبەت بن، پەرە بە هەستێکی بەهێزی خودبوون بدەن، وردەوردەش لە ناخی خۆیاندا سەروەتێکی زۆری داهێنان و سەلیقە و خۆشەویستی و ئاراستەکردن و بڕوابەخۆبوون و خۆشی و هاوسۆزی و ویژدان و توانای خۆڕاستکردنەوە لەدوای ئەنجامدانی هەڵەیەک بدۆزنەوە. تەواوی ئەم توانا بەرەوپێشچووانە، کە وا لە کەسێک دەکەن لەم ژیانەدا بدرەوشێتەوە و دەسکەوت و سەرکەوتنی گەورە بەدەست بهێنێت، لەوەوە سەرچاوە دەگرن مرۆڤ پەیوەندیی نەپچڕێت بە هەستەکانییەوە و بشتوانێت دەستبەرداری هەستە نەرێنییەکانی ببێت. کەسە سەرکەوتووەکان هەست بە خەسارەت و لەدەستدانەکانیان دەکەن، بەڵام هەڵدەستنەوە و خۆ دەگرنەوە چونکە توانای ئەوەیان هەیە هەست و سۆزە نەرێنییەکانیان بەڕەڵا بکەن. زۆرێک لە خەڵکی کە سەرکەوتنی تاکە کەسی بەدەست ناهێنن یان بەڕووی هەستە ناوەکییەکانیاندا سڕن و بڕیار دەدەن لەسەر بنچینەی هەستە نەرێنییەکان، یاخود لەنێو هەست و تێڕوانینە نەرێنییەکانیدا گیریان خواردووە و چەقیوون. لە هەر حاڵەتێکدا، لە هێنانەدی خەونەکانیاندا دەچنەوە دواوە و ڕێیان لێ دەگیرێت.

٤. **ئاساییە ئارەزووی زیاتر بکەیت.** زۆرینەی زۆری کات منداڵان ئەو پەیامەیان پێ دەگات کەوا هەڵەن، خۆپەرستن یاخود شێوێنەرن و نازیان زۆر دراوەتێ لەوەی ئارەزووی زیاتر بکەن یاخود بێزار بن کاتێک ئەوەی ئارەزووی دەکەن بەدەستی ناهێنن. دایک و باوک گەلێک بەدەستوبردن لە فێرکردنی ڕەوشتی جوانی سپاسگوزاری لەجیاتی ئەوەی ڕێگە بدەن بە منداڵەکانیان زیاتریان بوێت. "سپاسگوزار بە لەپای ئەوەی هەتە." وەڵامێکی خێرایە بۆ ئارەزووی منداڵێک کە ئارەزووی زیاتر دەکات.

منداڵان نازانن قبووڵکراوه تا چەندێک داوا بکەن و هەرگیزیش نابێت پێشبینی ئەوەیان لێ بکرێت بیزانن. تەنانەت وەک کەسانی گەورەساڵ و پێگەیشتوویش، هێشتا تووشی زەحمەتی دێین دیاری بکەین چەندێک دەتوانین داوا بکەین بێ ئەوەی کەسانی دیکە زویر بکەین یان فەرماندەر و سپڵە دەربکەوین. گەر کەسانی گەورە تووشی زەحمەتی بێن لەمەدا، کەوایە ڕوونە نابێت چاوەڕوانی ئەوەمان لە منداڵەکانمان هەبێت وا نەبن.

توانا و شارەزاییەکانی باوانیکردنی ئەرێنی منداڵان فێر دەکات چۆن بە ڕێگەگەلێک داوای ئەوە بکەن کە ئارەزووی دەکەن کە ڕێزدار بن بەرانبەر کەسانی دیکە. لە هەمان کاتدا، دایک و باوکیش فێر دەبن چۆن بڵێن نەخێر بێ ئەوەی بێزار بن. منداڵان هەست بە سەربەستی دەکەن بۆ داواکردنی ئەوەی ئارەزووی دەکەن، دەزانن کەوا شەرمەزار ناکرێن. هەروەها درک بەوەش دەکەن تەنیا لەبەر ئەوەی داوا دەکەن واتای ئەوە نییە ئەو شتە بەدەست دەهێنن کە دەیانەوێت.

گەر سەربەست نەبن بۆ داواکردنی ئەو شتەی ئارەزووی دەکەن، منداڵان هەرگیز بە ڕوونی فێر نابن کە دەتوانن چی بەدەست بهێنن و ناتوانن چی بەدەست بهێنن. سەرباری ئەوەیش، بە داواکردنی ئەوەی ئارەزووی دەکەن، بە خێرایی پەرە بە توانای گرنگی سەرسووڕهێنەری دانوستان و وتووێژکردن دەدەن. زۆرێک لە کەسە گەورەکان کەسانی دانوستانکەر و وتووێژکەری باش نین. داوا ناکەن مەگەر پێشبینی وەڵامی بەڵێ نەکەن. گەر نەخێریان وەرگرت، بە گشتی قبووڵی دەکەن و جا دوور دەکەونەوە چ سەری خۆیان کز دەکەن و بەنهێنی ڕقوقین هەڵدەگرن، یاخود بە ئاشکرا تووڕە دەبن.

کاتێک سەربەستیان پێ دەبەخشرێت بۆ داواکردنی ئەو شتەی ئارەزووی دەکەن، هێز و توانای ناوەکی منداڵان بۆ بەدەستهێنانی ئەوەی ئارەزووی دەکەن دەرفەتێکی دەبێت تا گەشە بکات. وەک

گەورەساڵان و کەسانی پێگەیشتوو، نەخێر وەک وەڵام وەرناگرن، وەک منداڵان، فێر دەبن دانوستان و وتوویژ بکەن و زۆربەی کات هانت دەدەن ئەو شتەیان پێ ببەخشیت کە ئارەزووی دەکەن. جیاوازییەکی گەورە هەیە لەنێوان بەکارهێنانت لەلایەن منداڵێکی نوزەنوزکەرەوە لەگەڵ هاندانت لەلایەن دانوستانکەر و وتوویژکەرێکی نایاب و زیرەکەوە. بە درێژایی هەموو دانوستان و وتوژێکردنێک دایک و باوکە ئەرێنییەکان جڵەویان درێژە پێ دەدەن و بە ڕوونی سنوورەکان دادەنێن لەوەی دەکرێت وتوویژ و دانوستانەکە چەندێک بخایەنێت.

ڕێگەدان بە منداڵەکەت تا داوای زیاتر بکات، تۆ بەهرەی چوون بەرەو ئامانج و توانا لە ژیاندا بەو منداڵە دەبەخشیت. ژنانێکی زۆر لە ئەمڕۆدا هەست بەدەستەپاچەیی دەکەن، چونکە هەرگیز ڕێگەیان پێ نەدراوە تا داوای زیاتر بکەن. فێری ئەوە کراون بایەخ بدەن بەوەی کەسانی دیکە پێویستیان بووە و شەرم بکەن لەوەی بێزار بوونایە کاتێک ئەوەیان چنگ نەدەکەوت کە ئارەزوویان دەکرد یان پێویستیان بوو.

یەکێک لە گرنگترین توانا و شارەزاییەکان کە دایکێک یان باوکێک بتوانێت فێری کچێکی بکات ئەوەیە چۆن داوای زیاتر بکات. زۆرێک لە ژنان لە منداڵیدا فێری ئەم وانەیە نەبوون. لەجیاتی داواکردنی زیاتر، ناڕاستەوخۆ داوای زیاتر دەکەن لەڕێی بەخشینی زیاتر بە هیوای ئەوەی کەسێک لە بەرانبەردا پێیان ببەخشێتەوە بێ ئەوەی خۆیان ناچار بن داوای بکەن. ئەم ناتوانابییە تا ڕاستەوخۆ داوا بکەن لە بەدەستهێنانی ئەوەی دەیانەوێت لە ژیان و پەیوەندیەکانیاندا ڕێگریان لێ دەکات.

لە کاتێکدا کچان پێویستیان بە ڕێگەپێدانە تا داوای زیاتر بکەن، کوڕان پێویستیان بە پاڵپشتییەکی دیاریکراوە کاتێک زیاتر بەدەست

ناهێنن. زۆربەی کات کوڕێک ئامانجەکانی زۆر بەرز دادەنێت، دایک و باوک هەوڵ دەدەن دووری بخەنەوە لە ئامانجەکانی، چونکە دەیانەوێت لە نائومێدبوون بیپارێزن. درک بەوە ناکەن گرنگتر لە بەدەستهێنانی ئامانجەکان ئەوەیە کوڕ بتوانێت شان بداتە بەر نائومێدی تاوەکوو جارێکی دیکە بتوانێت هەستێتەوە و بەرەو ئامانجەکانی بکەوێتە ڕێ. وەک چۆن کچان پێویستیان بە پاڵپشتی زۆرە لە داواکردنی ئەوەی دەیانەوێت، کوڕان پێویستیان بە پاڵپشتی زیادەیە بۆ دیاریکردنی هەستەکانیان و ڕەتبوون پێیاندا. بۆ کوڕان، ئەمە بە باشترین شێوە بەدەست دێت بەوەی پرسیار لە وردەکاری ئەوە بکرێت چی ڕووی دا لە کاتێکدا دایک و باوکی تا ئەوپەڕ وریا و بەئاگا بن تا هیچ ئامۆژگارییەک یان "یارمەتی"ـیەک نەخەنە ڕوو. تەنانەت هاوسۆزی زۆریش دەتوانێت کوڕ سارد بکاتەوە لەوەی بکەوێتە باسکردنی ئەوەی ڕووی داوە.

دایکان زۆربەی کات ئەو هەڵەیە دەکەن کە پرسیاری زۆر دەکەن. کاتێک پاڵیان پێوە دەنێن بۆ قسەکردن، زۆرێک لە کوڕان دەوەستن لە قسەکردن. کاتێک پێشنیاریان دەدرێتێ لەوەی چۆن بەرگە بگرن و شانی بدەنە بەر، کوڕان بە تایبەتی دەکشێنەوە. لە کاتێکدا کە کوڕەکە پێشوەختە هەست دەکات بەزیووە، پێویستی بە کەسێک نییە تا وای لێ بکات زیاتر هەست بە خراپی بکات بەوەی پێی بڵێن چۆن کێشەکە چارەسەر بکات یاخود چی کردووە بە بەشداربوونی لەو کێشەیەدا.

بۆ نموونە، کوڕ هەست بە نائومێدی دەکات لەوەی کە نمرەی باشی بەدەست نەهێناوە لە تاقیکردنەوەیەکدا و دایکیشی بە شێوەیەکی خەمخۆرانە دەڵێت: "پێم وایە گەر کەمتر تەماشای تەلەفزیۆنت بکردایە و کاتی زیاتر سەعیت بکردایە ئەوا لە تاقیکردنەوەکەدا باشتر دەبوویت. تۆ بە ڕاستی کەسێکی زیرەکیت، تەنیا ئەوەیە دەرفەتێک بە خۆت نادەیت." دایکەکە بە ڕوونی پێی وایە کەسێکی خۆشەویستە،

بەلام لەم چوارچێوەیەدا ڕوون و ئاشکرایە بۆچی کوڕەکە دەست هەڵدەگرێت لەوەی ئەوە بۆ دایکی بدرکێنێت کە بێزاری کردووە. دایکی ئامۆژگاری نەخوازراوی پێشکەش کردووە، کوڕەکەش هەست دەکات ڕەخنەی لێ دەگیرێت و وەک پێویست متمانەی پێ ناکرێت کێشەکەی چارەسەر بکات.

٥. **ئاساییە بڵێیت نەخێر، بەلام بیرت بێت دایە و بابە سەرۆکن.**

منداڵان پێویستیان بەوەیە ڕێگەیان پێ بدرێت تا بڵێن نەخێر، وەک چۆن ئەوە گرنگە، بەلام پێویستە ئەوەیش بزانن کەوا دایک و باوکیان بەرپرسن. لەپاڵ ڕێگەدان بە منداڵان تا زیاتریان بوێت و دانوستان و وتوویژ بکەن، ڕێگەدان بەوەی بڵێن نەخێر بە ڕاستی هێز و توانایان پێ دەبەخشێت. زۆرێک لە دایکان و باوکان دەترسن لەوەی ئەو هێز و توانا زۆرە بە منداڵەکانیان ببەخشن چونکە ڕەنگە بە ئاسانی خوویان بشێوێت. یەکێک لە گەورەترین کێشەکانی ئەمڕۆ لەگەڵ منداڵاندا ئەوەیە سەربەستی زۆریان پێدراوە. دایک و باوکەکان هەستیان بەوە کردووە منداڵەکانیان شایستەی دەسەلات و توانای زیاترن، بەلام فێری ئەوە نەبوون چۆن خۆیان بە سەری گەورە و بڕیار بەدەست بمێننەوە. ئەگەر توانا و شارەزاییە ئەرێنییەکانی دیکەی باوانیکردن نەخەنەگەڕ لە نموونەی دوورخستنەوەی کاتی بەردەوام بۆ هاوکاریکردن، منداڵەکانیان دەبنە کەسانی فەرماندەر و خۆپەرست و تووڕە و تەنگەجیکڵانە. کاتێک دایک و باوک لە جڵەودا بوون، ئەوسا کاریگەر دەبێت سەربەستی زیاتر بە منداڵەکانیان ببەخشن.

ڕێگەدان بە منداڵان بۆ گوتنی نەخێر دەرگاگەلێکیان بەڕوودا دەکاتەوە تا هەستەکانیان دەرببڕن و ئەو شتە بدۆزنەوە کە ئارەزووی دەکەن و پاشان بۆی بکەونە وتوویژ و دانوستانەوە.

واتای ئەوە نییە تۆ هەمیشە ئەو کارە بکەیت کە منداڵەکەت دەیەوێت. گەرچی منداڵ دەتوانێت بڵێت نەخێر، مانای ئەوە نییە چی پێ خۆشە بیکات و بیەوێت. ئەوەی منداڵ هەستی پێ دەکات و دەیەوێت دەبیسترێت ئەمەش خۆی لە خۆیدا وایان لێ دەکات زیاتر هاوکار بن. لەوەیش گرنگتر، رێگە بە منداڵان دەدات تا هاوکار بن بێ ئەوەی ناچار بن خودی ڕاستەقینەی خۆیان خەفە بکەن.

جیاوازییەکی گەورە هەیە لەنێوان هەموارکردنەوەی ویستەکانت و نکۆڵیکردن لە ویستەکانت. هەموارکردنەوەی ویستەکانت واتای گۆڕینی ئەوەیە کە تۆ دەتەوێت بەرەو ئەوەی دایک و باوکت دەیانەوێت. نکۆڵیکردن واتای خەفەکردنی ویستەکانت و هەستەکانت و ملکەچکردنە بۆ ویستەکانی دایک و باوکت. ملکەچکردن شکاندنی ئیرادەی منداڵی لێدەکەوێتەوە. دوای ئەوەی ئەسپێک دەگلێت، دەبێتە ملکەچکەر و هاوکاریکەر، بەڵام بەشێکی گەورەی ڕۆحییەتی سەربەستی خۆشی لەدەست دەدات.

شیکردنەوەی شێوەکانی باوانیکردنی بەر لە سەردەمی "نازییەت"ی ئەڵمانیا ئاشکرایان کرد منداڵان بە توندی شەرمەزار دەکران و سزا دران لەپای بەرهەڵستیکردنی دەسەڵات. هیچ دەرفەتی ئەوەیان نەبوو بەرهەڵستی بکەن یاخود بڵێن نەخێر. گەر بە چاوی ئێستە سەیری ڕابردوو بکەیت، دەتوانین تا ڕادەیەکی زیاتر بە ڕوونی بەدی بکەین چۆن شکاندنی ئیرادەی منداڵەکانتان دەتوانێت وایان لێ بکات ببنە شوێنکەوتەی بێدڵ و بێهۆشی سەرکردە و ڕابەڕانی دەسەڵاتداری بەهێز بەڵام شێتەپەڕ. کاتێک کەسێک خاوەن هەستێکی بەهێزی خودبوون نەبێت، دەبێتە نێچیرێکی ئاسان بۆ کەسانی دیکە تا دەستی بەسەردا بگرن و ئیهانەی بکەن. بەبێ هەستێکی بەهێزی خودبوون، مرۆڤ دەکرێت ڕابکێشرێت بەرەو پەیوەندی و حاڵەتە ناپەسەندەکان،

بە هۆی هەستەکانی ناشایستەبوون و ترس لە دەربڕینی ویست و ئیرادەی خۆی.

هەموارکردنەوەی ئیرادە و خۆزگەکانی کەسێک پێی دەگوترێت هاوکاریکردن، بەلام کەچکردنی ئیرادە و خۆزگەکانی کەسێک پێی دەگوترێت ملدان و گەردنکەچی. ڕێگەکانی باوانیکردنی ئەرێنی وێلن بە شوێن دروستکردنی مندالی هاوکاردا، نەک مندالی گوێڕایەل و ملکەچ. شتێکی تەندروست نییە بۆ مندالان شوێن ئیرادەی باوانیان بکەون دل مردووانە و بێهۆشانە. ڕێگەدان بە مندالان تا هەست بە بەرهەلستی خۆیان بکەن و دەریببڕن کاتێک ڕوو دەدات، نەک تەنیا یارمەتیان دەدات برەو بە هەستی خودبوونیان بدەن، بەلکو وایان لێ دەکات زیاتر هاوکار بن. مندالانی ملکەچ و گوێڕایەل تەنیا شوێن فەرمانەکان دەکەون، بیرناکەنەوە و هەستیان نییە و بەشداری پرۆسەکە نین. مندالانی هاوکار بە تەواوی خودی خۆیان بەشداری گشت لێک ئالان و پەیوەندییەک دەکەن کە ئەنجامی دەدەن و بەم هۆیەوە نەشونما دەکەن و پێدەگەن.

## ڕێگەکانی باوانیکردنی ئەرێنی وێلە بە شوێن دروستکردنی مندالی هاوکاردا، نەک مندالی ملکەچ وگوێڕایەل.

مندالانی هاوکار ڕەنگە هێشتا ئەو شتەیان بوێت کە ئارەزووی دەکەن، بەلام ئەوەی لە هەموو شتێک زیاتر ئارەزووی دەکەن دلخۆشکردنی دایک و باوکیانە. ڕێگەدان بە مندالان تا بلێن نەخێر مانای ئەوە نییە جلەوی زیاتریان دەدەنێ، بەلکو لەڕاستیدا جلەوی زیاتر دەداتە دەستی دایک و باوکیان. هەر جارێک کە مندال بەرهەلستی دەکات و دایک و باوکیش درێژە بە جلەوی خۆیان

دەدەن، منداڵان ئەزموونی ئەوە دەکەن کە دایە و بابە سەری گەورە و بەڕێوەبەرن. ئەمە هۆکاری سەرەکییە کەوا دوورخستنەوەی کاتی منداڵان زۆر بەهادارە.

کاتێک منداڵان خراپ ڕەفتار دەکەن یان هاوکار نابن، بە سادەیی لە جڵەو دەرچوون. لە دەرەوەی جڵەوی ئێوەدان. هاوکاری ویست و خۆزگەکانی ئێوە ناکەن. بۆ گێڕانەوەی هاوکاریکردن لای منداڵانەوە، دایک و باوکەکان پێویستە جڵەویان بگێڕنەوە بەوەی هەڵیان بگرن و بیانگوازنەوە بۆ دوورخستنەوەیەکی کاتی. خودا منداڵانی بچووک دروست کردووە تاوەکوو بتوانین هەڵیان بگرین و بیانگوازینەوە.

لە دوورخستنەوەیەکی کاتیدا، منداڵان سەربەستیان هەیە تاوەکوو بەرهەڵستی بنوێنن و هەستەکانیان دەرببڕن، بەڵام هێشتا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دوور دەخرێنەوە. گەر بە گشتی قسە بکەین، هەموو ئەوەی منداڵێک پێویستییەتی یەک خولەکە بۆ هەموو ساڵێکی ژیانی. منداڵێکی چوار ساڵە تەنیا پێویستی بە چوار خولەکە. ئامانجی ئەم کارە ئەوەیە بۆ منداڵان تا جارێکی دیکە هەست بە سەلامەتی و جێگیری بکەن لەژێر جڵەوی ئێوەدا و وابەستەی ئێوە ببنەوە وەک سەری گەورە و بڕیار بەدەست. خۆکردانە، هەستە نەرێنییەکان دەڕەونەوە، منداڵەکە وابەستە دەبێتەوە بە ویست و ئارەزووی تەندروستی بۆ دڵخۆشکردن و هاوکاریکردنی دایک و باوکی.

ئەو دایک و باوکانەی زۆر جڵەوشلکەرن یاخود وەک پێویست دوورخستنەوەی کاتی نادەنە منداڵەکانیان بێئاگایانە منداڵەکانیان شلۆق و ناجێگیر دەکەن. منداڵەکە دەست دەکات بە هەستکردن بەوەی ئەوان دەسەڵاتی جڵەوکردنیان هەیە، بە هۆی ئەوەی ئامادە نین ببنە خاوەن بەرپرسیارێتی "گەرچی حەزیان لەو دەسەڵات و توانایە هەیە،" هەست بە شلۆقی و ناجێگیری دەکەن. بیهێننە پێش چاوی خۆتان بەرپرسیارێتی ئەوەتان بخرێتە ئەستۆ دووسەد کرێکار

بەکرێ بگرن بۆ دروستکردنی باڵەخانەیەک لە ماوەی شەش مانگدا یاخود وێنای ئەوە بکە کەسێک دراوەتە دەستی تۆ خوێنی لەبەر دەڕوات کە تازە گوللەی لێدراوە و داواکراوە نەشتەرگەری بۆ بکەیت و گوللەکەی بۆ دەربهێنیت. گەر ڕاهێنانت پێ نەکرابێت بۆ هەرکام لەو ئیشانە، لەناکاو هەست بە شلۆقییەکی زۆر دەکەیت. کاتێک منداڵان لەناکاو هەست بە خۆشی بوون بە بەڕێوەبەر و بڕیار بەدەستی دەکەن، ئەوانیش ئیدی هەست بە شلۆقی و داواکردن دەکەن.

منداڵێکی داواکەر یاخود خووتێکچوو بە گشتی پێویستیان بە دوورخستنەوەی کاتی زیاترە. هەرزەکارێکی خووتێکچوو کە نازی زۆری درابێت ڕەنگە پێویستی بە دوورخستنەوەی کاتی زیاتر بێت لە ژوورەکەیدا. لە هەندێک حاڵەتدا، بەسەربردنی کات لەگەڵ سەرپەرشتیارێکدا لە وڵاتێکی پێشکەوتوودا، یاخود لە دارستانێکدا لەگەڵ ڕابەرێکدا، یاخود مانەوە لەگەڵ پوور و مام و دایە و بابەگەورەی دڵخواز یارمەتی هەرزەکاران دەدات خودی ڕاستەقینەی خۆیان و پێویستی کەسێکی دیکە تا ببێت بە بەڕێوەبەر و سەرۆکیان بەدەست بهێننەوە. لەڕێی هەستکردن بەوەی لە دەرەوەی جڵەوە و پشت بە کەسێکی دیکە دەبەستێت، کەسێکی هەرزەکار سەری کز دەکات. دەتوانن بگەڕێنەوە سەر هەستکردن بە پێویستی خۆیان بۆ دایک و باوکیان و ئارەزووی دڵخۆشکردنیان.

**بۆ ئەوەی هەست بە سەقامگیری بکەن، منداڵان پێویستە هەست بکەن گوێیان بۆ دەگیرێت، بەڵام هەمیشە بزانن کەوا ئەوان بەڕێوەبەر و سەرۆک نین.**

منـدالان لە بنەڕەتـدا بەرنـامەڕێژ کـراون بەرەو ئاڕاسـتەیەکی سەرەکی. لە قووڵایی ناخی خۆیاندا، تەنیا دەیانەوێت دایک و باوکیان دڵخۆش بکەن. توانـا و شـارەزایییەکانی پەیوەنـدیگرتنی بـاوانیکردنی ئەرێنـی ئەم ئاڕاسـتە سـەرەکییە بەهێـز دەکـات تـاوەکوو منـدالان ئارەزوو بکەن شوێن ویست و خۆزگەی دایک باوکیان بکەون. بۆ هاوسـەنگکردنی ئەم مەیـلە گـوێڕایەڵییە، منـدالان پێویسـتیان بە ڕێگەپێدانە تا بەرهەڵستی بنوێنن و بڵێن نەخێر. ئەم بەرهەڵستینواندنە ڕێگەیان پێ دەدات پەرە بە هەستێکی خوودبوونی تەندروست بدەن.

ئەو منـدالانەی ئەم دەرفەتەیـان پـێ نادرێـت بەنێـو یـاخیبوونێکی ناپێویسـتدا ڕەت دەبـن لە تەمەنـی بلۆقبوونـدا. گەرچـی هەرزەکـاران هێشـتا پێویسـتیان بە ڕێنـوێنییە لە ژیانیانـدا، هەسـت بە لێشـاوێکی گەورە دەکەن بـۆ کردنـی ئەو شـتەی دژی ویسـت و خـۆزگەی ئێـوە، گەر پەرەیان بە هەستی خوودبوونیان نەدابێت.

زۆرێـک لە دایکـان و باوکـان بە گرنگـی نـاگرن کە منـداڵەکانیان پێویسـتیان بە دوورکەوتـنەوەیە لەوان لەم مـاوەیەدا و یـاخیبوون شـتێکی تەواو ئاسـاییە. یـاخیبوون تەنیـا کـاردانەوەیەکی ئاسـاییە بـۆ مندالان کاتێک ئەو پاڵپشتییەیان بەدەست نەهێناوە پێویستیان بووە لە قۆنـاغێکی پێشـتری ژیانیانـدا. کاتێـک منـدالان ئەزمـوونی ئەوە دەکەن ڕێگەیـان پـێ بـدرێت تـا بڵـێن نەخێر، بەڵام دواتـر هاوکـاری دایـک و باوکیان دەکەن، هەستێکی خوودبوونی تەندروستیان هەیە و پێویست ناکات لە تەمەنی بلۆقبووندا یاخی ببن. هێشتا دوور دەکەونەوە، بەڵام یـاخی نـابن و بەردەوام دەگەڕێـنەوە لای خۆشەویسـتی و پاڵپشـتی دایک و باوکیان.

باوانیکردنی ئەرێنی هەروەها دەکۆڵێتەوە لە ڕێگەگەلێک بۆ برەودان بە پەیوەندیگرتن لەگەڵ هەرزەکاراندا، کە بەم پێنج پەیـامە ئەرێنییەی باوانیکردن گەورە و بەخێو نەکراون. هەرگیز درەنگ نییە تـا ببیت بە

دایـــک و بـــاوکێکی بـــاش و ئیلهـــام ببەخشـــیتە منـــداڵەکەت بۆ هاوکاریکردنـــت. گرنـــگ نییـــە کەی دەســـت پـــێ دەکەیـــت، لەڕێی بەکارخســـتنی پێنـــج پەیـــامە ئەرێنییەکەی بـــاوانیکردنەوە، ئەو هێز و توانایەت لە دەستدایە تا برەو بە پەیوەندیگرتن بدەیت، هاوکاریکردن بهێنیتە ئاراوە و باشترین لە منداڵەکەت دەربهێنیت کە دەتوانێت پێی بگات.

## دیدێکی ئەگەرەکان

تەنـــانەت بە بـــوونی تێگەیشـــتنێکی گەورەتـــریش لە پێـــنج پەیـــامە ئەرێنییەکەی بـــاوانیکردن، بـــوون بە دایـــک و بـــاوکێکی بـــاش هەروا کـــارێکی ئاســـان نییـــە. پرۆســـەیەکی فێربـــوونی هەمیشـــەیی و بەدەم ڕێوەیە. باوانیکردن پاڵت پێوە دەنێت بۆ ئەو دیوو سنوورەکانی خۆت لەوەی پێت وا بووە چەندێک دەتوانیت ببەخشیت. هێشتا گرنگ نییە چەندێک باش دەبیت، هەمیشە خۆت دەبینیتەوە لە هەندێک هەڵوێستدا کە پێی ناگەیت و ڕادەمێنی: "من ئێستا چی دەکەم؟" دیدێکی ڕوونی ئەگەرەکـــان پێویســـتە. خۆشـــبەختانە، هەمیشـــە و هەردەم دەتوانیـــت بگەڕێیتەوە بۆ ئەم ڕێبەرییە. کاتێک وا دیارە شتێک کاری خۆی ناکات و سەرکەوتوو نابێت، یاخود نازانیت چی بکەیت، چاو بخشێنەوە بە پەیامە جیاوازەکانی باوانیکردنی ئەرێنیدا. ئەوسا درک بەوە دەکەیت لە چیت کەمە و باشـــتر پـــڕ چەک دەبیـــت تـــا شـــتەکە بە ڕاســـتی و دروستی ئەنجام بدەیت.

وەک دایک و باوک، مەشقی زۆر ناکەین تا خۆمان ئامادە بکەین یـــاخود تواناکـــانی باوانیکردنمـــان کامـــڵ بکەیـــن. لەناکـــاو تووشـــی بەرپرسیارێتییەک دەبین بۆ بایەخدان بە منداڵێکی ناسک و بەرگەنەگر، هەمیشـــەش دڵنیـــا نـــین لەوەی باشـــترین چییە بۆیـــان. گەرچـــی بیری خۆمـــانی دەهێنینـــەوە کە منـــداڵان لە بەهەشـــتەوە هـــاتوون و خـــاوەن

چارەنووسێکی تایبەتی خۆیانن، بە مانای وشە داهاتوویان لەنێو دەستەکانی ئێمەدایە. چۆن دەیانگرین و بایەخیان پێ دەدەین کاردەکاتە سەر توانای ئەوان تا سەرکەوتوو بن لە نیشاندانی تەواوی توانا شاراوەکانیان.

باوانیکردن دڵسۆزی و پابەندبوونێکی زۆری گەرەکە لەلای ئێمەوە، بەڵام منداڵەکانیشمان بە دڵنیاییەوە شایستەی ئەوەن. دایکان و باوکان دەگەڕێنەوە یان دەکشێنەوە لە ئەرکی باوانیکردن کاتێک نازانن چی بکەن یاخود کاتێک ئەو شتەی دەیکەن کارەکان خراپتر دەکات. خوێندنی بنەماکانی باوانیکردنی ئەرێنی کە هەمیشە تێگەیشتنیان ئاسانە "بەڵام هەمیشە ئاسان نین بیرمان بێنەوە،" هەمیشە بیرت دەهێننەوە کەوا تۆ کەسێکی پێویستیت و لەڕێی ئەنجامدانی هەندێک گۆڕانکاری و هەموارکردنەوەوە دەتوانیت سەرکەوتوو بیت لە بەخشینی ئەو شتەی منداڵەکەت پێویستی پێیەتی.

هەمیشە لەیادتان بێت کەس ناتوانێت باشتر لە خۆتان ئەو کارە بکات. گەرچی منداڵەکانتان لە بەهەشتەوە هاتوون، هەروەها لە ئێوەشەوە هاتوون و پێویستیان پێتانە. فێربوونی چۆنێتی باوانیکردن شایستەترین فێربوونێکە کەسێک دەتوانێت بیکات گەر بەرنامەی دانا خێزانێک دروست بکات. بەبێ تێگەیشتن لە باوانیکردنی ئەرێنی، زۆرێک لە دایکان و باوکان هیچ زانیارییان نییە کە چەندێک گرنگن بۆ منداڵەکانیان و داهاتووی منداڵەکانیان. نەک تەنیا منداڵەکان ئەوان لەکیس دەدەن، بەڵکو خۆشیان چێژ و خۆشی منداڵەکانیان لەدەست دەدەن.

باوانیکردن ئەرکێکی سەختە، بەڵام زۆریش پاداشتدەرەوەیە. بوون بە باوانی منداڵێک بەرپرسیارێتییەکی گەورە و شانازییەکی مەزنە. ئێستا، بە هۆشیارییەکی مەزنترەوە لەبارەی ئەوەی منداڵەکانمان پێویستیان بە چییە لە ئێمەوە، دایک و باوک بە تەواوی تێدەگەن کە

یارمەتی ئەوان چەندێک پێویستە. ئەم بەرچاوڕوونییە ڕوونە لەبارەی بەرپرسیارێتیمانەوە ڕێمان پێ دەدات هەست بە شکۆی ڕاستەقینەی بوون بە دایک و باوکێتی بکەین و شانازی بکەین بە کردنی ئەوەی گەرەک و پێویستە لە بایەخدان بە خێزانەکەمان.

لەڕێی خۆتەرخانکردنت بە تەواوی بۆ بنەماکانی باوانیکردنی ئەرێنی، تۆ سەرمەشقێکی چاونەترسی ناوچە تازەکان کنە و پشکنە دەکەیت، پاڵەوانێکی بەغیرەتی جیهانی نوێ دروست دەکەیت. لە هەمووشی گرنگتر، دەرفەت دەدەیت بە منداڵەکەت بۆ مەزنبوون کە خودی خۆت هەرگیز ئەو دەرفەتانەت نەبووە.

تەنانەت بە بوونی ئەم ڕێنیشاندەرەش لە پاڵتدا، هێشتا هەڵە ئەنجام دەدەیت، بەڵام ئەوسا دەتوانیت هەڵەکانت بەکار بهێنیت تاوەکوو توانا و شارەزایی گرنگی لێبووردەیی فێری منداڵەکەت بکەیت. هەمیشە ناتوانین ئەو شتانە ببەخشین بە منداڵەکانمان کە ئارەزووی دەکەن یان پێویستیانە، بەڵام دەتوانین یارمەتیان بدەین لەوەی وەڵامدانەوەیان هەبێت بۆ نائومێدییەکانیان بە شێوازی تەندروست کە وایان لێ بکات بەهێزتر بن و زیاتر بڕوایان بە خۆیان هەبێت. هێشتا لە تواناتاندا نابێت هەمیشە ئامادە بن کاتێک پێویستیان پێتان دەبێت، بەڵام دەزانن چۆن کاردانەوە بنوێنن بۆ هەستەکانیان و پێویستییە وەدی نەهاتووەکانیان بە شێوازێک کە تیماری زامە سۆزدارییەکانیان بکات و جارێکی دیکە هەست بکەن خۆش دەویسترێن و پاڵپشتی دەکرێن. بەکارهێنانی پێنج پەیامەکەی باوانیکردنی ئەرێنی و لەیادبوونی ئەوەی منداڵان لە بەهەشتەوە هاتوون، یارمەتیتان دەدات باشترین ئامادەسازی ببەخشنە منداڵەکانتان کە دەتوانن ببنە خاوەنی تا خەونەکانیان بەدی بهێنن، کە ئەوەش ئەو شتەیە هەموو دایک و باوکێک بۆ منداڵەکەی دەخوازێت.

# چی وا دەکات پێنج پەیامەکە سەرکەوتوو بن

بۆ خستنەکاری پێنج پەیامەکەی باوانیکردنی ئەرێنی، سەرەتا پێویستە لە بارودۆخە گونجاوەکانی هەرکامیان تێبگەین کە تێیدا سەرکەوتوو دەبن. ئەم توانا و شارەزاییە نوێیانەی باوانیکردن سەرکەوتوو نابن گەر بەردەوام جڵەوی منداڵەکانمان بکەین بە هەڕەشەی لێدان و سزادان و هەستی گوناهبارییەوە. باوانیکردن لەسەر بناغەی ترس توانای منداڵ سڕ دەکات تا کاردانەوە و وەڵامیان هەبێت بۆ باوانیکردنی ئەرێنی. لەلایەکی دیکەوە، گەر نەزانین چۆن جێی لێدان و سزادان بە ڕێگە و شێوازی زیاتری ئەرێنی بگرینەوە تا هاوکاریکردن بهێنێتە ئاراوە، پێنج پەیامەکەش کاری خۆیان ناکەن و سەرکەوتوو نابن. هەر ئەوەندە بەس نییە واز لە سزادانی منداڵەکانمان بهێنین، پێویستە توانا و شارەزایی نوێش بخەینە کار بۆ هێنانە کایەی هاوکاری و هاندان و جڵەوکردن.

گەر باوانیکردن لەسەر بنچینەی ترس بێت، منداڵان وەڵامیان نابێت بۆ پێنج پەیامەکە. بۆ ئەوەی ئەم ڕێگە نوێیە کاری خۆی بکات، دایک و باوک پێویستە واز لە ڕێبازەکانی باوانیکردنی بەسەرچوو بێنن کە لەسەر بنچینەی ترسن. هاتن و چوون لەم نێوانەدا سەرکەوتوو نابێت. ناتوانیت مامەڵە لەگەڵ منداڵاندا بکەن وەک بڵێی کەسانی چاک

و پاک و بێگەردن تاوەکوو شکۆ و مەزنی لە ناخیاندا دەرکێشێتە دەرەوە، پاشان هەفتەی دواتر لێیان بدەیت لەپای خراپ بوونیان.

**سەرکەوتوو نابێت بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ منداڵان بکەن وەک بڵێی کەسانی چاک و پاک و بێگەردن، پاشان هەفتەی دواتر لێیان بدەیت لەپای خراپ بوونیان.**

گەر بمانەوێت منداڵەکانمان هەست بە باشی بکەن لەبارەی خۆیانەوە، دەبێت دەست هەڵبگرین لەوەی وایان لێ بکەین هەست بە خراپە بکەن. گەر بمانەوێت منداڵەکانمان هەست بە بڕوابەخۆبوون بکەن، پێویستە دەست هەڵبگرین لەوەی لەڕێی ترسەوە جڵەویان بکەین. گەر بمانەوێت منداڵەکانمان ڕێز لە کەسانی دیکە بگرن، پێویستە فێر بین چۆن ئەو ڕێزەیان نیشان بدەین کە شایستەی خۆیانە. منداڵان لەڕێی سەرمەشق و نموونەوە فێر دەبن. گەر بە توندوتیژی سەروکاریان بکەین، ئەوانیش پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن، یاخود لانی کەم هەندێک جار بەرەو دڵڕەقی و ڕەفتاری نابەجێ، کاتێک نازانن چی بکەن.

## فشاری باوانیکردن

بە هۆی داهێنانی "دەروونناسی ڕۆژئاوا"وە، ئێستا گەلێک بەئاگاترین لەو کاریگەرییە قووڵەی قۆناغی منداڵی هەیەتی لەسەر سەرکەوتنمان لە ژیانی دواترماندا. هەم توانای ئێمە بۆ خوڵقاندنی ئاسوودەییمان بە ڕادەی زۆر دەکەونە ژێر کاریگەری باروودۆخ و هەل و مەرجەکانی سەرەتای قۆناغی منداڵیمان. گەرچی ئێستا وەک

زانیارییەکی باو ئەم بەرچاوڕوونییە قبوول دەکەین، بەڵام پەنجا ساڵێک لەمەوبەر بەربڵاو نەبوو.

بەر لەم بەرچاوڕوونییە تازەیە، چۆنێتی باوانیمان بۆ منداڵەکانمان دەکرد کاری لەپێشینەمان نەبوو. سەرکەوتنەکانمان لە ژیانماندا بە شێوەیەکی سەرەکی دەدرانە پاڵ جینەکان، بارودۆخی خێزانی، کارکردنی سەخت، دەرفەت، کەسایەتی، لایەنگری ئایینی و بەخت. لە کلتووری گەلانی ڕۆژهەڵاتدا، کە بە گشتی بڕوایان بە پەیوەندی ژیانی ڕابردوو و داهاتوو هەیە، کارمەی ڕابردوو وەک هۆکارێکی بەشداری سەرەکی تەماشا دەکرا. گەر لە ژیانی ڕابردوودا کەسێکی باش بوویت، ئەوسا شتی باش بۆ تۆ دێنە پێش لەم ژیانەدا. بە دڵنیاییەوە، دایک و باوک هەمیشە منداڵەکانیان خۆش ویستووە، بەڵام چۆن ئەو خۆشەویستییەیان خستووەتە ڕوو لەگەڵ توانا و شارەزاییەکانی باوانیکردندا هێندە گرنگ لێی نەڕوانراوە.

ئێستا، دوای پەنجا ساڵ لە ڕاوێژکاری دەروونی، درکمان بەوە کردووە ئەو ڕێگەیەی دایک و باوک خۆشەویستی خۆیان پێ دەردەبڕن جیاوازییەکی گەورە دروست دەکات لای منداڵەکانیان. بەم زانیارییە هەڵکشاوەوە لەبارەی گرنگی قۆناغی منداڵی، ئەمڕۆ دایکان و باوکان هەست بە فشار و بەرپرسیارێتییەکی گەورەتر دەکەن بۆ دۆزینەوەی باشترین ڕێگە بۆ باوانیکردنی منداڵەکانیان. زۆربەی کات ئەم فشارە بۆ ئەوەی ببن بە باوانی کامڵ بۆ منداڵەکانیان بەرەو ئاڕاستەیەکی هەڵە پەلکێشیان دەکات.

دایکان و باوکان بە گشتی ئەو هەڵەیە دەکەن کە زۆر تیشک دەخەنە سەر دابینکردنی شتی زیاتر. ئەو شتەی زیاتر دابینی دەکەن زۆربەی کات ئەنجامی پێچەوانەی لێ دەکەوێتەوە: پارەی زیاتر، گەمەی زیاتر، شتی زیاتر، هۆکاری خۆش ڕابواردنی زیاتر، خوێندنی زیاتر، چالاکی زیاتری دوای خوێندن، ڕاهێنانی زیاتر، یارمەتی زیاتر،

ستایشی زیاتر، کاتی زیاتر، بەپرسیاریتی زیاتر، سەربەستی زیاتر، زەبروزەنگی زیاتر، سەرپەرشتیکردنی زیاتر، سزادانی زیاتر، ڕیگەپێدانی زیاتر، پەیوەندیگرتنی زیاتر، هتد... زۆرێک لەم شتانە مەرج نییە ئەوە بن کە منداڵی ئەمڕۆ زۆر پێویستی پێیانە. وەک بوارەکانی دیکەی ژیان، بوونی زیاتر هەمیشە باشتر نییە. لەجیاتی زیاتر، ئەوەی منداڵان پێویستیانە "جیاواز"بوونە. وەک دایک و باوک، ناچار نین زیاتر ببەخشین، لەجیاتی ئەوە پێویستمان بەوەیە ڕێبازێکی جیاواز بگرینە بەر لەوەی دایک و باوکی خۆمان کاتی خۆی لەگەڵ ئێمەدا گرتبوویانە بەر.

## دووبارە داهێنانکردنەوە لە باوانیکردندا

ئەمڕۆ ئێمە ئاڵنگاری دووبارە داهێنانەوەی ئەرکی باوانیکردن دەبینەوە. لەبری ئەوەی بەرپرسیاریتی بگرینە ئەستۆ بۆ لە قاڵبدانی منداڵەکانمان تا ببنە کەسانی گەورەی بەرپرسیار و سەرکەوتوو، تادێت زیاتر ڕوون دەبێتەوە کە ڕۆڵی ئێمە وەک دایک و باوک بەرەودانە بەو شتەی پێشتر خۆی بوونی هەیە. لەنێو ناخی گشت منداڵێکدا تۆوی شکۆ و مەزنی بوونیان هەیە. ڕۆڵی ئێمە دابینکردنی ژینگەیەکی لەبار و بژوێنە تا دەرفەتێک بدەینە ئەو منداڵە تا برەو بە هێز و توانا شاراوەکانی بدات و دەریانببڕێت.

ڕێگە و تواناکانی باوانیکردنی نەریتی کە بۆ ڕابردوو لەبار بوون بۆ منداڵانی ئەمڕۆ سەرکەوتوو نابن و کاری خۆیان ناکەن. منداڵانی ئەمڕۆ جیاوازن. زیاتر وابەستەن بە هەستەکانی خۆیانەوە و بەم هۆیەوە گەلێک وریا و چاوکراوەترن. بە بوونی ئەم گۆڕانکارییە لە هۆشیاریدا، پێویستییەکانیشیان دەگۆڕێن. هەموو نەوەیەک بەرەوپێش هەنگاو دەنێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ڕابردوو، بەڵام ئاڵنگاری نوێ سەر دەردەهێنن لە بەجێگەیاندنی ئەو هەنگاوەدا.

لە هەر بوارێکی هەوڵداندا، پێویستە گۆڕانکاری و هەموارکردنەوە بکەین تاوەکوو بەردەوام سەرکەوتوو بین. پێویستییەکانی منداڵانی ئەمڕۆ جیاوازن لەوانەی نەوەکانی پێشوو. وەک دایک و باوک، ئێستا ڕووبەڕووی گۆڕانێک دەبینەوە کە بەردەوام لە دروستبووندا بووە لە ماوەی ٢٠٠٠ ساڵی ڕابردوودا. ئەویش گۆڕانی باوانیکردنە لەسەر بنچینەی ترس بەرەو باوانیکردن لەسەر بنچینەی خۆشەویستی.

**باوانیکردنی ئەرێنی بریتییە لە بارگۆڕینێک لە باوانیکردنەوە لەسەر بنچینەی ترس بەرەو باوانیکردن لەسەر بنچینەی خۆشەویستی.**

باوانیکردنی ئەرێنی تیشک دەخاتە سەر ڕێگە و ستراتیژی نوێ بۆ هاندانی منداڵان لەڕێی خۆشەویستییەوە نەک لەڕێی ترسی سزادان، شەرمەزارکردن و لەدەستدانی خۆشەویستییەوە. گەرچی ئەمە ماقووڵ دەردەکەوێت کاتێک بەراورد دەکرێت بە ڕێگەکانی باوانیکردنی نەریتی، بەڵام چەمکێکی تەواو پەرگیرە. باوانیکردن لەسەر بنچینەی خۆشەویستی لە ململانێدایە لەگەڵ کاردانەوە قووڵەکانمان کاتێک هەست دەکەین لە جڵەو دەرچووین یاخود کاتێک هەست بە ترس دەکەین بە لەدەستدانی جڵەومان.

ئەم ڕێچکەیە کە لەسەر بناغەی خۆشەویستییە تیشک دەخاتە سەر هاندانی منداڵان تا هاوکار بن بەبێ بەکارهێنانی ترسی سزادان. هەموو دایک و باوکێک ئەو کاردانەوە خۆکردانەیە دەزانێت کە "گەر واز نەهێنی، ئەوا من... پاشان هەڕەشەکە دێتە ئاراوە. یاخود قسە کۆن و سواوەکە: "گەر گوێم بۆ نەگری، ئەوا بە باوکت دەڵێم کاتێک هاتەوە بۆ ماڵەوە." سەروکاریکردنی منداڵەکانمان بە ترس، گرنگ نییە

خۆمان چەندێک دەمانەوێت ئەوە بکەین، کاردانەوەیەکی خۆکردانەیە.
لە زۆربەی قوتابخانەکانی ئەمڕۆدا، مامۆستاکان هانی خوێندکارەکانیان دەدەن تا باشتر بخوێنن لەڕێی هۆکارەکانی ترساندنی تاقیکردنەوەی وەرگیران لە زانکۆ. هەموو ئەم ترسە وا لە منداڵەکانمان دەکات زیاتر نیگەران و خەمۆک بن. هەندێک لە منداڵان هەر لە پۆلی یەکی سەرەتاییەوە بۆ زانکۆ ئامادە دەکرێن.

وازهێنان لە لێدان، هەڕەشەکردن، سزادان ڕەنگە وەک شتێکی جوان و خۆشەویستانە دەربکەوێت، بەڵام کاتێک منداڵەکەت تووشی تاوێکی شێتگیری و وڕکگرتن دەبێت لە سەرەی شت کڕیندا، تۆش نازانیت چ شتێکی تر بکەیت، وا دیارە لێدان و هەڕەشەکردن تاکە چارەسەر بن. کاتێک منداڵەکەت ڕەتی دەکاتەوە بەیانی خۆی بگۆڕێت بۆ قوتابخانە یاخود بەرهەڵستی دەکات شەوانە ددانەکانی بشوات، خۆکردانە پەنا بۆ هەڕەشەکان یان سزادان دەبەن. تەنانەت گەر نەشتانەوێت هەڕەشە و سزادان بەکار بهێنن، کاتێک هیچ شتێکی دیکە سەرکەوتوو نابێت، ئەوە هەموو ئەو شتەیە لە دەستی تۆدایە. هەموو ئەو شتەیە لە دەستی تۆدایە، چونکە هێشتا فێری توانا و شارەزاییەکانی باوانیکردنی ئەرێنی نەبووین.

**کاتێک منداڵەکەت تووشی تاوێکی شێتگیری و وڕکگرتن دەبێت، لە سەرەی شت کڕیندا، تۆش نازانیت چ شتێکی تر بکەیت، وا دیارە لێدان و هەڕەشەکردن تاکە چارەسەر بن.**

شیاو دەبێت ڕێچکەی باوانیکردنمان بگۆڕین و بە شێوەیەکی جیاواز ئەنجامی بدەین لەو شێوازەی ئێمەی پێی بەخێوکراوین تەنیا ئەو کاتەی ڕێگەیەکی نوێ بدۆزینەوە کە سەرکەوتوو بێت. دەتوانیت

بەسەرکەوتوویی توانا و شارەزاییەکانی باوانیکردن لەسەر بنچینەی ترس کە بەسەرچوون واز لێ بهێنێت کاتێک فێری توانا و شارەزاییە نوێ و پێویستەکان دەبیت تا ئەو بەشانە لە منداڵەکانتان بەئاگا بهێننەوە و لێیان دەربکێشن کە دەیانەوێت هاوکاری بکەن لەگەڵتاندا و پێشوەختە هان دراون تا هاوئاواز لەگەڵ ویست و خۆزگەکانی ئێوەدا ڕەفتار بکەن.

## مێژوویەکی کورتی باوانیکردن

هەزاران ساڵ لەمەوبەر، منداڵان خراپتر لەوەی ئەمڕۆ ئێمە مامەڵە لەگەڵ ئاژەڵاندا دەکەین مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا. گەر منداڵان بێگوێی دایک و باوکیکیان بکردایە، زۆر بەتوندی لێیان دەدرا و سزا دەدران، تەنانەت هەندێک جار دەکوژران. گۆڕستانەکانی ڕۆما لە دووهەزار ساڵ لەمەوبەرەوە جەستەی سەدان هەزار کوڕی گەنج و کەم تەمەنیان ئاشکرا کردووە کە لەلایەن دایک و باوکیانەوە لێیان دراوە و کوژراون لەپای بێگوێییان. بە درێژایی ساڵان، ئێمە لەو مامەڵە هەرە توندوتیژ و خراپانە دوور کەوتووینەوە.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، زۆربەی دایکان و باوکان لە منداڵەکانیان دەدەن تەنیا وەک کۆتا چارە کە پەنای بۆ ببەن، کاتێک وا دیارە هیچ شتێکی دیکە کاری خۆی ناکات یاخود ئەو دەمەی دایک و باوک جڵەویان لەدەست دەردەچێت. هێشتا میراتی ڕابردوو دەستی پێوە گیراوە. تەنانەت لەنێو ماڵێکیشدا کە تاڕادەیەک ئاشتی تێیدا بەرقەرارە، دەکرێت گوێت لە منداڵان بێت دەڵێن: "گەر ئەوە بکەیت، دەکوژرێیت." یاخود "دەتکوژن لەپای ئەوە." گەرچی، گەر پرسیاریان لێ بکرێت، ئەم منداڵانە بە مانای وشە مەبەستیان لە "کوشتن"نییە، بەڵام ئاماژەیەکی ڕوونی کاریگەری ترسە بۆ خوڵقاندنی ڕەفتاری باش و

ڕێکوپێک. گەرچی ڕێگەیەکی دوورمان بڕیووە لە ماوەی دوو هەزار سالی ڕابردوودا، بەلام بەکارهێنانی ترس بە چەسپاوی ماوەتەوە.

هەندێک لە دایکان و باوکان هێشتا پێیان وایە منداڵەکانیان پێویستیان بە لێدانە. نموونەیەکی سەرنجڕاکێشم لەیادە. دە ساڵ لەمەوبەر، گفتوگۆیەکم کرد لەگەڵ شۆفێرێکی تاکسی خەڵکی یۆگسلافیا، باسی لەوە کرد کێشەکە لە ئەمریکا ئەوەیە کە دایک و باوک زۆر نەرمونیانن، لە منداڵەکانیان نادەن. لێم پرسی ئاخۆ ئەویش لێی دراوە. زۆر بە شانازییەوە گوتی هەر لەبەر ئەوەیە کەسێکی زۆر باشی لێ کەوتووەتەوە و هەروەها منداڵەکانیشی. خۆی و منداڵەکانی هەرگیز تاقە شەوێکیان لە زینداندا نەبردووەتە سەر. بەردەوام بوو لە قسەکانی و گوتی کاتێک گەورە دەبوو ڕۆژێک نەبووە و تێهەڵدانی تێدا نەخواردبێت. وەک کەسێکی پێگەیشتوو، سپاسگوزار بوو بۆ ئەو لێدانانەی خواردبوونی. دڵنیای کردمەوە کە ئەمە ڕێکارێکی بەربڵاوە بووە لە وڵاتەکەیدا و بەدووری گرتووە لەوەی ببێتە کەسێکی تاوانبار.

ئەمە کاردانەوەیەکی دەروونی زۆر سەرسووڕهێنەرە. زۆرینەی زۆر کات، ئەو منداڵانەی بە توندی لێیان دەدرێت یان بە ناشیرینی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت زیاتر وابەستەی کەسی لێدەر دەبن. بە تێپەڕبوونی کات، دەست دەکەن بە پاساو هێنانەوە بۆ ئەو کارە و دەڵێن شایستەی بوون. لەجیاتی ئەوەی ئەو شتەی ئەزموونیان کردووە وەک بەدڕەفتاری بەرانبەریان بناسنەوە، بەرگری دەکەن لە ڕەفتارەکانی دایک و باوکیان. کاتێک خۆشیان دەبنە خاوەنی منداڵ، بە سروشتی وا هەست دەکەن منداڵەکانیشیان شایستەی هەمان بەدڕەفتارین. لەبەر ئەوەیە زۆر زەحمەتە بۆ هەندێک لە دایکان و باوکان ڕێک بنەوە بۆ سەر باوانیکردنی ئەرێنی. دەست دەگرن بە باوانیکردن لەسەر بنچینەی ترس، چونکە خۆیان سزا دراون و

هەست دەکەن منداڵەکانیشیان شایستەی ئەوەن. بڕوایان وایە بەخێوکردنەکەیان یارمەتی داون ببنە هاونیشتیمانی باشتر و بە هەمان شێوە یارمەتی منداڵەکانیشیان دەدات. شتێکی باوە گوێت لە منداڵێک بێت بەدڕەفتاری لەگەڵدا کرابێت بڵێت: "من زۆر خراپ بووم کە ناچار بوون لێم بدەن."

**زۆرینەی زۆر کات، ئەو منداڵانەی بە توندی لێیان دەدرێت یان بە ناشیرینی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت زیاتر وابەستەی کەسی لێدەر دەبن و بەرگری لە ڕەفتارە خراپەکە دەکەن.**

بە دڵنیاییەوە، ژمارەیەکی زۆر لەو دایک و باوکانە لێیان دراوە ئێستا ئەمە وەک ڕێگەیەکی کۆن و بەسەرچوو دەبینن، بەڵام بە ڕاستی نازانن چ شتێکی دیکە بکەن. لەگەڵ ئەوەی حەزیان لە لێدان و سزادان نییە، بەڵام شتێکی جێگرەوەیان نییە بۆی. دایکان و باوکانی دیکە دەستیان لە لێدان هەڵگرتووە، لە ئەنجامدا جڵەوی منداڵەکانیان لەدەست چووە یاخود منداڵەکانیان گرفتی ڕێزلەخۆنانیان بۆ دروست بووە. گەر ئێمە لەوەدا بین دەست لە لێدان و سزادان هەڵبگرین، پێویستە بە شتێک جێیان بگرینەوە کە بە شێوەیەکی کاریگەر کاری خۆی بکات بۆ سەروکاریکردنی منداڵەکان و هێنانە ئارای هاوکاریکردن.

## توندوتیژی هەر توندوتیژی لێ دەکەوێتەوە

کاتێک منداڵان کەسانی پەسەندکار و بەهەست و کراوە دەبن، وەک منداڵانی ئەمڕۆ، هەرکە توندوتیژی بەرانبەریان کرا، توندوتیژی

دەدەنەوە. هیچ گومانی تێدا نییە کاتێک منداڵان بە هەڕەشەی توندوتیژی، سزادان، هەستی گوناهباری بەڕێوەدەبرێن، ئەوانیش پەنا بۆ توندوتیژی و سزادان و هەستی گوناهباری دەبەن کاتێک هەست دەکەن جڵەویان لەدەست دەرچووە بۆ بەدەستهێنانەوەی جڵەویان. هەموو توندوتیژیەکی نێو ماڵەکی لە کۆمەڵگەکەماندا ئەمڕۆ بەرئەنجامی نەزانینی ڕێگەیەکی دیکەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەستە بەهێزەکان کە خەڵکی هەستی پێدەکەن.

کاتێک هەستەکان زۆر بەئاگا نەهێنرابوونەوە، توندوتیژی و سزادان کاری خۆیان دەکرد. بەڵام ئەمڕۆ جیهان جیاوازە. دایکان و باوکان زیاتر بەئاگا و بەهەستترن، هەروەها منداڵانیش. بەبێ ڕێگەیەکی نوێ بۆ سەروکاری و جڵەوکردنی منداڵان، ئەوا تابێت زیاتر توندوتیژ دەبن و بەردەوام دەبن لە ڕەفتارکردن بە شێوەی ناتەواو. یان یاخیانە و شەڕەنگێزانە ڕەفتاری نەشیاو دەنوێنن، یاخود ئەو توندوتیژییە دەبەنەوە نێو ناخی خۆیان و ئیهانەی خۆیان دەکەن بەوەی ڕێزێکی ئەوتۆ لە خۆیان نانێن. یان ڕقیان لە خۆیان دەبێت یان ڕقیان لە کەسانی دیکە دەبێت، زۆربەی کاتیش هەست بە هەردووکیان دەکەن.

## ئەو منداڵانەی توندوتیژیان بەرانبەر دەکرێت، ڕقیان لە کەسانی دیکە یان ڕقیان لە خۆیانە.

تەنیا دەتوانم پێبکەنم کاتێک هەندێک لە کەسانی پسپۆڕ دەڵێن هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی نییە کە بیسەلمێنێت لێدان منداڵان توندوتیژ دەکات. ئەوە هەمان ئەو شتە بوو دەیانگوت کاتێک من دەستم کرد بە گوتنەوەی وانەکانی "پیاوان لە مەریخەوە هاتوون، ژنانیش لە

ڤیتۆسەوە" پانزە ساڵ لەمەوبەر. ئەو کەسانە دەیانپرسی: "ئەو لێکۆڵینەوانە کوان کە دەیسەلمێنن پیاوان و ژنان لە یەک جیاوازن؟" ئەوە تەنیا سەلیقەیەکی گشتییە.

لێکۆڵینەوە زانستییەکان گەلێک بەسوودن تا هۆشیاری و بەرچاوڕوونیمان فراوان بکەن، بەڵام کاتێک زۆر پشت بە لێکۆڵینەوە زانستییەکان دەبەستین و پشت لە سەلیقە دەکەین، ئەوسا زۆر پێمان هەڵبڕیووە و لە کرۆکی حەقیقەت دوور کەوتووینەوە. ئەوسا لێکۆڵینەوەی زانستی گەلێک مەترسیدار دەبێت هاوشێوەی خوارفەکان کە یارمەتی کۆمەڵگەی دا لەدەستیان هەڵبێت. خۆشبەختانە گشت زانا و لێکۆڵەرەوەکان هێندە بیرتەسک نین هەر وا بە ئاسانی سەلیقە و شارەزایی زگماکی بخەنە لاوە.

**کاتێک زۆر پشت بە لێکۆڵینەوە زانستییەکان دەبەستین و پشت لە سەلیقە دەکەین، ئەوسا زۆر پێمان هەڵبڕیووە و لە کرۆکی حەقیقەت دوور کەوتووینەوە.**

گەرچی بیرۆکەی "توندوتیژی هەر توندوتیژی لێ دەکەوێتەوە" سەلیقەیەکی گشتییە، هەروەها لەڕێی لێکۆڵینەوەکانیشەوە نیشان دراوە کە پەنابردن بۆ توندوتیژی منداڵان زیاتر توندوتیژ دەکات. لەدوای ئاژاوەکانی لۆس ئەنجلۆس لە ساڵی ١٩٨٩، چەند کۆمەڵێکی جیاواز لە منداڵان پارچە ڤیدیۆی تۆمارکراوی ئەو توندوتیژیەیان نیشان درا بۆ ماوەی سێ خولەک. دواتر، لەنێو ژوورێکی دیکەدا کەوتنە گەمەکردن کە تێیدا گەمە و کەرەسەی یاری منداڵانی توندوتیژ و ناتوندوتیژی تێدا بوو.

کاتێک پێیان گوترا ئەو توندوتیژییەی سەر تەلەفزیۆن تەنیا ئەکتەر بوون و ڕۆڵی توندوتیژیان نواند، منداڵەکان بە گەمە توندوتیژەکان یاریان نەکرد، بەڵکو بە گەمە ئاسایی و ناتوندوتیژەکان یاریان کرد. کاتێک پێیان گوترا توندوتیژیەکەی سەر تەلەفزیۆن ڕاستەقینە بووە، زۆربەی زۆری منداڵەکان بەو گەمە و کەرەستانە یاریان کرد توندوتیژ بوون. بە شێوەیەکی سەرنجڕاکیش شەڕەنگێزی لە نێویاندا زیادی کرد. تەماشاکردنی توندوتیژی ڕاستەقینە لەسەر تەلەفزیۆن لەم منداڵانەدا بە ئاشکرا ختووکەی شەڕەنگێزی دا.

منداڵان و نەوجەوانان تا نەگەنە تەمەنی چواردە توانای عەقڵیان هێندە گەشەی نەکردووە تا بە تەواوی لە بارودۆخێکی گریمانەکی تێبگەن. تەنانەت گەر منداڵێک یاخود نەوجەوانێک بیری بهێنرێتەوە کەوا ئەکتەرەکانی سەر تەلەفزیۆن تەنیا ڕۆڵ دەنوێنن و ئەوەی دەیکەن نمایشە، تا ماوەیەکی درێژ ئەوەی بیرنامێنێت. گەر بیریشیان بهێنرێتەوە، دوای پێنج یان دە خولەک، هێشتا لەڕووی سۆزدارییەوە وەڵامیان بە جۆرێک دەبێت وەک بڵێی نمایشەکە ڕاستی بووە. بەبێ گەشەی توانای ئەقڵی و فێربوونی پێویست، ئەوەی منداڵ هەستی پێ دەکات ڕاستەقینەیە و دەبێتە ڕاستەقینە. کاتێک منداڵان بە چاوی خۆیان گەواهی بینینی توندوتیژی یان ڕەفتاری ناپەسەند دەبن لەسەر تەلەفزیۆن، تا ڕادەیەک دەرفەت لەدەست دەدەن تا گەشە بە هەستێکی تەندروستی بێگەردی و هێمنی و هەستیاری بدەن.

**کاتێک منداڵان بە هۆی توندوتیژی و بەدکاری سەر تەلەفزیۆنەوە زۆر نابزوێنرێن، بە ئاشکرا زیاتر دڵنیا و ئاسوودە و ئارامتر دەبن.**

گەر دایک و باوکێک بڕیار بدەن فیلمێک ئاساییە بۆ منداڵەکەیان کە بەر لە تەمەنی هەرزەکارییە، بەڵام هێشتا هەندێک گومانیان هەیە، ئەوسا وا باشترە بە ڤیدیۆ تەماشای بکەن کاتێک کەوتە بازارەوە. ڤیدیۆ، لەنێو ماڵدا کە گڵۆپەکان پێ کراین، کاریگەرییەکی کەمتری هەیە لەچاو هۆڵێکی سینەمای تاریکدا بەدیار شاشەیەکەوە کە گەورەترە لە شاشەی تەلەفزیۆنی ماڵەوە. سینەما توانای کەسانی گەورە زیاد دەکات بۆ هەڵپەساردنی بێبڕوایی خۆی و ئەزموونکردنی هەڵچوون و داچوونە سۆزدارییەکانی نێو فیلمەکە. هۆڵەکانی سینەما بە جۆرێک دیزاین دەکرێن بۆ گەورەکان تا حەقیقەت لەیاد بکەن، تاوەکوو بە شێوەیەکی کاتی بتوانن هەستیان بە جۆرێک بێت وەک بڵێی فیلمەکە ڕاستەقینەیە. بۆ منداڵان، ئێمە دەمانەوێت بیریان بێت ئەوەی تەماشای دەکەن ڕاستەقینە نییە.

زۆر تەماشاکردنی فیلم یان زۆر تەماشاکردنی تەلەفزیۆن، تەنانەت بەبێ توندوتیژی و دیمەنی ناپەسەند، دەکرێت منداڵان زیاد لە پێویست بورووژێنن. یەکێکە لە باوترین هۆکارەکان کە منداڵان ڕەفتاری خراپ دەکەن یاخود ناتوانن جڵەوی خۆیان بکەن. منداڵان بە شێوەیەکی سەرەکی لەڕێی چاولێکەری و لاساییکردنەوەوە فێر دەبن. چی ببینن هەر ئەوەش دەکەن. کاتێک شتی زۆر دەخرێتە نێو هەستەوەریانەوە، کار دەکاتە سەر کۆئەندامی دەماریان، ئەوسا دەبنە کەسانی تەنگەجیکڵانە، فەرمانکەر، مەزاجی، زیادەڕۆ، نووزەنووزکەر، هەستیار و ناهاوکار. ورووژاندنی زۆر کاریگەری تەندروستی نابێت.

کەچی هێشتا، زۆرێک لەو کەسانەی بە دەنگی بڵند سکاڵا دەکەن لەبارەی توندوتیژی سەر تەلەفزیۆنەکانەوە، بادەدەنەوە و بە توندوتیژی و سزادان هەڕەشە لە منداڵەکانیان دەکەن. هێشتا لەسەر حەقن. توندوتیژی سەر تەلەفزیۆن و نێو فیلمەکان کاریگەری دادەنێت لەسەر منداڵ و هەرزەکارەکانمان، بەڵام ئەم دەرئەنجامە لەبارەی

تەلەفزیـۆنەوە ڕێ هەڵەکەرە، چـونکە کـاریگەری دایـک و بـاوک و فەلســەفەی خۆیــان و شـێوازی جێبەجێکردنــی بـاوانیکردن گەلێک مەزنترن.

## دایکان و باوکان کاریگەری گەلێک زیاتریان هەیە لەسەر منداڵەکانیان لەچاو تەلەفزیۆندا.

کاتێـک منـداڵان بەو بـاوەڕەوە گەورە دەکـرێن کەوا خـراپن و شایستەی سـزادانن، تونـدوتیژی سـەر تەلەفزیـۆن و نێـو فیلمەکـان کـاریگەرییەکی گەلێـک نەرێنیتـری لەســەریان هەیە. کاتێـک منـداڵان بەدوور لە لێـدان و سـزادان و هەسـتی گوناهبـاری گەورە دەکـرێن، هێشـتا دەکەونە ژێـر کـاریگەری بەرنـامە تونـدوتیژەکانەوە، بەڵام لانـیکەم کەمتـر سـەرنجیان ڕادەکێشـرێت بەلایـدا. دایکـان و باوکـان پێویستە زۆر هۆشـیار بـن لە پاراسـتنی منـداڵەکانیان لە کـاریگەری سێکس و توندوتیژی زۆری نێو فیلم و تەلەفزیۆنەکان.

توانـای بەخێـوکردنی منـداڵی تەندروسـت لەنێـو دەسـتی دایکـان و باوکانـدایە و پێـی دەگەن. نـاتوانین بە تەواوی لـۆمەی هەڵکشـانی تونـدوتیژی لاوان بخەیـنە ئەسـتۆی هۆڵیـوود. هۆڵیـوود تەنیـا ئەوە بەرهەم دەهێنێت کە ئێمە دەمانەوێت ببینـین. تـاوەکوو منـداڵان بە ترس و هەستی گوناهبارییەوە گەورە بکرێن، هێشتا بەردەوام زیاتر ئارەزووی دەستەبەرییە توندوتیژەکانی هۆڵیوود دەکەن.

# بۆچی منداڵان لاسار و تێکدەر دەبن

هۆکاری ڕوون و ئاشکرا هەن کە بۆچی ئەمڕۆ منداڵان لە قوتابخانە زیاتر لاسار و بێڕێز و شەڕەنگێز و توندوتیژن. نهێنییەکی ئەوەندە گەورە نییە. کاتێک منداڵان زیاد لە پێویست دەورووژێنرێن بە هۆی شەڕەنگێزی و هەڕەشەی سزادان لە ماڵەوە، دەبێتە هۆی هێنانە ئارای بزێوی و نەسرەوتی لە کوڕاندا- یاخود ئەوەی ئێستا بە "شێواوی کەمی تەرکیز" ناسراوە. لە کچاندا، مەیلە شەڕەنگێزییەکان زیاتر لە دژی خۆیان دەکەونە کار بە هەستکەلی وەک کەم لەخۆڕوانین و شێواوی خواردن.

بچنە نێو هەر زیندانێک، ئەوسا دەبینیت، بەبێ هیچ هەڵاوێرێک، تەواوی ئەو کەسانەی توندوتیژیان ناوەتەوە بە توندی سزادراون یان لێیان دراوە بە منداڵی. ئەو ڕەفتار خراپییەی لەدەستی ئازاریان چەشتووە دڵتەزێن بووە هاوشێوەی ئەو توندوتیژییەی دەیهێنن بەسەر قوربانییەکانیاندا دڵتەزێنە. هێشتا لە دەرەوەی زیندانەکان و لەنێو نووسینگەکانی ڕاوێژکاری خێزانی، چەندین ملیۆن کەس ئازار دەچێژن لەدەست خەمۆکی، نیگەرانی، هەست مردوویی و ناتەواوییە سۆزدارییەکانی دیکە وەک بەرئەنجامی باوانیکردن لەسەر بنچینەی ترس.

لەلایەکی دیکەوە، ژمارەیەکی زۆر منداڵ هەن ئەمڕۆ تێکدەر و کەمتوانان بە هۆی کاریگەرییەکانی باوانیکردنی "نەرم"ەوە. دایک و باوکە نەریتییەکان حەقی خۆیانە بەگومان بن لەبارەی ڕێگەکانی باوانیکردنی بە نەرمی نواندنی مۆدێرنەوە. گەرچی مەبەستی پشتبەستن بە خۆشەویستییەکە بوونی هەیە، بەڵام توانا و شارەزاییەکان تا بیکەنە شتێکی کاریگەر ناخرێنە کار. ئەو سەربەستی و توانایەی پێنج پەیامەکە دەیبەخشێت پێویستە هاوسەنگ بکرێن لەڕێی توانا و شارەزایی بەهێزی هاوتاوە بۆ بەردەوامی

جلەوكردن بەسەر منداڵان و هێنانە ئارای هاوكارییەوە. گەر دەتەوێت ئۆتۆمبیلێكی خێرا لێبخوڕیت، پێویستە دڵنیا بیتەوە لەوەی ئیستۆپی چاكیشت هەیە. ناتوانن سەربەستی زیاتر بە منداڵان ببەخشن گەر توانا و شارەزایی ئەوەشتان نەبێت بەرزەفتیان بكەن تاوەكوو بەڕێكوپێكی ڕەفتار بكەن.

**ناتوانن سەربەستی زیاتر بە منداڵان ببەخشن گەر توانا و شارەزایی ئەوەشتان نەبێت بەرزەفتیان بكەن تاوەكوو بەڕێكوپێكی ڕەفتار بكەن.**

زۆرێك لە دایكان و باوكان كە وەك منداڵ خراپ مامەڵەیان لەگەڵ كراوە بڕیاریان داوە هەرگیز لە منداڵەكانیان نەدەن و نەیانشكێنن و سزایان نەدەن. زانیان چی سەركەوتوو نەبووە، بۆ ئەوەی ببن بە باوانی باشتر، دەستیان لەو شتانە هەڵگرت. كێشەكە ئەوەیە نەیاندەزانی چۆن ڕێگە و شێوازەكانی باوانیكردنی پشت بەستوو بە ترس بە توانا و شارەزاییەكانی پشت بەستوو بە خۆشەویستی جێ بگرنەوە. كە ڕەتیان كردەوە بە زەبروزۆنگ لەگەڵ منداڵەكانیان بجووڵێنەوە لە زۆر حاڵەتدا، بووە هۆی تێكدانی خووی منداڵەكانیان. ئەم جۆرە لە باوانیكردنی نەرم ناكاریگەرە هەروەك ڕێگە و شێوازەكانی باوانیكردنی نەریتی لەسەر بنچینەی ترس.

وازهێنان لە تەكنیكەكانی ڕابردوو كە لەسەر بنچینەی ترس بوون تەنیا ئەو كاتە سەركەوتوو دەبێت كە تۆ بە شتێكی زیاتر كاریگەر جێگەیان بگریتەوە. گەرچی منداڵانی ئەمڕۆ پێویستی نوێیان هەیە، هێشتا پێویستیان بە دایك و باوكێكە جڵەویان لە دەستدا بێت.

ئەگەرنا، گرنگ نییە چەندێک منداڵەکەتت خۆش دەوێت، منداڵەکەت لە جڵەو دەردەچێت.

باوانیکردنی ئەرێنی دوورخستنەوەی کاتی بە چەندین شێوەی جیاواز بەکار دەهێنێت کە گونجاوە بۆ تەمەنی منداڵ تا جێی پێویستی لێدان و سزادان بگرێتەوە. تەنانەت ئەو کاتەش، دوورخستنەوەی کاتی وەک کۆتا پەنا بەکار دەهێنرێت. زۆر بەر لەوەی پەنا ببرێتە بەر دوورخستنەوەی کاتی، گەلێک توانا و شارەزایی دیکە هەن تا بخرێنە کار تاوەکوو دوورخستنەوەی کاتی کاری خۆی بکات. ئەگەرنا، تەنیا دەبێتە سزادانێکی دیکە لەسەر بنچینەی ترس و کاریگەری خۆی لەدەست دەدات.

**باوانیکردنی ئەرێنی ڕێکاری دوورخستنەوەی کاتی بەکار دەهێنێت تا جێی پێویستی لێدان و سزادان بگرێتەوە.**

لەژێر ڕۆشنایی شێوازێکی جێگرەوەی باوانیکردن بۆ منداڵەکانمان بەبێ ترس و هەستی گوناهباری، بە ڕاستی پێویستمان بەوەیە بوەستین و بیر بکەینەوە بۆچی کەسێک شایستەی لێدانە و هەست بە ئازار بکات چونکە هەڵەیەکی ئەنجام داوە. هیچ کەس هەرگیز شایستەی سزادان نییە. هەموو کەس شایستەی پاڵپشتی و خۆشویستنە. تەنانەت لە ڕابردووشدا، هیچ کەس هەرگیز شایستەی سزادان نەبووە، بەڵام تاکە ڕێگە بووە بۆ بەدەستهێنانەوەی جڵەو و درێژەپێدانی. سزادان و لێدان یارمەتی دایکان و باوکانی داوە بەردەوام دەستیان بەرز ڕاگرن و جڵەوی منداڵەکانیان بکەن. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، لێدان و سزادان کاریگەری پێچەوانەی هەیە.

**له ڕابردوودا، سزادان درێژەی دەدا بە جڵەوکردن، بەڵام لە ئەمڕۆدا کاریگەری پێچەوانەی هەیە.**

لە ڕابردوودا، منداڵان لەناو ناخی خۆیاندا ئەو توانایەیان نەبوو بزانن چی ڕاستە و چی هەڵەیە. ترسی سزادان پێویست بوو تا ڕێگری لە منداڵ بکات لە بەدڕەفتاری. تا منداڵان زیاتر بەرهەڵست بوونایە، ئەوا زیاتر سزا دەدران. سزادان پێویست بوو بۆ شکاندنی ئیرادەیان. کتومت ئەم جۆرە ستراتیژەیە کە ڕێگە بە خەڵکی دەدات چاوپۆشی بکەن و تەنانەت پاڵپشتی ڕەفتارە خراپەکانی کەسانی داپڵۆسێنەر و دیکتاتۆرەکان بکەن بە درێژایی مێژوو. کەسانی ئیرادە لاواز ڕێگە بە ئیهانەکردن دەدەن. خۆشبەختانە، سەردەمەکان گۆڕاون و کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی چاوپۆشی لە ئیهانەی کەسانی داپڵۆسێنەر ناکات و پاڵپشتی ناکات. وەک چۆن کۆمەڵگە گۆڕاوە، ئاوهاش منداڵەکانمان گۆڕاون. منداڵەکانمان تێک ناشکێنرێن، بەڵام بەردەوام یاخی دەبن لە وەڵامی لێدان و سزادانیان.

گەر تۆ هێشتا لەدژی ئەوەی دەست لە لێدان و سزادان هەڵگیرێت، ئەم پرسیارە لە خۆت بکە: گەر ڕێگەیەکی دیکە هەبووایە تا هەمان یان کاریگەری باشتری هەبووایە و ترس و گوناه و سزادانی تێدا نەبووایە، بیرت لێ دەکردەوە؟ بێگومان بیرت لێ دەکردەوە. ئێمە دەست دەگرین بە ترس و هەستی گوناهباری و سزادانەوە چونکە ڕێگەیەکی دیکە شک نابەین. کاتێک بەردەوام دەبیت لە خوێندنەوە بۆ فێربوونی ئەم تەکنیکە نوێیانە کە لەسەر بنچینەی ترس نین، تەنیا ماقوول دەرناکەون، بەڵکو سەرکەوتووش دەبن. ئەوە تەواوی مەبەستەکەیە. ئێمە کنە و پشکنەی ورد و درشتی فەلسەفیانەی ڕێبازەکانی باوانیکردن ناکەین. ئێمە باس لە ڕێبازێکی جێگرەوە دەکەین کە هەر لە ئێستاوە کاری خۆی دەکات.

به هەزاران کەس لە سـیمینار و ۆرکشـۆپەکانمدا لەبـارەی باوانیکردنەوە پێشتر دەستیان کردووە بە بەکارهێنانی ئەم ڕێبازە بەسەرکەوتوویی. نەک تەنیا کاری خۆی دەکات و سەرکەوتوو دەبێت، بەڵکو لەنێو دڵی خۆشتدا هەست بە ڕاستی و دروستییەکەی دەکەیت. با دڵی خۆت و سەلیقەت ئەو ئازایەتی و بڕوابەخۆبوونەت پێ ببەخشن بەرەوپێش بچیت لە دەست هەڵگرتن لە تاکتیکە بەسەرچووەکانی باوانیکردن و دەستکردن بە بەکارهێنانی ئەم توانا و شارەزاییە تازانەی باوانیکردنی ئەرێنی.

## گۆڕانێکی جیهانی لە هۆشیاریدا

لە ماوەی سەدەی بیستەمدا، دەروونناسی ڕۆژئاوا گەشەی کرد لە وەڵامی پێویستییە نوێیەکانی هۆشیاری گشتی کۆمەڵگە. بەر لە سەد ساڵی پێشوو، کنەوپشکنەکردنی هەست و ئارەزوو و پێویستییە ناوەکییەکانمان هێندە گرنگ نەبوو. خەڵکی زیاتر بەتەنگ مانەوە و جێگیری ژیانیانەوە بوون و زۆر خەمی ئەوەیان نەبوو هەستیان چۆن بوو. زۆربەی خەڵکی تەنانەت هەر ئاگاداری هەستەکانیان نەبوون. تا ڕادەیەکی زۆر، زۆربەی خەڵکی هەر ئاگاداری پێویستییە دەروونی و سۆزدارییەکانیان نەبوون.

هەر بەو جۆرەی جیهان گۆڕاوە، بە هەمان شێوە منداڵەکانیشمان گۆڕاون. چەندین قات، منداڵەکانم بەدەم و پل و بەئاگاترن لەبارەی هەستە ناوەکییەکانیانەوە وەک لە خۆم. ئێمە هەموومان لە سەردەمێکدا لەدایک بووین کە گۆڕانێکی گەورە لە هۆشیاری جیهانیدا هاتووەتە ئاراوە. هەر بەو جۆرەی کۆی هۆشیاری گشتی کۆمەڵگە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، جیهانی نێو ناخیشمان زۆر گرنگتر بووە. بشکی خۆشەویستی، هاوسۆزی، هاوکاری و لێبووردەیی چیتر چەمک و بیری باڵای فەیلەسوف و ڕابەرە ڕۆحییەکان نین؛ بەڵکو

شتگەلی ڕۆژانەن و ئەزموون دەکرێن. ڕەفتارەکانی کەسانی دەسەڵات بەدەست کە سەردەمانێک پەسەند بوون ئێستا وەک شتگەلی بەدکار تەماشا دەکرێن.

**پشکی خۆشەویستی، هاوسۆزی، هاوکاری و لێبووردەیی چیتر چەمک و بیری باڵای فەیلەسوف و ڕابەرە ڕۆحییەکان نین، بەڵکو شتگەلی ڕۆژانەن و ئەزموون دەکرێن.**

مێژوو تژییە لە وەحشیگەری ویژدانی مرۆڤ. بە درێژایی چاخە تاریکەکان، دامەزراوە دینی و سیاسییە جیاوازەکان بەرپرس بوون لە کوشتن و ئەشکەنجەدانی درندانەی ملیۆنان ژن و پیاو و منداڵی بێتاوان تەنیا لەبەر ئەوەی باوەڕی جیاوازیان هەبوو لەبارەی خوداوە یاخود هەبوونی جیاوازیان بەکار هێنا بۆ تیماری جەستەیان. ئەم کارە وەحشیگەریانە تەنانەت تاوەکوو سەدەی بیستەمیش درێژەیان هەبوو. بەڵام ئەمڕۆ، خەڵکانێکی زۆر لە دژیانن. بە هۆی ئەوەی ویژدانی مرۆڤایەتی وردەوردە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، پاساوهێنانەوە بۆ ئەم کارە دڕندەییانە تەواو بوونەتە شتێک بیریان لێ نەکرێتەوە و قابیلی قبووڵ نەبن.

چیتر پێویستت بەوە نییە فێر بکرێیت کوشتن، دزی، دەستدرێژی، ڕاو و ڕووت کاری هەڵەن. ویژدانی خۆت پێت دەڵێت ئەم کارانە ڕاست نین. بە هەمان شێوە، ڕێی تێ ناچێت ڕێگە بە سەرکردەیەکی سیاسی بدەیت جەنگێک هەڵگیرسێنێت، دەست بەسەر وڵاتێکدا بگرێت، تەواوی کەلوپەلە کلتوری و هونەرییەکانی بدزێت. کەچی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا چەندین مۆزەخانە هەن لە جیهاندا پڕن لە کەلوپەلی دزراو

یاخود "دەسکەوتی جەنگ." ئەم ڕەفتارە خۆپەرستە شیتانەیە پەنجا ساڵ لەمەوبەر پەسەند و قبوولکراو بوو.

بەو جۆرەی ویژدانی کۆی کۆمەڵگە دەگۆڕێت، ویژدانیش وردەوردە دەگۆڕێت، بە هەمان شێوە زیرەکیش. کاتێک خەڵکی لە توانایاندا نابێت بزانن چی ڕاستە و چی هەڵەیە، پێویستیان بە یاسای زۆرە کە ئەوسا پێویستە بە سزاوە توند و تۆڵ بکرێن. گەر کەسێک بتوانێت پەرە بە ویژدانی خۆی بدات، ئەوسا پێویستی سزادان بەسەر دەچێت. لەبری ئەوەی تیشک بخاتە سەر ئەوەی منداڵان فێر بکرێن چی ڕاستە و چی هەڵەیە، باوانیکردنی ئەرێنی زیاتر تیشک دەخاتە سەر برەودان و بەخەبەرهێنانەوەی توانای ناوەکی منداڵ تا لەناخی خۆیدا بزانێت چی ڕاستە و چی هەڵەیە.

## لەبری ئەوەی فێریان بکەن چی هەڵەیە و چی ڕاستە، منداڵان فێر بکەن چۆن لە ناخی خۆیدا بزانیت چی ڕاستە و چی هەڵەیە.

هەبوونی ویژدان بریتییە لە توانای زانین لە ناخی خۆماندا لەوەی چی ڕاستە و چی هەڵەیە. وەکوو قیبلەنومایەکی ناو ناخمان وایە کە هەمیشە ئاڕاستەی ڕاستمان نیشان دەدات. ئێمە هەمیشە هەموو وەڵامەکانمان لا نییە، بەڵام قیبلەنوماکەی نێو ناخمان هەمیشە بەرەو ئاڕاستەی ڕاست ڕێمان نیشان دەدات. لە ڕابردوودا، کەسانێک ویژدانیان وەک گوێگرتن لە دەنگێکی هێمنی ناو ناخی مرۆڤ وەسف کردووە. ئەوە تاکە ڕێگە بووە کە توانیویانە وەسفی شتێک بکەن کە زۆربەمان ئێستا ئەزموونی دەکەین. ئێستا تەنیا دەڵێین: "هەستێکم هەبوو!"

هەستەکان دەرگاگەلێکن کە لەڕێیەوە ڕۆح و ناخمان پەیوەندیمان لەگەڵ دەگرن. کاتێک خەڵکی مێشکیان بەبێ دڵیان بەکار دەهێنن، هەموو ئەوەی لەدەستیان دێت شوێنکەوتنی یاساکان و سزادانی ئەوانەیە کە واناکەن. ئەو کەسانەی خاوەن دڵێکی کراوەن خۆیان دەزانن چ شتێک بۆ ئەوان ڕاست و دروستە. هەمان ئەم زانینەی ناو ناخ، کاتێک دەخرێتە کار بۆ لێکدانەوەی ئەم جیهانە، پێی دەگوترێت هەستی زگماکی. کاتێک دەخرێتە کار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، پێی دەگوترێت داهێنان. کاتێک دەخرێتە کار بۆ پەیوەندییەکان، توانای خۆشویستنە، "یاخود پەیبردنە بە چاکەی کەسێک" بەبێ مەرج و لێخۆشبوون. بروادان بە ئەقڵی مرۆڤ بە دڵنیاییەوە گرنگە، بەڵام بروادان بە ویژدان بەنرخترین دیارییە کە دایک و باوک دەتوانن بە منداڵەکانیانی ببەخشن.

هەموو دایک و باوکان دەیانەوێت منداڵەکانیان بزانن چ شتێک ڕاستە و لەسەر ئەو بناغەیە ژیرانە ڕەفتار بکەن. تا ئەو کاتەی ئەم گۆڕانە لە ویژدان و هۆشیاری جیهانیدا ڕووی دا، ئەوە مەحاڵ بوو. دایک و باوک سزادان و ستراتیژەکانی دیکە، کە لەسەر بنچینەی ترس و هەستی گوناهباری بوون، بەکار دەهێنا تاوەکوو ڕێ لە منداڵەکانیان بگرن خراپەکار بن و هانیان بدەن چاکەکار بن. ئەمڕۆ منداڵان بە توانایەکی شاراوەی نوێوە دێنە ژیانەوە تا برەو بەم هێزی زانینەی نێو ناخیان بدەن. هەستیاریان ئەم توانایەیان پێ دەبەخشێت، بەڵام دەتوانێت ببێتە هۆی خۆڕووخاندنیان کاتێک ستراتیژە بەسەرچووەکان، کە لەسەر بنچینەی ترسن، خرانە کار. بە هەر ئاڕاستەیەکدا چارەسەرەکە بڕوات ڕاستەوخۆ بەو ئاڕاستەیەدا دێتەوە دەر یاخود خود ئاڕاستەکەرە.

## منداڵانی ئەمڕۆ مەیلیان لە خۆڕووخاندنە لە وەڵامی باوانیکردنێکدا لەسەر بنچینەی ترس بێت.

هەر منداڵێک کە ئەمڕۆ دێتە ژیانەوە ئەو توانا ناوەکییەی هەیە بزانێت چی ڕاستە و چی هەڵەیە. خاوەنی ئەو هێزە شاراوەیەن برەو بە ویژدانێک بدەن، بەڵام ئەو توانایە پێویستە بەهێز بکرێت گەر مەبەست بێت بێتە دەرەوە.

شێوازەکانی باوانیکردنی ئەرێنی ئەو توانا شاراوەیە لە ناخی منداڵەکانماندا بەئاگا دەهێننەوە. ئەنجامی وابەستەبوون بە ویژدانی ناو ناخی مرۆڤەوە ئەوەیە بە باشی ڕەفتار دەکەن بەڵام بێ هۆشانە گوێ ڕایەڵ و ملکەچ نابن. ڕێز لە کەسانی دیکە دەگرن، نەک لە ترسا، بەڵکو لەبەر ئەوەی هەست دەکەن شتێکی باشە. ئارەزوو دەکەن و لە تواناشیاندایە وتوویژ و دانوستان بکەن. دەتوانن بۆ خۆیان بیر بکەنەوە. ئارەزوو دەکەن بەرەنگاری کەسایەتییە دەسەڵاتدارەکان ببنەوە. کەسانی داهێنەر، هاوکار، لێهاتوو، هاوسۆز، بڕوابەخۆبوو، خۆشەویستن. لەڕێی فێربوون و خستنەکاری توانا و شارەزاییەکانی باوانیکردنی ئەرێنی، نەک هەر کاری باوانیکردن بۆمان ئاسان و ئاسانتر دەبێت، بەڵکو پاداشتەکانیشی بۆ منداڵەکانمان زۆر گەورەتر دەبن. هیچ پاداشتێک لەوە گەورەتر نییە لە ژیاندا بە چاوی خۆت منداڵەکەت ببینیت سەرکەوتوو دەبێت خەونەکانی بکاتە ڕاستی و هەست بە باشە و چاکەی خۆی بکات.

(٣)

# توانا و شارەزاییيە نوێيەكان بۆ هێنانە ئارای هاوكاريكردن

تا زووتر ئەزموونی توانای باوانيكردنی ئەرێنی بكەيت، ئاسانتر دەستبەرداری توانا و شارەزاييەكانی باوانيكردن دەبيت لەسەر بنچينەی ترس. تەنيا ماوەی هەفتەيەك بە خۆت بدە بۆ جێبەجێكردنی بيرۆكەكانی نێو ئەم بەشە، ئەوسا هەرگيز ناتەوێت بگەڕێيتەوە. لەيادت بێت بۆ ئەوەی باوانيكردنی ئەرێنی سەربگرێت ناتوانيت پەشيمان بيتەوە و بگەڕێيتەوە سەر سزادان يان هەڕەشەكردن لە مندالەكەت. دواتر پەی دەبەن بەوەی مندالەكانتان جادووئاسا وەلاميان دەبێت بۆ ئەم ڕێبازە نوێيە. ئەمە ڕاستە بۆ مندالانی گشت تەمەنەكان. تەنانەت هەرزەكارەكانيشتان وەلاميان دەبێت. تا زووتر دەست پێ بكەن، مندالەكانتان خێراتر وەلاميان دەبێت. كاتێك مندالان و هەرزەكاران ڕاهاتن لەسەر ئەوەی لەڕێی ترسەوە جلەو بكرێن، دەكرێت كەمێك زياتر بخايەنێت، بەلام هێشتا كاری خۆی دەكات. هەرگيز درەنگ نييە بۆ خستنەكاری ئەو توانا و شارەزاييانەی باوانيكردنی ئەرێنی. لە زۆر حالەتدا، توانا و شارەزاييگەلێكن يارمەتيت دەدەن باشتر پەيوەنديبگرن لەگەڵ هاوسەرەكانيشتان.

## داوا بکە، بەڵام فەرمان مەکە.

هێنانە کـایەی هاوکـاریکردن بـریتییە لە چانـدنی ئـارەزوو لە منداڵەکانتاندا تا گوێ بگرن و وەڵامی داواکارییەکانتان بدەنەوە. یەکەم هەنگاو بـریتییە لەوەی فێـر بـن چـۆن منـداڵەکانتان بە کـاریگەرترین شێوە ئاراستە بکەن. فەرمـانکردنی بەردەوام سـەرکەوتوو نابێت. بیر لە ئەزموونی خۆتـان بکەنەوە لەسـەر کـار. ئایا پێت خۆشـە بەردەوام کەسێک پێت بڵێ چی بکەیت؟ ڕۆژێک لە ژیانی منداڵ تژییە لە سـەدان فەرمانکردن. هیچ جێی سـەمەرە نییە کە دایکـان سکاڵا دەکەن لەوەی منداڵەکانیان گـوێ ڕایەڵ نین. ئەرێ ئێوەیش بـن پشت هەڵناکەن گەر کەسێک بەردەوام سەر بکاتە سەرتان؟

ژیانی منداڵ تژییە لە فەرمانکردن، بۆ نموونە: ئەمە لا بە، ئەوە لەویا جێ مەهێڵە، بەو شێوەیە قسە لەگەڵ براکەتدا مەکە، دەست هەڵگرە لە لێـدانی خوشـکەکەت، قەیتـانی پێڵاوەکانـت ببەسـتە، قۆپچەکـانی کراسەکەت داخە، برۆ ددانەکانت بشۆ، تەلەفزیۆنەکە بکوژێنەوە، وەرە نانی ئێوارە بخۆ، کراسەکەت بـخە نێو پانتۆڵەکەت، سـەوزەکەت بخۆ، چەتـاڵ بەکـار بهێنە، یـاری بە خـواردنەکەت مەکە، بەسـە قسـەکردن، ژوورەکەت پـاک بـکەوە، ئەم پیس و پـۆخڵییە پـاک بـکەوە، حـازر بە بخەویت، ئێسـتا بـرۆ بـخەوە، خوشکەکەشت بەرە، برۆن- ڕا مەکەن، لەنێو مـاڵەکەدا شـت هەڵـمەدە، ئاگـادار بە، ئەوە نەخەیـتە خـوارەوە، هـاوارمەکە- هەروەهـا و هەروەهـا. هەر بەو جـۆرەی دایـک و بـاوک بێـزار دەبـن لە سـەرکردنە سـەر منـداڵەکانیان جـار لەدوای جـار، منداڵەکانیش پشت لە دایک و باوکیان دەکەن. فەرمانکردنی دووبارە و دووبارە دەبێتە هۆی لاوازکردنی هێڵەکانی ئاخاوتن و پەیوەندیگرتن.

توانای جێگرەوەی باوانیکردنی ئەرێنی بۆ فەرمانکردن و سـەرکردنە سەر منداڵ بریتییە لە پرسیارکردن یاخود داواکردن. ئایا ئەوە باشتر نییە بۆت لەلایەن بەڕێوەبەرەکەتەوە "یان هاوسـەرەکەتەوە" داوات لێ

بکرێت وەک لەوەی پێت بگوترێت چی بکەیت؟ نەک تەنیا تۆ باشتر وەلام دەدەیــتەوە، بەڵکــو منداڵەکەیشــت باشــتر وەلام دەداتەوە. گۆڕانکـارییەکی ئاسـاییە، بەڵام مەشـق و پـراوەی زۆری دەوێت. بۆ نمـوونە، لەجیاتی ئەوەی بڵـێ: "بـڕۆ ددانەکانـت بشـۆ،" بڵـێ: "دەچیت ددانەکانت بشـۆیت؟" لەجیـاتی ئەوەی بڵێـی: "لە بـراکەت مەدە." بڵێ: "زەحمەت نەبێ ئێستا واز دەهێنی لە لێدانی براکەت؟"

## شێوازی "دەکەیت" بەکار بهێنە نەک "دەتوانیت"

دڵنیـابەرەوە، کاتێـک داواکـارییەکەت دادەڕێژیـت وشـەی "دەکەیت" بەکار دەهێنیت لەبری "دەتوانیت." "دەکەیت" کـاری سـەیر و سـەمەرە و پەرجووئاسـا دەکـات، لە کاتێکـدا "دەتوانیـت" دەبێـتە هـۆی هێنـانە ئارای بەرهەڵستی و سـەر لـێ شـێوان. کاتێـک دەڵێـی: "ئەم پەرش و بڵاوییە پاک دەکەیتەوە؟" تۆ داواکارییەک دەکەیت. کـاتێکیش دەڵێی: "ئایـا دەتـوانی ئەم پەرش و بڵاوییە پـاک بکەیـتەوە؟" تـۆ پرسـیارێک دەخەیتەوە لەبارەی لێهاتوویی کەسەکەوە. تۆ دەپرسـی: "توانـات هەیە ئەم پەرش و بڵاوییە پاک بکەیتەوە؟" بۆ ئەوەی هـانی هاوکـاریکردن بـدەیت، دەبێـت زۆر ڕێـک و ڕوون بیـت لەبـارەی ئەوەی دەتەوێت. پێویسـتە سـەرەتا داواکـارییەکەت بە جۆرێـک بخەیـتە ڕوو کە ببێـتە هۆی بزواندنی هاوکاریکردنی بەرانبەر.

شـتێکی ئاسـاییە گەر بپرسـیت: "دەتوانیـت ئەم پەرش و بڵاوییە خـاوێن بکەیتەوە؟" گەر هـاتوو پرسـیارت لەبـارەی لێهـاتوویی کەسی بەرانبەرەوە کرد. گەر داوا لە منداڵێک بکەیت شتێک بکـات، ڕوون و ڕاشکاو بە. زۆربەی کات دایک و باوکەکان دەسـتەواژەی "دەتوانیت" وەک ڕێگەیەکـی فەرمـانکردن بەکـار دەهێـنن لەگەڵ کەمێـک هەسـتی گونـاهبـاری. زۆربەی کـات دایـک و بـاوک بەو جـۆرە دەکەن چـونکە دایـک و بـاوکی خۆشـیان بەو جـۆرە ڕەفتاریـان کـردووە و شـتێکی

خۆکردانەیە. گەرچی ڕەنگە وەک شتێکی بچووک دەربکەوێت، چۆن داوا دەکەیت جیاوازییەکی گەورە دروست دەکات لە ئارەزووی منداڵ بۆ هاوکاریکردن.

**"دەتوانی ئەم پەرش و بڵاوییە خاوێن بکەیتەوە؟" داواکاری نییە، فەرمانکردنە بە پەیامگەلێکی زۆری ناڕاستەوخۆ و سەر لێ شێوێنەرەوە.**

بەبێ گوێدانە مەبەستەکە، کاتێک دایک و باوک بە نەوایەکی بێزار و تووڕە و نائومێد و پەستەوە دەدوێن و دەستەواژەی "دەتوانی" بەکار دەهێنن، ڕەنگە منداڵێک پەیامە ناڕاستەوخۆکانی پێ بگات. گەر دایک و باوکێک بڵێن: "دەتوانی ئەم پەرش و بڵاوییە خاوێن بکەیتەوە؟" ڕەنگە منداڵ یەکێک لەم پەیامانەی خوارەوەی پێ بگات:

"تۆ دەبێت ئەم پەرش و بڵاوییە خاوێن بکەیتەوە."

"دەبوو پێشتر ئەم پەرش و بڵاوییەت خاوێن بکردایەتەوە."

"نەدەبوو ناچار بم داوات لێ بکەم."

"پێشتر داوام لێ کردیت پەرش و بڵاوییەکانی خۆت خاوێن بکەیتەوە."

"تۆ ئەو شتانە ناکەیت کە من داوام لێ کردی بیانکەیت."

"تۆ لە ئاست تەمەنی خۆت ڕەفتار ناکەیت."

"تۆ ئازارێکی ڕاستەقینەی بۆ من."

"هەڵەیەک لە تۆدا هەیە."

"من زۆر پەلەمە و ناتوانم هەموو شتێک بکەم."

گەرچی ڕەنگە هیچ کام لەم پەیامانە ڕاستەوخۆ مەبەست نەبن، بەلام ئەوەیە دێتە بەر گوێی منداڵان. هەموو ئەم پێچ و پەنایی و هەستی گوناهبارییە دەبنە هۆی لەناوبردنی ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکانی باوانیکردنی ئەرێنی. دوای ئەوەی ئەم تەکنیکانەت جێبەجێ کرد، درک دەکەیت بەوەی ڕاشکاوی بەدوور لە هەستی گوناهباری و ترس گەلێک کاریگەرترە.

بۆ ئەوەی ڕوونتر لەمە بگەین، با بیهێنینە پێش چاوی خۆمان دەتوانن نەخشەی چالاکی نێو مێشکی منداڵان بکێشن. کاتێک پرسیارێک دەکەن بە "دەتوانیت،" ڕەنگە لە بەشی چەپی مێشکی منداڵەکەدا چالاکییەک هەبێت و ڕابمێنێت لەوەی تۆ بە تەواوی مەبەستت چییە. گەر دەستەواژەی "دەکەیت" بەکار بهێنی، چالاکییەکە لە بەشی ڕاستی مێشکدا ڕوو دەدات و ناوەندی هاندان چالاک دەبێت.

## بەکارهێنانی دەستەواژەی "دەکەیت" لە بەرهەڵستی منداڵ کەم دەکاتەوە و بانگهێشتی دەکات تا بەشدار بێت.

ساتێک خۆت وا بنوێنە منداڵێکیت و گوێت لە هەرکام لەم پرسیارانە دەبێت: "دەتوانی بڕۆی بخەوی و واز لە قسەکردن بێنیت؟" یاخود دەڕۆیت بخەوی و واز لە قسەکردن بهێنیت؟" لە سەرەتادا، وا دیارە پرسیاری یەکەمیان ڕێزی زۆرتری تێدایە. "دەڕۆی بخەوی و واز لە قسەکردن بهێنیت؟" زۆرتر زۆردارەکی و جڵەوکەر دەردەکەوێت. پاشان کە بەردەوام هەست بە جیاوازییەکە دەکەیت، "دەتوانی" جوان دەردەکەوێت، بەلام فەرمانێکی شاراوەشی تێدایە و دەڵێت: "من بە جوانی داوات لێ دەکەم بەلام وا باشترە بیکەیت ئەگەرنا." پاشان کە بەردەوام دەبێت لە وردبوونەوە لە "دەڕۆی بخەوی و واز لە

قسەکردن بهێنیت؟" وەک ئەوە وایە داوات لێ بکات هاوکاری بکەیت. گەر دەتەوێت بەرهەڵستی بنوێنیت، تۆ سەربەستی ئەو کارە بکەیت. بە ئاشکرا، ئەمە ئەو پەیامەیە دەمانەوێت بە منداڵەکانمانی بدەین. کاتێک تەنیا فەرمان بە منداڵەکانمان دەکەین، بە ڕاستی ڕێگریان لێ دەکەین لەوەی فێری هاوکاریکردن بن.

ئەم وشە بچووکانە جیهانێک لە جیاوازی دەخەنەوە، بە تایبەت لەگەڵ کوڕانی بچکۆلەدا. شێوازی "دەکەیت" نەک هەر باشتر کاری خۆی دەکات لەگەڵ کوڕانی بچکۆلەدا، بەڵکو لەگەڵ پیاوانی گەورەشدا بە هەمان شێوەیە. ژنان مەیلیان لەوەیە بەرهەڵستی بنوێنن لەوەی داوا بکەن، کاتێکیش داوا دەکەن، زۆربەی کات ئەو کارە بە ڕێگەی بە پێچ و پەنا و ناڕاستەوخۆ دەکەن. نەک هەر تەنیا پیاوان پێویستیان بەم ڕاشکاوییەیە، بەڵکو منداڵانیش زیاتر پێویستیانە.

بەکارهێنانی دەستەواژەی "دەتوانی" پەیامی سەرلێشێوێنەر ڕەوانە دەکات، وردەوردە توانای منداڵ سڕ دەکات تا هاوکارت بێت. ئێوە دایک و باوکن. نابێت داوا لە منداڵەکەتان بکەن گەر پێشوەختە بڕواتان بەوە نەبێت دەتوانێت هەمان ئەو شتە بکات کە ئێوە داوای دەکەن. کاتێک دەپرسن: "دەتوانی تەلەفزیۆنەکە بکوژێنیتەوە؟" ئێوە بە ڕاستی پرسیاری ئەوە ناکەن ئاخۆ توانای ئەوەی هەیە تەلەفزیۆنەکە بکوژێنێتەوە. ئێوە دەتانەوێت تەلەفزیۆنەکە بکوژێنێتەوە، ئێوەش پەیامێکی نەگوتراو دەدەن کەوا هیچ هۆیەکی باشیان نییە گەر تەلەفزیۆنەکە نەکوژێننەوە.

**گەرچی وا دەردەکەوێت ڕێز نیشاندانێک لە بەکارهێنانی "دەتوانیت" هەیە تا هاوکاری بهێنیتە ئاراوە، بەڵام کاریگەری نییە. بەردەوام بەکارهێنانی وشەی "دەتوانی" پەیامی سەرلێشێوێنەر ڕەوانە دەکات، وردەوردە توانای منداڵ سڕ دەکات تا هاوکارت بێت.**

دەستم کرد بە بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە کاتێک "لۆرین"ـی کچم بچکۆلە بوو، بە پلەی یەکەم لەبەر ئەوەی دەمویست هەر سێ کچەکەم ئامادە بکەم تا دواتر لە ژیانـدا لە پەیوەندییەکانیاندا سەرکەوتوو بن. بەو جۆرەی لە کتێبی "پیاوان لە مەریخەوە هاتوون، ژنانیش لە ڤینۆسەوە" دەرمبڕیووە یەکێک لە گرنگترین توانا و شارەزاییەکان کە ژنان پێویستە فێری بن لە پەیوەندییەکانیاندا لەگەڵ پیاواندا ئەوەیە چۆن داوای پاڵپشتی بکەن بە شێوەیەک کە هانی پیاو بدات وەک لەوەی پەشیمانی بکاتەوە. ژنان بە منداڵی فێری ئەوە ناکرێن چۆن داوای ئەو شتە بکەن کە ئارەزووی دەکەن.

زانیم باشترین ڕێگە بۆ فێرکردنی منداڵەکانم ئەوەیە بۆ فێرکردنیان سەرمەشقی ڕەفتاریان بم، بۆیە دەستم کرد بەوەی داوایان لێ بکەم شتەکان بکەن لەڕێی بەکارهێنانی دەستەواژەی "دەکەیت." خۆشحاڵ بووم بەوەی زۆر بە ئاسانی وەریان گرت. دایک و باوکی منداڵەکانی دیکە گەلێک سەرسام بوون کاتێک لۆرین پێش ئەوەی بچێتە قوتابخانە دەیگوت: "زەحمەت نەبێ یارمەتیم دەدەیت؟" "بەو شێوەیە قسەم لەگەڵدا مەکە." "ئەمڕۆ ڕۆژێکی سەختم بەڕێ کردووە، زەحمەت نەبێ چیرۆکێکم بۆ دەخوێنیتەوە؟"

گەرچی مەبەستی من ئەوە بوو فێریان بکەم چۆن بە کاریگەرترین شێوە داوای ئەو شتە بکەن کە دەیانویست، کە بە ڕاستی فێری بوون، کاریگەری لاوەکی کارەکە کە دواتر پەیم پێ برد ئەوە بود

بەکارهێنانی ئەم جۆرە دەستەواژەیە وای لێ کردن گەلێک هاوکارتر بن. ئێستا، کاتێک دایک و باوکەکان دەست دەکەن بە هێنانە ئارای هاوکاری زیاتر لەڕێی بەکارهێنانی دەستەواژەی "دەکەیت"ـەوە، بە هەمان شێوە منداڵەکانیشیان ئامادە دەکەن تا سەروکاری ئەو هونەرەش بکەن بۆ داواکردنی ئەو شتەی ئارەزووی دەکەن و بەدەستیشی بهێنن.

## وازهێنان لە پرسیاری بێوەڵام

تەنانەت خراپتر لە بەکارهێنانی دەستەواژەی "دەتوانی،" بەکارهێنانی پرسیاری بێوەڵام و ئەو پرسیارانەیە چاوەڕێی وەڵام ناکەیت. ئەو جۆرە پرسیارانە شتێکی باشن کاتێک هەوڵ دەدەیت باس لە شتێک بکەیت لە گوتارێکی قەناعەتپێکەردا، بەڵام ئەنجامی پێچەوانەیان لێ دەکەوێتەوە کاتێک داوای هاوکاری دەکرێت. بۆ هەر پرسیارێک کە چاوەڕێی وەڵام نەکرێت، هەمیشە پەیامێکی ناڕاستەوخۆ و شاراوە هەیە. لە کاری باوانیکردندا، پەیامە شاراوەکە عادەتەن پەیامێکی گوناهباری نەرێنییە کە دایک و باوکێکی خۆشەویست نایانەوێت بە ڕاستەوخۆ بیڵێن. لەجیاتی ئەوە، لەنێو پەیامێکدا کە پێویستی بە وەڵام نییە خۆی حەشار دەدات. ژمارەیەکی زۆر لە دایکان تەنانەت درک بەوە ناکەن کە وا پەیامێکی نەرێنی دەدەن، بەڵام بە گەڕانێکی کەم بەنێو ڕۆحدا، ئاسانە درکی پێ بکرێت.

ژنان بە تایبەتی ئەم جۆرە پرسیارانە بەکار دەهێنن بۆ هاندانی منداڵان تا گوێ ڕایەڵ بن. کاتێک دایکێک دەیەوێت منداڵەکەی ژوورەکەی خاوێن بکاتەوە، لەجیاتی ئەوەی بڵێت: "زەحمەت نەبێ ژوورەکەت پاک دەکەیتەوە؟" سەرەتا لەڕێی گوتنی ئەو دەربڕینانەی پێویستیان بە وەڵام نییە، کەمێک تەریقی و هەستی گوناە فڕێ دەدات،

له نمــوونەی: "بــۆچی هێشــتا ئەم ژووره ئــاوا شــێواوه؟" بـا کـنە و پشکنەی چەند نموونەیەک بکەین.

| ئەو پرسیارەی چاوەڕێی وەڵام ناکات | پەیامە شاراوەکەی دەشێت هەڵی گرتبێت |
| --- | --- |
| بۆچی هێشتا ئەم ژووره پەرش و بڵاوه؟ | تۆ دەبوو ئەم ژوورەت پاک بکردایەتەوه. تۆ کەسێکی خراپی. کەسێکی گەلحۆی پنتی، بەو شێوه گوێم لێ ناگریت کە دەبێت گوێت بیگریت، هتد... |
| باشــە تــۆ کەی گەوره دەبیت؟ | تۆ بە شێوەیەکی هەرزە ڕەفتار دەکەیت. من شەرمەزارم بە هۆی ڕەفتاری تۆوه. تۆ منــداڵێکی گەورەی، دەبێــت بە شــێوەیەکی جیاواز ڕەفتار بکەیت. |
| بۆچی لە براکەت دەدەیت؟ | تۆ کەسێکی خراپی کە لە براکەت دەدەیت. کەسێکی تەواو گەمژەی. هیچ هۆیەکی باشت نییە تا لە براکەت بدەیت و کەچی هێشتا لێی دەدەیت. |
| تۆ باشی؟ | شــتێک هەڵەیە لە تــۆدا. بە شــێوەیەکی سەیر ڕەفتار دەکەیت. گەر هۆیەکی باشت نەبێت، هیچ پاساوێکت نییە بۆ ڕەفتارەکەت... ئەوه خراپە. |
| چــۆن توانیــت | تۆ یان هەر زۆر گەمژەی یان زۆر خراپ |

| | |
|---|---|
| لەبیری بکەیت ئەوشتە بکەیت؟ | و بێهەستی. تۆ مایەی نارەحەتیت لە ژیانی مندا. ناتوانم بۆ هیچ شتێک پشت بە تۆ ببەستم. |
| بۆچی هێشتا لێرە خەریکن قسە دەکەن؟ | ئێوە دەبوو خەوتبن. ئێوە بە ڕاستی منداڵی خراپن. دووبارە و دووبارە پێم گوتوون، کەچی هێشتا گوێم بۆ ناگرن. |

لەڕێی دەست هەڵگرتن لەو پرسیارانەی چاوەڕێی وەڵام ناکەن بەر لە کردنی داواکارییەک، دایک و باوک دەرفەتی خۆیان زیاد دەکەن بۆ هێنانە ئارای هاوکاری، ئەگەرنا منداڵان واز دەهێنن لەوەی گوێ بگرن. خۆلادان لەم جۆرە پرسیارانە نەک تەنیا یارمەتیدەر دەبێت لە خولقاندنی هاوکاری، بەڵکو ڕێ لە منداڵەکانیشتان دەگرێت لە توانا و شارەزایی ئاخاوتن و گەیاندنی خراپ و لاواز. ئەو پرسیارانەی کە چاوەڕێی وەڵام ناکەیت بۆیان نەک هەر سەرکەوتوو نابن بۆ منداڵان، بەڵکو ڕێگری لە دایک و باوکیش دەکات تاوەکوو بە ڕوونی بەرپرسیارێتی بگرنە ئەستۆ بۆ ئەو پەیامە نەرێنییانەی دەیاننێرن. بەبێ درککردنێکی ڕوونی پەیامە نەرێنییەکانمان، قورس و زەحمەتە تێبگەین بۆچی منداڵەکانمان هاوکارمان نابن.

## ڕاشکاو بە

یەکێک لە گرنگترین توانا و شارەزاییەکان بۆ دایکان تا فێری ببن ئەوەیە ڕاشکاو بن، بە تایبەت لەگەڵ کوڕە بچکۆلەکانیان. ژنان زۆربەی کات ئەو شتە دەردەبڕن کە لەدەستی نارەحەتن، بەڵام بە داواکارییەک شوێنی ناکەون. ئەمە وەک ڕاوەماسی وایە لەنێو بیاباندا.

دەرفەتێکی ئەوتۆیان نییە بۆ چنگکەوتنی ئەو شتەی ئارەزووی دەکەن. ئەمانەی خوارەوە هەندێک نموونەی ناڕاشکاوین.

| پەیامی نەرێنی | فەرماندانی شاراوە |
|---|---|
| ئێوەی منداڵ ژاوەژاوی زۆر دەکەن. | بێدەنگ بن. |
| ژوورەکەت دیسانەوە پەرش و بڵاوە. | ژوورەکەت خاوێن بکەوە. |
| حەزم بە شێوەی مامەڵەت نییە لەگەڵ خوشکەکەتدا. | باش بە، بەو شێوەیە ڕەفتار لەگەڵ خوشکەکەتدا مەکە. |
| تۆ نابێت لە براکەت بدەیت. | لە براکەت مەدە. |
| دیسانەوە قسەم پێ دەبڕیت. | قسەم پێ مەبڕە. |
| ناتوانی بەو شێوەیە قسەم لەگەڵدا بکەیت. | بەو شێوەیە قسەم لەگەڵدا مەکە. |
| قەیتانی پێڵاوەکانت نەبەستووە. | قەیتانی پێڵاوەکانت ببەستە. |
| کۆتا جار دواکەوتیت. | دوامەکەوە لە کاتی خۆت. |

لە هەرکام لەم نموونانەدا، دایک و باوک هەوڵ دەدەن هانی منداڵەکە بدەن بۆ کردنی شتێک لەڕێی تیشکخستنەسەر کێشەکە بەڵام داوای لێ ناکەن هیچ شتێک بکات. فەرمانە شاراوەکە زۆربەی کات

تەنانەت لەلایەن منداڵەکەوە هەر پەی پێنابرێت، کە هیچ ناکات جگە لەوەی چاوەکانی ئەبڵەق دەبن. بۆ دەسکەوتنی وەڵامێکی ڕاستەوخۆ، داواکارییەکەش پێویستە ڕاستەوخۆ بێت بەبێ تیشکخستنەسەر دەربڕینی نەرێنی. تیشکخستنەسەر ئەوەی بۆچی منداڵێک هەڵەیەکی کردووە یاخود بۆچی دەبێت منداڵێک هەست بە خراپە بکات پارمەتیدەر نابێت بۆ هێنانە ئارای هاوکاری. با بکۆڵینەوە لەوەی چۆن پەیامە نەرێنییەکان دەکرێت دابڕێژرێنەوە وەک داواکاری کاریگەر.

| پەیامی نەرێنی | داواکاری ئەرێنی |
| --- | --- |
| ئێوەی منداڵ ژاوەژاوی زۆر دەکەن. | زەحمەت نەبێ بێدەنگ دەبن. |
| ژوورەکەت دیسانەوە پەرش و بڵاوە. | ژوورەکەت خاوێن دەکەیتەوە؟ |
| حەزم بە شێوەی مامەڵەت نییە لەگەڵ خوشکەکەتدا. | تکایە کەسێکی باش بە، بەو شێوەیە ڕەفتاری لەگەڵدا مەکە. |
| تۆ نابێت لە براکەت بدەیت. | تکایە لە براکەت مەدە. |
| دیسانەوە قسەم پێ دەبڕیت. | زەحمەت نەبێ قسەکانم پێ مەبڕە؟ |
| ناتوانی بەو شێوەیە قسەم لەگەڵدا بکەیت. | تکایە بەو شێوەیە قسەم لەگەڵدا مەکە. |
| قەیتانی پێڵاوەکانت نەبەستووە. | زەحمەت نەبێ قەیتانی پێڵاوەکانت دەبەستیت؟ |

| تکایە لە کاتی خۆیدا وەرەوە. | کۆتا جار دواکەوتی. |
|---|---|

## وازهێنان لە ڕوونکردنەوەکان

لەپاڵ دڵنیابوونەوە لەوەی داوا بکەیت لەبری ئەوەی فەرمان بکەیت، بۆ هاندانی منداڵەکانتان تا کار بکەن، هۆکاریکیان مەدەنە دەستیان. زۆربەی پسپۆرە نیازباشەکان پێشنیار دەکەن تیشک بخرێتە سەر پێدانی هۆیەکی باش بە منداڵان تا کارەکەتان بۆ بکەن. ئەمە سەرکەوتوو نابێت. وەک باوکێک، کاتێک پێگەی خۆت ڕوون دەکەیتەوە بۆ پاساودان بە داواکارییەک، دەستبەرداری هێز و توانای خۆت دەبیت. سەر لە منداڵەکە دەشێوێنیت. بۆیە زۆرێک لە دایک و باوکە نیازباشەکان هەوڵ دەدەن قەناعەت بە منداڵەکانیان بهێنن شوێن ڕێنمایی و فەرمانەکان بکەون لەبری ئەوەی بیریان بهێننەوە شتێکی ئاساییە بەرهەڵستی بنوێنن، بەڵام هەر دایک و باوک بەڕێوەبەر و سەرۆکن.

پێویستت بەوە نییە بڵێی: "ئێستا دەبێت بڕۆی بخەویت. سبەینێ ڕۆژێکی زەحمەتت لەپێشە. زەحمەت نەبێ دەڕۆیت ددانەکانت شۆیت؟" تەنیا بڵێ: "زەحمەت نەبێت ددانەکانت دەشۆیت؟" واز لە ڕوونکردنەوەکە بهێنە. کاتێک منداڵان بەرهەڵستی دایک و باوکیان دەکەن، ئەوا بەنزیکەی بەرهەڵستی هۆکارەکان دەکەن. کاتێک تۆش هۆکارەکانت نەهێشت، شتگەلێکی کەمتریان دەبێت بەرهەڵستی بکەن.

زۆربەی پیاوان تووشی ئەمە دەبن کاتێک وەڵامی داواکارییەکی ژن دەدەنەوە. زۆربەی کات ژنان ڕوونکردنەوەیەکی گەورە دەدەن کە بۆچی دەبێت پیاوێک شتێک بکات، لە کاتێکدا پیاو زۆر بەلایەوە پەسەندە ژنەکەی کورتبڕ بێت. تا ژنەکە زیاتر باسی هۆکارەکان بکات پێویستە پیاوەکە شتێک بکات، پیاوەکە زیاتر هەست بە

بەرهەڵستی دەکات. بە هەمان شێوە، تا داواکارییەکەت کورتتر بێت، منداڵەکەت زیاتر ئارەزوو دەکات هاوکار بێت.

گەر دەتەوێت منداڵێکی بچووک تێبگات بۆچی شتێکی باشە بڕوات بخەوێت، دواتر پێی بڵێ، کاتێک دڵخۆش بوویت لەگەڵیدا کە هاوکاری کردوویت. دوای ئەوەی چووە ناو جێوە، دەتوانی شتێکی لەم شێوەیە بڵێی: "من زۆر دڵخۆشم بە تۆ. زۆر بە جوانی ددانەکانت شۆرد. ئێستاش دەتوانیت باش بخەویت و خۆت بۆ سبەی ئامادە بکەیت. ڕۆژێکی زەحمەت و گرنگە و خەوێکی باشی شەو وات لێ دەکات سبەینێ هەست بە باشی بکەیت." کاتێک منداڵان شتێکیان بە باشی کردووە، زیاتر قسەی کەم و کورت وەردەگرن.

زۆرێک لە دایکان و باوکان قسە دەکەن بۆ هاندانی منداڵەکانیان کاتێک بەرهەڵستن، یاخود کاتێک شتێکی خراپ یان هەڵەیان کردووە. هەڵبژاردنی ئەم جۆرە کاتە تەنیا هەستەکانی ناتەواوی و گوناهباری توند دەکاتەوە و سەرەنجام منداڵەکە دادەبڕێت لە ئارەزووی سروشتی خۆیان بۆ هاوکاریکردن. ڕەنگە وا دەربکەوێت سەرکەوتوو دەبێت کاتێک منداڵان زۆر بچووکن، بەڵام لە تەمەنی بلۆقبووندا، تا ئەو ڕادەیە منداڵ مل بۆ ویستی تۆ دەدات لەڕێی بوون بە منداڵێکی باش و گوێڕایەڵ، ئەو منداڵە پێویستی بەوەیە یاخی بێت. بۆ ئەوەی هانی گیانی هاوکاری بدەیت لە منداڵدا، وازهێنان لە ڕوونکردنەوەکان جیاوازییەکی گەورە دەخاتەوە.

ئەمانەی خوارەوە چەند هەڵەیەکی باون دایکان و باوکان ئەنجامی دەدەن لەگەڵ شێوازەکانی جێگرەوە بۆ داواکردنیان.

| ڕێگەیەکی باشتری داواکردن | ڕوونکردنەوە |
|---|---|
| تەلەفزیـــــــــۆنەکە دەکوژێنیتەوە و کاتەکەت بە شـــتێکی دیـــکەوە بەســەر دەبەیت؟ | ئەمڕۆ زۆر تەماشای تەلەفزیۆنت کـــــردووە، ئێســــتا کـــاتی کوژاندنەوەیەتی. دەمەوێت کاتەکەت بە شتێکی دیکەوە بەسەر بەریت. |
| پێڵاوەکانت لە یەک شوێندا دادەنێیت تـاوەکوو هەمیشە بیـــرت بێـــتەوە لەکـــوێ داتناون؟ | هەمـوو جارێک کە ئامـادە دەبین بـــڕۆین بـــۆ قوتابخـــانە، لەیـــادی دەکەیت پێڵاوەکانت لەکوێ داناوە. دەمەوێت هەمیشـە لە یەک شـوێندا پێڵاوەکانت دابنێیت تـاوەکوو بیرت بێتەوە لەکوێ داتناون. |
| زەحمەت نەبێت هەر ئێستا ئەم شتە هەڵدەگریتەوە؟ | بە درێژایی ئەم هەفتەیە من شتی تۆم هەڵگرتووەتەوە. دەمەوێت هەر ئێستا ئەم شتە هەڵبگریتەوە. |
| ئەمشـــەو قاپەکـانی خـۆت دەشـــۆیت؟ ئەو کـــارە زۆر دڵخۆشم دەکات. | مـن بە ڕاسـتی ئەمـڕۆ مانـدووم. نـاتوانم خەریکی خاوێنکردنەوە بم. دەمەوێــــت ئەمشــــەو قاپەکانــــت بشۆیت. |

## وازهێنان لە وانەدان بە منداڵ

تەنـانەت خراپتر لە ڕوونکردنەوەکـان بەر لە داواکـارییەک وانەدانە لەبارەی ئەوەی چی هەڵەیە و چی ڕاستە یاخود چی باشە و چی

خراپە. لە ڕاستیدا ئەنجامی پێچەوانەی دەبێت بگوترێت: "شتێکی جوان نییە لە براکەت بدەیت. لێدان شتێکی باش نییە. زەحمەت نەبێت ئێستا واز لە لێدانی دەهێنیت؟" لەپاڵ ئەوەی ناسروشتی دیارە، کار ناکات و سەرکەوتوو نابێت. بە دڵنیاییەوە، دەرکردنی یاسایەک یان سیاسەتێک شتێکی باشە، بەلام نەک بۆ هاندانی منداڵ بێت. کاتێک وانە دەدرێت لەبارەی چی باشە و چی خراپە تا هانی ڕەفتاری منداڵ بدرێت، منداڵان دادەبڕێن لە ویست و ئارەزووی خۆیان بۆ هاوکاریکردن، لەجیاتی ئەوە هەوڵ دەدەن ڕاست لە هەڵە و باش لە خراپە جیا بکەنەوە. ئەو منداڵانەی تەمەنیان لە خوار نۆ سالییەوەیە ئامادە نین بۆ ئەم شێوازی مامەڵەیە، لەدوای نۆ سالی دەست هەڵدەگرن لە گوێگرتن.

تاکە کاتێک تا وانە بە منداڵ یان هەرزەکاران بدەیت، گرنگ نییە تەمەنیان چەندێک بێت، ئەو کاتەیە کە خۆیان داوای بکەن وانەیان پێ بدرێت. زۆربەی دایکان و باوکان سکالای ئەوە دەکەن کە منداڵەکانیان قسەیان لەگەڵدا ناکەن. هۆکاری سەرەکی ئەوەیە دایک و باوک ئامۆژگاری و وانەی زۆر بە منداڵەکانیان دەدەن. منداڵان بە تایبەت ڕوو لە وانەدان وەردەگێڕن کاتێک دایک و باوکێک بەکاریان دەهێنن بۆ هاندانیان بۆ کردنی شتێک یاخود پێیان بڵێن بۆچی هەڵەن. لە هەردوو حاڵەتەکەدا، وانەپێدانەکان نەک هەر نرخیان نابێت، بەڵکو ئەنجامی پێچەوانەشیان دەبێت. ئەمەی خوارەوە نموونەیەکی وانەدانە بە منداڵ:

"براکەت مەبەستی نەبوو ئازاری تۆ بدات. تەنیا یاری دەکرد و بەڕێکەوت خۆی بە تۆدا کێشا. باشترین ڕێگە بۆ ئەوەی هەڵکەن پێکەوە ئەوەیە قسەی لەگەڵدا بکەیت نەک لێی بدەیت. لێدان تەنیا وا دەکات کێشەکە خراپتر بێت. گەر منداڵێکی گەورەتر لە قوتابخانە لە تۆ بدات، هەستێکی زۆر خۆشی نابێت. بە هەمان شێوە، هەستێکی

خۆشی نییە لای ئەویش کاتێک تۆش لە براکەت دەدەیت. ڕێگەیەکی باشتر لە لێدان بەکارهێنانی قسە و وشەکانتە. لەجیاتی ئەوەی لێی بدەیت، دەتتوانی پێی بڵێیت: 'حەزم لێ نییە خۆت پێمدا بکێشیت. تکایە واز بهێنە.' گەر بەردەوام بوو، قسەکەت دووبارە بکەوە. بیرت بێت کە پێویست ناکات لێی بدەیت. هەمیشە ڕێگەیەکی دیکە هەیە. هەندێک جار دەتوانیت تەنیا دوور بکەویتەوە، وەک ئەوەی بێزار بیت لەم ڕەفتارە. لەلایەکی دیکەوە، گەر دەتەوێت شەڕ بکەیت، ئەوسا دڵخۆش دەبم بەوەی چاودێری یارییەکی زۆرانبازی ئازاد بکەم یاخود بتوانین دەسکێشەکانی بۆکسین لەدەست بکەین. شتێکی باشە فێر بیت چۆن پارێزگاری لە خۆت بکەیت گەر شتێکی دیکەت لەدەست نەهات بۆ پاراستنی خۆت، بەڵام شتێکی باش نییە شەڕ لەگەڵ براکەتدا بکەیت. هەردووکتان دەزانن چۆن قسەکانتان بکەن و دەتوانن هەمیشە داوای یارمەتی لە من بکەن... بۆیە لە براکەت مەدە."

گەر منداڵ خۆی داوای زانیاری نەکات، گەرچی ڕەنگە باش و بەسوودیش دیار بێت، ئەوسا قسە و زانیارییەکانت تەنیا دەبێتە هۆی خوڵقاندنی بەرهەڵستی زیاتر.

## هەستەکان بەکار مەهێنە بۆ دەستبەسەرداگرتنی منداڵ

هەستەکان بۆ ئەوەن هاوبەشی بکرێن لەنێو کەسە هاوشان و یەکسانەکاندا. بۆ ئەوەی یارمەتی ڕاهێنانی منداڵ بدرێت لە توانا و کارامەیی گرنگی دیاریکردن و هاوبەشیکردنی هەستەکان، دایکان و باوکان ئەو هەڵەیە دەکەن دەستەواژەی "من هەست دەکەم" بەکار دەهێنن. ژمارەیەکی زۆر کتێب هەن تژین لە پێشنیار لەبارەی گەیاندنی هەستەکانتان بە منداڵان. گەرچی ئەمە ئامۆژگارییەکی نیازباشە، هەمیشە ئەنجامی پێچەوانەی دەبێت کاتێک نۆرە دێتە سەر خوڵقاندنی هاوکاریکردن.

دایکان و باوکان فێر دەکرێن ئەم هاوکێشە سادەیە بەکار بهێنن بۆ خولقاندنی هاوکاری.

لە کاتی "ا ب ج"دا، مـن هەسـت بە "١ ٢ ٣" دەکەم، چـونکە "هـ و ی"م دەوێت.

بۆ نموونە، "کاتێک تۆ بە درەختەکەدا سەردەکەویت، من دەترسم لەوەی بەربیتەوە. دەمەوێت بێیتە خوارەوە."

یاخود "کاتێک تۆ لە براکەت دەدەیت، من هەست بە تووڕەیی دەکەم چونکە دەمەوێت لە یەکتر نەدەن و پێکەوە هەڵبکەن."

ئەم هاوکێشـــەیە و هاوکێشـــەکانی هاوشـــێوەی کـــاریگەرن بـــۆ دەستگیرۆیی منداڵان بۆ گەیاندنی هەستەکانیان بە یەکتری، یاخود یارمەتی گەورەساڵان و پێگەیشتووان دەدات پەیوەندی لەگەڵ یەکدا بگرن. بەڵام سەرکەوتوو نابێت بۆ بڕینی هێڵی نێوان دوو "ئەوە"ی جیاواز. کاتێک دایکان و باوکان، کە بەڕێوەبەر و سەرۆکن، هەستە نەرێنییەکانیان هاوبەشی پێ دەکەن لەگەڵ منداڵاندا تا هانیان بدەن بۆ کارێک، وا لە منداڵان دەکات گەلێک هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن بەرانبەر دایک و باوکیان. ئەنجامەکەی ئەوەیە هەست بە گوناه دەکەن بۆ بێزارکردنی دایک و باوکیان و ڕەفتاریان ڕێک دەکەنەوە، یاخود هەست دەکەن دەستیان بەسەردا گیراوە و بەرهەڵستی دەکەن لەوەی هاوکاری بکەن. هەستە نەرێنییەکان نابێت لەگەڵ منداڵدا هاوبەشی پێ بکرێن. گونجاو نییە بۆ بەڕێوەبەر پێبەپێی لەگەڵ منداڵدا بڕوات. هەرکە هەستە نەرێنییەکانت دەربڕین، بەشی زۆری جڵەوت لەدەست دەدەیت لەگەڵ توانای خۆت بۆ خولقاندنی هاوکاری.

ئەو دایک و باوکەی لەگەڵ منداڵەکانیان هەستەکانیان بەش دەکەن ڕادەمێنن: "بۆچی منداڵەکانم هێندە بەرهەڵستی دەسەڵاتی من دەکەن؟" سەرەنجام، کاتێک ئەم منداڵانە دەگەنە تەمەنی بلۆقبوون، بە یەکجاری

واز دەهێنن لە پەیوەندیگرتن لەگەڵ دایک و باوکیاندا. زۆرێک لە پیاوە گەورەکان تووشی زەحمەتی دێن لەوەی گوێ بگرن بۆ هەستەکانی ژنەکانیان، چونکە بە منداڵی هەستیان کردووە دەستیان بەسەردا گیراوە بە هۆی هەستەکانی دایکیانەوە. بۆ ئەوەی ئەم خاڵە ڕوون بکەینەوە، نموونەیەکی سەرنجڕاکێش ئەو دایکە یان باوکەیە کە دەڵێت: "کاتێک ئەمە دەکەیت، من زۆر هەست بە نائومێدی دەکەم. 'من زەحمەتییەکی زۆر دەکێشم تا تۆ ژیانێکی باشت هەبێت کەچی تۆ هەر هەوڵ نادەی.' دەمەوێت بەو شێوەیە بکەیت کە من دەیڵێم." ئەم منداڵە تەنیا دوو بژاردەی هەیە: یان ئەوەیە هەست بە خراپە دەکات یان واز دەهێنێت لە گرنگیپێدان. هیچ کام لە بژاردەکانیش تەندروست نین.

کاتێک دایک و باوک بێزارن و پێویستیان بەوەیە باسی هەستەکانیان بکەن، پێویستە کەسێکی دیکەی گەورە بدۆزنەوە تا ئاسوودەیی و پاڵپشتی بدۆزنەوە. شتێکی گونجاو نییە بۆ پاڵپشتی سۆزداری ڕوو بکەیتە منداڵەکانت. بە دڵنیاییەوە شتێکی گەلێک باشە هەستە ئەرێنییەکانت لەگەڵ منداڵەکانتدا هاوبەشی پێ بکەیت، بەڵام هەستە نەرێنییەکانت ڕەت دەکرێنەوە وەک شێوەیەک لە دەستبەسەرداگرتن.

هەندێک لە دایکان و باوکان وای دادەنێن گەر بڵێن: "من بە ڕاستی تووڕەم." ئەم بەچەترسێنکردنە هانی منداڵەکەی دەدات. بە دڵنیاییەوە ئەمە ڕێ لە منداڵیک دەگرێت بۆ کاری خراپ، بەڵام پشتبەستوو بە ترسە و سەرەنجام ویستی منداڵەکە سڕ دەکات تا خۆی بدات بەدەست ویست و خۆزگەکانی تۆوە. بەکارهێنانی هەستەکان بۆ دەستگرتن بەسەر منداڵدا سەرەنجام پەل دەکوتێت بەرەو ئەوەی هەندێک لە منداڵەکان گوێڕایەڵ بن، بەڵام نەک هاوکار بن. زۆرێک لە

منداڵان، بە تایبەت کوڕان، پشتتان لێ دەکەن. دەست هەڵدەگرن لەوەی گوێت بۆ بگرن، تەنانەت هەر سەیری ناوچاویشت ناکەن.

زۆرێک لە دایکان و باوکان دەربڕینەکانی "من هەست دەکەم" بەکار دەهێنن وەک ڕێگەیەک بۆ فێرکردنی منداڵەکانیان بۆ نیو هۆشیارییەکی زیاتر لەبارەی هەستەکانیان. ئەمە باشتر بەدەست دێت لەو کاتانەدا کە هەوڵ نادەن هانی منداڵەکانتان بدەن بۆ کردنی شتێک. باشترین شت بۆ باسکردنی هەستی خۆت ئەو کاتەیە وەڵام بێت بۆ ئەوەی بپرسن لێت هەستت چۆنە یاخود ئەو کاتەی لێت دەپرسن ئاخۆ هەرگیز هەستی تۆ بەو جۆرە بووە کە ئەوان هەستی پێ دەکەن.

## وشە جادووییەکە بۆ خولقاندنی هاوکاریکردن

لەپاڵ ئەوەی دەبێت کورتبڕ و ڕاشکاو و ئەرێنی بێت و دەستەواژەی "دەکەیت" بەکار بهێنیت کاتێک داواکارییەک دەکەیت، توانا و کارامەییەکی دیکە دەمێنێت. لە هەموویان گرنگترە، بریتییە لەوەی لەیادت بێت تا بەهێزترین وشە بەکار بهێنرێت تا هاوکاریکردن بێتە ئاراوە. وشەکەش بریتییە لە "با ئێمە."

تارادەیەکی زۆر، تا تەمەنی نۆ ساڵان منداڵان هەستی خودبوونیان دروست نەکردووە. فەرمانکردن پێیان دەبێتە هۆی بەهێزکردنی جیابوونەوەی نێوان دایک و باوک و منداڵان وەک لەوەی کار بکرێت لەسەر ئەو وابەستەییە سروشتییەی منداڵ بۆ دایک و باوکی هەیەتی.

هەر کاتێک گونجا، بانگهێشتی منداڵان بکەن تا لەگەڵ ئێوەدا بەشداری چالاکییەک بکەن. تەنانەت گەر داوای شتێکی تایبەتت کردووە وەک "زەحمەت نەبێت ژوورەکەت خاوێن دەکەیتەوە؟" دەتوانیت بەم دەستەواژەیە دەست بکەیت بەم داواکارییە یاخود

کۆتایی پێ بهێنێت: "با ئێمە خۆمان ئامادە بکەین بۆ ئاهەنگەکە،" کاتێک داواکارییەک دەخەیتە چوارچێوەی بانگهێشتێکەوە تا بێتە ڕیزی تووە، ئەنجامەکەی زیادبوونی هاوکاریکردنە.

## چاوپیاخشاندنەوەیەکی کورت و پراوەکردن

تـا ئێسـتا کنەوپشـکنەی تەکنـیکە بنەڕەتییەکـانی هێنـانە ئـارای هاوکاریمان کردووە:

- داوا بکە بەڵام فەرمان مەکە.
- دڵنیـا ببنەوە لەوەی منـداڵەکانتان هەسـت دەکەن هاوکـار دەبن نەک تەنیـا ئەوەی ناچـار بـن گـوێڕایەڵ بـن، ڕێگەیـان پـێ بدەن بەرهەڵستی بنوێنن "گەر یاخود کاتێک کردیان." گەر مافی ئەوەیان نەبوو بەرهەڵستی بنوێنن، پرسیار بکەن، وتـوویژ بـکەن، ئەوسا داواکەت لە ڕاستیدا فەرمانکردنە.
- دڵنیا ببنەوە لەوەی دەستەواژەی "دەکەیت" و "زەحمەت نەبێت" و "تکاکردن"ی زۆر بەکار دەهێنن.
- دەسـت هەڵگـرە لە و پرسـیارانەی بێـوەڵامن- پرسـیارێک کە چـــاوەڕێی وەڵام نەبیـــت، واز لە ڕوونکردنەوەکـــان، وانەدان و دەربڕینەکانی "هەست دەکەم" بهێنە.
- دڵنیـا ببنەوە لەوەی ڕاشـکاو و بـێ پێچوپەنـا بـن، هەر کـاتێکیش گونجا ئەرێنی بن.
- هەر کاتێک کرا، دەربڕینێکی لەخۆگر بەکـار بهێنە لەگەڵ وشەی "با ئێمە."

خولقاندنی ئارەزوویەک بۆ هاوکاریکردن هێندەش قورس نییە بەڵام مەشق و پراوەکردنـی زۆری گەرەکە. ئاسـانتر دەبێـت بەوەی تەنیا

تیشک بخرێتە سەر ئەوەی داواکاری کورت بکرێت لەبری ئەوەی فەرمان بکرێت. ئەم لیستەی خوارەوە بۆ پراوەکردن بخەنە کار.

| فەرمانکردن | داواکردن |
|---|---|
| ئەمە لابەرە | با ئەم ژوورە خاوێن بکەینەوە. ئەمە لادەبەیت؟ |
| ئەوە لەوێدا جێ مەهێڵە. | با ئێستا شتەکانمان لابەرین. زەحمەت نەبێت ئەوە لەویا لادەبەیت؟ |
| بەو شێوەیە قسە لەگەڵ براکەتدا مەکە. | با لەیادمان بێت ڕێزدار بین. |
| | تکایە نەوای قسەکردنی جوانتر بەکار بهێنە کاتێک قسە لەگەڵ براکەتدا دەکەیت. |
| دەست هەڵگرە لە لێدانی خوشکەکەت. | تکایە، هەر ئێستا، دەست هەڵگرە لە لێدانی خوشکەکەت. با هەموومان پێکەوە هەڵکەین. |
| قەیتانی پێڵاوەکانت ببەستە. | با خۆمان ئامادە بکەین بۆ ڕۆیشتن. |
| قۆپچەکانی کراسەکەت داخە. | تکایە قەیتانی پێڵاوەکانت ببەستە. |
| برۆ ددانەکانت بشۆ. | با شێوەمان زۆر جوان بێت. زەحمەت نەبێت قۆپچەکانی کراسەکەت دادەخەیت؟ |
| تەلەفزیۆنەکە بکوژێنەوە. | ئێستا با خۆمان ئامادە بکەین بچینە جێگاوە. تکایە برۆ ددانەکانت بشۆ. |
| وەرە نانی ئێوارە بخۆ. | با دڵنیا بینەوە لەوەی زۆر تەماشای تەلەفزیۆن ناکەین. تکایە کە ئەم بەرنامەیە لە |
| واز لە قسەکردن | ماوەی دە خولەکی دیکەدا کۆتایی هات، |

| | |
|---|---|
| بهێنه. سەوزەکانت بخۆ؟ چەتاڵەکەت بەکار بهێنە. یاری بە خواردنەکەت مەکە. | تەلەفزیۆنەکە بکوژێنەوە. با بێین و نان بخۆین. تکایە وەرە نانی ئێوارە بخۆ. با بێدەنگ بین و گوێ بۆ دایکت بگرین. تکایە واز لە قسەکردن بهێنە. با بیرمان بێت سەوزە چەندێک بەسوودە. زەحمەت نەبێت سەوزەکانت دەخۆیت؟ با ڕەفتاری سەر مێزی خوانمان بیر نەچێت. تکایە چەتاڵەکەت بەکار بهێنە نەک دەستەکانت. |

## چی بکرێت کاتێک منداڵ بەرهەڵستی نواند

کاتێک سەرەتا دەست دەکەیت بەم ڕێبازە نوێیە، هێز و توانایەکی زۆر دەبەخشێت بە منداڵەکانتان. ڕەنگە پێتان پێبکەنن و بڵێن نەخێر. نیگەران مەبن- ئەمە چاوەڕوانکراوە ڕوو بدات. یان ئەوەیە دڵخۆش دەبن بەوەی هاوکاری بکەن، یاخود دڵخۆش دەبن بەوەی بەرهەڵستی بکەن. سەرەنجام، ئایا ئێوە هەمیشە ئەوە دەکەن کە پێتان دەگوترێت بیکەن؟ هیوادارم وا نەبن.

زۆربەی کات و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بەکارهێنانی دەستەواژەی "با ئێمە" باشە تا ئەو کاتەی منداڵەکە تەمەنی دەگاتە نۆ ساڵان. لەو قۆناغەدا، کەمێک جادوویی نییە بڵێین: "با ئێمە ئەم ژوورە خاوێن بکەینەوە." ئەگەر خۆت هەندێک لە کاری خاوێنکردنەوەکە نەکەیت. بۆ ئەوەی بیرت بێتەوە وشەی جادوویی "با ئێمە" بەکار بهێنین پراوەکردنی گەرەکە، بەلام سەرەنجام دەبێتە شتێکی ئاسایی.

کاتێک منداڵان بەرهەڵستی داواکاری سەرەتایی ئێوە دەکەن، ئەوسا ئیدی کاتی ئەوەیە بەرەو هەنگاوی دووەم بچن. ئەم توانا و کارامەییانەی هەنگاوی یەکەم پێویستن بۆ هێنانە ئارای بناغەی هاوکاریکردن. توانا و کارامەییەکانی هەنگاوی دووەم پێویستن بۆ هاندانی منداڵەکانتان کاتێک بەرهەڵستی داواکاری سەرەتایی ئێوەیان کرد. دوای پراوەکردنێکی زۆر، کاتێک منداڵەکانتان ڕاهاتن لەسەر توانا و کارامەییە جۆربەجۆرەکانی باوانیکردنی ئەرێنی، ئەم توانا و کارامەییانەی سەرەتای هەنگاوی یەک گەلێک کاریگەرتر دەبن. لە سەرەتادا، گەر منداڵان ڕاهاتبن لەسەر جڵەوکردن بە هۆی ترسەوە، ئەم هەنگاوەی سەرەتا پێویستە بۆ بناغەدانانی هەنگاوی دوو، سێ و چوار. دواتر، درک بەوە دەکەیت زۆربەی کات تۆ تەنیا پێویستت بەوەیە داوا بکەیت، ئەوسا منداڵ و هەرزەکارەکانتان هاوکاریتان دەکەن. لە بەشی دواتردا، لە هەنگاوی دوو دەکۆڵینەوە و فێری توانا و کارامەیی نوێ دەبین بۆ کەمکردنەوەی بەرهەڵستی لەڕێی تێگەیشتن لە منداڵەکانمانەوە. کاتێک منداڵان بەرهەڵستی هاوکاریکردن دەکەن، هەنگاوی دواتر کەمکردنەوەی ئەو بەرهەڵستییانە.

(٤)

# توانا و شارەزایی نوێ بۆ کەمکردنەوەی بەرهەڵستی

ڕێگەدان بە منداڵەکانتان تاوەکوو بەرهەڵستی خۆیان بنوێنن گیانی هاوکاری مسۆگەر دەکات نەک گوێ ڕایەڵبوونێکی بێهۆشانە. گەرچی ڕەنگە ناوبەناو هەست بکەن کەوا کەمێک گوێ ڕایەڵی بێهۆشانە بەلاتانەوە پەسەند بێت بۆ بەرهەڵستیان، بەڵام توانا و کارامەیی نوێ هەن لە باوانیکردنی ئەرێنیدا بۆ کەمکردنەوەی بەرهەڵستی. هەندێک بەرهەڵستی لە منداڵەکانتانەوە شتێکی باشە. بۆ برەودان بە ڕۆحیەتی هاوکاریکردن، منداڵان بەردوام پێویستیان بەوەیە جار لەدوای جار ئەزموونی ئەوە بکەن ئێوە گوێیان بۆ دەگرن، هەر بەو جۆرەی ئەوان گوێ بۆ ئێوە دەگرن. منداڵان هەستێکی ڕوون و ئەرێنی خودبوون گەلالە دەکەن بە شێوەیەکی سەرەکی لەڕێی بەرهەڵستی ناوبەناویان بۆ داواکارییەکانی ئێوە.

**منداڵان پێویستیان بەوەیە ئەزموونی ئەوە بکەن کەوا ئێوە گوێیان بۆ دەگرن، هەر بەو جۆرەی ئەوان گوێ بۆ ئێوە دەگرن.**

بەرهەڵستی منداڵان، کاتێک بەرێکوپێکی پاڵپشتی دەکرێت لەلایەن دایـک و بـاوکیکەوە، وردەوردە یارمەتیـان دەدات تـا بـرەو بە هۆشیارییەک بـدەن دەربـارەی جیهـانی نـاوەوەی هەسـتەکانیان، خۆزگەکانیـان، ویستەکانیان و پێویستییەکانیان. سـەرەنجام، دڵنیـایی ئەوەش دەخـاتەوە کەوا منـداڵان بـرەو بە هەستیکی بەهێزی ئیرادە بـدەن و درێـژەی پـێ بـدەن. ئەم توانـای ئیـرادەیە ڕەنـگە لەنێـوان سەرکەوتن و شکستی دواتر لە ژیاندا جیاوازی بێت. ئەو کەسانەی خـاوەن ئیـرادەی بەهێـزن لە تواناپانـدا دەبێـت سـەرکەوتوو بـن، ئەوانەشـی خـاوەن ئەم توانـایە نـین دەبنە کەسـانی کۆڵدەر. کەسانی گەورە و پێگەیشتوو کە ئیرادەیان لاوازە بە منداڵی ئامادە نەکراون تـا ڕووبەڕووی ئاڵنگارییەکانی ژیان ببنەوە کە حەتمین و بەسەریاندا زاڵ بن. بۆ ئەوە کەوتوونە ڕێ کەسانی ئاسایی و مامناوەند بن و لەبری ئەوەی هەست بە هاندان بکەن تا خەونەکانیان بکەنە ڕاستی.

## چوار شارەزایی بۆ کەمکردنەوەی بەرهەڵستی

لەجیـاتی ئەوەی فەرمانیـان پـێ بکرێـت گـوێ ڕایەڵ بـن، توانـا و شـارەزاییەکانی بـاوانیکردنی ئەرێنـی بەرهەڵسـتی منـداڵان بەکـار دەهێنێـت بـۆ بەهێزکردنـی ئیرادەیـان بـۆ هاوکـاریکردن. هەوڵە دووبارەبووەوەکـان بـۆ شـکاندنی ئیـرادەی منـداڵ لەڕێـی هەڕەشـەی سزادان یـاخود سەرزەنشتکردنەوە سـەرەنجام ویسـت و ئـارەزووی سروشـتی منـداڵ بـۆ هاوکـاریکردن کەم دەکـاتەوە. تـاوەکوو ئیرادە بەهێـز بکرێـت نەک بشـکێنرێت، ویسـت و ئـارەزووی منـداڵ بـۆ هاوکاریکردن گەشە دەکات و بەرهەڵستیکردن کەم دەکات.

**هەوڵە دووبارەبووەوەکان بۆ شکاندنی ئیرادەی منداڵ لەڕێی هەڕەشەی سزادان یاخود سەرزەنشتکردنەوە سەرەنجام ویست و ئارەزووی سروشتی منداڵ بۆ هاوکاریکردن کەم دەکاتەوە.**

بە بەرەودان بە پێویستییەکانی منداڵەکانمان لە کاتەکانی بەرهەڵستیدا، زۆر کاریگەرانە دەتوانین بەرهەڵستی کەم بکەینەوە لە کاتێکدا پارێزگاری لە هێزی ئیرادەیان دەکەین. ئەمەش چوار ڕێگەی برەوپێدانە:

١. گوێگرتن و تێگەیشتن
٢. ئامادەسازی و تەنسیق
٣. سەرنج خڵافاندن و ئاڕاستەکردن
٤. نەریت و ڕێکوپێکی

بۆ ئەوەی واز لە بەرهەڵستیان بهێنن و هەست بە هاندانی نێو ناخیان بکەن بۆ هاوکاریکردن، منداڵان پێویستیان بە تێگەیشتن و تەنسیق و ڕێکوپێکی و ئاڕاستەکردنە. گەر ئەم پێویستییە جیاوازانە وەدی نەیەن، منداڵان بە ئاسانی دادەبڕێن لە ویستی سروشتی ناو ناخی خۆیان بۆ هاوکاریکردن. بۆ نموونە، لەڕێی ئامڕازەکانی توانا و شارەزاییە نوێیەکانی گوێگرتنەوە، دایک و باوکێک دەتوانن نیشانی بدەن هەستەکان و ویستەکان و خۆزگەکان و پێویستییەکانی منداڵان دەبینرێن و دەبیسترێن و لێیان تێدەگەن. کاتێک ئەم پێویستییەی تێگەیشتن وەدی دێت، منداڵان خۆکردانە کەمتر بەرهەڵست دەبن و زیاتر هاوکار دەبن.

گەرچی ئەم پێویستییانە جیهانین بۆ گشت منداڵان، هەموو منداڵێک بۆ خۆی ناوازەیە و ڕەنگە پێویستییەکی گەورەتری هەبێت لە بوارێک بۆ بوارێکی دیکە. گەر منداڵێک پێویستی بە تێگەیشتنی زیاتر بێت، مانای ئەوە نییە پێویستییەکانی دیکەی نییە. هەر پێویستییەک گرنگە بۆ هەموو منداڵێک، بەڵام ڕەنگە یەکێکیان یان دووانیان بۆ منداڵێکی دیاریکراو گرنگتر بن.

ڕەنگە یەکێک لە منداڵەکانتان وەڵامدانەوەی باش بێت بۆ گوێگرتن و تێگەیشتن، لە کاتێکدا ئەوی دیکەیان پێویستی بە ئامادەسازی و تەنسیق بێت. کاتێک ئاشنا بوون لەگەڵ هەرکام لەم توانا و شارەزاییانە، ئەوسا درک بەوە دەکەن هەریەکەیان چەندێک بەهێزن. بەدیهێنانی پێویستییەکی دیاریکراو وەڵامێکی ئەرێنی دەمودەستی دەخولقێنێت لە منداڵەکانتاندا بە پشتبەستن بە سروشت و خەسڵەتی ناوازەی هەریەکەیان.

## چوار سروشتەکە

چوار سروشتی جیاواز لە منداڵاندا هەن، هەر لەبەر ئەوەشە هەندێک جار باشتر وەڵامدانەوەیان دەبێت بۆ یەکێک لە ڕێگەکان وەک لە یەکێکی دیکە. ئەم چوار سروشتە یارمەتیدەر دەبن لە دیاریکردنی منداڵەکەت لە پۆلێنێکی گشتیدا و پاشان تۆ ئاراستە دەکات تا یەکێک لە چوار شارەزاییەکە بخەیتە کار بۆ کەمکردنەوەی بەرهەڵستی منداڵ. لەگەڵ ئەوەی ڕەنگە منداڵێک بە گشتی یەکێک لەو سروشتانەی تێدا بێت، مانای ئەوە نییە کە کەمێک لەوانەی دیکەشی تێدا نییە. هەندێک لە منداڵان بەشی چوونییەک لە هەرکام لەم سروشتانەی هەیە، لە کاتێکدا منداڵی دیکە بڕی زۆرتر لە یەکێکیان و کەمتر لەوانی دیکەی هەیە. هیچ کام لە سروشتەکان باشتر یان خراپتر نین، تەنیا ئەوەیە لێک جیاوازن. بە هۆی ئەوەی ئەگەری لێکدانی ئەم سروشتانە

دوایی نایەت، هەموو منداڵێک ناوازە و تایبەتە. با لەم چوار سروشتە گشتییەی منداڵان بکۆڵینەوە.

## منداڵانی هەستیار پێویستیان بەوەیە گوێیان بۆ بگیرێت و لێیان تێبگەن

یەکەم سروشت "هەستیاری"یە. منداڵانی هەستیار زیاتر خۆنەگر و بەجۆش و بەسۆزن. بە توندی بەئاگان لەوەی چۆن وەڵام بدەنەوە بۆ ژیان پەیوەست بە پێویستییەکانیان، خۆزگەکانیان و ویستەکانیان. بۆ ئەوەی ڕێک ببنەوە لەگەڵ ژیان، پێویستییەکی زیاتریان هەیە بۆ ناسینەوەی ئەوەی هەستی پێ دەکەن و ئەوسا زیاتر ئارەزوویان دەبێت تا گۆڕانێک بکەن. بە باشترین شێوە وەڵامیان گوێگرتن و تێگەیشتن دەبێت.

گەرچی هەموو منداڵان پێویستیان بە تێگەیشتنە، بەڵام ئەم جۆرە منداڵانە زیاتر پێویستیان بە تێگەیشتنە، بۆ وازهێنان لە بەرهەڵستی نێو ناخیان. منداڵانی هەستیار لەبارەی خۆیانەوە فێر دەبن لەڕێی دیاریکردنی ویستەکانیان و هاوبەشیکردنی هەستەکانیان لە وەڵامی ژیاندا. سکاڵاکردن بەشێکە لە سروشتیان. کاتێک دەرفەتیان پێ دەدرێت تا باری سەرشانیان هاوبەشی پێ بکەن، باری سەرشانیان سووک دەبێت و دڵخۆش دەبن.

بۆ نموونە، ڕەنگە منداڵێک بڵێت: "تەنانەت هیچ کەسێک سڵاوی لە من نەکرد. ڕۆژێکی زۆر ناخۆشم بەڕێ کرد."

پاشان دایک و باوکی دەڵێن: "ئەوە شتێکی زۆر ناخۆشە."

پاشان منداڵەکە دەڵێ: "بە ڕاستی 'سارا' ڕەفتاری جوان بوو لەگەڵم. ئەو وێنەیەی بەدڵ بوو کە کێشابووم."

لەگەڵ کەمێک پاڵپشتیکردن و پشتڕاستکردنەوەی شتەکان، ئەم منداڵانە دووبارە دەست دەکەنەوە بە بینینەوەی شتە ئەرێنییەکان. پێویستیان بە هاوسۆزی، پشت ڕاستکردنەوە و ڕێزی زیاترە بۆ ئازار و کێشمەکێشمەکانی ناو ناخیان. بە گشتی، مەیلیان بەلای ئەوەدایە پێویستیان بە کاتی زیاتر بێت. هەوڵدان بۆ زۆرکردن لە منداڵی هەستیار بەرهەڵستی زیاتر دەهێنێتە ئاراوە. خاوەن ئامێرێکی هەستی ناوەکی جیاوازن.

دەبێتە هەڵەیەکی گەورە بۆ دایک و باوک بڵێن: "گەر سارا بە ڕاستی ڕەفتاری لەگەڵ تۆدا جوان بووە، ڕەنگە بۆ تۆ ئەوەندەش ڕۆژێکی ناخۆش نەبووبێت."

ئەوسا منداڵەکە دەڵێ: "با وا بوو. کەس منی خۆش ناوێت."

کاتێک منداڵێکی هەستیار باری دەگۆڕێت بەرەو تێڕاونینێکی ئەرێنیتر، لێگەڕێ با وا بێت. ئەم گۆڕانە بەکار مەهێنن وەک ڕێگەیەک بۆ گوێنەدان بەو هەستانەی سەرەتا دەریبڕین.

## منداڵانی هەستیار پێویستیان بە هاوسۆزی و پشتڕاستکردنەوەی ئازار و ناڕەحەتییەکانیانە.

بەبێ پەیامی سەرومڕی هاوسۆزی، منداڵانی هەستیار دەست دەکەن بە قەبەکردنی کێشەکانیان تا ئەو هاوسۆزییە بەدەست بهێنن کە پێویستیانە. گەر بگوترێت: "ئازاری گەدەم هەیە." منداڵەکە وەڵامێکی گەرموگوڕ و سەرنجپێدەر وەرنەگرێت، پاشان دەبێت تووشی سەریەشەیەکی قورس و ئازاری گەدە بووم، کەسیش لەگەڵمدا باش نییە." بەبێ تێگەیشتن، هەموو ئازارێک گەورە دەکرێت. نەبوونی هاوسۆزی بە ڕاستی ئازاری زیاتر دروست دەکات لەڕووی

جەستەیی و سۆزدارییەوە. کاتێک دایک و باوک منداڵێکی هەستیار پشتگوێ دەخەن، هەستەکان و کێشەکان تەنیا گەورەتر دەبن.

گەورەترین هەڵەیەک دایک و باوکێک بکرێت ئەنجامی بدەن ئەوەیە هەوڵ بدەن ئەم منداڵە دڵخۆش بکەن. کاتێک ئەم منداڵانە بێزار و نارەحەتن، سەرکەوتوو نابێت بۆیان ڕوون بکرێتەوە بۆچی نابێت بێزار و نارەحەت بن. تێشکخستنەسەر گشت شتە ئەرێنییەکان ڕەنگە وایان لێ بکات بەرەو ئاراستەکەی دیکە بڕۆن و زیاتر تیشک بخەنە سەر شتە نەرێنییەکان وەک هەوڵێک تا لێیان تێبگەن و پشتڕاستی هەستەکانیان بکەنەوە. دایکان و باوکان پێویستە زیاتر وریا بن لەوەی زیاتر گوێ بگرن و خۆیان بگرن لەوەی هەوڵ بدەن کێشەکانیان چارەسەر بکەن وەک هەوڵێک تا وایان لێ بکەن حاڵیان باشتر بێت.

**گەورەترین هەڵەیەک دایک و باوکێک بکرێت بیکەن ئەوەیە هەوڵ بدەن ئەم منداڵە دڵخۆش بکەن.**

•

منداڵانی هەستیار پێویستە بزانن کە ئەوان بەتەنیا نین و دایک و باوکیشیان ئازار دەچێژن. ئەمە بابەتێکی زۆر ناسکە. شتێکی تەندروست نییە بۆ دایکان و باوکان بۆ پاڵپشتی سۆزداری بێنە لایان و ڕوویان لێ بنێن، بەڵام دەتوانن هەندێک لە نارەحەتییەکانی خۆیان بۆ وان باس بکەن.

بۆ نموونە، دوای ئەوەی منداڵێک سکاڵا دەکات لەوەی شتێک چەندێک قورس و زەحمەت و بەئازارە، ئەو دایک و باوکە دەتوانن بڵێن: "دەزانم، بۆیە منیش ئەمڕۆ هێندە هەستم بە نارەحەتی کرد لەنێو قەرەباڵغی هاتوچۆی ئۆتۆمبێلدا گیرم خوارد." بەبێ پەنابردن بۆ

ئەم جۆرە منداڵە بۆ دەسکەوتنی ئاسوودەیی، ئەم ڕێگەیە پێویستییەکی دیاریکراوی منداڵی هەستیار بەدی دەهێنێت.

## منداڵە هەستیارەکان پێویستە ئەزموونی ئەوە بکەن کەوا ئەوان تەنیا کەس نین ئازار دەچێژن.

کاتێک منداڵانی هەستیار بەرهەڵستی دەنوێنن، پێویستیان بەوەیە ئەم جۆرە دەربڕینە هاوسۆزییانە بەر گوێیان بکەوێت: "تێدەگەم کە نائومێدی، دەتویست ئەمە بکەیت و ئێستا من دەمەوێت بڕۆیت بۆ ئێرە." بەبێ بەدەستهێنانی جۆرە دروستەکەی پاڵپشتی، منداڵانی هەستیار ناتوانن دەستبەرداریی بەرهەڵستیان بن. بەبێ هاوسۆزی، هەست دەکەن قوربانین و دەتوانن لەنێو هەستی بەزەیی بەخۆداهاتنەوەدا نوقم ببن. مەیلیان بەلای ئەوەدا دەچێت زۆر قووڵتر بیر لە ئازار چەشتنەکەیان بکەنەوە، بەبێ تێگەیشتن لێیان، بەئاسانی لۆمە دەگرنە ئەستۆی خۆیان.

ئەم منداڵانە پێویستیان بە پەیامی ڕوون هەیە کەوا هەستە نەرێنییەکانیان شتێکی ئاساییین. کەمێک زیاتر کاتیان دەوێت تا زاڵ بن بەسەر ئازار و ناڕەحەتییە سۆزدارییەکانیاندا. کەچی، بەشکردنی باری گرانی ناو ناخیان و ناڕەحەتییەکانیان بۆ گوێیەکی هاوسۆز بارسووکییەکی خۆشە بۆیان. ئەو دایک و باوکەی کەمتر هەستیارن زۆربەی کات بە هەڵە وای دادەنێن هەڵەیەک لە منداڵەکانیاندا هەیە و کارەکان خراپتر دەکەن.

دوای بیستنی هەستەکانی منداڵێکی هەستیار، کات و مەودایەکی کەمێک زیاتریان بدەنێ تا زیاتر هەست بە باشی بکەن. کاتێک حاڵی باشتر بوو، سەرنجێکی زۆر مەخەرە سەر ئەم بارگۆڕینەی حاڵی.

تێڕوانینێکی قبوولکەرت هەبێت کەوا ئەم سروشتەی منداڵەکەت ئاسایی و سروشتییە. ئەو پەیامە مەدە بە منداڵەکەت کەوا هەڵەیەکی هەبووە و ئێستا حاڵی باشە. ئەو هەمیشە باش بووە.

ئەم منداڵانە زۆربەی کات بەرهەڵستی دەکەن بەوەی پاڵ بنرێن بۆ نێو پەیوەندیی نوێ. دروستکردنی پەیوەندی و هاوڕێیەتی بە گشتی لەلایان کاتی زیاتر دەخایەنێت لەچاو منداڵانی دیکەدا. پێویستیان بە یارمەتی زیاترە لە دروستکردنی هەل بۆ دیدار و بینینی خەڵک و دروستکردنی پەیوەندی هاوڕێیەتی. کاتێک بە ڕاستی پەیوەندییەکی هاوڕێیەتی دادەمەزرێنێت، زۆر دڵسۆزن، کاتێک ناپاکیان لێ دەکرێت، زۆر بریندار دەبن. فێربوونی لێبووردەیی و لەیادکردن تواناگەلی زۆر گرنگن کە پێویستیانە فێری بن. کاتێک دایک و باوک گوێ بۆ بەرهەڵستیان دەگرن و تێگەیشتنی خۆیان نیشان دەدەن، یارمەتی ئەم منداڵانە دەدات تا خۆیان ڕێک بکەنەوە لەگەڵ نائومێدییەکانی ژیان و توانایان لێبووردەییان زیاد دەبێت.

کاتێک ئەم منداڵانە ئەو شتەیان دەست دەکەوێت کە دەیانەوێت، بەهرە تایبەتییەکانیان دەتوانن ئاوالا ببن. منداڵی بیرکەرەوە، وەرگر، داهێنەر و پەیوەندی گری باش و ڕەسەنن. گەشە دەکەن، هاوسۆز و بەسۆز و یارمەتیدەرن. دەسکەوتی زۆر بەدەست دەهێنن لەڕێی خزمەتکردنی کەسانی دیکە و جیهانەوە.

## منداڵانی چالاک پێویستیان بە ئامادەسازی و تەنسیقە

سروشتی دووەم چالاکبوونە. منداڵانی چالاک کەمتر بەتەنگ وەڵامەکانی نێو ناخیانەوەن بۆ ژیان و زیاتر ئارەزوویان لە هەبوونی کاریگەرییە. زیاتر بەتەنگ کار و کردەوە و ئەنجامەکانەوەن. کەسانی خۆهاندەرن و گەلێک هاوکارن کاتێک دەزانن چی بکەن یان پلانیان

هەیە. هەمیشە لەسەر پێن تا بەرەوپێش بچن، پێشڕەوی بکەن، یان شتەکان بە ڕێی خۆیان بکەن.

ئەم منداڵانە پێویستیان بە تەنسیقی زۆرە، ئەگەرنا بە ئاسانی لە جڵەوتان دەردەچن و بەرهەڵستی دەسەلاتتان دەکەن. منداڵانی چالاک هەمیشە پێویستە لەپێشەوە بزانن پلانەکە چییە، یاساکان چین، کێش بەڕێوەبەر و بڕیاربەدەستە. پێویستیان بە پلانێکی گەمەکەیە. لەگەڵ ئەم جۆرە ئامادەکارییە، ئەم منداڵانە دەبنە کەسانی زۆر یارمەتیدەر و هاوکاریکەر. بۆ کەمکردنەوەی بەرهەڵستی لەگەڵ ئەم منداڵانەدا، پێویستە پێشتر بیر بکەنەوە و ئامادەیان بکەن بە سنوور و یاسا و ئاڕاستەکردنی ڕوون.

دایک و باوکێک دەتوانن بڵێن: "ئەمە ئەو شتەیە نیازمانە ئەنجامی بدەین. سەرەتا دەچین بۆ جۆلانێ و پاشان بۆ هۆڵی وەرزشی. هەریەکەتان دوو خولەک کاتی سووڕانەوەتان دەبێت و پاشان ڕۆڵەکان دەگۆڕینەوە." لەڕێی ئامادەکردنی ئەم منداڵە چالاکەوە بە تەنسیقی ڕوونەوە، ئەوسا زیاتر و زیاتر هاوکار دەبێت.

**منداڵانی چالاک هەمیشە پێویستە لەپێشەوە بزانن پلانەکە چییە، یاساکان چین، کێش بەڕێوەبەر و بڕیاربەدەستە.**

منداڵانی چالاک حەز دەکەن ببنە چەقی سەرنجەکان و لەو جێگەیە بن کە ڕووداوەکەی لێ ڕوو دەدات. هەمیشە دەیانەوێت ڕاست و لەسەر هەق بن. بەبێ تەنسیقی دایک و باوکانە، بەرەو ئەوە دەچن دەست بەسەرداگر و خۆسەپێن بن. ئەم منداڵە پێویستی بە هەل و دەرفەتەکانە تاوەکوو ببێتە ڕابەر و سەرکردەیەکی سەرکەوتوو. شوێن ڕابەر و سەرکردەیەکی بڕوابەخۆبوو و لێهاتوو دەکەون و

ڕێزی دەگرن. دایک و باوک دەبێت وریای ئەوە بن لەبەردەمی ئەم منداڵەدا لاوازی و بێبڕیاری و خۆنەگری نیشان نەدەن.

بۆ نموونە، ڕاستەوخۆ لێیان مەپرسە پێیان وایە باشترین شت چییە. گەر بەرهەڵستیان کرد لەڕێی گوتنی ئەو شتەی دەیانەوێت دوای پێدانی ڕێنمایی پێیان، دان بنێ بە پێشنیارەکەیاندا و دواتر بڕیار بدە کە دەبێت جارێکی دیکە چی بکرێت.

گەر بڵێی: "سەرەتا دەچین بۆ جۆلانێ و پاشان بۆ هۆڵی وەرزشی"، ڕەنگە بڵێن: "بەڵام هۆڵی وەرزشییەکە زۆر خۆشترە، با سەرەتا ئەوەیان بکەین." ئەوسا دایک و باوکی ژیر دەتوانن بڵێن: "ئەوە بیرۆکەیەکی باشە. با وا بکەین." ئەم جۆرە منداڵانە پێیان خۆشە ڕاست بکەن و لەسەر هەق بن هەست بە خۆشییەکی زۆر دەکەن کە دانیان پێدا بنرێت.

بۆ کەمکردنەوەی بەرهەڵستی لەلای منداڵی چالاک باشترین شت ئەوەیە بە یەکەم دابنرێن یان هەر کاتێک گونجا بکرێنە بەرپرسی شتێک. خاوەن هێز و وزەیەکی زۆرن و پێویستیان بە تەنسیقی دایک و باوکە گەر ئەو هێز و وزەیە بە سازانەوە دەرببڕێت. گەلێک هان دەدرێن تا کەسانی دیکە دڵخۆش بکەن گەر هەلی بەرپرسیارێتیان بدرێتێ.

**بۆ کەمکردنەوەی بەرهەڵستی، منداڵی چالاک بە یەکەم دابنێن یاخود بیانکەنە بەرپرسی شتێک.**

منداڵی چالاک پێویستی بەوەیە هەست بکات کەسێکی پێویستە و ئێوەش متمانەیان پێ دەکەن. لەم حاڵەتەدا، دایک و باوک دەتوانن بڵێن: "سەرەتا، دەچین بۆ هۆڵی وەرزشی و هەمووانیش دەرفەتیان

دەبێت بگەن بە لووتکە. بیلی، دەمەوێت تۆ بەرپرس بیت لەوەی دلنیا بیتەوە لەوەی هەمووان لانی کەم جارێک دەگەنە لووتکەکە. دەتوانیت سەرەتا تۆ بڕۆیت ڕێگەکە نیشانی هەمووان بدەیت."

دانانی منداڵی چالاک لە ڕۆڵی ڕێبەریکردندا بە هێڵی ڕێنوێنی ڕوونەوە باشترین لە ناخی ئەواندا دەردەهێنێت. خۆکردانە، زیاتر دەبنە کەسانی هاوکار. خاوەن وزەیەکی زۆرن و هەست بە بێزارییەکی زۆر دەکەن کاتێک ناچار دەبن بۆ ماوەیەکی درێژ هەر وا دانیشن و هیچ نەکەن. تەنیا پێویستە شتێک بکەن پاشان بەبێ بیرکردنەوە کار دەکەن و دەکەونە کێشەوە. هەر لەبەر ئەوەیە پێویستیان بە تەنسیقە. بەڵام کاتێک کارەکانیان ڕێک دەخرێت، ئەوسا وزە زۆر و زەوەندەکەیان بەسەربەستی هەڵدەڕژێت بێ ئەوەی بیانخاتە کێشەوە.

ڕێگەیەک بۆ کەمکردنەوەی بەرهەڵستی منداڵی چالاک بەسادەیی ئەوەیە شەکەتی بکەیت. بۆ نموونە، گەر ناچار بوویت لە شوێنێک چاوەڕێ بکەیت، ئەم منداڵە زۆر بێزار دەبێت. یان ئەوەیە ئیشێک بدە بە منداڵەکە بیکات یاخود گەمەیەک دابهێنە بۆ سەرفکردنی وزەکەی. دەتوانیت وا لە منداڵەکە بکەیت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ڕا بکات و بگەڕێتەوە و کات بۆ ڕاکردنەکەی ڕابگریت. منداڵانی چالاک حەزیان دێت بەوەی ڕیکۆردەکانی خۆیان بشکێنن. سپاس و پێزانینی زۆرتان هەبێت بۆ دەسکەوتەکانیان و ئیدی بەرهەڵستیان دەتوێتەوە و نامێنێت.

منداڵانی چالاک بە کردنی کارەکان و ئەنجامدانی هەڵەکان شت لەبارەی خۆیانەوە فێر دەبن. پێویستیان بە دانپێدانانی زۆرە بۆ سەرکەوتن و لێخۆشبوونی هەڵەکانیان. ئەم منداڵانە مەیلێکی زیاتریان هەیە بۆ ئەوەی خۆیان بخەنە نێو کێشەکانەوە. گەر لە سزادان و سەرزەنشت بترسن، خۆیان دەشارنەوە یاخود بەرگری لە هەڵەکانیان

دەکەن، بەم هۆیەوە دەست لە فێربوون و گەشەکردن هەڵدەگرن لە هەڵەکانیانەوە.

## منداڵی چالاک پێویستیان بە دانپێدانانی زۆرە بۆ سەرکەوتن و لێخۆشبوونی هەڵەکانیان.

منداڵی چالاک تووشی نارەحەتی دێت لەوەی تەنیا دابنیشێت و گوێ بگرێت. پێویستیان بەوەیە بسوورێنەوە و باشترین فێر ببن بە کردنی کارەکان لەگەڵ کەسانی دیکە و بەشداریکردنیان. کاتێک بەرهەڵستن دەبن بۆ داواکارییەکانتان، باشترین شت ئەوەیە دەست بکرێت بە چالاکییەک و بانگ بکرێن تا بێنە ڕیزییەوە. گفتوگۆ درێژەکان ئەنجامی پێچەوانەیان دەبێت و زۆربەی کات وەک سزادان لێیان دەڕوانرێت.

بۆ نموونە، گەر بەرهەڵستیان کرد لەوەی ژوورەکەیان خاوێن بکەنەوە، ئەوسا بە کورتی دان بنێن بەوەی دەیکەن و دەست بکەن بە خاوێنکردنەوەی ژوورەکە. شتێکی لەم شێوەیە بڵێ: "دەبینم گەمە دەکەن و ناتانەوێت ژوورەکەتان خاوێن بکەنەوە. با پێکەوە بیکەین. نا بەم شێوەیە دەیکەین..." چاوەڕێکردن لێیان بەوەی خۆیان شتێک بکەن ڕێگەیەکی کاریگەر نییە.

منداڵانی چالاک بەوە واز لە بەرهەڵستیان دەهێنن بێنە ڕیزی ئێوەوە. تەنانەت گەر یارمەتییەکی کەمیشیان دا، سپاسی یارمەتییەکەیان بکەن و دان بنێن بەوەی ژوورەکەیان چەندێک باش دیارە. دەتوانیت بڵێی: "کارێکی باشمان کرد!" منداڵانی چالاک هەمیشە دەیانەوێت ببنە بەشێک لە تیمی براوە. هیچ شتێک هێندە هاندەر نییە هاوشێوەی سەرکەوتن خۆی.

## منداڵانی چالاک هەمیشە دەیانەوێت ببنە بەشێک لە تیمی براوە.

منداڵانی چالاک لەڕێی ئەوەی کردوویانە و ئەنجامەکانیان خۆیان دەناسن. حەزیان بە هێز و دەسەڵاتە. کاتێک بەرهەڵستی داواکارییەکانتان دەکەن، هەمیشە پێویستیان بە پەیامێکی بەهێز بەڵام هێمن هەیە کەوا ئاساییە بەرهەڵستی بنوێنن، بەڵام دایە و بابە هەر بەڕێوەبەر و سەرۆکن. دان بنێن بەوەی دەیکەن و پاشان ڕاستەوخۆتر داوا بکەنەوە.

بۆ نموونە، ڕەنگە بڵێن: "دەبینم لەنێو جێگاکەتدا ڕاکشاوی و منیش ئێستا دەمەوێت ئەم ژوورە خاوێن بکەیتەوە." گەر منداڵەکە وەڵامی نەدایەوە، ئەوسا بچنە ڕیزەوە بە دەستکردن بە خاوێنکردنەوەی ژوورەکە و بڵێن: "با لەم بەشەی ژوورەکەوە دەست پێ بکەین." ئەم نزیکبوونەوەیە لە فرۆشیاریدا پێی دەگوترێت "ڕێککەوتنی گریمانەکی،" تۆ وای دادەنێیت موشتەرییەکەت لەگەڵ تۆدایە و تۆش دەست دەکەیت بە باسکردنی وردەکارییە باشترەکانی کاڵاکەت.

منداڵانی چالاک پێویستیان بە پەیامێکی ڕوون و ڕاشکاو هەیە لەبارەی ئەوەی ئێوە دەتانەوێت. دەربڕینەکانی "دەمەوێت" بەرهەڵستی کەم دەکەنەوە بەوەی بیری ئەم منداڵانەی دەخەنەوە کەوا ئێوە سەرگەورە و بەڕێوەبەرن. بەبێ بوونی پاڵپشتی دروست، ئەم جۆرە لە منداڵان مەیلیان دەڕوات بەلای ئەوەدا لە جڵەو دەربچن، ڕەفتاری نەشیاو بکەن و کەسانی دیکە ئیهانە بکەن. لەپاڵ تەنسیق و سەرپەرشتی، پێویستیان بە پەیامی ڕوونە بەوەی ئاساییە هەڵە بکەن و ئێوەش دەزانن کەوا ئەوان هەمیشە ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان دەدەن.

## دەربڕینەکانی "دەمەوێت" بەرهەڵستی کەم دەکەنەوە بەوەی بیری منداڵی چالاکی دەخەیتەوە کەوا تۆ سەرگەورە و بەڕێوەبەریت.

کاتێک لە جڵەو دەردەچن، گەر شتەکان بە ڕێگەی خۆیان بەدەست نەهێنن، مەیلیان دەچێت بەلای ئەوەدا کەسانی دیکە بترسێنن یاخود شێتگیری بنێنەوە و ورک بگرن. زۆرێک لە دایکان و باوکان و کەسانی گەورە دەترسن لەوەی ڕووبەڕووی ئەم جۆرە منداڵە ببنەوە. دایکان و باوکان ڕووبەڕووبوونەوەکان دوا دەخەن چونکە وزەگەلێکی زۆریان گەرەکە. ئەمەش تەنیا وا دەکات کێشەکە خراپتر بکات. لەپاڵ تەنسیقی ڕوون، ئەم منداڵە پێویستی بە تەنسیقی ڕێکوپێکی دوورخستنەوەی کاتیش هەیە. پێویستیان بەوەیە هەست بکەن زیاتر بەریان پێ دەگیرێت وەک لە منداڵانی دیکە. لەڕێی پێدانی دوورخستنەوەی کاتی بەم جۆرە منداڵە، بیریان دێتەوە کێ بەڕێوەبەری ڕاستەقینەیە و ئەو تەنسیقەش وەردەگرن پێویستیانە. لە بەشی شەشەمی ئەم کتێبەدا، ورد و درشتر ڕوونی دەکەینەوە چۆن دوورخستنەوەی کاتی بدرێت بە منداڵ.

منداڵانی چالاک پێویستییەکی گەورەتریان هەیە بەوەی ڕاست بن و ڕقیان لەوەیە پێیان بگوترێت هەڵەن. بەتایبەت قورسە بۆیان پەرچەپێدانی ڕاستکردنەوە وەربگرن لەپێش چاوی ئەوانی دیکە. گەر پەرچەپێدانەکە بە پەنهانی پێیان بدرێت، کەمتر بەرهەڵستی دەنوێنن و نابنە کەسی بەرگریکەر. لەجیاتی ئەوەی لەپێش چاوی خەڵکی ڕاستیان بکەنەوە، دەتوانن ئاماژەی نهێنی دروست بکەن تا پەرچەپێدانی خۆتانیان پێ بدەن. پێزانینی زۆریان هەیە بۆ دایک و

باوکێک کە پارمەتیان دەدات شەرمەزار نەکرێن و ئابڕوویان بپارێزێت.

بۆ نموونە، دەتوانن وا لە منداڵەکان بکەن نەرمونیانتر بن بە ڕاکێشانی گوێی خۆتان. کاتێک زۆر دەنگ بەرز دەکەنەوە، دەتوانن دەست لە چەناگەتان بدەن تا منداڵەکە بزانێت شێوازی دەنگی دەرەوەی ماڵی بەکار دەهێنێت لەناو ماڵدا. ئەم منداڵانە قەدری ئەم ئاماژانە دەزانن. نەک تەنیا یارمەتیان دەدات سەرکەوتووتر بن، بەڵکو ناڕاستەوخۆش دان دەنێت بەوەی ئاساییە هەڵە بکرێت و ناوبەناویش لە جڵەو دەربچێت.

گەر ڕۆڵێکی بەرپرسیارێتیان پێ نەدرێت، مەیلیان دەڕوات بەلای ئەوەدا بەرهەڵستی منداڵان یان کەسانی دیکە بکەن کە لەسەرخۆتر ڕێ دەکەن. شتەکانیان بەخێراتر دەوێت و ئەو وزەیەشیان هەیە بە خێرایی دەستیان بخەن. بە باشترین شێوە دەتوانن هەنگاوی خاوتری کەسانی دیکە قبووڵ بکەن کاتێک سەرقاڵن بە کردنی کارێکەوە تا بە ڕێگەیەک لە ڕێگەکان یارمەتیدەر بن. تەنانەت شتێکی باشە کار و چالاکییەک گەلاڵە بکرێت و هەستێکی گرنگیان پێ ببەخشرێت.

کاتێک ئەم منداڵانە ئەو تەنسیقە وەردەگرن کە خۆکردانە پێویستیانە، زیاتر دەبنە کەسانی هەستیار و هاوسۆز و بەخشندە. بە بوونی دوورخستنەوەی کاتی ڕێکوپێک، وردەوردە فێر دەبن تا زیاتر ئارامگر بن و برەو بە توانای دواخستنی خۆشی و چێژوەرگرتن بدەن. دەبنە کەسانی بەرپرسیار و لێهاتوو، سەرکردە و ڕابەری گەورەیان لێ دەردەچێت. وا دەکەن شتەکان ڕوو بدەن. بە تێپەڕبوونی کات، کاتێک زیاتر هەست بە سەرکەوتن و بڕوابەخۆبوونی خۆیان دەکەن، زیاتر دەبنە کەسانی هەستیار لە تێگەیشتن لە هەستەکانی کەسانی دیکە.

## منداڵانی وەڵامدەرەوە "بەدەنگەوەهاتوو" پێویستیان بە سەرنج پەرتکردن و ئاڕاستەکردنە

سێیەم سروشت بریتییە لە وەڵامدەرەوە "بەدەنگەوەهاتوو" منداڵانی وەڵامدەرەوە کەسانی کۆمەڵایەتی و سەربەدەرەوەن. بڕەو بە هەستێکی خودبوون دەدەن لە وەڵامەکانیانەوە بۆ جیهان و پەیوەندییەکانیان. خۆهاندەرن بۆ بینین و بیستن و هەستکردن و ئەزموونکردنی هەموو شتێک کە ژیان پێشکەشی دەکات. خاوەنی گەلێک ئارەزوون، چونکە پێویستییەکی گەورەتری بزواندن و وورووژاندنیان هەیە.

هەر ئەزموونێکی نوێ بەشێکی نوێ لە ناخی ئەوان دەهێنێتە دەرەوە. زیندوو و چالاک دەبنەوە لە وەڵامی شتگەلی نوێ کە دەخرێتە ناخیانەوە. گەرچی ئەم منداڵانە حەزیان بە گۆڕانکارییە، بەرهەڵستی دەکەن ناچار بن تەرکیز بکەن. زۆربەی کات تووشی تاوی شێتگیری و وڕکگرتن دەبن کاتێک داوایان لێ دەکرێت پاڵتۆیەک لەبەر بکەن یان شتێک بکەن بە ڕێگەیەکی دیاریکراو. پێویستییەکی گەورەتریان هەیە بۆ بەسەربەستی بۆ کردنی شتەکانی خۆیان.

زۆربەی کات شتەکان تەواو ناکەن و لە کارێکەوە دەچنە سەر یەکێکی دیکە. گرنگە بۆ دایکان و باوکان لەمە تێبگەن و نیگەرانی نەبن. ئەم جۆرە منداڵە پێویستی بەوەیە بێت و بچێت. پەشێوی و پاشاگەردانی بەشێکە لە پرۆسەی فێربوونیان. دواتر لە ژیاندا، گەر سەربەستی ئەوەیان هەبێت بکۆڵنەوە، بگۆڕێن، خۆیان بن، زیاتر تەرکیز دەخەنە سەر شتەکان و فێر دەبن قووڵتر ڕۆبچنە نێو شتەکانەوە و ئەرکەکانیان تەواو بکەن.

منداڵانی وەڵامدەرەوە، هەروەک پەپوولە، لەم چڵ دەفڕن بۆ ئەو چڵ، لە کارێکەوە دەفڕن بۆ سەر کارێکی دیکە. پێویستیان بە کاتە تا کنە و پشکنەی ژیان بکەن، ئەزموونی بکەن و بیدۆزنەوە. زۆر با

ئاسانی سەرنجیان پەرت دەبێت بۆیە پێویستیان بە ئاراستەکردنێکی زۆرە لەوەی چی بکەن. کاتێک ڕێنماییەکانی ئێوە لەیاد دەکەن، هەوڵی ئەوە نادەن ئێوە بێزار بکەن یان بەرهەڵستیتان بکەن. بە ڕاستی لەیادیان کردووە. نابێت هەرگیز شەرمەزار بکرێن بۆ ئەم مەیلەیان. وردەوردە خۆیان فێر دەبن چۆن تەرکیزیان بمێنێت. زۆر بە ئاسانی، بە هۆی هەل و دەرفەتە نوێیەکانەوە، سەرنجیان پەرت دەبێت. ئەم مەیلە بۆ سەرنجپەرتبوون بە ڕاستی دەتوانرێت بەکار بهێنرێت بۆ کەمکردنەوەی بەرهەڵستیان.

## منداڵانی وەڵامدەرەوە، لەڕێی کاردانەوەی خۆیان بۆ ئەزموونەکانی ژیان، خۆیان دەناسن.

کاتێک بەرهەڵستن بەڕووی داواکارییەکانتاندا، منداڵانی وەڵامدەرەوە بە سادەیی پێویستیان بەوەیە ئاراستە بکرێنەوە بەرەو ڕووی بەرپرسیارێتییەکی دیکە، چالاکییەکی نوێ، یاخود هەلێکی جیاوازی ئەزموون. لەجیاتی تێگەیشتن و تەنسیق، ئەم منداڵە پێویستی بەوەیە سەرنجی پەرت بکرێت و سەرلەنوێ ئاراستە بکرێتەوە. لەڕێی سەرنج پەرتکردنیانەوە، بەشێکی دیکە لەوان سەر دەردەهێنێت کە ئارەزووی لێیە هاوکار بێت. با لە چەند نموونەیەک بکۆڵینەوە.

کاتێک تاوی شێتگیری و وڕکگرتن سەر هەڵدەدات، منداڵانی تا دەوروبەری سێساڵی بە ئاسانی سەرنجیان پەرت دەکرێت و بە ئاسانی ئاراستە دەکرێنەوە لەڕێی دەرهێنانی کەل و پەلی بریسکاوە و کلیل و فڵچەی ددان و هێلکە شەیتانۆکە و پارچەی کریستاڵ یاخود هەر شتێکی دیکە کە سەرنجڕاکێش بێت ببینرێت، ببیسترێت، دەستی لێ بدرێت یاخود گەمەی پێ بکرێت. "بۆنی" هاوژینم کاتی خۆی

هەمیشە کۆمەڵێک وردەواڵەی هەڵدەگرت تاوەکوو سەرنجی منداڵێک پەرت بکات لەوەی بێزار بێت یان تاوی شێتگیری و وڕکگرتن ڕووی تێ بکات. لە کاتێکدا ئەمە بۆ هەموو منداڵان سەرکەوتوو دەبێت و کاری خۆی دەکات، بەڵام بە تایبەت زۆر بە باشی سەرکەوتوو دەبێت بۆ منداڵی وەڵامدەرەوە.

## بەهرەی گۆرانیگوتن

چالاکی گۆرانیگوتن سەرنجی زۆرێک لە منداڵان پەرت دەکات لە گشت تەمەنەکاندا لەوەی بێزاری کردوون و ئاڕاستەیان دەکاتەوە بەوەی هەست بە خۆشویستن و پاڵپشتی بکەنەوە. منداڵان زۆر حەزیان لەوەیە کاتێک گۆرانیان بۆ دەڵێن، کاتێکیش کە گەورە دەبن گۆرانیان لەگەڵ بڵێن. "بۆنی" هاوژینم گۆرانییەکی بچکۆلەی تایبەتی بۆ هەرکام لە چوار منداڵەکەمان دروست کردبوو. کاتێک دەگریان، تەنیا دەمانتوانی گۆرانییەکە بڵێین و جارێکی دیکە هەستیان بە ئاسوودەیی دەکردەوە.

**وەک نموونەیەک چۆن ئەمەمان دەکرد، یەکێک لەم گۆرانیانە دادەنێم:**

لۆرین بێس، لۆرین بێس، چەندێک لۆرین بێسم خۆش دەوێت.
لۆرین بێس، لۆرین بێس، چەندێک لۆرین بێسم خۆش دەوێت.
لۆرین، لۆرین، لۆرین بێس، "پاشان دووبارە دەبووەوە."

کاتێک منداڵان نائومێد و خەمۆک دەبن، گۆرانییەکی سادە، کە دووبارە و دووبار گوتراوەتەوە، سەرنجیان لەسەر کێشەکانیان لا

دەبات و جارێکی دیکە ئاراستەیان دەکاتەوە بەرەو هەستکردن بە خۆشویستن و ئاسوودەبوونیان. گوتنی گۆرانییەک باشترە وەک لەوەی گوێ لە مۆسیقا بگیرێت، چونکە گۆرانی بە ڕاستی زیاتر منداڵەکە دەبەستێتەوە بە دایک و باوکییەوە گەرچی لێدانی مۆسیقا لەدواوە بۆ ڕەخساندنی کەشێکی ئاسوودە و خۆش هێشتا دەکرێت زۆر یارمەتیدەر بێت.

گۆرانیگوتن هێزی ڕاکێشان و قورسایی کەمترە لەچاو قسەکردنی ئاسایی. یارمەتیدەر دەبێت تا منداڵ ئاراستە بکاتەوە لە بیروهۆش خستنەسەر شتێک کە خۆشی بەخش نییە بۆ سەر شتێک کە خۆشی بەخشە. ڕێگەیەکی نموونەییە سەرنجی منداڵ پەرت بکرێت و ئاراستە بکرێتەوە بۆ سەر ئەو شتەی خۆت دەتەوێت. ناتوانیت بێزار بیت و گۆرانیش بڵێت لە هەمان کاتدا. گۆرانی گوتن و گوێ گرتن بۆ مۆسیقا شتەکان ئاسانتر دەکات و ژیانیش خۆشتر دەکات. زیاتر هانی بەشی ڕاستی مێشک دەدات کە بەرپرسە لە ئافراندن. ئافراندن وا لە منداڵ دەکات زیاتر نەرم و بەکێشمان بێت بۆ بارودۆخەکان و زیاتریش هاوکار بێت.

کاتێک منداڵەکانم گەورە دەبوون، کاتی خۆی گۆرانییەکمان دەگوت لە کاتێکدا هەموومان پێکەوە قاپەکانمان دەشۆرد. من ئەو ساتەم ناو دەبرد بە پێنج خولەکی خاوێنکردنەوە. من گۆرانییەکی تایبەتم دەگوت لە کاتێکدا پێشبڕکێمان بوو تاوەکوو ببینین لە ماوەی ئەو پێنج خولەکەدا دەمانتوانی چەندێک لە کارەکە تەواو بکەین. دوای ئەوە دانم دەنا بە یارمەتییەکەی ئەواندا و خۆیشم کارەکەم تەواو دەکرد. حەزێکی زۆریان لە کارەکە هەبوو، تا ئەمڕۆش وەک ئەزموونێکی خۆش و بەچێژ بیریان ماوە.

## کردنی کارەکانیماڵەوە بە شتێکی چێژبەخش

لەڕێی گۆرانیگوتنەوە لەگەڵ منداڵەکانم، سەرنجیان پەرت دەبوو لەدەست وشکی و ناخۆشی قاپ شۆردنەکان. هەروەها، لەڕێی سنووردارکردنی بەشداری ئەوان لەو کارەدا بۆ ماوەی پێنج خولەک، هەستیان نەدەکرد بار دراوە بەسەر شانیاندا. کە دڵنیا بوونەوە ناچار نەبوون لە تەمەنێکی کەمدا کاری قورس بکەن، بەرهەڵستی ئەوەیان نەدەکرد یارمەتیدەر بن. وەک کەسی گەورە، ئێستا دڵخۆشن بەوەی کاری قورس بکەن، دەشزانن چۆن کاتی خۆش بەسەر ببەن.

هێشتاش لەبیرمە، کاتێک وەک منداڵێک گەورە دەبووم لەنێو خێزانێکی حەوت منداڵیدا، تا شەوی خۆم قاپەکان بشۆم. گرنگ نەبوو بەلامەوە کە هەفتەی تەنیا جارێک ئەو کارەم لەسەر شان بوو. لە نۆرە شەوی خۆمدا، ئەو هەستەی هەمبوو ئەمە بوو: "من هەمیشە قاپەکان دەشۆم، هەرگیز خۆشی لە ژیانمدا نییە. هەمووان خۆشی دەگێڕن و منی تێدا نیم."

منداڵان لە ساتی ئێستادا دەژین کە پێیان وایە ئەبەدییە. کاتێک کارێکی نێو ماڵ زۆر دەخایەنێت، ئەو هەستەی لێ دەکەوێتەوە: "هەموو ئەوەی دەیکەین تەنیا ئیشکردنە." لەڕێی ئاسانکردنی کاری نێو ماڵ و یارمەتیدانی منداڵەکانتان، سەرەتا فێر دەبن چۆن خۆش ڕابوێرن، پاشان دواتر لە ژیانیاندا، وەک کەسی نەوجەوان، کاری قوتابخانەیان زیاتر بەلاوە خۆش دەبێت.

منداڵ، تا تەمەنی حەوت ساڵی، دەبێت هەست بە گرنگیپێدان بکات، پاشان لە تەمەنی حەوت ساڵی بۆ چواردە ساڵی، منداڵان دەبێت بیروهۆشیان لەسەر ئەوە بێت خۆش ڕابوێرن بە گەمەکردن و گۆرانیگوتن و کاری دەستی و وێنەکێشان و فێربوونی ئامێرێکی مۆسیقی و وەرزشەکان و دراما و ئەرکی قوتابخانە و کەمتر ئەرکی ناو ماڵ بەجێ بگەیەنن. یارمەتیدان لە شۆردنی قاپەکان و

خاوێنکردنەوەی ماڵ و بایەخدان بە ئاژەڵی ماڵی کارێکی باشە، ناچێتە ژێر خانەی "کارکردنی زۆر"ەوە. باشترین ڕێگە تاوەکوو دیاری بکەیت چەندێک کار بە منداڵەکەت بدەیت گونجاوە ئەوەیە گوێ لە بەرهەڵستیان بگرن و جارێکی دیکە بیر بکەنەوە. بوون بە دایک و باوک هەمووارکردنەوەی گشت هەنگاوێکی سەر ڕێگەکەی گەرەکە.

کاتێک منداڵان فێربوون دڵخۆش بن، وەک کەسی گەورە و پێگەیشتوو ئامادە دەبن بۆ کاری گرنگ و ئیشی قورس. کاتێک منداڵان داوایان لێ دەکرێت کار بکەن وەک منداڵ و کاتی خۆش بەسەر نەبەن، هەرگیز فێری ئەوە نابن چۆن کاتی خۆش بەسەر بەرن. وەک کەسانی هەرزەکار، زۆربەی کات یاخی دەبن لە کارکردن یان کاری زۆر دەکەن بەڵام خۆشی لێ نابینن.

تەنیا سەد ساڵ لەمەوبەر، منداڵان لە کارگەکاندا کاریان دەکرد، بەڵام وردەوردە کۆمەڵگە درکی بەوە کرد ئەمە بەرانبەریان ڕەفتاری خراپ بوو. ئەمڕۆش دەبێت درک بکەین بەوەی هەڵەیە کار بە منداڵەکانمان بکەین لە ماڵەوە. ئەرکی دایکان و باوکانە ببەخشن و ئەرکی منداڵەکانیشە تەنیا وەربگرن. پاشان، لە دەوروبەری حەوت ساڵیدا، منداڵان پێویستییەکی نوێیان دەبێت: پێویستی بەسەربردنی کاتی خۆش و گەمەکردن لەگەڵ خێزان و هاوڕێکانیان. ئەمە ئەو کاتەیە چاوەڕێ دەکرێت منداڵان برەو بە یەکێک لە توانا و شارەزاییە هەرە گرنگەکان بدەن لە ژیاندا: توانای دڵخۆشبوون.

**ئەرکی دایکان و باوکانە ببەخشن و ئەرکی منداڵەکانیشە تەنیا وەربگرن.**

زۆرێک لە کەسانی پێگەیشتوو هەرگیز فێر نابن چۆن کاتی خۆش بەسەر بەرن و چێژ لە ژیانیان وەرگرن. ئەمەیش بە هۆی ئەوەوەیە کە پێشتر ئەو پاڵپشتییە پێویستەیان وەرنەگرتووە تا فێر ببن چۆن کاتی خۆش بەسەر بەرن. بەختەوەری توانا و شارەزاییەکە، ئەم توانایەش لەنێوان تەمەنی حەوت بۆ چواردە ساڵیدا گەشەی پێ دەدرێت. خوێندنی زۆر یاخود بەرپرسیاریتی زۆر و کارکردن بەر لە تەمەنی بلۆقبوون توانای کەسێک سنووردار دەکات تا دواتر لە ژیانیدا دڵخۆش و بەختەوەر بێت. یان ڕەتی دەکەنەوە کار بکەن و دەگەڕێن بە شوێن خۆشی و ڕابوواردندا و دەبنە کەسانێک بەرپرسیاریتی هەڵنەگرن لە تەمەنی نەوجەوانیدا، یاخود بەسەختی کار دەکەن بەڵام بە هۆی ئەوەی زۆر جددین، هەرگیز دڵخۆش و ڕازی نین.

زۆرێک لە دایکان و باوکان بە هەڵە بڕوایان وایە پێویستە منداڵەکانیان فێر بکەن تا بە سەختی کار بکەن و کەسانی بەرپرسیار بن. منداڵان دەبنە کەسانی بەرپرسیار لەڕێی هەبوونی دایک و باوکی بەرپرسیارەوە. منداڵان فێر دەبن بەسەختی کار بکەن بە سەرنجدان لە دایک و باوکیان بە سەختی کار بکەن. بە شێوەیەکی سەرەکی منداڵان هەموو شتێک لەڕێی چاولێکەری و لاساییکردنەوەوە فێر دەبن. سەرەنجام هەر ئەوە دەکەن کە بە چاوی خۆیان دەیبینن باوک و دایکیان ئەنجامی دەدەن. بەم بەرچاوڕوونییە، دایک و باوک ئەو بڕوابەخۆبوونەیان لە لادروست دەبێت تا شوێن دڵیان بکەون منداڵییەکی بەختەوەر و پڕ خۆشی بۆ منداڵەکانیان بخوڵقێنن. تا تەمەنی بلۆقبوون، کارکردنی سەخت پێویست نییە.

## بەهرەی خوێندنەوە

کاتێک منداڵێک بەر لەوەی بڕوات بخەوێت نەسرەوت و شپرزە و جرپن بوو، لەپاڵ گوتنی گۆرانییەکی بچووکدا، خوێندنەوەی چیرۆک

ڕێگەیەکی زۆر نایابە بۆ ئامادەکردنی منداڵەکە تا بە ئاسوودەیی بحەوێتەوە و بچێتە خەوێکی قووڵەوە. گەرچی خوێندنەوە بۆ منداڵ پێش ئەوەی بنوێت ڕەنگە گرنگترین بەهرەیەک بێت دایک و باوکێک بتوانن بە منداڵی ببەخشن، بەڵام بە تایبەتتر گرنگە بۆ منداڵی جۆری بیرکەرەوە. برسین بۆ بیستنی چیرۆک و چیرۆکی خەیاڵی و ئەفسانەکان. پێویستیان بە ورووژانی شوێن و خەڵک و شتە دوورە دەستەکانە.

منداڵان لە جیهانێکی خەیاڵیدا دەژین تاوەکوو دەگەن بە تەمەنی دەوروبەری نۆ ساڵی. کۆمەڵگە پێشوەختە زۆریان لێ دەکات لە خەو ڕاپەڕن و ئەزموونی جیهانی ڕاستەقینە بکەن. دایک و باوک نابێت نیگەران بن. ڕێ بدەن منداڵەکان کاتی خۆیان وەرگرن گەشە بکەن و ئەوسا کە خۆیان ئامادەبوون بە ئاسانی لەگەڵ جیهانی ڕاستەقینە ڕادێن. تا ئەو کاتەی دەبنە تەمەنی حەوت ساڵی، منداڵان تەنانەت توانای لۆژیکیان هەر نییە، تا تەمەنی سیانزە ساڵیش لە بیرۆکەیەکی ڕووت و مانایی ناگەن.

**ڕێ بدەن منداڵەکانتان کاتی خۆیان وەرگرن گەشە بکەن و ئەوسا کە خۆیان ئامادەبوون بە ئاسانی لەگەڵ جیهانی ڕاستەقینە ڕادێن.**

کاتێک منداڵان لە هەواڵەکاندا دەبیستن کەوا بکوژێک هەڵاتووە و ئازادە، پێیان وایە ئەوانیش وەک هەموو کەسێکی دیکە لە مەترسیدان. بەکارهێنانی لۆژیک بۆ کەمکردنەوەی ئەو ترسە سەرکەوتوو نابێت. سەرکەوتوو نابێت بگوترێت: "ئێمە لە گەڕەکێکی سەلامەتین و تۆش سەلامەتیت." بیرکردنەوەی خەیاڵئامێز چارەسەری خەیاڵئامێزی

گەرەکە. گوتنی نزایەک بۆ سەلامەتی منداڵەکەت ئەو فێڵە دەکات. گەر نزاش ناکەیت، ئەوسا گۆچانێکی سیحری بەکار بهێنە تا منداڵەکەت دڵنیا بکەیتەوە کەوا پارێزراوە. بۆ کەمکردنەوەی بەرهەڵستی، باشترین شت ئەوەیە منداڵ تا تەمەنی حەوت ساڵان تەماشای هەواڵەکان نەکات و گوێبیستیان نەبێت.

بە گوێگرتن لە چیرۆک، منداڵ بە ئاسانی سەرنجی پەرت دەبێت لەسەر بارگرانییەکانی ژیان. منداڵان وێنەگەلێک دروست دەکەن کە لەڕێی گوێگرتن لە چیرۆکەکان دروست دەبێت بۆ برەودان بە خەیاڵ و ئافراندن و هەستی خوودبوونیان. کەسانی سەرکەوتوو ئەو هەستەیان هەیە کەوا خۆیان ژیانی خۆیان دروست دەکەن، لە کاتێکدا کەسانی کەمتر سەرکەوتوو زیاتر هەست بە قوربانی و شەق شەقێنی خۆیان دەکەن بە هۆی ئاڵنگاری قۆتەکانی ژیانەوە. لەڕێی زیادبوونی خەیاڵ و ئافراندنیانەوە، منداڵ باشتر ئامادە دەبێت تا دواتر لە ژیاندا کێشەکانی چارەسەر بکات.

منداڵانی وەڵامدەرەوە و هەستیار زیاتر مەیلیان دەڕوات بەلای ئەوەدا پێشوەختە کاریگەری خێرا دابنێن. لەڕێی دروستکردنی وێنەکانی ناو ناخیان لە وەڵامی چیرۆکەکاندا، منداڵان برەو بە هەستێکی بەهێزتری خودبوونیان دەدەن لەگەڵ توانای خۆیان بۆ ئافراندن، ئەوسا بەسروشتی زیاتر هەست دەکەن بەوەی "لەژێر کاریگەریدان." تەماشاکردنی زۆری تەلەفزیۆن و فیلم دەتوانێت ئەم پرۆسەی ئافراندنی وێنە لەناو ناخیاندا لاواز بکات.

## بەکارهێنانی سەرنجپەرتکردن بۆ دووبارە ئاراستەکردنەوە

هەموو منداڵان دەتوانن سوود لە سەرنجپەرتکردن وەربگرن. تا تەمەنی هەشت ساڵی، منداڵان دەتوانرێت بە ئاسانی سەرنجیان پەرت

بکرێت لەسەر بەرهەڵستیان لەڕێی گێڕانەوەی چیرۆکگەلی کورتەوە کە پڕ بێت لە وێنە و ڕەنگ و شێوە. گرنگ نییە گەر چیرۆکەکە پەیوەست نەبێت بەو شتەی منداڵەکەت بەرهەڵستی دەکات. تەنیا بابەتەکە بگۆڕە و دەست بکە بە گێڕانەوەی چیرۆکێک بە دەستەواژەگەلی وەسفاوی.

بۆ نموونە، کاتێک منداڵەکەت بەرهەڵستی دەکات پاڵتۆکەی لەبەر بکات، لە ململانێی هێز و دەسەلات وەرە دەرەوە بە وەستان و قسەکردن بە نەوای چیرۆک گێڕانەوە. شتێکی لەم شێوەیە بڵێ: "ئۆە، تەماشای ئەو گەڵا سەوزە جوانانەی ئەو درەختە بکە. بیرمە جارێکیان بە دارستانێکی جواندا پیاسەم دەکرد و لە هەموو لاوە درەختی گەورە و زەبەلاحی لێبوو. ڕەنگی ئاسمان شینێکی زۆر جوان بوو. ڕێک بەسەر سەرمەوە تۆپەڵە هەورێکی سپی هەبوو. بە درێژایی ڕۆژ هەر پیاسەم کرد تا بە تەواوی ماندوو بووم. پیاسەیەکی درێژ بوو، بەڵام زۆر خۆش بوو. ئێستاش با پاڵتۆکە لەبەر بکەین."

ئەمە پێی دەگوترێت دامەزراندنی دۆستایەتی و پاشان بانگهێشتی بەشداریکردن. کاتێک چیرۆکێک دەگێڕیتەوە تژییە لە ڕەنگەکان و بابەتگەلێک تا وێنابکرێن، منداڵەکە خۆکردانە واز لە خود بەرهەڵستییەکەی دەهێنێت و لەگەڵتدا قووڵتر ڕۆدەچێتە نێو دۆستایەتی و سازانەوە. لە ئەنجامدا، منداڵەکە گەلێک زیاتر ئارەزوو دەکات هاوکار بێت.

**بۆ کەمکردنەوەی بەرهەڵستی، دۆستایەتی دابمەزرێنە و پاشان بانگهێشتی منداڵەکەت بکە بەشداری کارەکە بکات.**

لە هەر تەمەنێکدا، کاتێک منداڵان بێزار و بەرهەڵستن، بە باشی وەڵامیان دەبێت بۆ دووبارە ئاڕاستەکردنەوەی لەم شێوەیە: "ئێستا، با ئەمە بکەین..." یاخود "ئێستاش با..." وەک لەوەی پرسیار لە منداڵ بکرێت دەیەوێت چی بکات، یاخود ئارەزوو دەکات چی دەکات، دایک و باوک پێویستە پێشڕەوی منداڵەکانیان بکەن. کاتێک منداڵەکە گەلاڵەی خۆزگە و ویستەکانی خۆی دەکات، بەرهەڵستی دەکات و واتان لێ دەکات بزانن چی دەوێت. لەم حاڵەدا، دایک و باوک دەتوانن بڵێن: "باشە، ئەوە بیرۆکەیەکی باشە. تۆ ئەوە بکە." لەجیاتی ئەوەی ڕاستەوخۆ بپرسن چی دەوێت یان ئارەزووی چی دەکات، پێشنیاری بۆ بکەن و ڕێی بدەن ناڕاستەوخۆ ڕازی یان ناڕازی بێت لەڕێی قبوولکردن یان بەرهەڵستی خۆیەوە.

**با لە نموونەیەک بکۆڵینەوە:**

دایک: جیمی، با بڕۆین لە پارک گەمە بکەین.

جیمی "کە تەمەنی هەشت ساڵە:" من نامەوێت بچم بۆ پارک.

دایک: بۆ ناتەوێت؟

جیمی: دەمەوێت لە ژوورەکەی خۆم گەمە بکەم.

دایک: باشە، گەر دەتەوێت لە ماڵەوە بمێنیتەوە، هیچ کێشەی نییە بۆ
ن. قەڵەم بۆیەکانت دەربێنە و وێنەیەک بکێشە.

جیمی: نامەوێت کارێکی هونەری بکەم. زیاتر حەز دەکەم بە فڕۆکە
ازەکەم یاری بکەم.

دایک: ئەوە بیرۆکەیەکی زۆر باشە- تۆ بە فڕۆکە تازەکەت یاری
کە و منیش کەمێکی دیکە دێمەوە بزانم چیت کردووە.

بەم شێوەیە، بێ ئەوەی ڕاستەوخۆ داوا لە منداڵەکە بکرێت، دایک و باوکەکە دەتوانن پێشنیارێک بکەن کە منداڵەکە دەتوانێت بەرهەڵستی بکات، وردەوردە دەتوانن دیاری بکەن ئەو شتە چییە کە منداڵەکە دەیەوێت. وەک یاسایەکی گشتی بۆ هەر چوار جۆرە سروشتەکەی منداڵ، بیرۆکەیەکی باش نییە ڕاستەوخۆ لە منداڵ بپرسرێت چی دەوێت، حەزی لە چییە، پێویستی کامەیە، بیر لە چی دەکاتەوە و هەستی چۆنە. لەجیاتی ئەوە، پێشنیار بکەن، ئەوانیش یان قبووڵی دەکەن یـــان بەرهەڵســـتی خۆیـــان نیشـــان دەدەن. لەڕێـــی بەرهەڵستیکردنیانەوە، بیرۆکەیەکی ڕوون گەڵاڵە دەکەن لەوەی چیان دەوێت، هەست و بیرکردنەوەیان چۆنە.

**بیرۆکەیەکی باش نییە ڕاستەوخۆ لە منداڵ بپرسرێت چی دەوێت، حەزی لە چییە، پێویستی بە کامەیە، بیر لە چی دەکاتەوە و هەستی چۆنە.**

منداڵی وەڵامدەرەوە زیاتر مەیلیان بەلای ئەوەدا دەچێت کەیفخۆش و سووکەڵە و بەتاسە بن. بە مانای وشە وێنە و گۆڕانەکارییەکانی ژیان خواردنیان پێ دەدەن. بۆ ئەوان، ژیان سەرکێشییە. زیاتریان مەیلیان بەلای ئەوەدا دەچێت کەسی کۆمەڵایەتی بن و قسەی زۆر بکەن. بە ئاسانی هاوڕێ پەیدا دەکەن و حەزیان بەوەیە هەموو کەسیان خۆش بوێت. زۆربەی کات کەسانێکن بەرهەڵستیان ناکرێت و سەرنجڕاکێش و خۆگونجێنن. ڕقوقین لەدژی کەس هەڵناگرن.

خاوەن پەیوەندی قووڵ نین و بە ئاسانی ئازار ناخۆن. تووشی تاوی تووڕەیی و بەرهەڵستی نواندن دەبن، بەڵام بە گشتی ئەمانە ئەو کاتە سەر هەڵدەدەن کاتێک داوایان لێ دەکرێت بیروهۆشیان بخەنە

سەر شتێک یان ئەنجام بدەن کە خۆیان ئارەزووی ناکەن. هەم ئاژاوە و هەم هەڵبەز و دابەزی سۆزداری بەشێکن لە ژیانیان.

مەیلیان لەوەیە پەرش و بڵاو ببنەوە، کەسانێک بن شتەکان لەیاد بکەن و پشتیان پێ نەبەسترێت. زەحمەتە بۆیان دووبارە هەڵسنەوە و خۆیان کۆ بکەنەوە لەپاش ئەو پەرش و بڵاوییەی ناویانەتەوە. پێویستە دووبارە و دووبارە داوای کردنی کارەکەیان لێ بکرێتەوە. بەم بەرچاوڕوونییەوە، دایک و باوک دەتوانن پەی بە ئاسوودەییەکی زێتر ببەن. لەم منداڵە چاوەڕێ مەکە، لەنێو ژینگەی خۆیدا، ڕێکخستن بهێنێتە ئاراوە. ئەوە ئیشی ئێوەیە. بۆ نموونە، منداڵی وەڵامدەرەوە ژوورەکانیان خاوێن ڕاناگرن گەر یارمەتی نەدرێن. لەجیاتی ئەوەی بجەنگن لەگەڵیان، تەنیا کاریان لەگەڵدا بکەن.

کاتێک دەرفەتیان پێ دەدرێت تاوەکوو خۆش ڕابوێرن و بەکورتی کنە و پشکنەی زۆر شت بکەن، برەو بە مەودای سەرنجدانی خۆیان دەدەن و فێر دەبن تەرکیز بکەن و قووڵتر ڕۆبچن. دوای تەمەنی حەوت ساڵی، پێویستیان بە هاندانێکی توندوتۆڵ هەیە تاوەکوو تەرکیزیان لەسەر شتەکان هەبێت. ئەم کارەش زۆر بەئاسانی دێتە کردن بەوەی کات لە یارمەتیدانیان تەرخان بکرێت.

بەبێ جۆری دروست لە پاڵپشتی، منداڵانی وەڵامدرەوە، کە ناخیان پڕ دەبێت بە بەرپرسیارێتییەکانی ژیان، زۆر بە ئاسانی مەیلی ئەوە دەکەن نابەرپرس بن یان زیاد لە پێویست پەرش و بڵاو بن و زۆربەی کاتیش وەک کەسێکی پێگەیشتوو بەرپرسیارێتییەکان ڕەت دەکەنەوە. کاتێک بە ڕاستی ئەو پاڵپشتییە وەردەگرن کە پێویستیانە، دەبنە کەسانی پتەو، بەرپرسیار، خۆئاڕاستەکەر، تەرکیزکەر، بەهرەدار و بڕوابەخۆبوو.

## منداڵانی پەسەندکار پێویستیان بە نەریت و ڕێکوپێکییە

چوارەم سروشتی منداڵ پەسەندکارە. منداڵانی پەسەندکار زیاتر بەنەنگ ڕێکردنی ژیانەوەن. دەیانەوێت بزانن دواتر چی ڕوو دەدات و پێویستیان بەوەیە بزانن پێشبینی چی بکەن. کاتێک لە ڕێکردنەکە گەیشتن، زیاتر هاوکار دەبن.

بارودۆخە تازەکان کە تێیدا نازانن پێشبینی چی بکەن ختووکەی بەرهەڵستیان دەدات. بەوە خۆیان دەناسن کە پێشبینی ئەوە بکەن ڕوو دەدات. کاتێک ئەم منداڵە پێشبینی ئەوە دەکات خۆش بویسترێت، ئەوسا هەست بە خۆشەویستی دەکات. پێویستیان بە ڕۆتین و دووبارەکردنەوە و ڕێکوپێکی زۆر هەیە.

پێویستیان بە کاتی دانراو هەیە بۆ خواردن، بۆ نووستن، بۆ گەمەکردن، کاتێک بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش و تایبەت لەگەڵ دایە و بابە، کاتێک بۆ دیاریکردنی ئەو پۆشاکانەی سبەینێ دەیانپۆشێت. وەڵامی باشیان دەبێت بۆ دڵنیاکردنەوە و هاندانی هاوشێوەی "ئێستا کاتی ئەوەیە ئەمە بکەین..." "نیازمان هەیە کە...."

منداڵانێکن گەلێک هێمن و لەبار و بیرکەرەوەن. پێویستیان بە کاتی زیاترە تاوەکوو شتەکان بە شێوەیەکی ڕێکخراو ئەنجام بدەن و گەلێک بەرهەڵستن بەڕووی گۆڕانکاریدا. ناتوانن بڕیاری بەپەلە بدەن و نابێت لێیان بپرسرێت چیان دەوێت و بیر لە چی دەکەنەوە و هەستیان چۆنە. لەبری ئەوە، پێویستیان بەوەیە پێیان بگوترێت چی بکەن.

**منداڵانی پەسەندکار منداڵی گەلێک هێمن و لەبار و بیرکەرەوەن.**

تا ئەو جێیەی گۆڕانکارییەکی گەورە نەبێت، گەلێک هاوکار دەبن. گۆڕانێک لە کاتێدا ناماژەدانە بە پێویستی گۆڕان لە کردەوەشدا، بەکارهێنانی دەستەواژەی "ئێستا کاتی ئەوەیە..." ئەم منداڵە دڵنیا دەکاتەوە کەوا هەموو شت ئاساییە و وەک جاری جاران ڕێ دەکات. پێویستیان بەوەیە شتەکان لە دەوریان پێشبینی کراو بن.

لەگەڵ ئەوەی ئارەزوو دەکەن پێیان بگوترێت چی بکەن، بەرهەڵستی دەکەن لەوەی زۆریان لێ بکرێت و پاڵ بنرێن بۆ نێو شتێک. وەک منداڵانی هەستیار، پێویستیان بە کاتی زیاترە بۆ کردنی شتەکان و گۆڕانکاریکردن. پێویستیان بە دڵنیاکردنەوەی زۆرە لەوەی هەموو شتێک پلانی بۆ دانراوەتەوە و بیری لێ کراوەتەوە. ئیدی ئەوان بەو جۆرە ڕاهاتوون. دووبارەکردنەوە ئاسوودەیی زۆریان پێ دەبەخشێت. هێندەی منداڵانی دیکە نابزوێن. زۆربەی کات تەنیا بەوە ڕازی دەبن بە نەبزۆکی بمێننەوە و چێژ وەرگرن لەوەی هەن، بخۆن، پشوو بدەن، تەماشا بکەن و گوێ هەڵخەن و بخەون.

دەتوانن بەسادەیی چێژ لە تێپەڕبوونی کات وەرگرن. خۆکردانە منداڵی خۆناڕاستەکەر، ئافرێنەر و داهێنەر نین. پێویستە پێیان بگوترێت "ئێستا کاتی ئەوەیە..." ئەگەرنا ڕەنگە تەنیا دابنیشن و خەیاڵ پڵاوی بکەن. حەزی زۆریان بە ئاسوودەیی جەستەیی هەیە، زیاتر لەوەی سەرکێشی بە ناناسوودەییەوە بکەن، لایان باشە دانیشن و تەماشا بکەن.

بەپێچەوانەی منداڵانی چالاکەوە، پێویستیان بە پێشڕەویکردن یان بەشداریکردن نییە. وەک منداڵی بچووک، زۆربەی کات تەنیا پێویستیان بەوەیە تەماشا بکەن و سەرنج بدەن. ڕەنگە پەنجا جار تەماشای منداڵانی دیکە بکەن کارێک دەکەن و پاشان لەناکاو خۆشیان ئەو ڕەفتارە دەکەن. سەرنجدان بۆ ئەوان بەشداریکردنێکی پێویستە تا برەو بە ئارەزوویەک بدەن.

## منداڵی پەسەندکار لەڕێی سەرنجدانەوە لە کارەکاندا بەشدار دەبێت.

منداڵێکی چوار ساڵە کە تەماشای منداڵانی دیکە دەکات گەمە دەکەن هەستکردن نییە بەوەی تەنیان و پشتگوێ خراون. ئەو منداڵە بە تەواوی ڕازی و ئاسوودەیە بەوەی تەماشا بکات. وەک ئەوە وایە کارەکە بکات لەڕێی منداڵانی دیکەوە. ئەمە کێشەیەک نییە. سەرەنجام، خۆشی دێتە ڕیزەوە و بەشداری دەکات. لە دەوروبەری تەمەنی حەوت ساڵیدا، شتێکی باشە هانی بەشداریکردنی منداڵ بدرێت، بەڵام گەر منداڵێک بەرهەڵستی نواند، با بەو جۆرە بێت کە خۆی دەیەوێت.

ڕێگەیەکی هاندان بریتی نییە لەوەی بپرسی: "حەز دەکەی بچییە ڕیزیانەوە؟" لەبری ئەوە، ئەم دەستەواژەیە بەکار بخە: "ئێستا کاتی ئەوەیە تۆش بچیتە ڕیزیانەوە."

گەر منداڵەکە بەرهەڵستی نواند، ئەوسا بڵێ: "باشە، تێدەگەم کە حەز دەکەیت تەماشا بکەیت. با بزانم هەر کات حەزت کرد بچیتە ڕیزیانەوە."

منداڵانی پەسەندکار زۆربەی کات فەرامۆش دەکرێن، چونکە کەسانی زۆر هێمن و لەسەرخۆ و بێ ئەمرن. ناوبەناو پێویستیان بەوەیە بەرەنگاریان ببنەوە و بەرهەڵستی بنوێنن. پێویستیان بەوەیە بەشێنەیی هان بدرێن شتەکان بکەن و بەربەرەکانی بکرێن، گەرچی بە لایانەوە پەسەندە لە ماڵەوە بمێننەوە و لێی بخەون.

پێویستە ئەرکێک بەم منداڵانە بدەن. گەر ئەم جۆرە یارمەتییە وەرنەگرن، ڕەنگە پەرە بە هیچ ئارەزوویەک نەدەن. مسۆگەری ڕۆتین و نەریت و ڕێکوپێکی کارەکان بەردەوام پاڵپشتیان دەکات لەوەی وردەوردە ئەو سەرکێشییە بکەن پێویستە بۆ کردنی شتێکی تازە.

وەک یاسایەک، گەر گۆڕانکاری هەبێت، منداڵانی پەسەندکار ئارەزووی ناکەن.

ئارەزووی نەکردنی شتێک لەلایەن منداڵی وەڵامدەرەوە هۆکارێکی هێند باش نییە کە ئەو کارە نەکات. هەرگیز نایانەوێت شتێکی تازە بکەن. کاتێک بەرهەڵستی دەکەن لەوەی شتێکی نوێ بکەن، هێدی و لەسەرخۆ بن و هەرگیز زۆریان لێ مەکەن بەشدار بن. لەیادتان بێت، تەنیا لەڕێی تەماشاکردنەوە، بە ئاستێک بەشدار دەبن کە ئاسوودەبەخشە بۆیان. پێداگر بن لەوەی ناوبەناو دەرفەتیان بدەنێ تا ئارەزووەکانیان فراوان بکەن، بەڵام زۆریان لێ مەکەن لەوەی بەشداری بکەن. تەماشاکردن و سەرنجدان هەموو کات بەسە.

ئەم منداڵانە حەز ناکەن بەوەی قسەیان ببڕێت. حەز دەکەن تا دواهەمین وردەکاری بەردەوام بن. دووبارەکردنەوە سەقامگیریان پێ دەدات. کاتێک هەوڵ دەدەن ڕایانبگرن، بەرهەڵستی دەنوێنن، بەڵام زۆربەی کات بەرهەڵستییەکەیان بێدەنگە. تین و تاوی تووڕەییان ڕادەگرن چونکە نایانەوێت ببنە مایەی کێشەیەک، یاخود کەسی لاسار و نەشیاو بن. ترسێکی زۆریان هەیە لەوەی دایک و باوکیان نائومێد بکەن یان ڕەت بکرێنەوە.

## نەریتی خۆشەویستانە

منداڵانی پەسەندکار هەست بە خۆشەویستی دەکەن لەڕێی پێشبینیکردنییەوە. نەریتی خۆشەویستانە پێویستە بخولقێنرێت تاوەکوو ئەم منداڵانە ڕێگەیەکیان هەبێت تا ئەزموونی شایستەبی یاخود پەیوەندیی ناوازەی خۆیان لەگەڵ هەرکام لە دایک و باوک بکەن. پێویست ناکات نەریتەکان کاتی زۆر ببەن، تەنیا پێویستیان

بەوەیە وەک شتگەلی نایاب بناسێنرێنەوە و پاشان جار لەدوای جار دووبارە بکرێنەوە.

لەگەڵ لۆرینی کچمدا، نەریتێکی تایبەتی خۆمان هەبوو کە بەپێی دەچووین بۆ شارۆچکەکە بەنێو دارستانەکەدا و پاشان پشوومان دەدا و لە دوکانێکی ناوچەکە "بسکویتی مادلاین"ـمان دەخوارد. ئەو دەمەی منداڵێکی بچکۆلە بوو، دەمخستە نێو عەرەبانەی منداڵان، پاشانیش کە گەورەتر بوو، پێکەوە بە پیاسە یاخود بە سواری پاسکیل دەچووینە وێ. تەواوی ئەم نەریتە بیستوپێنج خولەکێکی دەخایاند. دە خولەک بۆ پیاسەی ڕۆژانەی هەر سەرێک، پێنج خولەکیش بۆ بسکویتەکانمان و خواردن دان بە سەگەکانی ناوچەکە.

ئەمڕۆ، وەک هەرزەکارێک، لۆرین زۆر بە ڕوونی ئەم ئەزموونانەی قۆناغی منداڵی لەیادە، لەگەڵ ئەو وابەستەییە پڕ خۆشەویستییەی لەنێوانمان بەشمان دەکرد. زۆرێک لە کەسانی گەورە تووشی ناڕەحەتی دێن لەوەی خۆشەویستی و خۆشی و شادییەکانی منداڵیان بیر بێتەوە، ئەمەش خەسارەتێکی زۆر گەورەیە. توانای بیرهاتنەوەی لەوەی خۆش ویستراوین و پاڵپشتی کراوین هەستێکی قووڵ لە مسۆگەری و جێگیریمان دەداتێ بۆ باقی ژیانمان.

هەر بە سادەیی بە گرتنەبەری چالاکییەکانی باوانیکردن و ئەنجامدانیان لە چەند کاتێکی دیاریکراودا، دەکرێت ببنە نەریت و بەم هۆیەوە زۆر بە ئاسانی بەبیر بێنەوە. نەریت بەوەش دروست دەبێت چەندین جار باسیان لێوە بکرێت. بۆ نموونە، بڵێ: "ئەمڕۆ ڕۆژی شەممەیە و با بچین بۆ شارۆچکەکە و بسکویتی مادلاین بخۆین." بۆ ئەوەی هەست بکەن کەسێکی تایبەتن، منداڵان پێویستیان بە چالاکی تایبەت هەیە لە کاتە تایبەتەکاندا. ئەمانەی خوارەوەش چەند نموونەیەکی هەڕەمەکین:

• بەیانی ڕۆژی شەممە، بابە هێلکە و تۆست دروست دەکات بە شێوازی تایبەتی خۆی.

• بەیانی ڕۆژی یەک شەممە، هەموو نیازمانە تا درەنگ بخەوین و دایەش شیرینییە بەلەزەتەکانی دروست دەکات.

• کاتێک بابە دواکەوت لەوەی بە شوێنماندا بێت، هەمیشە بەوە قەرەبووی دەکاتەوە بڕۆین و ساردەمەنیمان بۆ بکڕێت.

• کاتێک بابە لە دەرەوەی شارە، هەمیشە تەلەفۆن دەکات تا یارمەتیمان بدات لە ئەرکەکانی قوتابخانە و شەوشادمان لێ بکات.

• دایە هەمیشە پێش خەوتن چیرۆکێک دەگێڕێتەوە.

• دایە یان بابە هەمیشە پێش خەو گۆرانییەکمان بۆ دەڵێن.

• کاتێک منداڵێک ئازاری گەدەی هەیە، دایە هەمیشە خاولی گەرم ئامادە دەکات و کەمێک ڕۆن گەرچەکی سەردەخات.

• کاتێک بابە دڵی خۆشە، هەمیشە ئەو گۆرانییە دەڵێت کە زۆری حەز لێیە.

• هەموو پێنج شەممەیەک کاتژمێر هەشتی شەو، کۆ دەبینەوە و تەماشای بەرنامەیەکی خێزانی خۆش دەکەین.

• هەموو شەوێک پێش خەوتن، منداڵ و دایک و باوکەکە پێکەوە قسە دەکەن و چاوێک بە ڕۆژەکەدا دەخشێننەوە.

• لە وەرزی بەهاردا، تەواوی خێزانەکە پێش نانی ئێوارە دەڕۆن بۆ گوڵ چنین.

• هەمووان بەر لە نانی ئێوارە سەگەکە دەبەن بۆ پیاسە.

• هەموو هاوینێک، دەچینە گەشتێکی تایبەت کە زۆر حەزمان پێیەتی، بۆ هەمان شوێن و هەمان ئوتێل. "بە دڵنیاییەوە دەتوانین گەشتی دیکەش بکەن. بەڵام بە دووبارەکردنەوەی هەمان گەشت، دەبێتە نەریتێکی تایبەت."

• لە ڕۆژانی یەک شەممەندا، چوونە دەرەوەی خێزانیمان هەیە، یان دەچینە پیاسەیەک، یاخود سەیرانێک دەکەین.

- ڕۆژانی یەک شەممەی هاوین، دەچین بۆ کەناری دەریا.
- هەموو مانگی تەمموزێک، دەچین بۆ شاری یاری منداڵان.
- مانگی جارێک، ڕۆژێک لەگەڵ دایە و بابە بەسەر دەبەین.
- هەموو شەوێک بەر لە خەوتن، نزایەک دەکەین، بابە یان دایەش لایلایەیەکمان بۆ دەکات.

ئەم نەریتە خۆش و جوانانە یادگاری و پێشبینی تایبەت دروست دەکەن کە سەقامگیرییەکی زۆر لە قۆناغی منداڵی و باقی ژیان فەراهەم دەکەن. نەریتی دیکەش هەن کە کەمتر خۆش یان تایبەتن، بەڵام هەستێکی بەهێزی جێگیری دابین دەکەن لە هەمووشی زیاتر ڕێکوپێکی. هەموو شتێک لە سروشتدا نیزام و ڕێکوپێکییەکی هەیە. بەهار دوای زستان دێت، هاوینیش بەدوای بەهاردا.

هەموو شتێک لە ژیاندا وەرزی خۆی هەیە. کاتێک هەیە بۆ چالاک بوون و کاتێکشی بۆ حەوانەوە، کاتێک بۆ خواردن و کاتێک بۆ گەمەکردن، کاتێک بۆ دەستپێک و کاتێک بۆ خاوێنکردنەوە. شەپۆلەکانی زەریا دێن و پاشان دەکشێنەوە. خۆر هەڵدێت و پاشان ئاوا دەبێت. تەنانەت لە جەستەشماندا، سەرەتا هەناسە دەدەین و پاشان هەناسە دەدەینەوە. لە خەو هەڵدەستین و پاشان دەخەوین.

هەموو ڕەفتار و ڕۆتین و نەریتە دووبارەبووەوەکان هەستێکی ڕێکوپێکی و نیزامی دابین دەکەن بۆ ژیان. ئاسوودە دەبین بەوەی بزانین دواتر چی ڕوو دەدات و چی دێتە پێش. ئێمە ئاشناین بەوەی دەبێت ببێت. هەموو منداڵان پێویستیان بە نەریتەکان و ئەم جۆرە ڕێکوپێکی و نیزامە هەیە، بەڵام منداڵانی پەسەندکار زۆر پشتی پێ دەبەستن گەر هاتوو لە قۆزاخە و قاوغەکەیان بێنە دەرەوە و بەهرە و تواناکانی ناو ناخی خۆیان دەرببڕن.

# نەریتە کردارەکییەکان

ئەمانە هەندێک نموونەی دیکەی نەریتە گرنگەکانن کە ڕێکوپێکی دابین دەکەن بۆ ژیانی منداڵ. بێگومان، هەموو ئەمانە شیاو یان گونجاو نین بۆ نێو هەموو ماڵێک. بە مەبەستی هاندانی بیرۆکەی جیاواز لای ئێوە ئەوە دانراون.

- هەموو ڕۆژێک پێش چوون بۆ قوتابخانە، لە هەمان کاتدا لە خەو هەستە.
- لەو شوێنە تایبەتییەی خۆت یان لەسەر کورسییەکەت دانیشە کە نانی لێ دەخۆیت.
- هەموو بەیانییەک لە هەمان کاتدا بڕۆ بۆ قوتابخانە.
- با هەموو ڕۆژێک دوای قوتابخانە هەمان کەس منداڵەکە بهێنێتەوە و بچێت بە شوێنیدا.
- بەردەوام لە هەمان کاتدا منداڵەکەت هەڵگرە و بیهێنەوە.
- هەموو سێ شەممە یان پێنج شەممەیەک بڕۆن بۆ پارک.
- ڕۆژانی شەممە ئۆتۆمبیلەکە بشۆ.
- لە هەمان کاتدا وەرن بۆ خواردنی نانی ئێوارە، با ڕێگەیەکی تایبەت بە خۆتان هەبێت بۆ بانگکردنی منداڵەکان بۆ نانی ئێوارە، زەنگێک لێبدەن یاخود بە پەیامێکی سادە بڵێن: "نانی ئێوارە ئامادەیە. کاتی ئەوەیە بێن نان بخۆن."
- شەوی پێشتر پۆشاکەکانی سبەینێ دیاری بکە. "ئەم پێشنیارە زۆر یارمەتیدەر دەبێت کاتێک منداڵێک بەرهەڵستی دەکات لەوەی بەیانیان خۆی بگۆڕێت."
- ڕۆتینێکی بچووک دروست بکە پێش خەوتن بۆ شتنی دەموچاو، شووشتنی ددانەکان، لەبەرکردنی جلکی خەو، هەموو شەوێکیش لە هەمان کاتدا ئەنجامی بدە. "ئەم جۆرە ڕێکوپێکییە کارێکی بنچینەییە.

هەموو منداڵێک پێویستی بە خەوتنە، ڕۆتینێکی ڕێکوپێک بۆ خەوتن، لە کاتێکی دیاریکراودا، وایان لێ دەکات زۆر باشتر بخەون، کە لە بەرانبەردا وا دەکات هەموو شتەکانی دیکەش باش دەکات."

کاتێک منداڵانی پەسەندکار ئەو ڕێکوپێکی و نیزامە وەردەگرن کە پێویستیانە، برەو بە هێزێکی گەورە دەدەن و تواناکانیان ڕێک دەخەن. دەتوانن ڕێکخستنێک دروست بکەن و درێژەی پێ بدەن. منداڵگەلی ئارام و کردارەکین و دەتوانن بەسەر کۆسپی گەورەدا زاڵ ببن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان. منداڵی بەبەهرەن تا ئاسوودە بن و دڵیان بدرێتەوە بە پاڵپشتی خۆشەویستانە. لەسەرخۆ ڕێ دەکەن، بەڵام پتەو و پێ داکوتاون.

## پێدانی ئەو شتە بە منداڵەکانمان کە پێویستیانە

ڕێک لە ئێستادا، ڕەنگە بیر بکەیتەوە، بەختێکی گەلێک باشە کەوا لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا دایک و باوک بڕیار دەدەن منداڵی کەمتر بخەنەوە. گەر ئەم تێڕوانینە نوێیەی تێرکردنی پێویستییەکانی منداڵەکەت وا دیارە زۆر زیاترە لەوەی تۆ دەتوانیت دابینی بکەیت، بەو جۆرە نییە. ڕەنگە بە ڕواڵەت وا بێت باری گران بخاتە سەر شانت، چونکە نوێیە. کاتێک زیاتر ئاشنا بوویت بەم بیرۆکانە و دەستت کرد بە جێبەجێکردنیان، باوانیکردن گەلێک ئاسانتر دەبێت لەلات.

ئەم ڕێگە جیاوازانەی تێرکردنی پێویستییەکان بەرهەڵستی کەم دەکەنەوە، بەڵام کات و ئامادەسازیان گەرەکە، هەندێک جاریش هیچ کامیانمان نییە. ئەو توانا و شارەزاییانەی دواتر لێیان دەکۆڵینەوە سەرکەوتوو دەبن تەنانەت کاتێک کاتی زۆریشت نەبێت. لە بەشی

دواتـردا، فێر دەبـن چـۆن گـوێگرتن و دەربڕینـی ویسـت و داواكانت دەتوانن بەرهەڵستی كەم بكەنەوە و سەركەوتووانە هانی منداڵەكانتان دەدات هاوكار بن.

(٥)

# توانا و شارەزایی نوێ بۆ برەودان بە پەیوەندیگرتن

گرنگترین توانا و شارەزاییەکان بۆ کەمکردنەوەی بەرهەڵستی و هێنانە ئارای هاوکاری بریتین لە گوێگرتن و لە منداڵ تێگەیشتن. کاتێک منداڵان بەرهەڵستی دەکەن لەوەی هاوکاری بکەن، بەشێک لەوان شتێکی دیکەیان دەوێت یان پێویستیانە. ئەم ویست، پێویستی، خۆزگە وەدی نەهاتووە پێویستە دیاری بکرێت و ئاڕاستە بکرێت. دیاریکردنی ویست یان ئارەزوویەکی منداڵێک زۆربەی کات بەرهەڵستی منداڵ کەم دەکاتەوە. لەم حاڵەتەدا، کردەی تێگەیشتن لە سەرچاوەی بەرهەڵستی منداڵ بەسە بۆ ڕەوینەوەی. بە تێگەیشتن و فێربوونی توانا و شارەزاییە تازەکان بۆ برەودان بە پەیوەندی گرتن، دەمودەست دەتوانین بەرهەڵستی منداڵ کەم بکەینەوە و ئارەزوویان بەهێز بکەین بۆ هاوکاریکردن.

**تێگەیشتن لە بەرهەڵستی منداڵەکەت بەسە بۆ ڕەواندنەوەی.**

بەهێزترین پاڵنەری -یاخود بەهێزترین ئارەزوو، خۆزگە، پێویستی- منداڵان ویست و ئارەزووی هاوکاری و دڵخۆشکردن و شوێنکەوتنی دایک و باوکییەتی. منداڵان لەدایک دەبن و پێویستیان بەوەیە شوێن ڕێبەریکردنی باوانیان بکەون، گەورەترین خۆزگەیان دڵخۆشکردنی دایک و باوکیانە، بەهێزترین ئارەزووشیان هاوکاریکردنە. هێشتا، ئەم پاڵنەرە بەهێزە پێویستە وەخەبەر بهێنرێت و بەهێز بکرێت وەک هەر بەهرە و توانایەکی دیکە. لەبری تیشکخستنەسەر ڕێگە و شێوازەکان بۆ دەستبەسەرداگرتنی منداڵ بە ترس و هەستی گوناهباری، باوانیکردنی ئەرێنی تیشک دەخاتە سەر ئەو ڕێگایانەی ئارەزووی منداڵ بەئاگا دەهێنێتەوە بۆ هاوکاریکردن. بەکارهێنانی ترس و هەستی گوناهباری ڕەنگە لە مەودای کورتدا بە شێوەیەکی کاریگەر جڵەوی منداڵ بکات، بەڵام لە مەودای دووردا ویست و ئارەزووی منداڵ لاواز دەکات بۆ هاوکاریکردن.

## بۆچی منداڵان بەرهەڵستی دەکەن

کاتێک منداڵان بەرهەڵستی دایک و باوکێک دەکەن، زۆربەی کات بە هۆی ئەوەوەیە ئارەزووی شتێکی دیکە دەکەن و پێیان وایە گەر تەنیا لێیان تێبگەن، ئەوا ئێوەش ئارەزووی پاڵپشتی ویست و خۆزگە و پێویستییەکانی ئەوان دەکەن. بۆ ساتێک بیر لەمە بکەنەوە. زۆرینەی زۆری کات وەک دایک و باوک بیر دەکەنەوە: "منداڵەکەم پێویستی بە چییە، چی دەوێت و خۆزگەی چی دەخوات؟" پاشان دەستبەکار دەبن تا پاڵپشتیان بکەن. کاتێک منداڵان هەست بە خۆشەویستی و پاڵپشتی دەکەن، بە سروشتی پێیان وایە ئێوە داواکارییەکەتان دەگۆڕن گەر گوێ بگرن لەوەی چیان دەوێت و خۆزگە و پێویستییان چییە. پێیان وایە ئێوە داواکارییەکەتان هەموار دەکەنەوە گەر ئێوە تەنیا لە گرنگی ویست و پێویستییە دەمودەستییەکانیان بگەن. هەندێک جار

بەرهەڵستی ئەوان تەنیا هەوڵدانە تا پەیوەندی بە ئێوەوە بگرن کەوا شتێکی دیکە هەیە بەلایانەوە پەسەندە.

توانـــای تێگەیشـــتن لە بەرهەڵســـتی منـــداڵەکانتان لەوەدایە کەوا دەمودەست ئەو بەرهەڵستییە کەم دەکاتەوە. کاتێک منداڵان ئەو پەیامە وەردەگرن کەوا ئێوە تێدەگەن لەوەی ئەوان چیان دەوێت و چەندێک گرنگە بۆیـان، ئەوسـا ئاسـتی بەرهەڵستیان دەگۆڕێت. تەنیا ئەوەندە بەس نییە لە منداڵەکانمان بگەیـن، پێویستمان بەوەیە سـەرکەوتووانە بیگەیەنین پێیان کەوا بە ڕاستی تێدەگەین. کاتێک منداڵان بەرهەڵستی دەنوێنن، هۆکارەکەی ئەوەیە کەوا بە هەڵە بڕوایان وایە دایک و باوک تێناگەن لەوەی خۆزگە و ویست و پێویستیان چییە.

بۆ نموونە، منـدڵێکی پێنج سـاڵە بسکویتێکی دەوێت، بەڵام دایکی دەیەوێت چاوەڕێ بکات تا دوای نانی ئێوارە.

بۆبی: دایە، بسکویتێکم دەوێت.

دایک: نزیک دەبینەوە لە کـاتی نـانی ئێوارە. دەمەوێت تـا دوای نـانی ئێوارە چاوەڕێ بکەیت و دواتر دانەیەک بخۆیت.

بۆبی: بەڵام من ئێستا دانەیەکم دەوێت...

منـداڵەکە تووشـی تـاوی تـووڕەیی و وڕکگـرتن دەبێـت. دایـکەکە سەرەتا گوێ دەگرێت تا لە بەرهەڵستی منداڵەکە تێبگات. دوای ئەوەی دەوەسـتێت تـا گـوێ بگرێـت، بە هێمنـی دەڵێـت: "دەزانـم ئێسـتا بسکویتێکت دەوێت. بە ڕاسـتی تووڕەیـت چـونکە دانەیەکـت دەوێت، منیش دانەیەک بە تۆ نادەم."

لەم خاڵەدا، بۆبی بۆ ساتێک دەحەوێتەوە و واز لە بەرهەڵستییەکەی دەهێنێـت. ئەمەش بە هـۆی ئەوەوەیە کە ئێسـتا پێـی وایە کە دایکی

دەزانێت چی دەوێت، سەرەنجام بسکویتەکەی خۆی بەدەست دەهێنێت. پاشان دایکەکە دەڵێ: "هێشتا دەبێت تا دوای نانی ئێوارە چاوەڕێ بکەیت."

هەندێک جار ئەم ڕادەیە لە تێگەیشتن بەس دەبێت، بەڵام هەندێک جاری دیکە منداڵ پێویستی بە زیاتر دەبێت بەر لەوەی بتوانێت هاوکار بێت. زۆربەی کات منداڵان بەرهەڵستی دایک و باوکیان دەکەن بە سادەییش هۆیەکەی ئەوەیە هەست ناکەن گوێیان بۆ دەگیرێت و دەبینرێن.

**زۆربەی کات منداڵان بەرهەڵستی دایک و باوکیان دەکەن بە سادەییش هۆیەکەی ئەوەیە هەست ناکەن گوێیان بۆ . دەگیرێت و دەبینرێن.**

با بکۆڵینەوە لەوەی چی ڕوو دەدات کاتێک بۆبی پێویستی بە کات و تێگەیشتنی زیاترە. دوای وازهێنان لەو تووڕەییەی لە کاتی تاوی شێتگیرییەکەیدا سەری هەڵدا، ئێستا هەست بە نائومێدی و خەمباری دەکات. گەرچی بۆبی بەردەوامە لە بەرهەڵستیکردنی دایکی، بەڵام بەرهەڵستییەکەی چۆنایەتییەکی جیاوازی هەیە. بە سروشتی لە تووڕەییەوە باری گۆڕیووە بۆ نائومێدی و خەمباری. بۆبی دەست دەکات بە گریان و دەڵێت: "هەرگیز ئەوەی دەمەوێت بەدەستی ناهێنم. نامەوێت چاوەڕێ بکەم."

دیسانەوە، دایکەکە تێگەیشتنی خۆی دەدات و ویست و خۆزگە و پێویستییە وەدی نەهاتووەکە دیاری دەکات. دایکەکە دەڵێت: "تێدەگەم لەوەی خەمباریت. تۆ بسکویتێکت دەوێت و ناتەوێت چاوەڕێ بکەیت. کاتێکی درێژە تا چاوەڕێ بکەیت."

بە ڕوونـی، بەرهەڵسـتییەکە دەدات لە کەمـی، بەڵام لەوە گرنگتـر ئاستێکی قووڵتری هەستکردن سەر دەردەهێنێت. دوای کەمێک گریان، ترسەکانی منداڵەکە دەسـت دەکەن بە پەیـدابوون. منـداڵەکە ئێسـتا بەرهەڵستی دەکات بە گوتنی: "من هەرگیز بسکویتەکەمم پێ ناگات. هەرگیز ئەوەی دەمەوێت بەدەستی ناهێنم. تەنیا دانەیەکم دەوێت. بۆچی ناتوانم دانەیەک بخۆم؟"

لەم قۆنـاغەدا، دایـکەکە خـۆی دوور دەخـاتەوە لەوەی هەر جـۆرە ڕوونکـردنەوەیەک بـدات و بەردەوام دەبێـت لە تێگەیشـتنی خـۆی و دیـاریکردنی هەسـتەکان و ویسـتەکانی منـداڵەکە. دەڵێـت: "دەزانـم دەترسی لەوەی هەرگیز بسکویتێک پێ نەدرێت. ماوەیەکی درێژە تا چاوەڕێ بکەیـت. دڵنیـات دەکەمەوە بسکویتەکەی خـۆت وەردەگریت. بەڵێن بێت. وەرە ئێرە شیرینەکەم، با باوەشێکت پێدا بکەم. من تۆم زۆر خۆش دەوێت."

لەم سـاتەدا، بـۆبی لەنێـو ئـامێزی دایکیـدا دەتـوێتەوە و ئەو خۆشەویسـتی و دڵنیـابوونەوە و پاڵپشـتییە وەردەگرێـت کە زۆر پێویستی پێیەتی. عادەتەن منداڵ کە بەرهەڵستی دەکات لەوەی هاوکار بێت، پێویستی بە شتێکی کەمێک قووڵترە. پێویستیان بەوەیە لییـان تێبگەیـت و خـۆش بویسـترێن و پاشـان تەنیـا پێویسـتیان بە بـاوەش پێداکردنێکە.

## کات تەرخانکردن بۆ گوێگرتن

دوای خوێنـدنەوەی ئەم نمـوونەیە بـۆ لێکـۆڵینەوە لە هەسـتە قووڵەکانی منداڵان ژێر بەرهەڵستیان، ڕەنگە بیر بکەنەوە: "من ناتوانم هەموو جارێک ئەمە بکەم لەگەڵ منداڵەکەم کاتێک بەرهەڵستیم دەکات. تۆ لە منداڵەکانی مـن تێناگەیـت. هەمـوو کـاتی مـن بە بەرهەڵسـتیان

لووش دەدەن." ئەمە ڕاستە تەنیا ئەوە نەبێت ئەم توانا و شارەزاییە بە ڕاستی کاری خۆی دەکات و سەرکەوتوو دەبێت. بەرهەڵستی کەم دەکاتەوە و هاوکاری زیاتر دەخولقێنێت. گەر کاتی خۆت وەربگریت بۆ گوێگرتن و بە ڕاستی ئەو کارە بکەیت، جاری دواتر منداڵەکانتان کەمتر بەرهەڵستی دەکەن و گەلێک زیاتر هاوکار دەبن.

هەندێک جار پێنج خولەکی زیاتر دەبات، بەڵام ئەمە ئەو شتەیە کە منداڵەکەت پێویستی پێیەتی. هەموو هەفتەیەک چەندین کاتژمێر بە بازاڕکردن و شۆفێریکردن و پەیداکردنی شتەکانەوە بۆ منداڵەکانمان بەسەر دەبەین. لە کاتێکدا ئەم شتە زیادانە گرنگن، بەڵام هاوشێوەی ئەوە گرنگ نین لەناوەوە پاڵپشتی منداڵەکانمان بکەین. چەند خولەکێکی زیاتر کات تەرخانکردن بۆ گوێگرتن و دیاریکردنی هەست و ویست و خۆزگە و پێویستییەکانی منداڵەکانمان نەک تەنیا ئەوەیان پێ دەبەخشێت بە ڕاستی پێویستیانە، هەروەها کاتی زیاتریش دەبەخشێت بە دایکان و باوکان بۆ پێویستییەکانی خۆیان.

**کات تەرخانکردن بۆ گوێگرتن گەلێک گرنگترە لەوەی منداڵ بگەیەنیتە مەشقی تۆپێن لە کاتی خۆیدا.**

گەرچی بەکارهێنانی هەڕەشە و سەرزەنشت ڕەنگە بەرهەڵستی منداڵ خەفە بکات و کاتی بەنرخمان بۆ گل بداتەوە، لە مەودای دووردا بەرهەڵستی گەورەتر دروست دەکات بۆ شتەکانی دیکە. زۆرینەی کات دایکان ئەمە سکاڵایانە: "بەڵام منداڵەکەم خراپترین کاتەکان هەڵدەبژێرێت بۆ بەرهەڵستیکردن. وا دیارە ئەو کاتەی من هیچ کاتم نییە، ئەوە ئەو کاتەیە کە ئەوان زۆرترین بەرهەڵستی تێدا دەکەن."

کاتێک منداڵان ڕێگەیان پێ نادرێت بەرهەڵستی بکەن، لەناوەوە پەستی و بێزاری دروست دەبێت و دێتە دەرەوە کاتێک دایک و باوکەکە گەلێک ناڕەحەت و بێزارن. ئەم کێشەیە دەکرێت خۆی لێ لا بدرێت بە تەرخانکردنی کات، کاتێک بە ڕاستی کاتت هەبوو، تا گوێ بۆ بەرهەڵستی منداڵەکەت بگریت. جار لەدوای جار ئەو پەیامەیان پێ بدەن کەوا دەبینرێن و دەنگیان دەبیسترێت.

گەر هەرگیز کاتت نەبوو گوێ بگریت، کەوایە ئەوە بە منداڵەکەت نادەیت کە گەرەکییەتی. مستێک لە خۆپاراستن لە کیسێک لە چارەسەر باشترە. چاوەڕێ مەکە تا بەرهەڵستی منداڵەکانتان دروست دەبێت و پاشان دەتەقێتەوە. هەرکات گونجا کات تەرخان بکە بۆ گوێگرتن لە بەرهەڵستیان، ئەوسا بەرهەڵستی دروست نابێت و بێتە دەرەوە کاتێک بە ڕاستی پێویستت بە هاوکاری منداڵەکەتە و کات یاخود دەرفەتی زیاترت نییە بۆ گوێگرتن یاخود پاڵپشتیکردنیان.

هەوڵ بدە بیرت بێتەوە تەنیا پێنج خولەکی زیادەیە و بە ڕاستی ئەوەش دەهێنێت. گوێگرتن بۆ منداڵەکانتان هەمیشە گرنگترە لەوەی بگەنە شوێنێکی دیکە لە کاتی خۆیدا. کاتێک کات تەرخان دەکەن بۆ گوێگرتن لە منداڵەکانتان، خۆکردانە زیاتر هان دەدرێن تا یارمەتیتان بدەن لەوەی کاتتان بۆ خۆیشتان هەبێت. هاوکاری واتای ئەوەیە ئێوە دەبەخشن و ئەوانیش دەبەخشن. دیاری تێگەیشتن ببەخشن و ئەوسا منداڵەکانتان باشتر گوێ دەگرن و زیاتر هاوکار دەبن.

## دوو مەرجەکە

بۆ ئەوەی بیگەیەنیت کەوا تۆ پێویستی و خۆزگە و ویستەکانی منداڵێک دەبیستیت یاخود لێیان تێدەگەیت، دوو مەرج پێویستە بێنە دی. دایک و باوکەکە پێویستە پەیامی پشتڕاستکردنەوەکە بگەیەنن، بەڵام منداڵەکەش پێویستە بەئاگا بێت لەوەی پێویستییەکەی دەبیسترێت نەک تەنیا ئارەزووەکەی بۆ خواردنی بسکویتێک لە ئێستادا. لەرێی دانانی سنوورەوە "بۆ نموونە، 'تۆ ئێستا ناتوانیت بسکویتێک بخۆی!'" منداڵان هەست بە بەرهەڵستیان دەکەن، ئاگادار نین لەوەی پێویستییە شاراوەکەیان ببیسترێت.

هەنگاوی دواتر بۆ دایک و باوکەکە ئەوەیە تا هەستەکانی تووڕەیی یان بێزاری منداڵەکانیان دیاری بکەن بە رێگەیەکی هێمن و گەرموگوڕ. کاتێک دایک و باوکێک دان دەنێن بەم هەست و سۆزەدا، منداڵانیش بەئاگا دێنەوە لەوەی هەستی پێ دەکەن. گەرچی رەنگە منداڵان تووڕە بن، بەڵام هێشتا بەئاگا نین لەوەی هەست بە تووڕەیی دەکەن.

بە بوونی هۆشیارییەک بۆ هەستەکانیان، دەرچەیەکی دیکە بۆ منداڵ دەکرێتەوە. لەم حاڵەدا، منداڵانیش دەتوانن پێویستی خۆیان بەوەی ببیسترێن دیاری بکەن و هەستی پێ بکەن. کاتێک منداڵێک هەست بەو پێویستییە دەکات تا لێی تێبگەن و ئەو پێویستییەی وەدی دێت، ئەوسا گەورەترین بەشی کێشمەکێشمەکە کۆتایی دێت. منداڵەکە پەی دەبات بەوەی کەوا دەنگی بیستراوە. ئەم هەستی گوێبیست بوونە ئەوسا دەچەسپێت کاتێک دایک و باوکەکە دەڵێن کەوا منداڵەکە چی دەوێت.

هەموو ئەمانە لە ساتێکی کورتدا ڕوو دەدەن کاتێک دایک و باوکەکە دەڵێن: "دەزانم ئێستا تۆ بسکویتێکت دەوێت. تۆ بە ڕاستی تووڕەیت چونکە تۆ دانەیەکت دەوێت و منیش پێت نادەم." وەڵامی منداڵەکەش بەڵێیەکی تەواو دەبێت. قورسە بەردەوامی بە بەرهەڵستی

بدرێت کاتێک هەست بە بەڵێ دەکەیت، تۆیش دەنگت دەبیسترێت و لێت تێدەگەن.

نموونەی بسکویتەکە سەرکەوتوو بوو، چونکە هەردوو مەرجەکە هاتە دی. دایک و باوکەکە تێگەیشتنی خۆیان گەیاند و منداڵەکەش هەستی کرد پێویستییەکەی بۆ تێگەیشتن لێی وەدی هات. گەرچی ئەم تەکنیکە زۆر کاریگەرە لەگەڵ منداڵانی هەستیاردا، لەگەڵ هەر چوار سروشتەکەی منداڵان کاری خۆی دەکات و سەرکەوتوو دەبێت. ڕەنگە کەمێک زیاتر بخایەنێت لەگەڵ منداڵانی هەستیاردا، چونکە زۆر پێویستیان بە تێگەیشتنەکەیە.

تا منداڵێک زیاتر هەستیار بێت، ڕەنگە پێویست بکات زیاتر ڕۆبچێتە نێو قووڵایی هەستەکانییەوە. دایک و باوکێک دەتوانن ڕێنوێنی منداڵەکەیان بکەن بۆ نێو ئاستە قووڵترەکانی هەستەکانییەوە بەوەی ئەم شێوازە ئاسانەی هەست و سۆزەکانی بیر بێتەوە. لەژێر بەرهەڵستی منداڵاندا سەرەتا تووڕەیی، پاشان خەمباری، دواتریش ترس هەیە. بە پێدانی چانس بە منداڵ تا قووڵتر ڕۆبچێت و هەست بەم هەستانە بکات، دەرگایەک لە دڵیدا دەکرێتەوە و ئەوانیش دەتوانن هەست بکەن بەوەی پێویستییە ڕاستەقینە و هەرە گرنگەکانیان وەدی دێن. گەر منداڵان کەمێک ڕۆنەچنە خوارەوە، لە ڕووکەشدا دەمێننەوە و تەنیا بەرهەڵستی دەکەن و بسکویتەکەیان دەوێت.

**لەژێر بەرهەڵستیی منداڵاندا سەرەتا تووڕەیی، پاشان خەمباری، دواتریش ترس هەیە.**

بۆ منداڵانی هەستیار، دایکان و باوکان پێویستە بە شێوەیەکی سەرەکی بیروهۆشیان لەسەر ئەوە بێت ئەو تووڕەیی و خەمباری و ترسە دەرکێشنە دەرەوە، لە کاتێکدا دان بنێن بەوەشدا کەوا بە ڕوونی تێدەگەن کەوا منداڵەکەیان چی دەوێت.

بۆ منداڵانی چالاک، دایکان و باوکان پێویستە بیروهۆشیان لەسەر چەند هەستێکی سەرەکی کەم بێت، بەڵام دانیش بنێن بەوەدا کە منداڵەکە دەیکات یاخود دەیەوێت بیکات. بۆ نموونە، دەتوانیت بڵێی: "دەزانم وازت لە هەموو شتێک هێناوە تا بێیتە ئێرە و بسکوێتێک وەرگریت. تۆ بە ڕاستی تووڕەیت چونکە بسکوێتێکت دەوێت و منیش دەمەوێت تا دوای نانی ئێوارە چاوەڕێ بکەیت." گەر منداڵێک چالاک بێت، دەتوانیت سەرکەوتوو بێت لە پێدانی تێگەیشتنێکی باشتر تەنیا لەڕێی کەمێک درێژکردنەوەی ئەوەی لەڕووی جەستەییەوە چی ڕوو دەدات یاخود ڕوو نادات و لەڕێی ئەوەشەوە کەوا لە منداڵەکە بکەیت ڕاستەوخۆ بزانێت کە تۆ چیت لێی دەوێت بیکات.

بۆ منداڵانی وەڵامدەرەوە کە پێویستیان بە دووبارە ئاڕاستەکردنەوەیە، دەتوانیت دەستەواژەیەکی بچووکی لەم شێوەیە زیاد بکەیت: "دەزانم ئێستا بسکوێتێکت دەوێت. تۆ بە ڕاستی تووڕەیت چونکە دانەیەکت دەوێت و منیش پێت نادەم. با بچینە ئەوێ دانەیەک بپێچینەوە و دوای نانی ئێوارە بیخۆ. ئەم ئێوارەیە ماسی سەلەمۆن و هەریسەی پەتاتەمان هەیە. تۆ تەماشای ئەم پەتانەیە بکە..."

بۆ منداڵانی پەسەندکار کە پێویستیان بە ڕێکوپێکی زیاترە، ڕەهەندی کاتی بۆ زیاد بکە و باشتر کاری خۆی دەکات. ئەم دەستەواژەیە بەکار بهێنە: "دەزانم ئێستا بسکوێتێکت دەوێت. تۆ بە ڕاستی تووڕەیت چونکە ناتەوێت چاوەڕێ بکەیت. ئێستا کاتی خۆئامادەکردنە بۆ نانی ئێوارە و دوای ئەوە کاتی خواردنی شیرینی

دەبێت. سەرەتا نان دەخۆین و دواتریش شیرینی." منداڵانی پەسەندکار پێویستیان بە کەمێک ڕێکوپێکی و نیزام هەیە و دواتر پشوو دەدەن و دەحەوێنەوە.

هەریەک لەم چوار ڕێبازە جیاوازە بە باشترین شێوە کاری خۆیان دەکەن کاتێک دەخرێنە کار بۆ منداڵی گونجاو، بەڵام نموونە ڕەسەنەکەش کاری خۆی دەکات. لەیادتان بێت هەر منداڵێک کەمێک لەم چوار سروشتەی تێدایە. هەرکام لەم ڕێبازانە کاری خۆی دەکات و سەرکەوتوو دەبێت.

## شێوازی خۆشەویستی توندی باوانیکردن

کاتێک دێتە سەر نۆرەی مامەڵەکردن لەگەڵ بەرهەڵستی منداڵەکانمان، بە گشتی دوو ڕێبازی جیاواز هەن: خۆشەویستی نەرم و خۆشەویستی توند. دایک و باوکە خۆشەویست توندەکان بە هەڵە بڕوایان وایە: "گەر چاوپۆشی لە بەرهەڵستی منداڵەکەم بکەم، ئەوسا خوویان تێک دەدەم. پێویستە هەمیشە لەیادیان بێت کێ سەرۆک و بڕیاربەدەستە." گەرچی ئەم بیرکردنەوە سنووردارە ئەمڕۆ بەسەرچووە، تاڕادەیەکیش ڕاستە. بۆ هەبوونی هەستێکی تەندروستی سەقامگیری لە ژیاندا، منداڵان پێویستیان بەوەیە هەمیشە لەبیریان بێت کەوا دایک و باوکی بڕیاربەدەست و سەرۆکن.

گەرچی منداڵان ڕەنگە حەزیان بەوە بێت ببن بە بڕیاربەدەست و سەرۆک، بەڵام ئەمە لەدژی بنیادی تەندروستیانە. منداڵان پێویستیان بەوەیە لەنێو جیهانی خەیاڵی منداڵیدا گەمان بکەن دوور لە باری گرانی بەرپرسیارێتی. بڕادەگەلی زۆر ناجێگیری و شلۆقییەک لە ناخیاندا دروست دەکات کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گەلێک کێشە. منداڵ دادەبڕێت لە ویستی سروشتی خۆی بۆ هاوکاریکردن و دەبێت

به کەسێکی فەرمانکەر و خۆپەرست و موحتاج و زیاتر بەرهەڵستکار. هەموارێک هەیە بۆ ئەو قسە پێشینانەی دەڵێت: "واز لە گۆچانەکەی دەست بێنە و منداڵ خووی تێک دەچێت." کە بریتییە لە "کاتێک منداڵ لەیادی دەکات کێ بڕیاربەدەست و سەرۆکە، ئەوا خووی تێک دەدەیت." ئەو پەیامە تازەیەی پێویستە بیدەین بە منداڵەکانمان ئەوەیە کە ئاساییە بەرهەڵستی بنوێنن، بەڵام بیریان بێت کە دایە و بابە بڕیاربەدەست و سەرۆکن.

**کاتی ئەوەیە هەموارێک لەو قسە کۆنەدا بکرێت کە دەڵێت: "واز لە گۆچانەکەی دەستت بێنە و منداڵ خووی تێک دەچێت."**

حیکمەت و ژیرییەکانی ڕابردوو دەبێت هەمیشە گۆڕانکاریان تێدا بکرێت بە هەمواری نوێوە. بۆ هێنانە ئارای ڕێککاری لە کۆمەڵگەدا، چیتر پێویستمان بەوە نییە داوێن پیسەکانمان ببەین و لە دەرەوەی دیوارەکانی شار بەرد بارانیان بکەین. بە هەمان شێوە، پێویستمان بە لێدانی منداڵەکانمان و چاوپۆشینەکردن نییە لە ئاست بەرهەڵستیان. ڕێبازەکانی خۆشەویستی توند پێویستە دووبارە بیریان لێ بکرێتەوە و پیاچوونەوەیان بۆ بکرێت و لەگەڵ پێویستییەکانی گشت نەوەکاندا بگونجێن.

ڕێبازی خۆشەویستی توند منداڵان فێر دەکات کێ سەرۆکە، بەڵام چاوپۆشی لە بەرهەڵستی سروشتی منداڵان ناکات. لە کاتێکدا کاتی خۆی ڕێبازەکانی پشت بەستوو بە ترس و هەستی گوناهباری کاری خۆیان دەکرد، ئێستا دەبنە هۆی خولقاندنی گرفت و کێشەکان. بەو جۆرەی پێشتر گەنگەشەمان کردووە، پێویست ناکات منداڵان لێیان

بدرێت یان سزا بدرێن تا ئارەزووی هاوکاریکردن بێتە ئاراوە. منداڵ پێشوەختە خۆی بۆ ئەوە لەدایک بووە ئارەزووی هاوکاریکردنی هەبێت، بەڵام گەر ڕێگەیان پێنەدرێت بەرهەڵستی بنوێنن، ئەوسا یان لاواز یاخود ملکەچ دەبن، یاخود هەوڵ دەدەن لەڕێی یاخیبوونەوە پەی بە هێز و توانا ناوەکییەکانیان ببەن.

سزادان ڕەنگە منداڵ لە مەودای کورتدا بکاتە کەسێکی ملکەچ، بەڵام دواتر یاخی دەبن. منداڵانی ئەمڕۆ لە تەمەنێکی زووتر و زووتردا یاخی دەبن. ئەم یاخیبوونەش نەک هەر وا دەکات باوانیکردن کاتی زیاتر ببات، قورس و پڕ ئازاری دەکات، بەڵکو ڕێگری لە گەشەی سروشتی منداڵانیش دەکات.

هەندێک لە شارەزایان ئەمڕۆ دەڵێن شتێکی باشە بۆ منداڵەکەت لە تەمەنی بلۆقبووندا یاخی ببێت، شتێکی ئاساییە بۆ منداڵ لەو تەمەنەدا دەست هەڵگرێت لە قسەکردن لەگەڵ دایک و باوکیدا و یاخود ڕوویان تێنەکات بۆ بەدەستهێنانی خۆشەویستی و پاڵپشتیان. گەرچی شتەکان لە تەمەنی بلۆقبووندا دەگۆڕێن، واتای ئەوە نییە منداڵێک پێویستە یاخی ببێت لەدژی دایک و باوکی یان دەست هەڵگرێت لەوەی بۆ پاڵپشتی ڕوویان تێ بکات. دابڕانی گەورە لەنێوان دایک و باوک و هەرزەکاراندا ئاسایی و تەندروست نییە- تەنیا شتێکی باوە.

**دابڕانی گەورە لەنێوان دایک و باوک و هەرزەکاراندا کە ئەمڕۆ ڕوو دەدات ئاسایی و تەندروست نییە- تەنیا شتێکی باوە.**

گەرچی هەرزەکاران بە سروشتی پێویستییەکی گەورەتریان بە پاڵشتی هاوەڵ و هاوتەمەنەکانیان هەیە، ئەمە مانای ئەوە نییە چیتر

پێویستیان بە ڕێنوێنی و خۆشەویستی دایک و باوکیان نییە. بەخشش نییە بۆ هەرزەکارێک بەرپەرچی باوانی بداتەوە یان یاخی بێت لە دژیان. بەڵێ، ئەم ماوەیە کاتێکە بۆ ئەوان تا کنە و پشکنەی تاکێتی خۆیان بکەن، بەڵام ئەوە واتای ئەوە نییە یاخی ببن یان دابېرێن لە ویستێکی تەندروست بۆ هاوکاریکردن و دڵخۆشکردن و شوێنکەوتنی ئاڕاستەکردنی دایک و باوکیان.

ئەمڕۆ بۆ ژیانکردنی ژیانێکی پڕ دەسکەوت، ئەوەندە بەس نییە ئیرادەت ملکەچی یاساکان بێت و گوێڕایەڵانە لەژێر یاسای بەڕێوەبەر و بڕیاربەدەستەکەتدا بژیت. یارمەتیدەر نابێت بۆ منداڵەکانمان ئیرادەیان بشکێنرێت و فێریان بکەین بێهۆشانە و هەست مردووانە شوێن یاساکان بکەون. منداڵانی ئەمڕۆ خاوەن توانایەکی بێئەندازەن بۆ دروستکردنی ئەو ژیانەی خۆیان ئارەزووی دەکەن.

منداڵەکانمان توانایان هەیە تا خەونەکانیان بکەنە ڕاستی، بەڵام ئەم توانایە پێویستە برەوی پێ بدرێت. توانایەکی ئافرێنەرە. کاتێک کێشەیەک یان کۆسپێک دێتە پێش، منداڵێک یان هەرزەکارێکی ئافرێنەر هەر ئەوەندە نییە قبووڵی بکات و کۆڵ بدات. لەبری ئەوە، کەسی ئافرێنەر بە شوێن ڕێگەی دیکەدا دەگەڕێت، ڕێگەیەک بۆ بەدەستهێنانی ئەوەی دەیانەوێت و خزمەتکردنی پێویستییەکانی کەسانی دیکەش. لەڕێی بەئاگاهێنانەوەی گیانی هاوکاریکردن لە منداڵەکانماندا، ئەم زیرەکییە ئافرێنەرە بەئاگا دەهێنرێتەوە. لەڕێی گەورەکردنی منداڵەکانمان بەوەی هەر وا گوێڕایەڵ بن، شکست دەهێنین لەوەی هێزی پاڵنەریان پێ بدەین کە پێویستیانە تا لە جیهانی ئەمڕۆدا پێشبڕکێ بکەن و سەرکەوتوو بن.

**کاتێک منداڵ بەخێو دەکەین تا تەنیا گوێڕایەڵ بێت، شکست دەهێنین لەوەی هێزی پاڵنەری سەرکەوتنیان پێ ببەخشین.**

سەرکەوتن لە ژیاندا لەوەوە سەرچاوە ناگرێت شوێن یاساکان بکەویت، بەڵکو لەوەوە سەرچاوە دەگرێت مرۆڤ بۆ خۆی بیر بکاتەوە و شوێن دڵ و ئیرادەی نێو ناخی خۆی بکەوێت. ئەم توانا سروشتییە سەرەتا بەوە برەوی پێ دەدرێت ویست و ئامادەگی منداڵ بۆ هاوکاریکردن بەهێز بکرێت. داواکردنی ملکەچی لە منداڵەکانتان دەبێتە هۆی سرکردنی ئیرادەی نێو ناخیان. دڵ و مێشکیان دادەخات و دایاندەبڕێت لە توانای بێسنووری خۆیان بۆ خولقاندنی ئەو ژیانەی کە لێرەن تا بۆی بژین. کاتێک منداڵان ئەو پەیامەیان پێ دەگات کە ئاساییە بەرهەڵستی بکەن، بەڵام بیریان بێت کە دایە و بابە سەرۆکن، ئەو دەرفەتەیان دەبێت تا دڵ و مێشکیان بە کراوەیی بهێڵنەوە و برەو بەو توانایە بدەن تا ئیرادە و خۆزگەکانی خۆیان بۆ ژیان بناسن.

**سەرکەوتن لە ژیاندا لەوەوە سەرچاوە ناگرێت شوێن یاساکان بکەویت، بەڵکو لەوەوە سەرچاوە دەگرێت مرۆڤ بۆ خۆی بیر بکاتەوە و شوێن دڵ و ئیرادەی نێو ناخی خۆی بکەوێت.**

کاتێک دایک و باوک دەتوانن بە هێمنی وەڵامی بەرهەڵستی منداڵ بدەنەوە، بەبێ هەڕەشەی سزادان و سەرزەنشت، ئەوسا منداڵ وردەوردە فێر دەبێت چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو بەرهەڵستییەدا بکات لە جیهاندا ئەزموونی دەکات. کاتێک ڕووبەڕوو دەبێتەوە لەگەڵ کەسێکدا

کە ئارەزوو ناکات هاوکاری بکات، دەزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکەدا بکات بێ ئەوەی بێهۆشانە کۆڵ بدات یاخود داوا بکات کەسەکەی دیکە کۆڵ بدات.

باوانیکردنی ئەرێنی منداڵان فێر دەکات بەنێو کۆسپەکانی ژیاندا تێپەڕن بە تێگەیشتن و توانا و شارەزاییەکی گەورەی وتوویژکردنەوە. بە دڵنیاییەوە توانای گوێگرتن دەزانن بۆ کەمکردنەوەی بەرهەڵستی و زیادکردنی ویستی کەسێک بۆ هاوکاریکردن. ئەوەی بۆ ئەوان کراوە، ئەوانیش بۆ کەسانی دیکەی دەکەن. کاتێک دایک و باوکەکان زیاتر گوێ بۆ منداڵەکانیان دەگرن، خۆکردانە منداڵەکانیشیان فێر دەبن چۆن گوێ بگرن.

## باوانیکردنی خۆشەویستی نەرم

زۆربەی دایک و باوکەکان وازیان لە باوانیکردنی خۆشەویستی ڕەق و توند هێناوە. درک بە گرنگی گوێگرتن دەبەن، بەڵام لە گرنگی بوون بە سەرۆک و بڕیاربەدەستی تێناگەن. خۆیان بەدوور دەگرن لە بەرهەڵستی منداڵەکانیان بەوەی گوێیان بۆ دەگرن و پاشان منداڵەکە ڕازی دەکەن. گوێ دەگرن، بەڵام دواتر خۆیان دەدەن بەدەست بەرهەڵستی منداڵەکانیانەوە تا منداڵەکە دڵخۆش بکەن. ناتوانن بەرگەی ئەوە بگرن منداڵەکانیان دڵتەنگ و خەمبار بن، بۆیە هەر جۆرە قوربانیدانێک دەکەن لە توانایاندا بێت بۆ دڵخۆشکردنیان. ئەم جۆرەی باوانیکردنی خۆشەویستی نەرم سەرکەوتوو نابێت و ژمارەیەکی زۆر لە دایکان و باوکانی بەگومان کردووە لە توانا و شارەزاییە پەروەردەییەکانی باوانیکردنی ئەرێنی. خۆشبەختانە، توانا و شارەزاییەکانی باوانیکردنی ئەرێنی دەمودەست کاری خۆیان دەکەن و سەرکەوتوو دەبن. لە مەودای کورت و مەودای درێژدا کاری خۆیان دەکەن.

**شکستی باوانیکردنی خۆشەویستی نەرم وا لە زۆرێک لە دایک و باوکەکان دەکات بەگومان بن لە تەکنیکەکانی باوانیکردنی ئەرێنی.**

ئەو دایـک و باوکـانەی پشـت بە خۆشەویسـتی نەرم دەبەسـتن هەندێک جـار تەسـلیمی ویسـت و خۆزگەکـانی منـداڵەکانیان دەبـن، چونکە نازانن چ شتێکی دیکە بکەن تا بەر بە شێتگیری و وڕکگرتنی منداڵەکانیان بگرن. ڕەتی دەکەنەوە ئەوە بکەن بەرانبەر خۆیان کراوە کاتێک منداڵ بوون و گەورە دەبوون، بەڵام ڕێگەیەکی دیکە نازان کە سەرکەوتوو بێت. دەزانن لێدان و شـەرمەزارکردن سـەرکەوتوو نابن، بەڵام ناشـزانن چـی سـەرکەوتوو دەبێـت. لەڕێـی جڵەوشـلکردنی منـداڵەکانیانەوە، بە هەڵە ئەو پەیـامە دەدەن بە منـداڵەکانیان تـاوی شێتگیری و وڕکگرتن و بوون بە کەسی داواکەر ڕێگەیەکی باشە بۆ بەدەستهێنانی ئەوەی دەتەوێت.

باوانیکردنی خۆشەویستی نەرم هەوڵی دڵخۆشکردن و ڕازیکردنی منداڵەکە دەدات. ئەم جـۆرە دایـک و باوکـانەی پشـت بەم جـۆرە لە بـاوانیکردن دەبەسـتن هەر شـتێک دەکەن لە توانایانـدا بێـت تـا لە ڕووبەڕووبـوونەوە لەگەڵ منـداڵەکانیان دوور بـکەونەوە. نـازانن چـی بکەن کاتێـک منـداڵان بەرهەڵسـتی داواکـارییەک دەکەن و بـرەو بە ڕێگەلی نوێ بدەن بۆ دوورکەوتنەوە لە بەرهەڵستی منداڵەکانیان و هاندانی هاوکاریکردنیان. ئەو پەیامە دەدەن کەوا ئاساییە بەرهەڵستی بـکەن، بەڵام ئەو بنـاغەیەش ناچەسـپێنن کەوا هەر خۆیـان بڕیاربەدەست و سەرۆکن.

بۆ دوورکەوتنەوە لە بەرهەڵستی منداڵان، زۆربەی دایکان و باوکان تەنانەت فێـر دەکـرێن لەلایەن پسـپۆڕە نیازباشـەکانەوە کە هەمیشـە بژاردە بدرێتە دەستی منـداڵ. پێدانی بژاردە بە منداڵان دەبێتە هۆی

کەمکردنەوەی بەرهەڵستیان، بەڵام هاوکاریکردن ناهێنێتە ئاراوە. ڕێگەیەکی دیکەی پێدانی توانایەکی زۆرە بە منداڵ و لاوازکردنی توانای خۆتە وەک بڕیاربەدەست و سەرۆک.

## پێدانی بژاردە بە منداڵان دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی بەرهەڵستیان، بەڵام هاوکاریکردن ناهێنێتە ئاراوە.

تا تەمەنی نۆ ساڵی، منداڵ پێویستی بە بژاردەکان نییە. پێدانی بژاردەی زۆر بە منداڵ زۆر لە منداڵ دەکات گەلێک زوو پێ بگات. یەکێک لە گەورەترین فشارەکان بۆ کەسانی گەورە لە ئەمڕۆدا بوونی بژاردەی زۆرە. ڕاستەوخۆ پرسیارکردن لە منداڵێکی بچووک لەوەی چی دەوێت فشاری زۆر دەخاتە سەر منداڵەکە. هەمیشە پرسیارکردن لە منداڵان لەوەی چیان دەوێت و هەستیان چۆنە توانای دایک و باوک لاواز دەکات تا بەردەوامی بە جڵەوی خۆیان بدەن.

سەربەستی و بەرپرسیاریتی گەورەتر پەشۆکاوی زیاتر دروست دەکەن گەر ئامادە نەبن بۆیان. منداڵانی خوار نۆ ساڵی ئامادەی ئەوە نین. پێویستیان بە دایک و باوکی بەهێزە کە بزانن چی باشترینە بۆیان، بەڵام کراوەشن بەڕووی ئەوەدا کە گوێ بگرن بۆ بەرهەڵستی منداڵەکانیان و پەی بە ویست و خۆزگەکانیان ببەن. دوای پەیبردن بە ویست و خۆزگەکانی منداڵێک، ئەوسا دایک و باوک دەتوانن بڕیار بدەن ئاڕاستەی خۆیان بگۆڕن یاخود بەهێز بمێننەوە. هەرکامیان بێت، باوک و دایک هێشتا بەرپرسیار و خاوەن بڕیارن.

ئەم چەمکە هاوشێوەی سیستەمی دادوەریمانە. کاتێک کەیسێک لێکۆڵینەوەی بۆ کرا و داخرا، ناتوانرێت جارێکی دیکە بکرێتەوە تا ئەو کاتەی بەڵگەی نوێ نەبێت. بە هەمان شێوە، گەرچی منداڵێک دەتوانێت

بەرهەڵستی بنوێنێت، واتای ئەوە نییە دایک یان باوک لە تێڕوانینی خۆی بگۆڕێت و لا بدات لێی. گەر دایک و باوک بەرچاوڕوونی نوێیان پێ بگات بە گوێگرتن لە منداڵەکەیان، شتێکی باشە دووبارە ڕەچاوی ئەوە بکرێتەوە کە دەکرێت. دایکان و باوکان ڕەنگە ڕای خۆیان بگۆڕن، نەک لەبەر ئەوەی لە بەرهەڵستی دەترسن، بەڵکو لەبەر ئەوەی زانیاری نوێ لە بەرچاو گیراوە کە تێڕوانینیانی گۆڕیووە. هاوشێوەی سیستمی دادوەری، دایکان و باوکان داواکارییەکانیان ناگۆڕن تا ئەو کاتەی زانیاری نوێ بەردەست دەبێت.

**منداڵان پێویستیان بە دایک و باوکی بەهێز هەیە کە بزانن چی باشترینە بۆیان، پێویستیان بە بژاردەی زیاتر نییە.**

ئەو دایک و باوکانەی پەیڕەوی لە خۆشەویستی نەرم دەکەن نازانن کەوا بەرهەڵستی پێویستییەکی گرنگە کە منداڵان هەیانە. منداڵان پێویستیان بەوەیە سنوورەکان تاقی بکەنەوە و دڵنیایان بکەنەوە لەوەی ئەوەی ئێوە بۆ ئەوانتان دەوێت بیکەن بە ڕاستی گرنگە. ئەگەرنا، خۆیان شتگەلێکیان هەیە ئەنجامی بدەن کە پێیان وایە گرنگترە. هەر بەو جۆرەی منداڵ پێویستی بە ڕێ پێدانە تا بەرهەڵستی ئەو سنوورانە بکات و تاقیان بکاتەوە کە بەسەریدا دەدرێن، هەروەها پێویستیان بە دایک و باوکێکی بەهێزە کە گوێ بگرن و پاشان بڕیار بدەن چی باشترینە بۆ ئەوان.

دایک و باوکی ئەرێنی هەمیشە بڕیار دەدەن، چونکە بڕیاربەدەستن و سەرۆکن. منداڵان ساز و ئامادە نین تا خۆکار بن، واتە ئیش بۆ خۆیان بکەن. پێویستیان بە کەسێکی بڕیاربەدەستە. بەبێ ئەو کەسە، دەست دەکەن بە خۆڕووخاندنیان. باوانیکردنی نەرم و جلەوشلکەر لە

مەودای کورتدا بەرهەڵستی کەم دەکەنەوە، بەڵام ویستی منداڵ بۆ هاوکاریکردن کەم دەکەنەوە. لە ئەنجامی باوانیکردنی توندا، کچان مەیلیان بەلای ئەوەدا دەچێت بڕوایان بە خۆیان نەبێت، کوڕانیش لە سۆز بێبەش دەبن. لە ئەنجامی باوانیکردنی نەرمیشدا، کچان مەیلیان بەلای ئەوەدا دەچێت ڕێز لەخۆنانیان کەم بێت و لە قۆناغەکانی دواتری ژیانیاندا زۆر ببەخشن، لە کاتێکدا کوڕان گەلێک چالاک دەبن و لە بڕوابەخۆبوون و دابینکردنیان کەم دەبێت.

**منداڵان ساز و ئامادە نین تا خۆکار بن و ئیشەکانی خۆیان بکەن. بەڵکو پێویستیان بە کەسێکە بڕیاریان بۆ بدان.**

بەکارهێنانی توانا و شارەزاییەکانی باوانیکردنی ئەرێنی واتای گوێگرتنە لە بەرهەڵستی منداڵەکەت و پاشان بڕیاردانە لەوەی چی باشترینە. بڕیاردان لەوەی چی باشترینە مانای ئەوە نییە خۆت لە پێگە ئەسڵییەکەی خۆت لا نادەیت. کاتێک منداڵەکانتان پەرە بە هۆشیارییەکی گەورەتر دەدەن لەوەی چیان پێویستە و دەیەوێت، زۆربەی کات دەبنە دانوستانکەر و وتوویژکەری مەزن و قایلتان دەکەن بەوەی ڕای خۆتان بگۆڕن.

دنیایەک جیاوازی هەیە لەنێوان ئەوەی مل بدەیت بۆ ویست و خۆزگەکانی منداڵەکەت لەگەڵ گۆڕینی ئەوەی کە تۆ پێت وایە پێویستە بکرێت. دایک و باوک بڕیاربەدەست و سەری گەورەن، بەڵام پێویست ناکات هەمیشە بەتوندی دەست بگرن بە داواکاری یاخود تێڕوانینەکانیانەوە. گوێگرتن بۆ بەرهەڵستی منداڵ واتای ڕەچاوکردنی ئەوەیە منداڵ دەیەوێت و هەست پێ دەکات و بڕیاردانە کە چی باشترینە و پێداگریکردنە لەسەری.

شتێکی باشە ڕاستەوخۆ لە منداڵە نۆ ساڵەکەت یان گەورەتر بپرسیت هەست بە چی دەکات، چی دەوێت و خۆزگە و پێویستی چییە. پاشان لە دەوروبەری تەمەنی دوانزە بۆ چواردە ساڵی، ئیدی کاتی ئەوەیە لە هەرزەکاران بپرسیت ڕایان چییە. گەشەکردنی بیرکردنەوەی واتایی لە تەمەنی بلۆقبووندا ئاماژەیە بۆ توانای منداڵان کە بۆ خۆیان دەست دەکەن بە بڕیاردان. چۆن پەیوەندی دەگرین بە منداڵەکانمانەوە هەمیشە پێویستی بەوەیە لەگەڵ تەمەنی منداڵەکانماندا گونجاو بێت.

لە هەموو تەمەنێکدا، منداڵان پێویستیان بە پەیامێکی ڕوونە کەوا ئاساییە هەڵە بکرێت. باشترین ڕێگە بۆ ئەوەی فێری ئەمەیان بکەن ئەوەیە لەڕێی هەڵەکانی خۆتانەوە فێریان بکەن. ڕاستییەکە ئەوەیە دایکان و باوکان هەمیشە ڕاست و لەسەر حەق نین، هەمیشەش نازانن چی باشترینە. دەتوانن باشتر بزانن گەر ڕەچاوی بەرهەڵستی منداڵەکانیان بکەن و گوێی بۆ بگرن. گەر دایک و باوک تێڕوانینی خۆیان بگۆڕن، دەبێت بە هۆی ئەوەوە بێت کەوا شتێک فێر بوون و پێیان وایە گۆڕانکارییەک باشترین شتێکە. نابێت تێڕوانینی خۆیان بگۆڕن بۆ کەمکردنەوەی بەرهەڵستی منداڵێک. ڕازیکردنی منداڵەکەت بۆ کەمکردنەوەی بەرهەڵستی ڕێگە خۆش دەکات بۆ بەرهەڵستی زیاتر لە داهاتوودا.

# فێربوونی دواخستنی دڵخۆشبوون

دایکان و باوکان خۆشەویستی توند یاخود خۆشەویستی نەرم بەکار بهێنن، منداڵەکانیان هەڵێک وەرناگرن تا ئەوپەڕی ئەزموونی بەرهەڵستیان بکەن و شانی بدەنە بەر. دەربڕینی بەرهەڵستی نەک تەنیا سنوورەکانی مەودا و کاریگەری منداڵ پێناسە دەکەن، بەڵکو یارمەتی منداڵیش دەدات ڕێک بێتەوە و خۆی بگونجێنێت لەگەڵ سەختییەکان. فێربوونی پەسەندکردنی سنوور و ڕادەکانی کات و مەودا وانەیەکی گەورەی ژیانە. پاڵنان بە سنوورەکانی ژیانەوە دەتوانێت منداڵان فێر بکات تا ئامێز بۆ ئەو سنوورانە بکەنەوە بێ ئەوەی نکۆڵی لە خۆیان بکەن. یەکێک لە سوودەکانی دەربڕین و پاشان وازلێهێنانی بەرهەڵستی بریتییە لە توانای خۆشی و چێژوەرگرتن لە دواخستنی ویست و ئارەزووەکان.

زۆرێک لێکۆڵینەوە نیشانیان داوە ئەو منداڵانەی دەتوانن دڵخۆشبوونیان دوابخەن لە ژیاندا گەلێک سەرکەوتووترن. لە ڕاستیدا ئەمە لێکۆڵینەوەی گەرەک نییە تا درکی پێ بکرێت. لە دەوری خۆت بڕوانە و چاوت بەو کەسانە دەکەوێت کە سەرکەوتوون ئەو کەسانەن کە بە ئارامییەوە پێداگری دەکەن لە بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان. کاتێک ئەو شتەی دەیانەوێت دەموودەست وەریناگرن، کۆڵ نادەن. پەیوەندیی خۆیان بە ویست و خۆزگەکانییەوە لەدەست نادەن و نکۆڵیان لێ ناکەن تەنیا لەبەر ئەوەی ژیان ئەو شتەیان پێ نادات ئەو دەمەی دەیانەوێت. بە تاسە و وزەگەلێکی نوێ بووەوە پێگەی خۆیان وەردەگرنەوە لەدەست کۆسپ و تەگەرەکانی ژیان و هەڵدەستنەوە.

توانای دواخستنی دڵخۆشبوون بە هەمان شێوە بریتییە لە توانای بەختەوەری و ئاسوودەبوون گەرچی خاوەنی گشت ئەو شتانەیش نیت ئارەزوویان دەکەیت. کاتێک منداڵان دەتوانن بەرهەڵستی دایک و باوکیان بکەن و پاشان وردەوردە بەرهەڵستییەکەیان بەرەڵا بکەن،

فێر دەبن شتەکان قبوول بکەن بەو شێوەیەی دەبێت ببن. بە ڕۆحییەتی هاوکارییەوە سنوورەکان قبوول دەکەن و متمانە دەکەن بەوەی ئێستا و داهاتوو هەموو شت باشە و باش دەبێت. ئەوەی سەیرە، توانای دەربڕینی بەرهەڵستییە ڕێمان پێ دەدات لە ژیاندا زیاتر نەمەیوو و هەمیشە گۆڕاو بین. قبوولکردنێکی ڕوونی ئەو شتەی دەبێت ببێت ڕێگەمان پێ دەدات ڕوونتر ئەو شتە ببینین دەکرێت بگۆڕێت. ئەمە نەک تەنیا ئاسوودەیی زیاترمان بۆ دەهێنێت، بەڵکو هاندانێکی زیاترمان پێ دەبەخشێت بۆ پێداگری لە گۆڕینی ئەو شتەی دەکرێت بگۆڕێت.

**لەڕێی دەربڕین و پاشان بەڕەڵاکردنی بەرهەڵستی، منداڵان فێر دەبن شتەکان قبووڵ بکەن بەو شێوەیەی دەبێت ببن.**

لە ناخی هەرکەسێکدا، ئەو توانا سروشتییە هەیە تا هەستێتەوە و لەدەست سنوورەکانی ژیان خۆی بگرێتەوە. کاتێک منداڵان بەرهەڵستی دەکەن لەوەی ئەو شتەیان دەست ناکەوێت کە دەیانەوێت، دایک و باوک دەتوانن لەو هەستانەی پشت بەرهەڵستییەکە تێبگەن و دیارییان بکەن و دەتوانن ئەو تێگەیشتنەی خۆیان بگوازنەوە بۆ منداڵەکانیان، ئەوسا منداڵەکان درک بە توانای سروشتی خۆیان دەکەن تا دڵخۆش بن و قبووڵی بکەن گەرچی ئەو شتەش بەدەست ناهێنن کە ئارەزووی دەکەن. بە پێدانی تێگەیشتنێکی جوان و خۆشەویستانە کە منداڵ پێویستییەتی، هەبوونی ئەو شتەی دەموودەست دەیانەوێت چیتر هێند گرنگ نابێت.

کاتێک منداڵان فەرمان و پێداگری زۆر دەکەن لەبارەی ویستەکانیانەوە، زۆربەی کات هۆکارەکەی ئەوەیە ئەو شتە بەدەست

ناهێنن کە پێویستیانە. بەهەمان شێوە، کاتێک گەورەکانیش دڵتەنگ دەبن بەوەی ئەو شتە بەدەست ناهێنن کە ئارەزووی دەکەن، هۆکارەکەی ئەوەیە لە ڕاستیدا ئەو خۆشەویستی و پاڵپشتیی بەدەست ناهێنن کە لە ژیانیاندا پێویستیانە. ئەو خۆشەویستییەی پێویستمانە هەمیشە بەردەستە، بەڵام ئێمە نایبینین.

منداڵان پێویستیان بە سنوورەکانە تا بەرهەڵستیان بکەن. کاتێک بەو سنوورانە ناگەن، بێ سرەوت و شلۆق دەبن. کاتێکیش زوو دەگەن بەوەی دەیانەوێت و هەمیشە بە دڵی ئەوان دەبێت، ئەوسا ئەوەی چنگی دەخەن هەمیشە بە کەمی دەزانن. تەنیا ئەوکاتەی هەست بە پێویستییەکانمان دەکەین نرخی ئەو شتانە دەزانین کە بەدەستیان دەهێنین. بەرهەڵستی دەمانبەستێتەوە بەوەی پێویستمانە لەبری ئەوەی بیروهۆشمان لەسەر ئەوە بێت کە دەمانەوێت.

کاتێک دایک و باوک گوێ بۆ بەرهەڵستی منداڵەکانیان هەڵدەخەن و بە ڕێکوپێکی یارمەتیان دەدەن لەوەی بەئاگا بن لەبارەی هەست و ویست و خۆزگە و پێویستییەکانیان، منداڵانیش فێر دەبن زیاتر بەئاگا بن لەوەی چی لە هەموو شتێک گرنگترە و زۆریش ئەملاولا نەکەن بە هۆی هەڵبەز و دابەزەکانی ژیانەوە. زۆرێک لە گەورەکان ئەمڕۆ ئازار دەکێشن بە هۆی ژانەسەر، دڵ ئێشە، فشار، خەمۆکی، پشت ئێشە و نەخۆشییەکانی دیکەوە، چونکە بیروهۆشی زۆریان خستووەتە سەر ئەو شتەی دەیانەوێت و وەک پێویست ئاوڕیان نەداوەتەوە لەوەی پێویستیانە.

## بەدیهێنانی پێویستییەکانی منداڵەکانتان

ئێوە ناتوانن هەمیشە ئەوەی منداڵەکانتان ئارەزووی دەکەن پێیان ببەخشن، بەڵام دەتوانن ئەوەیان پێ ببەخشن بە ڕاستی پێویستیانە.

گەر بیروهۆشتان نەخەنە سەر دابینکردنی ئەوەی پێویستیانە، ئەوسا خۆتان و منداڵەکانتان هەمیشە ئازار دەچێژن لەدەست بەرهەڵستییەک کە نابێت هەڵدەکشێت. لەنێو بەرهەڵستی منداڵاندا، پێویستییەکی گەورەتری لەخۆ گرتووە دەبێت ببینرێت و ببیسترێت، بایەخی پێ بدرێت و خۆش بویسترێت. بۆ ئەوەی خۆیان بناسن، منداڵان بە ئەواوی پشت دەبەستن بەوەی کە چەندێک دایک و باوکیان دەیانبینن و دەیانبیستن. کاتێک منداڵێک بەرهەڵستی دەکات لەوەی خۆی ئامادە بکات بۆ قوتابخانە، ڕەتی دەکاتەوە سەوزەکانی بخوات، یان بە سادەیی گوێ بۆ داواکارییەکانتان ناگرن، ئەوە پەیامێکی ڕوونە کەوا منداڵەکە پێویستی بە کات و سەرنجپێدان و تێگەیشتن و ئاراستەکردنی زیاترە. منداڵەکانتان پێویستیان بە ئێوەیە تا بزانن چیان پێویستە و ئێوەش بۆیان دابین بکەن.

لە زۆر حاڵەتدا، تەنیا کردەی گوێگرتن بۆ هەستەکان یاخود بەرهەڵستی منداڵێک ئەو شتە بە منداڵەکە دەبەخشێت کە پێویستییەتی. بەڵام گەر منداڵێک پێویستی بە شتێکی زیاتر بێت، لە نموونەی تەنسیقی زیاتر، ئەوسا تەنیا گوێگرتن بە شێوەیەکی کاتی سەرکەوتوو دەبێت. با لە نموونەیەک بڕوانین.

ڕەنگە دایکێک داوا لە دوو کوڕەکەی بکات، کە تەمەنیان شەش ساڵ و نۆ ساڵە، تا واز لە شەڕکردن بهێنن. دوای ئەوەی گوێی لە بەرهەڵستی کوڕەکانی بوو، لە بێزارییەکەیان تێگەیشت، ئەوسا دایکەکە دەتوانێت بیانگێڕێتەوە تا زیاتر هەست بە هاوکاریکردن بکەن. هەرچەندە، گەر ئەو منداڵانە وەک پێویست تەنسیقیان نەبێت لە ماوەی پێنج بۆ دە خولەکدا، ئەوا دیسانەوە دەست دەکەنەوە بە شەڕکردن.

لەم نموونەیەدا، لەپاڵ هەستکردن بەوەی گوێیان بۆ دەگیرێت، منداڵەکان پێویستیان بە جۆرێک لە چالاکی ڕێکخراو و بەتەسیق هەیە

بە یاساکان، ئەگەرنا سەرپەرشتیکردنی زیاتریان گەرەکە. لەم نموونەیەدا، تەنیا گوێگرتن بۆ منداڵەکان بەس نییە.

**کاتێک منداڵان نازانن چی بکەن، زۆبەی کات لەیادی دەکەن لەوەی ئێوە دەتانەوێت چۆن ڕەفتار بکەن.**

کاتێک ناتوانن ئەو شتە بە منداڵەکانتان ببەخشن لەو ساتەدا پێویستیانە، ڕێگەیەکی دیکە هەیە بۆ دەستخستنی ئەو هاوکارییەی دەتانەوێت. ئەم توانا و شارەزاییانە بۆ هاندانی منداڵەکانتان سەرکەوتوو دەبێت، بەڵام هێشتا جێی ئەوە ناگرێتەوە ئەوە ببەخشن بە منداڵەکانتان کە پێویستیانە. گەرچی دەبنە هۆی هێنانە ئارای هاندان و هاوکاریکردن، بەڵام ئەوە نابەخشن بە منداڵ کە پێویستییەتی تا گەشە بکات. ئەم توانا و شارەزاییانە ئەوە دەبەخشن بە منداڵان کە ئێوە دەتانەوێت ئەنجامی بدەن، بەڵام منداڵەکانتان هێشتا پێویستی دیکەیان هەیە لە نموونەی تێگەیشتن، تەنسیق، ڕێکوپێکی "نیزام" و ئاراستەکردن. هەروەک چۆن سزادان بەکار دەهات لە باوانیکردنی پشت بەستوو بە ترس وەک ڕێ لێ گرێک، پاداشتدانەوەش بەکار دەهێنرێت بۆ هاندانی منداڵ لە باوانیکردنی پشت بەستوو بە خۆشەویستی. لە بەشی دواتری ئەم کتێبەدا، کنە د پشکنەی ئەوە دەکەین چۆن هانی منداڵەکانتان بدەن.

(٦)

# توانا و شارەزاییە نوێیەکان بۆ زیادکردنی هاندان

لە ڕابردوودا، منـدالان بە شـێوەیەکی سـەرەکی لەڕێـی هەڕەشـەی سزادانەوە جڵەو دەکران یان هان دەدران تا بەدروستی ڕەفتار بکەن. کاتێک مندالێک دەست دەکات بە بەدڕەفتاری یان هاوکار نابێت، یەکەم هەستی زگماکی دایک و باوک ئەوەیە هەڕەشە لە منداڵەکە بکات. ئەم شتانە دەڵێین یان هەستیان پێ دەکەین: "گەر گوێ نەگریت، ئەوا بە ڕاستی دەکەویتە کێشەوە." یاخود "گەر واز لە گریان نەهێنیت، ئەوا شتێکت پێ دەدەم بە ڕاستی پێی بگریت." لەگەڵ مندالانی بچووکدا، ڕەنگە دەستمان بەرز بکەینەوە بە قنگیاندا بکێشین یاخود نیگایەکی تایبەتیان تێگرین کەوا مانای ئەوە بدات گەر هاوکار نەبن ئەوا سزا دەدرێن. لەڕێی بەکارهێنانی سزادانەوە، هەڕەشەی لەدەستدان، توندوتیژی، ئازار، یاخود ئازارچەشتنی زیاد بەکار دێن وەک ڕێلێگرتنێک.

بەکارهێنانی ترس وەک کۆسپ و ڕێلێگرتنێک وا دیارە کاری خۆی دەکات، بەلام هاندانی سروشتی مندال بۆ هاوکاریکردن و یارمەتیدانی دایک و باوکی بەئاگا ناهێنێتەوە. بەو شێوەیەی پێشتر تێبینی کرا، ملکەچی و هاوکاریکردن زۆر لێک جیاوازن. مندالان پێویستە یارمەتیدەرێکی ئامادە بن تا هاوکاری ڕاستەقینە بن و شکاندنی

ئیرادەی منداڵ بە سزادان وەڵام و چارەسەر نییە. شتێکی زەحمەتە واز لە سزادان بهێنرێت، چونکە لە مەودای کورتدا سەرکەوتوو دەبێت و کاری خۆی دەکات. گەرچی نامانەوێت سزای منداڵەکانمان بدەین، بەڵام ڕێگەیەکی دیکەیش شک نابەین. سزادان شتێکی نامرۆڤانە دیارە، بەڵام بەبێ ئەویش، منداڵەکانمان خوویان تێک دەچێت، دەبنە کەسانی فەرمانکەر و بێڕێزی قسەبڕ و جڵەونەکراو.

**زۆربەی دایکان و باوکان نایانەوێت سزای منداڵەکانیان بدەن، بەڵام ڕێگەیەکی دیکەیش شک نابەن کە سەرکەوتوو بێت.**

وەڵامدانەوەی ئەم پێویستییە بۆ گۆڕانکاری، هەندێک لە پسپۆڕان پێشنیاری "سزای بەرئەنجامی کردەوەکانیان" دەکەن بۆ ڕەفتارەکانیان. بۆ نموونە، شتێک دوور دەخەنەوە وەک بەرئەنجامی ڕەفتاری خراپ و لەبری ئەوەی بە سزادان ناوی ببەن، پێی دەڵێن بەرئەنجام. ئەمە هەوڵێکە تاوەکوو شەرمەزاری لە سزادان دەربهێنن. لەجیاتی ئەوەی ئەو پەیامە بدەن: "تۆ کەسێکی خراپی و دەبێت سزا بدرێیت." منداڵەکە پەیامێکی زۆر ئەرێنیتری پێ دەگات: "ئاساییە تۆ هەڵەیەکت کردووە، بەڵام ئێستا فێری بەرئەنجامی ڕەفتارەکەت دەبیت." گەرچی ئەم تەکنیکە هەستی گوناهباری کەم دەکاتەوە و زیاتر مرۆڤانەیە، بەڵام هێشتا لەسەر بنچینەی ترسە. ئەم ڕێچکەیە گەلێک باشترە لە سزادان، بەڵام نابێتە هۆی بەئاگاهێنانەوەی ئارەزووی سروشتی منداڵ بۆ هاوکاریکردن. بە شێوەیەک لە شێوەکان، ڕێگەیەکی جوانتری گوتنی: "تۆ سزا دەدرێیت"ە.

## کورتەیەکی مێژوویی لەسەر سزادان

ئەواوی مێژوومان لە ماوەی پێنجهەزار ساڵی پێشوودا لەسەر بنچینەی سزادان بووە وەک نموونەیەک بۆ جڵەوکردن و دووبارە راهێنانەوە: هەق بە هەق، چاو لەبری چاو، دادگەری بۆ قوربانییەکە، وا لە کەسی ڕەفتار دزێو بکە باجی تاوانەکەی بدات. لە ڕابردوودا، تۆڵەسێنەکان هەستیان بە ڕازیبوون دەکرد، بەڵام ئەمڕۆ ئەم ڕازیبوونە تەنیا ڕاحەتییەکی کاتییە و ئازاری قوربانییەکە هەر درێژەی دەبێت.

تەنانەت لەڕووی کردەییەوە قسە بکەین، سیستمی سزادانمان سەرکەوتوو نییە. سیستمی سزاییمان ساڵانە بیستوپێنج هەزار دۆلار دەکەوێت لەسەر باجدەران بۆ هەر بەندکراوێک. کە سزای بیستوپێنج ساڵ بەسەر کەسێکی بیست ساڵدا دەدرێتن سەرەنجام ٦٢٥ هەزار دۆلار لەسەر باجدەران دەکەوێت. بە دڵنیاییەوە ئەم برە پارەیە هیچ قەرزێکی پێ نادرێتەوە. تەنیا بۆ ساتێک بیر بکەوە چەند باشتر دەبێت ئەو پارەیە هەر لە سەرەتاوە بۆ ڕێگریکردن لە تاوان بەکار بهێنرێت.

**سزادانی کەسێک بە بیستوپێنج ساڵ زیندانی، ٦٢٥ هەزار دۆلار لەسەر باجدەران دەکەوێت.**

هێشتا شتگەلی زۆر هەن پشت بەستوون بەم چەمکە سواو و بەسەرچووەی کاریگەری سزادانن. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، گەر شوێن ئەر قسەیە بکەوین "لەجێی چاوێک چاوێک کوێر بکەوە،" ئەوا سەرەنجام جیهان هەموو کوێر و نابینا دەبێت. گەرچی لە دڵی

خۆماندا دەزانین سزادان بەسەر چووە، بەڵام هێشتا جێگرەوەیەکی ڕوونی بۆ نەدۆزراوەتەوە.

**گەر شوێن ئەو قسەیە بکەوین "لەجێی چاوێک چاوێک کوێر بکەوە،" ئەوا سەرەنجام جیهان هەموو کوێر و نابینا دەبێت.**

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، گەرچی یاساکان گرنگن، بەڵام سزادان وا نییە. ڕۆژێک لە ڕۆژان و لە مەودایەکی دووری داهاتوودا، ئەو دەمەی ویژدانی مرۆڤ بەردەوام دەبێت لە گەشە، تەنانەت یاساکانیش چیتر گرنگیان نامێنێت. لە ڕابردوودا، سزادان گرنگ بوو چونکە خەڵکی لە توانایاندا نەبوو بزانن چی ڕاستە لە دڵ و مێشکی خۆیاندا، قوربانیان دەکرد بۆ خوداوەندەکانیان و سزادان تاکە ڕێگە بوو بۆ بەدکارەکان تا هان بدرێن بۆ کاری باش.

## بۆچی و کەی سزادان سەرکەوتوو بوو

سزادانی نامرۆڤانە ڕاستەوخۆ بووە هۆی ئازار و نارەحەتی، "برینی پەنجەی کەسێک یاخود قامچی لێدان و بەردبارانکردنی،" لە کاتێکدا ئەو سزادانانەی زیاتر بەرگی شارستانیان پێوە بوو پارەیان دەبرد لە کەسەکە "لە شێوەی باج و غەرامە" یاخود سەربەستی کەسەکەیان دەبرد "لە شێوەی بەندکردن." بە شێوازێکی مرۆڤانەتر، سزادانی شارستانی وای لە خەڵک کرد هەست بە ئازاری لەدەستدان بکەن. بۆ ئەوەی ببن بە کەسی باشتر و دوور کەونەوە لە ئەنجامدانی هەڵە، زۆرێک لە خەڵکی خوادایان دەپەرست لەڕێی بەخشین و قوربانییەکانیانەوە. لەڕێی دەستهەڵگرتن لە شتێک بۆ خودا، هەستیان

بە ئازاری لەدەستدان کرد، لە ئەنجامدا زیاتر بەئاگا هاتنەوە لە ڕاست و هەڵە و باشترین جۆری کار بۆ خۆیان. قوربانیکردن بۆ خودا سوود و قازانجی ڕوونی هەبوو.

## لەڕێی هەستکردن بە ئازارەوە، خۆکردانە ڕاستەوخۆ هەڵدەستین بە ڕێککردنەوەی بیرکردنەوە و کارەکانمان.

گەرچی ڕەنگە ئەمە سەیر و نامۆ دیار بێت، ساتێک لە ئەزموونی باوی خۆت بیر بکەوە. زۆربەی کات دوای لەدەستدانێک، هەست بە ئازاری ئەو لەدەستدانە دەکەین، تووشی پەشیمانی دەبین و بڕیار دەدەین شتەکان بە شێوەیەکی جیاواز بکەین و لە هەڵەکانمانەوە فێر ببین. هەستکردن بە ئازار هانی گۆڕانکاری دەدات تا لە داهاتوودا لە ئازارچەشتن دوور بکەوینەوە. سەرەڕای ئەوەش، لەڕێی زیاتر بەئاگابوونمان لە هەستەکانمان، دەتوانین باز بدەینە نێو ئافراندن و سەلیقەیەکی گەورەتری هێز و توانا شاراوەکانی نێو ناخمانەوە. توانای جیاکردنەوەی ڕاست لە هەڵە لە هەستەکانمانەوە سەرچاوە دەگرێت. هەستەکان، جا نەرێنی بن "ئازار" یاخود ئەرێنی بن "خۆشی،" یارمەتیمان دەدەن هەموار و گۆڕانکارییە پێویستەکان ئەنجام بدەین.

بەم هاندانەوە، مێشکمان دەکەینەوە و دەپرسینەوە لەوەی کردوومانە. ئەم لێپرسینەوەیەی ناو ناخی مرۆڤ بناغەی خۆڕاستکردنەوەیە. گەر هان نەدرێین بۆ گۆڕانکاری، ئەوا لەنێو ڕێگە تەسک و سنووردارەکانی بیرکردنەوەدا بەگیرخواردوویی دەمێنینەوە. ئازار گەورەترین مامۆستای ئێمەیە، چونکە هانمان دەدات هەموار و

گۆڕانکاری بکەین لە شێوازی ئەنجامدانی شتەکاندا. وامان لێ دەکات پرسیار بکەین و دووبارە بیر بکەینەوە لەوەی چی بۆ خۆمان و بۆ کەسانی دیکەش باشترینە.

کاتێک هەزاران ساڵ لەمەوبەر خەڵکی بەڕووی هەستەکانیاندا سڕ بـــوون، پێویســـتیان بە ســـزادان بـــوو بـــۆ وابەســـتەبوون بە هەستەکانیانەوە. بە هۆشیارییەکی گەورەتر لەبارەی هەستەکانیانەوە، ئەوسـا توانیـان ئەوەی ڕاسـت و بـاش بـوو قبـووڵی بـکەن یاخود بیناســـنەوە ئەوەش ڕەت بـــکەنەوە کە هەڵە بـــوو. وردەوردە، دوای ماوەی چەندین سەدە لە سزا دران، تەنیا بیرۆکەی سزادان بەس بوو بۆ بەئاگاهاتنەوەی هەستەکان. حوکمکردن لەڕێی سزادانەوە پێویست بوو بۆ بەردەوامیدان بە ڕێکخستن و توانا بەخشین بە کەسێک تا پێشڕەوی ژیانێکی باش بکات.

## لایەنی نەرێنی سزادان

هەســـتکردن بە ئـــازار، جـــا لەڕێـــی ســـزادان یـــاخود قوربانیـدانی ڕۆحییەوە بێت، خەڵکی لە هەستەکانیان بەئاگا هێنایەوە و هۆشیاری سنووردارییانی زیـاد کـرد لەوەی چـی ڕاسـت و چـی هەڵە بـوو. بەم شـێوەیە، سـزادان ئامرازێـک یـاخود توانـایەک بـوو بـۆ هێنـانە ئارای هەستی ئازار، بە چەند پلەی جیاوازیش، هانی گۆڕانی دا.

پیاوانی ئایینی مەسیحی، تەنانەت تـا ئەم سـەدەیەش، زۆربەی کات سزای خۆیان دەدەن تا زیاتر ببنە کەسـانی پیرۆز. ڕۆژانە بە قامچی لە خۆیـان دەدەن تـا پەیوەسـتی خۆیـان قـووڵ بـکەنەوە لەگەڵ خودادا. گەرچـی ڕەنـگە ئەمە تونـد و پەرگیـر دەربکەوێـت، لەخـۆدان زۆر بەفراوانـی جێبەجـێ دەکـرا. ئەمە و جۆرەکـانی دیـکەی ڕێـی خۆشی

لەخۆگرتن هێشتا جێبەجێ دەکرێن، شتێکی نابـاو نییە دەست لە خۆشی و ئاسوودەیی‌یەکان هەڵگیرێن لەژێر ناوی ڕۆحانیبووندا.

ئەم کارانە چیتر پێویست نین. کاتی دەست هەڵگرتن لە ژیانمان لەپێناوی خودادا کۆتایی هاتووە. ئێستا کاتی ئەوەیە هەموو ژیانمان بە تەواوی بۆ خودا بژین. هەمووان شایستەی سامان، تێروتەسەلی، سەرکەوتن، تەندروستی و خۆشەویستین. پێویست ناکات خۆمان بێبەش بکەین لە خۆشییەکانی ژیان تا پێشڕەوی ژیانێکی چاکە بکەین. بەهەمان شێوە، پێویست ناکات منداڵەکانیشمان بێبەش بکەین. گەر دەمانەوێت منداڵەکانمان ژیانێکی پڕ بژین، پێویستە ڕێگەیەکی دیکە بدۆزینەوە بۆ هانـدانیان، بەپێچەوانەوە، دوای کردنی هەڵەکان، ئەوانیش مەیلیان دەچێت بەلای سزادان و خۆبێبەشکردنیان.

**کاتی دەستهەڵگرتن لە ژیانمان لەپێناوی خودادا کۆتایی هاتووە. ئێستا کاتی ئەوەیە هەموو ژیانمان بە تەواوی بۆ خودا بژین.**

کاتێک بە سروشتی هەست بە لەدەستدان دەکەین، ئەزموونێکی گەورەتری هۆشیاری دەکەین لەوەی چی ڕاستە و چی هەڵەیە، هەستیش بە هاندان دەکەین بۆ گۆڕانکاری. ڕێگەیەکی دیکەی ئینجیلیانە بۆ گوتنی ئەوەی ئێمە "خاوەن هۆشیارییەکی گەورەترین لەوەی چی ڕاستە و چی هەڵەیە" ئەوەیە بڵێین ئێمە "خاوەن هۆشیارییەکی گەورەترین لەبارەی ویست و ئیرادەی خوداوە."

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، چیتر پێویستمان بەوە نییە خۆمان یان منداڵەکانمان سزا بدەین تا بسازێین یان هاوکار بین لەگەڵ ویست و ئیرادەی خودادا. ئێمەی مرۆڤ بەو توانایەوە لەدایک دەبین کە

دەزانین چی ڕاستە و ڕاستیش ئەنجام دەدەین، بەڵام هەبوونی توانایەک یان بەهرەیەک بەس نییە. بۆ ئەوەی ئەمە بەدی بێت، ئەم توانایە دەبێت گەشە و برەوی پێ بدرێت.

منداڵانی ئەمڕۆ پێویستی نوێیان هەیە. بە هێنانەدی ئەم پێویستیانە، ڕاستەوخۆ برەو بە تواناکانیان دەدەین تا هاوکار بن و هاندانیان زیاد دەکەین تا ئیرادەی خۆیان بدەن بەدەست دایک و باوکیانەوە. منداڵەکانمان ئەمڕۆ ڕێگەی کۆن و بەسەرچووی سزادانیان گەرەک نییە، خاوەن توانایەکی گەورەترن و جۆرێکی نوێی پاڵپشتیان گەرەکە.

**منداڵەکانمان ئەمڕۆ ڕێگەی کۆن و بەسەرچووی سزادانیان گەرەک نییە، خاوەن توانایەکی گەورەترن و جۆرێکی نوێی پاڵپشتیان گەرەکە.**

ئەم توانا تازەیە بەردەوام لە دروستبووندا بووە بۆ ماوەیەکی درێژ. دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر، مەسیح ئەم پەیامە سادەیەی فێر کردین: کاتێک دڵت کردەوە بۆ خودا، خۆت و دراوسێکانت پەی بە ئیرادەی خودا دەبەن، لە بێدەنگی دڵی خۆتدا، دەنگێکی هێمن بۆ تۆ دەدوێت. بە تەماشاکردنی نێو ناخی خۆت، هەر ئێستا، ئەو بەهەشتە دەدۆزیتەوە بە شوێنیدا وێڵیت.

ئەم دەنگە هێمنە، زۆربەی کات لە تێکستە دینییەکاندا ئاماژەی بۆ کراوە، لە دڵت و مێشکتەوە دێن کە کراوە بن. لە هەستەوە دێت. کاتێک دایک و باوک دەتوانن بە خۆشەویستی زیاترەوە بدوێن و ڕەفتار بکەن، منداڵەکانیشیان فێر دەبن گوێ بگرن، نەک تەنیا بۆ دایک و باوکیان، بەڵکو بۆ هەستەکانی خۆشەویستی نێو دڵەکانیشیان. ئەوسا هان دەدرێن، نەک لەترسان، بەڵکو بە هۆی خۆشەویستییەوە.

کاتێک دایکان و باوکان منداڵەکانیان بە دڵ و مێشک و ئیرادەی بەهێزی ئازادەوە بەخێو دەکەن، ئەم دەنگە هێمنە ئەزموونێکی بەشکۆ نییە کە تەنیا پیاوچاکەکان بتوانن گوێبیستی بن، بەڵکو ئەزموونێکی باوە کە هانی ڕەفتاری ڕۆژانەی منداڵان دەدات. کاتێک دەتوانین تەماشای نێو ناخی خۆمان بکەین یان "هەست" بکەین، ئەوسا درک بەوە دەکەین شانشینی ئاسمان لە بەردەستدایە -هەر ئێستا و لێرەدا دەستبارە. کاتێک لە دڵەکانمانەوە دەژین، ئەوسا سەرکەوتوو بووین لەوەی ئاسمان بهێنینە سەر زەوی.

دوای دووهەزار ساڵ لە هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەوەی چۆن خۆشەویست بین و ئەوە بەدەست بهێنین کە دەمانەوێت و پێویستمانە، سەرەنجام گەیشتینە ئامانجەکەمان. ئێستا شیاوە و ڕێی تێ دەچێت بنەماکانی خۆشەویستی بخەینە کار بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانمان. تەنانەت گەر ئەم توانا و شارەزاییانەی باوانیکردنی ئەرێنی چەند هەزار ساڵ پێش ئێستا بەردەست بوونایە، سەرکەوتوو نەدەبوون. تەنانەت پەنجا ساڵێکیش لەمەوبەر سەرکەوتوو نەدەبوون بۆ هەمووان. بارگۆڕینێک لە ویژدانی جیهانیماندا وای کردووە شیاو بێت تا ئەم توانا و شارەزاییە نوێیانە سەرکەوتوو بن. ئێستا توانا و شارەزاییە کۆنەکان سەرکەوتوو نابن و کاری خۆیان ناکەن.

## بەڵگە سادەکە

سیستمی زینندانیمان سەلماندوویەتی لە کۆمەڵگەیەکی ئازاددا سزادان چیتر سەرکەوتوو نابێت. لەژێر دەسەڵاتێکی دیکتاتۆریدا، هەڕەشەی سزادان تا ئەوپەڕە و ترس لە هەموو جێیەکە، بەو شێوەیەیە کە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری بەردەوامی دەدات بە ڕێکخستن و کەمکردنەوەی تاوان. لە کۆمەڵگەیەکی سەربەستدا، سزادان شکستی هێناوە. ئەمڕۆ، لەبری ئەوەی قوتابخانەی زیاتر بنیات بنرێت،

بەندیخانەی زیاتر بنیات دەنێین. لە بەشێکی زۆری وڵاتدا، کاتێک کەسێک سزا دەدرێت لە سیستمی سزادانماندا، زۆربەی کات دێنەوە دەرەوە وەک تاوانباری لێزان و باشتر، ڕاهێنرێنەوە بۆ نێو کۆمەڵگە مەڵبەندەکانی ڕاهێنانەوە باشترە ناوبنرێن مەڵبەندەکانی ڕاهێنانی تاوان. بە ڕوونی، لە کۆمەڵگەیەکدا کە ڕێگە بە ئازادی تاک دەدرێت و ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ دەگیرێت، ڕێگە کۆنەکانی بەردەوامی دان بە ڕێکخستن لەڕێی هەڕەشەی سزادانەوە بەسەرچوون. ئێمە ناتوانین ئامۆژگاری خۆشەویستی بدەین و پاشان بابدەینەوە و سزای لاوازترینەکانی کۆمەڵگە بدەین. خۆشبەختانە، ئەمرۆ هەندێک لە بەندیخانەکان تیشک دەخەنە سەر ڕاهێنانەوەی بەندییەکان نەک تەنیا لەسەر سزادان.

سزادان لە کۆمەڵگەیەکی سەربەست و ئازاددا سەرکەوتوو نابێ، هەروەها لەنێو خێزانێکی پڕ خۆشەویستیشدا. تا منداڵ زیاتر هەست بە خۆشەویستی و نازپێدان بکات، ئەوسا سزادان زیاتر دەبێتە جێی سەرلێشێوان. ناتوانین ناز بدەین بە منداڵەکانمان و دڵ و مێشکیان بکەینەوە تا بەهێز و داهێنەر و بەتوانا بن، تەنیا بۆ ئەوەی دواتر ڕوو وەرگێڕین و وەک ئاژەڵ هەڕەشەیان لێ بکەین. ناتوانین وێڵ بین بە شوێن ئەوەدا وا لە منداڵەکانمان بکەین هەست بە باشی و چاکە بکەن لەبارەی خۆیانەوە و دواتر هەست بە خراپە بکەن کاتێک هەڵەیەکیان کرد.

**منداڵەکانمان دەکەینەوە تا هەست بە باشە بکەن لەبارەی خۆیانەوە، پاشان ڕوو وەردەگێڕین و وایان لێ دەکەین هەست بە خراپەی خۆیان بکەن.**

زیانی زۆر زیاتره بەڕووی منداڵاندا بکرێنەوه و پاشان سزای بدەیت وەک لەوەی هەست و ویستەکانی پشتگوێ بخەیت و ناوبەناو سزای بدەیت بۆ درێژەدان بە جڵەوکردن. گەر دەرفەت بە منداڵان بدەین تا دڵ و مێشکیان بکەنەوه و برەو بە ئیرادەیەکی بەهێز بدەن، پێویستە فێری ڕێگەیەکی دیکە ببین بۆ هاندانیان بەدەر لە سزادان.

تەنانەت ڕاهێنەرانی ئاژەڵانیش فێری ڕێگەی نوێ دەبن بۆ ڕاهێنانی سەگ، ئەسپ، پڵنگ و جۆرەکانی دیکەی ئاژەڵ بەبێ سزادان. من زیاتر لەبارەی باوانیکردنەوه فێر بووم بە قسەکردن ڕاهێنەرانی ئاژەڵان وەک زۆرێک لەو کتێبانەی بەردەستن لەبارەی باوانیکردنەوه بۆ دایکان و باوکان. سەرلێشێوانی زۆر هەیە کاتێک دێتە سەر باوانیکردن، یەکێک لەو بابەتانەش کە زۆر جێی مشتومڕە سزادانە.

هەمووان هەست بەوە دەکەن سزادان سەرکەوتوو نابێت و کارێکی نامرۆڤانەیە، بەڵام ڕێگەیەکی جیاواز پێ نازانن. زۆرێک بەرهەڵستن لەسەر ئەو بیرۆکەیەی کە دەستبەرداری سزادان ببن، چونکە شێوازی خۆشەویستی نەرمی باوانیکردن بە ڕوونی دیارە شکستی هێناوە. ئەو منداڵانەی سزا نادرێن زۆربەی کات لەگەڵ خۆیان و کەسانی گەورە و مامۆستاکانیاندا منداڵی لاسار و ملنەدەر و بێڕێزن. کەچی هەموو دایک و باوکێک، لە کاتێک لە کاتەکاندا، لە ساتە هێمنەکانیاندا هەستیان بەوە کردووە کە دەبێت ڕێگەیەکی جیاوازی دیکە بوونی هەبێت. خۆشبەختانە ڕێگەیەکی جێگرەوە هەیە بۆ سزادان، ویژدانی گشتی لەسەر هەسارەکەمان لەسەر پێ و ئامادەیە بۆ ئەو ڕێگەیە تا کاری خۆی بکات و سەرکەوتوو بێت.

## جێگرەوەی سزادان پاداشت دانەوەیە

لەجیاتی ئەوەی هانی منداڵ بدرێت لەڕێی سزادانەوە، منداڵانی ئەمڕۆ پێویستیان بەوەیە لەڕێی پاداشت دانەوەوە هان بدرێن. لەجیاتی ئەوەی تەرکیز بخرێتە سەر بەرئەنجامەکانی ڕەفتاری نەرێنی، باوانیکردنی ئەرێنی تەرکیز دەخاتە سەر بەرئەنجامەکانی ڕەفتاری ئەرێنی. لەجیاتی بەکارهێنانی ئەنجامێکی نەرێنی بۆ هاندانی منداڵان، ئەنجامێکی ئەرێنی بەکار دەهێنێت.

جگە لە ویست و ئارەزووی ناو ناخی منداڵ بۆ هاوکاریکردن، هیچ هاندەرێکی گەورەتر نییە لە ئارەزووی خۆیان بۆ پاداشتوەرگرتن. زۆربەی کات پاداشتی دەرەکی یاخود داننانە بە سەرکەوتندا کە دەبێتە هۆی بەئاگاهێنانەوەی ئارەزووی ناو ناخی منداڵ تا هاوکار بێت. هەموو منداڵێک ئارەزووی کاتی تایبەت دەکات لەگەڵ دایک و باوکیدا. هەموو منداڵێک شاگەشکە دەبێت کاتێک باسی شیرینی دەکرێت. هەموو منداڵێک حەزی بە دیاری و خەڵاتە. هەموو منداڵێک بەتاسەوە چاوەڕێی ئاهەنگ و بۆنەیەکی تایبەت دەکات. هەموو دایک و باوکێک هەستی بەوە کردووە منداڵان چەندێک گەرموگوڕ و دۆست و هاوکارن کاتێک شتێکیان دەوێت و پێیان وایە دەتوانن بەدەستی بهێنن.

بەدەستهێنانی "زیاتر" یان چاوەڕوانی بەدەستهێنانی زیاتر شتێک لەناخی منداڵدا بەئاگا دەهێنێتەوە، منداڵیش بە "بەڵێ"ـیەکی گەورە دەکەوێتە بازدان و هەڵەکەسەما. چاوەڕوانی پاداشتدانەوە وزە دەداتە منداڵان و تیشک دەخەنە سەر ئەوەی وەڵامی پێویستی دایک و باوکیان بدەنەوە بۆ هاوکاری و یارمەتیدان. بەڵێنی دەسکەوتی زیاتر ئیلهام دەبەخشێت بە هەمووان، بە گەنج و پیرەوە، تا هاوکار بن. پاداشت دانەوە، زیاتر لە سزادانی منداڵەکانتان، ویست و ئارەزوویان زیاد دەکات بۆ هاوکاریکردن.

**بەڵێنی دەسکەوتی زیاتر ئیلهام دەبەخشێت بە هەمووان، بە گەنج و پیرەوە، تا هاوکار بن.**

لە کاتێکدا دایک و باوک خاون لەوەی بیرۆکە نوێیەکان بگرنە بەر، پیشە و بازرگانییە سەرکەوتووەکان بەو جۆرە نین. بۆ مانەوە و گەش و نماکردن، پیشەکان دەبێت ڕابێن لەسەر ئەوەی بە خێرایی بگۆڕێن ئەگینا دوا دەکەون و جێ دەمێنن. بۆ نموونە، کۆمپانیاکانی هێڵی ئاسمانی بە ڕوونی دەزانن پێدانی زیادەی هاوشێوەی سەرمووچە و پاداشتەکان و چەند میلیک ڕۆیشتنی زیاتر ڕێگەیەکە تا هانی خەڵکی بدات تا لەڕێی گەشتە ئاسمانییە دۆستدارەکانی ئەوانەوە گەشت بکەن. زۆربەی کۆمپانیا سەرکەوتووەکان پاداشتی تایبەت پێشکەش بەو کارمەندانەیان دەکەن ناوازەن و بەرەوپێش دەچن.

بەکارهێنانی هۆیەکانی هاندان لە جیهانی کار و بازرگانیدا شتێکی بەجێیە، بەڵام کاتێک دێتە سەر باوانیکردن، هەست و بیر و ڕایەکی شاراوە هەیە کەوا پاداشت دانەوەی منداڵ وەک بەرتیلدانە پێیان، گەر پێویستت بەوە بوو بەرتیلیان پێ بدەیت، ئەوا تۆ بە ڕاستی بڕیاربەدەست و سەرۆک نیت. بەلای هەندێکەوە، هاندانی منداڵەکەت بە پاداشت بە جۆرێک ئەوە دەخاتە ڕوو کە ئێوە وەک دایک و باوک لاوازن و منداڵەکانیش دەستیان بەسەر دۆخەکەدا گرتووە. کەچی ئەو کەسانەی برەو بەم بڕوایە دەدەن بادەدەنەوە و سزای منداڵەکانیان دەدەن تا وایان لێ بکەن ڕەفتاریان جوان بێت... سزادانیش بەرتیلدانێکی نەرێنییە.

بیستنی ئەم پەیامە سەختە بۆ ئەو کەسانەی کە لەدژی سەلیقەکانی دڵیان وەستاونەتەوە و لەڕێی بەکارهێنانی عەقڵیانەوە پاساو دەهێننەوە بۆ سزادان. زۆرێک لە دایکان و باوکان کاتێک بە قنگی منداڵەکانیاندا دەکێشن دەڵێن: "ئەمە زیاتر ئازاری من دەدات وەک لە

تۆ." دڵیان دەدوێت، بەڵام مێشک و عەقڵیان هێشتا ئامادە نییە گوێ بگرێت. منداڵەکانیان خۆش دەوێت، بەڵام باشترین شتێکیان کردووە کە زانیویانە.

پێشوەختە هەزاران منداڵ بەسەرکەوتوویی بەخێوکراون بەبێ سزادان یان بەکارهێنانی هەڕەشە بۆ بەردەوامیدان بە جڵەوکردنیان. دایک و باوک سزایان نەدان، ئەم کارەشیان بەباشی کاری خۆی کرد. ئەم منداڵانە لاسار و ملنەدەر نەبوون لە ڕەفتاریاندا و کەسی مەزنیان لێ دەرچوو. کەچی، لەلایەکی دیکەوە، ملیۆنان دایک و باوک بە ئاشکرا شکستیان هێناوە لەڕێی بەکارهێنانی خۆشەویستی نەرم یان خۆشەویستی توندەوە، یاخود هاتوچۆکردن لەنێوان ئەو دوو جۆرە شێوازەی باوانیکردندا.

## ئەو دوو هۆکارەی وا دەکات منداڵ بەدڕەفتاری بکات

بۆ تێگەیشتن لەوەی بۆچی بەکارهێنانی پاداشتی هۆشمەندانە بە باشترین شێوە کاری خۆی دەکات و سەرکەوتوو دەبێت، سەرەتا دەبێت بکۆڵینەوە لەو دوو هۆکارەی وا دەکات منداڵ ڕەفتاری خراپ بکات. یەکەمین و گرنگترین هۆکار منداڵانی ئەمڕۆ ڕەفتاری خراپ دەکەن ئەوەیە ئەو شتە بەدەست ناهێنن کە پێویستیانە تا لەگەڵ هەستەکانی ناو ناخی خۆیاندا بەوابەستەیی بمێننەوە. لەبیرتان بێت، منداڵانی بێهەست پێویستیان بە سزادانە تا وابەستە ببنەوە بە هەستەکانیانەوە. منداڵانی ئەمڕۆ پێویستیان بە تێگەیشتن، تەنسیق، ئاڕاستەکردن و نیزام هەیە، ئیدی خۆکردانە زیاتر وابەستە دەبن بە هەستەکانیانەوە.

## منداڵان لە جڵەو دەردەچن کاتێک ئەو شتە بەدەست ناهێنن کە پێویستیانە.

کاتێک منداڵان ئەو شتە بەدەست ناهێنن کە پێویستیانە، لە جڵەو دەردەچن و ڕەفتاری نەشیاو دەکەن. ڕەفتاری نەشیاو دەکەن نەک لەبەر ئەوەی کەسی خراپن، بەڵکو لەبەر ئەوەی لە جڵەوی ئێوە دەرچوون. کاتێک منداڵان ئەوە بەدەست دەهێنن کە پێویستیانە، لەژێر جڵەوی ئێوە دەمێننەوە و هاوکار دەبن. ڕەنگە ئۆتۆمبیلێکی گەورەت هەبێت بەباشی کاری خۆی بکات، بەڵام گەر دەست لە سوکانەکەی هەربدەیت بە خێرایی تێک دەشکێت و دەعم دەکات. گەر دایکان و باوکان جڵەویان نەبێت، منداڵەکانیان تێک دەشکێن.

هۆکاری دووەم کە منداڵێک ڕەفتاری نەشیاو دەکات بەوە دیاری دەکرێت چۆن ئەوسا دایک و باوک مامەڵە دەکەن لەگەڵ ڕەفتاری لاسارانەی منداڵەکە. گەر بە بەردەوامی بیروهۆش بخرێتە سەر ڕەفتارە نەرێنییەکە، منداڵانیش بەردەوام دەبن تا بە شێوەی نەرێنی ڕەفتار بکەن. کاتێک تیشک دەخەیتە سەر ڕەفتاری نەرێنی، ئەوە ئەو شتەیە زیاتر تووشی دەبیت. سزادانی منداڵان زۆریان لێ دەکات تا تیشک بخەنە سەر ڕەفتارێکی نەرێنی وەک لەوەی چاویان لەسەر ڕەفتارێکی ئەرێنی بێت.

## بۆچی پێدانی پاداشت سەرکەوتوو دەبێت

پاداشت دانەوەی منداڵەکانتان لەپای ڕەفتاری ئەرێنی واتای ئەوەیە تیشک دەخرێتە سەر ئەو شتە باشەی ئەنجامی دەدەن. سزادانی منداڵەکانتان سەرنجتان دەخاتە سەر ئەو خراپەیەی ئەنجامیان داوە و توندکردنەوەی ئەو بیرۆکە کۆنەی کەوا هەر بە خراپی لەدایک بوون

و پێویستیان بە ڕاهێنانەوەیە. بە تیشکخستنەسەر خراپەکان، چاکەکان ئەو دەرفەتەیان نابێت سەر دەربهێنن و خۆیان بخەنە ڕوو.

سەرنجتان بخەنە سەر هەر شتێک ئەوە گەشە دەکات. کاتێک سزای منداڵێک دەدەیت، بڕێکی زۆر لە سەرنجی تۆ دەخرێتە سەر ڕەفتاری نەرێنی منداڵ. ڕەنگە دایک و باوکێک تەنانەت بڵێن: "وانەیەکت فێر دەکەم هەرگیز لەبیرت نەچێتەوە." پێچەوانەی سزادان ئەو تێڕوانینە لێبووردەییەیە کە بە ڕوونی دەڵێت ئاساییە هەڵە بکرێت و پاشان لەبیری بکە و درێژە بدەوە بە کاروانی ڕێ. ئەوەی زۆر گرنگترە بۆ منداڵانی ئەمڕۆ بەرەودانە بە پێویستییەکانیان و ئاڕاستەکردنیانە بەو شێوانەی دەیانکاتە کەسانی سەرکەوتوو.

گەر پاداشتی ڕەفتارێکی ئەرێنی منداڵ بدەیتەوە، ئەوە ئەو شتەیە زیاد دەکات. زیاتر لە گەڕان و تیشکخستنەسەر هەڵەکانی منداڵ، دایکان و باوکان پێویستە منداڵان "لە قافا" بگرن بە کردنی شتی باشەوە. هەر کاتێک منداڵەکانتان بە ئاڕاستەیەکی دروستدا ڕۆیشتن، دان بە سەرکەوتنیاندا بنێن، ئەوانیش بەو ئاڕاستەیەدا بەردەوام دەبن.

**زیاتر لە گەڕان و تیشکخستنەسەر هەڵەکانی منداڵ، دایکان و باوکان پێویستە منداڵان "لە قافا" بگرن بە کردنی شتی باشەوە.**

بۆ منداڵێکی کەم تەمەن، لەنێوان چوار بۆ نۆساڵی، خشتەیەک دروست بکە بۆ کارە باشەکان و ڕەفتارە ئەرێنییەکان. بەر لە خەوتن، چاو بە لیستەکەدا بخشێنەوە و وێنەی ئەستێرە یاخود ستیکەری گەش و ڕەنگاوڕەنگ بلکێنە بە هەر کارێکەوە کە ئەو ڕۆژە ئەنجامی داوە. گەر کار و ڕەفتاری باشیان نەکردبێت، تەنیا بۆشاییەک جێبهێڵە

و سـەرنجی زۆر مەخەرە سـەری. ڕەنگێکـی بێڕەنگـت هەبێـت بـۆ تێڕوانینی بێزار لەبارەی بۆشـاییەکان و تیشک بخە سەر تاسـە و هەسـتە ئەرێنییەکـان دەربـارەی سـەرکەوتنەکان. هەر ئەسـتێرەیەک دەکرێت مانای خاڵێک بدات، کاتێک خاڵەکان گەیشتنە بیست‌وپێنج، ئەوسا پێویسـتە شـتێکی تـایبەت بکەیـت لە نمـوونەی ئەوەی کـاتی خوێندنەوەی چیرۆکی دوو هێندە بکەیت یاخود بچن بۆ گەمەیەکی بەیسبۆڵ. ئەم چـالاکیيە ئەوسـا دەبێـتە یـادەوەرییەکی تـایبەتی دیکە منداڵەکە دەبەسـتێتەوە بەوەی هەسـت بکـات دانـی پێـدا نـراوە و سەرکەوتوو بووە.

## ڕەنگێکی بێ ڕەنگت هەبێت بۆ تێڕوانینی بێزار لەبارەی هەڵەکانەوە و تیشک بخە سەر تاسە و هەستە ئەرێنییەکان دەربارەی سەرکەوتنەکانیان.

ڕاگرتنی خشـتەیەک یـارمەتی دایکـان و باوکـان دەدات کە لەیادیـان بێت هەر کاتێک ڕێک کەوت منداڵ شتە باشەکە بکات دانی پێدا بنێن. زۆربەی دایـک و باوکەکـان تەنـانەت بەئاگـا نـین لەوەی چەنـدێک ئەو شـتە بـاس دەکەن کە منـداڵەکانیان بەهەڵە ئەنجـامی دەدەن. بەم بەرچاوڕوونییەوە، زیاتر ڕوون دەبێتەوە بۆچی منداڵان گوێ ناگرن. گەر منداڵەکانمان نـوقمی نێـو دەربڕینە نەرێنییەکـان بکەیـن، نـاتوانین چاوەڕێی ئەوە لە منداڵەکانمان بکەین هاوکارمان بن. ئەمە لیستێکە لە سی‌وسێ دەربڕین و لێدوان پێک هـاتووە تـا دەسـتگیرۆیيت بکەن تـا بەئاگا بیت لەو شتانەی ڕەنگە بیانڵێیت.

# دانپیدانانە نەرێنییەکان

- کتێبەکانتت لا نەبردووە.
- شتێکی هەڵە لە تۆدا هەیە.
- دەنگت زۆر بەرزە.
- خراپ مەبە لەگەڵ خوشکەکەت.
- ژوورەکەت زۆر پەرش و بڵاوە.
- باشە تۆ چەند جار چاکەتەکەتت لەبیر چووە؟
- باشە تۆ کەی گەورە دەبیت؟
- تۆ گوێم بۆ ناگریت.
- مەچۆرە ئەوێ.
- یاری بە خواردنەکەت مەکە.
- بریا کوڕێک بوویتایە.
- واز لە خەیاڵ پڵاوی بێنە و تەماشای ئەوە بکە کە ئەنجامی دەدەیت.
- واز لە ڕاکە ڕاک بێنە لەم ناوە.
- تۆ زۆر ڕەق یاری دەکەیت.
- دووبارە خۆت کردەوە بە کەڵەگا.
- کەس تۆی خۆش ناوێت گەر بەو شێوەیە ڕەفتار بکەیت.
- نەتگوت سپاس.
- نەتگوت تکایە.
- کاتێک پاروو دەجووی دەمت داخە.
- هیچ شتێکت نەکردووە لەوەی داوام لێ کردیت.
- زۆر تەماشای تەلەفزیۆن دەکەیت.
- دەنگی مۆسیقاکەت کزکە، سەرم دەیەشێنێ.
- واز لە نووزەنووز بهێنە.
- ناتوانی هیچ شتێک بە ڕاستی بکەیت.

- هەوڵ بدە ئەمجارە لەبیرت بێت.
- خاوی کەوە، تۆ زۆر خێرا دەڕۆیت.
- یاری لەگەڵ تۆ هیچ خۆش نییە.
- گەمژە مەبە.
- تۆ منداڵێکی گەورەیت.
- ناتوانم مامەڵەت لەگەڵدا بکەم.
- بە هیچ شێوەیەک ناتوانی ئەوە بکەیت.
- ئەوە بێمانایە.
- ئەمە هەمووی خەتای تۆیە.

بەئاگابوونمان لەوەی چەندێک دانپێدانانی نەرێنی دەردەبڕین، دەتوانین دەست بکەین بەوەی واز بهێنین. لەجیاتی ئەوەی هەڵکورمین بۆ کێشەکان و سزای منداڵەکانمان بدەین بۆ ناتەواوییەکانیان، دەتوانین دەست بکەین بە داواکردن لە منداڵەکانمان ببنە چارەسەر بە ئاڕاستەکردنیان. گەر نەتوانین شتێکی ئەرێنی بڵێین یان بە شێوەیەکی ئەرێنی ئاڕاستەیان بکەین، ئەوسا پێویست نییە هیچ بڵێین. هەندێک نموونە هەن بۆ ئەوەی منداڵەکانمان ئاڕاستە بکەین وەک لەوەی تیشک بخەینە سەر کێشەکە و پاشان سزایان بدەین.

| تیشکخستنەسەر نەرێنییەکان | چۆن ئاڕاستەی ئەرێنی بکەین |
|---|---|
| تۆ گوێ ناگریت. | تکایە سەرنجی تەواوی خۆت بدە من. |
| ناتوانم مامەڵە لەگەڵ تۆدا بکەم، من پێویستم بە تۆیە تا... | تکایە پێویستم بە هاوکاری تۆ هەیە. |

| | |
|---|---|
| تەماشاکە چۆن خۆت گۆڕیووە. | زەحمەت نەبێت دەڕۆیت ئەو کراسە شینە لەبەرکەیت. لەگەڵ ئەو پانتۆڵەدا زۆر جوان دەبێت. |
| بە هیچ شێوەیەک ناتوانی ئەوە بکەیت. | با تەماشا بکەین بزانین ڕێگەیەکی دی هەیە ئەمە بکەیت. |
| گەمژە مەبە. | با جارێکی تر وردتر تەماشای ئەمە بکەینەوە. |
| خاوی کەوە، تۆ زۆر خێرا دەڕۆیت. | تکایە خاوی دەکەیتەوە؟ |
| کتێبەکانت لا نەبردووە. | زەحمەت نەبێت کتێبەکانت لا دەبەیت؟ |
| لەسەر مێزی نانی ئێوارە گۆرانی مەڵێ. | تکایە، لەسەر مێزی نانی ئێوارە گۆرانی مەڵێ. |
| واز لە نووزەنووز بهێنە. | نامەوێت چیتر باسی ئەوە بکەم. |
| تۆ دووبارە خۆپەرستی. | تکایە، دەمەوێت بیری ڕەفتارەکانی خۆت بێت. |

بە دڵنیاییەوە، پێویستە منداڵەکانمان ڕاست بکەینەوە. بەڵام لەبری ئەوەی تیشک بخەینە سەر ڕەفتاریان بە شێوازێکی نەرێنی، دەتوانین

چانسێکیان بدەینێ تـا ڕەفتاریـان بگـۆڕن بـۆ باشـتر. تەنـانەت ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی منداڵەکانمان بە شێوەیەکی ئەرێنی ئەنجامی پێچەوانەی دەبێت. پێویستـە سـێ جـار زیـاتر پێزانین و دانپێدانانی خۆمـان دەربـبـڕین بـۆ ڕەفتـارە ئەرێنییەکانیـان. ئەرێنـیـیەکەی زیـاتر گەرەکە بۆ هاوسەنگکردنی نەرێنییەکە. زۆربەی کات منداڵان دەست هەڵدەگرن لە گوێگرتن لە دایک و باوکیان چونکە وەک پێویست دان بە چاکەکانیاندا نانرێت.

ئەمەی خـوارەوە سیوسـێ نمـوونەیە بـۆ لە قافـاگرتنی منـداڵ کە خەریکی کردنـی شـتێکی ڕاسـت و باشـە و والیکردنیـانە کە پێیـان دەزانین.

## لە قافاگرتنی منداڵەکەت کە کەسێکی باشە یان سەرقاڵی کارێکی ڕاستە

- کتێبەکەت لا بردووە.
- هەموو شت لە ژوورەکەتدا جوان و ڕێکوپێک دیارە.
- تۆ زۆر زیرەکیت.
- ئەمە لە چاکەی تۆیە.
- گەلێک پێ دەزانم کە دەنگی نزم و ناوماڵ بەکار دەهێنیت.
- تۆ کارێکی زۆر باشت کرد.
- تۆ زۆر یارمەتیدەریت.
- هەموو شت زۆر بە ڕێکوپێکی دەڕوات.
- لەیادت بوو جلەوی خۆت بکەیت.
- تۆ یارمەتییەکی زۆری منت دا.
- لەگەڵ تۆدا یاریکردن گەلێک خۆشە.
- خۆشم دەوێیت و خۆشم دەوێ بابە/ دایەی تۆم.

- ئەوە لێدانێکی باش بوو.
- سپاس بۆ ئەوەی کە گوێ دەگریت و قسەکانم پێ نابڕیت.
- شوێن هەموو ڕێنماییەکانی من کەوتیت -کارێکی باش بوو.
- ئەمشەو زۆر جوان کەوچک و چەتاڵەکەت بەکار دەهێنیت.
- تۆ کەسێکیت هەوڵی زۆر دەدەیت.
- لەسەر ڕێی ڕاست ماویت.
- تۆ یارمەتیدەرێکی زۆر باش بوویت.
- ئەمە وێنەیەکی زۆر نایابە، زۆرم بەدڵە.
- تەماشاکە چیت کردووە -زۆر مەزنە.
- ئاساییە، دەزانم هەمیشە هەوڵی خۆت دەدەیت.
- بە ڕاستی بیری گشت ڕەوشتەکانی سەر مێزی نان خواردنت ماوە.
- ئەمشەو زۆر هاوکار بوویت.
- تێبینیم کرد گەمەکانت لەگەڵ ئەوانی دیکە بەش کرد، ئەوە زۆر میهرەبانانە بوو.
- تۆ خۆت تەواوی جلکەکانت پۆشی.
- تۆ هەر خۆت ئەوەت تەواو کرد.
- شتێکی باشە داوای یارمەتی بکەیت، تۆش هاتیت و منت دۆزییەوە.
- تۆ کارێکی زۆر باشت کرد.
- تۆ تەواوی کات هاوکار بوویت، سپاس بۆ تۆ.
- تۆ لەگەڵ ئاژەڵاندا زۆر نەرمونیانی.
- سپاس بۆ یارمەتیدانت، دەزانم دەتوانم پشت بە تۆ ببەستم.
- تۆ ئەمڕۆ زۆر گەش و تەندروست دەردەکەویت.

بە دیاریکردن و داننــان بە شــتە ئەرێنییەکــانی منــداڵەکانتان و ڕەفتاریان، ئەوسا خۆیان وەک کەسانی باش و سەرکەوتوو دەبینن. ئەم وێنە ئەرێنییەی خۆیان تەنیا هانیان نادات تا هاوکار بن، بەڵکو دەبێتە هـۆی هێنـانە ئـارای ڕێزلەخۆنـان، بروابەخۆبـوون و هەستی لێهاتوویی.

ڕێچکەکانی خۆشەویستی نەرم بە گشتی لەدەوری ئەم بیرۆکەیەن کەوا دانپێدانانی ئەرێنی زۆر بە منداڵ بدرێت. کاتێک مندالانی دایک و باوکی خۆخۆشەویست هەست بە شلۆقی دەکەن و تووشی کەمی ڕێزلەخۆنـان دەبـن، هەنـدێک لە پسـپۆڕان بە هەڵە وای دادەنـێن کەوا پێدانی داننانی ئەرێنی بە منداڵدا کاری خۆی ناکات و سـەرکەوتوو نابێت.

سـەرکەوتوو دەبێـت. ئەوەی سـەرکەوتوو نابێـت لە خۆشەویستی نەرمدا، بەو شـێوەیەی پێشتر لێمـان کۆڵییەوە، ڕووبەڕووبوونەوەی بەرهەڵستی منداڵ نییە بۆ کردنی ئەو شتەی دایک و باوک دەیانەوێت. ئەو دایک و باوکانەی پەیڕەوی لە ڕێبازی خۆشەویستی نەرم دەکەن ترسیان لە ڕووبەڕووبـوونەوە هەیە و بەردەوام خـۆ دەدەنە دەست داواکارییەکانی منداڵەکانیانەوە تاوەکوو دوور بکەونەوە لەوەی مامەڵە لەگەڵ تاوێکی شێتگیری و وڕکگرتنی منداڵەکانیاندا بکەن. ڕازیکردن، نەک داننان بە شتە ئەرێنییەکاندا، ڕەوشتی منداڵ تێک دەدات.

## جادووی پاداشت دانەوەکان

باوانیکردنی ئەرێنی بە چەندین ڕێگەی جۆراوجۆر تیشک دەخاتە سەر هاندانی مندالان تا هاوکار بن. ئێمە داوا دەکەین، فەرمان ناکەین. تیشک دەخەینە سەر ئەوەی برەو بە پێویستییەکانی منداڵ بدەین نەک هەوڵ بدەین "چاک"ـیان بکەینەوە. گـوێ بـۆ بەرهەڵستی دەگرین،

وانەیان پێ نادەین و بێزار نابین. کاتێکیش ئەوە سەرکەوتوو نەبوو، پاداشتەکان بەکار دەهێنین تا هانی منداڵان بدەین هاوکارمان بن. گەر دایک و باوکێک تەنیا پاداشت بەکار بخەن، ئەوسا ئەنجامی پێچەوانەی دەبێت. پاداشتەکان هانی منداڵ دەدەن، بەڵام هەموو ئەو تێگەیشتن و تەنسیق و ئاڕاستەکردن و ڕێکوپێکییە نابەخشن پێی کە پێویستیانە.

پاداشتەکان بە تایبەت لەو کاتانەدا سوودبەخش دەبن کە کات یان دەرفەتمان نییە تا ئەو شتە بە منداڵان ببەخشین کە پێویستیانە. کاتگەلێک هەن کە نەمانتوانیووە هەموو پێویستییەکانی منداڵەکانمان وەدی بهێنین یاخود کاتمان نییە بۆ وەدیهێنانی ئەوەی پێویستیانە لە دۆخی ئێستادا. لەو کاتانەدا، بەکارخستنی پاداشتەکان بە کاتی ئەو هاوکارییە دەخوڵقێنێت کە ئێوە پێویستتان پێیەتی. ئەمانەی خوارەوە هەندێک نموونەی باوی ئەو دۆخانەن کە دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵەکانمان هاوکار نەبن چونکە ئەو شتە بەدەست ناهێنن کە پێویستیانە.

## بۆچی منداڵان بەرهەڵستی ئاڕاستەکردنی ئێمە دەکەن

•نائومێدن و پێویستیان بەوەیە بۆ ماوەیەک قسە بکەن و لێیان تێبگەین و ئێوەش کاتتان بۆ گوێگرتن نییە.

•ماندوون و پێویستیان بە سەرخەوشکاندنێکە، ڕێکوپێکی و نیزامی هەمیشەییان شێواوە.

•برسین و پێویستیان بەوەیە خواردنیان بدرێتێ.

•نازانن پێشبینی چی بکەن و پێویستیان بە کاتی زیاترە بۆ خۆئامادەکردن.

•ئامادە نین لەگەڵ وێنە گەورەکەدا لەوەی تۆ پێشبینی دەکەیت و باساکان چین.

• بە هۆی تەماشاکردنی زۆری تەلەفزیۆن، یان بە هۆی گەشتی زۆری بازاڕکردنەوە، خەڵکانی زۆرەوە، خۆشی و ڕابواردنی زۆر، شیرینی خواردنی زۆرەوە، یاخود بەسادەیی بە هۆی چالاکی زۆرەوە زۆر بزواون و وروژاون.

•شتێکی دیکە بێزاریان دەکات و پێویستیان بەوەیە باسی بکەن یان یارمەتی وەربگرن. دەکرێت تووشی ئازاری گوێ بووبن یاخود کەسێک ئەو ڕۆژە لەگەڵیاندا بەدکار و ناجیز بووبێت.

هەندێک جار کاریگەری و فشاری دەرەکی لە دەرەوەی جڵەوی ئێوەن کە دەبنە هۆی خووتێکدانی منداڵ و بەرهەڵستی دەهێننە ئاراوە. بۆ نموونە: تۆ لە کۆگایەکی فرۆشیاریت یاخود لەنێو فرۆکەیەکدایت و منداڵەکەت کاریگەر دەبێت بە فشاری کەسانی دیکە کە نایانەوێت گوێیان لە گریانی منداڵێک بێت.

لەیادتان بێت، منداڵان دەشێت شێتگیر ببن و بەرهەڵستی خۆیان دەربڕن تاوەکوو ئەو تێگەیشتنەیان دەست بکەوێت کە پێویستیانە تا پێناسەی خۆیان بکەن. گەر منداڵان لە ماڵەوە وەک پێویست شێتگیر نەبووبن و وڕکیان نەگرتبێت چونکە دایک و باوکیان زۆر نازیان دەکێشن، مەیلیان دەچێت بەلای ئەوەدا لەناو خەڵکدا وا بکەن کاتێک دایک و باوکیان ناتوانن نازیان بکێشن. ڕادێن لەسەر ئەوەی ڕازی بکرێن و بێ دڵی نەکرێن. لە بارودۆخێک یان فشارێکی ناو خەڵکدا کاتێک دایک و باوکێک ناتوانن زیاتر ببەخشن، دەبنە کەسانی فەرمانکەر و تووشی تاوی شێتگیری دەبن و وڕک دەگرن.

کاتێک منداڵان بەرهەڵستی دەکەن دەکرێت بە هۆی هەرکام لەو هۆکارانەی سەرەوە بێت یان زۆر هۆکاری تر. گەر منداڵان

بەرهەڵستی بکەن، ئەوسا بە جۆرێک لە جۆرەکان، گشت پێویستییەکانیان وەدی نایەن. ئێمە لەنێو جیهانێکی تەواو و بێکەموکوڕیدا ناژین، وەک دایک و باوکیش کامل و بێکەموکووڕ نین. هەمیشە ناتوانین ئەوە ببەخشین بە منداڵان کە پێویستیانە گرنگ نییە چەندێک دەزانین و چەندمان هەیە بیبەخشین. ناوبەناو منداڵەکانمان بەرهەڵستی ئاڕاستەکردنی ئێمە دەکەن کاتێک کە کات یان سەرچاوەگەلێکمان نییە تا ئەو سەرنج و تێگەیشتن و تەنسیق و دووبارەئاڕاستەکردنەوە و نیزامەیان پێ ببەخشین کە پێویستیانە.

**بەرهەڵستی شتێکی حەتمییە چونکە دایک و باوک کەسانی کامڵ و بێکەموکووڕی نین و هەمیشە ناتوانن ئەوە ببەخشن بە منداڵ کە پێویستییەتی.**

لەبری ئەوەی بە هەڵە پێمان وا بێت منداڵەکانمان نایانەوێت هاوکاریمان بکەن، پێویستە درک بەوەش بکەین ئەوانیش ئەوەیان نییە کە پێویستیانە تا هاوکار بن. گەر ئۆتۆمبیلێک کار نەکات بە هۆی ئەوەی بەنزینی تێدا نییە، گونجاو نییە وای دابنێین ئۆتۆمبیلەکە بەرهەڵستی تۆ دەکات یان بە شێوەیەک شکاوە و لەکار کەوتووە. کاتێک منداڵان بەرهەڵستی دەکەن، لەو ساتەدا لە توانایاندا نابێت هاوکاری بکەن، ئەو شتەیان نییە کە پێویستیانە تا وابەستە بینەوە بەو ئارەزووەی نێو ناخیان تا هاوکاری بکەن. مەبەستی پاداشتدانەوەی منداڵان پێدانی کەمێک وزەی زیاترە تا وابەستە بێن بەو بەشەیانەوە کە دەیەوێت هاوکار بێت.

**مەبەستی پاداشت دانەوەی منداڵان بەئاگاهێنانەوەی ئەو بەشەی منداڵە کە دەیەوێت هاوکار بێت.**

لەجیاتی ئەوەی هەوڵ بدەن جڵەوتان هەبێت بەسەریاندا لەڕێی هەڕەشەی سزدان و لێدانەوە، لەو کاتانەدا کە منداڵەکانمان بەرهەڵستی دەکەن هاوکاری بکەن، دەتوانین هاوکاری بەدەست بهێنینەوە لەڕێی هۆکارەکانی پاداشت دانەوەوە. پێدانی پاداشتێک زۆربەی کات هانی هاوکاریکردنی منداڵ دەدات.

## تێگەیشتن لە پاداشتەکان

وێنای ئەوە بکە داوات لێ دەکرێت بە شێوەی نیمەکار[٢] کار بکەیت و تۆش خۆکردانە هەست بە بەرهەڵستی دەکەیت. پاشان پێت دەگوترێت دوو هێندە هەقدەستت پێ دەدرێت بۆ هەر کاتژمێرێکی کاری نیمەکارەکەت. لەناکاو دەبیتە کەسێکی هاوکاریکەر. وەک چۆن بەڵێنی زیاتر هانی ئێوە دەدات، هەروەها سەرکەوتووش دەبێت، ڕەنگە باشتریش، لەگەڵ منداڵەکانتان. شتێکی سروشتییە. با تەماشای چەند نموونەیەک بکەین.

کاتێک منداڵێک ڕەتی دەکاتەوە ددانەکانی بشوات، بڵێ: "گەر ئێستا بڕۆیت ددانەکانت بشۆیت، ئەوسا کاتمان دەبێت سێ چیرۆک بخوێنینەوە لەجیاتی دانەیەک."

هێشتا لەبیرمە کاتێک بەئاگاییەوە دەستم کرد بە بەکارهێنانی پاداشت بە منداڵەکانم. یەکێک لە منداڵەکانم یەکڕا ڕەتی دەکردەوە

---

[٢] کارێک کە هەمیشەیی نییە، بەڵکو تەنیا لە بەشێکی ڕۆژ، هەفتەیان مانگدا دەکرێت، زۆر جار لەدوای کاری سەرەکی دەکرێت.

ددانەکانی بشوات پێش خەوتنی. هیچ شتێک سوودی نەبوو. دواتر، دوای ئەوەی بەشداریم لە وانەیەکی باوانیکردن کرد کە ڕاسپاردەی پاداشتی دەکرد، تەنیا ئەم ڕستە سادەیەم بەکار هێنا و کاری خۆیشی کرد. واقم وڕما. تەنیا لەڕێی ئەوەی منداڵەکەمم ئاگادار کردەوە کاتی زیاترمان دەبێت بۆ خوێندنەوە، دەمودەست بازی دا بڕوات ددانەکانی بشوات بەبێ هیچ پرتە و بۆڵەیەک. ئەم گۆڕانکارییە سادەیە ئەنجامی دەمودەستی لێ کەوتەوە و تەواوی ڕێبازی باوکایەتی منی گۆڕی.

بە پاڵپشتی پاداشتە بچووکەکان، کاری باوانیکردن زۆر ئاسانتر دەبێت. لە زۆر حاڵەتدا، بەرهەڵستی منداڵ تەنیا بە پاداشتێک دەتوێتەوە. بە پاداشتی ناوبەناو، منداڵ وابەستە دەبێتەوە بە ئارەزووی سروشتی خۆی بۆ دڵخۆشکردنی باوانی، ئەوسا زۆربەی کاتیش خۆکردانە زیاتر هاوکار دەبێت.

**پێدانی پاداشتە بچووکەکان بە منداڵ، کاری باوانیکردن زۆر ئاسانتر دەکات.**

هێشتا، هەندێک لە دایکان و باوکان نیگەرانن لەوەی منداڵەکەیان سوودی خراپ لەم پاڵپشتییە وەربگرن و هەمیشە داوای پاداشت بکەن بەر لەوەی هەر شتێک بکەن. خۆشبەختانە، ئەمە ڕوو نادات. کاتێک لەگەڵ توانا و شارەزاییەکانی دیکەی باوانیکردنی ئەرێنی خرایە کار، پێدانی پاداشت ویست و ئارەزووی منداڵ بۆ هاوکاریکردن بەئاگا دەهێنێتەوە و بەهێزی دەکات بەبێ پاداشتیش. کاتێک منداڵێک هان درا تا ڕەفتارێکی دیاریکراو بکات بە پاداشتەوە، هەر زوو دوای ئەوە چیتر داوای پاداشت ناکات.

کاتێک منداڵان لەژێر جڵەودان، پێویستیان بە پاداشت نییە. تاکە پێویستی پاداشت بۆ ئەوەیە تاوەکوو یارمەتی منداڵان بدەن بگەڕێنەوە نێو جڵەوی ئێوە. پاداشتەکان تەنیا ئەو کاتانە پێویستن منداڵان لە دەرەوەی جڵەوی ئێوەن و دابڕاون لە ئارەزووی سروشتی خۆیان بۆ دڵخۆشکردنی باوانیان. کاتێک ڕەفتارێکی دیاریکراو جێگیر بوو، ئەوسا چیتر منداڵەکە داوای پاداشت ناکات تا بەردەوام ئەنجامی بدات. پێدانی پاداشتی سێ چیرۆکەکە بەر لە خەوتن وا لە منداڵ ناکات لە کاتەکانی دیکەدا داوای پاداشت بکات.

تا ئەو کاتەی خۆم ئەزموونی توانای پێدانی پاداشتم کرد، بەرهەڵستیم کرد لەوەی پاداشت بە منداڵەکانم بدەم، چونکە پێم وا بوو وەک بەرتیلدان وایە. کاتێک زۆر بە باشی سەرکەوتوو بوو، ناچار بووم دەست بکەم بە ڕەچاوکردنی سوودەکانی و دووبارە بیرکردنەوە لەوەی بۆچی بەرهەڵستیم کرد لەوەی پاداشت بە منداڵەکانم بدەم. کاتێک یەکێک لە منداڵەکانم بەرهەڵستی ئاڕاستەکردنی منی کرد، کاردانەوەی من ئەوە بوو هەڕەشە بکەم. بەم جۆرە باوکم باوکایەتی بۆ من کرد، بۆیە، لە کاتی بێزاریدا، کاردانەوەی منیش ئەوە بوو هەڕەشە بکەم. هەرکە پەیم بە جێگرەوەیەکی باشتر برد، سزادان و هەڕەشەی سزادان بوونە شتی ڕابردوو.

ئالنگاری نوێم دۆزینەوەی ڕێگەی گونجاوی نوێ بوو تا پاداشتەکانم بدەم بە منداڵەکانم. پاداشتەکە پێویستە بە جۆرێک لە جۆرەکان پەیوەست بێت بەو ڕەفتارەوە کە داوا لە منداڵەکە دەکرێت ڕێکی بکاتەوە. پاداشت بەرئەنجامی سروشتی هاوکاریکردنە. گەر منداڵەکە دەستبەجێ ددانەکانی بشوات ئەوا لە ڕاستیدا کاتی زیاتر دەبێت بۆ خوێندنەوەی چیرۆک بەر لە خەوتن. کاتێک منداڵێک بەرهەڵستی دەکات لەوەی پالتۆکەی لەبەر بکات، بەرئەنجامی

سروشـتی زووتـر گەیشـتن بـۆ قوتابخـانە ڕەنـگە وەک پاداشت دەرناکەوێت. لە هەندێک حاڵەتدا، ڕەنگە کاری خۆی بکات. دەتوانیت بڵێـی: "گەر ئێسـتە چـاکەتەکەت لەبەر بکەیـت، ئەوسـا کـاتم دەبێت تەماشای تابلۆ کێشراوەکانت بکەم لە قوتابخانە."

یەک پاداشت هەیە هەموو کات کاری خۆی دەکات و سەرکەوتوو دەبێت، تۆش ناچار نیت زۆر بە قورسی بیر بکەیتەوە. ئەویش خەڵاتی کاتە. دەتوانیت بڵێی: "گەر ئێستا هاوکاریم بکەیت، ئەوسا کاتی زیاترم دەبێت تا دواتر شتێکی تایبەتت بۆ بکەم."

**بۆ هاندانی هاوکاریکردن، ئاسانترین پاداشت تا ببەخشیت کاتی زیاترە لەگەڵ منداڵەکەت.**

هەر کاتێک منداڵەکەت هاوکاری کردیت، بەرئەنجامی ڕاستەقینەی ئەو هاوکاریکردنە کاتی زیاترە لە دواتردا بۆ کردنی شتێک کە زۆر حەز دەکەن لەگەڵ تـۆدا بـیکەن. بە بیرهێنانەوەیـان لەم ڕاسـتییە سادەیە، بە خێرایی هان دەدرێن تا شوێن ئاڕاستەکردنی ئێوە بکەون. بۆ ئەوەی پاداشتەکەت زیاتر کاریگەری هەبێت، دەتوانیت بە ڕێگەیەک بیگەیەنیت کە زیاتر بەدڵی منداڵەکەت بێت.

## پاداشتەکان بەگوێرەی سروشتی منداڵان

با بکۆڵینەوە لە چەند نموونەیەکی کەم بۆ گەیاندنی هەمان پاداشت بە شێوەی جیاواز بەگوێرەی سروشتی منداڵەکەتان. لەگەڵ منداڵێک کە زیاتر هەستیارە، کاتێک وەسفی پاداشتەکە دەکرێت، تیشک بخە سەر ئەوەی پاداشتەکە چ هەستێکی دەبێت. بۆ نموونە، "گەر ئێستا

هاوکاریم بکەیت، دواتر کاتی زیاترم دەبێت شتێکی تایبەت بکەم. دەکرێت کاتێکی خۆش بەسەر بەرین لە باخچەکەدا بە چنینی گوڵ بۆ دایە. دایە حەزی لە گوڵە. دەتوانین یەک چەپکە گوڵی چاک بکەین."

لەگەڵ منداڵێکی چالاکدا، کاتێک وەسفی پاداشتەکە دەکرێت، زیاتر تیشک بخە سەر وردەکارییەکانی کارەکە. "گەر ئێستا هاوکاریم بکەیت، دواتر کاتی زیاترم دەبێت شتێکی تایبەت بکەم. دەتوانین بچینە دەرەوە گەمە بکەین و لە باخچەکەدا چەپکێک گوڵ بۆ دایە بچنین. تەنانەت دەتوانین پەیژەکە بهێنینە دەرەوە و خونچەکان لە درەختەکان بکەینەوە."

لەگەڵ منداڵی وەڵامدەرەوە، کاتێک وەسفی پاداشتەکە دەکرێت، زیاتر تیشک بخە سەر وردەکارییە هەستییەکان و چیرۆکێک بگێڕەوە. بۆ نموونە: "گەر ئێستا هاوکاریم بکەی، دواتر کاتی زیاترم دەبێت شتێکی تایبەت بکەم. دەتوانین بچینە دەرەوە بۆ نێو باخچەکە و گوڵە جوانەکان بۆ دایە بچنین. دەتوانین یەک چەپک گوڵی سوور و زەرد و سپی بچنین. گرەو دەکەم چاومان بە پەپوولەی زیاتریش دەکەوێت. کاتێک دایکت چاوی بە گوڵە تازەکانی کەوت، بە بزەیەکی گەورە ڕووی دەگەشێتەوە."

لەگەڵ منداڵی پەسەندکاردا، کاتێک وەسفی پاداشتەکە دەکرێت، زیاتر تیشک بخە سەر کاتەکەی. بۆ نموونە، بڵێ: "گەر ئێستا هاوکاریم بکەی، دواتر کاتی زیاترم دەبێت شتێکی تایبەت بکەم. دوای قوتابخانە کە هاتینەوە ماڵەوە، دەتوانین لە باخچەکەدا گوڵ بۆ دایە بچنین. ئێستا، پێویستم بە یارمەتی تۆیە، پاشان کاتمان دەبێت تا لە باخچەکەدا گوڵ بۆ دایە بچنین."

لە کاتێکدا دیاریکردنی پاداشتەکە بە شێوەی جیاواز بۆ منداڵە تایبەتەکەت دەبێتە هۆی زیادبوونی هاندانی منداڵەکەت، تەنیا گەیاندنی پاداشتەکە خۆی کاری خۆی دەکات و سەرکەوتوو دەبێت. ئەو پەیامە

سادەیەی دەیگەیەنیت ئەوەیە ئێستا کات بۆ من مانای کاتی زیاترە بۆ تۆ لە دواتردا. ئێستا یارمەتیم بدە، منیش دواتر زیاترت پێ دەبەخشم.

## نموونەی پاداشتەکان

ئەمەی خوارە لیستێکە لە پاداشتەکان. چەند خولەکێک لە کاتی خۆت بگرە تا بیر بکەیتەوە چۆن ڕەنگە ئەم پاداشتانە بە شێوەیەک بگەیەنیت کە بە باشترین شێوە بۆ منداڵەکەت سەرکەوتوو بێت. ڕەچاوی سروشتیان بکەن. سەرەڕای ئەوەش، بیر بکەنەوە لەوەی کەی ڕەنگە پێویستتان بە خستەنەکاری پاداشتەکان بێت و چ پاداشتێکیش بە باشترین شێوە بۆ منداڵەکانتان کاری خۆی دەکات.

- گەر هاوکار بیت و ئێستا یارییەکانت کۆ بکەیتەوە، دواتر کاتم دەبێت پێکەوە یاری کاغەز بکەین.
- گەر ئێستا یارمەتیم بدەیت یارییەکانت کۆ بکەیتەوە، دواتر کاتم دەبێت یارییەکت لەگەڵدا بکەم.
- گەر ئێستا ئێرە خاوێن بکەینەوە، دەتوانین کارێکی هونەری بکەین.
- گەر ئەمشەو جلەکانی قوتابخانەت جیا بکەیتەوە، پاشان کاتمان دەبێت تا "وافل"[٣] بخۆین بۆ نانی بەیانی.
- گەر ئێستا ئامادە بیت بڕۆین، پاشان دەتوانین زووتر بگەڕێینەوە.
- گەر ئێستا خۆت بگۆڕیت، ئەوا دوای قوتابخانە شتێکت پێ دەدەم.

---

٣. وافل: جۆرە کێکێکی تەنکی هاوشێوەی شلکێنەی کوردەوارییە بەڵام نەخشدارە و بۆ بەرچایی دەخورێت.

• گەر ئێستا واز لە قسەکردن بهێنی، دواتر دەتوانین پیاسە بە سەگەکە بکەین.

• گەر ئێستا بچیتە ئۆتۆمبیلەکەوە، دواتر لەگەڵتدا یاری چاوشارکێ دەکەم.

• گەر ئێستا هاوکاریم بکەیت، دواتر شتێکی تایبەتت بۆ دەکەم.

• گەر ئێستە ئەرکەکانی قوتابخانەت ئەنجام بدەیت، دواتر دەتوانین خۆشی لە چا خواردنەوە ببینین.

• گەر سەوزەکانت بخۆیت، دواتر هەندێک شیرینی دەخۆین ئەمشەو.

• گەر ئێستا بێی بۆ خواردنی نانی ئێوارە، دواتر و دوای نانی ئێوارە دەتوانین گۆرانی بڵێین.

• گەر ئێستا بێیت، دواتر دەتوانیت گەمەکەت بکەیت.

کاتێک منداڵەکەت بەرهەڵستی کرد، لەجیاتی ئەوەی شتێکی لێ بسەنیت، شتێکی کەمێک زیاتری پێ ببەخشە. پاڵپشتی زیاتریان پێ ببەخشن، بۆ ئەوەی بتوانن جارێکی دیکە هەست بە ویست و ئارەزووی ناو ناخی خۆیان بکەنەوە بۆ هاوکاریکردن. لەجیاتی ئەوەی ئازاردان وەک ڕێگرێک بەکار بهێنن، ئەگەری پێدانی زیاتر بەکار بهێنن تا هانیان بدەن.

## با هەمیشە پلانێکی نەگوتراوت هەبێت

ئەوەی وا دەکات پێدانی پاداشت سەرکەوتوو بێت دۆزینەوەی ئەو شتانەیە بە ڕاستی هانی منداڵەکەت دەدات. کاتێک زانیت چی هانی منداڵەکەت دەدات، ئەوسا بەردەوام لە بن باڵی خۆت هەڵیبگرە. بۆ یەک منداڵ، تەنیا هاندەرێک کە تۆ هەردەم پێویستتە ئەوەیە "گەر

ئێستا هاوکاریم بکەیت، ئەوا دواتر کاتم دەبێ چیرۆکت بۆ بخوێنمەوە." بۆ منداڵێکی دیکە، ڕەنگە ئەمە بێت: "گەر هاوکاریم بکەیت، دواتر دەتوانین پێکەوە لە چێشتخانە کێک دروست بکەین." ڕەنگە منداڵانی دیکە پێویستیان بە پاداشتی دیکەی جۆراوجۆر بێت. ڕاز و نهێنی پێدانی پاداشت لەوەدایە سەرنج بدرێتە ئەو شتانەی کە منداڵەکانتان زۆر ئارەزووی دەکەن و هەر ئەوەش بەکار بهێنن بۆ پاداشت دانەوەیان.

**ڕاز و نهێنی پێدانی پاداشت لەوەدایە سەرنج بدرێتە ئەو شتانەی کە منداڵەکانتان زۆر ئارەزووی دەکەن و هەر ئەوەش بەکار بهێنن بۆ پاداشتدانەوەیان.**

گەر بە ڕاستی ئارەزوویان لە چیرۆکەکان بێت، ئەوسا کەمێک خۆتان بگرن لەوەی چیرۆکیان بۆ بخوێننەوە. بە دڵنیایەوە، بە یەکجاری دەست هەڵمەگرن، بەڵام دڵنیا ببنەوە لەوەی لە خوێندنەوەی چیرۆکدا زیادەڕۆی ناکەن. پاشان خوێندنەوەی چیرۆک دەبێتە پاداشتێکی زۆر باشتر. با تەماشای نموونەیەکی دیکە بکەین. کاتێک منداڵێک دەڵێت: "ئەم هەفتەیە دەتوانین بۆ پارک بچین؟" تۆش دەڵێی: "ئەوە بیرۆکەیەکی زۆر باشە. گەر کاتمان هەبێ بەدڵنیاییەوە دەچین." لە کاتێکی دیکەدا، کاتێک بەرهەڵستی دەکەن، دەتوانن بڵێن: "گەر ئێستا هاوکاری بکەیت، دواتر کاتی زیاترم دەبێت و دەتبەم بۆ پارک." گەرچی پێشوەختە پلان دادەنێیت یان بەهیوایت بیبەیت بۆ پارک، ئێستا دەتوانیت ئەوە وەک پاداشتێک بەکار بهێنیت.

لەلایەکەوە هەمان ئەو شتانەی لە منداڵی دوور دەخەنەوە بۆ سزادان، لەجیاتی ئەوە دەتوانرێت وەک پاداشت ببەخشرێن. گەر دایک

و باوکێک هەڕەشە بکەن بەوەی منداڵێک نابەن بۆ پیاسە، دواتر چوون بۆ پیاسەیەک بەکار بهێنە وەک ڕێگەیەک بۆ هاندانی منداڵەکە. لەجیاتی ئەوەی هەڕەشە بکەیت بەم جۆرە دەربڕینە: "گەر ئەم گەمانە دوور نەخەیتەوە، دواتر ناتوانی یاریان پێ بکەیت." بڵێ: "گەر ئەم گەمانە دوور بخەیتەوە، دواتر یارییەکت لەگەڵدا دەکەم." گەورەترین و ئاسانترین پاداشت بۆ پێدان زیاتر بەخشینە لە تووەیە.

**هەمان ئەو شتانەی تۆ دووریان دەخەیتەوە لە منداڵ، لەجیاتی ئەوە دەتوانرێت وەک پاداشت بدرێن پێیان.**

لە بنەڕەتدا پاداشتەکان دەبێت تارادەیەک پەیوەندیدار و لۆژیکیانە و ماقووڵ بن. پاداشتی لۆژیکی ئەمەیە: "گەر ئەمە بۆ من بکەیت، پاشان کاتم دەبێت شتێکت بۆ بکەم." شتێکی لۆژیکییە لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی گەر تۆ شتێک بۆ من بکەیت، منیش شتێکی دیکە بۆ تۆ دەکەم. پاداشتێکی پەیوەندیدار ئەمەیە: "کاتی چوونەوەیە بۆ ماڵەوە بۆ نانی ئێوارە. تێدەگەم دەتەوێت یاری بکەیت و ئێستاش کاتی ڕۆیشتنە. گەر ئێستا بێیت، پاشان زوو دەگەڕێینەوە." پاداشتەکە پەیوەندیی هەیە بەو چالاکییەوە کە تۆ دەتەوێت ئەوان لە کردنی بوەستێنیت. پاداشتی ماقووڵ زیاتر دەبەخشێت بەگوێرەی پلەی بەرهەڵستی منداڵەکە هەیەتی. گەر ئاڵنگارییەکە گەورە بێت بۆیان، ئەوسا زیاتریان پێ ببەخشن.

دایک و باوکی ئامادە هەمیشە چەند خەڵاتێکی کەم لەبن باڵیاندایە تا دەریانبهێنن کاتێک منداڵەکەیان بەرهەڵستی نواند. ئەمانە هەندێک نموونەی باوی پاداشتن. ڕەچاوی ئەوە بکەن چ پاداشتێک زۆر گونجاوە تا بەکار بهێنرێت.

## لیستێکی پاداشتەکان

- دواتر کاتی زیاترمان دەبێت شتێکی تایبەت بکەین.
- دواتر دەتوانیت پاسکیلەکەت لێبخوڕیت.
- دەتوانین گوڵ بچنین بۆ سەر مێزی خوانی ئێوارە.
- دەتوانین پێکەوە پیاسە بە سەگەکە بکەین.
- دەتوانین پێکەوە شکۆلاتەیەکی گەرم بخۆین.
- دەتوانین ئاهەنگێکی چا خواردنەوە بگێڕین.
- دەتوانین یاری ڕاونان بکەین.
- دەتوانین بڕۆین و هەندێک تۆپ هەڵدەینە تۆڕەکەوە.
- دەتوانین کێک ببرژێنین.
- دەتوانین پێش خەو سێ چیرۆک بخوێنینەوە.
- دەتوانین شیرینی بخۆین.
- دەتوانین بڕۆین بۆ مەلەکردن.
- دەتوانین گۆرانی بچڕین.
- دەتوانیت هاوڕێیەک بهێنیتەوەماڵەوە.
- دەتوانین بڕۆین بۆ پیاسەیەک بە سەیارە.
- دەتوانین بڕۆین بۆ بازاڕکردن.
- دەتوانین بە چەند درەختێکدا سەرکەوین.
- دەتوانین بڕۆین بۆ گەمە لە پارک.
- دەتوانین کارێکی هونەری بکەین.
- دەتوانین وێنە بکێشین.
- دەتوانین تابلۆ بکێشین.
- دەتوانین بڕۆین بۆ پیاسەیەک.
- دەتوانین یارییەکی کاغەز بکەین.
- دەتوانین تەماشای ڤیدیۆیەک یان بەرنامەیەکی تایبەت بکەین.

پێدانی ئاگادارکرنەوەیەکی کات زۆر هاندەر دەبێت. بە تایبەتی منداڵی پەسەندکار پێویستی بە کاتی زیاتر دەبێت تا لە بارێکەوە بگۆڕێن بۆ بارێکی دیکە. دایک و باوکی ژیر لەپێشەوە بیر دەکەنەوە و ئەم منداڵە ئامادەی گۆڕانکارییەکان دەکەن. لەبری ئەوەی بڵێن: "ئێستا کاتی ئەوەیە چاکەتەکەت لەبەر بکەیت." بڵێن: "لە ماوەی پێنج خولەکدا دەکەوینە ڕێ بۆ قوتابخانە. لەو کاتەدا، دەمەوێت چاکەتەکەت لەبەر بکەیت. گەر هاوکار بیت و چاکەتەکەت بپۆشی، پاشان بەخۆشی لێدەخوڕین بەرەو قوتابخانە."

## دایک و باوکی ژیر لەپێشەوە بیر دەکەنەوە و منداڵان ئامادەی گۆڕانکارییەکان دەکەن.

کاتێک شەوانە لەگەڵ منداڵەکەت ڕادەکشێیت، گەر منداڵەکەت نەیویست تۆ جێی بهێڵی، ئەوسا دەتوانیت بڵێی: "باشە، لە پێنج خولەکدا، من دەڕۆم. گەر هاوکار بیت و بە هێمنی ڕاکشێیت، ئەوا تەواوی پێنج خولەکەکە دەمێنمەوە. گەر بەردەوام قسان بکەیت، ناچارم هەر ئێستا بڕۆم." گەرچی ناچاربوون بە ڕۆیشتن هەر ئێستا وەک هەڕەشەیەک وایە، بەڵام ئاساییە چونکە ئێوە بە ڕوونی ئەو پاداشتە ئەرێنییەتان پێ داون بەوەی تەواوی پێنج خولەکی دیکە دەمێننەوە گەر بە هێمنی ڕاکشێن.

بەر لەوەی بە منداڵەکانتان بڵێن پەرش و بڵاوییەکانیان کۆ بکەنەوە و بێن بۆ نانی ئێوارە، وایان لێ بکەن بزانن پێویستە لە ماوەی پێنج خولەکدا دەست بکەن بە کۆکردنەوەی شتە پەرش و بڵاوەکانیان و پاشان بێن بۆ نانی ئێوارە. کاتیان بدەنێ تا پێشبینی دەستهەڵگرتن بکەن، پەرش و بڵاوییەکانیان کۆ بکەنەوە، پاشان بێن بۆ نانی ئێوارە.

دەتوانن بڵێن: "ئێوە، منداڵینە دەتوانن پێنج خولەکی دیکە یاری بکەن پاشان کاتی ئەوەیە شوێنەکەتان خاوێن بکەنەوە و بێن بۆ نانی ئێوارە." لە ماوەی پێنج خولەکدا کاتێک داوات لێ کردنەوە، زیاتر هاوکار دەبن.

جادووی ڕاستەقینەی پاداشتەکان ئەوەیە، ئەو کاتانەی کە وا دیارە هیچ شتێک سەرکەوتوو نابێت، بەڵێندان بە پاداشتێک کاری خۆی دەکات. بەبێ ئەم توانا و بەرچاوڕوونییە ڕوونە، باوانیکردنی ئەرێنی ناتوانێت سەرکەوتوو بێت. بەبێ مامەڵەیەکی جێگرەوە لەگەل منداڵەکانتان لەڕێی بەڵێندانی پاداشتێک، تاکە پەنایەک پەنای بۆ ببرێت هەڕەشەلێکردنیانە لەڕێی سزادانەوە.

## شێوازە دووبارەبووەوەکان

کاتێک منداڵێک بەرهەڵستی دەکات لەوەی هاوکار بێت بە بەردەوامی، ئەوسا لەپێشەوە بەخشینی پاداشتەکە ڕێگەیەکی سوودبەخشە. جارێکیان لەنێو گەشتێکی درێژی فڕۆکەدا، تووشی زەحمەتییەکی زۆر هاتم تا وا لە لۆرینی کچم بکەم هاوکار بێت. لەو کاتە بەدواوە، کێشەکەمان چارەسەر کردووە لەڕێی ئامادەکردنی کچەکەمانەوە بۆ گەشتەکە. حەزی لە شیرینییەکی دیاریکراوە، بۆیا بەڵێنی ئەو شیرینییەمان پێ داوە گەر لە تەواوی گەشتەکەدا هاوکارمان بێت. لەڕێی هاوکاریکردنییەوە لەسەر ڕێگەمان بەرەو فڕۆکەخانە و تا ئەو کاتەی فڕۆکەکە هەڵدەستێت، چارەکێک لە قووتووە شیرینییە دڵخوازەی خۆی دەخوات. لە نیوەی ڕێگا چارەکەکەی دیکەشی دەخوات. لە کاتی نیشتنەوەدا، چارەکی سێیەم لە کاتی گەیشتنمان بەو شوێنەی بۆی دەچین، کۆتا چارەکی شیرینییەکەی پێ دەدرێت.

هەر جارێک ئەم پلانە زۆر بە جوانی کاری خۆی کردووە. بەر لە گەشتەکە، تەواوی قوتووە شیرینییەکەی نیشان دەدەین. چاوەکانی دەگەشێنەوە کاتێک بۆی ڕوون دەکەینەوە چەند بەشی شیرینییەکەی بەردەکەوێت لە هەر قۆناغێکی گەشتەکەدا. لەگەڵ ئەوەی سەرقاڵە بە گەمەکانییەوە، بەڵام هەرگیز بەشی خۆی لە قوتووە شیرینییەکە لەیاد ناکات. هەمیشە لە بەشی دواوەی مینشکیدایە، بەردەوام بیروهۆشی لەسەر ئەوەیە هاوکار بێت. لەپاڵ پێدانی پاداشتێکدا، عەقڵی ئەوەشمان هەبوو چالاکی بۆ فەراهەم بکەین تا ئەنجامیان بدات لە ماوەی گەشتەکەدا. شتێکی زۆر ناواقیعییە چاوەڕێ لە منداڵێک بکەیت دابنیشێت و دڵخۆش بێت لە ماوەی گەشتێکی ئاسمانی پێنج کاتژمێریدا هیچ کارێک نەکات.

لەپاڵ ئەوەی دەبێت تاڕادەیەک لۆژیکی و پەیوەندیدار بێت، پاداشتێک بە منداڵ پێویستە ماقووڵیش بێت. گەر داوا لە منداڵێک بکەیت شتێک بکات کە دەزانیت حەز بە کردنی ناکات، ئەوسا شتێکی ماقووڵە پاداشتی گەورەتری پێ بدەیت. بۆ نموونە، گەر منداڵەکەت حەزی بە چەند میوانێکی دیاریکراو نەبێت کە تۆ زۆر حەزیان پێ دەکەیت، ئەوسا مامەڵەیەکی لەم شێوەیە بکە: "دەزانم تۆ حەزت بەم کەسانە نایەت، بەڵام ئەوانە هاوڕێی منن. گەر پارێزگاری لە دیدێکی ڕێزدارانە و دۆستانە بکەیت، دواتر شتێکی زۆر تایبەتت بۆ دەکەم. لە پشووی کۆتایی هەفتەدا دەتبەم بۆ باخچەی ئاژەڵان." لەم نموونەیەدا، پاداشتێکی گەورەت بەخشی، چونکە داوای شتێک لە منداڵەکەت دەکەیت لە دەرەوەی ڕۆتینی ئاسایی ژیانییەتی، دەشزانیت قورسە بۆ منداڵەکەت ئەنجامی بدات.

منداڵان زیاتر هاوکارمان دەبن گەر درک بکەین بەوەی چ شتێک زەحمەتە بۆیان و کەمێک زیاتریان پێ ببەخشین چونکە هاوکار بوون. هەر کاتێک پەی بە شێوازێکی دووبارەبووەوەی بەرهەڵستی

بـرا، باشـترین چارەسـەر ئەوەیە جـاری داهـاتوو لەپێشـەوە بە پاداشتێکی گەورە ئامادەسازی بۆ بکرێت.

## پاداشتدانەوەی هەرزەکاران

پاداشتەکان پێویستە بۆ تەمەنەکان گونجاو بن. هەرزەکاران چیتر پێویستیان بە کاتی شەخسی زۆرتر نییە، بەڵکو پێویستی دیکەی تازەیان هەیە. پێویستیان بە پارە و یارمەتییە. کاتێک منداڵێکی بەر لە تەمەنی هەرزەکاری یان هەرزەکارێک پارەی پەیدا کرد و خەرجی کرد، ئەوسا دەکرێت ئەمە وەک پاداشتێک بەکاربهێنرێت. بەشێوەیەکی نموونەیی، شتێکی باشە زۆربەی کات بەکار نەهێنرێت، بەڵام کاتێک ناوبەناو بەکارهێنرا، جیاوازییەکی گەورە دروست دەکات.

گەر هەرزەکارێـک بەرهەڵسـتی کـرد لەوەی لە بارودۆخێکدا کـات بەسەر بەرێت، ئەوسا بە سادەیی دەتوانیت دوو هێندەی ڕۆژانە یان ئەوەی وەریـدەگرن بـۆ ڕۆژێکـی کـارکردن پێشکەشـی بکەیـت. گەر پـارەی زیـادە بەردەسـت نەبـوو، ئەوسـا دایـک و بـاوک دەتـوانن پێشـنیاری بـۆ بـکەن بە ئۆتۆمبیـل بیبەنە جێیەک یـاخود لە کـارێکی تایبەتی خۆیدا یارمەتی بدەن.

هەندێک لە دایکان و باوکان درکیان بەوە کردووە پێدانی پاداشت یارمەتیدەر بووە بەوەی منداڵەکانیان نمرەکانی خوێندنیان بەرەوپێش ببەن. بە دڵنیـاییەوە، هەمـوو منـداڵان پێویسـتیان بەم هانـدانە نیيە. نمـرەی باشـتر ڕەنـگە بە پـارەی زیـاتر پاداشـت بـدرێتەوە، یـاخود دەکرێت بە ماف و ئیمتیازی زیاتر پاداشت بدرێتەوە. گەرچی دەبێت مـاف و ئیمتیـازی زیـاتر ئەو کـاتە بـدرێت منـداڵی هەرزەکـار ئەو متمـانەیەی بەدەست هێنابێت تا سەربەستی زیاتری هەبێت، نمرەی باشـتر دەکرێـت ڕێـگەیەک بێـت بـۆ بەدەسـتهێنانی ئەو متمـانەیە. بۆ

نموونە، لەڕێی بەدەستهێنانی نمرەی باشترەوە، هەرزەکارێک دەیسەلمێنێت کەوا زیاتر بەرپرسیارە، بەم هۆیەوە شایانە و لە توانایدایە تا کاتێکی درەنگتر لە دەرەوە بمێنێتەوە.

## مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵێکی فەرمانکەر لە شوێنە گشتییەکاندا

گەر منداڵەکەت لە شوێنێکی گشتیدا ورکی گرت، پەی ببە بەوەی تۆ ئەو کاتەت نییە ببیەخشیت بە منداڵەکە کە لەو کاتەدا چی پێویستە تاوەکوو زیاتر هاوکار بێت. ئەمە ئەو کاتەیە قوتووە شیرینییە دڵخوازەکەی منداڵەکەت زۆر بەسوود دەبێت. ڕەنگە نەتوانیت بە سۆزەوە گوێ بۆ هەستەکانی بگریت، بەڵام دەتوانیت پاداشتێکی بکەیت. دەتوانیت دۆخەکە ڕێک بکەیتەوە بەوەی بە خێرایی پاداشتێک پێشکەش بە منداڵەکەت بکەیت تا هاوکار بێت. گەر شتێکی تایبەت لە باخەڵتدا یان جزدانەکەتدا نەبوو، لەبری ئەوەی بەرهەڵستی منداڵەکەت بکەیت و خۆت بکەیت بە فیلمی خەڵکی، بزانە چی دەوێت، گەر گونجا، پێی ببەخشە. گەرچی ئەمە وا دەکات دڵنەوایی منداڵەکە بکات و ڕازی بکات، بەڵام گەر تەنیا ناوبەناو کرا، شتێکی زۆر باشە. هەروەها دەبێت ئاماژەیەکی ئاگادارکردنەوە بێت کە پێویستە لە ماڵەوە ڕەقتر بیت و زۆر منداڵەکەت ڕازی نەکەیت.

**کاتێک منداڵ هاوکار نەبوو لە شوێنی گشتیدا، ئاماژەیەکی ورياكردنەوە بێت لە ماڵەوە ڕەقتر بیت و زۆر ڕازی نەکەیت.**

جاری داهاتوو، منداڵەکانتان ئامادە بکەن بەوەی ئاگاداریان بکەنەوە دەزانن قورس و نارەحەتە لە ڕیزی پارەدانی کۆگایەکی فرۆشیاریدا بوەستن و هاوکاریش بن. وای لێ بکە بزانێت تۆش لە ڕیزێکی درێژی چاوەڕوانیدا حەزت بە چاوەڕوانی نییە. پاشان مامەڵەیەک بکە، شتێکی لەم شێوەیە بڵێ: "گەر هاوکاری دایە بێت لە کۆگای فرۆشیاری، پاشان کاتمان دەبێت هاتینەوە بۆ ماڵەوە قاپێک لە شیرینی دڵخوازی خۆت بخۆین." لە دوکانەکە، قوتوویەک لەو شیرینییە بکڕە تا بیرۆکەکە پشت ئەستوور بکات. بە درێژایی کاری بازاڕکردنەکە، با منداڵەکانتان بزانن چەند کاری باش دەکەن و بەو زووانە دەگەنەوە ماڵەوە و دەفرێک شیرینی خۆشی خۆیان دەخۆن.

## پاداشتەکان وەک شیرینی وان

کاتێک پاداشتێک پێشکەشی منداڵەکەت دەکەیت، یارمەتی دەدەیت جارێکی دیکە پەیوەست ببێتەوە بەو بەشانەی نێو ناخی خۆیەوە کە دەیەوێت یارمەتیدەر بێت. پاداشتێک وایان لێ ناکات هاوکار بن. لەجیاتی ئەوە، ڕێگەیەکی دیکەیە بۆ برەودان بە هاندانی سروشتی منداڵ. بەدەستهێنانی پاداشت و خەڵات وەک شیرینی وایە. گەر هەموو ئەوەی دەیخۆیت تەنیا شیرینی بێت، ئەوسا ئەو ماددە خۆراکییانە وەرناگریت کە پێویستت پێی دەبێت لە ژەمە خواردنەکەتەوە. یەکێک لەو هۆکارانەی شیرینی دەبەخشین لە کۆتایی ژەمە خواردنێکدا ئەوەیە شیرینییەکان بەتەنیا هەستی برسێتیمان تێر دەکەن، تۆش هان نادرێیت ئەو خواردنانە بخۆیت کە باشن بۆ تەندروستیت. بە هەمان شێوە، تەنیا پشتبەستن بە پێدانی پاداشت، سەرەنجام منداڵان ئیشتیایان لەدەست دەدەن بۆ هاوکاریکردن.

**تەنیا پشتبەستن بە پێدانی پاداشت، سەرەنجام منداڵان ئیشتیایان لەدەست دەدەن بۆ هاوکاریکردن.**

کاتێک کەسێکی پێگەیشتوو کاری کرد تەنیا لەپێناوی پاداشتدا، ئەوسا شتێک کەم و ناتەواوە. تەنیا کار دەکەن بۆ بەدەستهێنانی ئەو شتەی دەیانەوێت ئەو ئارەزووە شاراوەیان لەیاد دەکەن کە ئامرازی خزمەتکردن بن. گوێ نادەن بەوەی بە ڕاستی کارێکی باش بکەن. تەنیا ئەوە دەکەن کە گەرەکە بەدەستی بهێنن. ئەمەش شتێکی ناتەندروستە.

لەلایەکی دیکەوە، هەروەها ناتەندروستە هەر خزمەتکاری کەسانی دیکە بکەیت و بیر لە هیچ پاداشتێک یان هەقدەستێک نەکەیتەوە کاتێک خێزانەکەت لە ماڵەوەیە و موحتاجە. کەسانی پێگەیشتووی سەرکەوتوو هەم بیر لە خۆیان و هەم لە کەسانی دیکەش دەکەنەوە. بایەخ دەدەن بەوەی جیاوازییەک دروست بکەن، دڵنیاشن لەوەی ئەوەش بەدەست دەهێنن کە پێویستیانە و هەروەها ئارەزووی دەکەن. پاداشتکردنی منداڵەکانمان بە ڕێکوپێکی ئامادەیان دەکات تا ببنە کەسانی پێگەیشتووی سەرکەوتوو.

**پاداشتکردنی منداڵەکانمان بە ڕێکوپێکی ئامادەیان دەکات تا هەم بیر لە خۆیان و هەم لە کەسانی دیکەش بکەنەوە.**

گرنگە بۆ منداڵەکانمان فێر ببن کەوا ژیان بریتییە لە پرۆسەی بەخشین و وەرگرتن. گەر ببەخشیت، ئەوسا وەردەگریت. بۆ ئەوەی زیاتر بەدەست بهێنیت، زیاتر دەبەخشیت. هەر جارێک کە داواتان لە منداڵەکانتان کرد کەمێک زیاتر ببەخشن و بەڵێنی پێدانی کەمێک

زیاتریان پێ دەدەن، فێری وانە گرنگەکان دەبن لەبارەی ژیانەوە. فێر دەبن چۆن مامەڵە بکەن و بکەونە دانوستان و وتووێژەوە. فێر دەبن کەوا شایستەی زیاترن کاتێک زیاتر دەبەخشن، هەروەها فێر دەبن ویستی دەمودەستیان دوابخەن لە بەرژەوەندی ویستێکی گەورەتری دواتردا.

## فێربوون لە بەرئەنجامە سروشتییەکانەوە

بەلای زۆرێک لە دایکان و باوکانەوە، گریمانەیەکی شاراوە و نادیار هەیە گەر منداڵان هاوکار نەبن ئەوا منداڵی خراپن. بڕوایان وایە منداڵانی باش دەبێت خۆکردانە هاوکاری بکەن. باوانیکردنی ئەرێنی درک دەکات بەوەی کاتێک منداڵان هاوکاری ناکەن منداڵی خراپ نین، بەڵکو هۆکەی ئەوەیە تەنیا ئەو شتە بەدەست ناهێنن کە پێویستیانە. لە کاتەکانی بەرهەڵستیدا، لە دایک و باوک گەرەکە یان ئەوە ببەخشن کە منداڵان پێویستیانە یاخود پاداشت بەکار بهێنن تا لەو ساتەدا هانیان بدەن.

**هەندێک لە دایکان و باوکان بە هەڵە بڕوایان وایە منداڵە باشەکان پێویستە خۆکردانە هاوکاری بکەن.**

هەندێک لە ڕێبازەکانی باوانیکردن بە هەڵە ڕاسپاردەی ئەوەیان کرد خۆ لە بەرهەڵستی منداڵ لا بدرێت بە وازهێنان لە منداڵ بەوەی چی پێ خۆشە بیکات و لە بەرئەنجامە سروشتییەکانی کارەکەیەوە فێر ببێت. بۆ نموونە، گەر منداڵێک بەرهەڵستی کرد پاڵتۆکەی لەبەر بکات، لێی گەڕێ بڕواتە دەرەوە بۆ بەر سەرماکە بەبێ پاڵتۆکەی و نەخۆش بکەوێت. پاشان خۆی ئاقڵ دەبێت و وانەکە وەردەگرێت. ئەم

بیرکردنەوەیە دروست نییە. تەنیا منداڵەکە فێر دەکات کە ناتوانێت پشت بە دایک و باوکی ببەستێت بۆ ڕێنموونیکردنی.

کاتێک سەرقاڵی نووسینی ئەم بەندەی کتێبەکە بووم، ژنەکەم هاتە ژوورەوە تا نموونەیەکی پەیوەندیدارم لەگەڵ باس بکات. لۆرین "کە تەمەنی سیانزە ساڵان بوو،" توێژینەوەیەکی قوتابخانەی لە کۆمپیوتەرەکەی ماڵەوە جێ هێشتبوو. کۆششکەرانە کاری کردبوو بۆ تەواوکردنی پرۆژەکەی لە کاتی خۆیدا و زۆر شانازی بە خۆیەوە دەکرد. بۆنی نیازی بوو ئەم توێژینەوەیەی بۆ بەرێت تاوەکوو نمرەی کەم نەهێنێت لەپای ئەوەی درەنگی خستووە.

هەندێک لە دایکان و باوکان دەڵێن پێویست بوو وانە وەربگرێت لە بەرئەنجامەکانی لەیادکردنی کارەکەیەوە. کچەکەم لە هەڵدانەوەی پەڕەکانی توێژینەوەکەی لە کاتی خۆیدا چێژی وەرنەدەگرت. ئەوسا لە لەدەستدانی چێژی کارەکەیەوە فێر دەبوو. ئەمە تەنیا بیرکردنەوەی کۆنە لەسەر بنچینەی ترس. لەبری ئەوە، بۆچی لە دەسکەوتەکەوە فێر نەبێت؟ بۆچی فێر نەبێت کە دایک و باوکی بایەخی پێ دەدەن و ئەوەی لەدەستیان بێت دەیکەن بۆ یارمەتیدانی؟ گەر هاوسەرەکەت شتێک لەیاد بکات، تۆش دەتەوێت یارمەتی بدەیت. چیت لەدەست بێت ئەنجامی دەدەیت. منداڵەکانمان هێندە یان زیاتر پێویستیان بەم پاڵپشتییە هەیە. کە فێربوون پاڵپشتی وەردەگرن لە خێزانەکەیانەوە گەلێک گرنگترە لەوەی فێر ببن کە چ هەستێکی هەیە نمرە لەدەست بدەن لەسەر توێژینەوەیەک کە کاری زۆرت بۆ کردووە لە کاتی خۆیدا تەواو ببێت.

قوتابخانەکانی بەرئەنجامی سروشتی کارەکان دەڵێن ئەمە کاتێکی زۆر گرنگ بوو تا فێری بکەم چی ڕوو دەدات کاتێک شتەکانی لەبیر دەچێت تاوەکوو لە داهاتوودا باشتر لەبیری بێت. ڕاستە لە داهاتوودا دەترسێت لەوەی شتەکانی لەبیر بچێت، بەڵام ترس هەرگیز

هاندەرێکی باش نییە. مرۆڤ دەتوانێت بەبێ ترسیش شتێکی بیر بێتەوە. باوانیکردنی ئەرێنی ترسی گەرەک نییە تا هانی منداڵان بدات بۆ بیرکەوتنەوەی شتەکان. ئەزموونی سەرکەوتنیش هانی منداڵان دەدات بۆ بیرکەوتنەوەی شتەکانیان.

## باوانیکردنی ئەرێنی ترسی گەرەک نییە تا هانی منداڵان بدات بۆ بیرکەوتنەوەی شتەکان.

کاتێک لە کردنی هەڵەکان دەترسین، هەڵەی زیاتر دەکەین. زۆربەی خەڵکی ئەزموونی ئەوەیان کردووە لە چی بترسن تووشی دەبن. بۆ نموونە، کاتێک بۆینباخێکی نوێ دەبەستم، تووشی پەڵەیەک دەبم لەسەری کاتێک بۆ یەکەم جار دەیبەستم. لەلایەکی دیکەوە، لە بەرانبەریشدا دەستخۆشی زۆرم بۆ دێت.

گەر بیر بکەمەوە بۆینباخەکەم چەندێک جوانە، خەڵکێکی زۆر هەستی پێ دەکەن و دەستخۆشیم لێ دەکەن بۆی. گەر زۆر نیگەرانیش بم لەوەی خواردنی پێدا برژێت، حەتمەن ڕوو دەدات. ترس لە ئەنجامدانی هەڵە نەک هەر تەنیا نیگەرانی ناپێویست دەهێنێتە ئاراوە لە ژیانماندا، بەڵکو وامان لێ دەکات تووشی هەڵەی زیاتر بین.

هۆشیارییەک لەبارەی بەرئەنجامە ئەرێنییەکانەوە هاندەرێکی باشترە، ترس پێویست نییە تا منداڵێک فێری هۆشیاری بەرئەنجامەکان بکرێت. واز لە بەرئەنجامە سروشتییەکان بهێنە بۆ قەدەر خۆی، یاری لەگەڵ "خودا"دا مەکە. لەبری ئەوە، دایکان و باوکان دەبێت ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان بدەن بۆ پاڵپشتیکردنی منداڵەکانیان. گەر ناتوانن پاڵپشتییەکی دیاریکراویان پێ بدەن، وا مەکەن، بەڵام گەر دەتوانن، بیکەن.

**واز لە بەرئەنجامە سروشتییەکان بهێنە بۆ قەدەر خۆی، یاری لەگەڵ "خودا"دا مەکە.**

بـابەتە قورسـەکە ئەمەیە: ئایـا مـن قوربـانی زۆر دەدەم تـا بە منداڵەکەم ببەخشـم؟ کاتێـک دایـک و بـاوک خۆیـان بێبەش دەکەن، ئەوسـا زۆر دەبەخشـن و سـەرەنجام وا دەکـات منـداڵەکان زیـاد لە پێویست فەرمان بکەن.

بەخشینی زۆر بە ئاسـانی دەکرێـت ڕاسـت بکرێتەوە. منداڵەکانتان ڕێتان پێ دەدەن بزانن کاتێک زۆر دەبەخشن. وایان لێ دێت زۆر داوا دەکەن یاخود ئێوە ڕقتـان دەبێتەوە لە داواکارییەکانیان. لەم ساتەدا، پێویسـتە خۆتـان بگـرنەوە لەوەی زۆر ببەخشـن. ئەم جـۆرە لە ڕاستکردنەوە ئاسایی و چاوەڕوان کراوە.

## ترس لە پاداشتەکان

هەندێک جار دایک و باوک دەترسن لەوەی گەر پاداشت ببەخشن بە منداڵەکانیان، ئەوا هانـدانی سروشـتی خۆیـان لەدەست دەدەن بۆ هاوکـاریکردن. خەیـاڵی پێـدانی پاداشـت دەکەن و هەبـوونی منداڵێک دەکەن کە دەڵێت: "چی بۆ من تێدایە." هەموو جارێک کە داوات لێ کرد شتێک بکـات. بەردەوام وێنـای منـداڵێکی نائارەزوومەنـد دەکەن داوای زیاتر و زیاتر دەکات لەبەرانبەر هاوکاریکردندا. لە کاتێکدا ئەم ترسـ‌ـتەکەیە ڕێـی تـێ ناچێـت، ڕەنـگە ڕوو بـدات ئەگەر منـداڵەکە پێویستییەکانی دیکەی وەدی نەیەن.

هەر کاتێک داوای هاوکاریتان لە منداڵان کرد، بەشێکی تەندروست لەوان دەپرسێت: "چی تێدایە بۆ من،" تـاوەکوو ئەو شتە بەدەست بهێنن کە پێویسـتیانە، داوای زیـاتر نـاکەن. منـداڵان هاوکـاری دەکەن

چونکە هەموو منداڵان کە لەدایک دەبن ئارەزوو دەکەن هاوکار بن تاوەکوو ئەو خۆشەویستییەیان دەست بکەوێت کە پێویستیانە. کاتێک منـداڵان بەئاگـان لە پێویسـتییەک و متمانەیـان هەیە ئەو پاڵپشتنیی بەدەست دەهێنن کە پێویستیانە، ئەوسـا زۆر ئارەزوویان تێدا دەبێت بۆ هاوکاریکردن.

**کاتێک منداڵان ئەو شتە بەدەست دەهێنن کە پێویستیانە، چیتر داوای پاداشتی زیاتر ناکەن.**

تاوەکوو منداڵ بە شێوەیەکی بنەڕەتی ئەو شتە بەدەست بهێنێت کە پێویسـتییەتی، ئەوسـا هەسـت بە پێویسـتییەکانی دەکـات و لەنێو ویستەکانیاندا ون نابن. ئەم هۆشیارییە لەبارەی پێویستی بۆ پاڵپشتی دایک و باوکیان وا لە منداڵان دەکات زیـاتر خەمخۆر و هاوکار بن. هەمـوو کـات داوای زیـاتر نـاکەن. تەنیـا بیروهۆشـیان نـاخەنە سەر "ئەوەی چی بۆ مـن تێدایە" و فەرمـانی زیـاتر بکەن. وەک یاسایەکی گشتی، منداڵان تەنیا بیروهۆشیان دەخەنە سەر ئەوەی زیاتریان بوێت کاتێک هەست ناکەن بەو شتەی بە ڕاستی پێویستیانە.

منداڵان بە شێوەیەکی سـەرەکی پێویستیان بە پاداشتە بۆ زاڵبوون بەسەر بەرهەڵستیاندا کاتێک ئەو شتە بەدەست ناهێنن لە ئان و ساتدا پێویستیانە. پێشکەشکردنی پاداشتێک بەڵێنیـان پێ دەدات کەوا دواتر زیـاتر وەردەگـرن و لەناکـاو دەگەڕێـنەوە سـەر ویسـتی سروشتی خۆیـان بـۆ هاوکـاریکردن. ڕێککەوتـن و بەڵێنـی پاداشـتدان و خۆبەدەستەوەدان و پێدانی هەر شتێک نییە کە ڕەنگە هەمیشە منداڵ بیەوێت. بەڵکو لە ڕاستیدا بەپێچەوانەوەیە: پێدانی پاداشت داواکردنە لە منداڵ خـۆی بداتە دەسـت خۆزگەکـانی تـۆ و دواتـر لە بەرانبەردا

زیاتر وەرگرتنە. یەکێکە لە بەهێزترین ڕێگەکانە تا منداڵێک فێری دواخستنی خۆشی و چێژوەرگرتنی شتەکان بکرێت.

هەندێک جار پێدانی پاداشت بەس نییە بۆ کەمکردنەوەی بەرهەڵستی و زیادکردنی هاوکاری. کاتێک پێدانی پاداشت سەرکەوتوو نەبوو، ئەوسا ئیدی کاتی ئەوەیە ڕابەریتی خۆت ڕابگەیەنیت وەک دایک و باوک یان بڕیاربەدەست و سەرۆک. کاتێک باوانیکردن دەبێتە ئەوەی منداڵ زیاد لە پێویست ببێتە چەق و تیشک خرایە سەر ئەوەی هەر شتێک بە منداڵ ببەخشرێت ئارەزووی کرد، ئەوسا دایک و باوک پێویستە ڕابەرایەتی خۆیان ڕابگەیەنن تا جڵەوی خۆیان بەدەست بهێننەوە. لە دوو بەشی داهاتووی ئەم کتێبەدا، کنە و پشکنەی ئەوە دەکەین چۆن ئەمە دەکرێت.

(٧)

# توانا و شارەزاییيە نوێیەکان بۆ سووربوون لەسەر ڕابەرایەتیکردن

گەورەترین هێز و توانایەک دایکان و باوکان هەیانە بریتییە لە توانای ڕێنوێنیکردنی منداڵەکانیان. منداڵان لەدایک دەبن و ئەو ئارەزووەیان هەیە دایک و باوکیان دڵخۆش بکەن و هاوکاریان بن. منداڵان پێشوەختە ئامادەگی تەواویان هەیە تا ڕێز لە سەرۆکەکەیان بگرن. ناسینەوە و بەکارهێنانی ئەم توانایە ڕێگە بە دایک و باوک دەدات دەستبەرداری ڕێکارە کۆن و بەسەرچووەکان ببن کە لەسەر بناغەی ترس و هەستکردن بە گوناهن. بەبێ تێگەیشتن لە چۆنێتی بەکارهێنانی ئەم توانایە، منداڵ جڵەو دەگرێتە دەست. گەر دایک و باوک توانای خۆیان بەکار نەهێنن بۆ ڕێنوێنیکردن، ئەوا جڵەو لەدەست دەدەن.

منداڵان دەیانەوێت دایک و باوکیان دڵخۆش بکەن، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەوانیش ویست و پێویستی خۆیانیان هەیە. کاتێک دەرفەتیان دەدرێتێ تا هەست بە ویستەکانی خۆیان بکەن و دەریانببڕن، لە کاتێکیشدا پەیامێکی ڕوونیان پێ بگات دایک و باوکیان چی دەوێت، سەرەنجام وێڵی هاوکاریکردن دەبن و خۆیان دەدەن بەدەست خۆزگە و ئیرادەی دایک و باوکیانەوە.

کاتێک دایک و باوک ترس و هەستی گوناهباری بەکار دەهێنن وەک ڕێگەیەک بۆ هاندانی هاوکاریکردن، ئەوا ویستی سروشتی منداڵ بۆ هاوکاریکردن لاواز دەکەن. لە وەڵامی تووڕەیی، بێزاری، نائومێدی دایک و باوکیان، منداڵان ڕەنگە گوێڕایەڵ و ملکەچ بن، بەڵام ئەو بەشەی خۆیان لەدەست دەدەن کە کێن و چین. نەک تەنیا گەشەی سروشتیان سنووردار دەبێت، بەڵکو لە قۆناغی دواتری ژیانیاندا دەبنە کەسانێک بۆ ڕازیکردنی ئەوانی دیکە. هەستێکی تەندروستی خودبوونیان نییە و مەیلیان بۆ ئەوەیە زیاتر ببەخشن لەوەی وەریدەگرنەوە.

## فێربوونی چۆنێتی فەرمانکردن

بەر لەوەی فەرمان بکەیت، یەکەم هەنگاو بەسادەیی ئەوەیە داوا بکرێت نەک فەرمان بکرێت. گەر منداڵەکەت بەرهەڵستی داواکارییەکەتی کرد، دووەم هەنگاو گوێگرتن و بڕەودانە بە ویستەکانی. گەر گوێگرتن بەس نەبوو، پاشان لە هەنگاوی سێیەمدا پاداشت پێشکەش دەکەین. گەر پێشکەشکردنی پاداشت سەرکەوتوو نەبوو، ئەوسا لە هەنگاوی چوارەمدا ڕابەڕایەتی خۆت ڕابگەیەنە و فەرمان بدە. کاتێک سێ هەنگاوی یەکەم بۆ داواکردنی هاوکاری سەرکەوتوو نەبوو، دایکان و باوکان پێویستە فەرمان بە منداڵەکانیان بدەن، هەر بەو جۆرەی ژەنەڕاڵێک فەرمان بە سەربازانی سوپاکەی دەکات.

فەرمانکردن بریتییە لەوەی ڕاستەوخۆ بە منداڵەکەت بڵێیت دەتەوێت چی بکات. فەرمانکردن بەم شێوەیە دەردەکەوێت. بە دەنگێکی پتەو بەڵام هێمن بڵێ: "دەمەوێت جلەکانت لابەریت." یاخود "دەمەوێت ئامادە بیت بڕۆی بنوویت." یاخود "دەمەوێت لەوێدا واز لە قسان بێنی و بڕۆی بنوویت."

کاتێک ئەوای دەنگی فەرمانکردنت بەکار هێنا، پێویستە بە بەهێزی بمێنیتەوە. بەکارهێنانی هەست و سۆزەکان، هۆکارەکان ڕوونکردنەوەکان، مشتومڕەکان، لۆمەکردن، یاخود هەڕەشە دەبنە هۆی لاوازکردنی دەسەڵاتی سروشتی خۆت. بێزاربوون یاخود هەوڵدان بۆ قەناعەتپێکردنی منداڵێک بۆ هاوکاریکردن لەم ساتەدا ئاماژەیەکە کەوا تۆ هەست بە بڕوابەخۆبوون ناکەیت لە ڕۆڵی خۆتدا وەک ژەنەڕاڵ، سەرۆک یاخود بەخێوکار. گەر منداڵەکە پێشتر هەنگاوەکانی یەک، دوو و سێی ڕەت کردەوە ئەوسا دایک و باوک پێویستە پەیامێکی ڕوون بچەسپێنن کەوا کێ سەرۆک و بڕیاربەدەستە. کاتێک بە ڕوونی ئەرکی ڕابەریکردن ڕادەگەیەنیت، تۆ جارێکی دیکە خۆت وەک سەری گەورە و بڕیاربەدەست دەسەپێنیتەوە. منداڵ پێویستی بە ڕابەرێکی بەهێزە تا خۆی بدات بەدەستییەوە.

**کاتێک ئەوای دەنگی فەرمانکردنت بەکار هێنا، پێویستە بە بەهێزی بمێنیتەوە.**

زۆربەی دایکان و باوکان فەرمان دەکەن بەبێ خستنەکاری هەنگاوەکانی یەک و دوو و سێ سەرکەوتوو نابێت. بە دڵنیاییەوە دایک و باوک پێوست ناکات هەمیشە هەنگاوەکانی پێشتر بەکار بهێنن، بەڵام گەر فەرمانکردن زۆر بەکار بهێنرێت، بەبێ بەکارهێنانی هەنگاوەکانی پێشتر بۆ بانگهێشت و هاندانی هاوکاریکردن، کاریگەری خۆی لەدەست دەدات. لە ڕابردوودا، منداڵان ملیان دەدا بۆ فەرمانەکانی دایک و باوکیان، بەڵام لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، منداڵانیش پێویستە گوێیان بۆ بگیرێت.

بەهێزترین تەکنیکی سەپاندنی ڕای خۆت دووبارەکردنەوەی فەرمانەکەتە بە بڕوابەخۆبوونێکەوە کەوا زوو منداڵەکەت خۆی دەدات بە دەستەوە.

منداڵان لە ئەزموونەکانی پێشووەوە فێر دەبن کەوا کاتێک فەرمانت کرد، تۆ خۆت نادەیت بەدەستەوە. هەموو وتووێژێک کۆتایی دێت. گەر بەردەوام بن لە بەرهەڵستیکردن، بۆ ئەوەی ئەرکی ڕابەریکردنی خۆت بە ڕوونی ڕابگەیەنیت بە سادەیی گوێ بۆ بەرهەڵستییەکەی بگرە بە هاوسۆزییەکی کەمترەوە و فەرمانەکەی خۆت دووبارە بکەوە. بەهێزترین تەکنیکی سەپاندنی ڕای خۆت دووبارەکردنەوەی فەرمانەکەتە بە بڕوابەخۆبوونێکەوە کەوا زوو منداڵەکەت خۆی بەدەستەوە دەدات. سەرەنجام، کاتێک منداڵەکە بەردەوام دەبێت لە بەرهەڵستیکردن و تۆش پێداگر دەبیت بەبێ ئەوەی پەنا بۆ هەست و سۆز و هۆکارەکان ببەیت، سەرەنجام هەر خۆت سەردەکەویت و باڵا دەست دەبیت.

## هەست و سۆزەکان بەکار مەهێنە بۆ فەرمانکردن

گەر دایک و باوک ملکەچی قیژاندن، تووڕەبوون، نیشاندانی پەستی و بێزاری، هەڕەشەی سزادان ببن، خۆکردانە دەبنە هۆی ڕەوینەوەی هێز و توانای فەرمانکردنی خۆیان. بەکارهێنانی هەستە بێزارییەکانت فەرمانەکەت دەگۆڕێت بۆ داواکاری، پێگەی ئەرێنیشت لاواز دەبێت. ڕەنگە بتوانیت ئیرادەی منداڵ بشکێنیت و ملکەچی بخولقێنیت، بەڵام نابێتە هۆی بەهێزکردنی ویست و ئارەزووی منداڵ بۆ هاوکاریکردن.

هێز و توانای فەرمانکردنت زیاد دەکات گەر لەڕووی سۆزدارییەوە بێزار نەبیت. لەیادبوونی ئەمە یارمەتیت دەدات بە هێمنی بمێنیتەوە. بە

شێوەیەکی پێ نەزانراو، بێزار دەبین چونکە بەشێکی ئێمەی پێی وایە ئەمە وامان لێ دەکات زیاتر بەهێز و بەچەترسێنکەر بین. ئاژەڵان خۆیان گیف دەکەنەوە لە شەڕەکانیاندا تا بەرانبەرەکەیان چاوترسێن بکەن. بە هۆی ئەوەی باوانیکردنی ئەرێنی پشت بە ترس نابەستێت، بەچەترسێنکردن هیچ یارمەتیدەر و سوودبەخش نابێت.

**فەرمانێکی ڕوون و پتەو کە جار لەدوای جار دووبارە بکرێتەوە بەبێ پەنابردن بۆ نەوای بێزاری سۆزدارانە لە هەموو شت کاریگەرترە.**

تەنانەت هەندێک لە پرۆگرامەکانی ڕاهێنانی کاریگەری دایک و باوک هانی دایکان و باوکانیان داوە هاوبەشی بە هەستەکانیان بکەن وەک ڕێگەیەک بۆ هاندانی هاوکاریکردن لە منداڵەکانیاندا. هاوبەشیپێکردنی هەستەکان، تەنانەت کاتێک زۆر بە ئاسوودەیی و ئاشتیانەش کرا، دایک و باوک و منداڵ دەهێنێتە هەمان ئاستەوە، کە هێواش‌هێواش پێگەی دایک و باوک وەک سەرۆک و بڕیاربەدەست بن کەند دەکات. گەرچی نییەتی دەربڕینی هەستەکان شتێکی باشە، بەڵام باشترە یارمەتی منداڵەکانمان بدەین هەستەکانی خۆیان دەرببڕن، نەک باری سەرشانیان قورس بکەین یان دەست بگرین بەسەریاندا بە هەستەکانی خۆمان.

کاتێک منداڵان بەرهەڵست بوون بۆ هاوکاریکردن، ئیدی کاتی ئەوە نییە بۆ دایکان و باوکان تا هەستەکانیان هاوبەشی پێ بکەن یان بیاندرکێنن. ئەنجامی پێچەوانەی لێ دەکەوێتەوە گەر دایکان و باوکان تووڕەیی و بێزاری و نائومێدی خۆیان هاوبەشی پێ بکەن. کاتێک منداڵان بەرهەڵستی دەکەن، ئیدی کاتی ئەوەیە ئەو شتەی ڕەنگە

هەستی پێ بکەن یان دەیانەوێت دانی پێدابنرێت یان دیاری بکرێت. دوای ئەوەی دەرفەتێک دەدرێت بە منداڵ بەوەی گوێی بۆ بگیرێت یاخود پاداشتێکی بدرێتێ تا هاوکاری بکات، ئیدی کاتی ئەوەیە دایکان و باوکان هێز و توانای خۆیان بەکار بهێنن وەک سەرۆک تا فەرمان بە منداڵەکانیان بکەن. فەرمانکردن بە باشی پێشوازی لێ دەکرێت دوای ئەوەی سەرەتا دایک یان باوک گوێی بۆ بەرهەڵستی یان ناڕەزایەتییەکانی منداڵەکەی گرتووە.

## ئاساییە هەڵە بکرێت

بەدڵنیاییەوە کاتگەلێک دەبن کە دایک و باوک جڵەوی خۆیان لەدەست دەدەن و بێزار دەبن لە کاتێکدا فەرمان دەکەن. وەک گشت توانا و شارەزاییەکانی باوانیکردنی ئەرێنی، ناچار نیت کەسێکی کامڵ و بێکەموکووڕی بیت تا پرۆگرامەکە سەرکەوتوو بێت و کاری خۆی بکات. بەڵام گرنگە هەوڵی بۆ بدرێت و تاقی بکرێتەوە. کاتێک هەڵە دەکەن بەوەی بەر بە هەست و سۆزەکانتان بگرن یان جڵەو لەدەست دەدەن، چارەسەرەکە ئەوەیە دواتر پۆزش بهێنرێتەوە. ئاساییە هەڵە بکرێت.

**منداڵان پێویستیان بە دایک و باوکی کامڵ و بێکەموکووڕی نییە، بەڵکو پێویستیان بە دایک و باوکێکە کە ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان بدەن و بەرپرسیارێتی هەڵەکانیان بگرنە ئەستۆ.**

کەمێک پۆزش هێنانەوە لە دواتردا جیاوازییەکی گەورە دەخولقێنێت. ڕەنگە بەم شێوەیە دەربکەوێت: "داوای لێبووردن دەکەم کە قیژاندم بەسەرتدا. تۆ شایانی ئەوە نیت بەسەرتدا بقیژێنرێت. قیژاندن ڕێگەیەکی باش نییە تا ڕای خۆت بگەیەنیت. من هەڵەم کرد."

ڕێگەیەکی دیکە پۆزش هێنانەوە بەم جۆرەیە: "داوای لێبووردن دەکەم کە زۆر بێزار بووم لەگەڵ تۆدا. پێویستم بە هاوکاری تۆ بوو، بەڵام مانای ئەوە نەبوو لەگەڵتدا هێندە پەست و بێزار بم. زۆر پەست و بێزار بووم چونکە شتەکانی دیکەش زۆر پەست و بێزاریان کردم. هەڵەی تۆ نەبوو هێندە پەست و بێزار بووم."

## کاتێک هەست و سۆزەکان یارمەتیدەر نابن

هەر کاتێک دایک و باوک هەست و سۆزە نەرێنییەکانیان دەردەبڕن، منداڵان هەست دەکەن نەگەیشتوون بە ئاستی چاوەڕوانی دایک و باوکیان، یان بە شێوەیەک لێهاتوو نین و وەک پێویست کەسانی باش نین. هەست دەکەن شکستیان هێناوە لەوەی دایک و باوکیان دڵخۆش بکەن. ئەم هەستی شکستهێنان و ناتەواوییە سەرەنجام ویستی منداڵ سڕ دەکات تا بەسەربەستی وەڵام بدەنەوە. کاتێک دواتر دایکان و باوکان پۆزش دەهێننەوە لەپای قیژاندنیان، ئەوسا منداڵەکە هەست بە خراپە یان ناشایستەیی خۆی ناکات. شتێکی قورسە برەو بە باشە بدەین لە منداڵەکانماندا کاتێک شتگەلێک دەکەین تا هەست بە خراپەی خۆیان بکەن.

هاوبەشیکردنی هەست و سۆزە نەرێنییەکان یارمەتیدەر و بەسوودە کاتێک بمانەوێت هەست بە ئاسوودەیی بکەین و حاڵمان باشتر بێت. شتێکی نەشیاوە منداڵەکانمان بەکار بهێنین تا گوێ بۆ هەستەکانمان بگرن تا خۆمان زیاتر هەست بە باشی بکەین. شتێکی

تەندروستە پێویستمان بە منداڵەکانمان بێت تا هاوکارمان بن، بەلام تەندروست نییە وەک باشترین هاوڕێ یان پزیشکی دەروونی بەکاریان بهێنین. منداڵان هێشتا لە پرۆسەی فێربوونی مامەڵەکردن لەگەڵ هەستەکانی خۆیاندان، ناتوانن سەرەوکاری گوێگرتن لە هەستەکانی دایک و باوکیان بکەن.

**کەسێکی گەورە پێویستە بچێتە لای کەسێکی دیکەی گەورە نەک منداڵێک تا پاڵپشتی بەدەست بهێنێت بۆ هەستەکانی.**

هەر کاتێک دایک و باوکێک هەستە نەرێنییەکان دەرببڕن، منداڵان هەست دەکەن لەڕێی هەستەکانەوە دەستیان بەسەردا گیراوە و واز دەهێنن لە گوێگرتن. نەک تەنیا دەست لە گوێگرتن لە دایک و باوکیان هەڵدەگرن، بەڵکو گوێ بۆ هەستەکانی خۆشیان ناگرن.

وەک هەموو شێوەکانی دیکەی دەستبەسەرداگرتن، دواتر منداڵان وەک کەسی هەرزەکار مەیلیان دەچێت بەلای ئەوەدا یاخی ببن تا ئەو ڕادەیەی پێشتر ناچار بوون ملکەچ بن. منداڵانی هاوکار پێویست ناکات یاخی ببن یاخود لە دایک و باوکیان داببڕێن بۆ برەودان بە سەربەستی و سەربەخۆیی خۆیان. دەتوانن دوور کەونەوە بێ ئەوەی دەستهەڵگرتن لە پاڵپشتی دایک و باوکیان و ڕەتی بکەنەوە.

## قیژاندن سەرکەوتوو نابێت

ئاشکرایە یەکێک لە خراپترین ڕێگەکانی پەیوەندیکردن و گەیاندن قیژاندنە. کردەی قیژاندن دەریدەخات ئێمە گوێمان بۆ ناگیرێت، بۆیە دەنگمان بەرز دەکەینەوە. قیژاندن بەسەر منداڵان و هەرزەکاراندا ئەم

پەیامە دەدات: "تۆ گوێ ناگریت." لە ئەنجامدا، ئەوانیش گوێ ناگرن. سەرەنجام، کاتێک دەقیژێنیت، ئەوانیش دەکوژێنەوە و هیچ نابیستن.

خراپتر لەوە ئەوەیە بە قیژانەوە فەرمانێک بدەیت. ئەمە مانای ئەوەیە ئەوان بە ڕوونی ئەوە نابیستن کە تۆ دەتەوێت. بەسەرداقیژاندن منداڵ دادەبڕێت لە ویست و ئارەزووی خۆی تا ڕێنوێنی بکرێت. بەسەرداقیژاندن لاوازترین جۆری فەرمانکردنە، چونکە پێگەی تۆ، وەک فەرماندە، کەم دەکاتەوە. تەنیا ئەو کاتەی منداڵێک، جار لەدوای جار، پەیامێکی ڕوون وەردەگرێت، دەستبەرداری بەرهەڵستی خۆی دەبێت تا ڕێبەری بکرێت لەلایەن ڕابەرێکەوە.

کاتێک دەقیژێنیت، لە فەرمانکردن وەستاویت و دەستت کردووە بە داواکردن. یەک هەڕەشەی شاراوە لەخۆ دەگرێت: "باشترە گوێ بگریت ئەگەرنا!" ئەم جۆرە هەڕەشەیە واتای ئەوەیە کە تۆ داوای ملکەچی لەوان دەکەیت. گەرچی داواکاری، بە پاڵپشتی هەڕەشە ماوەی چەندین سەدەیە کاری خۆی کردووە و سەرکەوتوو بووە، چیتر هێز و توانای خۆی نەماوە لە کۆمەڵگەیەکی ئازاد و سەربەستدا. گەر دەتانەوێت منداڵەکانتان ئەو سەربەستییە بدۆزنەوە لە ژیانیاندا تا خەونەکانیان بکەنە ڕاستی، سەربەستیان پێ ببەخشن تا هاوکاری بکەن. داوای مەکە، فەرمانی پێ بکە.

## فەرمانەکانت ئەرێنی بکە

گەرچی هەمیشە باشترین شت ئەوەیە بە زاراوەی ڕوون و ئەرێنی فەرمانەکەت بکەیت، زۆربەی کات کاتێک ئامادەیت فەرمان بدەیت، یەکەم شت لە زارت دێتە دەرەوە نەرێنییە. گەر ئەمە ڕوو بدات، دڵنیابەوە فەرمان یان داواکارییە نەرێنییەکانت فەرمانکردنێکی ئەرێنی

بەدوادا بێت. ئەمانەی خوارەوە هەندێک نموونەن بۆ داواکاری و فەرمانکردنی نەرێنی، پاشان لەگەڵ وەلامیکی فەرمانکردنی نەرێنی. گەرچی فەرمانکردنی نەرێنی زۆر باشترە لە هەرەشەی نەرێنی، بەلام فەرمانی ئەرێنی لە هەموویان باشترە. با لە چەند نموونەیەک بکۆڵینەوە:

| داواکاری نەرێنی | فەرمانکردنی نەرێنی | فەرمانکردنی ئەرێنی |
|---|---|---|
| لە خوشکەکەت مەدە. | دەمەوێت دەست هەڵگری لە لێدانی خوشکەکەت. | دەمەوێت ڕەفتارت جوان بێت لەگەڵ خوشکەکەت. |
| واز لە قسەکردن بهێنە. | دەمەوێت واز لە قسەکردن بهێنی. | دەمەوێت ئێستا بێدەنگ بێت. |
| واز لە خۆگێژکردن بهێنە و ژوورەکەت خاوێن بکەوە. | دەمەوێ واز لە خۆگێژکردن بهێنی و ژوورەکەت خاوێن بکەیتەوە. | دەمەوێت هەر ئێستا ژوورەکەت خاوێن بکەیتەوە. |
| بەو شێوەیە قسە مەکە. | نامەوێت بەو شێوەیە قسە بکەی. | دەمەوێت بەڕێز بێت و قسەی جوان بکەیت. |
| | دەمەوێت واز لە شەڕکردن لەگەڵم | دەمەوێت هاوکاریم |

| | | |
|---|---|---|
| هەر ئێستا پاڵتۆکەت لەبەر بکە. | بهێنی. | بکەیت و پاڵتۆکەت لەبەر بکەیت. |
| باشترە گوێم بۆ بگری گەر نا. | دەمەوێت واز لە یاری کاغەز بهێنی و بڕۆی ددانەکانت بشۆیت. | دەمەوێت هەر ئێستا بڕۆی ددانەکانت بشۆیت. |

گەر بە داواکارییەک یاخود فەرمانکردنێکی نەرێنی دەست پێ بکەین وەک خووی هەمیشەییت، ئەوسا پەیامە نەرێنییەکەت با پەیامێکی ئەرێنی بەدوادا بێت. بۆ نموونە ڕەنگە بڵێیت: "نامەوێت لە براکەت بدەیت. دەمەوێت لەبری ئەوە کەسێکی باش بیت و ڕەفتارت جوان بێت." کاتێک دەربڕینی ئەرێنی خۆتت دۆزییەوە، لێی لامەدە. گەر منداڵەکەت بەردەوام بوو لە بەرهەڵستیکردن، تەنیا دەربڕینە ئەرێنییەکە دووبارە بکەوە. با تەماشای هەندێک نموونە بکەین:

باب: جلەکانت لا دەبەیت؟

منداڵ: ئۆە، نامەوێت. من زۆر ماندووم. سبەینێ لایان دەبەم.

باب: تێدەگەم کە ماندوویت و دەتەوێت سبەینێ ئەوە بکەیت. دەمەوێ ئێستا بیکەیت.

منداڵ: بەڵام من زۆر ماندووم.

باب: گەر ئێستا جلەکانت لا بدەیت، ئەوسا کاتمان دەبێت سێ چیرۆک بخوێنینەوە.

منداڵ: گرنگ نییە بەلامەوە، تەنیا دەمەوێت بڕۆم بنووم.

باب: دەمەوێت هەر ئێستا ئەوە بکەیت. هەر ئێستا هەڵتدەستێنم و جلەکانت لا دەبەیت. گفتوگۆ کۆتایی هات.

منداڵ: تۆ کەسێکی بەدکاری.

باب: دەمەوێت هەر ئێستا جلەکانت لا بەریت.

منداڵ: ڕقم لێتە.

باب: دەمەوێت هەر ئێستا جلەکانت لا بەریت.

منداڵ: "هەڵدەستێتە سەر پێ جلەکانی لا بەرێتم" ناتوانم بڕوا بکەم تۆ هێندە بەدکاریت.

کاتێک بینیت منداڵەکەت دەست دەکات بە هاوکاریکردنی ویست و خۆزگەکەی تۆ، بە سادەیی بۆ ماوەی چەند خولەکێک جێی بهێڵە یان بە هێمنی تەماشایی بکە. پاشان بگەڕێرەوە لای و بە شێوەیەکی دۆستانە سپاسی بکە، لەڕێی نەوای دەنگتەوە ڕوونی بکەوە کەوا تۆ ڕقت لەوە نییە ناوبەناو ناچار بیت زۆری لێ بکەیت. تەنانەت گەر ناچار بیت بە گشت ئەم گرفتانەشدا بڕۆیت، منداڵان پێویست ناکات هەست بکەن بەوەی ستایش ناکرێن لەپای ئەوەی سەرەنجام وەلامیان هەبوو بۆ ویستی ئێوە.

زۆربەی دایک و باوکەکان قەدری ملدانی منداڵ نازانن کاتێک ناچار بوون بەردەوام فەرمان بدەن. ئەمە لە هەندێک ڕووەوە لەو ژنە دەچێت هەق و ستایش بە مێردەکەی نادات لەپای کردنی شتێکی باش گەر ناچار بێت داوای بکات. دایکان و باوکان پێویستە هەمیشە لەیادیان بێت منداڵان ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان دەدەن، هەر کاتێک بە ئاراستەی ڕاستدا ڕۆیشتن، پێویستە دان بنێین بەوەدا و پێی بزانین.

لەم نموونەیەدا، دایک و باوک دواتر یان بەیانی دواتر دەتوانن بلێن لەسەر بنچینەی ئەو کاتەی هەستی پێ دەکەن: "دەزانم تۆ زۆر ماندوو بوویت. زۆر بە هاوکارییەکەت دەزانم." کاتێک بەرهەلستی منداڵەکانتان لەدژی خۆیان نەگرتەوە، چیتر بەردەوام نابن لە بەرهەلستیان لەڕێی ڕق هەڵگرتن لە فەرمانەکانتان.

## کاتێک هیچتان لەدژی منداڵەکانتان هەڵنەگرت، ئەوانیش هیچ لەدژی ئێوە هەڵناگرن.

هەندێک لە دایکان و باوکان دەترسن لەوەی منداڵەکانیان خۆشیان نەوێن گەر بەم شێوەیە فەرمان بە منداڵەکانیان بکەن. ئەمە ئەسل و ئەساسی نییە. منداڵان پێویستیان بە باوانێکی بەهێز بەڵام خۆشەویست هەیە. پێویستیان بە دایک و باوکێکە بەم شێوەیە هانیان بدات. دەبۆڵێنن بەسەرتاندا، بەڵام بە خێرایی دەگەڕێنەوە بۆ خۆشویستنتان. یەکێک لە پێنج پەیامەکەی باوانیکردنی ئەرێنی ئەوەیە کە ئاساییە بڵێی نەخێر، بەڵام هەمیشە لەبیرت بێت دایە و بابە سەرۆک و بڕیاربەدەستن. ڕابەریکردنی خۆسەپێن لەڕێی فەرمانکردنەوە دایک و باوک دەگێڕێتەوە پێگەی دەسەڵاتداری.

لەم نموونەیەی سەرەوەدا، لە بنەڕەتدا شەڕی ئیرادەکان هەیە. گەر پێداگر بیت لەسەر دووبارەکردنەوەی فەرمانەکەت و دوور بکەوینەوە لەوەی بچیتە مشتومڕ و گفتوگۆیەکی گەورەوە، سەرەنجام تۆ دەیبەیتەوە. کاتێکیش چەند جەنگێکی کەمی ئیرادەت بردەوە، ئەوسا منداڵەکەت زیاتر هاوکار دەبێت. دایک و باوکە باشەکان هەمیشە دەترسن لەوەی بەدکار دەربکەون، بەڵام ئەمە پێویستە. تۆ با

شێوەیەک کە دوور بێت لە خۆشەویستی بەدکار نابێت. تۆ نیشانی دەدەیت قسە و کردارت یەک شتن.

## فەرمان بکە بەڵام ڕوونکردنەوە مەدە

لەپاڵ بەکارهێنانی هەست و سۆزی زۆر، هەڵە باوەکەی دیکە کە دایکان و باوکان ئەنجامی دەدەن ئەوەیە پاساو بۆ فەرمانەکانیان دەهێننەوە بە ڕوونکردنەوەکانیان. گەر منداڵەکە بە نەوایەکی نامشتومڕکەرەوە داوای کرد، شتێکی باشە ڕوونی بکەیتەوە دەتەوێت چ شتێک بکرێت، بەڵام گەر بە نەوایەکی ئاڵنگارییەوە داوای کرد، وای لێ بکە بزانێت تۆ دڵخۆشیت بەوەی دواتر باسی بکەن. گەر کاتی زۆر نەبوو تەنیا بڵێ: "دەتوانین دواتر باسی بکەین، بەڵام ڕێک ئێستا دەمەوێت واز بهێنێت لە لێدانی براکەت. دەمەوێت هەردووکتان هاوکاری بکەن و پێکەوە هەڵبکەن."

پێدانی هۆکارەکان ڕێگەیەکە بۆ دەستهەڵگرتن لە فەرمانەکەت. گەر منداڵان بتوانن جیاوازی بکەن لەنێوان ڕاست و هەڵەدا، ئەوسا پێویستیان بە ئێوە نابێت. گەر تێبگەن لەوەی چی باشە و چی خراپە، ئەوسا ئێوە پێویست نابن تا ئاڕاستەیان بکەن. کاتێک تۆ لە ئاستێکی یەکساندا دەبیت لەگەڵ کەسێکدا کە عاقڵە، ئەوسا هۆکارەکان کاری خۆی دەکات و سوودی دەبێت. منداڵان پەرە بە توانای بیرکردنەوە نادەن تا تەمەنی نۆ ساڵی، نایشگەنە ئاستێکی یەکسان لەگەڵ ئێوەدا تا ئەو کاتەی لە دەوروبەری تەمەنی هەژدە ساڵیدا ئامادە دەبن ماڵ جێ بهێڵن.

## پێدانی هۆکارەکان ڕێگەیەکە بۆ دەست هەڵگرتن لە فەرمانەکەت.

منداڵان خاوەنی ئەو توانا شاراوەیەن کە بزانن چی ڕاستە و چی هەڵەیە، بەڵام ئەم توانـــایە بەئاگـــا دێـــتەوە بە هاوکـــاریکردنی داواکارییەکانتان نەک بە گوێگرتن لەوەی وانەیان پێ بدەن. کاتێک داوا لە کوڕێکی بچکۆلە دەکەیت واز لە لێدانی براکەی بهێنێت و پاشان بە دەربڕینی "دەمەوێت" فەرمانی پێ دەکەیت، ئەوسا وەڵامی دەبێت. کاتێک بزەی سەر ڕووخساری تۆ دەبینێت چونکە ئەوەی کردووە کە تۆ داوات کردووە، ئەوسا دەست دەکات بەوەی فێر بێت چ ڕەفتارێک ڕاستە و چ ڕەفتارێکیش هەڵەیە.

## منداڵان فێری ڕاست و هەڵە دەبن بە هاوکاریکردنی داواکارییەکانتان، نەک بە گوێگرتن لە وانەدانی ئێوە بە ئەوان.

کاتێک دەستت کرد بە فەرمانکردن، دوور بکەوەرەوە لە دەربڕینی یاساکان یاخود پێدانی هۆکارەکان بۆ پاڵپشتیکردن لە فەرمانەکەت. کاتێک دایک و باوکێک دەستیان کرد بە دووبارەکردنەوەی فەرمانێک، کاتی دانوستان و وتووێژ کۆتایی دێت. منداڵان مافی پرسیارکردن و وتووێژکردنیان هەیە لە ماوەی سێ هەنگاوەکەی یەکەمدا، بەڵام کاتێک تۆ دەستت بە فەرمانکردن کرد، وتووێژکردن کۆتایی دێت. توانای تۆ لاواز دەکات گەر تۆ لە باس لا بدەیت بەوەی گفتوگۆیەک بکەیت لەبارەی ئەوەی بۆچی منداڵەکەت پێویستە ئەو شتە بکات کە تۆ دەتەوێت. لەم حاڵەدا، باشترین تەکنیک دووبارەکردنەوەی

فەرمانەکەیە. منداڵەکە هێشتا ئەو مافەی هەیە بەرهەڵستی بکات، بەڵام تۆ هێشتا سەرۆکیت. کاتێک پێداگر بوویت لە فەرمان دانەکەت، منداڵەکەت خۆکردانە خۆی دەدات بەدەست تێڕوانینەکەی تۆوە.

کاتێک فەرمانێک دەردەبڕن، تاکە هۆکارێک کە منداڵان پێویستە هاوکاری داواکارییەکانی ئێوە بن ئەوەیە چونکە ئێوە دەتانەوێت وا بکەن. گەر دەرفەتێکتان پێ نەدابن تا بەرهەڵستی بکەن، ئەوسا ئێوە تەنیا بە سادەیی داوا دەکەن گوێڕایەڵ بن لەبری ئەوەی هاوکار بن. لە قووڵایی ناخی هەموو منداڵێکدا بەهێزترین هێزی هاندەر ئەو ئارەزووەیە تا دایک و باوکیان یان ئەو کەسەی بایەخ پێدەری سەرەکیانە دڵخۆش بکەن و هاوکاری بکەن.

منداڵان دێنە ژیانەوە و ئامادەن شوێن ڕێنوێنی ئێمە بکەون، تەنیا پێویستە چانسێکیان بدەینێ. ئارەزووی دڵخۆشکردن و هاوکاریکردن ئاراستەکەری سەرەکییە. لەڕێی دەربڕینی ویست و ئیرادەی خۆمانەوە بە ڕاستەوخۆ، سەرەنجام ئیرادەی ئەوانیش بەئاگا دەهێنینەوە. لە کۆتاییدا، لەڕێی دەربڕینی بەرهەڵستی خۆیانەوە بۆ ئیرادەی ئێمە، ویست و ئیرادەی هەرە قووڵی ئەوان بۆ شوێنکەوتنی ڕێنوێنی ئێوە سەر دەردەهێنێت و خۆیان دەدەن بەدەستەوە.

سەرەتا لەڕێی داواکردن و پاشان گوێگرتن بۆ هەر بەرهەڵستییەک منداڵان بەر لەوەی خۆیان بدەنە دەست هەر تێڕوانینێکی ئێوە، ویستی خۆیان نادەن بە دەستەوە بە گوێڕایەڵییەکی کوێرانە و بێهۆشانەوە، بەڵکو لەبری ئەوە ویستی خۆیان ڕێک دەکەنەوە بۆ ئاراستەکەری سەرەکی خۆیان، کە شوێنکەوتنی ڕێنوێنی ئێوە و دڵخۆشکردنتانە.

منداڵان پێویستیان بە هۆکارەکان نییە. لەجیاتی ئەوە، پێویستیان بە ڕێبەریکردنێکی بەهێزە. پێویستە بیریان بهێنرێتەوە کەوا ئەوان جڵەوبەدەست نین، بەڵکو ئێوە سەرۆک و بڕیاربەدەستن. هەوڵدان بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی چی ڕاستە و چی هەڵەیە، باش یان خراپە

کاتێک بەرهەڵستیتان دەکەن تەنیا دەبێتە هۆی لاوازکردنی توانای فەرمانکردنتان. تەنانەت لەگەڵ هەرزەکارانیش، کە توانای بیرکردنەوە و بیرۆکەی واتاداریان هەیە، کاتێک دێتە سەر فەرمانکردن، ئەو هۆکارەی پێویستە هاوکاری بکەن ئەوەیە ئێوە دایک و باوکن و ئارەزوو دەکەن بەو جۆرە بن.

## فەرمانکردن بە هەرزەکاران

بیرمە کە بۆ یەکەم جار ئەزموونی توانای فەرمانکردنم کرد. تەنانەت پێش ئەوەی ئەرکی بەخێوکردنی منداڵەکانی خۆم بکەم، ۆرکشۆپێکم دەگوتەوە بۆ منداڵانی خێزانە لێک ترازاوەکان. زۆرێک لەم منداڵانە زۆر لاسار و ناهاوکار بوون، هەر بۆیە دایک و باوکیان ناویان نووسیبوون بۆ بەشداریکردن لە ۆرکشۆپەکەی مندا.

لە ساتێکی دیاریکراودا، گەورەترین منداڵی نێو کۆمەڵەکە، کە تەمەنی دەوروبەری چواردە ساڵان دەبوو، زۆر بەرهەڵستیکەر بوو بۆ داواکارییەکانم. چوومە سەر ئەوەی بینێرمە ژوورەکەی دیکە وەک دوورخستنەوەیەکی کاتی. بەرهەڵستی کرد و گوتی: "دەتەوێت چی بکەیت لەوبارەیەوە؟"

گەرچی ئەو سەردەمە توانا و شارەزاییە جیاوازەکانی باوانیکردنی ئەرێنیم نەدەزانی، درکم بەوە کرد هەڕەشەی سزادان سەرکەوتوو نەدەبوو. کاتێک مۆڕەی لێ کردمەوە، بینیم هەموو ئەو شتەی هەمیشە گوتبووم ڕووبەڕووی "جا چییە" بووەتەوە.

بە هۆی ئەوەی پێشوەختە لە ژیانیدا تا ئەوپەڕ سزا درابوو، سزادانێکی دیکە هیچ مانایەکی نەبوو بۆی. وازی هێنابوو لەوەی بایەخ بە هیچ بدات و بەرەو ڕووت دەوەستایەوە. هەروەها قەد و باڵاشی زۆر لە خۆم گەورەتر بوو. بە ڕاستی نەمزانی چ شتێکی دیکە

بکەم، بۆیە تەنیا لە چاویم ڕوانی و بەردەوام بووم بە نەوایەکی جێگر و ڕوونەوە لە فەرمانکردن و پێ گوتنی: "دەمەوێت ماوەی پانزە خولەکێک بچیتە ئەو ژوورەوە." گفتوگۆکەمان بەم شێوەیەی خوارەوە درێژەی هەبوو:

هەرزەکار: "ئەی چی دەبێت گەر وانەکەم؟"

من: "دەمەوێت بچیتە ژوورەکەی دیکە و وەک دوورخستنەوەی کاتی ماوەی پانزە خولەک بمێنیتەوە."

هەرزەکار: "ناتوانی ناچارم بکەیت."

من: "دەمەوێت بچیتە ژوورەکەی دیکە و وەک دوورخستنەوەی کاتی ماوەی پانزە خولەک بمێنیتەوە."

هەرزەکار: "تۆ کەسێکی لاواز و بوودەڵەیت، ناتوانی زۆرم لێ بکەیت."

من: "دەمەوێت بچیتە ژوورەکەی دیکە و وەک دوورخستنەوەی کاتی ماوەی پانزە خولەک بمێنیتەوە."

هەرزەکار: "چی دەکەی گەر وانەکەم؟"

من: "دەمەوێت بچیتە ژوورەکەی دیکە و وەک دوورخستنەوەی کاتی ماوەی پانزە خولەک بمێنیتەوە."

بێزاری خۆی دەربڕی، پاشان ڕۆیشت بەرەو ژوورەکەی دیکە.

پاش پانزە خولەکێک، چوومە ژوورەکەی دیکە، بە شێوەیەکی دۆستانە، پێم گوت: "گەر حەز دەکەی بێیە لامان، بەخێربێیت، بەڵام

گەر پێویستت بە کاتی زیاترە بەتەنیا بیت، بە دڵنیاییەوە لێی تێدەگەم."

کوڕەکە بە بێدەنگی سەری لەقاند وەک بڵێی بیری لێ دەکردەوە. بە شێوەیەکی دۆستانە ژوورەکەم جێ هێشت، چەند خولەکێک دواتر، کوڕەکە هاتە دەرەوە و هاتە ڕیزی کۆمەڵەکەوە. ئەم ئەزموونە ئامادەکارییەکی گەورە بوو تا بەسەرکەوتوویی مامەڵە لەگەڵ ئەو بەرهەڵستیانەدا بکەم کە خۆیان لێ لا نەدرا کە لەگەڵ منداڵەکانی خۆمدا ڕووبەڕوویان بوومەوە.

دەتوانن ببینن گەر کاردانەوەم بنواندایە بۆ قسەکانی و وەڵامی هەرکام لە پرسیارەکانم بدایەوە، پێگەی من لاواز دەبوو. لە کۆتاییدا، هەموو منداڵێک، تا ئەو کاتەی ئامادە دەبێت ماڵەوە جێ بهێڵێت، پێویستیان بە دایک و باوکیانە تا ڕابەڕایەتی خۆیان ڕابگەیەنن و ببن بە سەرۆک و خاوەن بڕیار. سەرەنجام، کاتێک ڕووبەڕووی کەسانی گەورەی خەمخۆر دەبنەوە کە فەرمانەکانیان ڕوون و ئاشکران، منداڵی سەرکێش و لاسار سەرەنجام خۆی دەدات بەدەستەوە بەبێ هەڕەشەلێکردن و سەرزەنشتکردن.

## هۆکارەکان و بەرهەڵستی

کاتێک منداڵان بەردەوام دەبن لە بەرهەڵستیکردن لەوەی بڕۆن بنوون، پێدانی هۆکارەکان یارمەتیدەر نابێت. گەر پێیان بڵێن کات درەنگی کردووە یاخود پێویستیان بە خەوە بەسەریاندا سەرکەوتوو نابن، هەروەها هیچ شتێکیشیان فێر ناکات. گەر منداڵان بپرسن "بۆچی" و مشتومڕکەر نەبن، ئەوسا ڕوونکردنەوەکان بەسوود دەبن، بەڵام ئەنجامی پێچەوانەیان لێ دەکەوێتەوە لەو کاتانەدا کە منداڵان بەرهەڵستی دەکەن. لە ساتێکی دیاریکراودا، تاکە هۆکاری باش بەوەی

پێویسته شتێک ئەنجام بدەن بە هۆی ئەوەوەیە کە ئێوە دایک و باوکیانن. بیرمە تیشێرتێکی ئەنتیکەم کڕی بۆ ژنەکەم کە ئەم پەیامەی لەسەر بوو. نووسرابوو: "بە هۆی ئەوەی من بەخێوکارم، هەر لەبەر ئەوەیە."

## چونکە من بەخێوکارم، بۆیە بۆ بەرهەڵستی منداڵان لەبەرانبەر فەرمانەکاندا باشترین وەڵامە.

زۆربەی کات هەرزەکاران دایک و باوکیان تا کەنارەکانی پەستی و بێزاری دەبەن. دەکەونە پرسیارکردن و ئاڵنگاری هەر شتێک دەبنەوە دایک و باوک فەرمانی پێ بکەن. دایک و باوکیش هەوڵ دەدەن ژیر و ماقووڵ بن و دەدۆڕێن. منداڵان و هەرزەکاران بەردەوام دەپرسن بۆچی، کەچی هەر جارێک کە وەڵام دەدەنەوە، ئێوە لاوازتر دەبن. لەگەڵ هەر وەڵامێکدا، زیاتر و زیاتر دوور دەکەونەوە لە هێز و توانای ڕاستەقینەی خۆتان. هەموو ئەوەی لەسەریان پێویستە بیکەن پرسیارکردنە، هەر ئەوەشە کە دەیکەن.

با لە نموونەیەک بکۆڵینەوە. کارۆل دەیەوێت تەماشای تەلەفزیۆن بکات، دایکیشی دەیەوێت ئەرکەکانی قوتابخانەی بەجێ بگەیەنێت.

دایک: کارۆل، دەمەوێت تەلەفزیۆنەکە بکوژێنیتەوە.

کارۆل: بۆچی؟

دایک: تۆ پێویستت بە کاتی زیاترە بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی قوتابخانەت.

کارۆڵ: من ئەمڕۆ هیچ ئەرکێکی قوتابخانەم لەسەر نییە ئەنجامی بدەم.

دایک: بەڵام تۆ پرۆژەت هەن و تا ساتی کۆتایی چاوەڕێ دەکەیت و ئەوساش سکاڵا دەکەیت لەوەی کارت زۆرە ئەنجامیان بدەیت. گەر ئەرکی قوتابخانەشت لەسەر شان نییە، کەوایە کاتێکی باشە تا لە پرۆژە زانستییەکەتدا بەرەوپێش بچیت.

کارۆڵ: چیم لە توانادا بوو کردوومە، ناتوانم هیچی دیکە بکەم تا وێنەکان دەشۆرێنەوە و ئەوەش چەند ڕۆژێکی دیکە دەبێت.

دایک: دەی، زۆرت تەماشای تەلەفزیۆن کردووە.

کارۆڵ: نا وا نییە.

دایک: بەڵێ وایە. تەواوی پاش نیوەڕۆ لێرەیدا دانیشتوویت.

کارۆڵ: تۆ هەر لێرە نەبوویت تا بزانی. تۆ تازە گەڕاویتەوە.

دایک: بەڵێ، تەنانەت پێش ئەوەی من بڕۆم تەماشای تەلەفزیۆنت دەکرد.

کارۆڵ: بەڵام من تەواوی ئەم کاتە تەماشای تەلەفزیۆنم نەکردووە.

دایک: دانیشتنی زۆر لەبەردەم تەلەفزیۆندا بۆ تۆ باش نییە. پێویستە بڕۆیتە دەرەوە. ڕۆژێکی زۆر خۆشە.

کارۆڵ: لاقەکانم ئێشیان دێ بە هۆی ڕاهێنانەکانی ئەمڕۆوە.

دایک: باشترە گوێ بۆ من بگریت، خاتوونی لاو. گەر گوێڕایەڵ نەبیت، گشت ئیمتیازەکانی تەماشاکردنی تەلەفزیۆن لەدەست دەدەیت.

کارۆڵ: تۆ کەسێکی زۆر بەدکار و ناڕەوایت.

دایک: باشە، ناچیتە دەرەوە و تەلەفزیۆنیش نییە.

کارۆل: گرنگ نییە بەلامەوە.

دایک: باشە، کەوایە بۆ ماوەی دوو هەفتە لە ماڵەوە بەند دەکرێی و تەلەفەزیۆنیش نییە.

ئەم جۆرە مشتومڕ و شەڕانە دەتوانرێت خۆیان لێ لا بدرێت گەر دایک و باوک لە ڕێ لا نەدەن بە هەوڵدان بۆ قەناعەتکردن بە منداڵ و هەرزەکارەکانیان بەو سوودانەی قسەکانیان کە دەیانڵێن. گەر منداڵان و هەرزەکاران پەسەندکار بن بەڕووی بیرۆکەکانتاندا، ئەوە جیاوازە، بەلام، گەر بەرهەڵست بن بەڕووی داواکارییەکانتاندا، ئەوا بەردەوام دەبن لە بەرهەڵستیکردنی بیرۆکەکانتان گەرچی ڕەنگە داواکاری باشیش بن.

ئەمەی خوارەوە نموونەیەکە کە دایکێک دەتوانێت ئەنجامی بدات کە توانا و شارەزایی باوانیکردنی ئەرێنی بەکار دەهێنێت بۆ خۆلادان لە مشتومڕ یاخود شەڕکردن لەگەڵ هەرزەکارەکەی یاخود منداڵەکەی.

## ڕێگەیەکی باشتری فەرمانکردن

هەنگاوی یەکەم: داوا بکە "ئەمر مەکە"

دایک: کارۆل، زەحمەت نەبێ ئەو تەلەفزیۆنە دەکوژێنیتەوە؟

کارۆل: بۆچی؟ ئەمە فیلمێکی زۆر خۆشە.

دایک: فیلمی چییە؟

کارۆل: فیلمی "شارلۆک هۆڵمزە."

دایک: فیلمێکی زۆر خۆشە "دەوەستێت،" بەڵام دەمەوێت تەلەفزیۆنەکە بکوژێنیتەوە. بەم دواییانە زۆر تەماشای تەلەفزیۆنت کردووە، دەمەوێت شتێکی دیکە بکەیت.

کارۆڵ: وەکوو چی؟

دایک: دەتوانیت کار لەسەر ئەرکەکانی قوتابخانەت بکەیت یاخود شتێک بکەیت لە دەرەوە.

کارۆڵ: نامەوێت. تەنیا دەمەوێت تەماشای بەرنامەکەم بکەم، تۆیش بێزارم دەکەیت.

هەنگاوی دووەم: گوێ بگرە و ویستەکانی بۆ بەجێ بهێنە "وانەی پێ مەدە"

دایک: تێدەگەم کە تۆ دەتەوێت تەماشای بەرنامەکەت بکەیت و ناتەوێت ئەرکەکانی قوتابخانەت بەجێ بگەیەنیت یاخود بڕۆیتە درەوە "دەوەستێ،" بەڵام دەمەوێت تەلەفزیۆنەکە بکوژێنیتەوە و شتێکی دیکە بدۆزیتەوە ئەنجامی بدەیت.

کارۆڵ: من نامەوێت.

دایک: دەزانم نائومێدکەرە، بەڵام ئێستا کاتی ئەوەیە شتێکی دیکە بکەیت.

کارۆڵ: بەڵام باقی بەرنامەکەم لەکیس دەچێ.

دایک: دڵنیام بەم زووانە جارێکی دیکە دەیکاتەوە.

کارۆڵ: نا، نایکاتەوە.

هەنگاوی سێیەم: پاداشتی بدەوە "سزای مەدە"

دایک: گەر ئێستا تەلەفزیۆنەکە بکوژێنیتەوە، سبەینێ دەتبەم بۆ گەمەیەکی ڤیدیۆیی.

کارۆل: گرنگ نییە بەلامەوە بچم بۆ گەمەیەکی ڤیدیۆیی. تەنیا دەمەوێت تەماشای بەرنامەکەم بکەم.

هەنگاوی چوارەم: فەرمان بدە "هیچی بۆ ڕوون مەکەوە و بێزاریش مەبە"

دایک: دەمەوێت هەر ئێستاتەلەفزیۆنەکە بکوژێنیتەوە.

کارۆل: بەڵام هیچی دیکە نییە ئەنجامی بدەم.

دایک: دەمەوێت هەر ئێستا تەلەفزیۆنەکە بکوژێنیتەوە.

کارۆل هەڵدەستێتە پێ و تەلەفزیۆنەکە دەکوژێنیتەوە. بە پەلە لە ژوورەکە دەڕواتە دەرەوە. دوای نزیکەی چارەکێک، دەگەڕێتەوە، بەجۆرێک ڕەفتار دەکات وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت و داوا دەکات یاری کاغەز بکات. دایکیشی بە خۆشحاڵییەوە ڕازی دەبێت. هیچ باسی ئەو شەڕە بچووکە ناکرێت. هەموو شتێک لەیاد دەکرێت و دەبەخشرێت.

## زیادبوونی هاوکاری

ئەنجامی خستنەکاری توانا و شارەزاییەکانی باوانیکردنی ئەرێنی ئەوەیە منداڵەکانتان لە داهاتوودا زیاتر هاوکار دەبن، لەجیاتی بەرهەڵستی -وەک لە ئەنجامی مشتومڕ و شەڕکردن و سزادانددا دێتە ئاراوە- کە هێدی‌هێدی دەگۆڕێت بۆ ڕقوقین و ڕەتکردنەوە و

یاخیبوونی ناتەندروست. کاتێک فەرمانتان بە منداڵەکانتان کرد و سۆز و لۆژیک و هۆکارەکان و مشتومڕ و هەڕەشەتان بەکار هێنا، تەنیا پێگەی ئێوە لاواز دەکات و لە مەودای دووریشدا بەرهەڵستی ئەوان بەهێز دەکات.

کاتێک وردەوردە و بە تێپەڕبوونی کات ئەم چوار هەنگاوەی باوانیکردنی ئەرێنیتان بەکار هێنا، تەنیا پێویستە داوا بکەن و زۆرینەی زۆری کات منداڵەکانتان هاوکاریتان دەکەن. بێگومان شتێکی حەتمییە، ئەو کاتانە دووبارە و دووبارە سەر هەڵدەدەن کە ڕەنگە پێویستتان بەم چوار توانا و شارەزاییە ببێت. کاتێکیش بەکارتان هێنان، ئاسانتر دەبن. نەک تەنیا سەرکەوتوو دەبن لەوەی گیانی هاوکاری بهێننە ئاراوە، بەڵکو دەبنە ڕێگەگەلی ڕوون و ئاشکرا تا پەروەردەی منداڵەکانتان بکەن تا ببن بە باشترینی ئەوەی لە بارياندايە ببن.

گەر وەک کارێکی زۆر و زەحمەتیش دەردەکەوێت، تەنیا بە هۆی ئەوەوەیە کە شتێکی تازەیە. فێربوونی هەر توانا و شارەزاییەکی نوێ دەکرێت زۆر توند و بەهێز بێت، بەڵام بە کەمێک پراوە و جێبەجێکردنەوە، دەبێتە شتێکی ئاسان و خۆکرد. بەخێوکردنی منداڵ هەمیشە ئاڵنگارییە، بەبێ گوێدانە ئەوەی منداڵەکە هەر چۆنێکە. باوانیکردنی ئەرێنی چیتر شتێکی قورس و زەحمەت نییە. لە مەودای دووردا، گەلێک بەدەسکەوت و کاریگەر دەبێت.

بوون بە دایک یاخود باوک تژییە لە شەپۆلەکانی ئاڵنگاری. دەتوانین سوار ئەو شەپۆلانە ببین یاخود بەردەوام ئەملا و لامان پێ بکرێت. فەرمانکردن بە منداڵەکانمان ڕەنگە شتێکی ڕەق دیار بێت بۆ ئەو دایک و باوکانەی خاوەن خۆشەویستی نەرم و شێنەیین، بەڵام جێگرەوەیەکی ڕوون و ئەرێنییە بەوەی داوا لە منداڵەکانمان بکەین گوێڕایەڵ و ملکەچ بن لەڕێی هەڕەشە و شەرمەزارکردنیانەوە.

# هەڵبژاردنی جەنگەکانت

بەر لەوەی فەرمان بکەیت، ڕەچاوی سروشتی منداڵەکانتان بکەن.

منداڵانی هەستیار دەستگیرۆیی زیاتریان گەرەکە. لەبری ئەوەی چاوەڕێ بکەیت منداڵێکی هەستیار ژوورەکەی خاوێن بکاتەوە، داوایان لێ بکەن بێنە ڕیزتان یارمەتیتان بدەن. بەم شێوەیە، لەڕێی ئەنجامدانی شتەکان پێکەوە، هێواش‌هێواش دەبن بە کەسانی پشت بە خۆ بەستوو. دوای ئەوەی فەرمانتانپێکردن تا یارمەتیتان بدەن کاری خاوێنکردنەوە بکەن خۆیشتان بچنە ڕیزەوە و کاری خاوێنکردنەوەکە دەکەن.

منداڵانی وەڵامدەرەوە ڕەنگە هەست بکەن خاوێنکردنەوەی تەواوی ژوورەکە زۆر زۆرە و پاشان هەست بە پێویستی ئەوە دەکەن بچنە سەر شتێکی دیکە کە ئاسانترە و کاتی کەمتر دەبات. دایکان و باوکان پێویستە هەلێک بدەن بەم منداڵانە تا لە شتێکەوە بچنە سەر شتێکی دیکە. لەیادتان بێت، ئەم منداڵانە وەک پەپوولە وان، پێویستیان بەوەیە ئەم چڵ بۆ ئەو چڵ بکەن.

بەر لەوەی فەرمان بە منداڵێکی وەڵامدەرەوە بکەن، دایک و باوک پێویستە سەرەتا منداڵەکە ئاڕاستە بکەنەوە. کاتێک نابەدڵ بوون لەوەی ژوورەکەیان خاوێن بکەنەوە، تەنیا ئاڕاستەیان بکەن بەوەی یەک شت خاوێن بکەنەوە و پاشان لە یەکێکەوە بچنە سەر یەکێکی دیکە. هەندێک جار ئەوەندە بەسە گەر چەند شتێکی کەم بکەن، ئێوە کارە زیادەکە بکەن. سەرەنجام، ئەوانیش ئارەزوو دەکەن کاری زیاتر بکەن، بەلام پێی دەچێت و کاتی دەوێت.

منداڵانی پەسەندکار فەرمانکردنیان گەرەک نییە. خۆیان دەگونجێنن. گەر بەرهەڵستی بکەن، زۆربەی کات لەبەر ئەوەیە دایک و باوکەکە چاوەڕێ دەکەن منداڵەکە گۆڕانێک بکات بەر لەوەی لێهاتووانە

ئامادەی بن. کاتێک ئەو دڵنیابوونەوە و ئامادەکارییەیان پێگەیشتی، پێویستیانە، زیاتر ئارەزوو دەکەن خۆ بگونجێنن.

لەجیاتی ئەوەی فەرمان بە منداڵانی پەسەندکار بکەن، دایکان و باوکان دەبێت تێگەیشتنی زیاتریان هەبێت بۆ پێویستی ڕێکوپێکی "نیزام" و دووبارەکردنەوە. ئەم منداڵانە بۆ گۆڕانکاری و پێبڕین و داواکاری لەناکاو وەڵامی باشیان نابێت.

منداڵانی چالاک بە باشترین شێوە وەڵامیان دەبێت بۆ فەرمانکردن پێیان بە تایبەتی و لە پەنهاندا. بیانبەنە لایەک یان ژوورێکی دیکەوە و فەرمان بکەن هاوکارتان بن. شانازی بە خۆیانەوە دەکەن بەوەی شتی ڕاست و دروست ئەنجام بدەن، کە جڵەویان هەبێت، ڕەنگە بە شێوەیەک کە پێویست نەکات ببنە کەسانی بەرگریکار و بەرهەڵستی لەبەردەم کەسانی دیکەدا.

(٨)

# توانا و شارەزایی نوێ بۆ درێژەدان بە جڵەوکردن

کاتێک منداڵێک بەرهەڵستی جڵەوی دایک و باوکی دەکات یاخود ڕەتی دەکاتەوە، لەبری ئەوەی ئەم ڕەفتارە وەک شتێکی هەڵە یان خراپ بناسێتەوە، بە سادەیی باوانیکردنی ئەرێنی دان دەنێت بەوەی منداڵی بەربەرەکانیکەر لە جڵەو بەدەرە -لە دەرەوەی جڵەوی دایک و باوکیەتی. لەجیاتی ئەوەی حوکم بدەیت بەسەر منداڵەکەتدا، سزای بدەیت یاخود وانەی دابدەیت، هەموو ئەوەی گەرەک و پێویستە ئەوەیە منداڵەکە بهێنرێتەوە ژێر جڵەو. کاتێک منداڵان لە جڵەو دەردەچن، لە دایک و باوک گەرەکە سنوور بۆ منداڵەکە دابنێن یاخود ڕێگری لێ بکەن لەوەی بەردەوام بن لە ڕەتکردنەوە و بەرەنگاربوونەوەی جڵەوی دایک و باوکیان.

مەبەستی دوورخستنەوەی کاتی بە هیچ شێوەیەک بۆ هەڕەشەکردن یان سزادانی منداڵ نییە. بە سادەیی ڕێگەیەکە تا یارمەتی منداڵان بدات ئەزموونی ئەوە بکەن کەوا جارێکی دیکە لەژێر جڵەوی دایک و باوکیاندان و ئەمەیان بەو شێوەیە بەلاوە باش و پەسەندە. منداڵان پێویستە پاڵ بنرێن بەرەو سنوورەکان تاوەکوو قبوولکردن بدۆزنەوە و جارێکی دیکە دەست بکەنەوە بە هاوکاریکردن.

**خودا منداڵانی بچووک دروست کردووە، تاوەکوو کاتێک لە جڵەو دەرچوون، بتوانین هەڵیانبگرین و بە شێوەیەکی کاتی دووریان بخەینەوە بۆ جێیەکی دیکە.**

کاتێک منداڵان بەدرەفتاری دەکەن، زۆربەی کات هۆکەی ئەربێ لەیادیان کردووە دایک و باوکیان سەرۆکن و دەخوازن بەو جۆرە بێت. کاتێک منداڵان لە جڵەوی دایک و باوکیان دەردەچن، ئەوال توانا و ویست و ئارەزووی سروشتی خۆیان دابڕاون تا هاوکاری بەرانبەر بن. کاتێک ئەو شتەیان چنگ ناکەوێت کە پێویستیانە تا هەست بە ئارەزووی خۆیان بکەن بۆ هاوکاریکردن، سەرەنجام لە دایک و باوکیان دادەبڕێن و لە جڵەو دەردەچن. منداڵان پێویستیان بە ڕێنوێنیکردنە. کاتێک دەوەستن لەوەی هەست بە پێویستی ڕێنوێنیکردن بکەن، ئەوا لە جڵەو دەردەچن.

بانگهێشتی هاوکاریکردن، گوێگرتن و بڕەودان بە پێویستییەکانی منداڵ، پێدانی پاداشت منداڵ بە وابەستەیی دەهێڵێتەوە بە ویست و ئارەزووی خۆی تا گیانی هاوکاری هەبێت. کاتێک فشار زیاد دەبێت بۆ سەر منداڵ یان دایک و باوکەکە، ئەم وابەستەییەی ناو ناخ بە شێوەیەکی کاتی دەپچڕێت. وەک ئۆتۆمبیلێک کە لە جڵەو دەردەچێت منداڵەکەش حەتمەن دەعم دەکات و خۆی بە شتێکدا دەکێشێت.

**لەژێر فشاردا، منداڵان لە جڵەو دەردەچن، وەک ئۆتۆمبیلێکی خێرای کە بێشۆفێرە.**

کاتێـک دایـک و بـاوک پەیوەنـدیان دەپچڕێـت بە ویسـت و ئارەزوویانەوە بۆ هاوکاریکردن و دەست دەکەن بە فەرمانکردن بە منداڵەکانیان بۆ ملکەچی و گوێڕایەڵی، منداڵان شوێن داواکە دەکەون و پەیوەستی خۆیان لەدەست دەدەن بە ویست و ئارەزوویانەوە بۆ هاوکاریکردن. دایک و باوکێک کە لەژێر فشاردان و هەست بە جڵەو لەدەستدان دەکەن بە ئاسانی دەتوانن منداڵیک پاڵ پێوە بنێن تا لە جڵەو دەربچێت. بەپێچەوانەوە، منداڵێکیش کە هەست بە فشار دەکات و لە جڵەو دەرچووە دەتوانێت بە ئاسانی پاڵ بە دایک و باوکێکەوە بنێت لە جڵەو دەربچێت، گەر ئەو دایک و باوکە بە ڕوونی نەزانن چۆن جڵەو وەربگرنەوە و درێژەی پێ بدەن.

## پێویستی دوورخستنەوەی کاتی

بەم هۆکار و ئامرازە نوێیانەی هێنانە ئارای هاوکاریکردن، دایک و باوک دەتوانن لە ناخی خۆیاندا درێژە بە جڵەو بدەن، کە لە بەرانبەردا بارمەتی منداڵان دەدات لەژێر جڵەویاندا بمێنن. حەتمەن، هەندێک لە منداڵان بە بەردەوامی لە جڵەو دەردەچن، دایک و باوکی ئەرێنیش ساز و ئامادەیە تـا مـامەڵەی لەگەڵدا بکـات. زۆربەی زۆری منداڵان پێویسـتیان بە دوورخسـتنەوەی کـاتییە بە شـێوەیەکی بەردەوام تاوەکوو فێر بن چۆن جڵەو وەربگرنەوە کاتێک هەست و سۆزەکان زۆر بەهێز دەبن تا جڵەو بکرێن.

**دوورخستنەوە کاتییەکان زۆر پێویستن بۆ جڵەوگرتنەوە، کاتێک هەست و سۆزەکان زۆر بەهێز دەبن.**

تەنانەت زۆربەی کەسانی پێگەیشتوویش لە کاتی فشاردا نازانن چۆن سەرەوکاری هەست و سۆزەکانی نێو ناخیان بکەن. ناتوانین چاوەڕێی ئەوەش بکەین لە منداڵان وا بن. بە فێرکردنی هەزاران کەسی پێگەیشتوو تا سەروکاری هەستەکانی نێو ناخی خۆیان بکەن، پەیم بە زۆرێک لەم توانا و شارەزاییانە برد بۆ هێنانە ئارای هاوکاری. کاتێک دایک و باوکێک دەچەقن و هەست بە ڕقو قین و پەشۆکاوی، خەمۆکی، بێباکی، حوکمدەر، سەرلێشێوان دەکەن، وەڵامەکە هەمیشە تەماشاکردنی ناو ناخی خۆتە تا سەرەوکاری هەست و سۆزە نەرێنییەکان بکەیت.

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکان کە توندوتیژی زۆری نێوماڵەکی هەیە لە ڕۆژئاوادا ئەمڕۆ نەبوونی جڵەوی سۆزدارییە. لە کۆمەڵگەیەکی سەربەست و ئازاددا، شتێکی حەتمییە هەستەکان گران دەبن کاتێک پاڵپشتی دەکرێن، گەلێکیش توندوتیژ دەبن کاتێک پاڵپشتی ناکرێن. یەکەم توانا و شارەزایی بۆ چارەسەرکردنی ململانێ لە پەیوەندییەکاندا درککردنەوە بەوەی کاتێک هەستەکان بەهێز، بەربەرەکانیکەر، ڕەتکەرەوە دەبن، ئیدی کاتی ئەوەیە منداڵ دوور بخرێتەوە بە کاتی و کەمێک هێور ببێتەوە.

**لە کۆمەڵگەیەکی سەربەست و ئازاددا، شتێکی حەتمییە هەستەکان گران دەبن کاتێک پاڵپشتی دەکرێن، گەلێکیش توندوتیژ دەبن کاتێک پاڵپشتی ناکرێن.**

کەسانی پێگەیشتوو کە جڵەو لەدەست دەدەن و بەتوندوتیژی ڕەفتار دەکەن بە شێوەیەکی سەرەکی هۆکەی ئەوەیە چونکە هەرگیز فێر نەبوون دوورخستنەوەی کاتی وەربگرن تا هەست بە هەست و

سۆزە نەرێنییەکانیان بکەن و بەرەڵایان بکەن. ئەم توانا بنەڕەتییە پێویستە لەلایەن منداڵان و هەرزەکاران و گەورەکانیشەوە. جیاوازی لەنێوان منداڵێک و کەسێکی گەورەدا ئەوەیە کەسێکی گەورەی ژیر دەبێت بزانێت کەی پێویستە دوورخستنەوەی کاتی بدرێت و منداڵێک نایزانێت. منداڵان لە تەمەنی نۆ یان دە ساڵاندا، کە گەورەکراون بە دوورخستنەوەی کاتی، خۆکردانە دەست دەکەن بە دوورخستنەوەی کاتی خۆیان هەر کاتێک کەوتنە ژێر فشارەوە یاخود بوون بە کەسانی نەرێنی و مشتومڕکەر. توانا و شارەزاییەکی قورس و زەحمەت نییە، بەڵام پراوەکردنی گەرەکە.

هەندێک جار ئەو هۆکارەی وا دەکات دوورخستنەوەی کاتی سەربگرێت و کاری خۆی بکات ئەوەیە دایکان و باوکان دەخاتەوە نێو ئەو هەستەی کە جڵەویان هەیە. کاتێک دایک و باوکێک هەست دەکەن جڵەویان لەدەست دەرچووە، پاڵ بە منداڵیشەوە دەنێن جڵەویان نەمێنێت. لەڕێی پێدانی دوورخستنەوەی کاتییەوە، دایک و باوک هەلێکیان هەیە تا هێور ببنەوە و جارێکی دیکە هەست بە جڵەوی خۆیان بکەن. ئەمە خۆی لە خۆیدا ئەو شتەیە کە زۆربەی کات منداڵ پێویستی پێیەتی. دایک و باوکێکی بێزار و داواکەر بە ئاسانی دەتوانن منداڵێک لە جڵەو دەربکەن. بژاردەی پێدانی دوورخستنەوەی کاتی نەک تەنیا منداڵ دەخاتەوە ژێر جڵەو، بەڵکو یارمەتی دایک و باوکیش دەدات.

**دایک و باوکێکی بێزار و داواکەر بە ئاسانی دەتوانن منداڵێک لە جڵەو دەربکەن.**

کاتێک منداڵێک ئارەزوو ناکات لە فەرمانێکدا هاوکاری بکات، ئیدی ئەوسا کاتی ئەوەیە دوورخستنەوەی کاتی پێ بدرێت. لەم ساتەدا، دوورخستنەوەیەکی کاتی دەرفەتێکە بۆ منداڵەکە تووڕەیی لە خۆی دەرکات و تاوێک شێتگیر ببێت. منداڵان پێویستیان بەوەیە هەست بە بەرهەڵستیان بکەن بۆ سنوور و کۆسپە حەتمییەکانی ژیان، پێویستیان بەوەیە پاڵ بنرێن بەرەو ئەو سنوورانە و هەست بە بەرهەڵستی خۆیان بکەن. ئەم پاڵ پێوەنان و بەرهەڵستییە یارمەتی منداڵ دەدات برەو بە هەستێکی بەهێزی خودبوون بدات. لە کۆتاییدا، گشت خەسڵەتە ئەرێنییەکانی خودبوونی ڕاستەقینە دەردەکەون. سەرەتا، هەست و سۆزە نەرێنییەکانی پشت بەرهەڵستی پێویستە هەست پێ بکرێن و پاشان بەرەڵا بکرێن.

کات بۆ بەربەرەکانی سنوورەکان پێویستە بۆ یارمەتیدانی منداڵان تا ئەزموونی چینە جیاوازەکانی هەستەکان بکەن لەژێر بەرهەڵستی و ڕقوقین و ڕەتکردنەوە و یاخیبوونیاندا. بەرهەڵستی دەکرێت بەرەڵا بکرێت کاتێک توانیمان هەست بە سێ هەست و سۆزە نەرێنییە شاراوەکان بکەین و بەرەڵایان بکەین کە ئەوانیش تووڕەیی و خەمباری و ترسن. بە هەمان شێوە، کەسانی گەورەیش دەتوانن بەربەستەکانی ڕقوقین و گوناهباری و هەست بەزەیی بەخۆداهاتنەوە بەرەڵا بکەن کاتێک دوورخستنەوەی کاتی وەردەگرن تا کنەوپشکنەی هەست و سۆزە نەرێنییەکان بکەن، هەستیان پێ بکەن و بەرەڵایان بکەن.

## چۆنێتی بەرەڵاکردنی هەستە نەرێنییەکان

کاتێک منداڵێک گیر دەخوات لە بەرهەڵستیکردندا و وەڵامدانەوەی نابێت بۆ چوار هەنگاوەکەی هێنانە ئارای هاوکاریکردن "تەماشای بەشی حەوتەم بکە،" ئەوسا هەنگاوی پێنجەم گەرەکە.

سنووردارکردنی منداڵ لەنێو ژوورێکدا بە ڕاستی یارمەتیان دەدات لەوەی هۆشیار ببنەوە لەبارەی ئاستە قووڵترەکانی هەست و سۆزەکانیان. لەڕێی هەستکردن بە هەرسێ ئاستە قووڵترەکەی تووڕەیی، خەمباری و ترس، لە کاتێکدا منداڵەکە بایەخی پێ دەدرێت، هەستە نەرێنییەکان خۆکردانە بەڕەلا دەکرێن.

پێدانی دوورخستنەوەیەکی کاتی سەرەتا ڕێ بە منداڵان دەدات هەست بە تووڕەیی و بێزاری بکەن. پاشان، لەدوای ماوەیەکی کورت، منداڵەکە دەست دەکات بە گریان و هەست بە خەمباری یاخود ئازاردان دەکات. کەمێک دواتر، منداڵەکە هەست بە ترسە شاراوەکان و ناسکی و بەرگەنەگری خۆی دەکات. لە ماوەی چەند خولەکێکی کەمدا، هەموو ئەم درامایە دەڕەوێتەوە و جارێکی دیکە و لەناکاو و پەرجووئاسا منداڵەکە دەگەڕێتەوە نێو جڵەوتان.

**لە ماوەی چەند خولەکێکی کەمی دوورخستنەوەی کاتیدا، تەواوی درامای سۆزداری دەڕەوێتەوە.**

لە دوورخستنەوەیەکی کاتیدا، لەڕێی سەرەتا هەستکردن بە هەست و سۆزە سەرەکییەکان کە پەیدا دەبن کاتێک سنووردار دەکرێن، منداڵان دەگەڕێنەوە سەر هەستکردن بە پێویستییەکانیان. بەر لە دوورخستنەوەی کاتی، منداڵان ڕەفتاری نەشیاو دەکەن و جڵەو ناکرێن، چونکە پێویستییەکانی خۆیانیان لەیاد کردووە بۆ پێشوێنیکردنی خۆشەویستانە و ئارەزوویان بۆ هاوکاریکردن.

لەڕێی دانانی منداڵ لە دوورخستنەوەی کاتیدا، دەرفەتیان دەبێت بەرهەڵستیکردنی ئەو شتە بکەن ئێوە دەتانەوێت. پاشان بادەدەنەوە و دەست دەکەن بە هەستکردن بە هەست و سۆزەکانیان. لەبری ئەوەی

تەنیا کەسانی "سۆزدار"بن، "هەست" بە هەست و سۆزەکانیان دەکەن. کرداری بەرهەڵستیکردنی دوورخستنەوەی کاتی بە ڕاستی توانای هەستکردنیان بەرز دەکاتەوە. لەگەڵ ئەم هۆشیاری و بەئاگابوونە هەڵکشاوەی لەوەی هەستی پێ دەکەن، ئیدی دەست دەکەن بە ئەزموونکردنی پێویستی خۆیان بۆ خۆشەویستی و تێگەیشتن و پاڵپشتی و ڕێنوێنیکردنی دایک و باوکیان. کاتێکیش هەستیان بە پێویستی خۆیان کرد بۆ خۆشەویستی، جارێکی دیکە ئارەزوویان بۆ هاوکاریکردن چالاک دەبێتەوە.

منداڵان لە بەهەشتەوە هاتوون. لەدایک دەبن و ئارەزوو دەکەن دایک و باوکیان دڵخۆش بکەن تا ئەو شتە چنگ بخەن کە پێویستیانە. منداڵان پێویستیان بە خۆشەویستی و پاڵپشتییە تا لە ژیاندا بمێننەوە، بۆیە بە ئارەزوویەکەوە دێنە ژیانەوە بۆ هاوکاریکردن و دڵخۆشکردن تاوەکوو ئەو خۆشەویستییە بەدەست بهێنن. ئەم ئارەزووە تەندروستە چالاک دەبێتەوە هەر کاتێک منداڵ وابەستە ببێتەوە بە هەستەکانییەوە. زیادبوونی هۆشیاری منداڵ لەبارەی هەستەکانییەوە لە پێویستی خۆیان بۆ خۆشەویستی و پاڵپشتی دەهێنێتە دەرەوە لە ناخیان، کە دواتر ئارەزوویان بۆ دڵخۆشکردن و هاوکاریکردن بەئاگا دەهێنێتەوە.

هەندێک لەم ئاستانەی هەستەکان سەر دەردەهێنن کاتێک منداڵێک بەرهەڵستی داواکاری ئێمە دەکات بۆ هاوکاریکردن. لە کاتەکانی دیکەدا، هەستەکان لە گفتوگۆی ئاسکتردا سەر دەردەهێنن. لە کاتەکانی دیکەدا، کاتێک منداڵان ئەو شتە بەدەست ناهێنن کە پێویستیانە یاخود ژیان گەلێک فشارهێنەرە، دوورخستنەوەی کاتی زیاتریان گەرەکە تا هەست بە سێ ئاستەکەی دیکەی هەست و سۆزەکان بکەن و بەنێویاندا ڕەت بن، کە ئەوانیش: تووڕەیی، خەمباری و ترسن.

# دوورخستنەوەی کاتی نموونەیی

دوورخستنەوەی کاتی نموونەیی بەدەست دێت کاتێک دایک و باوکێک منداڵێک دەخەنە ژوورێکەوە و دەرگای لەسەر پێوە دەدەن. هەوڵی چوونە دەرەوە لەو ژوورە دەربڕینێکی سروشتی بەرهەڵستییە لەلایەن منداڵەوە. لەیادتان بێت، منداڵان دەبێت بەرهەڵستی بکەن. کلۆمدانی دەرگاکە و جێهێشتنی منداڵەکە هەستەکانی پشتگوێخستن و پشتتێکران دەهێننە ئاراوە لەلای منداڵەکە. بوونت لەو دیوی دەرگاکە، لانیکەم لە ئەزموونی سەرەتایی منداڵەکەت لەگەڵ دوورخستنەوەی کاتی، زۆر گرنگە بۆ هەندێک لە منداڵان. دوای پێدانی دوورخستنەوەی کاتی زۆر، منداڵ چیتر هەوڵی چوونە دەرەوە نادات.

بە گشتی ئەو کاتەی پێویستە یەک خولەکە بۆ هەر ساڵێک. منداڵێکی چوار ساڵ چوار خولەک دەچێتە ژوورەوە، لە کاتێکدا منداڵێکی شەش ساڵە شەش خولەک دەچێتە ژوورەوە. کاتێک دایکان و باوکان سەرەتا ئەمە دەبیستن، ناتوانن بڕوا بکەن بەوەی ئەمە سەرکەوتوو دەبێت بۆ منداڵەکەیان، بەڵام سەرکەوتوو دەبێت. سەرکەوتوو دەبێت بۆ هەموو منداڵان و هەموو تەمەنێک لە دوو ساڵییەوە.

لەدوای تەمەنی چواردە ساڵی، دوورخستنەوەی کاتی بە دەگمەن پێویستە. گەر ساڵانێکی زۆر منداڵەکەت لەگەڵ دوورخستنەوەی کاتی بەخێو نەکردبێت، ئەوا هەرزەکارەکانتان هێشتا گەرەکیانە، بە تایبەت لەو کاتانەدا کە بێزێز دەبن یاخود گوێ بۆ فەرمانەکانتان ناگرن.

با بکۆڵینەوە لەوەی لە دوورخستنەوەیەکی کاتی نموونەیی منداڵێکی چوار ساڵیدا چی ڕوو دەدات. سەرەتا، منداڵە چوار ساڵییەکە بەرهەڵستی دەکات، تەنانەت ڕەنگە ناچار بێت هەڵیبگریت بۆ نێو ژوورەکە. دەکرێت ژووری خۆی یان هەر ژوورێکی دیکە بێت. سەرەتا، تووڕە دەبێت، وڕک دەگرێت، هەوڵ دەدات بچێتە دەرەوە. لەدوای دوو خولەکێک، ئیدی واز لە هەوڵی چوونە دەرەوە دەهێنێت،

بەڵام خۆی زیاتر دەدات بەدەست سنوورەکانەوە و دەست دەکات
گریان. لەدوای خولەکێکی دیکە، باری دەگۆڕێت بۆ نێو هەستە ناس
و لاوازەکانی ترس. لەم ساتەدا، تەنانەت ڕەنگە پەنجە بچووکەکا
بخاتە ژێر دەرگاکەوە و بپاڕێتەوە لەوەی بێتە دەرەوە و بڵێ: "تکای
تکایە با بێمە دەرەوە."

لەم خاڵەدا، شتێکی باشە دڵنیای بکەیتەوە لەوەی تەنیا یەک خولەک
ماوە و بەم زووانە دێتە دەرەوە. لە ڕاستیدا شتێکی باشە لە هە
کاتێکی دوورخستنەوەی کاتیدا دڵنیایی بە منداڵ بدرێت. دەتوان
ئاگاداریان بکەنەوە جار لەدوای جار کەوا ئێوە بۆ هیچ شوێنێک ناچ
و ئێوە لەودیوی دەرگاکەن و بەو زووانە دەتوانن بێنە دەرەوە.

## ڕوونکردنەوەی دوورخستنەوە کاتییەکان

کاتێک منداڵان دەپرسن بۆچی دەبێت بە کاتی دوور بخرێنەوە،
وەڵامە سادەکە ئەمەیە: "کاتێک لە جڵەو دەردەچین، پێویستمان ب
دوورخستنەوەی کاتییە." نە ورد و دەقیقە نە یارمەتیدەرە بڵێین منداڵ
پێویستی بە هەندێک کاتە دەربارەی ئەو هەڵەیەی کردوویەتی. لە
کاتی دوورخستنەوەی کاتیدا، بیرکردنەوە پێویست نییە. هەمو
ئەوەی پێویستە ئەوەیە هەست بەو هەست و سۆزانە بکرێت سەر
دەردەهێنن و منداڵەکە خۆکردانە دەگەڕێتەوە ژێر جڵەو.

منداڵان پێویست ناکات بیر بکەنەوە لەو شتە هەڵەیەی کردوویانە.
کاتێک دایک و باوک تیشکی زۆر دەخەنە سەر ڕاست و هەڵە لەگەڵ
منداڵاندا، تاکە شت کە منداڵ فێری دەبێت هەستکردن بە گوناهبارییە.
لەجیاتی ئەوەی بە منداڵەکەت بڵێیت چی هەڵەیە و چی ڕاستە،
ڕێگەیەکی باشتر ئەوەیە بە سادەیی داوای هەندێک ڕەفتاری
دیاریکراو و هاوکاری زیاتر بکەیت. کاتێک منداڵان هاوکارییان کرد،

خۆیان خۆکردانە فێر دەبن چی هەڵەیە و چی ڕاستە، چی باشە و چی خراپە، هەرگیز پێویست ناکات پێیان بگوترێت خراپ و هەڵەن.

**کاتێک منداڵان هاوکارییان کرد، خۆیان خۆکردانە فێر دەبن چی هەڵەیە و چی ڕاستە، چی باشە و چی خراپە.**

دوورخستنەوەی کاتی جێگەی پێویستی لێدان و سزادانی منداڵ دەگرێتەوە. دوورخستنەوەیەکی کاتی منداڵ دەبەستێتەوە بە هەستەکانی و پێویستی خۆی بۆ هاوکاریکردن، بەڵام بە شێوازێکی تەواو جیاواز. کاتێک منداڵان سزا دەدرێن یان لێیان دەدرێت، ئەوا سزای خۆیان یان کەسانی دیکە دەدەن کاتێک لە جڵەو دەردەچن. ئەو منداڵانەی بەڕێکوپێکی دوورخستنەوەی کاتیان پێ دەدرێت سزای خۆیان یان کەسانی دیکە نادەن بۆ بەدەستهێنانەوەی جڵەو.

**دوورخستنەوەی کاتی جێگەی پێویستی کۆن و بەسەرچووی لێدان و سزادانی منداڵ دەگرێتەوە.**

کەسانێکی گەورە و پێگەیشتوو کە لە ڕابردوودا سزادراون بەردەوام دەبن لە سزادانی خۆیان و کەسانی دیکەش. ئەوانەیش کە زۆر سزا نەدراون هۆشیارییەکی باڵاتریان هەیە لەبارەی خۆیان و شایستەییانەوە و گەلێکیش سەرکەوتووترن لە بەدەستهێنانی ئەو شتەی پێویستیانە لە کاتێکدا دەبەخشن بە کەسانی دیکە.

بە بوونی دوورخستنەوەی کاتی ڕێکوپێک و بەردەوام، منداڵان فێر دەبن هەستە ناوەکییەکانی خۆیان بەڕێوە ببەن. کاتێک شەپۆلە حەتمییەکانی بای ژیان پاڵیان دەنێت و لە هاوسەنگیان دەخات،

خـۆکردانە دوورخسـتنەوەیەکی کـاتی وەردەگـرن، واز لە هەست نەرێنییەکانیان دەهێنن، دەگەڕێنەوە سەر خودە ڕاستەقینەکەیان. دەبن کەسانی زیاتر خۆشەویست، بەختەوەر، ئاسوودە، بڕوابەخۆبوو، بە سروشـتیش هـان دەدرێـن تـا هاوکـاری بـکەن وەک لەوەی ببنە کەسانێک هەر داوا بکەن، ملکەچ بن و دەست بەسەر کەسانی دیکەدا بگرن.

## چوار هەڵە باوەکە

زۆربەی دایکـان و باوکـان پێیـان وایە دوورخسـتنەوەیەکی کـاتی کاریگەر دەبەخشنە منداڵەکانیان و سەرکەوتوو نابێت. دوورخستنەوە کاتییەکـان سـەرکەوتوو دەبن، بەڵام دەبێت بە دروسـتی بەکار بێن. ئەمە ئەو چـوار هەڵە بـاوەن دایکـان و باوکـان ئەنجـامی دەدەن لە بەکارهێنانی دوورخستنەوە کاتییەکاندا:

١. تەنیا دوورخستنەوەی کاتی بەکار دەهێنن.
٢. وەک پێویست دوورخستنەوەی کاتی بەکار ناهێنن.
٣. چاوەڕێ دەکەن منداڵەکەیان بەهێمنی دابنیشێت.
٤. دوورخسـتنەوەی کـاتی وەک ڕێگرێـک یـاخود سـزایەک بەکار دەهێنن.

لەڕێـی دیـاریکردنی پێـوەری دروسـتەوە دەربـارەی دوورخستنەوە کاتییەکان، منداڵەکانتان دەگەڕێنەوە نێو جڵەوی ئێوە. جارێکی دیکە وابەسـتە دەبـنەوە بە ئاڕاسـتەکەری سـەرەکی نێـو ناخیـانەوە، کە شوێنکەوتنی ڕابەریکردنی ئێوە و هاوکاریکردنە. با وردتر لە هەرکام لەو چوار هەڵەیە بکۆڵینەوە:

### ١. دوورخستنەوەی کاتی زۆر

تەنیا دوورخستنەوەی کاتی و بەکارنەخستنی توانا و شارەزاییەکانی دیکەی باوانیکردنی ئەرێنی سەرەنجام دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی دوورخستنەوەی کاتی. دوورخستنەوەی کاتی پێویستە وەک دوارێگە چارە پەنای بۆ ببرێت یاخود لەو کاتانەدا کە تۆ کاتی پێویستت نییە بۆ تێپەڕبوون بە چوار هەنگاوەکەی دیکەی باوانیکردنی ئەرێنیدا. منداڵان بۆ ئەوەی هاوکار بن و نەشونما بکەن، پێویستی دیکەیان هەیە لەپاڵ ئەوەی بوەستنەوە لەدژی سنوورەکانی دوورخستنەوەیەکی کاتی.

**دوورخستنەوەی کاتی بۆ ئەوەیە وەک کۆتا چارە بەکار بهێنرێت.**

گەرچی جەستە پێویستی بە "ڤیتامین C"یە، هەروەها پێویستی دیکەشی هەن. ڤیتامین "C" بەتەنیا جەستە بە تەندروستی ناهێڵێتەوە. گەر جەستەت لە ڤیتامین "C" کەم بێت، ئەوسا جیاوازییەکی گەورە دروست دەکات بۆ تەندروستیت چونکە جەستەت پێویستی پێیەتی. گەر بڕی پێویست لە ڤیتامینە پێویستەکانی دیکەت هەبێت، ئەوا لە تەندروستیتدا هەست بە بەرەوپێشچوونێکی دەموەدەست دەکەیت. گەر تەنیا ئەو خواردنانە بخۆیت ڤیتامین "C"یان تێدایە و پێویستییەکانی دیکەت پشتگوێ بخەیت، ئەوسا تەنانەت لە ڕاگرتنی تەندروستی تۆدا ڤیتامین "C"یش ناتوانێت جیاوازییەکی ئەوتۆ بخاتەوە. بە هەمان شێوە، هەرکام لە پێنج هەنگاوەکەی باوانیکردنی ئەرێنی بە یەکسانی گرنگن بۆ هێنانە کایەی هاوکاریکردن لەلای منداڵەکەت.

## ٢. نەدانی دوورخستنەوەی کاتی وەک پێویست

لە کاتێکدا هەندێک لە دایکان و باوکان زۆر پشت دەبەستن بە دوورخستنەوەی کاتی منداڵەکانیان، ئەوانی دیکە وەک پێویست ئەم ڕێگەیە بەکار ناهێنن. سکاڵا دەکەن لەوەی منداڵەکانیان گوێ ناگرن. بۆ نموونە دایکێک سکاڵای بوو: "داوا لە کوڕەکەم دەکەم لەسەر تەختەخەوەکەی هەڵنەبەزێتەوە، کەچی ئەو پێم پێدەکەنێت و بەردەوام هەڵدەبەزێتەوە."

ئەمە ئاماژەیەکی ڕوونە کە ئەم دایکە وەک پێویست منداڵەکەی بە کاتی دوور ناخاتەوە. دوورخستنەوەیەکی کاتی جڵەو دەداتە دەستی دایکان و باوکان. گەر منداڵێک تەنیا پێکەنی و تۆی پشتگوێ خست، ئەوسا ڕوونە کە ئەم منداڵە لە جڵەو دەرچووە و پێویستی بە دوورخستنەوەی کاتی زیاترە. ئەم دایک و باوکە پێویستە منداڵەکەیان هەڵبگرن و بیگوازنەوە بۆ ژوورێکی دیکە وەک دوورخستنەوەیەکی کاتی.

**گەر منداڵێک تەنیا پێکەنی و تۆی پشتگوێ خست، ئەوسا ڕوونە کە ئەم منداڵە لە جڵەو دەرچووە.**

هەندێک لە دایکان و باوکان بابەتەکە دەبڕنەوە بەوەی کە ڕێگەی دوورخستنەوەی کاتی سەرکەوتوو نابێت، چونکە ڕۆژی دواتر منداڵەکە دیسانەوە لە جڵەو دەردەچێتەوە. ئەم دایک و باوکانە بە هەڵە وای دادەنێن گەر دوورخستنەوە کاتییەکان سەرکەوتوو بن، ئەوا منداڵەکانیان هەمیشە هاوکاری دەکەن نەک بەرهەڵستی بکەن. دوورخستنەوەی کاتی ئیرادەی منداڵ ناشکێنێت و ملکەچی بهێنێنە

ناراوه. دەبێته هۆی بەهێزکردنی ئیرادەی مندال، بەلام ویست و ئارەزووی منداڵیش بەهێز دەکات بۆ هاوکاریکردن.

مندال هەر منداڵە و لە جلەویش دەردەچێت. پێویستی سەرومڕ بۆ دوورخستنەوەی کاتی مانای ئەوە نییە کە سەرکەوتوو نابێت. مندالانی چالاک بە تایبەت و کورێژگەی بچکۆلە مەیلیان بەلای ئەوەدایە پێویستیان بە دوورخستنەوەی کاتی زیاتر بێت. گەر منداڵەکەت پێویستی بە دوورخستنەوەی کاتی زیاتر بێت، مانای ئەوە نییە هەڵەیەک لە منداڵەکەت یاخود لە ڕێبازی بەخێوکردنی تۆدا هەیە. بە سادەیی ئەو شتەیە کە منداڵەکەت پێویستی پێیەتی لەم قۆناغەی گەشەکردنیدا. هیچ ژمارەیەکی دروستی دوورخستنەوەی کاتی بوونی نییە. دەکرێت دوو جار بێت لە ڕۆژێکدا، دوو جار بێت لە هەفتەیەکدا، دوو جار بێت لە مانگێکدا، یاخود دوو جار بێت لە ساڵێکدا. هەر منداڵێک ناوازەیە و تایبەتمەندی خۆی هەیە.

**گەر منداڵەکەت پێویستی بە دوورخستنەوەی کاتی زیاتر بێت، مانای ئەوە نییە هەڵەیەک لە منداڵەکەت یاخود لە ڕێبازی بەخێوکردنی تۆدا هەیە.**

ئەو دایک و باوکانەی پشت بە خۆشەویستی نەرم دەبەستن دوورخستنەوەی کاتی بەکار دەهێنن، بەلام زۆربەی کات نا. لەبری ئەوەی فەرمان بدەن بە هاوکاریکردنی منداڵەکانیان، خۆیان بۆ ناگیرێت و زۆر دەبەخشن بە منداڵەکانیان. ناتوانن بەرگەی ئەوە بگرن منداڵەکانیان بقیژێنن، بۆیە بەڕۆتینی دلی منداڵەکە ڕازی دەکەن و هێمنی دەکەنەوە.

منـــداڵەکەیان ڕەنـــگە زۆر بەتونـــدوتیژی بوەســـتێتەوە لەڕێی دوورخستنەوەیەکی کاتی بۆیە دایک و باوکیان هەموو شتێک دەکەن تـا خۆیـان لە ڕووبەڕووبـوونەوە بەدوور بگـرن، تەنـانەت گەر ئەوە مانای ئەوەش بێت کۆڵ بدەن و هەر شتێک بکەن منداڵەکە ئارەزووی بکـات. کاتێـک منـداڵان دەبـنە کەسـانی زۆر فەرمـانکەر و نێرەکەڵ ئامـاژەیەکی ڕوونە کەوا دایـک و بـاوک بە ژمـارەیەکی پێویسـت لە دوورخستنەوەی کاتی بەردەوامی بە جڵەوی خۆیان نادەن.

### ٣. چاوەڕێکردن لەوەی منداڵەکەت بە هێمنی دابنیشێت

هەنـــدێک لە دایکـــان و باوکـــان بە هەڵە لە مەبەســـتی تەواوەتـــی دوورخستـنەوەی کـاتی تێدەگەن. چاوەڕێ دەکەن منداڵەکە بە هێمنی دابنیشـێت و هێـور ببێـتەوە. لەجیـاتی ئەوەی منـداڵ بە کـاتی دوور بـخەنەوە تـا هەسـت بە هەسـت و سـۆزە نەرێنییەکانیـان بکەن و دەستبەرداریان بن، ئەم دایک و باوکانە منداڵەکان سارد دەکەنەوە لە وەی هەســـت بە بێـــزاری بـــکەن. ئەم جـــۆرە پەیامـــانە دەدەن: "گەر بەردەوام بیت لە بەرهەڵستی خۆت، ئەوسـا دوورخسـتنەوەی کاتیت دەست پێ ناکات تا نەوەستیت."

دوورخستنەوەی کاتی سەرکەوتوو دەبێت چونکە دەرفەت بە منداڵ دەدات تا زیاتر بەرهەڵستی بکات. هاندانی منداڵەکەت تا دەستبەرداری بەرهەڵستی ببێت و لەبری ئەوە بە هێمنی دابنیشێت دوورخستنەوەی کـاتی نییە. منـداڵان پێویسـتە هەسـت بە سەربەسـتی بکەن تـاوەکوو بەرهەڵسـتی دوورخسـتنەوەیەکی کـاتی بـکەن. پێشـبینی ئەوەیان لێ ناکرێت ئەو کارەیان بەدڵ بێت، پێشبینی ئەوەشیان لێ ناکرێت هێمن و بێدەنگ بن.

**منداڵان پێویسته هەست بە سەربەستی بکەن تا بەرهەڵستی دوورخستنەوەییەکی کاتی بکەن.**

هیچ هەڵەیەک لەوەدا نییە ماوەیەک بدەیت بە منداڵ بۆ هێوربوونەوە. ئەمە یەکێکە لە شێوەکانی دووبارە ئاراستەکردنەوە و توانا و شارەزاییەکی برەودەرە. گەر منداڵان ببنە کەسانی شپرزە بێ سرەوت و بەرهەڵستی هاوکاریکردن بکەن، ئەوسا هێورکردنەوەیان بە دانانیان لە گۆشەیەکدا یاخود لەسەر کورسییەک شتێکی باشە. ئەمە وەک ئەوە وایە منداڵان سەرخەو بشکێنن کاتێک زۆر شپرزە و جرِن دەبن و بەرهەڵست دەبن لەوەی هاوکار بن.

ماوەی هێورکردنەوەی منداڵ هاوشێوەی دوورخستنەوەی کاتی نییە. لە ماوەی هێورکردنەوەدا، منداڵان هان دەدرێن تا هێمن بن و تەنانەت ڕەنگە پاداشت بدرێنەوە لەپای ئەو کاتەی وەریدەگرن بۆ هێوربوونەوە. هێوربوونەوە هانی منداڵان نادات تا بەنێو هەستەکانیاندا ڕەت ببن. یەکەم هەنگاو بۆ فێربوونی سەروکاریکردنی هەستە نەرێنییەکان ئەوەیە هەستیان پێ بکرێت و پاشان بەرەڵا بکرێن. کاتێک منداڵان گەورەتر دەبن "لە دەوروبەری تەمەنی نۆ ساڵیدا،" لە تواناکانیاندا دەبێت هەست بە هەست و سۆزەکان بکەن و بەرەڵایان بکەن بێ ئەوەی پەنا ببرێتە بەر دوورخستنەوەی کاتی.

**تەنیا هێورکردنەوەی منداڵان هانیان نادات تا بەنێو هەستەکانیاندا ڕەت ببن.**

ڕەنگە دایک و باوکێک بڵێن بە هەرزەکارێکی مشتومڕکەر: ئەو
سەر ناگرێت. دەمەوێت هەندێک لە ژوورەکەتدا بیت تا هێور ببیتەوە
و پاشان دەتوانین قسان بکەینەوە." ئەم هێورکردنەوەیە ڕەنگە هەمو
ئەو شتە بێت هەرزەکارێک پێویستی بێت. لە کاتێکدا ئەمە هاوشێوەی
دوورخستنەوەیەکی کاتییە، بەڵام هێشتا جیاوازە لەو، تەنیا
ئاڕاستەکردنی هەرزەکارەکەتە بەرەو چالاکییەکی دیکە بۆ
کەمکردنەوەی بەرهەڵستییەکەی.

گەر هەرزەکارەکە بەرهەڵستی کرد و پاشان دایک و باوکەکە
فەرمانیان کرد و هێشتا هەرزەکارەکە بەرهەڵستی نواند، ئەوسا ئەوە
دەبێتە دوورخستنەوەیەکی کاتی. سەرەنجام هەرزەکارەکە بە
تووڕەیی دەڕواتە نێو ژوورەکەی. لەو جۆرە کاتانەدا، دایک و باوک
دەبێت زۆر وریا بن کە سەرزەنشتی منداڵەکەیان نەکەن لەپای
بەرهەڵستیکردن، بەڵکو بەردەوام بن لە فەرمانکردنی خۆیان تا
منداڵەکە دەڕوات بۆ نێو ژوورەکەی خۆی. کاتێک هەرزەکارەکە هاتە
دەرەوە، وا دەردەکەوێت کە کەسێکی تەواو جیاوازە.

### ٤. بەکارهێنانی دوورخستنەوەی کاتی وەک سزادان

چوارەم هەڵە کە دایکان و باوکان پێی هەڵدەستن ئەوەیە
دوورخستنەوەی کاتی وەک سزادان بەکار دەهێنن. گەرچی ڕەنگە
منداڵان هەست بکەن سزا دەدرێن بە هۆی دوورخستنەوەی کاتییەوە،
دایک و باوک دەبێت ئاگادار بن ئەم ئامڕازە وەک سزادان بەکار
نەهێنن. بەو جۆرەی پێشتر گەنگەشەمان کردووە، باوانیکردنی پشت
بەستوو بە ترس هەڕەشەی سزادان بەکار دەهێنێت تا ڕێ لە منداڵ
بگرێت لەوەی بەدڕەفتاری بکات. هەڕەشەی دوورخستنەوەی کاتی با
ئاسانی دەکرێت بە هەڵە بۆ جڵەوکردنی منداڵێک بەکار بهێنرێت.
زۆربەی کات، دایک و باوک ئاگادارکردنەوەیەک یاخود وتەگەلی

ئاماژەدار بەکار دەهێنن بەم شێوەیە: "گەر واز نەهێنیت ئەوا تووشی دوورخستنەوەی کاتی دەبیت." ئەم ئاگادارکردنەوەیە منداڵان ڕادەگرێت لە شوێنی خۆیان وەک بڵێی دایکەکە گوتبێتی: "گەر دەست هەڵنەگریت، ئەوا لای باوکت شکاتت لێ دەکەم کە هاتەوە بۆ ماڵەوە." یاخود "گەر دەست هەڵنەگریت، ئەوا لێت دەدەم."

هەڕەشەکان بۆ ماوەی چەندین سەدە کاری خۆیان کرد و سەرکەوتوو بوون، بەڵام لە کۆمەڵگەیەکی ئازاددا، باوانیکردن بە پشتبەستن بە ترس دەگەڕێتەوە تا ببێت بە مۆتەکە لێمان. تا دایک و باوک سزادانی زیاتر بەکار بهێنن، ئەوا منداڵەکانیان دواتر زیاتر یاخی دەبن. زۆربەی گەورەساڵان و کەسە پێگەیشتووەکانی ڕۆژگاری ئەمڕۆ هێشتا ناتوانن یان هەست بە ئارەزوویەک ناکەن تا وابەستە بینەوە بە دایک و باوکیانەوە، چونکە کاتی خۆی بە منداڵی سزادراون.

## باوکی ئامێزپێداکەر

کاتێک بوومە کەسێکی پێگەیشتوو، پەیوەندییەکی زۆر باشم لەگەڵ باوکمدا هەبوو. کاتێک دەستم کرد بە گوتنەوەی سیمینارەکان لەبارەی پەیوەندییەکانەوە، باوکم یەکەم ئەندامی خێزانەکەم بوو ئامادە دەبوو. لە کالیفۆرنیاوە گەشتی دەکرد بە فڕۆکە بۆ تەکساس بۆ ئامادەبوون لە سیمینارەکانم. لەم کۆڕ و سیمینارانەدا، یەکێک لە مەشقەکان ئەوە بوو فێر بیت ئامێز بە خەڵکدا بکەیت.

هەستم بەوە کرد کەوا ئامێزم بە خەڵکدا دەکرد، بە ئاسانی هەستم بە وابەستەییەکی گەرموگوڕ دەکرد. کەچی، کە باوەشم بە باوکمدا کرد، گەرچی خاوەن پەیوەندییەکی خۆشەویستانە و پاڵپشتیکەرانەی پێگەیشتوو بووین، تەنیا کەمێک هەستم بە وابەستەیی کرد. وەک بڵێی دیوارێک ئیمەی لێکدی جوودا کردبووەوە. دەمتوانی باوەش بە

کەسێکی غەریبەدا بکەم و هەست بە گەرموگوڕی و وابەستەییەکی زیاتر بکەم.

پرسیارم لە هاوڕێکانم کرد، کە ئامێزیان بە باوکمدا کردبوو، ئەزموونی ئەوان چۆن بوو. گوتیان کەسێکی گەرموگوڕ و دۆستانە بوو. هەستیان بە وابەستەییەکە کردبوو، بەڵام من هەستم پێی نەکرد. درکم بەوە کرد ئەمە ئەنجامی ساڵانێک دابڕان بووە لە ئارەزووی سروشتی خۆم تا لەڕێی باوکمەوە ڕێنوێنی بکرێم. من منداڵێکی باش و گوێڕایەڵ بووم، بە هۆی ترسی سزادانمەوە.

وەک کەسێکی پێگەیشتوو، ماوەی دە ساڵی دیکە لە چارەسەری سروشتی و بەشداریکردن لە وۆرکشۆپەکانی خایاند تا تیماری هەستە چارەسەرنەبووەکانم بکەم بەر لەوەی بتوانم هەست بە وابەستەیی خۆم بکەمەوە بە باوکمەوە کاتێک ئامێزم پێیدا کرد. گەر باوکیشم بە تەکنیکەکانی باوانیکردنی ئەرێنی بزانیایە، ئەوا ئەویش دڵخۆش دەبوو بە بەکارهێنانیان، ئەوسا منیش پێویستم بەوە نەدەبوو تا ئەم گرفت و ئاریشە چارەسەرنەبووانە تیمار بکەم.

بەکارهێنانی دوورخستنەوەی کاتی لە مەودای کورتدا وەک هەرەشە سەرکەوتوو دەبێت، بەڵام لە مەودای دووردا ئەو ئارەزووە ناسکەی بۆ هاوکاریکردن لای منداڵ هەیە لەگەڵ دایک و باوکی وردەوردە بەرەو پووکانەوە و لاوازی دەچێت. بە دڵنیاییەوە دوورخستنەوەیەکی کاتی سزادانێکی زۆر باشترە وەک لەوەی شتەکان لە منداڵ دوور بخەیتەوە یاخود لێی بدەیت، بەڵام هێشتا کەمترە لەوەی باشترین شت بێت بۆ منداڵەکەت.

# هەموارکردنەوەی ویست و ئیرادەت لەبەرانبەر خۆبەدەستەوەداندا

هەموارکردنەوەی ویست و ئیرادەی خۆت بۆ پێدانی ئەو شتەی منداڵ دەیەوێت تاوانێکی زۆر گەورە نییە. بەڵکو پەیامێکی ڕوون و تەندروست دەدات کەوا دایکان و باوکانیش گوێ دەگرن و فێر دەبن، هەروەها دەرخەری ڕێزگرتن و نەرمییەکی تەندروستە. هەموارکردنەوەی ویست و ئیرادەی تۆ دەبێتە خۆبەدەستەوەدان کاتێک پاڵنەرەکە بریتی بێت لە خۆدوورگرتن لە ڕووبەڕووبوونەوە. شتێکی تەندروست نییە خۆت بدەیت بەدەست داواکارییەکانی منداڵەکەتەوە.

خۆڕادەستکردن خووی منداڵ تێک دەدات و وایان لێ دەکات زیاتر داواکار بن. لەیادتان بێت، پێدانی زیاتر نییە بە منداڵ خوویان تێک دەدات، بەڵکو گەر زیاتریان پێ بدەن تا خۆتان بەدوور بگرن لە ڕووبەڕووبوونەوەیان خوویان تێک دەدات. منداڵان بەردەوام و بەردەوام پێویستیان بەوەیە ئەزموونی ئەوە بکەن کە دایک و باوک بڕیاربەدەست و سەرۆکن. منداڵان خوویان تێک دەچێت کاتێک دایک و باوک ڕێگەیان پێ دەدەن ببن بە سەرۆک و بەڕێوەبەر. منداڵانی خوو تێک چوو دابڕاون لە هەستکردن بە پێویستی خۆیان تا دایک و باوکیان ببن بە سەرۆک و بڕیاربەدەست.

**پێدانی زیاتر نییە بە منداڵ خوویان تێک دەدات، بەڵکو گەر زیاتریان پێ بدەن تا خۆتان بەدوور بگرن لە ڕووبەڕووبوونەوەیان خوویان تێک دەدات.**

کاتێک منداڵان وەک پێویست دوورخستنەوەی کاتی وەرناگرن مەیلدار دەبن بەلای ئەوەدا توندتر ورک بگرن. ئەمە واتای ئەوەیە کاتێک منداڵەکە سەرەنجام بە کاتی دوور دەخرێتەوە، ورکگرتن و تاوی شێتگیری گەورەتر دەخاتەوە. سەرەنجام، لەڕێی دوورخستنەوەی کاتی ڕێکوپێک و سەرومڕەوە، منداڵەکە دەگەڕێتەوە نێو بازنەی هاوسەنگی و زیاتر هاوکاریکەر دەبێت وەک لەوەی داواکەر بێت. گەر ئێوەش کۆڵتان داوە و خووی منداڵەکانتان تێک داوە، دەتوانرێت لەڕێی دوورخستنەوەیان بە کاتی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک خوویان باش بکرێتەوە. منداڵان هەرگیز بە ڕاستی خوویان ناشێوێت، بەڵکو تەنیا لە جڵەو دەردەچن.

لەدوای ماوەیەک، بە ئاسانی هەست بەوە دەکەن کاتێک منداڵەکەت تەنیا پێویستی بە گریانێکی باشە. گریان یەکێک لە کاریگەرترین ڕێگەکانە بۆ دەستبەرداربوون لە فشار و دووبارە هەستکردنەوە بە باشی. کاتێک ئەزموونی لەدەستدانێکی گەورە دەکەیت، حوزن و ماتەم بەشێکی بنچینەییە تا جارێکی دیکە قبووڵکردن پەی پێ ببرێتەوە. کاتێک منداڵان ئەزموونی نائومێدی و لەدەستدانەکانیان دەکەن، گەرچی ڕەنگە ئەم خورپانە بەلای ئێمەوە شتی بچووک دیار بن، بەڵام بۆ منداڵان شتی گەورەن. منداڵانیش پێویستییەکیان هەیە بەوەی بگرین و خەم و ماتەم دایانبگرێت وەک ڕێگەیەک بۆ قبووڵکردنی سنوور و ڕادەکانی ئەم جیهانەی تێیدا دەژین.

**هەندێک جار، منداڵ تەنیا پێویستی بە گریانێکی باشە تا جارێکی دیکە هەست بە باشی بکاتەوە.**

هەندێک لە دایکان و باوکان بە هەڵە وای دادەنێن کەوا ئازاری منداڵەکانیان دەدەن چونکە منداڵەکانیان دەگرین. بەبێ بەرچاوڕوونییەکانی باوانیکردنی ئەرێنی، بە هەڵە دەگەنە ئەو بەرئەنجامەی کەوا ئەمە پێوەرێکی زۆر دڵڕەقانەیە. هەمان ئەم دایک و باوکانە زۆربەی کات بادەدەنەوە و لە منداڵەکانیان دەدەن و سزایان دەدەن و دەقیژێنن بەسەریاندا کاتێک هیچ شتێکی دیکە سەرکەوتوو نابێت و کاری خۆی ناکات.

دوورخستنەوەیەکی کاتی بۆ ماوەی چەند خولەکێکی کەم زیان بە منداڵ ناگەیەنێت، بەڵکو یارمەتیدەر دەبێت بۆ سەردەرهێنانی ئەو هەستە کەڵەکەبووانەی ڕێک لەژێر ڕووکەشدان. دوورخستنەوەیەکی کاتی یارمەتیدەر دەبێت بۆ سەردەرهێنانی ئەو هەست و سۆزە بەئازارانەی دەبێت هەستیان پێ بکرێت تاوەکوو بەڕەڵا بکرێن. گەرچی منداڵان هەرگیز حەزیان بە دوورخستنەوەی کاتی نییە، بەڵام پێویستە گریانێکی باش بگرین و بێنەوە تایم.

## کەی دوورخستنەوەی کاتی بدرێت بە منداڵ

هەر کاتێک هەڕەشەت کرد بەوەی بە کاتی منداڵ دوور دەخەیتەوە، تۆ وەک هەڕەشە بەکاری دەهێنیت. لەجیاتی ئەوەی هەڕەشە بکەیت بە دوورخستنەوەی کاتی، دایک و باوک پێویستە منداڵەکەیان بە کاتی دوور بخەنەوە و تەواو. باشترین کاتیش بۆ ئەم کارە دوای ئەوەیە کە منداڵ دەرفەتی هەبووە وەڵامی فەرمانەکانتان بداتەوە. گەر منداڵەکە هەر بەردەوام بوو لە بەرهەڵستی خۆی، دوای ئەوەی چەند جارێک فەرمانەکەت دووبارە کردووەتەوە، ئەوسا پێویستی بە دوورخستنەوەیەکی کاتییە. دوورخستنەوەی کاتی وەک سزادان بە منداڵ نادرێت، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە منداڵەکە پێویستییەتی. گەرچی

ڕەنگە منداڵ وەک سزادان تەماشای بکات، تاوەکوو تۆ وەک سزادان بەکاری نەهێنیت، سزادان نییە.

گەر منداڵان ئاگادار بکەنەوە گەر بەردەوام بن لەسەر بەرهەڵستیان، ئەوا تووشی دوورخستنەوەی کاتی دەبن، ئەوا ئێوە هێشتا ئەم ئامرازە وەک سزادان بەکار دەهێنن تا منداڵ ملکەچ و گوێڕایەڵ بێن وەک لەوەی پاداشت و فەرمانەکانتان بۆ هاندانی هاوکاریکردن بەکار بهێنن. ئەم ڕێبازەی پشت بەستوو بە ترس تەنیا توانای ئێوە بۆ فەرمانکردن بە منداڵەکانتان لە داهاتوودا لاواز دەکات.

## سێ هەڵ "لێدان" و تۆ دوور دەخرێیتەوە

دوای تەمەنی نۆ ساڵی، ئەم بارودۆخە دەگۆڕێت. منداڵان زیاتر توانای خۆگرتنی هەستەکانیان هەیە و دوورخستنەوەی کاتی زۆر پێویست نییە. فێربوون هەست بە هەست و سۆزەکانیان بکەن و بەرەڵایان بکەن. لەم حاڵەتەدا، منداڵ ئەو هەلەی پێ دەدرێت تا لەناخی خۆیدا ئەو توانایە بدۆزێتەوە بگەڕێتەوە نێو جڵەوی ئێوە. منداڵان سێ هەلیان پێ دەدرێت، پاشان بە کاتی دوور دەخرێنەوە.

کاتێک منداڵێک بەرهەڵستی دەکات و وەڵامی نابێت بۆ فەرمانێک، دایک و باوک بە سادەیی دەتوانن بڵێن: "ئەوە لێدانی یەکەم." لێدانی یەکەم کۆدێکە واتای ئەوەیە گەر بتوانێت خۆی کۆ بکاتەوە و جارێکی دیکە هاوکاری بکاتەوە، ئەوسا پێویستی بە دوورخستنەوەی کاتی نابێت. گەر لە ماوەی چەند خولەکێکی کەمدا بەردەوام بوو لە بەرهەڵستیکردن، دایک و باوکەکە دەڵێ: "لێدانی دووەم." ئەمە مانای ئەوەیە منداڵەکە یەک دەرفەتی دیکەی ماوە بۆ هاوکاریکردن. گەر لە ماوەی چەند خولەکێکی کەمدا بەردەوام بوو لە بەرهەڵستیکردن، دایک

و باوکەکە دەڵێ: "لێدانی سێیەم." ئەوسا منداڵەکە بە کاتی دوور دەخرێتەوە.

دوای ڕوونکردنەوەی ئەمە بۆ منداڵێکی نۆ ساڵان، دەتوانیت کۆدی خۆت دروست بکەیت. ڕەنگە بخوازن نەرمەی گوێی خۆتان ڕابکێشن لەبری ئەوەی بڵێن: "لێدانی یەکەم." یاخود بە سادەیی یەک پەنجە، دوو پەنجە بەرز بکەنەوە، پاشان سێ پەنجە. کاتێک دەستت کرد بە بەکارهێنانی ئەم ڕێگەیە، پێویستە پێداگر و بەردەوام بیت. بەر لەوەی بە کاتی دوور بخرێنەوە، منداڵەکانتان پێشبینی دەکەن ئاماژەی خۆیان وەربگرن، کە ئەوە شتێکی باشە. فێربوونی جڵەوکردنی خۆمان بەبێ ئەوەی ناچار بین هەستەکانمان خەفە بکەین توانا و شارەزاییەکی گرنگە. بۆ ئەوەی منداڵانیش ئەوە بکەن، پێویستیان بە سێ هەوڵدان یان لێدان هەیە.

## کاتێک دوورخستنەوەی کاتی سەرکەوتوو نابێت

هەندێک لە دایکان و باوکان لە وۆرکشۆپەکاندا سکاڵا دەکەن: "دوورخستنەوە کاتییەکان سەرکەوتوو نابن بۆ منداڵە هەرزەکارەکەم. تەنانەت ناتوانم وای لێ بکەم ئەنجامی بدات. تەنیا پێدەکەنێت و لێی دەدات دەڕوات. پێویستە شتێکی لێ دوور بخەمەوە تا سزای بدەم." ئەمە تەنیا نموونەیەکی دیکەی هەڵگەڕانەوە و بەرهەڵستیکردنە هەرزەکاران لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا هەستی پێ دەکەن لە وەڵامی گشت ئەو سزادانانەی ڕابردوودا. خۆشبەختانە، دوای ساڵانێک لە بەکارهێنانی ترس بۆ هاندانی منداڵان، دەتوانیت دەست بکەیت بە بەکارهێنانی پێنج هەنگاوەکەی باوانیکردنی ئەرێنی و پێنج پەیامەکە. دەمودەست کاری خۆیان دەکەن و سەرکەوتوو دەبن.

لەم نموونەیەدا، دایک و باوکەکە پێویستە لەگەڵ چوار توانا و شارەزاییەکەی یەکەم دەست پێ بکەن لەبری ئەوەی دوورخستنەوەی کاتی بەکار بهێنن وەک ڕێگەیەکی دیکەی سزادان. دوورخستنەوەی کاتی منداڵ سەرکەوتوو دەبێت -کاتێک دەخرێتە کار لەگەڵ چوار توانا و شارەزاییەکەی دیکەدا. لە ماوەیەکی کورتدا، هەرزەکارەکانتان گەلێک زیاتر هاوکارتان دەبن. دوورخستنەوە کاتییەکان زیاتر لەگەڵ منداڵاندا کاریگەریان دەبێت. فێربوونی گوێگرتن بەبێ ئەوەی ئامۆژگاری بدەیت و بەکارهێنانی پاداشتەکان بۆ هاندان تواناگەلی گەلێک کاریگەرترن تا لەگەڵ هەرزەکاراندا بەکار بێن.

دوورخستنەوە کاتییەکان سەرکەوتوو دەبن بە خولقاندنی دەرفەتێک بۆ منداڵ تا بەرهەڵستی خۆی دەرببڕێت. هەندێک لە منداڵان هێند دابڕاون لە ئارەزووی نێو ناخیان بۆ دڵخۆشکردن کەوا لە سەرەتادا بەرهەڵستی دوورخستنەوەیەکی کاتی ناکەن. دڵخۆش دەبن بەوەی بە کاتی دوور بخرێنەوە و بەلایانەوە باشە بەتەنیا بن وەک لەوەی لەگەڵ باوانیاندا بن. ئەم منداڵانە دابڕاون لە ئارەزووی خۆیان بۆ دڵخۆشکردن یاخود ڕێنوێنیکردنیان. هەندێک لە منداڵان تەنیا کۆڵ دەدەن لەوەی هەوڵی دڵخۆشکردنی دایک و باوکیان بدەن یاخود هەست بە جڵەوکردن و دەستبەسەرداگرتنێکی زۆر دەکەن کەوا حەز بە ڕێنوێنیکردنیشیان ناکەن. بەلایانەوە گرنگ نییە بەتەنیا بن و بەم شێوەیە بەرهەڵستی خۆیان دەردەبڕن. زۆربەی کات، کاتێک منداڵان ڕق لە دایک و باوکیان هەڵدەگرن، بە خۆشحاڵییەوە دەڕۆن بۆ نێو ژوورەکانیان تا نیشانی بدەن هیچ گرنگ نییە بەلایانەوە.

لەم نموونەیەدا، دایکان و باوکان پێویستە تەماشای هەنگاوەکانی یەک، دوو، سێ بکەن "تەماشای ئەم لیستەی خوارەوە بکە" تا بڕەو بە منداڵەکانیان بدەن بگەڕێنەوە بۆ هەستکردن بە ئارەزوویەک بۆ

دڵخۆشکردن و هاوکاریکردن. ئەوسا ئەم منداڵە بەجیاواز وەڵامی دەبێت بۆ دوورخستنەوە کاتییەکان و زیاتر سوودیان لێ وەردەگرێت. گەرچی منداڵەکە دڵخۆش دەردەکەوێت، بەڵام هێشتا دەخرێتە حاڵەتێکەوە کە لە دەرەوەی جڵەوی خۆیەتی و بەم شێوەیە دەگەڕێتەوە ژێر جڵەوی ئێوە. گەر منداڵێک حەز بکات بڕوات بۆ نێو ژوورەکەی خۆی، ژوورێکی دیکە بەکار بهێنە کە نەتوانێت یاری بە گەمە و لیستیکەکانی بکات یاخود بە تەلەفۆن قسە بکات.

شتێکی باشە منداڵان بنێرن بۆ ژوورەکانی خۆیان گەمە بکەن، بەڵام ئەوە نابێتە دوورخستنەوەی کاتی. گەر ڕەتیان کردەوە بە کاتی دوور بخرێنەوە، ئەوسا شتێکی باشە گەمە و لیستیکەکانیان بەکار بهێنن لە ماوەی دوورخستنەوەکانیاندا. گەر دڵخۆش بوون بەوەی بە کاتی دوور بخرێنەوە، لەنێو گەرماوێک یان ژوورێکی دیکەدا دایانبنێن.

## چی وا دەکات پێنج توانا و شارەزاییەکە سەرکەوتوو بن

پێنج توانا و شارەزاییەکەی باوانیکردنی ئەرێنی سەرکەوتوو دەبن لە ئەمڕۆدا چونکە جیهان شوێنێکی جیاوازە و هەروەها منداڵەکانیشمان. لە کۆمەڵگەیەکی ئازاددا، پێویستە ڕێبازی باوانیکردنمان بگونجێنین. بە کورتی، ئەم توانا و شارەزاییانە ئەمانەن:

١. بۆ هێنانە ئارای هاوکاری، داوا بکە و فەرمان مەکە.
٢. بۆ کەمکردنەوەی بەرهەڵستی و گەشەپێدانی پەیوەندیگرتن، گوێ بگرە و برەو بە شتەکان بدە - چاکسازی مەکە.
٣. بۆ زیادکردنی هاندان، پاداشت بدە - سزا مەدە.
٤. بۆ دەربڕین و سەپاندنی ڕابەرایەتی خۆت بە ڕوونی، فەرمان بکە - داوا مەکە.

٥. بۆ پارێزگاریکردن لە جڵەوکردنی خۆت، دوورخستنەوەی کاتی بەکار بهێنە - لێ مەدە.

ئەم پێنج توانا و شارەزاییە دەبنە هۆی بەئاگاهێنانەوەی ئارەزووی منداڵ بۆ هاوکاریکردن. ئەو سوودتەمەنییەی وا دەکات ئەم پێنج توانا و شارەزاییە کاری خۆیان بکەن و سەرکەوتوو بن پێنج پەیامە ئەرێنییەکەن "تەماشای بەشی پێشەکی بکە،" بەبێ ئەم توانا و شارەزاییانە، ناتوانین بە شێوەیەکی کاریگەر پێنج پەیامە ئەرێنییەکە بخەینە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام پێنج پەیامە ئەرێنییەکەن وا دەکەن توانا و شارەزاییەکانیش سەرکەوتوو بن و سوودیان هەبێت. پێنج پەیامە ئەرێنییەکە و پێنج توانا و شارەزاییەکە پشت بەیەک دەبەستن و تەواوکەری یەکترن.

پەیامی یەکەم - ئاساییە جیاواز بیت- پێویستی منداڵ بۆ هەستکردن بە خۆشەویستی و ناوازەیی پەرە پێ دەدات. بەبێ تێگەیشتن و قبووڵکردنمان بۆ ئەو ڕاستییەی کە چۆن هەر منداڵێک جیاوازە لەوی دیکە، منداڵان ئەو پەروەردەیە وەرناگرن کە پێویستیانە تا هاوکار بن.

پەیامی دووەم -ئاساییە هەڵە بکەیت- شتێکی بنچینەییە بۆ منداڵان تا هەست بە باشە بکەن لەبارەی خۆیانەوە و بەردەوام بن لەوەی هان بدرێن بۆ دڵخۆشکردنی دایک و باوکیان بە شێوەیەکی تەندروست. گەر هەڵەکان قبووڵ نەکرێن، ئەوسا منداڵان یان کۆڵ دەدەن لە هەوڵدان یاخود لە پرۆسەی هەوڵداندا کۆڵ لە خۆیان دەدەن.

پەیامی سێیەم -ئاساییە هەستە نەرێنییەکانت هەبێت- کارێکی وا دەکات سەلامەت بێت بۆ منداڵان گەشە بکەن لە هۆشیارییەکدا لەوەی

له ناخی خۆیاندا هەست بە چی دەکەن. ئەم هۆشیارییە شتێکی بنچینەییە بۆ بە وابەستەیی مانەوەی منداڵان لەگەڵ پێویستی تەندروستی خۆیان بۆ ڕێنوێنی و ڕەزامەندی دایک و باوکیان، کە لە بەرانبەردا ختووکەی ئارەزوویان دەدات بۆ دڵخۆشکردن و هاوکاریکردن.

پەیامی چوارەم -ئاساییە ئارەزووی زیاتر بکەیت- دەرگاگەلێک بۆ منداڵان دەکاتەوە تا پەرە بە هەستێکی بەهێزی خودبوون و ئاراستەکردن بدەن لەڕێی زانینی ئەوەی چیان دەوێت و ئارەزووی دەکەن. ئەو منداڵانەی دەزانن چیان دەوێت زۆر ئاسانتر هان دەدرێن لەڕێی ئەگەری هەبوونی زۆرترەوە. نەک تەنیا ئارەزووی زیاتر دەکەن، بەڵکو فێر دەبن چۆن ڕازی بوون و دڵخۆشی خۆیان دوا بخەن کاتێک دەمودەست ئەو شتەیان چنگ ناکەوێت کە دەیانەوێت. کاتێک منداڵان مۆڵەتیان هەیە تا ئارەزووی زیاتر بکەن، بە خێرایی وەڵامیان دەبێت بۆ پاداشتەکان و هەروەها بۆ ئەو دەرفەتەش بۆ دڵخۆشکردنی دایک و باوکیان.

پەیامی پێنجەم -ئاساییە بڵێیت نەخێر، بەس بیرت بێت دایە و بابە سەرۆکن- شتێکی بنچینەییە بۆ گشت توانا و شارەزاییەکانی باوانیکردنی ئەرێنی. منداڵان پێویستە هەمیشە ڕێگەی ئەوەیان پێ بدرێت بەرهەڵستی بنوێنن گەر مەبەست بێت هاوکاریمان بکەن. پێویستە بتوانن بەرهەڵستی بکەن گەر مەبەست بێت هەستەکان و ویستەکانی خۆیان ئاشکرا بکەن بۆ کەسانی دیکە و بۆ خۆشیان. ئەم پەیامە هێزی ئیرادەی منداڵ بەهێز دەکات، کە لە بەرانبەردا ئیرادە و خۆزگەی سروشتیان بەهێز دەکات بۆ دڵخۆشکردن و هاوکاریکردنی بەرانبەر.

کاتێک پێنج پەیامەکە بناغەی ڕێبازی باوانیکردنی دایکان و باوکان بوو، ئەوسا پێنج توانا و شارەزاییەکەی باوانیکردنی ئەرێنی گەلێک

کاریگەر دەبن. لە پێنج بەشی دواتری ئەم کتێبەدا، بە وردودرشت کن و پشکنەی ئەم پێنج پەیامە دەکەین. بەم بەرچاوڕوونییە هەڵکشاوەوە، دایکان و باوکان دەتوانن بڕیارەکانیان بدەن و وەڵامیان هەبێت بۆ منداڵەکانیان بە شێوەگەلیک کە برەو بە منداڵەکانیان بدات و پاڵپشتیان بکات لەوەی بە ڕاستی ببنە ئەوەی کە هەن و برەو بەو بەهرە و توانا ناوازانەیان بدەن کە دەبێت لەگەڵ کەسانی دیکەدا لەم جیهانەدا هاوبەشی پێ بکەن.

(٩)

# ئاساييە جياواز بيت

هەموو منداڵێك كە لەدايك دەبێت كەسێكی ناوازە و تايبەتە. لە ڕووی كردارەكييەوە، ئەمە واتای ئەوەيە منداڵان ڕەنگە جياواز بن لەوەی دايك و باوكيان پێشبينی دەكەن ببن. خاوەنی بەهرەی تايبەتی خۆيانن، هەروەها ئاڵنگاری تايبەت و ناوازەی خۆيشيان هەيە. بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئاڵنگارييە ناوازەكانيان ببنەوە، پێويستی تايبەت و ناوازەی خۆيان هەيە. وەك دايك و باوك، ئيشی ئێمە تەنيا ئەوە نييە بەرگەی جياوازييەكان بگرين، بەڵكو ئەوەيە ئامێزيشيان بۆ بكەينەوە. ئەمەش بە شێوەيەكی زۆر كاريگەر بەدەست دێت كاتێك دەتوانين درك بكەين بەوەی پێويستييە تايبەت و ناوازەكانی هەر منداڵێك چين و ئەو پێويستيانە بەدی بێنين.

نەبوونی ئەم پەيامە ئەرێنييە ئەوەيە: "شتێكی هەڵە هەيە لە منداڵەكەمدا. پێويستە چاك بكرێتەوە وەك لەوەی پەروەردە بكرێت." ياخود "منداڵەكەم خراپە و بە شێوەيەك پێويستی بە چاككردنە." هەبوونی تێڕوانينێكی لەو شێوەيە يەكێكە لە گەورەترين ئەو هەڵانەی دايكان و باوكان ئەنجامی دەدەن. منداڵان پێويستيان بە پەيامێكی ڕوونە كەوا ئەوان باشن و جياوازييەكان شتێكی باشن و پێشبينی كراويشن.

**نەبوونی قبوولکردنی واقیع خۆی لەم ڕستەیەدا نمایش دەکات "هەڵەیەک لە منداڵەکەمدا هەیە."**

جێبەجێکردنی پێنج توانا و شارەزاییەکەی باوانیکردنی ئەرێنی ئەم قبوولکردنە ئاسانتر دەکات. عادەتەن ئەو کاتەی دایکان و باوکان ئەو هاوکارییەیان پێ ناگات کە پێویستیانە دەست دەکەن بە بیرکردنەوە لەوەی منداڵەکانیان خراپن یاخود هەڵەیەک لەواندا هەیە. بە بوونی هۆشیارییەکی گەورەتر کەوا منداڵان جیاوازن، دایکان و باوکان زۆر بەدەستوبرد نابن پێشبینی خراپترین بکەن کاتێک ئەم جیاوازییانە دەردەکەون. وەک لەوەی بەرهەڵستی جیاوازییەکان بکەن، دایکان و باوکان دەتوانن پەروەردەی منداڵەکانیان بکەن بە چەندین ڕێگە تا بەهرە ناوازەکانیان و خاڵە بەهێزەکانیان لە ناخیاندا بهێننە دەرەوە و بەسەر لاوازییەکانیاندا زاڵ ببن.

هەموو منداڵێک تێکەڵەیەکی ناوازەیە لە خەسڵەتە جیاوازەکان کە ڕەگەز، جۆری جەستە، سروشتی کەسەکە، کەسایەتی، زیرەکی، شێوازی فێربوون دیارییان دەکات. بەئاگابوون لە جیاوازییەکانی یکەڵبوون، ڕێکخستنەوەی تەواوی ئەم فاکتەرانە دایک و باوکێک ئامادە دەکات تا جیاوازییەکان قبووڵ بکات و ئامێزیان بۆ بکانەوە. ەم بەرچاوڕوونییە فراوانەوە، ئاسانتر دەبێت بۆ ناسینەوەی ئەوەی ە منداڵێک باشتر نییە لە منداڵێکی دیکە، هیچ ڕێگەیەکیش نییە بۆ ستێکی لەو شێوەیە.

**جیاواز بوون واتای ئەوە نییە شێوازێک باشترە لە شێوازێکی دیکە.**

زۆربەی کات دایکان و باوکان بە هەڵە پێیان وایە دەزانن چی باشترینە بۆ منداڵەکانیان. تەنانەت گەر منداڵێک درەختێکی سێو بێت، پێداگری دەکەن لەوەی هەوڵ بدەن یارمەتی منداڵەکە بدەن تا ببێت بە دار هەرمێیەکی باش. ئەم جۆرە لە یارمەتیدان گەشەکردنی منداڵ سنووردار دەکات. گەرچی منداڵان بە نەخشەیەکی وردی ناوەکییەوە دێنە ژیانەوە لەوەی کێن و چی دەکەن لێرە، بەڵام پێویستیان بە قبوولکردن، خۆشەویستی، پاڵپشتی، کات و سەرنجپێدانی دایک و باوکیانە بۆ کۆکردنەوە و بەرەوپێشچوونی تواناکانیان.

دایکان و باوکان بەرپرس نین لەوەی منداڵەکانیان چۆن بکەونەوە، بەڵام بەرپرسن لەوەی باشترین لە ناخی منداڵەکانیان دەربکێشن. دایکان و باوکان پێوستە لەیادیان بێت هەموو منداڵێک لەم جیهانەدا گەشتێک و مەبەستێکی تایبەت و ناوازەی هەیە. گەر پێت وا بێت دایک و باوک بە باشترین شێوە دەزانن پێویستە منداڵەکەیان چۆن دەربچێت لە داهاتوودا، یاریکردنە لەگەڵ "خودا"دا.

منداڵان لە بەهەشتەوە هاتوون. لەنێو ناخیاندا تۆوی مەزنیان هەڵگرتووە. بۆ دایکان و باوکان نییە بڕیار لە چارەنووسی منداڵەکانیان بدەن. لەبری ئەوە، دایکان و باوکان دەبێت زەوییەکی بەپیت بخوڵقێنن بۆ منداڵان تا گەشە بکەن بەو شێوەیەی دەبێت ببن نەک بەو شێوەیەی ئەوان پێیان وایە دەبێت ببن. ئەم پاڵپشتی و قبوولکردنە تایبەتەی جیاوازییەکان دەسەڵات و توانا دەبەخشێت بە منداڵان بە هێز و بڕوابەخۆبوونەوە تا خەونەکانیان بەدی بهێنن.

## جیاوازییە ڕەگەزییەکان

جیاوازییە ڕەگەزییەکان زۆر بە بەهێزی لە تەمەنی هەرزەکاریدا پەیدا دەبن، بەڵام زۆر بە ڕوونی و هەر لە یەکەم ڕۆژەوە، کوڕ هەر

کوڕە و کچیش هەر کچە. هەموو منداڵێک، بەبێ گوێدانە ڕەگەزەکەی، هاوسەنگییەکی ناوازەی خەسڵەتەکانی نێر و مێی هەیە. قبوولکردنی ئەمە گرنگە.

زۆرینەی کات، دایکێک یان باوکێک مەیلی دەچێت بەلای ئەوەدا کە پێی وایە ئەوەی بۆ خۆیان ڕاستە بۆ منداڵەکەیشیان ڕاستە. ئەمە هەڵەیە. لەڕێی ناسینەوەی جیاوازییە ڕەگەزییە باوەکانەوە، ئاسانتر دەبێت هەندێک ڕەفتار و پێویستی قبووڵ بکرێن و ڕێزیان لێ بگیرێت که نامۆ دیارن. نابێت وای دابنێین ئەوەی بۆ ئێمە سەرکەوتوو بووە بۆ منداڵەکانیشمان بەو جۆرە دەبێت.

نەبوونی تێگەیشتن لە جیاوازییە ڕەگەزییەکان دەتوانێت ڕێگری لە دایکەکان بکات نرخی ئەو شتە بزانن کە هاوبەشەکەیان پێشکەشی دەکات و بەپێچەوانەیشەوە. زۆربەی کات، دایک بە زگماکی دەزانێت چی باشترینە بۆ کچێک، بەڵام بۆ کوڕێک نا. باوکێکیش بە زگماکی دەزانێت چی باشترینە بۆ کوڕێک، بەڵام بۆ کچێک نا. ئەمە بە هۆی ئەوەوەیە مەیلمان لەوەیە ئەوە ببەخشین بە منداڵەکانمان کە خۆمان دەمانەوێت یان پێویستمانە نەک ئەوەی منداڵەکانمان دەیانەوێت یان پێویستیانە.

گەر خوێندەوار و تێگەیشتوو نەبین لەبارەی جیاوازییەکانەوە، خەڵکی بە گشتی گریمانەی ئەوە دەکەن کە خەڵکانی دیکە دەبێت بەو شێوەیە ڕەفتار بکەن و کاردانەوە بنوێنن کە خۆیان دەیکەن. بە بوونی هۆشیارییەک لەبارەی جیاوازییەکانەوە، دەمودەست وای دانانێین کەوا شتێکی هەڵە هەیە کاتێک ئەوانی دیکە بەو شێوەیە کاردانەوە نانوێنن و وەڵامیان نابێت بەڕووی ژیاندا کە ئێمە دەیکەین.

## پێویستییە جیاوازەکان بۆ متمانە و گرنگیپێدان

بە گشتی کوڕان پێویستی تایبەتیان دەبێت کە بۆ کچان گرنگ نین. بە هەمان شێوە، کچانیش پێویستی تایبەتی خۆیان دەبێت کە ڕەنگە هیچ گرنگییەکیان بۆ کوڕان نەبێت. بێگومان، گرنگترین پێویستی خۆشەویستییە. بەڵام خۆشەویستی بە چەندین ڕێگەی جیاواز نیشان دەدرێت. دایک و باوکێک بە شێوەیەکی سەرەکی خۆشەویستی خۆیان لەڕێی گرنگیپێدان و متمانەوە نیشان دەدەن.

گرنگیپێدان ئامادەگییە بۆ یارمەتیدانی منداڵەکەت، ئارەزوویەکە بۆ تەندروست باشیان و لەوەی کە هەن و کێن، حەزکردنە بۆ بەختەوەریان و هاوسۆزییە بۆ ئازار و ناڕەحەتیان. بایەخپێدان بریتییە لەو جۆرە خۆشەویستییەی لە ڕووخسارتدا بەدی دەکرێت.

**بایەخپێدان هانی دایکان و باوکان دەدات بەشدار و ئارەزوومەند و کاریگەر بن بە ئەزموونەکانی ژیانی منداڵان.**

متمانەکردن دانپیانانێکە کەوا هەموو شتێک باشە، هۆشیاری و باوەڕێکە بە توانای منداڵەکانتان تا لە هەڵەکانیانەوە سەر بکەون و فێر بن، ئامادەگییەکی کراوەیە کە ڕێگە دەدات شتەکان جێ بهێڵرێن بەو شێوەیەی کە هەن و وای دادەنێت هەموو شتێک باش دەبێت. متمانە وای دادەنێت کەوا منداڵەکەت هەمیشە ئەوپەڕی هەوڵی خۆی دەدات تەنانەت گەر وایش دەرنەکەوێت. سەربەستی و مەودا بە منداڵان دەبەخشێت تا خۆیان کار بکەن.

## متمانه هانی دایک و باوکێک دەدات تا سەربەستی و مەودا به منداڵەکەیان ببەخشن خۆی کار بکات.

به دلنیاییەوه هەموو منداڵێک پێویستی به گرنگیپێدان و متمانه هەیە، بەڵام به بڕی جیاواز. هەموو شتێک زیادەڕەوی تێدا بکرێت، تەنانەت باشیش بێت، زیانی زۆرتره. تا تەمەنی نۆ ساڵان، هەموو منداڵان پێویستیان به گرنگیپێدانی زۆر و متمانەی کەمتر هەیە. دوای تەمەنی نۆ ساڵی، منداڵان به سروشتی دەست دەکەن به کشانەوه و زیاتر سەربەخۆ دەبن. دەتوانیت دلنیا بیتەوه منداڵێک پێویستی به کشانەوەیه کاتێک دەستی کرد به شەرمەزاربوون به هۆی ڕەفتارەکانی تۆوه.

له دەوروبەری نۆ ساڵیدا، منداڵان دەست دەکەن به بڕەودان به هەستێکی خودبوون جیا له دایک و باوکیان. ئەمه ئیدی کاتی هەستکردن به خود -هۆشیارییه. لەم کاتەوه تا تەمەنی هەژده ساڵی، منداڵان پێویستییەکی گەورەتریان بۆ متمانه هەیە، گەرچی هێشتا گرنگیپێدان هەر گرنگه بۆیان.

بەبێ گوێدانه تەمەن، کوڕان زیاتر پێویستیان به متمانەیه له کاتێکدا کچان گرنگیپێدانیان زیاتر پێویسته. کوڕ مەیلی دەڕوات بەلای ئەوەدا هەست به باشه دەکات لەبارەی خۆیەوه کاتێک بۆ خۆی شتێک دەکات. کاتێک دەتوانێت ستایش وەربگرێت، زیاتر هەست به بڕوابەخۆبوون و شانازی دەکات. بۆ نموونه، ڕەنگه به ویستی خۆی بەرهەڵستی دایکی بکات بۆ یارمەتیدانی دایکی له بەستنی قەیتانی پێلاوەکانی، تاوەکوو بتوانێت ستایش بکرێت و هەست به بەرپرسیاریتی بکات. لەلایەکی دیکەوه، کچێک ڕەنگه زیاتر هەست به خۆشەویستی بکات گەر یارمەتی پێشکەش بکەیت. پێشکەشکردنی

پارمەتی ئاماژەیەکی گرنگپێدانە، لە کاتێکدا ڕێگەدان بە کوڕێک تا خۆی کارەکەی بکات ئاماژەیەکی متمانەپێبوونە.

**بەبێ گوێدانە تەمەن، کوڕان زیاتر پێویستیان بە متمانەیە لە کاتێکدا کچان گرنگیپێدانیان زیاتر پێویستە.**

کاتێک دایکێک زۆر بایەخ دەدات بە پێویستییەکی دیاریکراوی کوڕێک، کوڕەکە بە ئاسانی ئەم ڕەفتارەی دایکی بە ئاماژەیەک لێک دەداتەوە کەوا "متمانەی بە من نییە تا خۆم بیکەم." کاتێک باوکێک زۆر متمانە بە توانای کچەکەی دەکات تا سەروکاری شتەکان بکات، دەکرێت کچەکە هەست بکات بەوەی وەک پێویست باوکی گرنگی پێ نادات. کاتێک کچێک مەودایەکی زۆری پێ دەدرێت، ڕەنگە هەست بە ڕەتکردنەوە و ئازارخواردن و پشتتێکردنی بکات. بەڵام کوڕ دڵخۆش دەبێت بەوەی هەست دەکات دایک و باوکی پەی بە لێهاتووییەکەی دەبەن و متمانە بە توانای دەکەن تا گرنگی بە خۆی بدات یاخود شتە ڕاستەکان بکات.

زۆربەی کات دایکەکان کوڕەکانیان لاواز دەکەن بە خەمخواردنی زۆریان یاخود بە نیگەرانی زۆریان دەیانخنکێنن، لە کاتێکدا زۆربەی کات باوکەکان پێویستی کچەکانیان بۆ گرنگیپێدان و سەرنجپێدان پشتگوێ دەخەن بە پێدانی مەودای زۆر یاخود متمانە بە کچەکانیان دەکەن خۆیان سەروکاری شتەکان بکەن. دایک و باوکان پێویستە تێبگەن کەوا کوڕان هەستێکی ئەرێنی خودبوون دروست دەکەن لەسەر بناغەی ئەو متمانەیەی وەریدەگرن، لە کاتێکدا کچان برەو بە هەستێکی ئەرێنی خودبوون دەدەن لەسەر بناغەی ئەو گرنگی و سەرنجپێدانە خەمخۆرەی لە پەیوەندییەکەیاندا بەدەستی دەهێنن.

## بەردەوامیدان بە متمانە و گرنگیپێدان

گەورەترین ئاڵنگاری لە ژیاندا بۆ ژنان ئەوەیە دووبارە متمان بکەنەوە دوای ئەوەی ئازار دراون، لە کاتێکدا بۆ پیاوان ئەوەیە بە گەرموگوڕی و هاندراوییەوە بمێنن یاخود بەردەوام بن لە گرنگیپێدان لە وەڵامی زەحمەتییەکان لە پەیوەندییەکدا، ژنان زۆربەی کات سکاڵا دەکەن: "ئەوەی پێویستمە بەدەستی ناهێنم." "مانای ئەوەیە: 'متمانەم بە پیاوەکە نییە ئەوەم پێ بدات کە پێویستمە،'" لە کاتێکدا پیاوان سکاڵا دەکەن: "هەر شتێک کە من دەیکەم ئەو دڵخۆش ناکات، کەوایە بۆ سەری خۆم بیەشێنم." "مانای ئەوەیە: 'من چیتر گوێ نادەمێ و گرنگی بە هیچ نادەم.'" ژنان زۆربەی کات سکاڵا دەکەن: "پیاوەکە چیتر گوێ ناداتێ." پیاوانیش سکاڵا دەکەن: "ئەو ژنە زۆر زەحمەتە دڵخۆش بکرێت، بۆیە دەستم هەڵگرت لەوەی گوێی بدەمێ."

ئەم مەیلە جیاوازانە لە منداڵیدا دەست پێ دەکەن. کچان و کوڕان دێنە ئەم جیهانەوە و بە هەمان شێوە و بە یەکسانی متمانە دەکەن و گرنگی دەدەن. کاتێک ئەزموونی پشتگوێ خران و ئازاری پێویستی و ویستە وەدی نەهاتووەکان دەخۆن، زۆربەی کات کوڕان کاردانەوە دەنوێنن بەوەی کەمتر گوێ دەدەنێ، لە کاتێکدا کچان بە متمانەکردنی کەمتر کاردانەوە دەنوێنن. ئاڵنگارییەکە بۆ دایکان و باوکان ئەوەیە گرنگی زیاتر بە کچەکانیان بدەن، تێیانبگەن و ڕێزیان بگرن تاوەکوو بەردەوام بن لە متمانەبوون بە خۆیان. لەلایەکی دیکەوە، ئاڵنگارییەکە بۆ دایکان و باوکان ئەوەیە بڕی زیاتر متمانە، قبووڵکردن، پێزانین بدەن بە کوڕەکانیان تا بەردەوام هان بدرێن.

**ئاڵنگارییەکە بۆ دایکان و باوکان ئەوەیە گرنگی زیاتر بە کچەکانیان بدەن، تێیانبگەن و ڕێزیان بگرن تاوەکوو بەردەوام بن لە متمانەبوون بە خۆیان.**

کچێک پێویستی گەورەتری هەیە تاوەکوو هەست بکات دەتوانێت متمانە بە دایک و باوکی بکات کە ئامادەن و لە هەستەکانی و خۆزگەکانی و پێویستییەکانی تێدەگەن. ئەمە پێویستی کچە کە دەبێت بۆ ناسکی و پشتبەستنی بە کەسانی دیکە. کچ پێویستی بەوەیە هەست بە سەلامەتی بکات لە پشتبەستنی بە دایک و باوکی بۆ پاڵپشتیکردنی. زۆربەی کات ئەم پێویستییە بەوە وەدی دێت هەستەکان هاوبەشی پێ بکرێن و داوای یارمەتی بکرێت. کاتێک کچ نازار دەچێژێت، پێویستی بەوەیە بزانێت کەوا دایک و باوکی ئامادەگیان هەیە بۆی بە گرنگیپێدانێکی زۆرەوە. کاتێک ئەو گرنگی پێدانەش وەردەگرێت کە گەرەکییەتی، ئەوسا دەتوانێت هەست بە متمانە بکات و بە کراوەیی دەمێنێتەوە. کچێکی متمانەپێکراو، کچێکی دڵخۆش و ئامانج وەدی هاتووە. سەلامەتی خاڵێکی بنچینەییە بۆ کچ تا پەرە بە بەهرە و توانا سروشتییەکانی بدات. بەپێچەوانەوە، هەست بە ناشایستەیی و خۆشنەویستن و بەرهەڵستی بەرووی پاڵپشتیدا دەکات.

هەندێک جار گەر کچ هەست بە بێدەسەلاتی بکات لە دەستخستنی ئەوەی پێویستی پێیەتی، ڕەنگە ناسکییە مێینییەکانی خەفە بکات و زیاتر وەک کوڕێکی لێ بێت، پێویستی بە مەودا، متمانە، قبوولکردن و پێزانینی زیاتر دەبێت. بۆ ئەم کچە، گەلێک بەئازارە پێویستی بە گرنگیپێدان بێت و بەدەستی نەهێنێت، بۆیە نکۆڵی لە لایەنی مێینەی خۆی دەکات و لایەنە نێرینەییەکانی و پێویستییە نێرینەییەکانی دەردەکەون.

**کاتێک کچێک پشتگوێ دەخرێت، گەلێک بەئازارە لەوەی بەردەوام پێویستی بە کەسانی دیکە بێت و لە کاردانەوەی ئەوەدا زیاتر دەبێتە کەسێکی نێرینە.**

ئەمە مانای ئەوە نییە کەوا کچێک زیاتر خەسڵەتی نێرینەیی تێدا بێت هەمیشە زامدارە لە لایەنی مێینەییەکەیەوە. هەروەها دەکرێت هۆکارەکەی ئەوە بێت کە خاوەن سروشتێکی چالاکە، کە ئەوەیش ڕەنگە وای لێ بکات زیاتر نێرئاسا دەربکەوێت. گەرچی زیاتر وەک کوڕ ڕەفتار دەکەن، خلەکوڕانییەکان هێشتا هەر کچن. هێشتا پێویستیان بە گرنگیپێدان و تێگەیشتن و ڕێزگرتنی زیاترە.

بە دڵنیاییەوە، کوڕیش پێویستی بە گرنگیپێدان و تێگەیشتن و ڕێزگرتنە تاوەکوو هەست بە سەلامەتی و متمانە بکات، بەڵام گرنگتر لەوانە بۆی هاندانە. کوڕ پێویستی بەوەیە هان بدرێت، ئەگەرنا واز لە گرنگیپێدان دەهێنێت. کاتێکیش کوڕێک دەستی لە گرنگیپێدان هەڵگرت، دەبێتە کەسێکی بێزار و دابین نەکراو، ڕەنگە تووشی کێشەکانی فێربوونیش بێت. کاتێک کوڕ هان نادرێت، تەرکیزی خۆی لەدەست دەدا یان دەبێتە کەسێکی خەمۆک یاخود بزێو و نەسرەوت.

**ئاڵنگاری بۆ دایکان و باوکان دەربارەی کوڕان ئەوەیە بڕێکی زیاتر متمانە و قبووڵکردن و پێزانینیان پێ بدەن تا بەردەوام هانیان بدەن.**

بۆ ئەوەی گرنگیپێدان لای کوڕێک هەبێت، پێویستە هان بدرێت لەڕێی سەرکەوتن و پاداشتەکانەوە. پێویستی بەوەیە ئەو پەیامە ڕوونە وەربگرێت کە دەتوانێت دایک و باوکی دڵخۆش بکات و هەر واش دەکات. کاتێک سەرکەوتوو دەبێت لە دڵخۆشکردنی دایک و باوکیدا، بەردەوام دەبێت لە هاندرانی، ئەگەرنا لاواز و بێگوێ دەبێت. پاداشتی ئەرێنی بۆ ڕەفتارە دروستەکان ئاماژەی ڕوونن بۆی کەوا ئەویش سەرکەوتوو بووە.

له کاتێکدا یارمەتی پێشکەشی کچێک دەکرێت، ڕەنگە وای لێ بکات کە هەست بکات کەسێکی تایبەتە و بایەخی پێ دەدرێت، بەڵام ڕەنگە کوڕ ئەوە وەک ئیهانە وەربگرێت. پێشکەشکردنی یارمەتی بە کوڕ ڕەنگە ئەوە بخاتە ڕوو کەوا تۆ وەک پێویست متمانەی پێ ناکەیت بۆ ئەنجامدانی ئەو شتەی داوا دەکرێت. هەندێک جار بە بایەخترین شتێک بتوانن بۆ کوڕانی بکەن ئەوەیە بواری زۆریان پێ بدەن تا شتێک بۆ خۆیان بکەن. تەنانەت گەر ئەوە مانای ئەوەیش بێت نشوستی دەهێنن، متمانەتان هەبێت بەوەی کە دەرس لە وانەکە وەردەگرن. تکایە لەبیرتان بێت، گەر بە ڕاستی نشوستی هێنا، پێی مەڵێن: "پێم نەگوتی وا دەبێت."

**پێشکەشکردنی یارمەتی بە کچ ڕەنگە وای لێ بکات کە هەست بکات بایەخی پێ دەدرێت، بەڵام ڕەنگە کوڕ یارمەتیدانی وەک ئیهانە وەربگرێت.**

بێگومان کچیش پێویستە هەست بکات متمانەی پێ دەکرێت و قبووڵ دەکرێت و نرخی دەزانرێت، بەڵام، بۆ ئەوەی کوڕێکی بچکۆلە هان بدرێت، زۆربەی کات پێویستی بە بڕی زیاتر لەمانە هەیە. کوڕ زیاتر گوێ دەداتێ کاتێک وەک کەسێکی لێهاتوو و قبووڵکراو تەماشا دەکرێت هەر بەو شێوەیەی خۆی کە هەیە. بڕی بێشوومار لە متمانە وا لە کوڕ دەکات لێهاتوو بێت. باشترین سووتەمەنی بۆ هاندانی کوڕ پێزانینیەتی. کاتێک کوڕێک هەست بە دانپێدانان دەکات بەرانبەر ئەوەی کردوویەتی، هان دەدرێت بۆ ئەوەی زیاتر بکات. هیچ هاندەرێکی گەورەتر لە سەرکەوتن بوونی نییە.

## کوڕان لە مەریخەوە هاتوون، کچانیش لە ڤینۆسەوە

تێگەیشتن لەوەی کوڕان پێویستی جیاوازییان هەیە یارمەتی دایکان و باوکـان دەدات "بە تـایبەت دایکـان،" هەمـوارکردنەوەی دروست ئەنجام بدەن لە پێدانی ئەو شتەی کە کوڕان پێویستیانە. بە هەمان شێوە، بە تێگەیشتن لە پێویستییە تایبەت و ناوازەکانی کچان، دایکان و باوکـان "بە تـایبەت باوکـان" هەمـواری پێویست ئەنجام دەدەن لە پێدانی ئەو شتە بە کچەکەیـان کە پێویستییەتی. تەنیا ئەوەندە بەس نییە منداڵەکانمان خۆش بوێن و ئەوەیـان پێ بدەین کە خۆمان زۆر ئارەزووی دەکەیـن و پێویستمانە، پێویستە خەڵاتەکـانی خۆمـان بۆ پاڵپشتی خۆشەویستانە ڕێک بکەینەوە تـا پێویستییە تایبەتییەکانیان وەدی بهێنـین. کە بیرتـان بـوو کـوڕان "هاوشـێوەی پیـاوان" لە مەریخەوە هاتوون، کچانیش "هاوشێوەی ژنان" لە ڤینۆسەوە هاتوون، کاری باوانیکردن تەواو ئاسانتر دەکات.

هەندێک جار گەر کوڕ هەست بە بێدەسەڵاتی بکات لە بەدەستهێنانی ئەو متمانە و قبوولکردن و پێزانینەی پێویستییەتی، ڕەنگە خەسڵەت و لاوازییە زیاتر نێرینەیییەکانی خەفە بکات و زیاتر وەک کچی لێ بێت، پێویستی بەوە بێت بایەخی پێ بدرێت و لێی تێبگەن و ڕێزی بگیرێت. بۆ ئەم کوڕە، زۆر بەئازار دەبێت بەردەوام پێویستی بە متمانە بێت و بەدەستی نەهێنێت، بۆیە نکوڵی لە لایەنی نێرینەی خۆی دەکات و لایەنە مێینەیییەکەی بە پێویستییەکانییەوە دەردەکەوێت. کاتێک بە بایەخپێدانی زۆر تا بینە قاقای دێت، ڕەنگە بەوە کاردانەوە بنوێنێت کە ببێتە کەسێکی زیاتر موحتاج، ئارەزوو بکات بایەخی پێ بدرێت وەک لەوەی بواری زیاتر پێ بدرێت.

**کاتێک بە بایەخپێدانی زۆر تا بینە قاقای دێت، ڕەنگە کوڕ بەوە کاردانەوە بنوێنێت کە ببێتە کەسێکی زیاتر موحتاج.**

ئەمە واتای ئەوە نییە ئەو کوڕەی زیاتر خاوەن خەسڵەتی مێینەیە هەمیشە زامدارە لە لایەنی نێرینەیییەکەیەوە. هەروەها دەکرێت مۆکەی ئەوە بێت کە زیاتر خاوەن سروشتێکی هەستیارانەیە، لە زۆر ڕووەوە زیاتر مێینە دەردەکەوێت. کوڕانی هەستیار زۆربەی کات هۆرمۆنە مێینەکانیان زیاترە و ئاستێکی کەمتر لە هۆرمۆنەکانی نێرینەیان هەیە، بۆیە بە سروشتی زیاتر مەیلی مێینانە دەردەبڕن.

هەندێک لێکۆڵینەوە نیشانیان داوە پیاوانی هەتیوباز، پیاوانی بەهرەدار، زۆربەی پیاوە چەپلەرەکان خاوەن جیاوازی بەرچاوی مێشکن لەچاو پیاوانی دیکەدا. مێشکیان، وەک مێشکی زۆربەی ژنان، خاوەن ملیاران بەستەرەوەی مێشکی زیادەن لەنێوان هەردوو جەمسەرەکەی مێشکدا. ئەم جیاوازیانە لە مێشکدا، جووت دەبن لەگەڵ جیاوازییە هۆرمۆنییەکان، تارادەیەک بەرپرسن لەوەی وا لە هەندێک لە کوڕان بکەن زیاتر هەستیار بن. گەرچی ئەم کوڕە زیاتر هەستیارانە خەسڵەتی مێینەیان زیاترە، هێشتا کوڕن و هێشتا پێویستیان بە متمانە و قبووڵکردن و پێزانینی زیاترە.

ئەمانە هەندێک نموونەی سادەن تا بیرت بێتەوە کەوا کوڕان لە مەریخەوە هاتوون و کچانیش لە ڤینۆسەوە:

| کوڕان لە مەریخەوە هاتوون | کچان لە ڤینۆسەوە هاتوون |
| --- | --- |
| کوڕان پێویتسیان بە خۆشەویستی و سەرنجپێدان و دانپێدانانی زیاترە دەربارەی ئەوەی دەیکەن، دەربارەی توانایان لەوەی دەیکەن بەبێ یارمەتی و ئەو جیاوازییەی دروستی دەکەن. | کچان پێویستیان بە خۆشەویستی و سەرنجپێدان و دانپێدانانە دەربارەی ئەوەی کە کێن و هەست بە چی دەکەن و ئەوەی دەیانەوێت. |

| | |
|---|---|
| کوڕان پێویستیان بەوەیە پێیان سەرسام بن لەپای ئەوەی زیاتر دەیکەن، دان بنێن بەوەدا کە ئەنجامی دەدەن. | کچان پێویستە زیاتر نازیان هەڵبگیرێت وەکوو خۆیان لەوەی کە هەن. ستایش بکرێن لەپای ئەوەی کە هەیە. |
| کوڕان پێویستییەکی گەورەتریان هەیە بەوەی هان بدرێن و پاڵ بنرێن. | کچان پێویستییەکی گەورەتریان هەیە بۆ دەستگیرۆیی و دڵنیاکردنەوەی ئێوە. |
| کوڕێک یان پیاوێک دڵخۆشترینە کاتێک هەست دەکات کەسێکی پێویستە و دەتوانێت ئەو پاڵپشتییە دابین بکات کە پێویستە. دەبێتە کەسێکی خەمۆک کاتێک هەست دەکات کەسێکی پێویست نییە یاخود لێهاتوو نییە بۆ تەواوکردنی ئەو ئەرکەی لەپێشیەتی. | کچێک یان ژنێک دڵخۆشترینە کاتێک هەست دەکات دەتوانێت ئەو پاڵپشتییە بەدەست بهێنێت کە پێویستی پێیەتی. دەبێتە کەسێکی خەمۆک کاتێک هەست دەکات ناتوانێت ئەو پاڵپشتییە بەدەست بهێنێت کە پێویستییەتی و ناچارە هەموو شتێک خۆی بیکات. |
| کوڕان بە شێوەیەکی سەرەکی پێویستیان بە متمانە، قبوولکردن، پێزانینە تاوەکوو ببنە کەسانی گوێ پێدەر و هان بدرێن. | کچان بە شێوەیەکی سەرەکی پێویستیان بە گرنگیپێدان، تێگەیشتن و ڕێزگرتنە، تاوەکوو متمانەیان هەبێت و ڕاخۆسەپێن بن. |

# کاک چاکساز

باوترین هەڵە کە باوکەکان ئەنجامی دەدەن پێشکەشکردنی چارەسەرە لەبری هاوسۆزیکردن کاتێک منداڵەکانیان بێزارن و پێویستیان بەوەیە بەرهەڵستی خۆیان بۆ ژیان دەرببڕن. پیاوان حەز بە چارەسەری کێشەکان دەکەن و شانازی دەکەن بەوەی کاک چاکساز بن. باوکەکان بیریان نایەتەوە کە هەندێک جار منداڵان پێویستیان بە کەسێکە لێیان تێبگەن کە بۆچی بێزارن وەک لەوەی چارەسەریان پێشکەش بکرێت تا دەمودەست هەست بە باشی بکەن. کاتێک هەمیشە منداڵان چارەسەریان بەدەست دەگات، سەرەنجام دەوەستن لەوەی هاوبەشی بە جیهانەکەی نێو ناخی خۆیان بکەن.

لەسەر هەسارەی مەریخ، باسی کێشەکانیان دەکەن کاتێک دەگەڕێن بە شوێن چارەسەردا، ئەگەرنا تێڕوانینیان بەو جۆرەیە قسە نەکەن. "گەر شتێک نییە لەدەستت بێت، کەوایە لەبیری بکە." لەسەر هەسارەی ڤینۆس بەپێچەوانەوەیە. تێڕوانینیان بەم جۆرەیە: "گەر هیچت لەدەست نایەت، ئەوسا لانیکەم دەتوانین باسی بکەین." پیاوان بە گشتی تێناگەن لەوەی ژنان لە هاوبەشیکردنی ئازارەکانیان خۆشییەکی زۆر وەردەگرن. لەسەر هەسارەی مەریخ، ڕەنگە ئەوە وەک شتێک کە قابیلی ڕوونکردنەوە نییە دەربکەوێت، بەڵام لەسەر هەسارەی ڤینۆس، ئەوە ئەزموونێکی بەربڵاوە.

بە هەمان شێوە، باوکان مەیلیان دەچێت بەلای ئەوەدا کێشەکانی منداڵەکانیان پشتگوێ بخەن بە پێشکەشکردنی چارەسەر یاخود بە سووکدانانیان، درک بەوە ناکەن ئێستا منداڵەکانیان هەست بە گەمژەیی و بچووکبوونەوەی خۆیان دەکەن. جارێکیان کچەکەم ڕوونی کردەوە بۆچی حەزی بەوە نایەت یارمەتی بدرێت لە ئەرکی ماڵەوە لە وانەی بیرکاریدا لەڕێی یەکێک لە هاوڕێکانمەوە. گوتی:

هەر کاتێک کێشەیەکم هەبێت، دەڵێ: 'ئەوە سادەیە.' ئەم قسەیە وام
ی دەکات هەست بکەم کە گەمژەم شتەکە نازانم."

کاتێک دایکان و باوکان هاوسۆزی نانوێنن یاخود گوێ ناگرن بۆ
ەرهەڵستی منداڵەکانیان بۆ ژیان، منداڵان بە هەڵە لە نیازەکەی ئێ
یدەگەن. کاتێک دایک و باوک چارەسەری ئاسانیان لەلایە، منداڵان
ەستێکیان دەبێت وەک بڵێی هەڵەیەک لەواندا هەیە یاخود شتێک زۆر
ەورە دەکەن، وەک لەوەی هەست بکەن سەلامەتن و بایەخیان پێ
ەدرێت. بەر لەوەی تەنانەت منداڵان ڕەچاوی ئەوە بکەن کە دەبێت
ۆن بێزار بن، پێویستە سەرەتا هەست بە سەلامەتی بکەن تا
ەزموونی هەست و سۆزەکانیان بکەن. کاتێک دایک و باوک خۆیان
ەگرن لەوەی چاکسازی خێرا بخەنە ڕوو، منداڵان ئەو متمانە و
رنگیپێدانە وەردەگرن کە پێویستیانە.

ئەمانەی خوارەوە هەندێک لەو شتانەن کە ڕەنگە باوکێک بیانڵێت ک
وانەیە هەستە ناسکەکانی منداڵ بەتاڵ بکەنەوە:

- خەمی ئەوەت نەبێت.
- شتێکی ئەوتۆ نییە.
- کەوایە کێشەکە چییە؟
- ئەمە هێندە قورسیش نییە.
- هێندەش خراپ نییە.
- ئەم شتانەیش ڕوو دەدەن.
- ئەوە بێمانایە.
- ئەمە ئەو شتەیە کە دەبێت بیکەیت.
- تەنیا شتێکی دیکە بکە.
- تەنیا ئەوە بکە.
- تێناگەم.
- بچۆ سەر مەبەستەکە.

- باش دەبێت،
- ئەوەندەیش گرنگ نییە.
- تەنیا خەریکی بە و تەواو.
- دەتەوێت من چی بکەم؟
- بۆچی بە من دەڵێیت؟

بە هۆشیارییەکی گەورەترەوە لەوەی کە چۆن ڕەنگە بێئاگایانە ببنە هۆی بەتاڵکردنەوەی هەستەکانی منداڵەکانیان، باوکان دەتوانن کاریگەرتر ئەو پاڵپشتییە ببەخشن کە کچان و کوڕان پێویستیانە. گەرچی ژنان سکاڵا دەکەن لەوەی مێردەکانیان گوێ ناگرن، خۆیشیان هەندێک جار لەیادی دەکەن گوێ بۆ منداڵەکانیان بگرن. لەجیاتی ئەوەی بوار بە منداڵەکانیان بدەن بێزار و نائومێد بن، ئەوانیش هەوڵ دەدەن شتەکە چاک بکەن.

شتێکی باشە کێشە چارەسەرکەر بیت کاتێک ئەمە ئەو شتەیە منداڵەکانتان داوای دەکەن. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، دایک و باوکێک پێویستە زیاتر گوێ بگرن و کەمتر بڵێن تا منداڵەکانیان زیاتر هاوبەشی بکەن و زیاتر گوێ بگرن. لەڕێی وازهێنان لە هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی منداڵەکانتان، ئیشی ئێوە ئاسانتر دەبێت، منداڵەکانیشتان بەختەوەرتر دەبن.

## خاتوونی پەرەپێدانیماڵەوە

بڵاوترین هەڵەیەک کە دایکان ئەنجامی دەدەن پێشکەشکردنی ئامۆژگاری نەخوازراوە کاتێک منداڵان بەدڕەفتاری دەکەن، هەڵە دەکەن، یاخود دەردەکەوێت کە پێویستیان بە یارمەتییە. ژنان حەز دەکەن لە ژیان و لە ماڵدا پەرە بە شتەکان بدەن. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت

که پیاوان نایانەوێت پەرە بە شتەکان بدەن، بەلام تێڕوانینی پیاو بریتییە لە "تەنیا ئەو کاتە چاکی بکەوە کە شکا، ئەگەرنا وازی لێ بهێنە."

**ژنان پێیان وایە بەوەی گرنگ نییە شتەکان چەندێک باش دەبن، هەمیشە دەتوانرێت باشتر بکرێن.**

کاتێک ژنێک پیاوێکی خۆش دەوێت، مەیلی ژنەکە بۆ بوون بە "خاتوو برەوپێدەری ماڵەوە" تیشک دەخاتە سەر پیاوەکە. پیاویش زۆربەی کات بەرهەڵستی پرسیارەکان و ئامۆژگاری نەخوازراوی ژنەکە دەکات. کاتێک ژنێک دەبێت بە دایک، ئەوسا مەیلەکانی بۆ پەرەپێدانی ماڵەوە تیشک دەخەنە سەر منداڵەکانی. ژن دەبێت لەبیری بێت چۆن منداڵان هیی ئەوە نین چاک بکرێن، هیی ئەوەش نین پەرەیان پێ بدرێت.

کاتێک ژنێک زۆر نیگەران دەبێت یان ئامۆژگاری زۆر پێشکەش دەکات، بە خەمخۆری زۆر منداڵەکان دەخنکێنێت و بێبەشیان دەکات لەو متمانەیەی پێویستیان پێیەتی. کوڕان بە تایبەت ئازار دەخۆن بە مەیلی دایک بۆ خەمخواردن و ڕاستکردنەوە و ئامۆژگارییپێدانیان. یاسایەکی چاکی پەنجە گەورە ئەوەیە، بۆ هەموو ڕاستکردنەوەیەک، دڵنیابەوە لەوەی سێ جار منداڵەکەت بە کردنی شتێکی باشەوە گرتووە و دانت پێدا ناوە.

سێ شتی ئەرێنی بەرانبەر دانەیەکی نەرێنی ڕێژەیەکی باشە.

**بۆ هەموو ڕاستکردنەوەیەک، سێ جار منداڵەکەت بگرە بە کردنی شتی باشەوە.**

تەنانەت باشتر لەوەی ڕاستەوخۆ منداڵەکەت ڕاست بکەیتەوە بە ئامۆژگاریکردن، ئەوەیە بە سادەیی ئاڕاستەیان بکەیت بۆ نێو ڕەفتارێکی ڕاست و دروست. لەبری ئەوەی بڵێین: "دەبێت ڕەفتارت جوان بێت لەگەڵ خوشکەکەت،" بڵێ: "زەحمەت نەبێت ڕەفتارت جوان بێت لەگەڵ خوشکەکەت؟ دەمەوێ پێکەوە هەڵکەن."

بە پێدانی ئاڕاستەکردنێکی نوێ بە منداڵان، تەرکیز دەخەنە سەر سەرکەوتن، نەک ئەوەی بە هەڵە ئەنجامیان داوە. کاتێک تیشک دەخەیتە سەر ئەو شتەی دەتانەوێت و ئەو هەڵەش بە منداڵەکەت دەدەیت ئەو شتە ئەنجام بدات، بەرهەڵستی منداڵان کەم دەبێتەوە. ئەوسا کە منداڵ ئامادەبوو بۆ ڕوونکردنەوەکان، ئەوسا خۆی پرسیار دەکات و پەسەندکار دەبێت.

ئەمانە چەند نموونەیەکن:

قاپەکەت لەسەر مێزەکە جێهێشتووە. زەحمەت نەبێت قاپەکەت دەبەیت بۆ سەر سنکی شۆردنەکە؟

هاوار مەکە لەماڵەکەدا. تکایە با دەنگت لە ماڵەکە دەرنەچێت، یاخود "بۆ منداڵە گەورەترەکان" تکایە هاوار مەکە.

ژوورەکەت هێشتا پەرش و بڵاوە.
زەحمەت نەبێت ژوورەکەت پاک دەکەیتەوە؟

قەیتانی پێڵاوەکانت نەبەستووە.
زەحمەت نەبێت قەیتانی پێڵاوەکانت دەبەستیت؟

ماوەی سی خولەکە لێرە چاوەڕێم. گەر دوا دەکەویت، گەر دەزانی دوا دەکەویت، زەحمەت نەبێت نامەیەکم بۆ

نامەیەک بنێرە یان تەلەفۆنێک بکە. دەنێری یان تەلەفۆنێکم بۆ دەکەیت؟ ماوەی سی خولەکە چاوەڕێم.

گەر ڕێکخراوتر بوویتایە، لەبیرت نەدەکرد. تکایە کاتی زیاتر تەرخان بکە تا خۆت ڕێک بخەیت و ئەوسا ڕەنگە شت لەبیر نەکەیت.

بەکارهێنانی پێنج توانا و شارەزاییەکەی باوانیکردنی ئەرێنی بۆ هێنانە ئارای هاوکاریکردن ژنان ڕزگار دەکات لەوەی وانە بە منداڵەکانیان بدەن یاخود ڕاستیان بکەنەوە. منداڵان بە سروشتی فێر دەبن چی باش و ڕاستە لەڕێی بەسەرکەوتوویی ئەنجامدانی ئەو شتەی داوایان لێ دەکرێت ئەنجامی بدەن.

کاتێک دایکێک منداڵەکەی ڕاست دەکاتەوە یان ئامۆژگاری نەخوازراوی پێ دەدات، ئەو پەیامەی منداڵەکە وەریدەگرێت ئەوەیە کە خۆی وەک پێویست کەسێکی باش نییە یان هەڵەیەک لەودا هەیە. منداڵەکە هەست دەکات بایەخی پێ دەدرێت، بەڵام هەست ناکات متمانەی پێ دەکرێت. وەک کەسێکی پێگەیشتوو، ئەم منداڵە ڕەنگە هەست بە خۆشەویستبوونی بکات لەلایەن دایکییەوە، بەڵام تێناگات بۆچی هێندە ترسی هەیە و بڕوای بە خۆی نییە تا سەرکێشی بکات.

## ئەو کاتەی ئامۆژگاریکردن شتێکی باشە

مانای ئەوە نییە ئامۆژگاریکردن شتێکی خراپە. ئەو کاتەی منداڵان بە ڕوونی داوای ئامۆژگاریان کرد، ئەوسا ئامۆژگاریکردن شتێکی زۆر بەسوودە. کێشە گەورەکە ئەوەیە دایکان ئامۆژگاری زۆر دەبەخشن، لە ئەنجامدا، منداڵان دەوەستن لەوەی گوێیان بۆ بگرن. بە تایبەت ئەنجامی پێچەوانەی لێ دەکەوێتەوە ئامۆژگاری باش بدەیت کاتێک منداڵەکەت بەرهەڵستی دەکات. ئەمە واتای ئەوەیە منداڵەکە وردەوردە دیوار دروست دەکات لەبەرانبەر داواکردنی ئامۆژگاریدا کاتێک کە پێویستی پێیەتی. پێدانی ئامۆژگاری شتێکی باشە کاتێک منداڵ داوای دەکات. گەر منداڵەکەت بە ئامۆژگاریکردن نەخنکێنیت، ئەوا خۆیان، بە هەڵکشانی زیاتری تەمەنیان، زیاتر داوای دەکەن.

کوڕان لەچاو کچاندا هەستیارترن لەوەی چارەسەر بەدەست بهێنن. کچێک زیاتر بەرهەڵستی دەکات و بەردەوام دەبێت لە هاوبەشیکردنی هەستەکانی خۆی، لە کاتێکدا کوڕێک هەموو هاندانی لەدەست دەدات. کاتێک باوکێک یان دایکێک ئامۆژگاری نەخوازراو دەدەن بە کوڕێک، ئیدی دەست هەڵدەگرێت لە هاوبەشیکردنی کێشەکانی، واز لە پرسیارکردن دەهێنێت، لەوانەش گرنگتر، واز لە گوێگرتن دەهێنێت.

**چاککردنەوەی زۆر وا لە کچ دەکات هەست بە سەلامەتی نەکات لەوەی هاوبەشی بە شتەکان بکات، لە کاتێکدا گەشەپێدانی زۆر وا لە کوڕان دەکات بەرهەڵستی بکەن لەوەی گوێ بگرن.**

دایکان وێڵن بە شوێن ئەوەدا ئامۆژگاری بدەن تاوەکوو منداڵەکانیان دووبارە و دووبارە لەدەست هەمان کێشەکان ئازار

نەچێژن. ئەم پاڵپشتییە نیازپاکە ساردت دەکاتەوە. ئەوسا گەورەترین سکاڵای دایکەکە ئەمەیە: "کوڕەکەم هیچ بە من ناڵێت." و "کوڕەکەم هیچ گوێ ناگرێت." دایکان پێویستە متمانەی زیاتریان هەبێت کەوا منداڵەکانیان فێر دەبن و دەتوانن فێر بن بۆ خۆیان ئەگەرنا داوا دەکەن.

## کوڕان لەیاد دەکەن و کچان بیریان دەمێنێت

جیاوازییەکی گەورە لەنێوان کوڕان و کچاندا ئەوەیە کوڕان لەیاد دەکەن و کچان بیریان دەمێنێت. زۆربەی کات دایک زۆر پەست و بێزار دەبێت چونکە پێشبینی ئەوە دەکات کوڕ شتەکانی بیر بێنێتەوە کە داوای کردوون. باوک زۆربەی کات پەست و بێزار دەبێت چونکە کچەکەی مەیلی ئەوەی دەبێت زیاتر باسی کێشەکان بکات وەک لەوەی کە خۆی پێی وایە پێویستە. با بکۆڵینەوە بۆچی ئەم جیاوازییانە بە گشتی سەر هەڵدەدەن.

پیاوان و کوڕان مامەڵە لەگەڵ فشاردا دەکەن بەوەی زیاتر تیشک دەخەنە سەر یەک شت: یەک کێشەی گەورە چارەسەر بکرێت یاخود ئەو ئەرکە گەورەی لە بەردەستدایە. تا فشاریان زیاتر لەسەر بێت، زیاتر مەیلیان هەیە هەموو شتێک لەیاد بکەن تەنیا ئەو ئەرکە نەبێت کە لە بەردەستیاندایە. پیاو دەکرێت هێندە بیروهۆشی لەسەر کار بێت بە جۆرێک بە ئاسانی لەیادی دەکات ڕۆژی لەدایکبوون، ساڵڕۆژی هاوسەرگیری، تەنانەت ڕۆژی لەدایکبوونی منداڵەکانیشییەتی.

**لەژێر فشاردا، کوڕان زیاتر بیروهۆشیان سەرقاڵ دەبێت، لە کاتێکدا کچان پێویستیان بەوەیە قسەی زیاتر بکەن.**

ژنـان زۆربەی کـات بە هەڵە لەم جیاوازییـانە تێـدەگەن و بە هەڵە فەرامۆشی پیاوان وەک گوێپێنەدان لێکی دەدەنەوە. کاتێک ژن لەژێر فشاردایە، مەیلی ڕوو لەوەیە شتەکانی زیاتر بیر بێتەوە. قورسە بۆ ژن بەرپرسیارێتی و شـتە قورسـەکانی بیـر بچێتەوە کاتێک لەژێر فشاردایە. هەر لەبەر ئەمەیە، لەدوای ڕۆژێکی پڕ فشار، ژن زۆربەی کـات ئـارەزوو دەکـات شـتەکانی بیـر بمێنێـت و قسـە لەبـارەی ڕۆژەکەیەوە بکـات، لە کاتێکـدا پیاوێـک پێـی باشـە گشـت بەرپرسیارێتییەکانی لەیاد بکات و تەماشای تەلەفزیۆن بکات یاخود ڕۆژنامە بخوێنێتەوە.

ئەم جـۆرە لە چـالاکی کە بیروهۆشـی دەخـرێتە سـەر گەلێـک حەوانەوەی پێ دەبەخشێت، لە کاتێکدا ژن دەیەوێت مەودای فراوان بێت، باسـی ڕۆژەکەی بکـات، وردەکارییەکـانی بیـر بێتەوە، پاشـان بەرەڵایـان بکـات. پیـاو بەو جـۆرە نیگەرانییەکـانی بەرەڵا دەکـات ئەو شتانە لەیاد بکات فشارهێنن، لە کاتێکدا ژن بە بیرهـاتنەوەی شتەکان ئەو کارە دەکات.

ئەم جیـاوازییە بنچینەییە ڕوونـی دەکـاتەوە بۆچی ژنـان و پیـاوان زۆربەی کات بە هەڵە لە یەکتر حـاڵی دەبن. تێگەیشتن لەم جیاوازییە نەک تەنیا دەبێتە هـۆی ئەوەی پەیوەنـدییەکانمان ئاسـانتر بن، بەڵکو یارمەتیشـمان دەدەن تـاوەکوو باشـتر لە منـداڵەکانمان بگەیـن و پاڵپشتیان بکەین.

**تێگەیشتن لە جیاوازییەکان یارمەتیمان دەدەن باشتر لە منداڵەکانمان بگەین و پاڵپشتیان بکەین.**

زۆرینەی کات، کاتێک کچێکی بچووک وا دەردەکەوێت کە سکاڵا دەکات، بە ڕاستی پێویستی بە کاتە تا شتەکانی بیر بێتەوە و باسی ڕۆژەکەی بکات. ئەمە یارمەتی باوک دەدات تێبگات بۆچی نابێت چاوەڕێی بابەتەکە بکات و دواتر چارەسەر بدات. کچ پێویستی بە کات، سەرنجپێدان، تەرکیزی باوکییەتی بۆ سەر هەر وشەیەکی، بە سەرنجپێدانی تەواوی باوکەکە بە کچەکەی نەک ئەوەی تەنیا خۆی را دەربخات گوێ دەگرێت، ئەوسا کچەکە پێویستییەکەی وەدی دێت.

بە مانای وشە کچ پێویستی بە سەرنجپێدانی تەواوی باوکیەتی تا بەنێو فشاری ئەو ڕۆژەیدا تێپەڕێت و دواتر دەستبەرداری بێت. لە جێبەجێکردنی توانا و شارەزاییەکانی باوانیکردنی ئەرێنیدا، دایکان و باوکان پێویستە دڵنیا ببنەوە خێرا باز نادەن بۆ سەر پاداشت دانەوە یاخود دوورخستنەوەی کاتی منداڵەکانیان. کچ پێویستی بە کاتی زیاترە بۆ هاوبەشیکردن و دەربڕینی بەرهەڵستی خۆی. قسەکردن یەکێک لە باشترین ڕێگەکانە بۆ دەستبەرداربوون لە فشاری ڕۆژەکەی.

زۆربەی کات، کاتێک کوڕێکی بچووک ئەو شتە لەیاد دەکات کە دایکی داوای کردووە، دایکەکە هەست دەکات کوڕەکەی گوێ ناگرێت. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، کوڕەکە گوێی گرتووە، بەڵام لەبیری کردووە. کاتێک کوڕێک لەژێر فشاردایە، مەیلی لەوەیە گشت پەیامە فشارهێنەرەکان ڕەت بکاتەوە. کاتێک دایکێک فەرمان دەکات یان سەر دەکاتە سەر کوڕێک، ئەمە پەیامێکی فشارهێنە، بۆیە مەیلی کوڕەکە ئەوەیە لەبیری بکات.

کاتێک دایکەکان ئەو هەست و سۆزانە بەکار دەهێنن بۆنی بێزاریان لێ دێت بۆ پاڵپشتیکردن لە داواکارییەکانیان تا گوێڕایەڵی بێتە ئاراوە، ئەم پەیامە فشارهێنانە بەمانای وشە فەرامۆش دەکرێن. دایکێک دەتوانێت بە شێوەیەکی زۆر سوود لەم بەرچاوڕوونییە وەربگرێت.

بۆ ئەوەی یارمەتی کورەکەی بدات بیری داواکارییەکانی دایکی بێتەوە، پێویستە داواکارییەکانی بخاتە چوارچێوەی ڕێگە و شێوازی ئەرێنییەوە. گەر واز لە هەست و سۆزە نەرێنییەکان بهێنێت و داواکاری ئەرێنی بکات وەک لەوەی فەرمان بکات، زیاتر ڕێی تێ دەچێت کورەکەی شتەکانی لەیاد بێت و وەلامدانەوەی هەبێت. تا تەمەنی نۆ سالان، کاتێک کوڕێک شتەکان لەیاد دەکات، هەرگیز هەڵەی خۆی نییە. پێویستە پێشبینی ئەوەی لێ بکرێت ناوبەناو شتی لەبیر بچێت بە تایبەت ئەو کاتەی پەیامی فشارهێنی پێ دەگات و سەر دەکەنە سەری تا بیری بێتەوە.

## نەوە جیاوازەکان

هەموو نەوەیەک جیاوازە لە نەوەی پێش خۆی. کاتێک دایک و باوک تێڕوانینێک لە دڵیاندایە کە ئامێز بۆ جیاوازییەکان بکاتەوە، مندالان، کاتێک دەبن بە هەرزەکار، پێشبینی ئەوە ناکەن ڕەت بکرێنەوە لەپای بوونی شێوازی بیرکردنەوەی جیاواز لەبارەی شتەکانەوە. زۆربەی خەڵکی، لە ڕۆژگاری ئەمرۆدا، بە هەڵە پێیان وایە کێشەکانی ئەمرۆ ئەنجامی سەربەستبوونی زۆری مندالانن. بە دڵنیاییەوە، ئەمە بەشێکە لە کێشەکە، بەلام سەربەستی لێسەندنەوەش چارەسەر نییە. چارەسەرەکە بریتییە لە بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان دایک و باوک و مندال لەڕێی بەکارهێنانی توانا و شارەزاییەکانی باوانیکردنی ئەرێنییەوە.

**سەندنەوەی سەربەستی چارەسەر نییە، بەڵکو بریتییە لە بەهێزکردنی پەیوەندی نێوانیان.**

جیاوازبوون واتای ئەوە نییە کەوا کەسێک باشترە لە کەسێکی دیکە. کاتێک دایکان و باوکان کەسانی مێشککراوەن بەرانبەر نەوەی هەرزەکاران، هەرزەکارانیش هەست دەکەن پێویست ناکات بکشێنەو تا ئەو قبوولکردنە بەدەست بهێنن کە پێویستیانە. تەنانەت گەر دایک و باوک کەسانی زۆر خۆشەویست و سەرنج پێدەر بن بۆ منداڵەکانیان گەر کەسانی بیرتەسک بن، هەرزەکارەکە هەمیشە هەست بە دنەدانێک دەکات بۆ دژ وەستانەوە و یاخیبوون، تاوەکوو دەربچن لە سنوورە تەسکەکانی دایک و باوکیان. گەر تۆ دەست بگریت بە بەهاکانی خۆتەوە لەبارەی ئەوەی چی باشە و سەرکۆنەی هیی کەسانی دیکە نەکەیت، هەرزەکارەکانتان هەست بە سەلامەتی دەکەن تا بێنە لاتان بۆ پاڵپشتیکردنیان. گەر بەپێچەوانەوە بێت، ئەو هێڵانەی پەیوەندیگرتن لەگەڵتاندا دەپچڕێنن.

## کلتوری توندوتیژی

ئەمڕۆ، زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە، هەرزەکاران لەگەڵ دایک و باوکیاندا پێویستیان بە هێڵی ڕوون و کراوەی پەیوەندیگرتن هەبە ئەو ئاڵنگارییانەی هەرزەکارەکانمان ڕووبەڕوویان دەبنەوە بێشومارن. بەبێ پاڵپشتی دایک و باوکیان، تا ئەوپەڕ قورس و زەحمەتە کاریگەرییە نەرێنییەکان هەرزەکارەکانمان ڕانەماڵن. هەرزەکاران هەر خۆیان ناسک و بەرگەنەگرن بەڕووی فشاری هاوەڵ و هاوتەمەنەکانیاندا. گەر خاوەنی بناغەیەکی پتەوی پەیوەندیگرتنی ئەرێنی نەبن لەگەڵ دایک و باوکیاندا، زۆر قورس دەبێت وابەستە بمێننەوە لەگەڵ کەسایەتی ڕاستەقنەی خۆیان و دەست بگرن بە بەها و ویستەکانیانەوە.

بەبێ ئەم ڕاگر و پاڵپشتییە لە پەیوەندییان لەگەڵ باوانیاندا، شەپۆلە بەرزە ترسناکەکانی نەرێنی لە جیهاندا بە ئاسانی گەمە ب

هەرزەکارانمــان دەکــات. هەرزەکــاران و کەســانی بەر لە قۆنــاغی هەرزەکاری دەکرێت زۆر بەدکار و بەدفەڕ بن. بەبێ پاڵپشتی ماڵەوە، منــداڵان بە ئاســـانی مــل دەدەن بــۆ فشــاری هاوەڵەکانیــان بــۆ تاقیکردنەوەی ماددەی هۆشـبەر و خـواردنەوەی مەی، توندوتیژی، چەتەگەری، دزی، درۆکــردن، فێــڵ و بەڕەڵایــی سێکســی تــاوەکوو قبووڵکردن بەدەست بهێنن. کاتێک منداڵان هەست بە قبووڵکران ناکەن لە ماڵەوە، ئارەزوو دەکەن دەستبەرداری بەهاکانیان بن بۆ گەڕان بە شوێن قبووڵکراندا لەلایەن هاوەڵ و هاوشانەکانییەوە.

**کاتێک هەرزەکاران هەست بە قبووڵکران ناکەن لە ماڵەوە، ئارەزوو دەکەن دەستبەرداری بەهاکانیان بن بۆ گەڕان بە شوێن قبووڵکراندا لەلایەن هاوەڵ و هاوشانەکانییەوە.**

ئەمڕۆ هەرزەکارەکانمان دەچنە نێو کلتوری توندوتیژییەوە. زیاتر لە هەر نەوەیەکی دیکەی پێشوو هەستیارترن. ئەمە واتای ئەوەیە ئەوەی دەچێتە ژوورەوە دەمودەست دێتەوە دەرەوە. کاتێک هەرزەکـاران کەسانی هەستیار یان کراوە نین، ئەوسا هێندە کاریگەر نابن بە جیهانی دەرەوە. لە کۆمەڵگایەکی ئازاددا و بە بوونی بژاردەی زۆر، منداڵەکانمان زۆر ناسک و بەرگەنەگرترن بەوەی کاریان تێ بکرێت لەلایەن کەسانی دیکەوە. یەک سێوی بۆگەن، دەتوانێت تەواوی سندووقێک سێو خراپ بکات.

لەلایەکەوە، هەرزەکارەکانمان هەست بە پێویستییەکی تەندروست دەکەن تاوەکوو سەربەخۆ بن، لەلایەکی دیکەوە، زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە، پێویستیان بە پاڵپشتی ئێمەیە. بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کاریگەر ئەم پاڵپشتییە بدرێت، دایک و باوک پێویستە بکشێنەوە لە چاککردن و

برەوپێدانی شتەکان و لەبری ئەوە ببنە سەرچاوەیەکی بیرکراوە تاوەکوو منداڵەکانمان ئارەزووی پاڵپشتی ئەرێنی ئێمە بکەن.

کاتێک بۆچوونەکانی خۆمان دەردەبڕین، پێویستە وریا بین لەوەی پاڵپشتی ببەخشین بە منداڵەکانمان بۆ هەڵگرتنی بیر و بۆچوونی جیاواز. کاتێک دایک و باوک پێداگری دەکەن لەسەر "یەک شێوازی بیرکردنەوە،" ئەوسا هەرزەکارەکانیان پێداگری دەکەن بە شێوەیەکی دیکە بکەن. کەسانی بیرکراوە بن، ئەوسا منداڵەکانتان ئازاد دەبن لەوەی ئەوانیش هەڵبژاردنی خۆیان بکەن لەجیاتی ئەوەی تەنیا کاردانەوە بنوێنن یان یاخی ببن لەدژی هەڵبژاردنەکانی ئێوە. کاتێک منداڵان گەورە دەبن لە ژینگەیەکدا کە جیاوازییەکانی تێدا قبووڵە ئەوسا هەست بە فشاری زۆر ناکەن تا هاوشێوەی هاوەڵەکانیان بن. گریمانەی ئەوە دەکەن تا خاوەن ڕای خۆیان بن و جیاواز بن.

**کەسانی بیرکراوە بن، ئەوسا منداڵەکانتان ئازاد دەبن لەوەی ئەوانیش هەڵبژاردنی خۆیان بکەن لەجیاتی ئەوەی یاخی ببن.**

بۆ ئەوەی یارمەتی منداڵەکانمان بدەین، پێویستە خۆ بگرینەوە لە ئامۆژگاریکردن، لە بڕیاردانی توند، لە پێدانی چارەسەرەکان تاوەکوو هێڵەکانی پەیوەندی بە کراوەیی بهێڵینەوە. خۆشبەختانە، هەرگیز درەنگ نییە بۆ کردنەوەی ئەم هێڵانە. بەکارهێنانی توانا و شارەزاییەکانی پەیوەندیگرتنی باوانیکردنی ئەرێنی و بەکارخستنی پێنج پەیامە ئەرێنییەکە دەتوانن دەست بکەن بە کردنەوەی ئەو هێڵانەی پەیوەندی لە هەر تەمەنێکدا.

# سروشته جیاوازەکان

بەو شێوەیەی لە بەشی چوارەمی ئەم کتێبەدا لێمان کۆڵییەوە، بە شێوەیەکی بنچینەیی چوار جۆر سروشت هەن: هەستیار، چالاک، وەلامدەرەوە، پەسەندکار.

١. منداڵانی هەستیار خاوەن هەستی بەهێزترن، قووڵتر ڕۆدەچن، کەسانی زیاتر جددین.

٢. منداڵانی چالاک خاوەن ئیرادەی بەهێزن، سەرکێشی دەکەن، دەیانەوێت ببنە چەقی سەرنجەکان.

٣. منداڵانی وەڵامدەرەوە زیرەک و کراوەن، پێویستیان بە هاندان و ورووژاندنی زیاترە، لە شتێکەوە دەگوێزنەوە بۆ سەر شتێکی دیکە.

٤. منداڵانی پەسەندکار ڕەوشت باش و هاوکارن، بەباشی شوێن ڕێنماییەکان دەکەون بەڵام بەرهەڵستی گۆڕانکاری دەکەن.

گەرچی زۆربەی منداڵان لانیکەم بەشێکی کەم لەم سروشتانەیان تیدایە، بە گشتی یەک یان دوو لەم سروشتانە لە کەسایەتی منداڵدا زاڵن. بە تێگەیشتن لەوەی چۆن ئەم سروشتانە لێکدی جیاوازن، دایکان و باوکان بە ئاسانی دەتوانن سروشتی زاڵی منداڵەکەیان دیاری بکەن و فێر ببن منداڵەکەیان چی پێویستە. "بگەڕێنەوە بۆ بەشی چوارەمی ئەم کتێبە بۆ دیاریکردنی پێویستییەکان و ئەو توانا و شارەزاییە دیاریکراوانەی گەرەکن بۆ بۆ بەرەودان بە هەر سروشتێک لەو سروشتانە."

کاتێک سروشتی منداڵێک جیاوازە لەوەی دایک و باوکی خۆی، گەر دایک و باوکەکە بێئاگا بن لەو چوار جۆر سروشتەی کە هەن، زۆر زەحمەتە پەروەردەی ئەم منداڵە بکرێت. زامداری و پشتگوێخستنێکی زۆری ناپێویست ڕوو دەدات چونکە دایک و باوکەکە پەروەردە و فێر

نەکـــراون بە تێگەیشـــتنێکەوە لەبـــارەی ئەم جیـــاوازییە سـادە و بنەڕەتیانەوە.

**گەر دایکان و باوکان بەئاگا نەبن لەبارەی ئەم چوار سروشتە جیاوازەوە، زۆر قورسە پەروەردەی منداڵێک بکرێت کە سروشتی جیاوازە لە سروشتی دایک و باوکی.**

زۆربەی کات، هەندێک لە کێشـە هەرە گەورەکان کە دایک و باوک هەیانە لە هەڵکردندا هاوڕانەبوونیانە دەربارەی ئەوەیە کە منداڵەکانیان پێویسـتیانە. بەخێوکـار -بـاوک یـان دایـکـی پەسـەندکار بەزگماکی دەزانێت منداڵێکی پەسەندکار چی پێویستە، بەڵام گەر بەخێوکارەکەی دیـکە چـالاک، هەسـتیار یـان وەڵامـدەرەوە بێـت ناتوانێـت بەزگمـاکی بزانێت منداڵەکە چی پێویستە. وەک دایـک و بـاوک، نـاتوانین هەمیشە گریمـــانەی ئەوە بکەیـــن ئەو شـــتەی بـــۆ ئـــێمە ســـەرکەوتووە سـەرکەوتوویش دەبێـت بـۆ منداڵەکانمان. نەک تەنیـا منـداڵەکە ئازار دەچێژێـت، بەڵکـو دایـک و باوکەکـانیش، بـێ ئەوەی پێویسـت بکـات، مشتومڕ دەکەن.

بـۆ نمـوونە، بەبـێ تێگەیشـتن لە سروشـتە جیاوازەکـان، دایک و بـاوکێکی وەڵامـدەرەوە نەک هەر تەنیـا بیر دەکـاتەوە شـتێک هەڵەیە لە بەرهەڵستی منداڵێکی پەسـەندکار بۆ گۆڕانکاری، بەڵکو ناتوانێت ئەو ڕێکوپێکی و دووبـارەکردنەوەیە ببەخشـێت کە منـداڵانی پەسـەندکار پێویستیانە.

لەلایەکـــی دیـــکەوە، دایـــک و بـــاوکێکی پەســـەندکار، کە حەز بە گۆڕانکـاری نـاکەن، بەڵکـو حەزیـان بە دووبـارەبوونەوەیە، پێیـان وا دەبێت شـتێک هەڵەیە لە منـداڵی وەڵامـدەرەوەدا کە هەرگیز شتەکان

تەواو ناکات. بەبێ ئەم هۆشیارییە گرنگە، دایک و باوکەکە ئەو چالاکییە جۆراوجۆرانە نابەخشن بە منداڵەکە کە پێویستییەتی.

## چۆن سروشتەکان دەگۆڕێن

کاتێک دایک و باوک فێر دەبن چۆن قبووڵی سروشتە جیاوازەکان بکەن و پەرەیان پێ بدەن، ئەوا بە ئاسانی دەگۆڕێن و گەشە دەکەن. هەندێک لە منداڵان ڕەنگە لە سەرەتاوە بە کەمێک لە هەر چوار سروشتەکە دەست پێ بکەن و وردەوردە بە درێژایی ژیانیان بەنێویاندا ڕەت دەبن. کاتێک یەکێک لە سروشتەکان برەوی پێ دەدرێت، لانیکەم بۆ ماوەیەک، دەگۆڕێت بۆ دانەی دواتر. ئەمانە هەندێک لەو گۆڕانکارییانەن کە پێشبینی کراون:

منداڵانی هەستیار، کە خاوەن هەستی بەهێزترن، قووڵتر ڕۆدەچن، زیاتر جددین، وردەوردە دەکرێنەوە، لەپاڵ پاراستنی سیما ئەسڵییەکەی خۆیاندا چێژ و خۆشییەکی زۆر دەبینن. منداڵانی هەستیار زیاتر دەبنە وەلامدەرەوە. کاتێک منداڵێکی جددی هەست دەکات گوێی بۆ گیراوە، مەیلی دەڕوات بەلای ئەوەدا بۆ ماوەیەک کەیفخۆش و کراوە بێت.

منداڵانی وەڵامدەرەوە، زیرەک و کراوەن، پێویستیان بە هاندان و وروژاندنی زیاترە، لە کاتێکدا لە شتێکەوە دەگوێزنەوە بۆ سەر شتێکی دیکە، وردەوردە فێر دەبن تەرکیز بکەن، خۆدابینکەر بن، بە تەواوی خۆیان بۆ پەیوەندییەکانیان و کارەکانیان تەرخان بکەن. منداڵانی وەڵامدەرەوە دەبنە کەسانی پەسەندکار. کاتێک منداڵانی وەڵامدەرەوە زۆر شت ئەنجام دەدەن، دەست دەکەن بە دۆزینەوەی شتێک کە زۆر حەزی لێ دەکەن و بۆ ماوەیەک تەواو بیروهۆشیانی دەخەنە سەر.

منـدالانی پەسـەندکار، کە ڕەوشـت بـاش و هاوکـارن و بە باشی شـوێن ڕێنماییەکـان دەکەون بەلام بەرهەلسـتی گۆڕانکـاری دەکەن، وردەوردە دەبنە مندالی خۆهاندەر و ژیر و خۆگونجێن و بەکێشمان. مندالانی پەسـەندکار زیاتر چـالاک دەبن. کاتێک مندالانی پەسەندکار ڕۆتینێکی سـەرومڕیان هەبـوو، وەک پێویسـت هەست بە سەلامەتی دەکەن تا سەرکێشی بکەن و شتی نوێ تاقی بکەنەوە.

مندالانی چالاک، کە خاوەن ئیرادەی بەهێزن و سەرکێشی دەکەن و دەیانەوێت ببنە چەقی سەرنجەکان، وردەوردە دەبنە کەسانی هاوکار و هاوسۆز لە خزمەت کەسانی دیکەدا. مندالانی چالاک زیاتر هەستیار دەبـن. کاتێـک مندالانی چـالاک تەنسـیق و ڕێنـوێنی پێویسـت چنگ دەخەن بۆ هەستکردن بە لێهـاتوویی و سـەرکەوتن لە بەدەستهێنانی ئامانجەکانیانـــدا، زیـــاتر هەســـتیار دەبـــن و بەئاگـــا دێـنەوە لە پێویستییەکانی کەسانی دیکە و دەخوازن خزمەتکار بن.

## چالاکییەکانی پاش نیوەڕوان

لەسـەر بنـاغەی ئەم سروشـتە جیـاوازانە، دەتـوانین باشتر ببینین کە چـالاکییەک گونجـاوترینە بـۆ منـدالێک. بە لەبەرچـاوگرتنی هەر چوار سروشتەکە، با لە چالاکییەکانی پاش نیوەڕوان بکۆلینەوە:

## مندالی هەستیار پێویستی بە تێگەیشتنی زۆرە

گەلێک زەحمەتە بۆ مندالانی هەستیار دەست بکەن بە پەیوەندیی هاوڕێیەتی نوێ، بۆیە پێویستیان بە کەمێک یارمەتی زیاترە. دایکان و باوکـان پێویسـتە منـدالی هەسـتیار بـخەنە چـالاکییەکی سەرپەرشتی کـراوەوە کە لەگەل ئەوانـی دیـکەدا پەرە بە کـارلێکی سـەلامەت و سازێن بدات. ئەم مندالە پێویستی بە بزواندنی زۆر نییە، زیادەڕەوی

لە هەموو شتێکدا خراپە. منداڵانی هەستیار پێویستە لە دەوری ئەو کەسانە بن کە هەمان توانا و هەستیاری لێکچوویان هەیە. بە تایبەت شتێکی باشە بۆیان لە چاودێریکردنی ئاژەڵێکی ماڵیدا یارمەتیان بدرێت. ئاژەڵێکی ماڵی یاخود بووکەڵەکان هەمیشە تێدەگات کە ئەم منداڵانە بە چیدا ڕەت دەبن.

## منداڵانی وەڵامدەرەوە پێویستیان بە بڕێکی زیاتر لە هەمەچەشنی هەیە لە چالاکییەکاندا لەچاو منداڵانی دیکەدا

ئەو دایک و باوکانەی منداڵەکانیان زۆر هان دەدەن و دەیانبزوێنن لە پاش نیوەڕواندا پەرە بەم پێویستییە گرنگە دەدەن. کامپەکان، مۆزەخانەکان، پارکەکان، مۆڵەکان، وەرزشەکان، یارییەکانی جومناستیک، خلیسکێنە، فیلمەکان، تەماشاکردنی تەلەفزیۆن، گەمە ڤیدیۆییەکان، کتێبەکان، پیاسەکان، مەلەکردن- هەموو ئەمانە منداڵ دەبزوێنن. ئەم جۆرە منداڵانە بە ئاسانی دەتوانن ئالوودەی گەمە ڤیدیۆییەکان و تەلەفزیۆن ببن و لە ناخی خۆیاندا خەمۆک بن چونکە جۆرە بزواندنە سروشتییەکانی دیکە وەرناگرن.

## منداڵی پەسەندکار هەر ڕۆژێک پێویستی بە ڕۆتینێکی جێگیر هەیە

چالاکی زۆر دەبێتە هۆی شێواندنی نیزامی منداڵی پەسەندکار. دەتوانێت هەموو ڕۆژێک بێتەوە ماڵەوە و بخوێنێتەوە، پیاسە بە سەگەکەی بکات، تەماشای چەند بەرنامەیەکی تەلەفزیۆن بکات، هەندێک ئەرکی قوتابخانەش بەجێ بگەیەنێت. منداڵانی پەسەندکار لەسەر ڕۆتین نەشونما دەکەن و حەزیان بە گۆڕانکاری زۆر نییە.

گەر خوشـک و بـرای وەڵامـدەرەوە و چـالاک زۆر لە دەوری بن دەتوانێـت خەمـۆکی بهێنێـتە ئـاراوە. حەز دەکەن تەماشـای کـار و کردارەکـان بکەن، بەڵام کاتێک داوایـان لـێ دەکرێت زۆر بەشداری بکەن، دەبنە منداڵی خەمۆک. گەر لە باخچەی ساوایان جێ بهێڵرێن یان بەشدار بن لە چالاکییەکانی پاش قوتابخانەدا، مامۆستاکان دەبێت ئاگـادار بـن کەوا ئەم منـداڵانە ئەو مافەیـان هەیە تەماشا بکەن و هەمیشە تەنگەتاو نەکرێن تا داخڵی نێو چالاکی و کارەکان ببن.

## منداڵی چالاک پێویستی بە تەنسیقێکی زۆرە

منداڵی چالاک پێویستی بە سەرپەرشتیکردن، یاساکان، ڕابەرەکان، چالاکی زۆرە. وەرزش و تیپە سەرپەرشتی کراوەکان گەلێک باشن بۆ ئەم جۆرە منـداڵانە. ئەم منـداڵانە بەسـەر خۆیانـدا جـێ بهێڵن، دەبنە کەسـانی کەڵ و نێـرە، خۆیـان دەخەنە کێشـەوە، پەلکێشـی ئەوانی دیکەش دەکەن بۆ نێو گرفت و کێشە. کاتێک یەک سێوی خراپ هەبێ کە مەیلی هەیە هەمووان خراپ بکات، ئەمە ئەو دانەیەیە.

## جۆرە جیاوازەکانی جەستە

بـوارێکی دیکـەی جیـاوازی کە دایکـان و باوکـان پێویستە تێبگەن ئەوەیە هەنـدێک لە منـداڵان جـۆرە جەستـەیەکیان هەیە کە جیاوازە لە جەسـتەی دایـک و باوکیـان، هەمـوو جـۆرە جیاوازەکـانی جەستەش پێویستە بە یەکسانی نرخیان بزانرێت. ئەمە دەکرێت زۆر قورس بێت چونکە جۆرەکانی جەستە باویـان دێت و باویـان دەڕوات. لەو وڵاتانە و ئەو سەردەمانەی خواردنی تێدا کەمە، قەڵەوی شتێکی جوانە. بەبێ گوێدانە مۆد، ماسوولکەی بەهێز لە پیاواندا هەمیشە لەبرەودایە.

**لەو وڵاتانە و ئەو سەردەمانەی خواردنی تێدا کەمە، قەڵەوی شتێکی جوانە.**

بەبێ گوێدانە مۆدە و تێڕوانینی ئێستای کۆمەڵگە بۆ جەستە، منداڵان بە جۆرە جەستەیەکی تایبەت لەدایک دەبن کە زۆر ناگۆڕێت. کەسانی ڕەقەڵە و درێژکۆلە هەن، قەڵەو و خڕپلانە، کەسانی ماسوولکەدار یان سێگۆشەیی. هەموو کەسێک بە شێوە جەستەیەکی تایبەت لەدایک دەبێت کە زۆر گۆڕانی بەسەردا نایەت. لە کاتێکدا سێ جۆری بنچینەیی جەستە بوونیان هەیە، دەکرێت ملیۆنان پێکهاتە و ڕێکخستنەوە بوونیان هەیە.

هەندێک جار ئەو منداڵانەی قەڵەون بە ڕاستی لاوازتر یان ماسولکەدارتر دەبن، ئەو کەسانەشی ماسولکەدارن دەبنە کەسانی قەڵەوتر یان ڕیوەڵەتر، کەسانی ڕیوەڵەش دەبنە کەسانی قەڵەوتر یان ماسولکەدارتر. پەیامە گرنگەکە قبوولکردنە. هەر منداڵێک بۆ خۆی جیاوازە. گەر هەمووان وەک یەک دیار بن، ئەوسا جیهان زۆر بێزراو دەبێت. چاوەڕێکردن لە منداڵێکی خڕپلانە تا ڕەقەڵ بێت شتێکی ناواقیعییە. بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە کوڕان و کچان هەست بە ناتەواوی دەکەن چونکە دایک و باوکیان کێشی منداڵەکانیان لێ دەبێتە کەلـکەڵە، یاخود کۆڵیان داوە و هیچ گوێ نادەن بەوەی شێوەی منداڵەکانیان چۆنە.

**چاوەڕێکردن لە منداڵێکی خڕپلانە تا ببێتە منداڵێکی ڕەقەڵ شتێکی ناواقیعییە.**

بۆ ئەوەی ببیت بە سەرمەشقێکی باش، دایکان و باوکان دەبێت جەستەی خۆیان قبوول بێت و ئاگادار بن لەوەی بە کێشێکی تەندروستەوە بمێننەوە. بۆ زۆربەی خەڵکی، ئەوە مانای قبوولکردن شێوەت لە مۆدێلەکان نەچێت. وەک چۆن کچان مەیلێکی تایبەتیان هەیە بۆ بابەتەکانی کێشی لەشیان، هەندێک لە کوڕانیش مەیلیان بۆ بابەتەکانی ماسوولکە هەیە. هێندەی کەسانی دیکە بەهێز و گەورە نین و ڕادەمێنن بۆچی ماسولکەکانیان زۆر گەورە نابن.

دایکێک یان باوکێک دەبێت بۆ منداڵەکانیانی ڕوون بکەنەوە کەوا هەموو کەسێک بۆ خۆی تایبەت و جیاوازە. جەستەی ماسولکەدار بە شێوەیەکی جیاواز وەڵامی دەبێت بۆ مەشقەکان لەچاو جەستە ڕەقەڵە و لاوازەکاندا. بە هەمان شێوە، دایک و باوکێک دەتوانن بۆ منداڵێکی ڕوون بکەنەوە لە کێشەکانی پەیوەست بە کێشی جەستەدا هەندێک کەس خۆراکی زیاتر دەخۆن و کێشیان زیاد ناکات، لە کاتێکدا کەسانی دیکە هەن دەبێت کەمێک زیاتر وریا بن لەو بارەیەوە. ئەگەر نا، منداڵێکی خڕپلانە، بە هەڵە وای دادەنێت کەوا زۆر دەخوات یاخود هیچ دابینکردنێکی نییە تا بڕی پێویست خواردن بخوات.

## زیرەکی جیاواز

بوارێکی دیکەی جیاوازی لە زیرەکیدایە. بۆ ئەوەی زۆر پاڵپشتیکار و پێزانی بەهرەکانی منداڵەکەت بیت، گرنگە درک بکرێت بەوەی جۆری جیاواز لە زیرەکی بوونیان هەیە. لە ڕۆژئاوا، ئێمە زۆر بیروهۆشمان دەخەینە سەر ئەو مۆدێلەی کەوا زیرەکی بە تاقیکردنەوەی زیرەکی پێو IQ دەپێوین. ئەوەی جێی سەرسامییە، ئەم تاقیکردنەوانەی زیرەکی پێو هەوەسکارییە و مەیلی لەوەیە کە ئاستی زیرەکی کوڕان بەرز بکات و هی کچانیش نزم. کاتێک پرسیارەکانی ئاستی زیرەکی تیشک دەخەنە سەر توانستە ئەندازەییەکان، کوڕان

نمرەی زیاتر تۆمار دەکەن، کاتێکیش تیشک دەخەنە سەر توانا زمانەوانییەکان، ئەوسا کچان نمرەی زیاتر تۆمار دەکەن.

لەپاڵ ئەوەی جیاکاری دەکات لەدژی کچان، تاقیکردنەوەکان کە زیرەکی دەپێون ڕەچاوی گشت جۆرەکانی زیرەکی ناکەن. کەسێک بڕیار دەدات کێشەکان چین لە تاقیکردنەوەکەدا و بەم هۆیەوە ئەنجامەکان دیاری دەکات. تاقیکردنەوەکانی ئاستی زیرەکی تەنیا جۆرێکی دیاریکراو لە زیرەکی دەپێون و بە هیچ شێوەیەک بەدەستهێنانی ئاستێکی بەرز لە تاقیکردنەوەی زیرەکیدا پەیوەست نییە بە سەرکەوتن لە ژیان، پەیوەندییەکان یاخود کاردا، یان بەدەستهێنانی ئاستێکی نزم لە تاقیکردنەوەکاندا مانای شکست نییە لەم بوارانەدا.

**لەپاڵ ئەوەی جیاکاری دەکات لەدژی کچان، تاقیکردنەوەی پێوانی ئاستی زیرەکی ڕەچاوی گشت جۆرەکانی زیرەکی ناکات.**

بە بوونی کەسانێکی زۆر کە خاوەن بڕوانامەی دکتۆران و بێکار یاخود جیابوونەتەوە لە هاوسەرەکانیان، ئێستا بۆتە زانیارییەکی باو کەوا سەرکەوتنی ئەکادیمی زامنی سەرکەوتنی کار یاخود سەرکەوتنی ژیان ناکات. ئەو منداڵانەی پلەیەکی بەرزتری زیرەکی ئەکادیمیان هەیە باشتر سەرکەوتوون لە قوتابخانە گشتییەکاندا، بەڵام ئەوە بە هیچ شێوەیەک زامنی سەرکەوتن لە ژیان، کار و پەیوەندییەکانیاندا ناکات.

بەداخەوە، ئەو منداڵانەی کە جۆرەکانی دیکەی زیرەکیان هەیە لە قوتابخانەکان زۆر ناناسێنرێنەوە و پەرەیان پێ نادرێت. بە شێوەیەکی بنچینەیی هەشت جۆر زیرەکی هەن و هەر منداڵێکیش بە

دابەشـکارییەکی نـاوازەی هەرکامیـانەوە دێـتە ژیـان. هەریەک لە جۆرەکـانی زیرەکـی وەک ڕەنـگە جیاوازەکـان وان کە دەتـوانین بەکاریـان بهێـنین دەشـت و دەرەکـانی ژیانمـانی پێ بنەخشـێنین. ئەو زیرەکیـانەش بـریتین لە زیرەکـی: ئەکـادیمی، سـۆزداری، فیزیکی "جەسـتەیی،" داهێـنەرانە، هـونەری، سـەلیقە، زگمـاکی، زیرەکی بەهرەدارین. هەموو منداڵێک لەدایک دەبێت بە پلەی جیاواز لە هەرکام لەو زیرەکیـانەی تێدایە، هەر جۆرێکیشـیان دەتوانرێـت ببزوێنرێن بۆ ڕادەی بەرزتـری گەشـەکردن بە جـۆری ڕاسـت و دروسـتی پەروەردەکردن و برەوپێدانی.

## زیرەکی ئەکادیمی

ئەو منداڵانەی خاوەن زیرەکییەکی بەهێزی ئەکادیمین ئاستیان لە قوتابخانە زۆر باشە. دەتوانن دابنیشن، گوێ بگرن و فێر بین. دەتوانن ئەو زانیـارییەی فێریـان دەکرێـت وەرگـرن، تێبـگەن و دووبـارەی بـکەنەوە. گەر زانیارییـان پێشـکەش بکرێـت، دەتـوانن بیریـان بێتەوە. ئەمە مانـای ئەوە نییە دەتـوانن زانسـتەکە جێبەجـێ بـکەن یـان بە شێوەیەکی بنیاتنەر لە ژیاندا بەکاری بهێنن.

کەسە گەورەکان دەزانـن زۆرێک لەوەی لە قوتابخانە فێری دەبن لەبیـر دەچێـتەوە، بەڵام بە ڕاسـتی قوتابخـانە فێریـان دەکـات بیر بکەنەوە، شیکاری بـکەن، تێبگەن، سـەرچاوەکان بـدۆزنەوە. زیرەکی ئەکـادیمی بە خوێنـدنەوە، نووسـین، گـوێگرتن بـۆ وانە و وتارەکان دەبزوێت. دایکان و باوکـان پێویسـتە هەلی ئەکـادیمی دابین بکەن بەم جۆرە منداڵانە.

## زیرەکی سۆزداری

ئەو منداڵانەی خاوەن زیرەکییەکی بەهێزی سۆزدارین دەتوانن پەیوەندی تەندروست بخوڵقێنن و بەردەوامی پێ بدەن لەگەڵ کەسانی دیکە و خۆیشیاندا. زیاتر بەئاگان لەوەی کەسانی دیکە چۆن بیر دەکەنەوە و هەست دەکەن و دەتوانن هاوسۆز بن لەگەڵ تێڕوانینی کەسێکی دیکەدا. ئەم توانایە تا پەیوەست بن بە کەسانی دیکە و هاوسۆز بن بە باشی خزمەتیان دەکات، نەک تەنیا لە ژیانی تایبەتی خۆیاندا، بەڵکو لە جیهانی کاریشیاندا.

کەسانی سەرکەوتوو لە جیهانی کاردا پێویستە ئاستێکی بەرزی زیرەکی سۆزداریان هەبێت. ئەم زیرەکییە توانامان پێ دەبەخشێت تا هەستەکانی نێو ناخمان و ویست و خۆزگەکانمان سەروکاری بکەین و بە ڕوونی دەریانببڕین. ئێستا قوتابخانەگەلێکی زۆر هەن بەرنامە و پرۆگرامیان لەخۆ گرتووە بۆ تێگەیشتن لە هەستەکان، گەشەپێدانی هاوسۆزی و بڕەودان بە پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان. دایکان و باوکان پێویستە هەلی کارلێک و بەرکەوتنی کۆمەڵایەتی دابین بکەن بۆ ئەم منداڵانە و خۆیشیان پێویستە خاوەنی توانای پەیوەندیگرتنی باش بن.

## زیرەکی جەستەیی

ئەو منداڵانەی خاوەن زیرەکی جەستەیین بە ئاسانی سەرکەوتوو دەبن لە یارییە وەرزشییەکاندا و دەتوانن بە بەردەوامی جەستەیان بە بەهێزی و تەندروستی و زیندەگی بهێڵنەوە. بەزگماکی لە پێویستی جەستەیان بۆ وەرزش و خۆراک تێدەگەن. بۆ بڕەودان بە توانا وەرزشییەکانیان، پێویستیان بە دەرفەتە بۆ مەشق و ڕاهێنانکردن. توانا ناوەکییەکانیان بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش دەتوانرێت برەویان

پێ بدرێت بە هەبوونی دەرفەت بۆ پێشبڕکێکردن لەگەڵ منداڵانی دیکەدا. پێشبڕکێی تەندروست دەتوانێت باشترین لەواندا دەربهێنێت. پێویستیان بە دانپێدانانی ئەرێنییە بۆ برەودان بە ڕێزلەخۆنانیان. نەک تەنیا هەست بە باشی دەکەن، بەڵکو دەزانن چۆن خۆیان باش دەربخەن. زیرەکی جەستەیی درێژ دەبێتەوە لە وەرزشەوە بۆ تەندروستی جەستەیی. پێویستیان بەوەیە لەبارەی جەستەی خۆیانەوە بزانن و چی بەهێز و بزۆکیان دەکات. سیمای ئەرێنیان و زیندەگیان یارمەتیان دەدات تا لە جیهاندا سەرکەوتوو بن.

## زیرەکی داهێنەرانە

ئەو منداڵانەی خاوەن زیرەکی داهێنەرانەن خاوەن هەستێکی گەشەکردووی خەیاڵکردنن. دەتوانن بە چەند پارچە میکانۆ و بووکەڵەی بێ ڕووخسارەوە گەمان بکەن. زۆربەی کات هاوڕێی خەیاڵی دروست دەکەن. پێویستیان بە زۆر نییە تا ببزوێنرێن. کاتێک زۆریان بۆ دەکرێت، پەرە بە خەیاڵەکەی خۆیان نادەن. وەڵامدانەوەیان گەلێک باشە بۆ گوێگرتن لە چیرۆکەکان؛ چونکە پێویست دەکات خەیاڵیان بەکار بهێنن بۆ دروستکردنی دیمەن و کەسایەتییەکان.

تەماشاکردنی زۆری تەلەفزیۆن، کە تێیدا وێنەکان لەڕێی چاوەوە دەبینرێن، دەتوانێت توانای منداڵ بۆ خەیاڵکردن لاواز بکات. وەک چۆن هەموو زیرەکییەک بە بەکارهێنان گەشە دەکات، زیرەکی داهێنەرانە گەشە دەکات کاتێک خەیاڵ دەبزوێنرێت، ڕێگە بە منداڵان دەدات بە شێوەیەکی جیاواز بیر بکەنەوە. لەو پێگانەی ژیان کە کەسانی دیکە شکست دەهێنن سەرکەوتوو دەبن چونکە دەتوانن بە شێوەیەکی نوێ و جیاواز لە شتەکان بڕوانن.

زۆرێک لە بازرگانە دەستپێشخەر و بەهەڵمەتە سەرکەوتووەکان خاوەن خوێندنێکی فەرمی نەبوون یان لە قوتابخانە زۆر باش نەبوون، بەلام سەرکەوتوو بوون چونکە داهێنەر بوون. لە کاتێکدا گەورە دەبوون، زۆربەی کات پاڵپشتی دەکران لەپای ئەوەی بە جیاوازی بیریان کردەوە. هێز و توانایان پێ بەخشرا تا کار و پیشەگەلیک لەگەڵ توانستی گونجاوی خۆیان دابهێنن. مەیلیان لەوەیە ڕەسەن بن و سەرکەوتوو دەبن بە کردنی شتەکان بە ڕێگەی خۆیان. زۆربەی کات ئەم کەسانە چەپلەرەکانن. دایکان و باوکان دەبێت پاڵپشتییەکی زۆری ئەم منداڵانە بکەن لەپای بیرکردنەوەی جیاوازیان و چارەسەرکردنی کێشەکان.

## زیرەکی هونەری

ئەو منداڵانەی خاوەن زیرەکی هونەرین بە سروشتی زیاتر ئارەزوویان لە گۆرانیگوتن، وێنەکێشان، دیزاینکردن، نووسین، دراما، کۆمیدیا، شێوە دەربڕینەکانی دیکەی هونەرییەکانە. پێویستە لەلایەن کەسانی دیکەوە ببزوێنرێن کە پێشتر سەرمەشقی بەهرە هونەرییەکانیان بووبن. گەرچی هەموو منداڵان پێویستیان بە سەرمەشقێکە، بە تایبەت ئەم منداڵانە پێویستیان بە سەرمەشقی بەهرەداری زیرەکی هونەرییە. ئەم منداڵانە جیاوازن، زیاتر هەستیارن، زۆربەی کات ئەو پاڵپشتییە سۆزدارییە بەدەست ناهێنن کە پێویستیانە.

دایکان و باوکان پێویستە هانی ئەم منداڵانە بدەن تا شوێن خەونەکانیان بکەون و پەرە بە بەهرە ناوازە و توانا هونەرییەکانیان بدەن. بۆ ئەوەی زیرەکی هونەری نەشونما بکات، منداڵان پێویستیان بە سەرمەشق و دەرفەتەکانە تا پەرە بە زیرەکییەکەیان بدەن و پراوەی بکەن بە هاندان و پێزانینی زۆرەوە لە دایک و باوکیانەوە.

## زیرەکی سەلیقە

ئەو منداڵانەی خاوەن زیرەکی سەلیقەیین زۆربەی کات بێزارن بە وانە تیۆرییەکان. تەنیا ئارەزووی زانیارییە کردارەکییەکان دەکەن. ئەم جۆرە زیرەکییە لە هەڵکشاندایە لە ڕۆژئاوا. زانیاری زۆر هەیە کە بەردەستە و خەڵکی تەنیا ئەوانەیان دەیانەوێت کە پێویستە. ئەم منداڵانە تیشک دەخەنە سەر ئەوەی بەسوودە بۆیان و زۆربەی کات ئاڵنگاری ئەوە دەبنەوە لە قوتابخانە فێری دەبن کە پەیوەندیدار نییە بە ژیانی خۆیانەوە.

بۆ ئەوەی ئارەزووی منداڵان ڕابگرن، زۆرێک لە قوتابخانەکان هەوڵ دەدەن پرۆگرامەکانیان نوێ بکەنەوە تاوەکوو لەگەڵ چەرخدا ڕێ بکەن و پەیوەست بە سەردەمی ئێستاوە بمێننەوە. منداڵانی خاوەن زیرەکی سەلیقەیی پێویستیان بە توانا و شارەزایی بنچینەیی هەیە تا بەکاریان بهێنن لە ژیان و پەیوەندییەکان و کارەکانیاندا. هان نادرێن تا زانیارییەکان لەبەر بکەن ئەگەر بەهایەکی کردارەکیان نەبێت.

زیرەکی سەلیقەیی ڕێگە بە کەسێک دەدات تا ژیانێکی جێگیر و دامەزراو بژین. بە ئاسانی ڕانامالرێن بە هۆی ئەو بیرۆکانەوە کە چیتر پەیوەندیدار نین بە جیهانی ئەمڕۆوە. بەتاسەوەن ئەوە بخەنە کار کە گونجاو و سەرکەوتوو دەبێت بۆیان. پێویستیان بە دەرفەتە تا ئەوە بخەنە بواری جێبەجێکردنەوە کە دەیزانن و فێری دەبن بە ئەنجامدان و هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکان. ئەم زیرەکییە گەشە دەکات بە پێدانی چالاکی کردارەکی بە منداڵەکانتان بە سەربەستی و سەربەخۆییەکی زۆرەوە.

# زیرەکی زگماکی

ئەو منداڵانەی خاوەن توانای زگماکین خۆیان شتەکان دەزانن. پێویست ناکات فێر بکرێن یان پێیان بگوترێت. زانیاری بە سادەیی بەرەو ڕوویان دێت. دەکرێت زانیاری بابەتێکی خوێندن بێت یاخود زانیارییەک بێت کەسێکی دیکە هەیەتی. زیاتر مەیلیان بەلای ڕۆحانییەتدا دەڕوات. هەمـوو ئەوەی ئـارەزووی دەکەن چەند ڕستەیەکی کەمی نێو کتێبێکە ئیدی خۆیان بەزگماکی بەشی زۆری نـاواخنەکەی وەردەگـرن. لەپـاڵ ئەوەی بەزگمـاکی هەسـت بە ناواخنەکەی دەکەن، سوود لە زانینی ناواخنەکەیشی وەردەگرن.

بۆ نموونە، گەر لەوەدا بیت کتێبێک بخوێنیتەوە لەسەر توانا و شـارەزاییە کۆمەڵایەتییەکـان، لە بارودۆخەکـانی داهـاتوودا ئەو نـاوەڕۆکە دەبێـتە پاشـخانێکی زانیـاری تـا یارمەتیت بـدات تـا بە ڕێـکوپێکی وەڵامـی بارودۆخەکـان بـدەیتەوە. ئەوسـا هەسـتێکی بەهێزترت دەبێت لەوەی چی بکەیت. ئەمە سوودی خوێندنەوەی ئەو کتێبەیە. منداڵانی خاوەن زیرەکی زگماکی دەتوانن سوود لە زانینی مامۆستا وەربگرن بێ ئەوەی ناچار بن سەعی بکەن و کۆشش بکەن لە گشت وردەکارییەکاندا.

منداڵانی خاوەن زیرەکی زگماکی زۆربەی کات گوێیان پێ نادرێت. زۆربەی دایکـان و باوکـان یـان قوتابخانەکـان بەرنامەیـان نییە بـۆ گەشەپێدانی ئەم جۆرە زیرەکییە. بۆ ئەم جۆرە منداڵانە، دایک و باوک دەبێت کەمتر خەمی ئەدای ئەکادیمیان بن و نرخی هەستی شەشەمی منداڵەکە بزانن بـۆ زانینـی ئەو شـتانەی کە پێویسـتن. ئەم زیـرەکییە زگماکی و ڕێ بەدیکەرە بە شـێوەیەکی سـەرەکی دەبزوێنرێت لەڕێی پەیوەنـدی و بەرکەوتنـی کەسـییەوە نەک لەڕێـی پرۆگرامەکـانی تەلەفزیۆن و کۆمپیوتەر و کتێبەکانەوە.

## زیرەکی بەهرەدار

منداڵانی خاوەن زیرەکی بەهرەدار مەیلیان بەلای ئەوەدایە کە بە تایبەت باش و لێزان بن لە چەند جۆرێکی تایبەتی زیرەکیدا، بەلام لە جۆرەکانی دیکەدا ئاستیان نزمە. هەموو منداڵان بە زیرەکییەکی زۆرەوە لەدایک دەبن، بەڵام بە ڕێژەی جیاواز. منداڵانی بەهرەمەند بڕێکی زۆر لە یەکێکیان وەردەگرن، بەڵام لەوانی دیکەدا لاوازن.

بۆ ئەوەی پێشڕەوی ژیانێکی بەختەوەر و پڕ دەسکەوت بکەن، منداڵانی بەهرەدار پێویستیان بە پاڵپشتی و ڕێنوێنیکردنی تایبەت تا ئاڵنگاری بەهرە تایبەتییەکانیان ببنەوە، ئەگەرنا دەبنە منداڵی بێزار و هان نەدراو. سەرەڕای ئەوەش، منداڵانی بەهرەدار پێویستیان بە پاڵپشتی تایبەتە بۆ برەودان بە مەوداکانی ئەو توانا و زیرەکیانەی تێیاندا لاوازن.

ئەو کەسانەی لە بوارێکدا زۆر ناوازەن، زۆربەی کات ئازار دەچێژن لە ژیانیاندا، چونکە جۆرەکانی دیکەی زیرەکییان پەرەیان پێ نەدراوە. زانایەکی بلیمەت یاخود ملیاردێرێکی بە هەڵمەت ڕەنگە توانای ئەوەی نەبێت بە هاوسەرەکەی بڵێ "خۆشم دەوێیت." زۆرێک لە خەڵکی لەڕووی سۆزدارییەوە بەهرەدارن، بەڵام تەندروستییەکی باشیان نییە. ئەم کەسە باش و خۆشەویستانە بایەخ بە کەسانی دیکە دەدەن، بەڵام بایەخ بە جەستەی خۆیان نادەن بە مەشق و وەرزشکردنی بەردەوام و ڕێکوپێک. لەڕووی نەریتییەوە، هونەرمەندە گەورەکان لە ژیاندا تووشی گێرمە و کێشە هاتوونەوە چونکە لەو سەلیقەیان کەم بووە کە پێویستە بۆ بەڕێوەبردنی پارە و بوارە زۆر سادەکانی دیکەی ژیان. نموونەی بێکۆتایی کەسە بەهرەدارە مەزنەکان هەن کە گەلێک چەرمەسەریان چەشتووە لە ژیانیاندا.

هەندێک کەس بەهرەدارن بە گەلێک زیرەکی جەستەیی. هەمیشە جوان و مەزن دەردەکەون. ئەوەندە خوو دەگرن بە بەدەستهێنانی خۆشەویستی و پاڵپشتییەوە لەپای جوان دەرکەوتنیاندا، ترسێکی زۆریان هەیە لەوەی ئاشکرا بن لە ناخی خۆیاندا کێن و گشت سەرسامی و سەرنجێک پێیان لەدەست بدەن. هەر لەبەر ئەمەیە "کەسانی جوان""هەندێک جار زۆر ڕووکەشین. گەشەکردنیان دەوەستێت چونکە نایانەوێت سەرکێشی بکەن بە لەدەستدانی ئەو خۆشەویستییەی وەریدەگرن بە خۆدەرخستن و شێوازی دەرکەوتنیان.

## ترسی شکست ڕەنگە ڕێ لە منداڵ بگرێت لە فێربوونی توانا و شارەزاییە نوێیەکان.

هەمان ئەم بنەمایە ڕاستە بۆ گشت جۆرەکانی دیکەی زیرەکی. بۆ نموونە، ئەو کەسانەی مەیلیان ڕوو لە بواری ئەکادیمیایە هەندێک کات لاوازترن لە توانا و شارەزاییە کۆمەڵایەتییەکاندا. چێژ وەردەگرن لەوەی لە یەک بواردا زۆر لێزان بن. بڕێکی زۆر خۆشەویستی و سەرنج وەردەگرن لەوەی لە شتێکدا باشترین. کارکردن و برەودان بە زیرەکییەکی دیکەی خۆیان کە لاوازترن تێیدا مەترسی و سەرکێشییەکی گەلێک گەورەیە.

بیرکردنەوەکە لێرەدا زۆر سادەیە. گەر من باشتر بم لە شتێکدا، ئەوسا خۆشەویستی و پاڵپشتی وەردەگرم. گەر باشتر نەبم، ئەوسا خۆشەویستی و پاڵپشتی لەدەست دەدەم. بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم بیرکردنەوەیە، ئەم منداڵانە پێویستیان بە هاندانە بۆ برەودان بە بوارەکانی دیکەی زیرەکی کە بەهرەدار نین تێیدا. لەم پرۆسەیەدا،

لەڕێی ئەزموونەوە فێر دەبن کەوا ناچار نین باشترین یان باشتر بن تا خۆش بویسترێن. لە ئەنجامدا، دەتوانن پێشڕەوی ژیانێکی هاوسەنگ، پڕ دەسکەوت، سەرکەوتوو بکەن.

## خێراییە جیاوازەکانی فێربوون

گوتەیەکی شکسپیر هەیە دەڵێ: "هەندێک بە مەزنی لەدایک دەبن، هەندێک مەزنیی بەدەست دەهێنن، هەندێکی دیکەش مەزنیی گوشار دەخاتە سەریان بۆ قبوولکردنی." ئەم ڕاستییە سادەیە، کاتێک وابەستە بێت لەگەڵ هۆشیارییەک بە جۆرە جیاوازەکانی زیرەکی، یارمەتی دایکان و باوکان دەدات تا تێبگەن و ڕێز بگرن لەوەی چۆن منداڵەکانیان بە شێوەیەکی جیاواز فێر دەبن.

ڕەنگە منداڵان بەهرەدار بن یاخود "بە مەزنی لەدایک بن" بە یەکێک یان دووان لە جۆرەکانی زیرەکی. ڕەنگە فێرخوازی لەسەرخۆ بن یاخود "مەزنێتی بەدەست بهێنن"" بە چەند جۆرێکی دیکەی زیرەکی. ڕەنگە درەنگ گەشە بکەن و "پێویستیان بە کۆششێکی زۆر بێت بۆ بەدەستهێنانی مەزنی و گوشار بخاتە سەریان."

ئەو کەسانەی ئەم سێ ڕێگەیەی فێر بوون نیشان دەدەن دەتوانرێت بە ئاسانی بەم شێوەیە کورت بکرێنەوە: ڕاکەرەکان، پیادەڕەوەکان، بازدەرەکان. بۆ ئەوەی ورد ودرشت بکۆڵینەوە لەم سێ جۆرە جیاوازەی ئاستەکانی فێربوون، با فێربوونی لێخوڕینی پاسکیل وەک نموونە وەرگرین:

### ١. ڕاکەرەکان

ئەم منداڵە منداڵێکی دیکە دەبینێت پاسکیلێک لێدەخوڕێت و ئەویش سەر دەکەوێت و لێدەخوڕێت. ئەو منداڵانەی بەم شێوەیە فێر دەبن ڕاکەرەکـانن. فێربـووی خێـران، بەڵام بـۆ ئەوەی بە ئـارەزووەوە بمێننەوە، پێویستە ئاڵنگار ببنەوە. زۆر بە خێرایی فێر دەبن، چونکە بە گشتی بەهـرەدارن لەو شـتەدا کە فێـری دەبـن. دایکـان و باوکـان پێویستە وریا بن کە دڵنیا بنەوە ڕاکەرەکان ئەو دەرفەتە وەردەگرن تا پەرە بە جۆرەکانی دیکەی زیرەکیان بدەن کە ڕەنگە زۆر ئاسان نەبن بۆیان.

## ٢. پیادەڕەوەکان

ئەم منداڵە چەند هەفتەیەکی دەوێت تا فێری لێخوڕینی پاسکیل ببێت. ئەم منـداڵانە وەڵامـدانەوەیان باشـە بـۆ ڕێنمـایی و لەگەڵ هەر هەوڵدانێکدا کەمێک باشتر دەبن. ڕەنگە سەرەتا بەو پاسکیلانە دەست پێبکەن کە تـایەی زیادەیـان پێوەیە، بەڵام لە مـاوەی دوو هەفتەدا بۆ خۆیان دەکەونە لێخوڕینی پاسکیل. پیادەڕەوەکان ئەوەن کە دایکان و باوکـان ناویـان دەبەن بە "منـداڵی خەونەکـان" یـاخود "ئاسـانەکان." هەمیشـە کەمێـک زیـاتر فێـر دەبـن، باشـتر دەبـن، بە ڕوونـی وات لـێ دەکەن بزانیـت کە تـۆ یارمەتیـان دەدەیـت و ئەوانـیش فێـر دەبـن. ئەم منداڵانە زۆر ئاسان بەڕێوە دەبرێن و کەوا زۆربەی کات برێکی زۆر لە پەروەردەکردن و سەرنجپێدان لەکیس دەدەن.

## ٣. بازدەرەکان

ئەم منـداڵە زەحمەتتـرین و پڕ ئاڵنگـارینترینە بۆ دایکـان و باوکـان. ئەمـانە چەنـد سـاڵێکیان دەوێـت تـا فێـر بـن چۆن پاسـکیل لێبخـوڕن. ڕێنماییەکـان وەردەگـرن، بەڵام بەرەوپـێش نـاچن. باشـتر نـابن، هیچ نیشانەیەکی فێربوون نیشـان نـادەن، دایـک و باوکەکەش نازانن ئاخۆ

هەر شتێک کە دەیکەن هیچ سوودێکی دەبێت یاخود نا. گەر دایک و باوک پێداگری بکەن، دوو ساڵی دیکە منداڵەکە سوار پاسکیلەکەی دەبێت و لەناکاو لێی دەخوڕێت.

هەموو ئەو ڕێنماییانە دەچوونە ژوورەوە، بەڵام دایک و باوکەکەی هیچ ئاماژەیەکیان بەدی نەکرد بۆ بەرەوپێش چوونی منداڵەکەیان. پاشان، لە ساتێکی لێڵ و گوماناویدا، بە جۆرێک ئەم منداڵانە هەموو شتێک پێکەوە دەنێن، سوار پاسکیلەکەیان دەبن و بە جۆرێک لێدەخوڕن وەک بڵێی ماوەی دوو ساڵە پاسکیلیان لێخوڕیووە. لە ڕووکەشدا، ڕەنگە وا دەرکەوت بێت هیچ بەرەوپێش چوونێک ڕووی نەدابێت، بەڵام دواتر بە یەک بازدان دەگەنە ئەوێ. ئەم منداڵانە زۆربەی کات ئەو کات و سەرنجپێدانە وەرناگرن کە پێویستیان تا بازەکە بدەن. بەبێ هاندان و پێداگری دایک و باوکیان، کۆڵ دەدەن و هەرگیز پەی بە توانا شاراوەکانیان نابەن.

## لە فڵان شتدا باشن، بەڵام لە فیسار شتدا باش نین

منداڵێک دەکرێت بازدەر بێت "فێرخوازێکی لەسەرخۆ بێت،" کاتێک هاتە سەر فێربوونی لێخوڕینی پاسکیل، بەڵام ڕاکەر "کە فێرخوازێکی زۆر خێرایە" بێت کاتێک دێتە سەر توانا و شارەزاییە کۆمەڵایەتییەکان. دەکرێت ببێتە جوانترین و هاوکاریکەرترین منداڵ کاتێک خوانی ئێوارە ئامادە دەکەن پێکەوە یان لە گەشتێکدا پێکەوە گەشت دەکەن، بەڵام دواتر، کاتێک دێتە سەر لێخوڕینی پاسکیلێک، گۆڕانێک ڕوو دەدات. دەستبەجێ، منداڵەکەت دەبێتە کەسێکی بەرهەڵستکار و ناهاوکار. بە تێگەیشتن لە جیاوازی خێرایی فێربوونی دایک و باوکێک دەتوانن زیاتر دانبەخۆداگرتر بن و بەرهەڵستییەکەیان قبووڵ بکەن. هەموو منداڵێک لە هەندێک توانا و شارەزاییدا زۆر

کارامەن، بەڵام بەرهەڵستی ئەوانی دیکە دەکەن. باشبوون لە فلان و خراپبوون لە فیسار شتدا شتێکی زۆر ئاسایی و سروشتییە.

تەنیا بە هۆی ئەوەی منداڵێک بازدەرە و دەردەکەوێت فێرخوازێکی لەسەرخۆیە واتای ئەوە نییە ئەو منداڵە ئاستی نزمە لەو زیرەکییەدا. هەندێک جار ئەو بوارانەن کە ئێمە زۆرترین بەرهەڵستی تێدا دەکەین بۆ فێربوون کە ئێمە هێزی زۆرمان تێیدا هەیە. بۆ شەخسی خۆم، هەرگیز نووسەر یان قسەکەرێکی باشی ناو جەماوەر نەبووم و ڕەتم دەکردەوە لەنێو کۆمەڵێک خەڵکدا بنووسم و بدوێم. هەردووکیان بەهرەگەلێک بوون لە قۆناغەکانی دواتری ژیانمدا گەلێک بەرەو ڕووم هاتن.

لەلایەکی دیکەوە، تەنیا بە هۆی ئەوەی کەسێک ڕاکەرە یاخود پیادەڕەوە لە بوارێکی دیاریکراوی زیرەکیدا ئەوە ناگەیەنێت ئەم منداڵە لە داهاتوودا لێزان و کارامە دەبێت لەم بوارەدا یاخود خاوەن توانایەکی شاراوەی گەورەیە بۆ گەشەکردن. بۆ نموونە، زۆرینەی خەڵکی کە بڕوانامەیەکی زانکۆ بەدەست دەهێنن لە ڕشتەیەکی دیاریکراودا، دواتر لە ژیانیاندا شوێن ئەو ڕێچکە دیاریکراوە ناکەون. بەدەستهێنانی بڕوانامەیەک لە بواری مرۆڤی خۆخۆردا، واتای ئەوە نییە تۆش سەرەنجام دەبیتە مرۆڤێکی خۆخۆر. ئاسانترین ڕێچکە یان ئەو ڕێچکەیەی کەمترین بەرهەڵستی تێدایە هەمیشە ئەوە نییە کە هێز و ئازایەتی خۆمانی تێدایە.

## بەراوردکردنی منداڵان

یەکێک لە هەڵە گەورەکان کە دایکان و باوکان ئەنجامی دەدەن بەراوردکردنی منداڵانە بە منداڵێکی دیکە. گەر منداڵێکت هەیە و پیادەڕەوە لە زۆربەی بوارەکانی دیکەی زیرەکیدا، ئەوسا هەموو

شتێک بە ڕێژەیی سانا و ئاسانە. کاتێک منداڵی دواترت بازدەر بوو و هەندێک بواردا و زیاتر بەرهەڵستی کرد، ڕەنگە بە هەڵە وای دابنێیت شتێک هەڵەیە لە منداڵەکەدا.

بازدەرەکان هەرگیز وا دەرناکەون فێر دەبن و گوێ دەگرن، فێریان دەکەن چۆن سفرە ڕابخەن و ئەوان لەیادی دەکەن چۆن ڕایبخەن فێری ڕەوشتەکانی سەر سفرە و خوانیان دەکەن، ئەوانیش بەردەوام لەیادی دەکەن. ئێوە فێری خشتەی لێکدانیان دەکەن، ئەوانیش بەردەوام بیریان دەچێتەوە. ئێوە فێریان دەکەن بە ڕوونی قسە بکەن و ئەوانیش قسە ناکەن. فێریان دەکەن قەیتانی پێڵاوەکانیان ببەستن ئەوانیش ناتوانن. ئەرکەکانی قوتابخانەیان بۆ ڕوون دەکەنەوە و ئەوانیش هیچ لێی تێناگەن.

بەبێ توانا و شارەزاییەکانی باوانیکردنی ئەرێنی، ئەم منداڵانە بەردەوام و بەردەوام سزا دەدرێن، کە ئەوەش وا دەکات قورستر بێت بۆیان گەشە بە بڕوابەخۆبوونی خۆیان بدەن. منداڵان تەنیا دەتوانن لە بڕوابەخۆبووندا گەشە بکەن کاتێک پەیامی بەردەوامیان پێ دەگات کەوا ئەوان بەراورد ناکرێن و هەر بەو شێوەیەی کە هەن وەک پێویست کەسی باش و چاکن. هەموو منداڵێک تایبەت و نازاوەیە و شایستەی خۆشەویستییە هەر بەو شێوەیەی کە هەیە. بە تێگەیشتن لە گشت شێوە و ڕێگە جیاوازەکان کە منداڵانی تەندروستی خۆشەویست دەکرێت جیاواز بن، ئاسانتر دەبێت ببیت بە دایک و باوکێکی قبوڵکەر و پاڵپشتیکەر.

ناوبەناو چاوخشاندنەوە بەم بەشەدا دەتوانێت پرۆسەی باوانیکردن بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش ئاسانتر بکات. ساتەکانی پەستی و بێزاری بە هۆی ئەوەوە ڕوو دەدەن کە چاوەڕێ دەکەین منداڵەکانمان جیاواز بن لەو شێوەیەی کە خۆیان هەن. تەنیا ئەوەندەی بیرمان بێتەوە دەکرێت منداڵەکانمان جیاواز بن یارمەتیمان دەدات ئیسراحەت

بکەین و بە شێوەیەکی گەلێک گونجاوتر تێبفکرین بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵەکانمان.

(١٠)

# ئاساییە هەڵە بکەیت

لەپاڵ کەسێکی جیاواز و ناوازەن، هەموو منداڵێک بە کۆمەڵێک گرفت و کێشەی خۆیەوە دێتە ئەم جیهانەوە. هیچ منداڵێک کامل و بێکەموکووڕی نییە. هەموو منداڵان هەڵە ئەنجام دەدەن. هەموان هەڵە ئەنجام دەدەن. چاوەڕێکردن لەوەی منداڵ هەڵە ئەنجام نەدات پەیامێکی دڵڕەقانە و هەڵەدار دەدات پێیان لەبارەی ژیانەوە. پێوەرێکە کە هەرگیز ناتوانرێت پێی بگەیت. کاتێک دایکان و باوکان چاوەڕێی کاملبوون و بێکەموکوڕی دەکەن لە منداڵەکانیان، ئەوسا منداڵان هەست بە ناتەواوی و دەستەپاچەیی دەکەن تا بگەن بە پێوەر و ستانداردەکانی دایک و باوکیان.

**هەموو منداڵان هەڵە دەکەن، شتێکی تەواو ئاسایی و چاوەڕوان کراوە.**

دایکان و باوکان پێویستە بەردەوام هەمواری پێوەر و چاوەڕوانییەکانی خۆیان بکەنەوە بۆ منداڵەکانیان بەگوێرەی توانا سروشتییەکانیان. لە هەموو تەمەنێکدا، تواناکانی منداڵان بە سروشتی

دەگۆڕێن. هەر منداڵێک تواناگەلی جیاوازی هەن. کاتێک لە بوارێکی دیاریکراودا لاواز بوون، منداڵ پێویستی بە یارمەتی زیاتر دەبێت و هەندێک کات پێویستی بە دایک و باوکی دەبێت. منداڵان نابێت ئەو پەیامەیان پێ بگات کەوا هەڵەیەک لەواندا هەیە لەپای ئەنجامدانی هەڵەکان. ژمارەیەکی زۆر پەیامی شەرمهێن وا لە منداڵان دەکات هەست بکەن خراپن، ناشایستەن، یاخود هەڵەیەک لەواندا هەیە. هەست بە بەزین دەکەن و هاندان و بڕوابەخۆبوونی سروشتیان لەدەست دەدەن.

## لە پاکی و بێگەردییەوە بۆ بەرپرسیارێتی

منداڵانی بچووک، تا تەمەنی نۆ ساڵی، ناتوانن مامەڵە لەگەڵ پەیامی شەرمهێندا بکەن بەبێ ئەوەی وای دابنێن کە لۆمەی زۆری تێدا نییە. هەر جۆرە سزادان، سەرزەنشت، یاخود پەستییەکی سۆزداری لە کاردانەوەی هەڵەی منداڵەکەت سەرەنجام پەیامێکی شەرمهێن دەدات. کاتێک کێشەیەک هەیە، گەر کەسێکی دیکە بەرپرسیارێتی نەگرێتە ئەستۆ، ئەوسا منداڵەکە هەست بە لۆمەی زۆر دەکات و دەیگرێتە ئەستۆی خۆی.

بەر لە تەمەنی نۆ ساڵی، منداڵ ناتوانێت پەی بە جیاوازی نێوان "من شتێکی خراپم کرد" و "من خراپم" بکات. ئەو منداڵانەی تەمەنیان لە نۆ ساڵان کەمترە لە توانایاندا نییە عەقڵانی بیر بکەنەوە. منداڵێک بەم شێوەیە کاردانەوە دەنوێنێت: "گەر ئەوەی کردوومە وەک پێویست باش نەبووە، کەوایە من وەک پێویست کەسێکی باش نیم."

بەبێ هەستێکی خودبوون، کاتێک منداڵێک هەڵەیەک ئەنجام دەدات هیچ شتێکی نییە پشتی پێ ببەستێت. گەر هەڵەیەک ئەنجام بدات، کەوایە خۆی هەڵەیە. کاتێک منداڵێک بەرپرسیارێتی زۆر دەگرێتە

ئەستۆ، دایک و باوکی دەتوانن ئەم مەیلەی بۆ ڕاست بکەنەوە بەوەی خۆیـان بەرپرسـیاریتی بگـرنە ئەسـتۆ. کاتێـک دایـک و بـاوک بەرپرسیاریتی دەگرنە ئەستۆ بۆ ئەوەی بەسـەر منداڵەکانیاندا دێنە ئەوسا منداڵەکان خۆیان ئەو کارە ناکەن.

زۆرێک لە کەسە گەورە و پێگەیشتووەکان ئازار دەچێژن لەدەست کەمی ڕێزلەخۆنـان و ناشایستەییان، چـونکە هێشتا نـاتوانن پەی بەو جیـاوازییە بـبەن. کاتێک هەڵە ئەنجـام دەدەن، بەوە دەیبـڕێننەوە کەرا وەک پێویـست کەسـانی بـاش نـین. گەرچـی ئەم کەسـە پێگەیشتووان دەتـوانن عەقڵانـی بیـر بکەنەوە، کاتێک تەمەنیـان لە نۆ سـالان کەمتر بـووە، پەروەردە نەکراون تـا ئەزمـوونی پـاکی و بـێگەردی نێو ناخی خۆیـان بکەن. تەنـانەت ڕەنگە بیـریش بـکەنەوە کەسـانی خراپ نین بەڵام هێشتا لە ناخی خۆیاندا هەست بە خراپی و ناشایستەیی دەکەن.

کەسـێکی پێگەیشـتوو کە خـاوەن ڕێزلەخۆنـانێکی تەندروسـتە بە قبـوولکردن و ڕازیبـوونەوە کـاردانەوە دەنوێنێت بـۆ هەڵەکانی تا لەو هەڵانەوە فێر ببێت. ئەمانەی خوارەوە هەنـدێک ڕێگەی بـاون کەسێکی پێگەیشـتووی تەندروسـت بە عەقڵانـی کـاردانەوە دەنوێنێت بەرانبەر هەڵەکان:

- گەر شتێکی خراپم کرد، من کەسێکی خراپ نیم، چونکە باشترم نەدەزانی.
- گەر شـتێکی خـراپم کـرد، مـن کەسـێکی خـراپ نیم، چونکە زۆر شتی باشیش دەکەم.
- گەر شتێکی خراپم کرد، من کەسێکی خراپ نیم، چونکە ئێستا دەتوانم لە هەڵەکانمەوە فێر بم و باشتر بیکەم.
- گەر شتێکی خراپم کرد، من کەسێکی خراپ نیم، چونکە دەتوانم ڕاستی بکەمەوە و قەرەبووی بکەمەوە.

• گەر شتێکی خراپم کرد، من کەسێکی خراپ نیم، چونکە ئەوپەڕی هەوڵی خۆمم دا. کەسانی دیکەیش هەڵە دەکەن و خراپیش نین.

• گەر شتێکی خراپم کرد، من کەسێکی خراپ نیم، چونکە نیازم نەبوو وا بکەم.

• گەر شتێکی خراپم کرد، من کەسێکی خراپ نیم، چونکە تەنیا ڕووداوێک بوو.

• گەر ئەوەی کردم وەک پێویست شتێکی باش نەبوو، هێشتا خۆم وەک پێویست کەسێکی باشم، چونکە من فێر دەبم، بەو زووانەش وەک پێویست باش دەبم.

• گەر ئەوەی کردم وەک پێویست شتێکی باش نەبوو، هێشتا خۆم وەک پێویست کەسێکی باشم، چونکە چاوەڕێی ئەوە ناکرێت من کەسێکی کامڵ و بێکەموکووڕی بم.

• گەر ئەوەی کردم وەک پێویست شتێکی باش نەبوو، هێشتا خۆم وەک پێویست کەسێکی باشم، چونکە ئەمڕۆ نەخۆش بووم، حاڵم باش نەبوو، یاخود ڕۆژێکی سەختم تێپەڕاند.

• گەر ئەوەی کردم وەک پێویست شتێکی باش نەبوو، هێشتا خۆم وەک پێویست کەسێکی باشم، چونکە ئاڵنگارییەکەی ئەمڕۆ زۆر زەحمەتتر بوو لەچاو ئەوەی ڕۆژانی دیکەدا.

• گەر ئەوەی کردم وەک پێویست شتێکی باش نەبوو، هێشتا خۆم وەک پێویست کەسێکی باشم، چونکە هیچ کەسێک هەمیشە ناباتەوە.

• گەر ئەوەی کردم وەک پێویست شتێکی باش نەبوو، هێشتا خۆم وەک پێویست کەسێکی باشم، چونکە پەی بە هەڵەکەی خۆم دەبەم، دەشتوانم لە داهاتوودا ڕاستی بکەمەوە.

• گەر ئەوەی کردم وەک پێویست شتێکی باش نەبوو، هێشتا خۆم وەک پێویست کەسێکی باشم، چونکە کەسانی دیکەیش ناتوانن ئەنجامی بدەن.

له هەرکام لەم نموونانەدا، هەر کەسێک دەتوانێت بیرکردنەوەی عەقڵانی بەکار بهێنێت بۆ پەیبردن بە جیاوازی نێوان "من شتێکی خراپم کرد" و "من کەسێکی خراپم." توێژینەوە لەسەر گەشەکردنی منداڵ بە ڕوونی نیشانی دەدات کە منداڵانی خوار تەمەن نۆ ساڵان ئەم توانایەیان نییە بۆ بیرکردنەوەی عەقڵانی. لەڕێی بیروهۆش خستنەسەر هەڵەکانی منداڵەکەت، منداڵەکە دێتە سەر ئەوەی هەست بکات کەسێکی خراپ یان ناتەواوە. لەبری ئەوەی بیروهۆش بخرێتە سەر کێشەکە، باوانیکردنی ئەرێنی سەرنجی زیاتر دەخاتە سەر چارەسەرەکە. کە فێربووین منداڵانیش کەسانی باشن، منداڵان بە کراوەیی دەمێننەوە بەڕووی ئاڕاستەکردنی ئێوەدا بە ئارەزوویەکەوە بۆ هاوکاریکردن، ئەو منداڵانەی شەرمەزار دەکرێن دادەخرێن و ناکرێنەوە.

**ئەو منداڵانەی تەمەنیان لە خوار نۆ ساڵییە لە توانایاندا نییە مامەڵە بکەن لەگەڵ پەیامە شەرمەزارکەرەکان بەبێ ئەوەی لۆمەی زۆر لە ئەستۆ نەگرن.**

پەیامە شەرمەزارکەرەکان هەمیشە ئەنجامی پێچەوانەیان دەبێتە دوای تەمەنی نۆ ساڵی، گونجاوە داوا لە منداڵ بکرێت بەرپرسیارێتی هەڵبگرێت و بە شێوەیەک لە شێوەکان قەرەبووی هەڵەکانیان بکەنەوە. نۆ ساڵی سەرەتا کاتێکن بۆ برەودان بە پاکی و بێگەردی، پاشان لە ماوەی ساڵانی دوای نۆ ساڵی، منداڵان فێر دەبن بەرپرسیار بن. کاتێک منداڵێک دەبێتە نۆ ساڵان، ئامادە دەبێت بۆ دەستکردن بە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی بۆ هەڵەکان لەڕێی چاککردنەوەیان. کاتێک منداڵێک تەمەنی لە نۆ ساڵان کەمترە، دایک و باوک دەبێت هەڵەکانی

منداڵەکە پشتگوێ بخات، چاوپۆشیان لێ بکات، یاخود تێڕوانینێکی بێلایەنی هەبێت.

کاتێـک وا لە منـداڵان کـرا لە تەمەنێکـی زۆر زوودا هەسـت بە بەرپرسـیارێتی بکەن بۆ هەڵەکـان، بە شـێوەی جۆراوجۆر دەسـت دەکەن بە هەسـتکردن بە خراپـی و ناشایسـتەیی خۆیـان. بەبـێ بناغەیەکی پتەوی پـاکی و بێگەردی، توانـای سروشتی منداڵ بۆ خۆڕاستکردنەوە هەلێکی نابێت تا گەشە بکات.

لەبری ئەوەی منداڵەکەت شـەرمەزار بکەیت یان سزای بدەیت بۆ ڕاسـتکردنەوەی ڕەفتـاری، پێـنج توانـا و شـارەزاییە نـوێیەکەی باوانیکردنی ئەرێنی بخە کار. لەبری ئەوەی بیروهۆشتان بخەنە سەر کێشەکە، تەنیا داوای ئەوە بکە کە لە داهاتوودا دەتەوێت. زۆر بیر لە کێشەکە مەکەنەوە -بڕۆن بەرەوپێش بەرەو چارەسەرەکە.

کاتێک منداڵێک گوڵدانێک دەشکێنێت، بە هیچ شێوەیەک شتێکی باش نییە بیروهـۆش بخـرێتە سـەر هەڵەکە. لەبـری ئەوە تەنیـا شـتێکی خۆشەویستانە و گەرموگوڕی بەم شێوەیە بڵێ: "ئۆە، ئەم ئینجانە جوانە شـکا. دەبێـت لە دەوری گوڵـدانەکان وریـا بـین، ناسـکن و بە ئاسانی دەشکێن. با واز لە هەموو شـتێک بهێنین و ئەم شێوایە پاک بکەینەوە."

**بە هیچ شێوەیەک شتێکی باش نییە تیشک بخرێتە سەر هەڵەکانی منداڵێک.**

بێزاربـوون لە منـداڵ توانـای منـداڵ زیـاد ناکـات بۆ فێربـوون لە هەڵەکەیەوە. تەنیا زیاتر سەر لە منداڵەکە دەشێوێنێت و ئەم کارەیشت خۆی دەقـورتێنێتە نێـو گەشـەکردنی منداڵەکەتەوە. کاتێـک منـداڵێک

گوڵدانێک دەشکێنێت، ڕەنگە دایکەکە هەستی بەم شێوەیە بێت: "پێویستە دڵنیا بم منداڵەکەم بزانێت ئەمە باش نییە و پێویستە گوێ بۆ من بگرێت." توانا و شارەزاییە نوێیەکانی باوانیکردنی ئەرێنی ئەم پەیامە شەرمەزارکەرانە دەکاتە کارێکی ناپێویست. ئەو ئەنجامەی دایک بە ڕاستی بەدوایدا دەگەڕێت زیادبوونی هاوکاری منداڵەکەیەتی. پێنج توانا و شارەزاییەکە ئەوە بەدەست دەهێنێت.

تەنانەت گرنگ نییە بۆ منداڵەکە دان بنێت بەوەدا ئەو گوڵدانەکەی شکاندووە. هەندێک لە منداڵان، کە ترسیان لە سزادان و سەرزەنشتکردن هەیە، نکۆڵی لە تێوەگلانیان دەکەن. کێشە ڕاستەقینەکە لەم نموونەیەدا ترسی منداڵەکەیە لە دایک و باوکی نەک لە نکۆڵیکردنەکەی. بە تایبەت بۆ منداڵێک کە تەمەنی لە نۆ ساڵان کەمتر بێت، هیچ بەهای نییە منداڵەکەت بە پێوە ڕابگریت و دادگای بکەیت تا تاوانەکەی بسەلمێنیت. ئەم کارە تیشکی زۆر دەخاتە سەر کێشەکە نەک چارەسەرەکە. چارەسەرەکە دۆزینەوەی ڕێگەیەکە تا هانی زیاتری هاوکاریکردنی منداڵەکە بدات.

ئەم منداڵە پێویستی بەوە نییە سزا بدرێت یان وانەی پێ بدرێت تا درک بکات بەوەی کە گوڵدانەکە چەندێک گران یان بەنرخ بووە. بەر لە تەمەنی شەش و حەوت ساڵان، تەنانەت منداڵ هیچ لە بەهای نەقدی شتەکان تێناگات. بۆ منداڵان، پێنج دۆلار، پێنجسەد دۆلار، یاخود پێنجهەزار دۆلار هەر هەمان شتە. گەر دایک و باوکەکە پێنج توانا و شارەزاییەکەی باوانیکردنی ئەرێنی جێبەجێ بکەن، منداڵەکە خۆکردانە زیاتر وریا و بەئاگا دەبێت لە داهاتوودا، نەک تەنیا سەبارەت بە گوڵدانەکە، بەڵکو دەربارەی هەموو شتێکی دیکە. لەبری ئەوەی ویست و ئارەزووی منداڵ لاواز بکەن لەڕێی شەرمەزارکردن و سزادانیانەوە، دایک و باوکێکی ژیر چاوپۆشی لە هەڵەکە دەکەن د

بە تێڕوانینێکی بێلایەن یان بێزارەوە و بیروهۆشیان دەخەنە سەر پاککردنەوەی شوێنەکە دوای هەڵەکە.

تەنانەت لەگەڵ منداڵانی بەر لە تەمەنی هەرزەکاری "تەمەنی نۆ بۆ سیانزە ساڵی" یاخود هەرزەکاردا، سوودێکی ئەوتۆی نابێت سەرنج بخرێتە سەر هەڵەکە گەر منداڵەکە نکوڵی لێ کرد. منداڵانی بەر لە تەمەنی هەرزەکاری و هەرزەکاران بە گشتی بڕوایان وایە گەر نەتوانن بیسەلمێنن کە ئەوان شتێکیان کردووە، ئەوسا وەک ئەوە وایە کە ئەوان ئەو کارەیان نەکردبێت. زیاتر لە هەوڵدان بۆ سەلماندنی تاوانەکەی ئەوان، دایک و باوکی ژیر درک بە کێشەیەکی گەورەتر دەکەن: هەرزەکار هەست بە ئەمان و سەلامەتی ناکات گەر بەرپرسیار بگیرێت.

لەم حاڵەتەدا، دایک و باوک دەتوانن بە سادەیی ڕوونی بکەنەوە چی ڕووی دەدا گەر بەرپرسیار بووایە لە شکاندنی گوڵدانەکە و پاشان وازی لێ بهێنن. کاتێک هەرزەکارەکە درک دەکات بەوەی تەنیا ئەوەی لێ گەرەکە شوێنەکە خاوێن بکاتەوە و هیچ سزایەکی قورس و لەدەستدانی خۆشەویستی لە گۆڕێدا نییە، ئەویش زیاتر مەیلی دەڕوات بەلای ئەوەدا بەرپرسیار بێت بۆ هەڵەکانی لە داهاتوودا.

## بە هەرحاڵ هەڵەی کێیە؟

لە گۆشە نیگای باوانیکردنی ئەرێنییەوە، کاتێک منداڵێکی حەوت ساڵان گوڵدانێک دەشکێنێت، ئەوە هەڵەی ئەو نییە. ئەو منداڵە تەمەنی تەنیا حەوت ساڵە و پێشبینی ئەوەی لێ ناکرێت لە بەهای گوڵدانەکە تێبگات. تەنانەت گەر لە بەهاکەیشی تێبگات، پێشبینی ئەوەی لێ ناکرێت بیری بێتەوە. کاتێک منداڵانی حەوت ساڵ یاری دەکەن، هەندێک جار شتەکان دەشکێنن. تەنانەت گەر دایک و باوکەکە بە

منداڵەکەشیان گوت بێت دەست لە گوڵدانەکە نەدات، هێشتا هەر هەڵەی ئەو نییە، چونکە لەو ماوەیەدا منداڵەکە ئەوەی لەبیر کردووە لەڕوویەکی ڕاستەقینەوە، ئەم منداڵە لە جڵەو دەرچووە. کاتێک منداڵ لە جڵەو دەردەچێت، ئەوەی ڕوو دەدات هەڵەی ئەو نییە.

گەر ئیستۆپی ئۆتۆمبیل لە کار وەستا، هەڵەی تۆ نییە ئۆتۆمبیلەکەت لە جڵەو دەردەچێت. بە هۆی هەڵەی تۆوە نییە ئۆتۆمبیلەکەت دەعم دەکات، چونکە شتێک نەبوو لەدەستت بێت لەوبارەیەوە. کاتێک تۆ لە جڵەو دەردەچێت، چونکە ئیستۆپی ئۆتۆمبیلەکە کار ناکات، دەعمکردنی ئۆتۆمبیلەکە هیچ سووچی تۆی تێدا نییە.

**کاتێک ئیستۆپی ئۆتۆمبیلەکەت کار ناکات، دەعمکردنی ئۆتۆمبیلەکەت هیچ سووچی تۆی تێدا نییە.**

کەچی لە گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە، گەر ئیستۆپی ئۆتۆمبیلەکە لەکار کەوت، هەڵەی تۆیە. ئۆتۆمبیلی تۆ بووە و تۆ لێیتخوڕیبووە کاتێک خۆت کێشاوە بە دیواری ماڵی کەسێکدا. لە گۆشەنیگای بەرپرسیاربوون بۆ ڕاستکردنەوەی کێشەکە، هەڵەی تۆیە. سەرەنجام دەبێت کەسێک نرخی ئەو بەزمە بدات.

هێشتا زۆر ڕوون نییە. ڕەنگە هەڵەی فیتەرەکەت بێت لەوەی هەستی بە کێشەکە نەکردووە و چاکی نەکردووەتەوە. تۆ باجەکەی دەدەیت یان فیتەرەکەت کە تازە خزمەتگوزاری بۆ ئۆتۆمبیلەکەت کردووە و هەقی وەرگرتووە؟ ڕەنگە هەڵەی پێشانگا و فرۆشیاری ئۆتۆمبیلەکە بێت چونکە داشقەیەکی بە تۆ فرۆشتووە. ڕەنگە هەڵەی کۆمپانیای دروستکەری ئۆتۆمبیلەکە بووبێت چونکە دەبوو با شێوازی مۆدێلی ئەو ئۆتۆمبیلەدا بچوونایەتەوە.

لەم نمـــوونە ســـادەیەوە، ڕوون دەبێـــتەوە دیـــاریکردنی هەڵە و بەرپرسیاریتی بابەتیکی ئاڵۆزە کە زۆر کات پێویستی بە پاریزەر و داوەری شـــارەزا هەیە دیـــاری بـــکەن. گەر گەورەکـــان نەتـــوانن سەروکاری دیاریکردنی هەڵە بکەن بەبێ پاریزەرەکان و دادوەرەکان، چۆن دەتوانین پێشبینی ئەوە لە منداڵەکانمان بکەین؟

خۆشـــبەختانە، توانـــا و شـــارەزاییەکانی بـــاوانیکردنی ئەرێنـــی جێگرەوەیەکی کردارەکی دابین دەکات تا منداڵەکان هەقی هەڵەکانیان بدەن تاوەکوو هانی هاوکاریکردنیان بدات لە داهاتوودا. کاتێک منداڵان بەم شـێوەیە گەورە دەکرێن، کاتێـک گەورەکـان هەسـتێکی مەزنتـری بەرپرسیاریتی، هاوکـاریکردن و هانـدانیان دەبێت بۆ ڕاسـتکردنەوەی هەڵەکانیان، ئەوسا پێویستییەکی کەمتر بۆ پاریزەرەکان، دادوەرەکان و دادگاکان لە ئارادا دەبێت.

## فێربوونی بەرپرسیاریتی

لەجیاتی ئەوەی منداڵەکانمان فێر بکەین هەست بە خراپەی خۆیان بکەن لەپای هەڵەکانیـان، پێویستە فێریان بکەین لە هەڵەکانیانەوە فێر بن، کـاتێکش گونجا، بەرپرسیار بن بۆ ڕاسـتکردنەوەی هەڵەکانیـان. هەندێک لە دایکـان و باوکـان دڵخۆشـن بەوەی واز لە سـزادان بهێنن یاخود وا لە منداڵەکانیان بکەن باجی هەڵەکانیان بدەن، بەڵام نیگەرانی ئەوەن منداڵەکانیان فێری بەرپرسیاریتی و لە ئەستۆگرتنی هەڵەکانیان نەبن. ئەمە خاڵێکی گرنگە.

سەرەنجام، ناتوانیت لە هەڵەیەکەوە فێر ببیت یاخود بەرپرسیار بیت لەوەی هەڵەکەت ڕاسـت بکەیـتەوە گەر سـەرەتا هەڵەکەی خـۆت نەناسیتەوە. ئەم بەرپرسیاریتییە خاڵێکی بنچینەییە بۆ کەسانی گەورە بۆ خۆڕاستکردنەوە، بەڵام بەو شێوەیە نییە بۆ منداڵان. منداڵان نابێت

بەرپرسیار بن تا لە هەڵەکانیانەوە فێر ببن. منداڵانی بچکۆلە هیچ هەستێکی خودبوونیان نییە، کەچی هێشتا بەردەوام فێر دەبن و خۆیان ڕاست دەکەنەوە.

**هەستکردن بە بەرپرسیارێتی خاڵێکی بنچینەییە بۆ گەورەکان بۆ خۆڕاستکردنەوە، بەڵام بەو جۆرە نییە بۆ منداڵان.**

هەستکردن بە بەرپرسیارێتی درککردنی هۆشە کەوا "من هەڵەیەکم کردووە." منداڵان پەرە بە هەستێکی خودبوون نادەن تاوەکوو تەمەنی نۆ ساڵان. بەر لە تەمەنی نۆ ساڵی، خۆڕاستکردنەوە خۆکردانە ڕوو دەدات بەبێ هەستکردن بە بەرپرسیارێتی. هیچ هەستی خودێک بوونی نییە کە کێ هەڵەکەی کردووە. منداڵە بێگەردەکە خۆی ڕاست دەکاتەوە، نەک لەبەر ئەوەی شتێکی هەڵەی کردووە، بەڵکو بۆ ئەوەی لاسایی دایک و باوکی بکاتەوە و هاوکاری بکات.

کاتێک منداڵان بەرپرسیار دەگیرێن بۆ هەڵەکانیان، دەبێتە هۆی سنووردارکردنی توانای سروشتیان بۆ خۆڕاستکردنەوە لەڕێی لاساییکردنەوە و هاوکاریکردنەوە. ئەم خۆڕاستکردنەوەیە شتێکی بنچینەییە بۆ فێربوون و گەشەکردن. ژیان هەمیشە پرۆسەی تاقیکردنەوە و هەڵەکردنە. هەمووان هەڵە دەکەن.

**ئەو کەسانەی سەرکەوتوون لە ژیاندا ئەوانەن کە دەتوانن خۆیان ڕاست بکەنەوە، بیرکردنەوە و تێڕوانین یاخود ڕەفتاریان دەگۆڕن.**

هەستی بەرپرسیاریتی، بەبێ هەستکردن بە ناشایستەیی و ناتەواوی، لە هەستکردن بە ئاسوودەییەوە بۆ هەڵەکردن سەرچاوە دەگرێت. دوای نۆ ساڵ لە هەستکردن بە سەلامەتی بۆ ئەنجامدانی هەڵەکان و بەبێ سزادان یاخود لەدەستدانی خۆشەویستی، منداڵان ئامادەن بۆ وەرگرتنی هەستێکی گونجاوی بەرپرسیاریتی. کاتێک بە ڕاستی ئاسایی بوو هەڵە بکرێت، ئەوسا سەلامەتە بۆ منداڵان تا هەڵەکانیان بناسنەوە و بەئاگاییەوە لێیانەوە فێر بن.

## بۆ ئەوە دروست بوون خۆیان ڕاست بکەنەوە

دوای ئەنجامدانی هەڵەیەک، منداڵان بە جۆرێک دروست بوون خۆکردانە خۆیان ڕاست دەکەنەوە. هۆکاری سەرەکی ئەوەی منداڵان یان کەسانی گەورە خۆیان ڕاست ناکەنەوە دوای ئەنجامدانی هەڵەیەک ئەوەیە هەست بە سەلامەتی ناکەن دان بنێن بەوەی هەڵەیەکیان کردووە. ئەم کاردانەوە سروشتی و خۆڕاستکەرەوەیە هەستکردن بە سەلامەتی بۆ ئەنجامدانی هەڵەی گەرەکە.

**تا ئەو ڕادەیەی منداڵان هەست بە ترس بکەن لە ئەنجامدانی هەڵە، ئەوەندە توانای سروشتی خۆیان لەدەست دەدەن بۆ خۆڕاستکردنەوە.**

نیگەرانی لەبارەی ئەنجامدانی هەڵەوە تەنیا دەرفەتەکانی ئەنجامدانی هەڵە زیاتر دەکات. سزادان یان شەرمەزارکردنی منداڵان تەنیا نیگەرانی زیاد دەکات و توانای سروشتی خۆڕاستکردنەوە لاواز دەکات. دایکان و باوکان پێویستە بیریان بێتەوە کەوا منداڵان لە بەهەشتەوە هاتوون. خۆڕاستکردنەوە پرۆسەیەکی خۆکردانەیە کە بە

شێوەیەکی سەرەکی بە هۆی لاساییکردنەوە و هاوکاریکردن ڕوو دەدات نەک بە سزادان و شەرمەزارکردنی منداڵان.

## چەمانەوەی فێربوونی منداڵەکەت

تەنانەت کاتێک سزادان و شەرمەزارکردن خۆیان لێ لا دەدرێت، پرۆسەی خۆڕاستکردنەوە هێواش و لەسەرخۆیە. وەک هەر ڕەفتار و تێڕوانینێک، چەماوەیەکی فێربوون هەیە. بەو جۆرەی پێشتر لێمان کۆڵیوەتەوە، چەماوەی فێربوونی هەر منداڵێک بۆ ئەرکێک جیاوازە. هەندێک خێراتر فێری لێخوڕینی پاسکیل دەبن، لە کاتێکدا هی دیکە هەن بە ئاسانی خۆیان ئامادە دەکەن بڕۆن بنوون. تەنانەت گەر دایک و باوک هەموو شتێکیش بە ڕاستی بکەن، ئاڵنگاری هێنانی منداڵێکی دیاریکراو تا بە جوانی ڕەفتار بکات لەسەر مێزی نانی ئێوارە ڕەنگە کات و بڕێکی باش وزە و تەقەلا و سەرنجپێدانی زۆری گەرەک بێت.

**کاتێک منداڵان کاتی زیاتریان پێ دەچێت بۆ فێربوون، نە هەڵەی خۆیانە و نە هەڵەی دایک و باوکیان، تەنیا ئەو شتەیە کە گەرەک و پێویستە.**

تەنیا لەڕێی ئاڕاستەکردن و نیشاندانی ڕەفتاری دروست، دایک و باوک ڕەفتاری دروست فێری منداڵەکەی دەکات کە ئەنجامەکەی لە بەردەوام خۆڕاستکردنەوەدایە. ئەمە هەموو ئەو شتەیە دایک و باوکێک لەدەستیان بێت، باقییەکەی لەدەستی منداڵدایە و بە شێوازی خۆی لە کات و ساتی خۆیدا ئەنجامی دەدات.

دایکان و باوکان مەیلیان ئەوەیە زۆر بەخشندە بن بە خۆشەویستی و ئارامگریـان لە کـاردانەوەی هەڵەکـانی منداڵەکانیان تـا ئەو کـاتەی فێری پەیوەنـدیگرتن دەبـن. لەم خـاڵەدا، دایـک و بـاوک بە هەڵە وای دادەنێن منداڵەکە دەتوانێت هۆکاری داواکارییەکەیان دەبیستێت و لێی تێدەگات. چاوەڕێکردن لە منداڵێک تـا لەسـەر دیـوار وێنە نەکێشێت چونکە لێی نـابێتەوە بیرکـردنەوەی عەقڵانی گەرەکە کە منداڵ توانـای ئەوەی نییە. چاوەڕێکردن لە منـداڵ تـا ڕاستەوخۆ بچێتە نێو جێگـای خەوەکەی چونکە سبەینێ حاڵی باشتر دەبێت کە خەوت پێویستی بە بیرکردنەوەی زۆرە.

کاتێک منداڵێکی ساوا خـواردنەکەی لەسـەر زەوی دەڕژێت، دایک و بـاوکەکەی لێبـووردە و ئـارامگر دەبن چـونکە ڕوون و ئاشکرایە ئەو منداڵە لەوە باشتر نازانێت. کاتێک منداڵ توانی پەیوەندی بگرێت، دایک و باوکەکە پێیان وایە منداڵەکە پێویستە باشتر بزانێت. بۆچی؟ چونکە پێشـتر پێـی گـوتراوە، دایـک و بـاوکی هۆکـارێکی عەقڵانیـان داوە بەدەسـتییەوە. دایکـان و باوکـان وای دادەنـێن تەنیـا لەبەر ئەوەی منداڵەکە دەتوانێت قسە بکات و پەیوەندی بگرێت، دەتوانێت لە مانا و هۆکاری داواکارییەکە تێبگەن.

لە هەندێک لە حاڵەتەکاندا، ڕەنگە منداڵ پێویست بێت دووسەد جار پێی بگوترێت بەر لەوەی فێری ڕەفتارێک بێت. منداڵی ڕاکەر ڕەنگە بە یەک داواکاری فێر بێت، بەڵام منداڵی بازدەر ڕەنگە دووسەد جاری بوێـت، بەر لەوەی لەناکـاو سـەروکاری ڕەفتـارەکە بکـات. منـداڵی پیادەڕەو لەگەڵ هەر داواکارییەکدا بەرەوپێش چوون نیشـان دەدات، بەڵام هێشـــتا دووبـــارەکردنەوەی زۆری دەوێـــت. تێگەیشـــتن و قبوولکردنی چەماوەی ناوازەی فێربوونی منداڵەکەت خاڵێکی بنچینەییە بۆ دابینکردنی ئەو خۆشەویستییەی منداڵەکەت پێویستی پێیەتی بۆ خۆڕاستکردنەوە.

## تێگەشتن لە دووبارەکردنەوە

ئەم بنەمای دووبارەکردنەوەیە ئاسانە تێی بگەیت کاتێک بیر لە فێربوونی لێدانی تۆپی بەیسبۆڵ دەکەینەوە. لەڕێی بەردەوام وەشاندنی لسەکەوە بۆ لێدانی تۆپەکە، ڕەنگە دووسەد هەوڵدانی بوێت بەر لەوەی بتوانێت لە تۆپەکە بدەیت کە دەتەوێت بۆ ئەو شوێنە بڕوات. دوای دووسەد هەڵی فێربوون، تۆپەکە بەرەو ئەو شوێنە دەڕوات کە تۆ دەتەوێت.

بە هەمان شێوە، ڕەنگە دووسەد هەڵی فێربوونی بوێت بەر لەوەی منداڵێک خۆکردانە وەڵامی داواکارییەکی دیاریکراو بداتەوە بەم شێوەیە: "تکایە، خواردنەکەت مەڕژە بەسەر زەوییەکەدا، خواردنەکەن با لەقاپەکاتدا بێت." کاتێک خواردن دەدەیت بە منداڵێکی بچکۆلە، دایکێک ژێرانە سفرەی پلاستیک لەسەر زەوییەکە ڕادەخات.

دایکان و باوکان دەبێت ئەوەیان لەبیر بێت کە ئەگەرچی منداڵێک دەتوانێت پەیوەندی بگرێت و قسە بکات، مێشکی منداڵەکە هێشتا گەشە دەکات و ڕۆژانە دەگۆڕێت. منداڵەکە بە هۆی لۆژیک و ئەقڵەوە هان نادرێت. بۆ بەردەوامیدان بە خۆڕاستکردنەوە، ئەوەی هانی منداڵەکە دەدات داواکاری و فەرمانی دووبارەبووەوەیە.

ڕەنگە منداڵێک وا دەربکەوێت فێر دەبێت لە هەڵەیەکەوە، بەڵام وا نییە. تا تەمەنی نۆساڵی، منداڵ بە لاساییکردنەوە و شوێنکەوتنی ڕێنماییەکان فێر دەبێت. گەر هەست بە خراپە بکەیت لەبارەی شتێکەوە، منداڵەکەشت لەبارەیەوە هەست بە خراپە دەکات. منداڵان لاسایی کاردانەوەکانتان دەکەنەوە، بەڵام لێی تێناگەن. تا تەمەنی نۆ ساڵی توانای بیرکردنەوەی عەقڵانیان نییە.

گەر بێزار بن لەبارەی هەڵەکانی منداڵانەوە، ئەوانیش هەست بە خراپی دەکەن، بەڵام ئەوە بە هیچ شێوەیەک واتای ئەوە نییە کەوا

فێری هیچ شتێک نەبوون ئەوە نەبێت لە کاردانەوەتان دەترسن و ئیرادەی خۆیان خەفە دەکەن. باوانیکردنی ئەرێنی ڕێگەتان پێ دەدات تا پارێزگاری لە ئیرادەی منداڵان بکەن و ئیرادەیان بەهێز بکەن بۆ هاوکاریکردن. بەم جۆرەیە منداڵان بە باشترین شێوە فێر دەبن.

## فێربوون لە هەڵەکانەوە

یەکێک لە گەورەترین هەڵەکان دایکان و باوکان ئەنجامی دەدەن ئەوەیە وای دادەنێن کە منداڵان لۆژیکییانە فێر دەبن لە هەڵەکانیانەوە بەر لە تەمەنی نۆساڵی. دایک و باوک هەوڵ دەدەن منداڵان فێر بکەن تا لە هەڵەکانیانەوە فێر ببن وەک لەوەی تیشک بخەنە سەر زیادکردنی هاوکاریکردن و ڕێنوێنیکردنیان بە شێواز و ڕەفتاری گونجاو. کاتێک منداڵان هەڵەی زۆر ئەنجام دەدەن، هیچ جێی سەرسامی نییە کە بەردەوام دەبن بەو شێوەیە.

منداڵان، بەر لە تەمەنی نۆ ساڵی، ناتوانن ژیرانە و بەهۆشەوە لە هەڵەکانیانەوە فێر ببن و فێریش نابن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆکردانە هەڵدەستن بە خۆڕاستکردنەوەیان. فێری توانا و شارەزاییەکانی ڕەفتارکردن دەبن وەک ڕێزگرتن، پێشکەشکردنی یارمەتی، گوێگرتن، هاوکاریکردن، هاوبەشیکردن لەڕێی لاساییکردنەوە و ئاڕاستەکردنەوە.

**لەڕێی بەردەوام ڕێنوێنیکردنیان بۆ کردنی شتە ڕاستەکە، منداڵان سەرەنجام فێر دەبن کە چی ڕاستە.**

کاتێک منداڵان بەردەوام دەبن لە هەڵەی بێزارکەر یان ئەو شتە لەیاد دەکەن ئێوە داواتان لێ کردوون، زۆربەی کات بە هۆی ئەوەوەیە ئەو تەنسیق و نیزام و سەرپەرشتیکردنەیان پێ ناگات کە پێویستیانە. لەم گۆشەنیگایەوە، کاتێک منداڵێک هەڵەکان ئەنجام دەدات، دایکان و باوکان هەمیشە بەرپرسیارن. بە ڕاستی شتێکی نادروستە وا لە منداڵەکە بکەیت هەست بە بەرپرسیارێتی بکات.

تا ئەو کاتەی منداڵان تەمەنیان دەگاتە نۆ ساڵان، توانای خۆسەرپەرشتیکردن و ئاڕاستەکردنیان نییە، چونکە، بەبێ بیرکردنەوەی عەقڵانی، منداڵان دەتوانن تەنیا لاسایی بکەنەوە. لە تەمەنی نۆ ساڵییەوە تا هەژدە ساڵی، منداڵان هێشتا تەنیا فێر دەبن تا بەرپرسیار بن. کاتێک توانیان بە تەواوی بەرپرسیار بن، لە دەوروبەری تەمەنی نۆزدە ساڵیدا، سەربەستیان دەکەین تا لە جیهانێکدا بژین کە بە تەواوی بەرپرسیار ڕایاندەگرێت لەپای کردەوەکانیان.

**زۆربەی دایکان و باوکان بە هەڵە چاوەڕێی هەستی بەرپرسیارێتی کەسێکی نۆزدە ساڵ دەکەن لە منداڵێکی بچکۆلە.**

منداڵان فێر دەبن ڕێزدار بن بەرانبەر شتەکان یاخود کەسانی دیکە نەک بەوەی بە بەرپرسیاریان بگرین، بەڵکو لەڕێی بینینی دایک و باوکیانەوە کە ڕێزدار بن. شتێکی ناباو نییە بۆ دایکێک کە لە منداڵەکەی دەدات و دەڵێت: "نامەوێت لە براکەت بدەیت. ئێستا داوای لێبووردنی لێ بکە."

منداڵان بە چاولێکەری و لاساییکردنەوە فێر دەبن. گەر دایک و باوک بقیژێنن بەسەر منداڵەکانیاندا یاخود لێیان بدەن، ئەوسا منداڵان بەسەر یەکدا دەقیژێنن یاخود لەیەک دەدەن. گەر دایک و باوک ڕێز لە یەکدی بگرن و داوای لێبووردن لە یەکدی بکەن، ئەوسا منداڵەکانیشیان ڕێز لە یەکتر دەگرن و باشتر ئامادە دەبن لە تەمەنی نۆ ساڵیدا بەرپرسیار بن و لێپرسراوێتی بگرنە ئەستۆ. کاتێک منداڵان هەست بە پاکی و بێگەردی دەکەن نەک بەرپرسیارێتی هەڵەکانیان بگرنە ئەستۆ بۆ ماوەی نۆ ساڵی سەرەتای تەمەنیان، ئەوسا ئامادە دەبن لە هەڵەکانیانەوە فێر ببن کاتێک مێشکیان وەک پێویست گەشەی کردووە.

ئەو منداڵانەی ئەزموونی نۆ ساڵی سەرەتای تەمەنیان لە پاکی و بێگەردی ناکەن، دەیشتوانن لە هەڵەکانیانەوە فێر ببن، بەڵام ڕەنگە بە ئاسانی لە خۆیان خۆش نەبن لەپای هەڵەکانیان. مەیلێکی گەورەتریان دەبێت بەرگریکەر بن لەبارەی کردنی هەڵەکانەوە و شکست دەهێنن لەوەی خۆیان ڕاست بکەنەوە. کاتێک منداڵان ئەزموونی نۆ ساڵ لە پاکی و بێگەردی دەکەن، خاوەن بناغەیەکی پتەو دەبن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەڵەکاندا بە شێوەیەکی تەندروست. دەتوانن لە خۆیان ببورن و وردەوردە لە هەڵەکانیانەوە فێر ببن.

بەر لە تەمەنی نۆ ساڵی، منداڵان دەزانن چی بکەن، چونکە بەردەوام ڕێنوێنی کراون بە هۆی داواکارییەکانی دایک و باوکیانەوە. بە توانا و شارەزاییەکانی باوانیکردنی ئەرێنی، منداڵان هان دەدرێن هاوکاری بکەن نەک لە ترسی سزادان بەڵکو لەو هەستە زگماکییە سروشتییەی خۆیانەوە هەیانە بۆ دڵخۆشکردن و هاوکاریکردنی کەسانی دیکە.

**تیشکخستنەسەر هەڵەکان بە هیچ شێوەیەک خزمەت بە منداڵ ناکات.**

کاتێک منداڵان هاوکاری دەکەن لەگەڵ ویست و خۆزگەی دایک و باوکیاندا، فێر دەبن کە چی ڕاستە. منداڵان فێر نابن کە چ شتێک ڕاستە لەڕێی شیکردنەوەی ئەو هەڵەیەی کردوویانە. هەڵەیە بە کاتی منداڵ دوور بخەیتەوە و داوای لێ بکەین بیر لەو هەڵەیە بکاتەوە کە کردوویەتی. کاتێک بە کاتی منداڵ دوور دەخەیتەوە، بۆ ئەوەی بیگێڕیتەوە ژێر جڵەو، نەک بۆ ئەوەی فێری بکەیت چی هەڵەیە و چی ڕاستە.

کاتێک منداڵان هاوکاری دایک و باوکیان دەکەن و پەرچەپێدانێکی ئەرێنی وەردەگرن لەپای هاوکاریکردنیان، فێر دەبن بە شێوازی بەپرسیارانە ڕەفتار بکەن. دەتوانن وەڵامدەرەوە بن بۆ پێویستی و خۆزگە و ویستەکانی دایک و باوکیان. بەم شێوەیە، منداڵی بەرپرسیارە. ئەمە تاکە جۆری بەرپرسیارێتییە کە منداڵێکی خوار نۆ ساڵ دەتوانێت گەشەی پێ بدات.

## فێربوونی هەقبۆکردنەوە

بە بوونی هەستی سەلامەتی بۆ ئەنجامدانی هەڵە، ئەوسا منداڵان دەتوانن بیروهۆشیان بخەنە سەر ئەوەی چی بکەن دوای ئەوەی هەڵەیەک ئەنجام دەدەن. کاتێک هەڵەیەک ئەنجام دەدرێت، دایک و باوک پێویستە نیشانی بدەن چۆن شتەکان ڕاست بکرێنەوە یان جارێکی دیکە باشتر بکرێنەوە. لەڕێی لاساییکردنەوەی ڕەفتاری دایک و باوکیانەوە، منداڵان وردەوردە فێر دەبن چۆن شتەکان بخەنەوە سەر سکەی ڕاست یاخود بۆ هەڵەکانیان هەق بکەنەوە.

باشترین ڕێگە بۆ فێرکردنی ئەم وانە گرنگە ئەوەیە لەڕێی نموونەوە ڕێنوێنی بکرێن. گەر کوڕەکەت ئازاری هاوڕێیەکی دا لە کاتی زۆرانبازیدا، دەستی کوڕەکەت بگرە و بچۆرە لای ئەو هاوڕێیەی

ئازاری پێگەیشتووە. لە کاتێکدا کوڕەکەت گوێ دەگرێت، بڵێ: "داوای لێبووردن دەکەم ئەمە ڕووی دا. با چاکی بکەینەوە." بە یارمەتی کوڕەکەت، هەندێک سەهۆڵ بهێنە و کات وەربگرە بۆ چاودێریکردنی زامداری منداڵە زامدارەکە. وەک لەوەی لۆمەی منداڵەکەت بکەیت لەپای هەڵەیەک کە کردوویەتی، هەستێکی لەدەستدان لەگەڵیدا هاوبەشی پێ بکە.

نیشانی منداڵەکەتی بدە هەمیشە هەلێک هەیە لە ژیاندا بۆ هاوسەنگکردنەوەی تەرازووەکە کاتێک هەڵەیەک یان کارێکی خراپ ڕووی داوە. بەم شێوەیە، بە گرتنەئەستۆی بەرپرسیارێتی بۆ باشترکردنی شتەکان، منداڵەکە وردەوردە پەرە بە ئارەزوویەک دەدات بۆ ڕاستکردنەوەی شتەکان، کاتێک بە سروشتی دان دەنێت بە هەڵەکانیدا لە دواتردا.

**هەمیشە هەلێک هەیە لە ژیاندا بۆ هاوسەنگکردنەوەی تەرازووەکە کاتێک هەڵەیەک یان کارێکی خراپ ڕووی داوە.**

گەر دایکان و باوکان، بە شێوەیەکی بەردەوام، دان بنێن بە هەڵەکانیاندا، ئەوسا منداڵەکە باشتر ئامادە دەبێت تا هەڵەکانی خۆی بناسێتەوە. شێوازی گرتنەئەستۆی بەرپرسیارێتی بۆ هەڵەیەک، لەپاڵ خۆڕاستکردنەوەدا، ئەوەیە بە گونجاوی هەقی بۆ بکرێتەوە. هەقبۆکردنەوە شتەکان باشتر دەکات لەدوای ئەنجامدانی هەڵە. زۆرێک لە دایکان و باوکان هەڵەکانیان لە منداڵەکانیان دەشارنەوە و بە دەگمەن پۆزش دەهێننەوە. وای دادەنێن توانایان بەسەر منداڵەکانیاندا لەدەست دەچێت گەر دان بنێن بەوەدا کەوا ڕاست نین و هەمیشە لەسەر حەق نین.

دایک و باوک دەتوانن منداڵەکانیان فێر بکەن بەرپرسیار بن لەرێی نیشاندانی بەرپرسیارێتییەوە. کاتێک دایک و باوک درەنگ دەکەون لەوەی بچن منداڵەکانیان هەڵگرن لە قوتابخانە، لەبری ئەوەی ڕوونی بکەنەوە بۆچی درەنگ کەوتوون، پێویستە گوێ بگرن، پۆزش بهێننەوە، هەقیان بۆ بکەنەوە. شێوازی گرتنەئەستۆی بەرپرسیارێتی بۆ هەڵەیەک، لەپاڵ خۆڕاستکردنەوەدا، هەقبۆکردنەوەی گونجاوە. هەقبۆکردنەوە بە سادەیی بریتییە لە باشترکردنی شتەکان لەدوای کردنی هەڵەیەک.

**لەبری ئەوەی ڕوونی بکەنەوە بۆچی درەنگ کەوتوون، دایک و باوک پێویستە گوێ بگرن، پۆزش بهێننەوە، هەق بۆ منداڵەکانیان بکەنەوە.**

کاتێک دایک و باوکێک درەنگ دەکەون لەوەی منداڵەکانیان هەڵبگرن، دەتوانن هەق بکەنەوە بە کردنی شتێکی زۆر تایبەت، لە نموونەی ئەوەی لە ڕێ لا بدەن و شتێکی تایبەت بکڕن. ڕەنگە دایک و باوکەکە بڵێن: "زۆر داوای لێبووردن دەکەم کە درەنگ کەوتم، دەمەوێ هەقت بۆ بکەمەوە بەوەی شتێکت بۆ بکڕم. ئێستا بابڕۆین ساردەمەنییەک بخۆین." بۆ قەرەبووکردنەوەی هەڵەکەیان، دایک و باوک دەتوانن پێشنیاری کردنی کارێکی ئەو ڕۆژەی منداڵەکە باخۆ چالاکییەکی خۆش بکەن. بە نیشاندانی نموونەیەکی هەقبۆکردنەوە منداڵان باشتر ئامادە دەبن تاوەکوو ببن بە هەرزەکار و کەسی پێگەیشتووی بەرپرسیار.

توانای منداڵان بۆ خۆڕاستکردنەوە، تا تەمەنی نۆ ساڵی، برەوی پێ دەدرێت و بەهێز دەکرێت کاتێک ئازاد بن لە بەرئەنجامەکانی

هەڵەکانیان. توانای بەرپرسیاربوون بۆ هەڵەکان و هەقبۆکردنەوە پەرەی پێ دەدرێت بە ئەزموونکردنی دووبارە و دووبارەی هەقکردنەوەی دایک و باوک بۆ هەڵەکانیان. بەم شێوەیە، منداڵان نەک تەنیا فێر دەبن بەرپرسیار بن، بەڵکو فێر دەبن قەرەبوو بکەنەوە یان باجی هەڵەکانیان بدەن بە شێوازێکی بەرپرسیارانە و گونجاو.

## دایکان و باوکان دەتوانن منداڵەکانیان فێر بکەن بەرپرسیار بن لەڕێی نیشاندانی بەرپرسیارێتییەوە.

کاتێک هەرزەکارێک دوا دەکەوێت و بەردەوام دایک و باوکی لە چاوەڕوانیدا دەهێڵێتەوە، لەپاڵ ئەوەی دەبێت فێر بێت زیاتر ڕێزی کات بگرێت، پێویستە هەقیش بکاتەوە. پەیامەکە سادەیە، "گەر تۆ بەردەوام من لە چاوەڕوانیدا بهێڵیتەوە، دواتر دەتوانیت چی بکەیت تا ژیانم ئاسانتر بکەیت و نارەحەتم نەکەیت؟"

کاتێک منداڵێک گەورە و بەخێو کرا بەوەی دایک و باوکی هەق بکەنەوە بۆ هەڵەکانیان، ئەوسا هەرزەکارێک خۆکردانە زیاتر وریا دەبێت و دڵخۆش دەبێت بەوەی ئەویش هەق بکاتەوە بۆ هەڵەکانی. هەندێک جار خۆکردانە دەڵێت: "داوای لێبووردن دەکەم -چۆن دەتوانم قەرەبووی ئەمەت بۆ بکەمەوە؟"

لە کاتەکانی دیکەدا، دەمودەست پێشنیارێک دەکات. "داوای لێبووردن دەکەم لە چاوەڕوانیدا تۆم هێشتووەتەوە، حەز دەکەیت ئۆتۆمبیلەکەت بۆ بشۆم تا قەرەبووی ئەمەت بۆ بکەمەوە؟"

وەڵامێکی دیکەی تەندروست ئەمەیە: "بە ڕاستی داوای لێبووردن دەکەم تۆم لە چاوەڕوانیدا هێشتەوە. جارێک قەرزارتم." ئەمە مانای ئەوەیە دایک و باوک دەتوانن بیر لە شتێکی زیاتر بکەنەوە کە حەزی

لێ دەکەن لە ماوەی چەند هەفتەی دواتردا و منداڵەکەش دڵخۆش دەبێت بۆیان بکات.

لە هەمان کاتدا، گەر ڕێکەوت دایک و باوک درەنگ بکەون، ڕەنگە دایک و باوکەکە بڵێن: "داوای لێبووردن دەکەم درەنگ کەوتم. هەفتەی پێشوو جارێک قەرزارم بوویت، بۆیە ئێستا یەکسانین."

گەر منداڵە هەرزەکارەکەتان بە توانا و شارەزاییەکانی باوانیکردنی ئەرێنی بەخێو نەکرابێت، ئەوسا پێویستە بپرسی: "چۆن حەز دەکەی قەرەبووی ئەمەم بۆ بکەیتەوە؟" یاخود، ب ەسادەیی تێیبگەیەنە نارەحەتی کردوویت، بۆیە ئێستا جارێک قەرزارتە.

هەر بە زوویی دوات دەکەوێت و تێدەگات و بە خۆشحاڵییەوە هێز دەکاتەوە هەر کاتێک گونجا لەبری ئەوەی سزا بدرێت. بە هەمان شێوە هەرزەکاران پێویستیان بە شەرمەزارکردن و سزادان نییە هەستی سەلامەتی بۆ کردنی هەڵە ڕێگەیان بۆ خۆش دەکات تا زیاتر بەرپرسیار بن گرنگ نییە لە چ تەمەنێکدا دەستی پێ بکەن.

## سزا مەدە، هەمووارکردنەوە بکە

توانا و شارەزاییەکانی باوانیکردنی ئەرێنی هیچ سزادانێک بەکار ناهێنێت بۆ هاندانی هاوکاریکردن، بەڵام هەندێک جار دایک و باوکێک ڕەنگە ناچار بێت هەندێک گۆڕانکاری بکات دەربارەی هەندێک سەربەستی دیاریکراو کە دراوە بە منداڵێک یان هەرزەکارێک. گەر کوڕە تەمەن هەشت ساڵانەکەت بەردەوام خەریکی باز بازێنە لەسەر قەنەفەکان لە ژووری میوان، ئەوسا ڕەنگە ناچار بێت تواناکانی سنووردار بکەیت تا لە ژووری میوان یاری بکات گەر خۆت لەوێ نەبوویت. بەر لەوەی ئەم گۆڕانکارییە بکەیت، پێویستە سەرەتا پێنج توانا و شارەزاییەکەی باوانیکردنی ئەرێنی جێبەجێ بکرێن.

له هه‌مـوارکردنه‌وه‌ی ئه‌و هه‌نگاوه‌دا، ئاگاداری بکه‌ره‌وه ده‌توانیت هه‌لی یـاریکردنی له ژووری میـوان به‌ده‌ست بهێنیته‌وه. شتێکی له‌م شێوه‌یه بڵێ: "کاتێک توانیت هاوکارمان بیت به‌وه‌ی باز بازێن نه‌که‌یت له‌سه‌ر قه‌نه‌فه‌کان کاتێک من له‌گه‌ڵ تۆم له‌م ژووره‌دا، ئه‌وسا چاوێک به‌و بڕیاره‌دا ده‌خشێنمه‌وه، تۆش ده‌توانیت له ژووری میوان یاری بکه‌یت کاتێک من لێره نیم." له‌م نموونه‌یه‌دا، باوانه‌که سزا ناده‌ن، ته‌نیا یاساکان یاخود هێڵه‌کانی ڕێنوێنیکردن هه‌موار ده‌که‌نه‌وه.

گه‌ر له پشـــووی کۆتـــایی هه‌فـتـه‌دا، هه‌ڵـت داوه به کـوڕه شـانزه ساڵه‌که‌ت تا کاتژمێر یه‌کی شه‌و له ده‌ره‌وه بمێنێت، ئه‌ویش به‌رده‌وام دوا ده‌که‌وێـت، ئه‌وسـا ڕه‌نـگه هه‌مــوارکردنه‌وه‌ییه‌ک گه‌ره‌ک بێـت. قه‌ده‌غه‌ی چوونه ده‌ره‌وه پێویسته بخرێته کاتێکی زووتر، نه‌ک وه‌ک سـزادانێک به‌ڵکـو به هـۆی ئه‌وه‌ی درک ده‌که‌یـت به‌وه‌ی منـداڵه‌که‌ت وه‌ک پێویسـت هه‌ست به به‌رپرسیاریتی ناکات تاوه‌کوو تا ئه‌و کاته دره‌نـگه له ده‌ره‌وه بمێنێـته‌وه. گه‌ر هێنـده به‌رپرسـیار نه‌بـوو بیـری کاته‌که‌ی بکه‌وێته‌وه و ڕێز له کـاتی دیاریکراوی چوونه ده‌ره‌وه‌ی تۆ بگرێت، ئه‌وسا هێنده به‌رپرسیار نییه تاوه‌کوو یه‌کی شه‌و له ده‌ره‌وه بمێنێته‌وه.

**کاتێک هه‌رزه‌کارێک به‌رده‌وام دره‌نگ ده‌که‌وێت بۆ ماڵه‌وه، ئه‌وسا هه‌موارێک بکه کاتی چوونه ده‌ره‌وه‌ی بخه کاتێکی زووتر.**

به‌ر له‌وه‌ی هه‌مـــوارکردنه‌وه‌یه‌ک بکه‌یـت، پێویسـته هه‌رزه‌کـاره‌که به‌خشرا بێت، به‌ڵام گه‌ره‌کیشه هه‌قیش بکاته‌وه بۆ ناڕه‌حه‌تکردنی تۆ. دوای به‌کارهێنـانی هه‌ر پێـنج توانـا و شـاره‌زاییه‌که‌ی بـاوانیکردنی

ئەرێنی، گەر هەرزەکارەکە بەردەوام بوو لە درەنگ هاتنەوەی، ئەوسا باوانی هەرزەکارەکە پێویستە دان بنێن بەوەی هەڵەیەکیان کردووە بەوەی ڕێگەیان داوە تا ئەو کاتە درەنگە منداڵەکەی لە دەرەوە بێت و هەمواری چوونە دەرەوە بکات بۆ کاتێکی زووتر.

دایک و باوکەکە دەتوانن شتێکی لەم شێوەیە بڵێن: "دەزانم تۆ تێدەگەی کە ئەمە کاتی دیاریکراوی چوونە دەرەوەیە، منیش تێدەگەم کە شتەکان ڕوو دەدەن، تۆیش کاتەکە لەیاد دەکەیت. چەند جارێک باسی ئەمەمان کردووە. دەزانم تۆ ئەوپەڕی هەوڵی خۆت دەدەی. پێیشم وایە تۆ سەربەخۆیی زۆرت هەیە. من کاتی چوونە دەرەوەی تۆ ڕێک دەخەمەوە بۆ دوانزەی شەو. گەر بتوانی سێ جار بەدوای یەکدا ڕێز لەوە بگریت، ئەوسا دەچینەوە سەر ١٢:٣٠، کاتێکیش من توانیم متمانە بە تۆ بکەم کە ئەو کاتەت لەبیر دەبێت، ئەوسا چاوێک دەخشێنینەوە بەوەی تا یەکی شەو لە دەرەوە بیت. لە پشووەکانی کۆتایی هەفتەدا، دەمەوێ تا ١٢ی شەو گەڕابیتەوە ماڵەوە."

## چۆن کاردانەوە بنوێنین کاتێک منداڵان هەڵەیەک دەکەن

کاتێک منداڵێکی تا تەمەنی نۆساڵی هەڵەیەک دەکات، پێویستە بە شێوەیەک کاردانەوە بنوێنین کەوا کردنی هەڵەکان شتێکی ئاسایییە و هەموو کات ڕوو دەدەن. نابێت داوا لە منداڵەکە بکرێت پۆزش بهێنێتەوە یان هەق بکاتەوە تا تەمەنی دە ساڵی. بۆ نموونە، کاتێک منداڵێک شتێک دەشکێنێت، بە تەواوی بەرپرسیارێتی دایک و باوکە چونکە منداڵەکە ئەو سەرپەشتیکردنەی وەرنەگرتووە کە گەرەکیەتی. لە دۆخێکی لەو شێوەیەدا، گەرەک نییە منداڵەکە پۆزش بهێنێتەوە یاخود هەقی ئەو کارەی بکاتەوە.

کاتێک منداڵێک لە منداڵێکی دیکە دەدات، نابێت منداڵەکە سزا بدرێت یاخود زۆری لێ بکرێت پۆزش بهێنێتەوە. لەجیاتی ئەوە، پێویستە دایک و باوکەکە دووبارە منداڵەکە ئاراستە بکەنەوە. گەر هەر لۆمەکردنێک لە ئارادا بێت، هەمیشە بەرپرسیارێتی دایک و باوکەکەیە چونکە بە شێوەیەک منداڵەکە ئەوەی وەرنەگرتووە کە پێویست بووە لە دایک و باوکییەوە. ڕەنگە بابەتەکە ئەوە بێت کە منداڵەکە وەک پێویست تێگەیشتن، سەرپەرشتیکردن، تەنسیق و نیزامی وەرنەگرتووە.

کاتێک دوو منداڵ شەردەکەن، لەجیاتی ئەوەی وایان لێ بکەن پۆزش بهێننەوە و ئاشت ببنەوە، تەنیا ئاشتیان بکەنەوە و شتێکی لەم شێوەیە بڵێن: "باشە، با ئاشت بینەوە و هاوڕێ بین، زۆر داوای لێبووردن دەکەم کە لێدانت خوارد. با ئەم گەمەیە بکەین..."

منداڵان داوا دەکەن منداڵەکەی دیکە سزا بدرێت گەر خۆیان سزا درابوون بۆ هەڵەکانیان. داوا دەکەن پۆزشیان بۆ بهێنرێتەوە کاتێک پێشبینی ئەوەیان لێ دەکرێت پۆزش بهێننەوە. کاتێک دایک و باوک بەرپرسیارێتی دەگرنە ئەستۆ لەبری ئەوەی لۆمەی منداڵەکانیان بکەن، ئەوسا خوشک و براکان زۆر لۆمەی یەکتری ناکەن و داوای ئەوە ناکەن پۆزشیان بۆ بهێنرێتەوە.

زۆر قورسە قبووڵی هەڵەکان بکرێت چونکە زۆرێک لە دایکان و باوکان قبووڵی هەڵەکانی خۆیان ناکەن. هەست بە پێویستی سزادان دەکەن، چونکە کاتی خۆی بە منداڵی سزا دراون، بڕواشیان وایە ئەوە ئەو شتەیە ڕوو دەدات کاتێک کەسێک هەڵە دەکات. خۆشبەختانە، باوانیکردنی ئەرێنی هێشتا کاری خۆی دەکات تەنانەت کاتێک دایک و باوک هەڵەش دەکەن. گەر دایک و باوکێک بێزار بن لە منداڵێک لەپای ئەنجامدانی هەڵەیەک، هەمیشە دەتوانێت بگەڕێتەوە و بە سادەیی

پۆزش بهێنێتەوە لەپای ئەوەی بێزار بووە و دڵنیایی بدات ئاسایی هەڵە بکرێت.

دەتوانیت بڵێی: "دایە هەڵەی کرد کە زۆر بێزار بوو لێت بۆ شکاندنی گوڵدانەکە. منیش نەدەبوو بمقیژاندایە بەسەرتدا. داوای لێبووردن دەکەم. شتێکی ئەوتۆ نەبوو. هەمیشە دەتوانین گوڵدانێکی دیکە بکڕین. ئەوە تەنیا هەڵەیەک بوو، هەڵەکانیش هەر ڕوو دەدەن."

بۆ منداڵێکی گەورەتر بڵێ: "داوای لێبووردن دەکەم کە زۆر بێزار بووم لێت ئەو ڕۆژە. نەدەبوو هێندە بێزار بوومایە. زۆر شتی بێ بێزاریان کردم. شتێکی ئەوتۆ نەبوو. هەمیشە دەتوانین گوڵدانێکی دیکە پەیدا بکەین."

گەر منداڵێک گوڵدانێکی شکاند، شتێکی ئاساییە هەست بە بێزاری بکرێت بۆ گوڵدانە شکاوەکە، بەڵام دایک و باوکەکە دەبێت وریا بن لە منداڵەکە یان لە خۆیان بێزار نەبن. هەندێک لە دایکان و باوکان لۆمەی منداڵەکانیان ناکەن، بەڵام بە توندی لۆمەی خۆیان دەکەن گەرچی نیازیان نییە وا لە کەسانی دیکە بکەن هەست بە خراپە بکەن بەڵام بەبێ ئاگایی وا دەکەن. دایک و باوک دەبێت ببن بە سەرمەشقی لێبووردەیی بۆ هەڵەکانی منداڵەکانیان و هەڵەکانی خۆیشیان.

توانا و شارەزاییەکانی باوانیکردنی ئەرێنی نوێن. زۆربەی دایکان و باوکان نازانن چۆن کاردانەوە بنوێنن کاتێک منداڵەکەیان هەڵەیەک دەکات. ئەمانە هەندێک بەرچاوڕوونی بەسوودن تا بە شێوەیەکی گونجاو کاردانەوە بنوێنن بەرانبەر هەڵەکانی منداڵەکانتان. چەند خولەکێک کات وەرگرە و بیر بکەوە وەڵامدانەوەت چۆن دەبوو لە بارودۆخانەی خوارەوەدا.

گەر ڕۆژێکی خۆشت بەڕێ کردبێت، پشووی باشت دابێت، هەست بکەیت داهاتوویەکی پرشنگدارت دەبێت، کاردانەوەت چۆن دەبێت کاتێک منداڵەکەت گوڵدانەکە دەشکێنێت؟

گەر منداڵەکەت یارمەتیدەر و هاوکار بێت و هەمیشە گوێت بۆ بگرێت، کاردانەوەت چۆن دەبێت کاتێک گوڵدانەکە دەشکێنێت؟

گەر منداڵەکەت هەوڵ بدات گوڵدانەکە پاک بکاتەوە بۆ تۆ و لەپڕ زرمەیەک هات، کاردانەوەت چۆن دەبێت کاتێک گوڵدانەکە بەردەداتەوە و دەیشکێنێت؟

گەر سەرۆکی کۆمپانیاکەت بەڕێکەوت گوڵدانەکەی شکاند، کاردانەوەی تۆ چۆن دەبێت؟

گەر ڕێگە بدەیت پێنج منداڵ تۆپانێ بکەن لە ژووری میوان و بەڕێکەوت گوڵدانەکەیان شکاند، کاردانەوەی تۆ چۆن دەبێت؟

گەر گوڵدانەکە زۆر هەرزان بێت یاخود هەرچۆن بووە پێشتر بیرت کردبێتەوە لەوەی دانەیەکی نوێ پەیدا بکەیت، کاردانەوەی تۆ چۆن دەبێت؟

گەر میوانێکی نابینات هەبێت کە بەڕێکەوت گوڵدانەکەی شکاند، کاردانەوەی تۆ چۆن دەبێت؟

لە هەرکام لەم نموونانەدا، کاردانەوەت بۆ گوڵدانە شکاوەکە ڕەنگە شەرمەزارنەکەر و لێبووردە بێت. ڕەنگە هەست بە کەمێک ناڕەحەتی بکەیت لەبارەی لەدەستدانی گوڵدانەکە و بێزار بیت بە پاککردنەوەی، بەڵام بیری لێ ناکەیتەوە. ئاشکرایە بێزار نابیت لە خۆت، لە منداڵەکەت، بەڕێوەبەرەکەت، یاخود میوانەکەت. درک دەکەیت بەوەی ئەم شتانە ڕوو دەدەن. بە سروشتی زیاتر بایەخ دەدەیت بە

هەستەکانی منداڵەکەت، بەڕێوەبەرەکەت، یان میوانەکەت زیاتر لە گوڵدانەکە. بە دڵنیاییەوە ناتەوێت کەس هەست بە خراپە بکات. ئەم کاردانەوە ئەرێنی و لێبووردانەیە وەڵامێکی گونجاوە تەنانەت کاتێک بارودۆخەکانیش جیاواز بن.

هەوڵ بدە ئەم بەرچاوڕوونییە نوێیە بخەیتە بواری جێبەجێکردنەوە، بە بیرکردنەوە لەو هەڵە بێزراوە جیاوازانەی منداڵەکەت ئەنجامی داون. هەڵەیەکی دیاریکراو وەربگرە و بیخە نێو هەرکام لەو حەوت حاڵەتەی سەرەوە ڕیزبەندکراون و لە کاردانەوەی خۆت بکۆڵەوە.

بۆ نموونە، گەر منداڵەکەت بەمدواییانە شێواوییەکی ناوەتەوە و پاش خۆی خاوێن نەکردووەتەوە، لە خۆت بپرسە کاردانەوەت چۆن دەبێت گەر ڕۆژێکی خۆشت بەسەر بردبێت، پشووی باشت دابێت، هەست بکەیت داهاتوویەکی پرشنگدارت دەبێت بەڵام منداڵەکەن شێواوییەکی ناوەتەوە و پاش خۆی خاوێن نەکردووەتەوە. بەم شێوەیە، بەنێو هەر حەوت حاڵەتەکەدا گوزەر بکە بۆ فراوانکردنی هۆشیاری خۆت کە چۆن کاردانەوە دەنوێنیت لە خودە زۆر خۆشەویستەکەی خۆتەوە. کاتێک منداڵەکەت هەڵەیەک دەکات، بەبێ گوێدانە بارودۆخەکان، شایانی وەڵامێکی لێبووردانەن.

**کاتێک منداڵەکەت گوڵدانێک دەشکێنێت، بەبێ گوێدانە بارودۆخەکان، شایانی وەڵامێکی لێبووردانەیە.**

ئێستا با بارودۆخەکان بگۆڕین و بکۆڵینەوە لەوەی ناتەوێت چۆن کاردانەوە بنوێنیت کاتێک منداڵەکەت گوڵدانێک دەشکێنێت. چەند خولەکێک کات وەربگرە و بیر بکەرەوە چۆن وەڵام دەدەیتەوە لەم

بارودۆخـانەی خـوارەوەدا، پەی ببە بەوەی ئەمە ئەو شێوەیە نیـیە دەتەوێت وەڵام بدەیتەوە.

گەر ڕۆژێکی ناخۆشت بەڕێ کردووە، شەکەت و ناخ پڕیت بەوەی کاری زۆر و کاتی کەمت هەیە، داهاتووشت تاریک دیارە، کاردانەوەت چۆن دەبێت گەر منداڵەکەت گوڵدانەکە بشکێنێت؟

گەر منـداڵەکەت هەمیشـە شـتەکان بشـکێنێت و قەت گـوێ بـۆ تـۆ نەگرێـت، کـاردانەوەت چـۆن دەبێـت گەر منـداڵەکەت گوڵـدانەکە بشکێنێت؟

گەر داوات لە منداڵەکەت کرد لە ژووری میوان گەمە نەکات یاخود دەسـت لە گوڵـدانەکە نەدات و بە هەرحـاڵ کـردی، کـاردانەوەت چۆن دەبێت بۆ شکاندنی گوڵدانەکە لەلایەن منداڵەکەتەوە؟

گەر خزمەتکـارێکی بە کرێگـرتە گوڵـدانەکەی شـکاند دوای ئەوەی بەڕێکەوت چەند شتێکی دیکەی شکاندووە، کاردانەوەت چۆن دەبێت؟

گەر بە تـایبەت داوا لە منـداڵەکەت بکەیـت لە ژووری میـوان گەمە نەکـات یـان دەسـت لە گوڵـدانەکە نەدات، گوڵـدانەکەی شـکاند، کاردانەوەت چۆن دەبێت؟

گەر گوڵدانەکە زۆر گران بوو یاخود زۆر تایبەت بوو بەلای تۆوە، کاردانەوەت چۆن دەبێت کاتێک منداڵەکەت دەیشکێنێت؟

گەر داوات لە هاوسەرەکەت کرد گوڵدانەکە لا بەرێت، بەڵام لەیادی کرد و پاشـان بەڕێکەوت شکا، کـاردانەوەت چـۆن دەبێت بەرانـبەر هاوسەرەکەت؟

گەر نەتوانیت جڵەوی خۆت بکەیت، ڕەنگە بە شێوەیەکی شەرمهێنەر ڕەفتار بکەیت. گەر ڕۆژێکی خراپت بەڕێ کردبێت، لەوانەیە فشاری ئەو ڕۆژەت بەسەر منداڵەکەتدا خاڵی بکەیتەوە. ئەم گولدانە شکاوە ڕەنگە ببێتە ئەو بارەی پشتی وشترەکە دەشکێنێت. بەداخەوە، منداڵان کاردانەوەی زیاد لە حەدی ئێوە وەردەگرن وەک بڵێی ئەوان بەرپرسیارن، هەست بە گوناهباری دەکەن.

## منداڵان لۆمەی زۆر دەخەنە سەر خۆیان گەر کەسێکی دیکە شان نەداتە بەر بەرپرسیارێتی.

گەر منداڵەکەت بە ڕێکوپێکی گوێت بۆ ناگرێت، ئەوسا ڕەنگە بە ڕاستی پەست و بێزار ببیت و ئەمە بەکار بهێنیت وەک نموونەیەک لەوەی چی ڕوو دەدات کاتێک گوێت بۆ ناگرێت. بێزارییەکەت تەنیا لەبارەی گولدانەکەوە نابێت، بەڵکو دەربارەی ئەو چەندین جارەش دەبێت کە منداڵەکەت گوێی نەگرتووە وەک نامەیەکی ئاگادارکردنەوەش بۆ ئەو چەندین جارەش لە داهاتوودا گوێ ناگرێت. ئەم پەیامە بۆ منداڵەکەت سەرلێشێوێنەر و ناکاریگەرە، بۆ هاوسەرەکەشت هەر وا دەبێت.

## کاتێک منداڵان هەڵەیەک دەکەن، خراپترین کاتە بیری هەڵەکانی دیکەی بهێنیتەوە ئەنجامیان داوە.

گەر منداڵەکەت بەرپەرچی داواکارییەکەی تۆی دایەوە تا وازی لە گولدانەکە بهێنێت، ئەوسا ڕەنگە وا هەست بکەیت کە پێویستە سزای

منداڵەکەت بدەیت تا فێری وانەیەکی بکەیت. بەو جۆرەی لە بەشەکانی پێشوودا لێمان کۆڵیوەتەوە، سزادان و پەیامی شەرمەزارکەرانە چێتر سەرکەوتوو نابن. ڕێگاگەلی دیکە هەن تا وا لە منداڵەکەت بکەیت کارە ڕاستەکە بکات. کاتێک منداڵێک بە ئەنقەست بەرهەڵستە، دایک و باوک پێویستە پێنج توانا و شارەزاییەکەی باوانیکردنی ئەرێنی بەکار بهێنێت لەجیاتی سزادان. سزادان تەنیا دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕووبەڕوو وەستانەوە.

سزادان یان بێزاربوون لە منداڵەکەت ڕێگاگەلی کۆن و بەسەرچوون بۆ پەیوەندیگرتن و گەیاندن. باشترین جۆری کاردانەوە بۆ هەڵەکانی منداڵەکەت بریتییە لە نیگایەکی بێزار و بێلایەن. سەرنجی زۆر مەخە سەر هەڵەکان. لەبری ئەوە، سەرنج بخە سەر ئاڕاستەکردنەوەی منداڵەکە بە داوالیکردنی بە کردنی شتێک. لەم نموونەیەدا، ڕەنگە تەنیا داوای ئەوە لە منداڵەکە بکەیت یارمەتیت بدات لە خاوێنکردنەوەی گوڵدانە شکاوەکە.

## سەرنجی زۆر مەخەنە سەر هەڵەکانی منداڵان.

کاتێک خزمەتکارێکی بە کرێگرتە گوڵدانەکەت دەشکێنێت، هەقکردنەوەی گونجاو پێویستە بکرێت. گەر کێشەکە بەردەوام بێت، خزمەتکارەکە پێویستە لە کارەکەی دەربکرێت. ئەو منداڵی تۆ نییە، تۆش بەرپرسیار نیت تا هیچ شتێکی فێر بکەیت. لەگەڵ منداڵەکانتان، ئالنگاری ئێوە ئەوەیە بەرپرسیارێتیان فێر بکەن بە شێوازێکی لێبووردانە.

گەر گوڵدانەکە زۆر گران بوو، زۆرێک لە دایکان و باوکان تەنانەت زیاتر بێزار دەبن. دایک و باوک پێویستە بیریان بێت کەوا منداڵ

نەخشە دانانێت تا هەڵەیەک بکات. گەر شتێک بە ڕاستی گرانبەها بێت، دایک و باوک خۆیان دەبێت پارێزگاری لە گوڵدانەکە بکەن، نەوەک لۆمەی منداڵەکە بکەن. گەر هەرزەکارێک گوڵدانێکی گرانبەها بشکێنێت، پێویستە هەقی بکاتەوە، بەڵام لە سنووری عەقڵدا. کارێکی زۆر ناڕەوا دەبێت چاوەڕێ بکەن لە هەرزەکارەکانتان بە پارە زیانەکانتان بۆ ببژێرنەوە. بە ئەندازەی ئێوە پارەیان دەست ناکەوێت. ڕەنگە کارێکی زیاتر شیاو خاوێنکردنەوەی گوڵدانە شکاوەکە و دواتر یارمەتیدانی تۆ بێت بۆ کڕینی گوڵدانێکی دیکە، بەڵام نەک ئەوەی ناچار بێت نرخەکەی بدات.

گەر هەرزەکارەکانتان داوەتی هاوڕێکانیان کرد و ئەوانیش زیانیان گەیاند بە کۆمپیوتەرەکەت یان دزیان، ئەوسا پێویستە پێکەوە ڕێگەیەک بدۆزنەوە بۆ منداڵەکەت تا هەق بکاتەوە. گەر بڕیار بدەیت کەوا داوای هەندێک قەرەبووی ماددی بکەیتەوە، دەبێت هاوتا بێت لەگەڵ مووچەکەی خۆت لە بەرانبەری هەرزەکارەکانتاندا. بڕی قەرەبووەکە دیاری بکە بە بەراوردکردنی سەرچاوەی داهاتەکانتان. گەر کۆمپیوتەرە دزراو یان زیان پێگەیشتووەکە نرخی ٢٠٠٠ دۆلار بوو، تۆش هەفتانە ١٠٠٠ دۆلار پەیدا بکەیت، هەرزەکارەکەشت هەفتانە ١٠٠ دۆلار پەیدا بکات، ئەوسا پێویستە بە ٢٠٠ دۆلار بەشداری بکات. گەر پارەی زیاتری هەبوو لە پاشەکەوتەکەیدا، ڕەوا نییە لێی دەربکەیت تا ئەو کاتەی بەراوردی ئەوە نەکەیت پاشەکەوتی کردووە لەبەرانبەر ئەوەی خۆت پاشەکەوتت کردووە.

**بڕی قەرەبووەکە دیاری بکە بە بەراوردکردنی سەرچاوە داهاتی خۆتان و منداڵەکانتان.**

لەپاڵ سزادان یاخود پێبژاردنی ناڕەوادا، دایکان و باوکان دەکرێت ئەو هەڵەیەش بکەن کە پێیان وایە منداڵەکەیان باشتر دەزانێت. گەر داوات لە هاوسەرەکەت کرد گوڵدانەکە لابەرێت و ئەویش لەبیری کرد، ڕەنگە بێزار بیت، چونکە هەست دەکەیت ئاگادار کراوەتەوە و ئەویش شوێنی نەکەوتووە. تۆیش هەست دەکەیت ئاگادار کراوەتەوە و دەبوو باشتر بزانێت. دایک و باوک مەیلیان لە بێزاربوونە کاتێک منداڵان لەبیری دەکەن شتەکان ئەنجام بدەن. بە هەڵە وای دادەنێن منداڵەکانیان باشتر دەزانن. لەیادی دەکەن شتێکی تەواو ئاساییە بۆ منداڵان شتەکان لەیاد بکەن. هەندێک لە منداڵان پێویستیان بەوەیە چەندین جار گوێبیستی شتێک بن بەر لەوەی بیریان بێتەوە، گەر فشاریان لێ بکرێت، ڕەنگە دووبارە لەبیری بکەنەوە.

## ئەوپەڕی هەوڵدانت بەسە

منداڵان پێویستە ئەو پەیامەیان پێ بگات کەوا باشترینی ئەوان بە ئەندازەی پێویست باشە و هەڵەکان بەشێکی سروشتین لە پرۆسەی فێربوون و گەشەکردن. لەڕێی ئەنجامدانی هەڵەکانەوە، فێر دەبین چی ڕاست یان باشترینە بۆمان. تەنیا پێویستە ئەوپەڕی هەوڵی خۆمان بدەین، ئیدی باقییەکەی بریتییە لە پرۆسەی ئەزموون و هەڵە. ئەمە پەیامێکی تەندروستە، بەڵام بە ئاسانی دەکرێت بە هەڵە بەکار بهێنرێت بۆ شەرمەزارکردنی منداڵەکانمان.

زۆربەی کات دایک و باوک هاوڕان لەگەڵ ئەو بیرۆکەیەی کەوا ئەوپەڕی هەوڵدانی خۆی بە ئەندازەی پێویست بەسە. کاتێک منداڵەکانیان شکست دەهێنن یان هەڵە دەکەن، بە نادروستی وای دادەنێن کەوا ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان نادەن. ئەوسا منداڵەکەش بابەتەکە بەو جۆرە دەبڕێتەوە کەوا ئەوپەڕی هەوڵدانی خۆی وەک پێویست بەس نییە. کاتێک ڕەخنەیان لێ دەگیرێت لەپای ئەوەی

ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان نەداوە یاخود هەڵە دەکەن، ئەوسا
دەست دەکەن بە هەستکردن بە خراپەی خۆیان.

زۆربەی کات دایکان و باوکان بە نادروستی بابەتەکە
دەبڕنەوە بە هۆی ئەوەی هەرزەکارەکانیان زیاتر پێگەیشتوون
یادەوەریان باشتر بێت. کاتێک هەرزەکاران لەیادی دەکەن
ئەنجام بدەن، دایک و باوک بە هەڵە وای دادەنێن کەوا
پێویست هەوڵ نادەن. هەوڵدان هیچ پەیوەندییەکی بە
نییە. جا بیرت بێتەوە یاخود نا. لەیادکردنیش پێویستە
هەڵەیەکی دیکە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

یەکێک لە باشترین ڕێگەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ
هەرزەکاران، کە زۆربەی کات شتەکان لەیاد دەکەن،
جۆرێک داوا بکەیت لێیان وەک ئەوەی یەکەم جارت بێت
گەر بەردەوام بوویت لە داواکردن بەم شێوەیە، ئەوسا
هەرزەکارەکە درک دەکات بەوەی شتەکان لەیاد دەکات.
خۆی بەوەی زانی، توانای بیرهاتنەوەیان بەهێز دەبێت.
وەستایت لەوەی بیری منداڵەکەت بهێنیتەوە کە چیان لەیاد
خۆیان بیریان هاتەوە، ئەوسا بیری شتی زیاتریان دەکەوێتەوە
داوات کردووە.

بۆ زۆربەی منداڵان و هەرزەکاران، تا زیاتر هەست بە
زیاتر شتەکان لەبیر دەکەن. سەرکردنە سەریان یان بێزاربوون
هیچ کاریگەر نییە. تەنیا دەبێتە هۆی دروستکردنی فشاری
ڕێگر دەبێت لەوەی باشتر شتەکانیان بیر بێتەوە.
ڕێگەیەکی باشترە بۆ بەهێزکردنی یادەوەری منداڵ
منداڵەکەت یان هەرزەکارەکەت بە بەردەوامی شتێکی
ئەوسا لە کۆتایی هەر هەفتەیەکدا پاداشتی بدەرەوە بۆ
بیری دێتەوە.

## کاتێک منداڵەکانیان شکست دەهێنن یان هەڵە دەکەن، دایکان و باوکان بە نادروستی وای دادەنێن کەوا ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان نادەن.

کاتێک منداڵان هەڵە دەکەن، دایک و باوکە نائومێدەکان بێئاگایانە چەندین پەیامی شەرمەزارکەر دەدەن کە وا لە منداڵان دەکات هەست بە خراپە، هەڵە، ناتەواوی و ناشایستەیی بکەن. ئەمانە هەندێک لە پەیامە باوەکانن.

- تۆ لەوە باشتر دەزانیت.
- دەتوانی لەوە باشتر بکەیت.
- دەبوو لەوە باشترت بزانیایە.
- چۆن توانیت لەیادی بکەیت؟
- پێشتر ئەوەم گوت.
- ئاگادارم کردیتەوە.
- گەر تەنیا گوێت بۆ بگرتمایە.....
- باشە تۆ چیتە؟
- بینیوومە باشتر کردووتە.
- کێشەی تۆ چییە؟
- تۆ تەنیا گوێ ناگریت.

دایک و باوک بە هەڵە وای دادەنێن کەوا کاتێک منداڵەکانیان هەڵە ئەنجام دەدەن، بەو شێوەیە ڕەفتار ناکەن و ناجووڵێنەوە لەئاست پێشبینییەکانی ئەواندا بێت، ئەوا ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان نادەن. بە منداڵ گوتن کەوا ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان نادەن شتێکی

شەرمەزارکەرە. بەکارهێنانی سەرزەنشتکردنە وەک ڕێگەیەک بۆ هاندانی منداڵان. بەو شێوەیەی کە و پشکنەمان بۆ کردووە بەکارهێنانی هەستی گوناهباری بۆ دەستگرتن بەسەر منداڵدا نەک هەر پێویست نییە، بەڵکو، بۆ منداڵانی ئەمڕۆ، سەرکەوتوو نابێت.

باوانیکردنی ئەرێنی درک دەکات بەوەی منداڵان هەمیشە ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان دەدەن. کاتێک هەڵە دەکەن، ئەوە بەشێکە لە پرۆسەی فێربوونیان. کاتێک لە جڵەو دەردەچن، ئەو شتە بەدەست ناهێنن کە پێویستیانە تا لە جڵەودا بمێننەوە. بەبێ گوێدانە ئەوەی منداڵان چیان بە هەڵە کردووە، ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان هەر دەدەن.

**باوانیکردنی ئەرێنی درک دەکات بەوەی منداڵان هەمیشە ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان دەدەن.**

منداڵان لە خەو ڕانابوورن و بیر بکەنەوە: "چۆن دەتوانم ئەوپەڕی هەوڵی خۆم نەدەم ئەمڕۆ؟" دەتوانم چی بکەم تا بە ڕاستی نوشوستی بهێنم؟ چۆن دەتوانم ژیانی دایک و باوکم بشێوێنم و وایان لێ بکەم ڕقیان لێم بێت؟" هیچ کەس بەم شێوەیە بیر ناکاتەوە گەر بە قووڵی زامدار نەبن. تەنانەت ئەو کاتەش، منداڵ ئەوپەڕی هەوڵی خۆی هەر دەدات، هەڵبەتە بە شێوازێکی ڕێ بەهەڵەدابەر، تاوەکو پێویستییەکانیان وەدی بێن.

ئەوپەڕی هەوڵدانی خۆت واتای ئەوە نییە هەموو توانای کەسەکە دەربڕاوە. تەنیا واتای ئەوەیە بە پشتبەستن بە سەرچاوەکانت لەو کاتەدا، تۆ ئەوپەڕی هەوڵی خۆتت داوە. با نموونەیەکی سادە وەرگرین تا ئەم خاڵە ڕوون بکەینەوە.

دوێنێ، ئەوپەڕی هەوڵی خۆمم دا لە نووسیندا. سێ لاپەڕەم لە تاقە ڕۆژێکدا نووسی. بەلای زۆرێک لە نووسەرەکانەوە، ئەمە بە ڕاستی شتێکی مەزنە. کاتێک دەستم کرد بە نووسینی ئەم کتێبە، ئەوپەڕی هەوڵی خۆمم دا، بەڵام ڕۆژی دەرەقەتی سێ لاپەڕە هاتم. ئەمڕۆ، ماندوو بووم، بەڵام ئەوپەڕی هەوڵی خۆمم دا و پێنج لاپەڕەم نووسی. ڕۆژێک سێ لاپەڕەم نووسی. دواتر لە ڕۆژێکدا، سێ لاپەڕەم نووسی. پاشان ڕۆژی دواتر پێنج لاپەڕەم نووسی. کەچی هێشتا هەموو ڕۆژێک ئەوپەڕی هەوڵی خۆمم دەدا.

بە ڕەچاوکردنی ئەم نموونەیە، دەبینن ئەنجامەکە پێوەرێکی دەقیق نییە بۆ ئەوپەڕی هەوڵدانی خۆم. بە هەمان شێوە، هەڵەیە باشترین هەوڵدانی منداڵان بە ئەنجامدانی کارەکانیان بپێوین. نهێنی ئەوەی وا بکەین ئاسایی بێت منداڵەکانمان هەڵە بکەن ئەوەیە درک بکەین بەوەی هەمیشە ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان دەدەن.

## کاتێک ئاسایی نییە هەڵە بکرێت

کاتێک ئەنجامدانی هەڵە قبوولکراو نییە، منداڵان بە چەندین شێوەی ناتەندروست کاردانەوە دەنوێنن. ئەم لیستەی خوارەوە چوار ڕێگەی باو لەخۆ دەگرێت کە منداڵەکانمان کاردانەوەی پێ دەنوێنن، کاتێک هەڵەکانیان قبوول ناکرێن.

١. هەڵەکان دەشارنەوە و ڕاستییەکە ناڵێن.
٢. پێوەر و ستانداردی بەرز دانانێن یاخود سەرکێشی ناکەن.
٣. بەرگری لە خۆیان دەکەن بەوەی پاساو بۆ هەڵەکانیان دەهێننەوە یاخود لۆمەی کەسانی دیکە دەکەن.
٤. ڕێزلەخۆنانیان کەمە و مەیلی سزادانی خۆیان هەیە.

ئەم چوار کاردانەوەیە دەتوانرێت خۆیان لێ لا بدرێت کاتێک منداڵان پەیامێکی ڕوونیان پێ دەگات کەوا ئاساییە هەڵە بکرێت. منداڵان بە توانای خۆشویستنی دایک و باوکیانەوە دێنە ئەم جیهانەوە، بەڵام ناتوانن خۆیان خۆش بوێت یان لە خۆیان ببوورن. منداڵان فێر دەبن خۆیان خۆش بوێت بەو شێوازانەی دایک و باوکیان مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن و بە شێوازی کاردانەوەی دایک و باوکیان بەرانبەر هەڵەکانیان. کاتێک منداڵان شەرم ناکەن یان سزا نادرێن لەپای هەڵەکانیان، ئەوسا فێر دەبن کە ناچار نین کەسێکی کامڵ و بێکەموکووڕی بن تا خۆش بویسترێن. وردەوردە فێری گرنگترین توانا و شارەزایی دەبن: توانای خۆشویستنی خۆیان و قبوولکردنی کەموکووڕی و نەنگییەکانیان.

**منداڵان فێر دەبن خۆیان خۆش بوێت، بەو شێوازانەی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت لەگەڵ کاردانەوەی دایک و باوکیان بەرانبەر هەڵەکانیان.**

کاتێک دایک و باوک پۆزش دەهێننەوە بۆ هەڵەکانی خۆیان، منداڵان خۆکردانە لێبووردەیی دەنوێنن و دەبەخشن. منداڵان پێشوەختە بەرنامەڕێژ کراون تا لە دایک و باوکیان خۆش ببن، بەڵام خۆیان نا. گەر دایک و باوک هەڵە نەکەن و دواتر پۆزش نەهێننەوە، منداڵان هەرگیز فێر نابن چۆن لێبووردە بن. گەر دایک و باوک هەڵە بکەن و پۆزش نەهێننەوە، منداڵان لۆمەی خۆیان دەکەن. بەبێ پراوەی پێویست بۆ لێخۆشبوونی دایک و باوکیان، منداڵان فێر نابن چۆن لە خۆیان ببوورن.

لەخۆبووردن تاریکایی هەستی گوناهباری ڕادەماڵێت. بەوە فێری لەخۆبووردن دەبن دەرفەتی ئەوە هەبێت جار لەدوای جار ئەزموونی ئەوە بکەن کەوا دایک و باوکیان هەڵەیش دەکەن و هێشتا قابیلی ئەوەن خۆش بویسترێن. کاتێک منداڵان دەبینن دایک و باوکیان خاوەن کەموکووڕین و هێشتا قابیلی ئەوەن خۆش بویسترێن، ئەوسا لە تەمەنی دە ساڵیدا کاتێک لەناکاو زیاتر بەئاگا دێنەوە لەبارەی خۆیانەوە، بەم شێوەیە بەئاگا دێنەوە لەبارەی نەنگییەکانی خۆیانەوە، ئەوسا زۆر توند و ڕەق نابن لەسەر خۆیان.

لە دەوروبەری تەمەنی نۆ ساڵیدا، منداڵان هەست بە شەرمەزاری دەکەن کاتێک دایک و باوکیان شتانێک دەکەن کە پێیان وایە نامۆن، بۆ نموونە، کاتێک دایک لە دوکانی وشکە گۆرانی دەڵێت. کاتێک زیاتر بەخۆ ئاگا دێنەوە، لەناکاو زیاتر بەئاگا دێنەوە لەوەی خەڵکانی دیکە بیری لێ دەکەنەوە. کاتێک منداڵان بە تێڕوانینێکی لێبووردەوە بەخێو کراون، ئەوسا زیاتر لێبووردە دەبن بەرانبەر نەنگی و کەموکووڕییەکانی خۆیان. با وردتر بکۆڵینەوە لەو چوار ڕێگەیەی منداڵان کاردانەوەی پێ دەنوێنن کاتێک ئاسایی نییە هەڵە بکرێت.

## شاردنەوەی هەڵەکان و نەگوتنی ڕاستییەکە

کاتێک منداڵان لە سزادان یاخود لەدەستدانی خۆشەویستی دەترسن لە وەڵامی هەڵەکانیاندا، فێر دەبن هەڵەکانیان بشارنەوە. زیاتر لەوەی ئارەزوو بکەن ڕووبەڕووی سزادان ببنەوە، زیاتر حەز دەکەن ئەوە بشارنەوە کە ئەنجامیان داوە و هیوادارن لە قافا نەگیرێن. ئەمە پەل دەکێشێت بۆ درۆکردن. ئەم مەیلە بۆ شاردنەوەی هەڵەکان وردەوردە پەرە بە جیابوونەوەیەک دەدات لە ناخدا. منداڵەکە ناچارە لە دوو جیهاندا بژی. لە جیهانێکدا، ڕەنگە خۆشەویستی دایک و باوکی بەدەست بهێنێت، لە جیهانەکەی دیکەدا، بڕوای وایە، گەر هەڵەکانی پێ

بزانرێن، ئەوا خۆشەویستی لەدەست دەدات. ئەمەش کاریگەری هەیە لە حاشاکردن لەو خۆشەویستییەی بەدەستی دەهێنێت.

کاتێک منداڵان شتێکی هەڵە دەکەن و هەڵەکەیان دەشارنەوە، بەشێک لەوان هەست بە ناشایستەیی خۆیان دەکەن بۆ خۆشەویستی دایک و باوکیان. تەنانەت کاتێک دایک و باوک بە ڕاستی منداڵەکەیان خۆش دەوێت، پاڵپشتی دەکەن، ستایشی دەکەن و دانی پێدا بهێنن، بەشێکی بچووک لە خۆی هەست دەکات: "بەڵێ، بەڵام ئەوە نالێی کە بزانی چیم کردووە." ئەم هەستی ناشایستەییە بەردەوام دەمێنێ لە دوورخستنەوەی ئەو خۆشەویستی و پاڵپشتییەی بەسەر ئەم منداڵە دەدرێت. گەرچی خۆشەویستی هەیە تا پاڵپشتی بکات، ناتوانێت ڕێگەی چوونە ژوورەوەی بدات. تا ئەو ڕادەیەی منداڵان ناچارن هەڵەکانیان بشارنەوە، ئەوەندە ئەو خۆشەویستی و پاڵپشتیی ڕاستەقینەیەی دەستبارە بۆیان بە تاڵی دەکەنەوە.

**کاتێک منداڵان هەڵەکانیان دەشارنەوە، بەشێک لە خۆیان ناتوانێت ڕێگەی چوونە ژوورەوەی خۆشەویستی بدات بۆ نێو ناخیان.**

منداڵان پشت بە پاڵپشتی دایک و باوکیان دەبەستن تا هەست بە بەهێزی و بڕوابەخۆبوون بکەن. کاتێک ئەم پاڵپشتییە دەپچڕێنرێت تا دێت منداڵەکە ناسەقامگیر دەبێت. زۆر برینداركەرە کاتێک هەر کەسێک بە منداڵێک دەڵێ: "ئێستا بە دایکت یان باوکت مەڵێ. ئەمە دەبێتە ڕازی بچووکی نێوانمان." گەر منداڵەکە هەست بە سەلامەتی نەکات تا هەموو شتێک بۆ دایک و باوکی بدرکێنێت دەربارەی

هەڵەکانی خۆی یان هەڵەکانی کەسانی دیکە، ئەوسا دیوارێک هەڵدەتۆقێت و منداڵەکە لە پاڵپشتی دایک و باوکی جیا دەکاتەوە.

تەنانەت لەوەش بریندارکەرتر ئەوەیە کاتێک یەکێک لە دایک و باوک داوا دەکات کەوا منداڵێک نهێنییەک لە دایک یان باوکەکەی دیکە بشارێتەوە. ڕەنگە ئەمە پەیامەکە بێت: "باشە، من ئەم ئایسکرێمە دەدەم بە تۆ، بەڵام بە باوکت مەڵێ." ئەم پەیامە منداڵەکە زۆر نزیک دەکاتەوە لە دایکەکە و لە باوکەکەی دادەبڕێت.

لەوەش بریندارکەتر ئەوەیە کاتێک داواکاری بۆ پاراستنی نهێنی بە هەڕەشەکردن پشت قایم بێت. بۆ نموونە، کاتێک منداڵێک بە هەڵە ڕەفتاری لەگەڵ دەکرێت لەلایەن باوکییەوە، ڕەنگە باوکەکە بڵێ: "ئازارت دەدەم گەر بە دایکت بڵێی." گەر ئەم منداڵە بە دایکی نەڵێت، شاردنەوەکە زۆر بریندارکەتر دەبێت وەک لەو مامەڵە هەڵەیەی لەگەڵی دەکرێت. هەڵەکان ڕوو دەدەن و قابیلی تیمارکردنن، بەڵام گەر منداڵەکە هەست بکات ناتوانێت بکرێتەوە لەگەڵ دایک و باوکیدا، ئەوسا کاری تیماربوونەکە دوەستێت.

## منداڵانی دایک و باوکە لێک جیابووەوەکان

منداڵانی دایک و باوکە لێک جیابووەوەکان زۆربەی کات هەست دەکەن ناتوانن هەستەکان و ئەزموونەکانی خۆیان هاوبەشی پێ بکەن. کاتێک لە ماڵی جیادا دەژین، بە دڵنیاییەوە منداڵان ئەو پەیامە وەردەگرن کەوا ئاساییە باس لەوە بکرێت کە ڕوو دەدات لە ماڵەکەی دیکە. کاتێک سەلامەت نەبوو بۆ هاوبەشیکردن، دابەشبوونێک ڕوو دەدات: دەتوانن تەنیا بەشێکی ناخی خۆیان هاوبەشی پێ بکەن لە ماڵی دایکیان، بەشێکی دیکەی جیاوازیش لە ماڵی باوکیان.

منداڵان ئەو پەیامە وەردەگرن کەوا سەلامەت نییە هاوبەشی

کاتێک چیرۆکێک دەگێڕنەوە بۆ دایە لەبارەی بابەوە، چونکە

دەبێت یان ئیرەیی دەبات و بەپێچەوانەیشەوە. کاتێک

دەیگێڕێتەوە چ کاتێکی خۆشی بەسەر بردووە لەگەڵ

پێشانگاکە، دایکەکە پێش دەخواتەوە کە باوکەکە ناچاری

ئەرکەکانی قوتابخانەی بەجێ بگەیەنێت. منداڵان دەتوانن

سەرزەنشتکارانە هەست پێ بکەن و واز لە هاوبەشیکردنی

هەستەکانیان بهێنن. ئەوەی شتەکان خراپتر دەکات، دایکەکە

بۆ مێردەکەی پێشووی دەکات و دەکەوێتە گازاندەکردن.

داهاتوو منداڵەکە شتێکی خۆش دەکات لەگەڵ باوکی، باوکەکە

داوای لێ بکات بە دایکی نەڵێت.

قورسە ژینگەیەکی لەبار و سەلامەت دروست بکرێت بۆ منداڵان

هاوبەشی بە وردەکارییەکانی ژیانیان بکەن. گەر دایکان و باوکان

ببنە کەسانی نەرێنی و ڕەخنەگر و سەرزەنشتکەر، ئەوسا منداڵان واز

لە هاوبەشیکردنی هەستەکانیان دێنن. لەم حاڵەدا، نەک تەنیا زیاتر

ناسەقامگیر دەبن، بەڵکو دایک و باوکەکە هەندێک لە توانا و

دەسەڵاتی خۆیان لەدەست دەدەن بۆ گوتن و سەپاندنی دەسەڵاتی

ڕێبەریکردنیان.

تا منداڵێک یان هەرزەکارێک زیاتر هەست بە ئازادی بکات بۆ

هاوبەشیکردنی هەموو شتێک لەگەڵ ئێوەدا بێ ئەوەی ئازار بخۆن

یان ئازاری کەسێکی دیکە بدەن، ئەوسا ئارەزوویان زیاتر دەبێت تا

هاوکاریتان بکەن. لەیادتان بێت، کاتێک منداڵان هەست بە سەلامەتی

دەکەن تا خۆیان بن، ئەوسا خۆکردانە هان دەدرێن تا هاوکاری بکەن

بۆ زیادکردنی توانای کاریگەری خۆیان بەسەر هەرزەکاراندا، دایک و

باوک پێویستە بکشێنەوە لەوەی حوکم بدەن و چارەسەر بخەنە ڕوو

ناوەکوو منداڵەکانیان بەردەوام بن لەوەی بێنە لایان و جیهانەکەی خۆیان لەگەڵ ئەواندا بەش بکەن.

## دانەنانی پێوەری باڵا و خۆنەدانە دەم سەرکێشی

کاتێک منداڵان پەیامی شەرمەزارکەر وەردەگرن دەربارەی هەڵەکانیان، زۆربەی کات دەترسن لەوەی هەڵەی زیاتر ئەنجام بدەن. بۆ ئەوەی خۆیان بپارێزن لە بەرئەنجامە بەئازارەکانی هەڵەکردن، نوشوستیهێنان و نائومێدکردنی دایک و باوکیان، گەمەکە بە سەلامەتی دەکەن. لەبری ئەوەی پێوەری باڵا بۆ خۆیان دابنێن کە ڕەنگە بەدەستی نەهێنن، ئەوە دەکەن کە پێشبینی کراو و سەلامەتە. بە ژیانکردن لە بازنەیەکی ئاسوودەدا، نەک تەنیا خۆیان بچووک دەکەنەوە، بەڵکو بێزاریش دەبن چونکە ئاڵنگاریان نابنەوە.

**بە ژیانکردن لە بازنەیەکی ئاسوودەدا، نەک تەنیا خۆیان بچووک دەکەنەوە، بەڵکو بێزاریش دەبن.**

کاردانەوەی منداڵانی دیکە بەرانبەر پەیامە شەرمەزارکەرەکان ئەوەیە شتی گەورە بەدەست دەهێنن. ناتوانن بەرگەی ئەو ئازارە بگرن کەمتر بن لەوەی چاوەڕێ دەکرێت لێیان یاخود دایک و باوکیان نائومێد بکەن، بۆیە قورستر وەک لەوەی پێویستە لەسەریان هەوڵ دەدەن. ڕەنگە ئەنجامیش بخەنەوە، بەڵام هەرگیز بەختەوەر نین. ئەوەی دەیکەن هەرگیز وەک پێویست باش نییە بۆیان، هەرگیزیش باش نین. شتێکی ناباو نییە بۆ ئەم منداڵانە هەموو وانەکانیان پلەی نایاب بێت و وانەیەکیشیان پلەی باشە بێت و بێنەوە ماڵەوە و

گوێبیستی ئەم وەڵامە بریندارکەرە نەبن: "بۆچی ئەم وانەیەت پلەی باشەیە؟"

باوکێک ڕەنگە بە کوڕەکەی بڵێ کە شتی گەورە بەدەست دەهێنێت، کە ئەویش پاسێکی تۆپانێی لەدەست دا، "گەر ئەو پاسەی کۆتایێت نەفەوتاندایە، ئەوا تیپەکەت یارییەکەی دەبردەوە." زۆربەی کات دایک و باوک ڕەفتارە ئەرێنییەکە پشتگوێ دەخەن و تیشک دەخەنە سەر ڕەفتارە نەرێنییەکە. ئەم جۆرە پەیامە نەرێنییانە لە قۆناغی منداڵییەوە زۆربەی کات دەبیسترێن لە نووسینگەکانی ڕاوێژکاری خێزانی کاتێک یارمەتی کەسانی پێگەیشتوو دەدرێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ نیگەرانی و خەمۆکی. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، بابەتەکە ئەوە نییە کە دایکان و باوکان منداڵەکانیان خۆش نەویستووە، بەڵکو ئەوە بووە ڕێگەیەکی باشتریان شک نەبردووە بۆ نیشاندانی خۆشەویستیان. نەیانزانیووە چ کاریگەرییان کردووە لەگەڵ منداڵەکانیاندا. زۆربەیان بە هەڵە پێیان وا بوو هانی منداڵەکانیان داوە تا سەختتر هەوڵ بدەن بە شێوەیەکی تەندروست.

**دایکان و باوکان بە هەڵە پێیان وایە یارمەتی منداڵەکانیان دەدەن، کاتێک پەیامی شەرمەزارکەریان پێ دەدەن.**

کاتێک منداڵان هەست بە سەلامەتی ناکەن تا هەڵە ئەنجام بدەن، ئەوا مەیلیان دەچێت بەلای ئەوەدا بتەکێنەوە لەوەی خۆیان بدەن بەدەم سەرکێشی سروشتی و تەندروستەکانەوە. منداڵان پێویستە سەرکێشی بکەن تا پەرە بدەن بە کەسێتی خۆیان. بەبێ هەستکردن بە سەلامەتی بۆ ئەنجامدانی هەڵە، زۆربەی کات خۆ دەگرنەوە و نایشزانن بۆ. پێویستیان بە تۆڕێکی سەلامەتە. تەنانەت ئەو

کەسانەیش کە دەسکەوتی باڵا بەدەست دەهێنن هەست بە ناجێگیری دەکەن لەوەی لە بوارەکانی دیکەی ژیانیاندا خۆ بدەن بەدەم سەرکێشییەوە.

بەبێ ئەم هەستی سەلامەتییەی ناو ناخیان، ڕەنگە بڵێن: "من حەزم بە ئاهەنگەکان نییە." بەڵام لەژێر پەردەی ئەو حەز لێ نەبوونەدا، ترسی ڕەتکردنەوە خۆی حەشارداوە. وەک لەوەی سەرکێشی بکەن و هەست بە ئازاری هەستکردن بە ناتەواوی خۆیان بکەن، پێیان باشە نەیەنە دەرەوە و هەستەکانی خۆیان هاوبەشی پێ بکەن. لەژێر پەردەی بیرکردنەوەیاندا ترسی لەدەستدانی ئەو شتە هەیە کە هەیانە گەر هاتوو هەڵەیەک بکەن یاخود نوشوستی بهێنن.

ترس و ناسەقامگیری هەمیشە هۆکاری بەرهەڵستی نین. هەندێک لە منداڵان بە سروشتی شەرمنن و زیاتریان دەوێت پەیوەندی دروست بکەن لەگەڵ کەسانی دیکەدا یاخود بە ئاسانی خۆ نادەن بەدەم سەرکێشییەوە. منداڵانی پەسەندکار مەیلیان لەوەیە شەرمن بن و بەرهەڵستی گۆڕانکاری بکەن. منداڵانی هەستیار ترسێکی گەورەتریان هەیە لەوەی ڕەت بکرێنەوە و بە سروشتی کاتی زیاتریان دەوێت تا بکرێنەوە لەگەڵ دۆست و هاوڕێ بە تواناکانیاندا. بە دڵنیاییەوە، ئەم مەیلانە بۆ خۆبەدرووگرتن گەورە دەبن کاتێک ئەو پەیامەیان پێ دەگات کە ئاسایی نییە هەڵە بکرێت.

**مەیلە سروشتییەکان بۆ خۆبەدوورگرتن گەورە دەبن کاتێک منداڵان پەیامی نالێبووردەیان پێ بدرێت لەبارەی هەڵەکانیانەوە.**

بۆ دوورکەوتنەوە لە ئازاری سەرزەنشتکردن، هەندێک لە منداڵان دەوەستن لە بایەخدان بە چۆنێتی بیرکردنەوەی دایک و باوکیان.

زۆربەی کــات ئەمە حــاڵەتی ئەو هەرزەکــارانەیە کە هــیچ شتێک هاوبەشی پێ ناکەن لەگەڵ دایک و باوکیاندا. ڕاهاتووە لەسەر ئەوەی بە درێژایی ژیانی ڕێک بکرێتەوە و ڕەخنەی لێ بگیرێت. ئێستا کە زیاتر سەربەستە و هێندە پێویستی بە دایک و باوکی نییە، دەچێتە لای هاوڕێکانی تا قبوولکردن بدۆزێتەوە. یاخی دەبێت و ڕوونی دەکاتەوە کە چیتر پێویستی بە ڕەزامەندی دایک و باوکی نییە. لەپشت ئەم مەیلەوە ساڵانێک هەن کە ناچار بووە خۆی حەشار بدات یاخود خۆی بەدوور بگرێت تاوەکوو قبوول بکرێت.

بەبێ گوێدانەوە ئەوەی دایک و باوکە برینداركەرەکان لەڕابردوودا چیان کردووە، دەتوانن قەرەبووی بکەنەوە لە هەر تەمەنێکدا لەڕێی بەکارهێنانی پێنج توانا و شارەزاییەکەی باوانیکردنی ئەرێنی و جێبەجێکردنی پێنج پەیامە ئەرێنییەکەوە. دایک و باوک پێویستە لەیادیان بێت ئاساییە ئەوانیش هەڵە بکەن. هەموو دایک و باوکێک ئەوپەڕی هەوڵی خۆیان دەدەن کە لە توانایاندا بێت بەو سەرچاوانەی لە بەردەستیاندایە.

## پاساوهێنانەوە بۆ هەڵەکان یاخود لۆمەکردنی کەسانی دیکە

گەورەبوون لەنێو ژینگەیەکی نالێبووردەدا وا لە منداڵان دەکات بەرگری لە خۆیان بکەن. یان بەجۆشەوە بەرگری دەکەن بەوەی پاساو بۆ هەڵەکانیان دەهێننەوە یاخود لۆمەی کەسێکی دیکە دەکەن. کاتێک داوا لە منداڵ دەکرێت واز لە لێدانی خوشک و براکانی بهێنێت، بە هۆی ئەوەی دەترسێت لەوەی سزا بدرێت، دەکەوێتە لۆمەکردنی خوشک و براکانی. دەڵێ: "ئەو سەرەتا لێی دام." ئەم بەرگریکردنە سروشتییە، بەڵام بە سزادان گەورە دەبێت. کاتێک منداڵێک لە سزادان ناترسێت و دایک و باوکیشی داوا دەکەن لە لێدان بوەستێت، زۆر بە

ئامادەگییەوە گوێ دەگرێت و هاوکاری دەکات. پێویستی بەوە نییە لۆمەی کەسانی دیکە بکات یان پاساو بۆ کردەوەکانی بهێنێتەوە.

وەک کەسانی گەورە و پێگەیشتوو، تاکە ڕێگە دەتوانین فێری بین بۆ ڕاستکردنەوەی ڕەفتارەکانی خۆمان ئەوەیە بەرپرسیارێتی بگرینە ئەستۆ بۆ هەڵەکانمان. تاوەکوو پاساو بهێنینەوە بۆ هەڵەکانمان بە لۆمەکردنی کەسانی دیکە، ناتوانین خۆمان ڕاست بکەینەوە. گەرچی ئێمە کەسانی گەورەین، بەڵام وەک منداڵ ڕەفتار دەکەین کە لە ژینگەیەکی ناسەلامەتدا گەورە بوون.

**تاوەکوو پاساو بهێنینەوە بۆ هەڵەکانمان بە لۆمەکردنی کەسانی دیکە ، ناتوانین خۆمان ڕاست بکەینەوە.**

"کارۆل" بۆ وەرگرتنی ڕاوێژ هاتە لام. نەیدەزانی ئاخۆ لەگەڵ "جاک"ـی مێردی بمێنێتەوە یاخود بڕوات. لە چەند بۆنەیەکدا، مێردەکەی سەرەتا تووڕە و پاشان توندوتیژ بووبوو. ئەو جارەیان کە دنەی سەردانەکەی دابوو ئەو کاتە بوو کە هەموو کەل و پەلەکانی ژنەکەی برد و لە ماڵەکەی فڕێی دابوونە دەرەوە. دواتر، مێردەکەی پەشیمان بوو، دەیویست کارۆل بگەڕێنێتەوە. بە ڕوونی دیار بوو کارۆلی خۆش دەویست کاتێک بێزار نەبوو، بەڵام ڕەنگە ئامادە نەبووبێت یاخود لە توانایدا نەبووبێت کە پەیوەندییەکی پێگەیشتووانەی هەبێت.

کارۆل دەیویست بۆچوونی من بزانێت. منیش پێم گوت پێویستە قسە لەگەڵ جاکدا بکەم. کاتێک هەردووکیان هاتن بۆ دانیشتنێکی ڕاوێژکاری، پرسیارم لە جاک کرد ئاخۆ هەرگیز ئەم کارە دووبارە دەکاتەوە، زۆر ڕوون و ڕاشکاو بوو لە وەڵامەکەیدا. گوتی: "ئەوەی

من کردم هەڵە بوو، بەڵام ئەوەی ئەویش کردی هەڵە بوو. تا ئەو کاتەی ئەو قسانە نەکات کە دەیانکات، ئەوا منیش هەرگیز جارێکی دیکە توندوتیژ نابم."

دوای تاووتوێکردنێکی زۆر، جاک هەڵوێستی خۆی نەگۆڕی. هەوڵم دا یارمەتی بدەم تێبگات ئەوەی کردوویەتی هەڵە بووە بەبێ گوێدان ئەوەی ژنەکەی کردوویەتی بۆ دنەدانی. جاک نەیتوانی ئەوە قبووڵ بکات، لە ئەنجامدا، کارۆل توانی تێبگات بە ڕوونی جاک گەلێک ناپێگەیشتوو بوو تا لە پەیوەندیی هاوسەرگیریدا بێت. بە بڕوای جاک، ڕەفتاری توندوتیژ و ئیهانەکەری پاساوی هەبوو بە هۆی ڕەتکردنەوەی کارۆلەوە بۆ قسەکانی. تا ئەو کاتەی ڕەفتاری کارۆل پاساو بووایە بۆ ڕەفتاری جاک، جاک نەیدەتوانی بە ڕاستی خۆی ڕاست بکاتەوە. بە ڕوونی، وەک منداڵێک، جاک لەنێو ژینگەیەکی لێبووردەدا گەورە نەببوو. هەرگیز فێر نەبووبوو بەرپرسیار بێت و خۆی ڕاست بکاتەوە، بەڵکو فێر بووبوو بەرگری لە خۆی بکات بە لۆمەکردنی ئەوانی دیکە.

کاتێک منداڵان هەست بە سەلامەتی ناکەن تا هەڵە ئەنجام بدەن، کات و وزە و گفتوگۆیەکی زۆر بەهەدەر دەچێت لە بەرگریکردن لەوەی ڕووی داوە، ڕوونکردنەوەی هۆکاری ڕووداوەکە، دەبێت چی ڕوو بدات بە هۆی ئەوەی ڕووی داوە. هەموو ئەم نارەحەتی و چەرمەسەرییانە هەم بۆ دایک و باوک و هەم بۆ منداڵان دەتوانرێت خۆیان لێ لا بدرێت بەوەی وا بکەین هەڵەکردن شتێکی سەلامەت بێت. کاتێک ئاسایی بوو هەڵە بکرێت، لەبری ئەوەی بەرگری بکەن، منداڵان دەکرێنەوە بۆ گوێگرتن لەوەی دایک و باوکیان دەیانەوێت بیکەن. ئاوڕدانەوە و هەوڵدان بۆ فێرکردنی منداڵان بەوەی کردوویانە هەڵەیە کوێرە ڕێیە -بە هیچ کوێ ناگات.

کاتێک ئاسایی بوو هەڵە بکرێت، لەبری ئەوەی بەرگری بکەن، منداڵان دەکرێنەوە بۆ گوێگرتن.

کاتێک پاساو دەهێنینەوە بۆ هەڵەکانمان و لۆمەی کەسانی دیکە دەکەین بۆ کێشەکانمان، ئەو باوەڕە چەوتە بەهێز دەکەینەوە کەوا ئێمە دەستەپاچەین بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانمان. کاتێک کەسانی دیکە دەکەینە بەرپرسیاری کێشەکانمان، توانای خۆمان بەفیڕۆ دەدەین بۆ تیمارکردنی زامەکانمان، فێربوون لە هەڵەکانمان، بەردەوامبوون لە ژیان تا ئەوە بەدەست بهێنین کە دەمانەوێت.

## هەرزەکاران لە مەترسیدا

جارێکیان داوام لێ کرا پڕۆگرامێکی ڕاهێنان ئەنجام بدەم لە لۆس ئەنجلۆس بۆ ئەو هەرزەکارانەی لە مەترسیدا بوون کە بە شێوەیەکی توند ئیهانەکرابوون و تەحەڕووشیان پێوە کرابوو. هەموو ئەم منداڵانە، لە ئەنجامی ئەو بەدڕەفتارییەی ئازاریان بەدەستەوە چەشتبوو، تووشی جۆرە جیاوازەکانی کێشە و ئاریشەکانی ڕەفتار و خۆبەکەمزانینیان ببوون. بۆ گوتنەوەی یەکەم وۆرکشۆپ بە درێژایی هەفتە، پێداگریم کرد تێکەڵەیەک لە منداڵان ئامادەییان هەبێت. لەبەر مەبەستەکانی خۆم، تێکەڵکردنی هەرزەکارانی خێزانە لێک ترازاوەکان لەگەڵ هەرزەکارانی ئەو خێزانانەی زیاتر خۆشەویستی و تەبایی لە نێویاندا بوو شتێکی تەندروست بوو.

هیچ کەسێک جیا نەکرایەوە کە لە خێزانە لێک ترازاوەکانەوە هاتبوو یاخود ئیهانەکرابێت و دەست هێنرابێتە ڕێی. وردەوردە، کاتێک هەرزەکارەکان توانییان باسی ئەو پەیامە نەرێنییانە بکەن پێیان گەیشتبوو لەگەڵ گەورەبوونیاندا، درکیان بەوە کرد ئازارەکانیان

هەمان شت بوون. بەبێ ئاماژەکردن بۆ ئەو "ئەزموونە ئیها نەکراو"ە ڕاستەقینانەی هەندێک لە هەرزەکارەکان تووشیان هاتبوو، درکیان بەوە کرد لە سەدا نەوەدی کێشەکانیان هەمان شت بوون. هەموو هەستیان بەوە کرد ناوبەناو بە هەڵە لێیان تێگەیشتبوون، بە کەسانی گرنگ نادیدە گیرابوون و نرخی شایستەی خۆیان بۆ دانەنرابوو، لەپاڵ ئەوەی بە ناڕەوا مامەڵەیان لەگەڵدا کرابوو.

زۆربەی کات، دایک و باوک و چارەسەرسازە دەروونییە نیازباشەکان زۆر جەخت دەکەنەوە لەسەر ئەزموونێکی نەرێنی خراپ و سەرەنجام کەسی سەردانکردوویش بابەتەکە بەو جۆرە دەبڕێنێتەوە کەوا هەموو گرفت و ئاریشەکانی لەو ئەزموونەوە سەرچاوە دەگرن. لۆمەکردنی نابەختەوەری کەسێک لەسەر تاقە بارودۆخێک فریودەر و ڕێونکەرە. ئەم وەهمە بەوە سڕایەوە منداڵەکان لەگەڵ ئەو هەرزەکارانەدا بن کە زیاتر بەبەخت بوون، کە وردەوردە ئامادەییان هەبوو هەستە ناوەکییەکانی خۆیان دەربخەن لە ترس و تووڕەیی و نائومێدی و ئازار و ڕەتکردنەوە و نادادی و گوناە و خەم و سوێ و لەدەستدان و ڕق و سەرلێشێوان. گەرچی ئەو هەرزەکارانەی لە مەترسیدا بوون بە چەند بارودۆخێکی ناخۆش و خراپدا تێپەڕیبوون، درکیان بەوە کرد بەشی زۆری ئازارەکەیان بەرئەنجامی ڕێبازە چەوتەکانی باوانیکردن بوون.

بە هۆی ئەوەی هەرزەکاران بێئاگان لەوەی کەسانی دیکەش هەست بە شێوازی هەستکردنی ئەمان دەکەن، بەردەوام دەبن لە لۆمەکردنی هەستە نەرێنییەکانیان لەسەر ڕابردوویان. زۆرێک لە کەسە گەورەکان لە ئەمڕۆدا لۆمەی ئازار و ناڕەحەتی ئێستایان یاخود بەدبەختییەکانیان دەخەنە ئەستۆی ڕابردوویان. ئەم لۆمەکردنە لە ڕووی زیهنییەوە ڕێیان لێ دەگرێت لەوەی ئەو توانایە بدۆزنەوە تا ژیانیان بگۆڕن.

ڕکشۆپەکان، ڕاوێژی خێزانی، کۆمەڵەکانی پاڵپشتی، دەتوانن یارمەتیدەر بن بۆ تیماری ئازارەکانی ڕابردوو، بەلام بۆ ئەوەی بە پلەی یەکەم قەبارەی زامەکە بچووک بکرێتەوە دایک و باوک دەتوانن هەوڵ بدەن ژینگەیەکی سەلامەت بخوڵقێنن بۆ منداڵەکانیان بۆ ئەنجامدانی هەڵەکان. کاتێک منداڵێک پەرەی بەو مەیلە داوە بەرگری لە خۆی بکات لەرێی لۆمەکردنی کەسانی دیکەوە، دایک و باوک دەتوانن یارمەتیدەر بن بە جێبەجێکردنی توانا و شارەزاییەکانی باوانیکردن و بوون بە سەرمەشقێک بۆ گرتنەئەستۆی هەڵەکانی ڕابردوو. کاتێک دایک و باوک زیاتر بەرپرسیار دەبن بۆ هەڵەکانیان و کەمتر لۆمەی کەسانی دیکە دەکەن، منداڵان خۆکردانە کەمتر بەرگری لە خۆیان و هەڵەکانیان دەکەن و کەمتریش لۆمەی کەسانی دیکە دەکەن.

## کەمی ڕێزلەخۆنان و خۆسزادان

منداڵان فێر دەبن لە خۆیان بڕوانن بەو شێوەیەی ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرێت. پشتگوێخستنی منداڵان بە ئاشکرا زیان لە ڕێز لەخۆنانیان دەدات. کاتێک منداڵان ئەو شتەیان پێ ناگات کە پێویستیانە، خۆکردانە دەست دەکەن بە هەستکردن بە ناشایستەیی. تەنانەت کاتێکیش پشتگوێ ناخرێن، ڕەنگە ئیدی دەست بکەن بە هەستکردن ناشایستەیی و ناتەواوی و کەموکوڕی خۆیان. کاتێک دایک و باوکە خەمخۆرەکان هەست بە بێزاری و تووڕەیی و ئازار و شەرمەزاری و نیگەرانی دەکەن بە هۆی ڕەفتار و هەڵەکانی منداڵەکانیانەوە، ئەوسا بە شێوەیەک لە شێوەکان منداڵەکانیان هەست بە ناشایستەیی خۆیان دەکەن خۆش بویسترێن یاخود هەست بە ناتەواوی دەکەن.

لەجیاتی ئەوەی هەست بە ڕێزلەخۆنانێکی تەندروست بکەن، ئەم منداڵانە هەست دەکەن لە ئاستی پێویستدا نین. لە هەوڵدانیان بۆ

ئەوەی لە ئاستی پێویستدا بن، هەوڵی زۆر دەدەن کامڵ و بێکەموکووڕی بن بۆ دڵخۆشکردنی دایک و باوکیان. هەرگیز ناتوانن سەرکەوتوو بن، چونکە هیچ کەسێک کامڵ و بێکەموکووڕی نییە. ڕەنگە لە ڕەفتاریاندا زۆر باش بن، بەڵام لەسەر حیسابی ڕێزلەخۆنانی خۆیانە. ناتوانن دایک و باوکیان دڵخۆش بکەن، هەست بە کەمتر یاخود ناتەواوی دەکەن.

**ڕەنگە منداڵان لە ڕەفتاریاندا زۆر باش بن، بەڵام لەسەر حیسابی ڕێز لەخۆنانی خۆیانە.**

هەست و سۆزە نەرێنییەکان پەیدا دەبن لە دایکان و باوکاندا کاتێک منداڵان لە ئاست پێشبینییەکانی ئەواندا نین. گرنگ نییە دایک و باوک بڵێن چەندێک منداڵێکیان خۆش دەوێت، کاتێک بێزار دەبن لە کەم و کوڕی و هەڵەکانی منداڵەکە، منداڵ پەیامەکەی پێ دەگات. تاکە ڕێگە کە منداڵان خۆیانی پێ دەپێون لەڕێی کاردانەوەی دایک و باوکیانەوەیە. گەر بمانەوێت منداڵان هەست بە باشی خۆیان بکەن، دایک و باوک پێویستە یەکڕا پێشبینییەکانی خۆیان هەموار بکەنەوە تاوەکوو هەست و سۆزە نەرێنییەکان بەردەوام سەر دەرنەهێنن.

**منداڵان هەست بە باشی دەکەن کاتێک دایک و باوک هەست دەکەن هەموو شتێک باشە.**

کاتێـک دایکـان و باوکـان بەختـەوەر و قبـوولکەر و ڕێـزدار و تێگەیشـتوو و بایەخـدەر و متمـانەپێکەر بـوون، منـدالان ئەو پەیـامە وەردەگـرن کەوا وەک پێویسـت منداڵی باشـن. هەسـت بە سـەلامەتی دەکەن تا تاقیکردنەوە بکەن و ببن بەوەی دەتوانن ببن. بە سروشتی هەست بە باشی دەکەن لەبارەی خۆیانەوە. متمانە بە خۆیان دەکەن و بڕوابەخۆبـوونێکی زیاتریـان دەبێـت. زیـاتر دەحەوێـنەوە، چـونکە هەمیشە هەست ناکەن ناچارن بگەن بە هەندێک پێوەری مەحاڵ. بە سـادەیی و بـێگەردانە هەسـت دەکەن ئەو کەسـەن کە دەبێـت بـبن، ئەوەیش دەکەن کە دەبێت بیکەن. سەربەستی لە کردنی هەڵەدا بەبێ ئەوەی سزا و بەرئەنجامی لێ بکەوێتەوە لە یەکەم نۆ ساڵی تەمەندا هەستێکی ئاسوودەی سەلامەتی و جێگیری دەخولقێنێت.

وێنای ئەوە بکە ڕێک لە ئێستادا هەستت چۆن دەبێت گەر بتوانیت هەر شتێک بکەیت بێ ئەوەی بکەویتە گێرمە و کێشەوە یاخود هەوڵ بۆ هەر شتێک بدەیت و وەک پێویست باش بێت. چۆن ژیانت جیاواز دەبێت گەر هیچ ترست نەبێت تا بەر بە خۆت بگریت یاخود هەست بە گونـاە نەکەیـت تـا نائومێـدت بکـات؟ هەسـت بەو سەربەسـتی و ئاسـوودەییە بـکە کە دەتبێـت گەر خـۆت بیت، لەگەڵ ئەو خۆشـی و بڕوابەخۆبوونەی ئەزموونیان دەکەیت لە کردنی شتە نوێیەکاندا.

ئەمە ئەو خەڵاتەیە دەتوانیـت ببیەخشـیت بە منـداڵەکەت لە مـاوەی قۆناغی پاکی و بێگەردیاندا. ئەم هەستە، کاتێک ڕێگە دەدرێت گەشە بکات بۆ ماوەی نۆ ساڵ، هەرگیز ناڕەوێتەوە. گەرچی مندالان گەورە دەبن و فێر دەبن لەبەرانبەر هەڵەکانیاندا بەرپرسیار بن، هەستەکانی پاکی و بـێگەری وەک بنـاغە دەمێـنەوە. وەک کەسـانی پێگەیشـتوو، کاتێـک هەڵە دەکەن، بە ئاسـانی دەگەڕێـنەوە سـەر لەخۆبـووردن و خۆراستکردنەوە. خاوەن هەستێکی گەورەتری هاوسۆزی و ڕێزن بۆ کەسانی دیکە، چونکە لە خەمی ئەوەدا نین بەرگری لە خۆیان بکەن.

**کاتێک منداڵ ئەزموونی پاکی و بێگەردی دەکات بۆ ماوەی نۆ ساڵی سەرەتای تەمەن، ئەو هەستە هەرگیز ناڕەوێتەوە.**

کاتێک دایکان و باوکان بەرپرسیاریێتی دەگرنە ئەستۆ بۆ هەڵەی منداڵەکانیان، ئەو منداڵە فێر دەبێت کەوا منداڵێکی پاک و بێگەردە. لەلایەکی دیکەوە، کاتێک سزا دەدرێت یاخود شەرمەزار دەکرێت لەپای هەڵەکانی، ئیدی هەست بە ناشایستەیی و خۆشەویستنەبوونی و ناتەواوی خۆی دەکات. گەر سزا درابوو لەپای هەڵەکانی، ئەوسا وردەوردە فێر دەبێت بۆ ئەوەی شایستەی خۆشەویستی بێت لەدوای کردنی هەڵەیەک پێویستە سزا بدرێت.

زۆرێک لە کەسە پێگەیشتووەکان خۆیان دەگرنەوە لە سەرکێشیکردن، چونکە زۆر توندن لەسەر خۆیان کاتێک هەڵە دەکەن. ئازار دەچێژن لەدەست نیگەرانی چونکە زۆر دەترسن لەدەست ئەو خەم و سوێیەی تووشی دەبن لەدوای ئەنجامدانی هەڵەیەک. زۆربەی کات ترسێکی دیارینەکراویان هەیە کە دەوریان بدات هەر کاتێک ڕووبەڕوو ببنەوە لەگەڵ ئەگەری ئەنجامدانی هەڵەیەک. ئەم کەسە پێگەیشتووانە زۆربەی کات وەک منداڵ سزا دراون لەپای هەڵەکانیان، لە ئەنجامدا بەردەوام هەست بە ترسی سزادان دەکەن. گەرچی چێتر دایک و باوکیان لەدوور نین، هێشتا هەر هەست بە ترس دەکەن کاتێک بە ڕاستی هەڵە دەکەن، بە گشتی زۆر فەرمانکەرترن بۆ خۆیان وەک لە خەڵکی دیکە.

**کاتێک منداڵان سزا دەدرێن لەپای هەڵەکانیان، ئەوسا بەردەوام دەبن لە هەستکردن بە ترس بە درێژایی ژیانیان.**

له هەندێک لە حاڵەتەکاندا، بۆ ئەوەی دوور بکەونەوە لەوەی زۆر توند بن لەسەر خۆیان، توند دەبن لەسەر کەسانی دیکە. بۆ ئەوەی خۆیان بپارێزن لە سزادان، لۆمەی کەسانی دیکە دەکەن و سزایان دەدەن. ئەم مەیلە دەتوانێت بە ئاڕاستەی پێچەوانەشدا بڕوات. کەسێک دەکرێت زۆر قبووڵکەر بێت لە خراپ مامەڵەی کەسانی دیکە، چونکە هەست بە ناشایستەیی خۆی دەکات بۆ خۆشەویستی و مامەڵەی باش. ڕەنگە کەسانی دیکە مامەڵەی خراپی لەگەڵ بکەن، بەڵام بە شێوەیەک هەست دەکات شایستەی ئەوەیە. ڕەنگە کەسێکی زۆر لێبوردە بێت بۆ کەسانی دیکە، چونکە ڕێزلەخۆنانی کەمە و هەست دەکات شایستەی سزادانە.

هەر کەسێک چەندێک سزای بدرێت سەرەنجام ئەوەندە سزا دەداتەوە، جا بەسەر خۆیاندا بێت یاخود بەسەر کەسانی دیکەدا. کچان بە تایبەت سزای خۆیان دەدەن، لە کاتێکدا کوڕان زیاتر هەست بە پاساو دەکەن لە خراپ مامەڵە و سزادانی کەسانی دیکەدا. ڕەنگە کچێک سزای خۆی بدات بە خۆگلاندن لەگەڵ کەسێک کە ئازاری دەدات، یاخود لە خۆی بدات بە بیرکردنەوەی نەرێنی یاخود ڕەخنەلەخۆگرتن لەدوای ئەنجامدانی هەڵەیەک. کوڕ مەیلێکی گەورەتری هەیە بۆ لۆمەکردنی کەسانی دیکە بۆ هەڵەکانی و سزادانی کەسانی دیکە. هەر منداڵێک، کوڕ بێت یان کچ، دەتوانێت ئەم مەیلانە نیشان بدات. کاتێک منداڵێک، بە کوڕ و کچەوە، سزا دەدرێت بۆ ئەنجامدانی هەڵەکانی، ئەنجامەکە ئەوەیە منداڵەکە لە توانایدا نابێت خۆی و کەسانی دیکە ببەخشێت لەپای ئەو هەڵانە.

# ئاساییکردنی ئەنجامدانی هەڵە لەلای منداڵ

بەبێ تێگەیشتن لە پێنج توانا و شارەزاییەکەی باوانیکردنی ئەرێنی و ئاساییکردنی ئەنجامدانی هەڵە، شەرمەزارکردن و سزادان تەنیا ئامراز بوون بەدەست دایکان و باوکانەوە بۆ جڵەوکردن و پاراستنی منداڵەکانیان. دایکان و باوکان پێیان وا بوو ستایشکردنی زۆر بووە هۆی لاوازکردنی ڕێزلەخۆنان و منداڵانی خۆپەرست کرد. بڕوایان وا بوو گەر سزای منداڵەکانیان نەدەن بۆ هەڵەکانیان، ئەوسا ناتوانن لە هەڵەکانەوە فێری شتی ڕاست بن. لە کاتێکدا بە ڕوونی ئەم بیرۆکانە بەسەرچوون و ئیهانەکەرن لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، سەردەمێک هەبوو کە تاکە ئامراز بوون کە سەرکەوتوو دەبوون و کاری خۆیان دەکرد.

لە جێبەجێکردنی بیرۆکە نوێیەکانی باوانیکردنی ئەرێنیدا، گرنگە لەبیرمان بێت کەوا دایک و باوکیش هەڵە دەکەن. منداڵەکانمان بە شێوەیەکی باوەڕپێنەکراو قبووڵکەرن، لە ناخی خۆیاندا توانای خۆگونجاندنیان هەیە و دەتوانن ببن بەوەی دەتوانن ببن بەبێ گوێدانە هەڵەکانی دایک و باوکیان. ژیان بریتییە لە پرۆسەی ئەنجامدانی هەڵەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵەکانی ئەوانی دیکە. لەڕێی ئەم پرۆسەیەوەیە دەتوانن ببن بە گشت ئەو شتەی لە توانایاندایە ببن.

گەر پەی بەو ڕێگەیانە ببەیت منداڵەکانتان پێ زامدار کردووە لەجیاتی ئەوەی هەست بە گوناه بکەن، خۆتان ببوورن، بەو جۆرەی منداڵەکانتان دەبەخشن لەپای هەڵەکانیان. لەبیرتان بێت هەمیشە ئەوپەڕی هەوڵی خۆتان دەدەن بەو سەرچاوە و تواناییانەی لە بەردەستاندایە. وریا بن لۆمەی توندی خۆتان نەکەن بەم زانیارییە لەبری ئەوە، دڵخۆش بن بەوەی ئێستا ڕێبازێکی نوێ و باشترت هەیە وەک لەوەی پێشتر بە تۆ بەخشرابوو.

لەبری ئەوەی وزەی خۆتان لەدەست بدەن کە لۆمەی دایک و باوکتان بکەن بۆ هەڵەکانیان، دایک و باوکتان ببوورن، بەو جۆرەی

دەتانەوێت منداڵەکانتان بتانبوورن، ئەو وزەیە بەکار بهێنن تا بەردەوامی بە گەڕان بدەن تا ببن بە بەخێوکار و باوانێکی باشتر. کتێبی "منداڵان لە بەهەشتەوە هاتوون" وەک سەرچاوەیەک بەکار بهێنە کە دەتوانیت هەموو کات بۆی بگەڕێیتەوە. بەشداری وۆرکشۆپەکانی باوانیکردن بکەن و گرووپی پاڵپشتیکردنی دایکان و باوکان دروست بکەن تا لەگەڵ دایکان و باوکانی دیکە کار بکەن کە ئەم ڕێبازەی باوانیکردنی ئەرێنی بەکار دەهێنن. کاتێک کاتت وەرگرت بۆ تێپەڕبوون بەنێو چەماوەی فێربوونتدا، ئەوسا خۆکردانە دەبیتە کەسێکی زیاتر قبوولکەری چەماوەی ناوازەی فێربوونی منداڵەکەشت.

(١١)

# ئاساییە هەست و سۆزە نەرێنییەکان دەرببڕیت

هەموو منداڵان ئەزموونی هەست و سۆزە نەرێنییەکان دەکەن لە کاردانەوەی ئاڵنگاری و کۆت و بەندەکانی ژیاندا. هەست و سۆزە نەرێنییەکان بەشێکی سروشتی و گرنگی گەشەکردنی منداڵانن. یارمەتی منداڵان دەدەن هەموارکردنەوەی پێویست ئەنجام بدەن لە پێشبینییەکانیاندا تاوەکوو یارمەتیان بدات لە قبوولکردنی سنوورەکانی ژیاندا. توانا و شارەزاییەکانی باوانیکردنی ئەرێنی، لە نموونەی گوێگرتن بە هاوسۆزییەوە و دوورخستنەوەی کاتی، ئەو دەرفەتانە فەراهەم دەکات بۆ منداڵان سەرەنجام ڕێگە گونجاوەکان بۆ دەربڕینی هەست و سۆزە نەرێنییەکانی فێر ببێت.

ڕێبازەکانی باوانیکردنی ڕابردوو هەوڵیان دا منداڵان جڵەو بکەن لەڕێی خەفەکردنی هەستەکانەوە. شەرمەزارکردن و سزادانی منداڵان لەپای بێزاربوونیان هەست و سۆزەکانیان خەفە دەکات و ئیرادەیان دەشکێنێت. ڕێگەدان بە منداڵان بەم پەیامە ئەرێنییەوە کەوا "ئاساییە هەست و سۆزە نەرێنییەکان دەرببڕێن" هێز و توانا بە منداڵان دەبەخشێت. هێزی ئیرادەیان بەئاگا دەهێنێت و بەهێزی دەکات د هەستێکی ئاڕاستەکردنیان پێ دەبەخشێت. گەر دایک و باوکێک توانا و شارەزاییەکانی باوانیکردنی ئەرێنی پێ نەزانن بۆ هێنانە ئارای

هاوکاری، ئەم هێز و توانا زیادەیە دەکرێت ئەنجامی پێچەوانەی هەبێت.

**شەرمەزارکردن و سزادانی منداڵان لەپای بێزاربوونیان هەست و سۆزەکانیان خەفە دەکات و ئیرادەیان دەشکێنێت.**

کاتێک هەستەکانی منداڵان ڕێزیان لێ گیرا و گوێیان بۆ گیرا، هەستێکی بەهێزتری خودبوون دەتوانێت گەشە بکات، بەڵام هەستێکی درۆینەی هێز و دەسەڵاتیش دەکرێت دروست ببێت لەلای منداڵەکە. گەر منداڵێک وڕک بگرێت و چی پێ خۆش بوو بیکات و ئەوانی دیکە گوێ لە مستی بن، ئەوسا ڕێگەدان بۆ دەربڕینی هەست و سۆزە نەرێنییەکان نەک تەنیا خوی منداڵەکە تێک دەدات، بەڵکو شلۆقی و ناسەقامگیرییەکیش لەنێو ناخیدا دەخولقێنێت.

دایکان و باوکان پێویستە وریا بن منداڵ ڕازی نەکەن تاوەکوو دوور بکەونەوە لە وڕکگرتن و تاوی تووڕەیی منداڵەکانیان. ڕێگەدان بە منداڵ تا هەست و سۆزە نەرێنییەکانی دەربڕێت پێویستە هاوسەنگ بکرێت لەلایەن دایک و باوکە بەهێزەکانەوە کە بە هۆی وڕکگرتن و تاوی شێتگیری لەو شێوەیەوە ناترسن و ناکەونە ژێر هەڕەشەوە. کاتێک دایک و باوکێک فێر دەبن چۆن سەروکاری تاوی شێتگیری منداڵەکەیان بکەن بە پێنج توانا و شارەزاییەکەی باوانیکردنی ئەرێنی، ئەوسا ڕێگەدان بۆ دەربڕینی هەست و سۆزە نەرێنییەکان دەبێتە خەڵاتێکی گەلێک گەورە.

**دایکان و باوکان پێویستە وریا بن منداڵ ڕازی نەکەن تاوەکوو دوور بکەونەوە لە وڕکگرتن و تاوی تووڕەیی منداڵەکانیان.**

کاتێک منداڵەکانیان تووشی تاوی تووڕەیی و شێتگیری و وڕکگرتن دەبــن، زۆربەی دایکــان و باوکــان بە هەڵە بــابەتەکە بەو جــۆرە دەبڕێننەوە کەوا منداڵەکانیان خراپن یاخود ئەوان باوانی باش نین. فێربوونی هەستپێکردن و دەربڕین و بەڕەڵاکردنی هەست و سۆزە نەرێنییەکان توانایەکی بنچینەییە کە هەموو منداڵێک پێویستە فێری ببێت. سەروکاریکردنی هەست و سۆزە نەرێنییەکان بەم شێوەیە هێز و توانای گەورەی ناو ناخی منداڵ بەئاگا دەهێنێتەوە و منداڵان ئامادە دەکات تا بەسەرکەوتوویی شان بدەنە بەر ئاڵنگارییەکانی ژیان.

## گرنگی سەروکاریکردنی هەستەکان

گرنگترین هۆکاری فێربوونی سەروکاریکردنی هەست و سۆزە نەرێنییەکان ئەوەیە وایان لێ بکەین قبووڵکراو بن. گەرچی هەمیشە هەست و سۆزە نەرێنییەکان هەستگەلی خۆش و گونجاو نین، بەڵام بەشێکن لە پرۆسەی گەورەبوون. سەرەتا لەڕێی فێربوونی دەربڕین، هەستکردن و پاشان بەڕەڵاکردنی هەست و سۆزە نەرێنییەکانەوە، سەرەنجام منداڵان هۆشیارییەکی ناوەکی هەستەکانیان دەست دەکەوێت و زۆر ئاسانتر دەتوانن هەست بە هەست و سۆزە نەرێنییەکان بکەن و بەڕەڵایان بکەن بێ ئەوەی ناچار بن لە هیچ ڕەفتارێکیاندا بە نەشیاوی دەریانببڕن.

**گرنگترین هۆکاری فێربوونی سەروکاریکردنی هەست و سۆزە نەرێنییەکان ئەوەیە سەرەتا وایان لێ بکەین قبووڵکراو بن.**

که فێربوون هەست بە هەست و سۆزە نەرێنییەکان بکەن و دەریانبڕن و بیانگەیەنن، منداڵان بە شێوەیەکی زۆر کاریگەر فێر دەبن خۆیان لە دایک و باوکیان جوێ بکەنەوە "برەو بە هەستێکی بەهێزی خودبوون دەدەن،" وردەوردە پەی بە سەروەتێکی ناو ناخیان لە ئافراندن، سەلیقە، خۆشەویستی، ئاراستەکردن، بڕوابەخۆبوون، خۆشی، هاوسۆزی، ویژدان، و توانای خۆڕاستکردنەوە لەدوای ئەنجامدانی هەڵەیەک دەبەن.

هەموو توانا و شارەزاییەکانی بژێوی پەیداکردن کە وا لە کەسێک دەکەن بدرەوشێتەوە لەم جیهانەدا و سەرکەوتن و دەستکەوتی گەورە بەدەست بهێنێت لەوەوە سەرچاوە دەگرن مرۆڤ پەیوەست بمێنێتەوە بە هەستەکانییەوە و بیشتوانێت دەستبەرداری هەست و سۆزە نەرێنییەکان ببێت. دەتوانن سەروکاری هەست و سۆزە نەرێنییەکان بکەن بێ ئەوەی ناچار بن خەفەیان بکەن یاخود تێیاندا ون ببن.

زۆربەی خەڵکی کە سەرکەوتنی شەخسی بەدەست ناهێنن هۆیەکەی ئەوەیە یان سڕن بەرانبەر هەستە ناوەکییەکانیان و بڕیار دەدەن لەسەر بناغەی هەست و سۆزە نەرێنییەکان، یاخود لەنێو هەست و تێڕوانینە نەرێنییەکانیاندا دەچەقن و گیر دەخۆن. لە هەر دوو حاڵەتەکەدا، کەسەکە خۆی دەگرێتەوە لەوەی خەونەکانی بەدی بهێنێت. بۆ پەیوەست مانەوە بە هەست و سۆز و هێزی ناو ناخی خۆت بۆ بەدەستهێنانی ئەوەی لە ژیاندا دەتەوێت و پێویستت پێیەتی، کارێکی بنچینەییە مرۆڤ بە تەواوی هەست بکات. تەکنیکەکانی باوانیکردنی ئەرێنی وردەوردە منداڵەکانتان فێر دەکەن تا سەروکاری هەست و سۆزە نەرێنییەکانی ناو ناخیان بکەن و هەست و سۆزی ئەرێنی بخوڵقێنن.

**کەسانی ناسەرکەوتوو یان سڕن بەڕووی هەستە ناوەکییەکانیاندا، یاخود لەنێو هەست و تێڕوانینە نەرێنییەکانیاندا دەچەقن و گیر دەخۆن.**

سۆز مانای هەستکردنێکی توند و چڕە. سۆز دەتوانرێت بەردەوامی ی بدرێت لە ژیاندا گەر بتوانین بەسەرکەوتوویی سەروکاری هەست ەرێنییەکانمان بکەین. گەر فێر بووین هەستە نەرێنییەکانمان خەفە کەین، هێدی‌هێدی پەیوەندیمان دەپچڕێت بە توانای خۆمانەوە تا ەست بە هەستە ئەرێنییەکانیش بکەین. ئەوسا توانای خۆمان بۆ خۆشەویستی، خۆشی، بڕوابەخۆبوون و ئاسوودەیی ناو ناخمان ەدەست دەدەین.

شکست حەتمییە و خۆی لێ لا نادرێت لە ژیاندا کاتێک کەسانی ەورە بڕیار دەدەن یاخود کارێک دەکەن لەسەر بناغەی هەست و ۆزە نەرێنییەکان. کەسێکی گەورەی سەرکەوتوو پێویستە فێر بێت ۆن هەست بە هەست و سۆزە نەرێنییەکان بکات و دواتریش ەڵایان بکات. لە ئەنجامدا، هەستە ئەرێنییەکان دەگەڕێنەوە، ئەوسا ەسەکانیش ئامادە دەبن تا بڕیاری تەندروستتر و سەرکەوتووتر ەن.

## فێربوونی بەڕێوەبردنی هەستەکان

هەست و سۆزە نەرێنییەکان هەمیشە ئاسایین، بەڵام پێویستە لە ت و شوێنی گونجاودا دەرببڕێن. شتێکی قبووڵکراو نییە بۆ منداڵێک دەست بەسەر خێزانەکەیدا بگرێت بە تاوی وڕک و شێتگیری ۆزدارانەی فەرماندەرەوە. دایکان و باوکان پێویستە بەهێز بن ڵام لە هەمان کاتیشدا دەرفەتگەلێک بخوڵقێنن بۆ منداڵان تا ئەو

جۆره وڕکگرن و تاوی شێتگیرییه ڕوویان تێ بکات که پێویسته هەیانبێت.

منداڵانی بچووک پێویسته دەربڕ و گەیەنەری هەست و سۆزه نەرێنییەکانیان بن. لەڕێی هاوسۆزبوون و دوورخستنەوەی کاتییەوە، دایک و باوکه ژیرەکان دەرفەتی بەردەوام دەڕەخسێنن بۆ منداڵەکانیان تا به تەواوی هەست به هەست و سۆزه نەرێنییەکانیان بکەن و دەریانببڕن. گەرچی شتێکی باش نییه ڕەفتاری نابەجێ بکرێت له ئەنجامی هەست و سۆزه نەرێنییەکانەوە، بەرپرسیارێتی دایکان و باوکانیشه جڵەوی ڕەفتاری منداڵەکانیان بکەن له کاتێکدا کەشێکی سەلامەت دەخوڵقێنن بۆ دەربڕینی هەست و سۆزه نەرێنییەکانیان. کاتێک دایکان و باوکان توانا و شارەزاییەکانی باوانیکردنی ئەرێنی بۆ گوێگرتن و دوورخستنەوەی کاتی بەکار دەهێنن، منداڵان وردەورده فێر دەبن ڕێک ببنەوه و سەروکاری بکەن کەی و چۆن و لەکوێ هەست و سۆزەکانیان دەرببڕن و بیانگەیەنن.

**لەبیرتان بێت خودا منداڵانی بچکۆلەی دروست کردووه تاوەکوو بتوانن هەڵیانبگرن و به شێوەیەکی کاتی دووریان بخەنەوه.**

گەرچی شتێکی باشه هەست و سۆزه نەرێنییەکان دەرببڕێن، بەڵام قبووڵکراو نییه به ناشیرینی دەرببڕێن یاخود له هەر شوێنێک و له هەر دۆخێکدا دەرببڕێن. گونجاوه هەست و سۆزه نەرێنییەکان دەرببڕێن کاتێک دایک و باوک ئارەزوویان لێیه و دەتوانن گوێ بگرن یاخود له کاتی دوورخستنەوەیەکی کاتیدا. وردەورده منداڵان فێر دەبن پێویستی خۆیان بۆ دەربڕینی هەست و سۆزه نەرێنییەکانیان ڕێک بخەن لەو کاتانەدا دایک و باوکیان دەتوانن گوێ بگرن.

بە بوونی دوورخستنەوەی کاتی بە ڕێکوپێکی لە تەمەنی دوو سالییەوە بۆ نۆ سالی، منداڵان وردەوردە فێر دەبن چۆن و کەی دەربڕینی هەست و سۆزە نەرێنییەکانیان ڕێک بخەن. گەرچی ڕەنگە ئەمە وەک چاوەڕوانییەکی درێژ دیار بێت، بەڵام وا نییە. زۆربەی کەسە گەورەکان کە دێن بۆ ڕاوێژوەرگرتن "زۆرێکیش لەوانەی کە هەر نایەن" هێشتا فێر نەبوون چۆن سەرکەوتووانە هەست و سۆزەکانیان بەڕێوە ببەن.

بۆ ئەوەی تاوی تووڕەیی و وڕکگرتنی منداڵان ڕێک بخرێت، دایک و باوک پێویستە بە ڕێکوپێکی منداڵەکەی بە کاتی دوور بخاتەوە. گەر دایک و باوکێک وەک پێویست منداڵەکەیان بە کاتی دوور نەخەنەوە، حەتمەن منداڵان ڕەفتاری ناشیرین دەنوێنن لەو کاتانەی ئاسان یاخود شیاو نییە منداڵ بە کاتی دوور بخرێتەوە. بەم هۆشیارییەوە لەبارەی گرنگی دەربڕینی هەست و سۆزەکان و بەڕەلاکردنیان، دایکان و باوکان زیاتر ئارەزوویان لێ دەبێت گوێ بۆ هەست و سۆزە نەرێنییەکانی منداڵەکانیان بگرن و بە ڕێکوپێکی منداڵەکانیان بە کاتی دوور بخەنەوە. بە ڕوونی پەی بەوە دەبەن منداڵان پێویستیان بەوەیە وڕک بگرن و تاوی شێتگیری ببیننەوە لە هەلومەرجی گونجاوی دوورخستنەوەیەکی کاتیدا. چیتر هەست با پێویستی ئەوە ناکەن منداڵەکانیان بۆ خۆدوورخستنەوە لە ڕووبەڕووبوونەوە و تاوی شێتگیریان ڕازی بکەن.

کاتێک توانا و شارەزاییەکانی باوانیکردنی ئەرێنی بەکار هێنران منداڵان فێر دەبن ئاساییە هەست و سۆزە نەرێنییەکان دەرببڕن بەڵام دایە و بابە هێشتا بڕیاربەدەست و سەرۆکن. کاتێک دایک و باوکەکە دیارییان کرد ئیدی کاتی ئەوەیە وتوویژ کۆتایی بێنت، ئیدی کاتی دەربڕینیش کۆتایی هاتووە. گەر منداڵێک نەیتوانی لە دەربڕین بوەستێت، ئەوسا دوورخستنەوەیەکی کاتی ڕێگە بە منداڵ دەدات

هەستەکانی بەرەڵا بکات لەپشت دەرگایەکەوە. بەو جۆرەی لە بەشی هەشتەمی ئەم کتێبەدا کنە و پشکنەمان بۆ کردووە، لە ماوەی چەند خولەکێکی کەمدا، منداڵ هەست و سۆزە پێویستەکانی تووڕەیی، خەمباری و ترس هەست پێ دەکات و دەریاندەبڕێت و خۆکردانە دەگەڕێتەوە بۆ هەستکردنی زیاتر بە جڵەوکردن و هاوکاریکردن.

## هەڵکردن لەگەڵ لەدەستداندا

منداڵان مەیلیان لەوەیە هەست و سۆزی توندتریان هەبێت وەک لە گەورەکان، چونکە ناتوانن پەرە بە توانای بیرکردنەوە بدەن تا تەمەنی نۆ ساڵی. ناتوانن هەست و سۆزەکانیان دوور بخەنەوە. گەر کەسێک لەگەڵیان بەدکار بێت، بۆ ماوەیەکی کاتی وا هەست دەکەن هەمووان بۆ هەمیشە لەگەڵیان بەدکار دەبن، یاخود بە شێوەیەک شایانی ئەوەن بەو شێوەیە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، هەمیشەش بەو جۆرە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

منداڵان توانای بیرکردنەوەیان نییە تا درک بکەن بەوەی کە کەسێک بەدکار بوو واتای ئەوە نییە هەمووان بەدکارن. ناتوانن بیر بکەنەوە کەوا گەر کەسێک بەدکار بوو لەگەڵیان ڕەنگە هیچ پەیوەندی نەبێت بەوانەوە. ڕەنگە ئەو کەسە ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی ناخۆشی بەڕێ کردبێت. بە هۆی ئەوەی توانای بیرکردنەوەیان نییە، بۆیە هەستی لەدەستدانیان گەلێک گەورەترە.

زۆربەی کات دایکان و باوکان نەزانانە منداڵەکانیان زامدار دەکەن بە بچووککردنەوەی هەستی لەدەستدانیان. یەکێک لە باشترین ڕێگەکان بۆ دایک و باوک بۆ هاوسۆزبوون ئەوەیە بە سادەیی قبووڵی بکەین کاتێک منداڵان بێزارن، ئەوا هۆکارگەلی بەجێ هەن بۆ بێزارییان لە گۆشەنیگای خۆیانەوە. هەوڵدان بۆ قسەکردن لەگەڵیان تا

ئەم هەستانەیان لێ دەربهێنرێت هیچ پێویست نییە. گەر بە سادەیی ڕێگە بە منداڵان بدەین تا هەست و سۆزەکانیان دەرببڕن، ئەوسا دەتوانن هەست بە باشتر بکەن و پاشان پەسەندکار بن بۆ دڵنیاکردنەوەیەکی ماقووڵانە.

**لە کاتێکدا منداڵان بێزارن، هەمیشە هۆکارگەلی بەجێ هەن لە گۆشە نیگای خۆیانەوە.**

ئەمڕۆ زۆربەی پێگەیشتووان و گەورەساڵان تێدەگەن کەوا بۆ هەڵکردن لەگەڵ لەدەستدانێکی گەورە، هەستەکانی تووڕەیی، خەمباری، ترس و سوێ نەک تەنیا سروشتین، بەڵکو پەلکێشمان دەکەن بەرەو ئەوەی هەست بە باشتر بکەین. کاتێک ئەوەمان چنگ ناکەوێت کە دەمانەوێت یاخود شتێک یان کەسێکی تایبەت لەدەست دەدەین، هەندێک جار تەنیا پێویستمان بەوەیە گریانێکی باش بگرین. هەستکردن و پاشان بەڕەڵاکردنی هەست و سۆزە نەرێنییەکان یارمەتیمان دەدات سنوورەکانی ژیان قبووڵ بکەین. بە هەمان شێوە، بۆ فێربوونی ئەو سنوورانەی دایک و باوکیان دەیسەپێنن، منداڵان پێویستیان بەوەیە بڕێکی باش وڕک بگرن و تاوی شێتگیری ڕوویان تێ بکات. وڕکگرتنی بەردەوام ئەو ڕێگەیەیە منداڵانی بچووک بەهۆیەوە هەست بە هەست و سۆزە نەرێنییەکان دەکەن و دەریاندەبڕن. سەرەنجام، فێر دەبن لەناخی خۆیاندا پەی بە هەستەکان ببەن بێ ئەوەی هەستە نەرێنییەکانیان دەرببڕن یان ڕەفتاری نەشیاو بکەن.

تا تەمەنی نۆ ساڵی، شێتگیری و وڕکگرتنی بەردەوام ئاسایی و سروشتییە. گەر منداڵان دەرفەتیان نەبێت تا وەک پێویست وڕک

بگرن، لەبری ئەوەی لەم قۆناغەدا گەشە بکەن، بە درێژایی ژیانیان بەردەوام دەبن لە وەرگرتن. منداڵانی ئەمڕۆ زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە هەستیارترن و پێویستییەکی گەورەتریان هەیە بۆ دەربڕینی هەستەکانیان. زۆربەی زۆری کێشە تازەکان کە بە چاوی خۆمان گەواهی بینینیانین لە منداڵاندا لە نەسرەوتن و توندوتیژییەوە بیگرە بۆ کەمی ڕێزلەخۆنان و خۆکوشتن چارەسەر دەبن کاتێک منداڵان ئەم پاڵپشتییەیان وەرگرت و فێربوون سەرکەوتووانە سەروکاری هەستەکانیان بکەن.

## بۆچی دەربڕینی هەست و سۆزەکان یارمەتیدەرە

کردەی دەربڕینی هەست و سۆزەکان توانای هەستکردن دەداتە منداڵان. منداڵان بەئاگا دێنەوە لە هەستەکانیان بەوەی سەرەتا هەست و سۆزە نەرێنییەکانیان دەرببڕن. هەستکردن بریتییە لە توانای زانینی ئەوەی دەگوزەرێت لە ناخماندا. پەیوەستبوون بە هەستەکانمانەوە زیاتر بەئاگامان دەهێنێتەوە لەوەی ئێمە کێین، پێویستمان بە چییە، خۆزگە بۆچی دەخوازین و چیمان دەوێت. توانای هەستکردن یارمەتیمان دەدات تا پەی ببەین و ڕێز بگرین لەوەی کەسانی دیکە پێویستیانە و خۆزگەی بۆ دەخوازن و دەیانەوێت. گوێگرتن بۆ منداڵەکانمان کە هەست و سۆزە نەرێنییەکانیان دەردەبڕن یارمەتیان دەدات تا پەرە بە توانای هەستکردنیان بدەن.

**پەیوەستبوون بە هەستەکانمانەوە زیاتر بە ئاگامان دەهێنێتەوە لەوەی ئێمە کێین، پێویستمان بە چییە، خۆزگە بۆچی دەخوازین و چیمان دەوێت.**

دروسـتكردنی دەرفەتـی سـەلامەت بـۆ منـداڵان بـۆ هەسـتكردن و دەربڕینـی هەسـت و سـۆزەكانی تـووڕەیی، خەمبـاری و تـرس منـداڵەكانمان وابەسـتە دەكـاتەوە بە پێویسـتییە بنچینەییـیەكەی نێو ناخیانەوە بۆ خۆشەویستی دایک و باوكیان. لەناكاو، بەدەستهێنانی خۆشەویسـتی دایـک و باوكیـان گرنگتـر دەبێـت وەک لەو شـتەی لەبارەیەوە بێزارن. كاتێک منداڵێک وڕكێكی گەورە دەگرێت بە هۆی ئەوەی ناتوانێـت بسـكوێتێک بخـوات، ئەم منـداڵە تەنیـا ئەوەی لەیـاد كـردووە كە كـێ سـەرۆكە و گرنگـی خۆشەویستیشـی لەیـاد كردووە بەسـەر خـواردنی بسـكوێتێكدا. پاڵپشـتیكردنی منـداڵان لە دەربڕینی هەسـت و سـۆزە نەرێنییەكـان هەمیشـە دەیـانهێنێتەوە تـا هەسـت بە پێویستی خۆیان بكەن بۆ خۆشەویستی دایک و باوكیان و ئارەزووی بەهێزیان بۆ هاوكاریكردن و دڵخۆشكردنی دایک و باوكیان.

**كاتێک منداڵان وڕک دەگرن، بە كاتی لەیادیان كردووە كێ بڕیاربەدەست و سەرۆكە لەپاڵ گرنگی خۆشەویستبوونیان.**

بە هۆشـیارییەكی هەڵكشـاوەوە لەبـارەی پێویسـتی خۆیـان بـۆ خۆشەویستی، لەناكاو خۆشەویستییەكە بۆ بسكوێتەكە دەڕەوێتەوە، وڕكگرتنەكانی نامێنن و منداڵەكە زیاتر هاوكار دەبێت. بەم شێوەیە منداڵ دەگەڕێتەوە بۆ خودی ڕاستەقینەی خۆی، كە منداڵێكی دڵخۆش، ئاسوودە، خۆشەویست و بڕوابەخۆبووە. بەم شێوەیە، جارێكی دیكە بەئاگا دێتەوە لە پێویستی خۆی بۆ خۆشەویستی دایک و باوكی و ویستی ناوەكی خۆی بۆ هاوكاریكردن و دڵخۆشكردنیان. هەموو ئەمانە لە خوڵقاندنی دەرفەتگەلێكی سەلامەتەوە بۆ منداڵان سەرچاوە دەگرێت تا خۆیان نەكەن بە ئاغا و چیان بوێت بیكەن، وڕک بگرن،

سەرکێشی بە سزادانەوە یاخود لەدەستدانی خۆشەویستی نەکەن لە پرۆسەکەدا.

گوێگرتن بەهاوسۆزی و دوورخستنەوەی کاتی بەهێزترین ڕێگەگەلێکن کە دایک و باوک ئەو پەیامە بدەن بە منداڵ کەوا ئاساییە هەستە نەرێنییەکان دەرببڕین. تەنانەت کاتێک منداڵان بەرهەڵستی دەکەن لەوەی بە کاتی دوور بخرێنەوە، ئەوەیش هەر ئاساییە. ڕەنگە تووڕە ببن و شتی بەدکارانە بڵێن. ئەوەیش ئاساییە. دوورخستنەوەیەکی کاتی دەرفەتێکە بۆ منداڵان بە هەموو توانای خۆیانەوە بەرهەڵستی بکەن و لە کۆتاییشدا خۆیان بدەن بەدەست جڵەوی دایک و باوکیانەوە. گرنگە بۆ منداڵان بزانن کەوا کەسی خراپ نین گەر بەرهەڵستی دوورخستنەوەیان بکەن یاخود کاتێک ناچار بوون دوور بخرێنەوە. ئەمە تەنیا وەک بەشێک لە گەشەکردن لێی دەڕوانرێت.

ئێوە پێویستە دڵنیا ببنەوە منداڵەکانتان ڕازی ناکەن تا لە تاوی وڕکگرتن و شێتگیری منداڵەکانتان دوور بکەونەوە، ئەگەرنا وڕک گرتنەکان ڕوو دەدەن کاتێک دەرفەتێکت نابێت تا بە کاتی منداڵەکەت دوور بخەیتەوە تاوەکوو مامەڵە لەگەڵ هەستەکانیدا بکات. منداڵان پێویستە هەست بەوە بکەن کەوا لەنێو جڵەوی دایک و باوکیاندان. کاتێک منداڵان لەو هەستەیان دەوەستن کە لەژێر جڵەوی دایک و باوکیاندان یان هەست بکەن دایک و باوکیان ناتوانن جڵەویان بکەن، ئیدی وێل دەبن بە شوێن ئەوەدا جڵەو بگرنە دەست بە داواکردنی زۆریان یاخود وڕکگرتنیان.

# توانای هاوسۆزی

بـۆ یارمەتیـدانی منـداڵەکانمان لە دەربڕینـی هەسـت و سۆز
نەرێنییەکانیاندا، دایک و باوک پێویستە فێر بن گەشە بە هاوسۆزی
بـدەن. ئەوەنـدە بەس نیـیە منـداڵەکانمان خـۆش بوێن، پێویست
بیشتوانین ئەو خۆشەویستییە بە ڕێگەگەلی مانادار دەربڕین. گەرچی
خۆشەویستی گرنگترینە، بەڵام چـۆن خۆشەویستییەکەمان نیشان
دەدەین جیاوازییەکە دروست دەکات. دەربڕینی هاوسۆزی یەکێک لە
گەورەترین خەڵاتەکان دایک و باوکێک دەتوانن بیبەخشن.

هاوسۆزی هەست و سۆزە نەرێنییەکانی منداڵ دەردەکێشێت و بە
ڕاستی تیماریـان دەکـات. هاوسـۆزی ئەو پەیـامە دەگەیەنێت کەوا
هەستەکانت بەجێ و شیاون. دایکان و باوکـان هەمیشە پەلەپەلیانە تا
منـداڵەکانیان دڵنیـا بـکەنەوە کەوا شـتەکان هەمـوو باشـن و هیچ
کێشـەیەک لە ئـارادا نیـیە. بەر لەوەی منـداڵ بتوانێـت ئەو پەیامە
وەربگرێت، پێویستە سەرەتا هەست بکات گوێی لێ دەگیرێت. منداڵان
پێویستە، تەنیا بۆ ماوەی چەند چرکەیەکی کەم، ئەزموونی بکەن کەوا
ئێوە لە گۆشەنیگای وان تێدەگەن، ئەوسا ئەوانیش دەتوانن تێڕوانینی
دڵنیاکەرەوەی ئێوە وەربگرن.

**هاوسۆزی ئەو دوگمە سیحراوییەیە کەوا منداڵان دەکاتەوە تا دڵنیاکردنەوە و ڕێنوێنی وەربگرن.**

کاتێک منـداڵێک بێزارە چـونکە ئەو شـتەی بەدەست نەهێناوە کە
ویستوویەتی، زۆربەی دایکان و باوکان پەلەیانە تا دەمودەست حاڵی
باشتر بکەن. ئەم نزیکبوونەوەیە ڕێگە لە منداڵ دەگرێت تا پەیوەست
بمێنێتەوە بە هەستەکانی لەدەستدانییەوە. کاتێک منداڵێک هەست بە

لەدەستدان دەکات، گەلێک پەسەندکارە بۆ وەرگرتنی ئەو هاوسۆزییەی پێویستییەتی. لەبیرتان بێت، ڕەنگە هەر چەند چرکەیەک بخایەنێت. دوای ئەوەی هاوسۆزییەکەی پێگەیشت، هەستەکانی دەگۆڕێن. یان ڕۆدەچێتە ئاستێکی قووڵتری هەست و سۆزە نەرێنییەکان "لە تووڕەییەوە بۆ خەمباری و بۆ ترس،" یاخود هەست بە باشتر دەکات. منداڵەکە هەر تەنیا ئەوە بەدەست ناهێنێت کە پێویستی پێیەتی تا هەست بە باشتر بکات، بەڵکو ئەزموونی ئەوەیش دەکات کەوا توانای ئەوەی هەیە هەست و سۆزە نەرێنییەکان بەڕەلا بکات تا هەست بە باشتر بکات.

**هەندێک جار هاوسۆزی پێدان تەنیا چەند چرکەیەکی زیاتری گرنگیپێدانی بێدەنگ و تێگەیشتنی گەرەکە.**

کاتێک دایکان و باوکان هەمیشە خێران تا چارەسەرەکان پێشکەش بکەن تاوەکوو منداڵ هەست بە باشتر بکات، منداڵەکە ئەو دەرفەتە لەکیس دەدات فێر بێت چۆن واز لە هەست و سۆزە نەرێنییەکان بهێنێت و لە قووڵایی ناخی خۆیدا هەستە ئەرێنییەکان بدۆزێتەوە. کاتێک دایک و باوک چارەسەر دەبەخشن، منداڵەکان پشت دەبەستن بە چارەسەرەکان تا هەست بە باشتر بکەن و فێری ئەوە نابن کۆسپەکانی ژیان قبووڵ بکەن بە تێڕوانینێکی ئەرێنییەوە. منداڵەکانمان زۆر پشت دەبەستن بەوەی ئەوە بەدەست بهێنن کە دەیانەوێت تا دڵخۆش بن، وەک لەوەی فێر بن دڵخۆش بن کاتێک خۆشەویستی لە گۆڕێدایە، بێ گوێدانە ئەوەی بارودۆخەکانی دەرەوە چۆنن.

کاتێک دایک و باوک هاوسۆزی دەبەخشن لەبری چارەسەرەکان، منداڵان گەشە بەو توانایە دەدەن خۆیان ڕێک بکەنەوە بۆ هەر

بارودۆخێکی نەرێنی یاخود نائومێدییەک بێ ئەوەی ناچار بێز
شتەکان چاک بکاتەوە. بە پێدانی هاوسۆزی بە مندالان بەر لەوەی
یارمەتیان بدەین کێشەکانیان چارەسەر بکەن، مندالان پەرە بەو
توانایەیان دەدەن واز لە هەست و سۆزە نەرێنییەکانیان بهێنن
تاوەکوو هەست بە باشتر بکەن و دواتر بۆ چارەسەرکردنی
کێشەکانیان بەرەوپێش دەچن. زۆرێک لە کەسە گەورەکانی ئەمڕۆ
هێشتا پەرەیان بەم توانایە نەداوە، چونکە ئەو کاتەی مندال بوون ئەو
هاوسۆزییەیان پێ نەدراوە کە پێویستیان بووە. کاتێک مندالان تەنیا
چارەسەریان پێ دەگات بۆ کێشەکانیان، ئیدی دەوەستن لەوەی بچن
لای دایک و باوکیان بۆ یارمەتی.

**ئەوەی لە هەموو شت زیاتر مندالەکانمان پێویستیان پێیەتی
تێگەیشتن و گرنگیپێدانێکی بێدەنگ و کەمێک پشتڕاستکردنەوەی
دەربڕاوە.**

## پێنج چرکە وەستانەکە

هەندێک جار هەموو ئەوەی گەرەکە ئەوەیە کەمێک خاو ببینەوە
هەول نەدەین کێشەکانی مندالەکانمان چارەسەر بکەین. کاتێک
تووڕەن، خەمبارن، نائومێدن، نیگەرانن، لەجیاتی ئەوەی پێیان بڵێین
چۆن ئاسوودە بن لەبارەی بارودۆخەکەوە هەست بە باشتر بکەن
ڕێبازی باوانیکردنی ئەرێنی هیچ ناکات بەلکو بە سادەیی بۆ مارەی
پێنج چرکە هەست دەکات بەو شتەی ڕەنگە مندالەکانمان هەستی پێ
بکەن. کاتێک مندالەکە هەست بە نائومێدی دەکات، لەبری ئەوەی
دلخۆشی بکەین باشترە تەنیا وازی لێ بهێنین هەست بە نائومێدی
خۆی بکات و هەست بکات بەو شتەی هەستی پێ دەکات. بۆ مارەی

پێنج چرکە بوەستە و بە سادەیی هەست بکە بەوەی بیری لێ دەکەیتەوە و هەستی پێ دەکەیت یاخود هەست بکە بەوەی ئەو هەستی پێ دەکات.

لەجیاتی ئەوەی چارەسەریان پێ ببەخشن، تەنیا لە پالیدا هەست بە نائومێدییەکەی بکە و دوای پێنج چرکە شتێکی سادەی لەم شێوەیە بڵێن: "دەزانم، شتێکی زۆر نائومێدکەرە." ئەمە پەیامێکی ڕوون بە منداڵەکە دەدات کەوا نائومێدی بەشێکە لە ژیان. هیچ شتێکی سەیر ڕووی نەداوە. زۆر بە خێرایی جەوی منداڵەکە دەگۆڕێت. زیاتر لە هەر شتێکی دیکە، منداڵان پێویستیان بە پەیامێکی ڕوونە بۆ ئەوەی لە ژیاندا باش بن، پێویست نییە هەموو کات شتە ئەرێنییەکان ڕوو بدەن.

کاتێک بۆ کێشەی منداڵەکەتان چارەسەرێکی خێراتان دەبێت، ئەمە نەک تەنیا هەستەکانیان بچووک دەکاتەوە، بەڵکو لەلایان هەستی نالێهاتوویی توند دەکاتەوە. گەر بۆ ئێوە زۆر ئاسان بێت ئەو شتە چارەسەر بکەن لەواندا هەڵەیە، ئەوا ئەوان یان هەست بە هەڵە دەکەن لەوەی بێزار بوون، یاخود هەست بە ناتەواوی دەکەن بەوەی مامەڵەیان نەکردووە لەگەڵ بارودۆخەکە بەو شێوەیەی ئێوە پێشنیارتان کردووە لە چاککردنەوە خێرا و بەپەلەکەتاندا. بە دڵنیاییەوە، هەر چارەسەرێک بە خۆشەویستییەوە دەدرێت، بەڵام گەر بە پەلە درا، ڕەنگە کاریگەری پێچەوانەی هەبێت لەوەی ئێوە مەبەستتانە. چارەسەرەکان شتگەلی باشن کاتێک منداڵ دەستی کردووە بەوەی هەستی باشتر بێت یاخود دەست دەکات بە داواکردنی ڕێگەیەکی دیکە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخەکەدا.

**کاتێک منداڵەکەت دەوەستێت لەوەی گوێت بۆ بگرێت، بە ڕوونی هۆیەکەی ئەوەیە تۆ بەردەوام ئامۆژگاری زۆرت داوە.**

تەنانەت هەندێک جار کە منداڵێکیش داوای چارەسەرێک دەکات، هێشتا ئامادەی ئەوە نییە چارەسەرێک وەربگرێت. گەرچی داوای چارەسەرێک دەکات، لە ڕاستیدا پێویستی بە هاوسۆزی زیاترە. ڕەنگە منداڵەکە بە نەوایەکی بێزارەوە بڵێ: "نازانم چی بکەم." لەم حاڵەدا، زۆربەی باوکەکان باز دەدەن و چارەسەرێک دەخەنە ڕوو. دواتر، زۆرینەی زۆری کات، باوکێک دەکەوێتە نێو ململانێیەکی دەسەلات یاخود مشتومڕەوە. حەتمەن منداڵەکەی وەڵامی چارەسەرەکەی دەداتەوە بە بەرهەڵستی "بەڵام"ێکەوە. بەڵامەکە مانای ئەمەیە: "بەڵام ئەوە نابێت." یاخود "بەڵام ئەوە سەرکەوتوو نابێت چونکە..." یاخود "بەڵام تۆ تەنیا تێناگەیت."

کاتێک منداڵێک دەڵێ: "تۆ تێناگەی." ئەمە زیاتر باوکەکان دەخاتە حاڵەتی بەرگرییەوە، لەجیاتی ئەوەی ئامادە بن بۆ یارمەتیدانی منداڵەکەیان، سەرەنجام دەبێت منداڵەکە بۆ یارمەتیدانی باوکی ئامادە بێت. باوکەکە دەست دەکات بە فەرمانکردن کەوا منداڵەکە تێدەگات بۆچی ئەو ڕاستە لەو چارەسەرەدا پێی داوە. ئەمە ڕێ و شوێنە ڕاست و دروستەکە نییە. دایکان و باوکان بەرپرسیاری منداڵەکانیانن نەک بەپێچەوانەوە.

کاتێک منداڵێک دەڵێ: "تۆ تێناگەیت." دەستبەجێ بوەستە. شان بدە بەری. هاوڕای منداڵەکە بە. ڕاست دەکات. لەو ساتەدا، تۆ تێناگەیت یان هەست پێ ناکەیت ئەو هەست بە چی دەکات. لەجیاتی ئەوەی شوێن هەنگاوەکانت بکەویت و ڕوونی بکەیتەوە بە ڕاستی تێدەگەیت لەوەی گوتی یاخود لە بارودۆخەکەی، تەنیا بوەستە و هاوڕا بە. شتێکی لەم شێوەیە بڵێ: "تۆ ڕاست دەکەیت، من تێناگەم. جارێکی دیکە پێم بڵێرەوە." ئەم جارەیان، بکشێرەوە لەوەی چارەسەر بدەیت و تیشک بخە سەر ئەوەی هاوسۆز بیت.

ئەمانە چەند نموونەیەکی کەمن لەو چارەسەرە باوانەی باوک و دایکەکان دەیدەن لەگەڵ وتەگەلی جێگرەوە بۆ دەربڕینی هاوسۆزی.

| پێدانی چارەسەرێک | هاوسۆزیکردن |
|---|---|
| مەگری. | ماوەی پێنج چرکە بوەستە و پاشان بڵێ: دەزانم... ئەمە شتێکی ناخۆشە. |
| نیگەران مەبە. | ماوەی پێنج چرکە بوەستە و پاشان بڵێ: قورسە. دەزانم نیگەرانیت. |
| سبەینێ باش دەبێت. | ماوەی پێنج چرکە بوەستە و پاشان بڵێ: دەزانم نائومێدیت. |
| شتێکی ئەوتۆ نییە. | ماوەی پێنج چرکە بوەستە و پاشان بڵێ: دەزانم هەست بە ئازار دەکەیت. با باوەشێکت پێدا بکەم. |
| هێی، تۆ ناتوانیت ەموویان ببەیتەوە. | ماوەی پێنج چرکە بوەستە و پاشان بڵێ: دەزانم خەمباریت. منیش بوومایە هەر وا دەبووم. |
| دەکرا زۆر خراپتر یت. | ماوەی پێنج چرکە بوەستە و پاشان بڵێ: دەبینم دەترسیت. منیش بوومایە دەترسام. |

| | |
|---|---|
| هێــی، یەلا دەی... ئەمە ژیانە. | ماوەی پێنج چرکە بوەستە و پاشان بڵــێ: مــافی خـۆتە تــوورە بیت. منیش بوومایە توورە دەبووم. |
| بــاش دەبیــت... هەمــوو شت باش دەبێت. | ماوەی پێنج چرکە بوەستە و پاشان بڵێ: دەزانم ترساویت... ترسناکە. |
| بە هەرحـــاڵ هێنـــدە گرنگ نییە. | ماوەی پێنج چرکە بوەستە و پاشان بڵــێ: ئاســاییە ئیرەیی ببەیت. منیش بم ئیرەیی دەبەم. |
| تــۆ دەرفەتێکــی دیــکە بەدەست دەهێنیت. | ماوەی پێنج چرکە بوەستە و پاشان بڵــێ: گەر ئەوە بەســەر منــدا بهاتــایە، منیش نائومێد دەبووم. |

## کاتێک منداڵان بەرهەڵستی هاوسۆزی دەکەن

کاتێک پەیامەکانی هاوسۆزی دەدرێن، منداڵێک ڕەنگە بەرهەڵستی بکات و دایک و باوکی ڕاست بکاتەوە بە گوتنی: "ئەوە ئەو شتە نییە من هەستی پێ دەکەم." ئەوسا بەردەوام دەبێت لە باسکردنی ئەوەی هەستی پێ دەکات. تەنانەت گەر تۆیش بڕوات وا بێت کە ڕاست بوویت، گرنگە لێشاوی هەستەکانی نەپچڕێنیت تا بەرگری لە سەرنجی خۆت بکەیت. بابەتەکە ئەوە نییە ڕاست بکەیت، بەڵکو ئەوەیە یارمەتی منداڵەکەت بدەیت هەستەکانی خۆی دەرببڕێت.

کاتێک منداڵێک بێزارە، هەمیشە چەندین هەستی جۆراوجۆر لە ناخیدا بوونیان هەیە. بە ئاماژەکردن بۆ هەستێک کە منداڵەکە ڕەنگە هەیبێت، بە خێرایی دەچێتە سەر یەکێکی دیکە و دەڵێ: "نا، من توورە نیم، خەمبارم." گەرچی ڕەنگە وا هەست بکرێت کە گوێ بۆ تۆ

ناگرێت، هەوڵ بدە لەبیرت بێت ئەمە ئەو کاتەیە پێویستی بە تۆیە تا تۆ گوێی بۆ بگرێت. کاتێک هەستەکانی منداڵێک بار دەگۆڕن و بەرەوپێش دەڕۆن، ئەوە شتێکی باشە.

**کاتێک منداڵان بەرهەڵستی دەکەن، هەوڵ بدەن بیرتان بێت ئەمە ئەو کاتەیە کە پێویستیان پێتانە تا گوێیان بۆ بگرن.**

بە هۆشیارییەکی زیاترەوە لەبارەی هەستە جیاوازەکانیانەوە، منداڵان بە خێرایی زیاتر دەتوانن دەستبەرداریان ببن. گەر منداڵێک هاوسۆزی تۆی ڕەت کردەوە یاخود دەربڕینی تۆی ڕاست کردەوە بە گوتەیەکی لەم شێوەیە: "هەستی من بەو شێوەیە نییە..." دڵنیابەرەوە لەوەی نەچیتە نێو مشتومڕێکەوە. تەنیا بەرهەڵستییەکە قبوڵ بکە و بەردەوام بە لە گوێگرتن. کاتێک منداڵەکە بەردەوام دەبێت لە باسکردنی هەستەکانی، ئەوا تۆ لە یارمەتیدانیدا سەرکەوتوو بوویت.

گەر منداڵێک دەرفەتی نەبووە لەم ماوانەی دواییدا هەستەکانی دەربڕێت، ئەوسا ڕەنگە هاوسۆزی نواندن لەگەڵ هەستەکانی ئێستادا سندووقێکی تەواو لە هەستەکان بکاتەوە. هەموو ئەو شتانەی منداڵەکەی بێزار کردووە لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا یاخود لە ماوەی چەند ساڵێکدا ڕەنگە دەست بکەن بە سەردەرهێنان. ئەمە شتێکی باشە. کەوایە با ڕوو بدات.

تەنیا گوێ بگرە. هەر کە هەستەکە هاتە دەر، منداڵەکە زوو هەست بە باشتر دەکات. دایکان و باوکان زۆربەی کات ئەو هەڵەیە دەکەن هەوڵ دەدەن منداڵەکە دابیڕن و قسەکانی پێ ببڕن بەوەی ئاماژە دەکەن بەوەی یان ڕاست نین یاخود لە بابەتەکە لا دەدەن. پێویست ناکات ئەوە بگوترێت. لەجیاتی ئەوە، تەنیا ڕێگە بدەن قسە بکەن،

سەرەنجام دەتوانن ڕابردوو لەیاد بکەن و نرخی گوێگرتنی ئێوە بزانن.

## کاتێک دایکان و باوکان هەست و سۆزە نەرێنییەکان دەردەبڕن

هەست و سۆزە نەرێنییەکان مەیلیان لەوەیە لە کەسانی دیکەدا ختووکەی کاردانەوە سۆزدارییەکان بدەن. کاتێک کەسێک دڵتەنگە، ئێمەش دڵتەنگین. کاتێک کەسێک لێمان تووڕەیە، ئێمەش زۆربەی کات لە بەرانبەردا تووڕەین. گەر کەسێک بە ڕاستی بترسێت، ڕەنگە ئێمەیش لەناکاو شلۆق و نیگەران بین. گەر پێشوەختە نیگەران بین، ئەوسا هەست و سۆزەکانی کەسێکی دیکە دەبنە هۆی ختووکەدانی هەستەکانی ئێمەش.

ئەمە یارمەتیدەرە ڕوونی بکاتەوە کە بۆچی هێندە زەحمەتە گوێ بۆ گریانی منداڵێک بگیرێت یاخود بۆچی هەندێک کات ئاسانە هاوسۆز بێت و لە کاتەکانی دیکەدا زەحمەتە. گەر ڕۆژێکی خراپتان بەسەر بردووە یاخود لە ڕووی سۆزدارییەوە شلۆقن، ڕەنگە گوێگرتن بۆ منداڵەکانتان زۆر زەحمەت بێت. هەموو شت دەڕوات بەرەو ئەوەی منداڵەکەت بێزار بێت، لەناکاو هەموو هەستە چارەسەرنەبووەکانی تۆش پەیدا دەبنەوە لە کاردانەوەی منداڵەکەتدا.

بۆ نموونە، گەر خۆت بێزار بێت چونکە وا دیارە ئەرکی زۆر کەوتوون بەسەرتدا و کاتی پێویستت نییە، ئەوسا مەیلت ڕووی لەوە دەبێت کاردانەوە زیاد لە پێویست بنوێنیت بەرانبەر منداڵەکەت. گەر منداڵەکەت پەست و بێزار بێت بە هۆی ئەرکەکانی قوتابخانەی و تۆیش هەوڵ دەدەیت یارمەتی بدەیت، ئەمە ختووکەی هەستە بێزارەکانی تۆیش دەدات. لەناکاو خۆت دەبینیتەوە بە شێوازێکی بێزار

دەدەیـت بە ڕووخســاری منداڵەکەتــدا. ئەوەی وەک ئامــاژەیەکی خۆشەویستی یارمەتیدان دەستی پێ کرد بۆ مشتومڕێکی بەئازار دەگۆڕێت.

کاتێک دایک و باوک بە هەست و سۆزی نەرێنیتر کاردانەوە دەنوێنن بۆ هەست و سۆزە نەرێنییەکانی منداڵەکانیان، وا لە منداڵان ناکات هەست بە سەلامەتی بکەن بۆ دەربڕینی هەست و سۆزە نەرێنییەکانیان. کاتێک دایک و باوک هەست و سۆزی نەرێنی دەردەبڕن، کەسانی گەورەتر، دەنگ بەرزتر و بەدەسەڵاتترن. هەست و سۆزە بەهێزەکانی کەسی پێگەیشتوو منداڵان بەچەترسێن دەکەن بەوەی هەست و سۆزە نەرێنییەکانیان دەرنەبڕن. سەرەنجام، منداڵان سڕ دەبن بەڕووی هەستەکانیاندا کاتێک سەلامەت نییە دەریانببڕن.

**کاتێک هەست و سۆزە نەرێنییەکانیان دەردەبڕن، دایک و باوک گەورەتر و دەنگ زلتر و بەدەسەڵاتترن، منداڵانیش بەچەترسێن دەکەن.**

هەندێک لە دایکەکان جڵەو دەگرنەوە بەسەر منداڵاندا بە هاوار و قیژەی بەرز و بارگاوی کراو بە سۆز. لەناکاو، منداڵەکەیان ڕەفتاری جوان دەکات. لەناکاو وا دەکەن، چونکە لەناکاو دەربڕینی هەست و سۆزە نەرێنییەکانیان دەبێتە شتێکی ناسەلامەت، ئیدی منداڵەکە لەترسا گوێڕایەڵ دەبێت. لە کاتێکدا ئەم میتۆدە لە مەودای کورتدا سەرکەوتوو دەبێت، بەڵام منداڵان سڕ دەکات بەڕووی هەستە ناوەکییەکانیاندا و هێزی ئیرادەی نێو ناخیان خەفە دەکات.

**هەست و سۆزە بەهێزەکانی کەسێکی پێگەیشتوو وا دەکات سەلامەت نەبێت بۆ منداڵان هەست بە شتەکانی خۆیان بکەن.**

باوکەکانیش جڵەو و دەسەڵاتی خۆیان دەسەپێنن بە نەوایەکی بەدکارانە و تووڕەوە. لەناکاو، منداڵەکەیان دەستبەجێ دەکەوێتە ڕەفتارکردنی جوان. دیسانەوە، منداڵەکە ڕەفتاری جوان دەکات چونکە سەلامەت نییە هەست و سۆزە نەرێنییەکانیان دەرببڕن. لە ترساندا بە کاتی گوێڕایەڵ دەبن. منداڵان زۆربەی کات تووڕەیی خەفە دەکەن، چونکە دایک و باوکیشیان لە بەرانبەردا تووڕە دەبن. لە کاتێکدا ئەم جڵەوکردنە ترسێنەرە لە ڕابردوودا کاری خۆی دەکرد، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئەو کارەی بۆ ناکرێت. ئەو منداڵانەی بەم جۆرە ترساندنە گەورە کراون یان دواتر یاخی دەبن و بەرهەڵستی هاوکاریکردن دەکەن یاخود دەبنە کەسانی ملکەچ و دوور لە ئاڕاستەکردن.

گەر بمانەوێت یارمەتی منداڵەکانمان بدەین سەروکاری هەستەکانیان بکەن، پێویستە سەروکاری هەستەکانی خۆیشمان بکەین. بۆ ئەوەی زاڵ بین بەسەر ئەو مەیلەماندا وەک دایک و باوک بۆ هەڵڕشتنی هەستە چارەسەرنەبووەکانمان بەسەر منداڵەکانماندا، پێویستە کات تەرخان بکەین بۆ خۆمان تا هەڵکەین لەگەڵ فشار و چارەی گرفت و ئاریشە سۆزدارییە چارەسەرنەبووەکان بکەین. گەر کات تەرخان نەکەین بۆ خۆمان تا هەڵکەین لەگەڵ فشاردا، ئەوا ڕێگر دەبین لە منداڵەکانمان لەوەی فێر بن سەروکاری هەستەکانیان بکەن.

**بۆ ئەوەی یارمەتی منداڵەکانمان بدەین سەروکاری هەستەکانیان بکەن، پێویستە سەروکاری هەستەکانی خۆیشمان بکەین.**

دایک و باوک ناتوانن بەدانبەخۆداگرییەوە گوێ بگرن بۆ دەربڕینی هەستە بەرهەڵستییەکانی تووڕەیی و خەمباری و ترسی منداڵەکانیان گەر لە نـاخی خۆیانـدا هەسـتە چارەسـەرنەبووەکانی تـووڕەیی و نائومێدی و بێزاری و نیگەرانـی و ترسیان هەڵگرتبێت. گەر دایک و باوک بەرهەڵستی بکەن لەوەی مامەڵە لەگەڵ هەستەکانی ناو ناخی خۆیاندا بکەن، ئەوسا خـۆکردانە بەرهەڵستی دەکەن مامەڵە لەگەڵ هەستە نەرێنییەکانی منداڵەکانیاندا بکەن.

منداڵان ناتوانن ئەو هاوسۆزییە بەدەست بهێنن پێویستیانە کاتێک دایک و باوکێک بەرهەڵستی ئەوە دەکەن منداڵەکە دەیبیستێت. کاتێک منـداڵان ئەو پەیامەیـان پـێ دەگـات کەوا هەسـت و سـۆزەکانیان و پێویسـتییەکانیان بـۆ تێگەیشـتن و خۆشەویستی نەگونجـاون، ئیـدی دەسـت دەکەن بە خەفەکردنـی هەسـتەکانیان و دادەبـڕێن لە خـودی ڕاسـتەقینەی خۆیـان و گشـت ئەو بەهـرە و خەلاتـانەی لە بـوون بە کەسی ڕەسەن و ڕاستەقینەوە سەرچاوە دەگرن.

تا ئەو کاتەی دایک و باوک مامەڵە لەگەڵ هەستەکانی خۆیاندا بکەن، ئەوا کاریگەریـان کەمتـر دەبێـت لە یارمەتیـدانی منـداڵەکانیان بـۆ سەروکاریکردنی هەستەکانیان. بەڵام هێشتا گەر کات تەرخان بکەن تا شان بدەنە بەر فشـار و برەو بە پێویستییە پێگەیشتووەکانی خۆیـان بدەن بـۆ گفتوگـۆکردن، ڕۆمانسـییەت و سـەربەخۆیی، ئەوا دەتـوانن بگەڕێنەوە و زۆر زیاتر ببەخشن بە منداڵەکانیان. کاتێک دایک و باوک سەرەتا بایەخیان بە پێویستییەکانی خۆیان دا، ئەوسا زۆر کاریگەرانە دەتـوانن پێـنج توانـا و شـارەزاییەکەی بـاوانیکردنی ئەرێنـی بـخەنە بواری جێبەجێکردنەوە.

# هەڵەی هاوبەشیکردنی هەستەکان

لە ساڵانی حەفتاکاندا، کەسە پێگەیشتووەکان دەستیان کرد بە هۆشیاربوونەوە لەبارەی گرنگی وابەستەبوون بە هەستەکانەوە. هەر بەو جۆرەی گەورەکان پێویست بوو وابەستە بن بە هەستەکانیانەوە، درکمان بەوە کرد منداڵەکانیشمان پێویست بوو لەبارەی هەستەکانەوە فێر بن. لە هەوڵێکدا بۆ فێرکردنی منداڵان چۆن وابەستەی هەستەکانیان ببن، دایک و باوکە "ڕۆشنفکرەکان" دەستیان کرد بە هاوبەشیکردنی هەستەکانیان لەگەڵ منداڵەکانیاندا. گەرچی ئامانجەکە ڕاست بوو، بەڵام پرۆسەکە زۆر کاریگەر نەبوو.

هەستەکان پێویستە لەگەڵ نزیک و هاوەڵەکان هاوبەشی پێ بکرێن، منداڵانیش نزیک و هاوەڵی دایک و باوکیان نین. کاتێک کەسێک هەستە نەرێنییەکان هاوبەشی پێ دەکات، پێویستییەکی شاراوە هەیە گوێی بۆ بگیرێت. ئەوسا گوێگرەکە بە هاوسۆزی و سۆز و دەستگیرۆییەوە وەڵامی دەداتەوە. کێشەی هاوبەشیکردنی هەست و سۆزە نەرێنییەکان لەگەڵ منداڵاندا ئەوەیە ناتوانن وەڵام بدەنەوە بێ ئەوەی هەست بە بەرپرسیارێتی زۆر نەکەن بەرانبەر دایک و باوکیان. شتێکی باشە منداڵان لەگەڵ یەکدیدا یاخود لەگەڵ دایک و باوکیاندا هەست و سۆزە نەرێنییەکانیان هاوبەشی پێ بکەن، بەڵام شتێکی باش نییە دایک و باوک ئەو کارە لەگەڵ منداڵەکانیاندا بکەن.

منداڵان بە جۆرێک بەرنامەڕێژ کراون دایک و باوکیان دڵخۆش بکەن. گەر دایک و باوک لەگەڵ منداڵاندا هەست و سۆزە نەرێنییەکان هاوبەشی پێ بکەن، ئەوسا منداڵەکان هەست بە بەرپرسیارێتی دەکەن بۆ ئاسوودەکردنی دایک و باوکیان. لە هەموو ڕوویەکەوە، منداڵەکە دەست دەکات بە هەستکردن بە بەرپرسیارێتی بۆ خەمخواردن و بایەخپێدان بە دایک و باوکی. منداڵەکە، ئەو کەسەی پێویستە بایەخی پێ بدرێت و خەمی بۆ بخورێت، بەرپرسیارێتی دەگرێتە ئەستۆ بۆ

بایەخدان بە دایک و باوکەکەی. ئەم پێچەوانەبوونەوەیەی ڕۆڵەکان شتێکی زۆر ناتەندروستە بۆ منداڵەکە. کچان مەیلیان لەوەیە پەیوەندیی خۆیان بە هەستەکانیان و پێویستییەکانیانەوە بپچڕێنن و زیاتر بایەخ بە دایک و باوکیان بدەن. کوڕان مەیلیان لەوەیە ئەم بەرپرسیارێتییە ڕەت بکەنەوە واز لە گوێگرتن و بایەخپێدان دەهێنن.

**شتێکی زۆر ناتەندروستە بۆ منداڵان بەرانبەر هەستەکانی دایک و باوکیان هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن.**

کاتێک لەدوای شەڕێک دایک و باوکێک بێزارن و دواتریش لەگەڵ منداڵەکانیان بێزار دەبن، ئەوسا بە هیچ شێوەیەک منداڵەکان تێناگەن لەوەی کە ئەوان بەرپرسیار نین بەرانبەر هەستەکانی دایک و باوکیان. گەر دایکەکە بەردەوام بێت لە هاوبەشپێکردنی هەستەکانی لەگەڵ هاوسەرەکەی، ئەوسا منداڵەکان زیاتر هەست بە بەرپرسیارێتی دەکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە. هەر بۆ خۆی سەختە بەلای هاوسەرە بەتەمەنەکانەوە تا گوێ بۆ یەک بگرن بێ ئەوەی هەست بە لۆمەکردن و بەرپرسیارێتی نەکەن. هیچ ڕێیەک نییە بۆ منداڵان گوێیان لە هەست و سۆزە نەرێنییەکانی دایک و باوکیان بێت و بەرپرسیارێتی زۆر نەگرنە ئەستۆ. لە کۆتاییدا، ئەم هۆشیاربوونەوە زیادەیە لەبارەی هەستەکانی دایک و باوکیانەوە سڕیان دەکات بەرووی هەستەکانی خۆیاندا. دواتر وەک هەرزەکاران، سەرەنجام دەکشێنەوە و واز لە قسەکردن لەگەڵ دایک و باوکیاندا دەهێنن.

بۆ نموونە، گوتنی "من نیگەرانم لەوەی ئازارت پێ بگات." یاخود "خەمبارم بەوەی تەلەفۆنت نەکرد" ئەو کاریگەرییە لەسەرخۆیەی هەیە بۆ منداڵێک کە هەست بکات دەستی بەسەردا گیراوە و جڵەو

کراوە لەڕێی هەستە نەرێنییەکانەوە. لەجیاتی ئەوە، کەسێکی گەورە پێویستە بڵێ: "دەمەوێت زیاتر بەئاگا بیت" یاخود "دەمەوێت جاری داهاتوو تەلەفۆنم بۆ بکەیت."

ئەمە نەک تەنیا زیاتر کاریگەرە، بەڵکو فێری منداڵانیش دەکات بڕیار نەدەن لەسەر بناغەی هەست و سۆزە نەرێنییەکان. منداڵەکە هاوکاری دەکات نەک بۆ پاراستنی دایک و باوکەکەی لە ناڕەحەتی هەستکردن بە ترس، بەڵکو بە هۆی ئەوەی دایک و باوکەکە داوایان لێ کردووە شتێک بکات.

**منداڵان نابێت هەرگیز ئەو پەیامە وەربگرن کەوا ئەوان بەرپرسن لەوەی دایک و باوکیان هەستیان چۆن بێت.**

دایک و باوک دەتوانن بە باشترین شێوە یارمەتی منداڵەکانیان بدەن پەرە بە هۆشیارییەکی هەڵکشاوی هەستەکان بدەن نەک لەڕێی هاوبەشیکردنی هەستەکانی خۆیانەوە، بەڵکو لەڕێی هاوسۆزی و دانپێدانان و گوێگرتنەوە. بەکارهێنانی پێنج توانا و شارەزاییەکەی باوانیکردنی ئەرێنی خۆکردانە دەتوانێت هەستەکانی منداڵەکانتان ڕابکێشێتە دەرەوە.

## پرسیارکردن لە منداڵان کە هەستیان چۆنە

هەر بەو جۆرەی نابێت منداڵ هەست بە بەرپرسیارێتی بکات بەرانبەر هەستەکانی دایک و باوکی، منداڵان نابێت وا بیر بکەنەوە لەوەی هەست و سۆزەکانیان و ویستەکانیان ئەوانە دەخاتە پێگەی جلەو بەدەستییەوە. هەڵە نییە لە منداڵ بپرسرێت هەستی چۆنە یاخود

چی دەوێت، بەڵام دەبێت ناوبەناو بکرێت. گەر بیردەکەیتەوە لەوەی شتێک بکەیت و لە منداڵەکەت دەپرسیت هەستی چۆنە دەربارەی، ڕەنگە ئەو پەیامە وەربگرێت کەوا هەستەکانی ئەو دیاری دەکەن لەوەی تۆ بڕیاری لێ دەدەیت. ئەمە سەرنجدانێکی زۆرە بە هەستەکانی و ویستەکانی و ئەو پەیامە هەڵەیەش دەدات کەوا ئەو جڵەوی بەدەستە.

ڕاستەوخۆ پرسیارکردن لە منداڵان بەوەی هەستیان چۆنە و چیان دەوێت دەسەڵات پێدانێکی زۆرە پێیان. منداڵان پێویستیان بەوەیە دایک و باوکیان جڵەویان هەبێت، بەڵام پێویستیان بەوەیشە کەوا بەرهەڵستی و هەستەکان و خۆزگەکان و ویستە دەربڕاوەکانیان ببیسترێن و ڕەچاو بکرێن.

باشتر لەوەی بڵێی: "ڕات چۆنە سەردانی مامە ڕۆبەرت بکەین؟" بڵێ: "با خۆمان ئامادە بکەین بۆ سەردانی مامە ڕۆبەرت."

گەر بەلایانەوە باشتر بوو بچن بۆ مەلەکردن، ئەوسا ڕێگەت پێ دەدەن بزانیت هەستیان چۆنە.

ڕاستەوخۆ پرسیارکردن لە منداڵەکانتان کە هەستیان چۆنە هەندێک جار دەتوانێت ئەنجامی پێچەوانەی هەبێت لەوەی خۆتان دەتانەوێت. پرسیارێکی ڕاستەوخۆ فشاری زۆر دەخاتە سەر منداڵان تا بزانن هەستیان چۆنە کاتێک هێشتا پەرەیان بە خودهۆشیاری خۆیان نەداوە. پرسیارگەلی زۆر دەتوانێت بە زوویی خۆهۆشیارکردنەوە بەئاگا بهێنێتەوە.

بە گشتی لە دەوروبەری تەمەنی نۆ ساڵیدایە منداڵان دەست دەکەن بە هەستکردن بە شەرمەزاربوون لەبارەی شتەکانەوە و ئەزموونێکی گەورەتری شەرمکردن دەکەن لەبارەی جەستەیانەوە. لەگەڵ ئەم خودهۆشیارییە هەڵکشاوەدا، زیاتر ئامادەی پرسیارە ڕاستەوخۆکانن

لەبارەی هەستەکانەوە. لەجیاتی ئەوەی لە منداڵێک بپرسرێت هەستی چۆنە، دایک و باوکێک بە سادەیی دەتوانن قسەیەکی هاوسۆزی لەم شێوەیە بکەن: "تێدەگەم کە بێزاریت." لەم خاڵەدا، هەستەکانی منداڵەکە و ئارەزووی بۆ قسەکردن لەبارەی هەستەکانییەوە دەبزوێت.

باشترین ڕێگە تا هۆشیاری لەبارەی هەستەکانەوە فێری منداڵان بکەین گوێگرتن و یارمەتیدانە لە دیاریکردنی هەستەکان لەڕێی هاوسۆزییەوە. ڕێگەیەکی دیکە کە دایک و باوک دەتوانن ژینگەیەکی تێگەیشتن بخوڵقێنن بۆ هەستەکان لەڕێی گێڕانەوەی چیرۆکەوەیە. دایک و باوک، لەڕێی گێڕانەوەی چیرۆکەکانەوە کە هەستیان چۆن بووە بەرانبەر ئاڵنگارییەکانی ژیان کاتێک گەورە دەبوون، دەتوانن بە سەرکەوتوویی ئەو پەیامە بگەیەنن کەوا ئەوانیش هەستیان هەیە. بەم شێوەیە، منداڵەکە بە هیچ شێوەیەک هەست ناکات بەرپرسیارە تا یارمەتی دایک و باوکەکە بدات یاخود شتەکان باشتر بکات.

**دایک و باوک دەتوانن بە سەرکەوتوویی ئەو پەیامە بگەیەنن کەوا ئەوانیش هەستەکانیان هەیە لەڕێی گێڕانەوەی چیرۆکەکانی ڕابردوویانەوە.**

دوای ئەوەی منداڵێک باس دەکات چۆن دەترسێت لەوەی تاقیکردنەوەیەک بکات، ئەوسا ڕەنگە دایک و باوکەکە چیرۆکێکی خۆش لە قۆناغی منداڵیان بگێڕنەوە کە تاقیکردنەوەیەکی کردووە و ئەویش ترساوە. گێڕانەوەی ئەم چیرۆکانە نابێت تەنیا بۆ پشتڕاستکردنەوەی هەستەکانی منداڵەکە بێت، بەڵکو دەبێت لە کۆتاییدا پەیامێکی دڵنیاکردنەوەش بە منداڵەکە بدات.

## ئەوەی تۆ خەفەی دەکەیت، منداڵەکەت دەریدەبڕێت

تەنانەت کاتێک دایک و باوکێک هەستەکانیش هاوبەشی پێ ناکەن، ڕەنگە هێشتا منداڵان کاریگەر بن بەو هەستانە. هەندێک لە دایکان و باوکـــان درک دەکەن بەوەی نەشـــیاوە هەســـتەکانیان لەگەڵ منداڵەکانیاندا هاوبەشی پێ بکەن، بەڵام ڕێگەی کاریگەر شک نابەن تا بەرەڵایان بکەن. لە ئەنجامدا، بە تایبەتی لە کاتی فشاردا، هەست و ســۆزە چارەســەرنەبووەکانیان لە ناخیانــدا کەڵەکە دەبــن. گەرچــی بەریان پێ دەگرن، هێشتا دەتوانن کاریگەری لەسەر منداڵەکانیان دابنێن.

کاتێک دایک و بـاوک هەست و سۆزە نەرێنییەکانیـان پەنگ پێ دەخۆنەوە، ئەمە دەبێـتە هـۆی توندکردنەوەی هەستەکانی منداڵان. ئەوەی دایـــک و بـــاوک خەفەی دەکەن، منـــداڵەکانیان مەیلیـــان لە دەربڕینیانە. زۆربەی کات منداڵی هەرە هەستیارە لە خێزاندا کاریگەر دەبێت بە گرفتەکانی هەست و سۆزە چارەسەرنەبووەکانی خێزانەکە. ئێســتا چارەسەرســـازە دەروونییەکـان بە گشـتی پەی دەبەن بەوەی کاتێک منداڵێک کێشـەیەکی دەبێت، وابەستەیە بەو کێشانەی دایک و باوکیان هەیانە.

**زۆربەی کات منداڵی هەرە هەستیارە لە خێزاندا کاریگەر دەبێت بە گرفتەکانی هەست و سۆزە چارەسەرنەبووەکانی خێزانەکە.**

گەر هەســت بە پەشـۆکان دەکەیـت لەبـارەی دواهەمـین کـاتی کارەکانەوە، ڕەنگە ببینن منداڵەکانتان هەمیشە سکاڵا دەکەن لەدەست زۆری کارەکان و کەمی کاتی پێویست. گەر هەست بکەیت لە ڕووی سۆزدارییەوە پشـتگوێ خراویـت و پاڵپشـتی ناکرێیت، یەکێک لە

منداڵەکانتان هەمیشە سکاڵا دەکات لەوەی پشتگوێ دەخرێت. لەم نموونـــانەدا، ئەوەی ئێـــوە خەفەی دەکەن لەلایەن یەکێـــک لە منداڵەکانتانەوە هەستی پێ دەکرێت و وەردەگیرێت.

منـــداڵان وەک ئیســـفەنج وان. گەر پـــڕ بـــن لە خۆشەویســـتی و هاوســۆزی، ئەوا خۆشەویستی ئێوە هەڵـدەمژن بـۆ تیمـارکردنی زامەکـان و بێزارییەکـانی خۆیـان. گەر ناختـان پڕ بێت لە نیگەرانی، خەمۆکی، توورەیی، خەمباری، ترس، خورپە، کینە، پەستی، ئەوە ئەو شـتەیە ئەوان هەڵیـدەمژن. بە هەسـت و سـۆزە نەرێنییەکـانی ئێوە کاریگەر دەبن و بە نەشیاوی دەریاندەبڕن.

## منداڵان بە هەست و سۆزە نەرێنییەکان کاریگەر دەبن و پاشان دەریاندەبڕن.

ئەمە ڕوونی دەکاتەوە بۆچی، لەو ڕۆژانەی تەواو پەست و بێزارن و ناختــان پـڕە، منـداڵەکانتان بە ورووژانــی سـۆزداری هەڵـدەچن و دەتەقنەوە یاخود دەبنە کەسانی کەمدەست و فەرمـانکەر. کاتێک دایک و بـــاوک گــوێ بە پێویســـتییەکانی خۆیـــان نـــادەن، منـــداڵان ئەو پێویستبوونە هەڵدەمژن و دەریدەبڕن. منداڵان لە نەگونجاوترین کاتدا ڕەفتاری نەشیاو دەکەن، چونکە لەو کاتـانەدایە وەک پێویست کات بە خۆتان نادەن.

بە دڵنیـاییەوە، منـداڵانیش هەسـت و سـۆز و ئاریشـەی خۆیانیان هەیە، بەڵام کاتێک ناچار کاریگەر دەبن بە هەسـت و سـۆزەکانی دایک و باوکیـان ناخیـان پـڕ دەبێـت و بە تـاوی شـێتگیری و وڕکگرتن دەتەقـنەوە. لەیادتـان بێـت، منـداڵان هەر وڕک دەگـرن گەر دایـک و

باوکیان بە سەرکەوتوویش لەگەڵ هەست و سۆزەکانی خۆیاندا مامەڵە بکەن.

ڕێگەیەک بۆ ئەوەی دیاری بکەیت منداڵەکەت هەستەکانی تۆ دەردەبڕێت یاخود هەستەکانی خۆیان تاقیکردنەوەی بەرهەڵستییە. گەر ئێوە بەرهەڵستی هەستەکانیان بکەن، ئەوسا بە ڕوونی هەندێک لەوە دەردەبڕن کە ئێوە خۆتان لە خۆتاندا بەرهەڵستی دەکەن. گەر بتوانیت خۆڕاگرانە بە هاوسۆزییەوە گوێ بگریت، ئەوسا بە ڕوونی ئەوانیش ڕەفتاری نەشیاو ناکەن بە هۆی هەستە چارەسەرنەبووەکانی ئێوەوە.

**گەر ئێوە بەرهەڵستی هەستەکانی منداڵان بکەن، ئەوسا بە ڕوونی منداڵان هەندێک لەو هەستانە دەردەبڕن کە ئێوە خۆتان لە ناخی خۆتاندا بەرهەڵستی دەکەن.**

گەر بە ڕاستی هەست بە بەرهەڵستی بکەن بۆ هەستەکانیان واتای ئەوە نییە ئێوە دایک و باوکێکی خراپن. ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەوەی پێویستە هەندێک کات تەرخان بکەن بۆ خۆتان تا برەو بە پێویستییەکانی خۆتان بدەن. خۆشبەختانە لەو کاتانەدا کە ناتوانیت ئامادە بیت بۆ یارمەتیدانی منداڵەکەت دەتوانیت پشت ببەستیت بە دوورخستنەوەیەکی کاتی. بەبێ گوێدانە ئەوەی ئێوە خەفەی دەکەن و منداڵەکانتان دەریدەبڕن، دوورخستنەوەیەکی کاتی سەرکەوتوو دەبێت تا دەستگیرۆیی منداڵەکەت بکات لە مامەڵەکردن لەوەی پێویستە دەریببڕێت.

زۆربەی کات، دوای دوورخستنەوەیەکی کاتی، دایک و باوکیش هەست بە باشتر دەکەن، چونکە منداڵەکەیان گشت هەست و سۆزە

نەرێنییەکانی خۆی دەربڕیووە. هەر بۆیە لە ڕابردوودا زۆربەی کات بۆ هێنانە ئارای ئاشتییەکی کاتی لە خێزانـدا لێدانی منداڵان سەرکەوتوو دەبوو. نەک تەنیا منداڵەکە هەستی بە ئازارەکەی دەکرد و دەریدەبڕی، بەڵکو هەستە پەنگ خواردوو و ئازارەکانی دایک و باوکەکەش دەردەبڕان. بەم شێوەیە هەمووان بە شێوەیەکی کاتی هەستیان بە بارسووکی دەکرد.

## مەڕە ڕەشەکەی خێزانەکە

کاتێک دایک و باوک فێر نەبوون هەست و سۆزە نەرێنییەکانیان دەربڕن و لەجیاتی ئەوە هەستە ناوەکییەکانیان خەفە دەکەن، لانیکەم یەکێک لە منداڵەکانیان مەیلیان دەبێت بەلای ئەوەدا ئەو هەستانە وەربگرن، بە گشتیش هەستیارترین منداڵی خێزانەکە ئەم کارە دەکات. ئەم منداڵە زۆربەی کات بە مەڕە ڕەشەکەی خێزانەکە تەماشا دەکرێت. بەبێ ژینگەیەک کە هەست و سۆزە نەرێنییەکان قبووڵ بکات و بڕەویان پێ بدات، ئەم منداڵانە یان ئەو هەستانە دەردەبڕن و دەبنە کەسانی تێکدەر، یاخود هەستەکان دەبەنە نێو ناخی خۆیانەوە و ئازار دەچێژن لەدەست نزمی ڕێزلەخۆنانیان. زۆربەی کاتیش، هەردوو کاردانەوەکە ڕوو دەدەن.

منداڵانی "مەڕە ڕەش" ناتوانن ئەو پەروەردە و هاوسۆزییە وەربگرن کە پێویستیانە، کێشەکانیش خراپتر دەبن. هەمان ئەو هەستانە دەردەبڕن دایک و باوکیان بەرهەڵستیان دەکەن و لە ناخی خۆیاندا ڕەتیان دەکەنەوە. لەجیاتی ئەوەی هەست بە خۆشەویستی و تێگەیشتن و ئامێزکردنەوە بکەن، بەرهەڵستی دەکرێن و ڕەت دەکرێنەوە و ڕقوکینەیان لێ هەڵدەگیرێت. ناتوانن ئەو خۆشەویستی و پاڵپشتییە وەربگرن پێویستیانە بۆ چارەکردنی ئەو هەست و سۆزە بەهێزانەی هەستیان پێ دەکەن.

ئەو منداڵانەی ناودەبرێن بە "مەڕە ڕەش" ناتوانن ئەو پەروەردەیە وەربگرن کە پێویستیانە، بۆیە هەست دەکەن شتێک لەواندا هەڵەیە.

زۆربەی کات نازانن بۆچی هێندە هەست بە بێزاری دەکەن و سەرەنجام بەو شێوەیە دەبینرێنەوە کەوا هەڵەیەک لەواندا هەیە. حەقیقەتەکە ئەوەیە کەوا هیچ شتێک لەناوەوە لەواندا هەڵە نییە. بە نەشیاوی ڕەفتار دەکەن و دەچەقن لەنێو تێڕوانین و هەستە نەرێنییەکاندا، چونکە ئەو پەروەردەیە وەرناگرن کە پێویستیانە. ئەم منداڵانە زۆربەی کات دەتوانن ئەو پاڵپشتییە وەربگرن لە دەرەوەی خێزان لەگەڵ کەسانی دیکەدا کە تێگەیشتنیان زیاترە.

گەر یەکێک لە منداڵەکانتان مەیلی لەوە بوو ببێت بە مەڕە ڕەشەکەی خێزانەکە، کاتی زیادە تەرخان بکە بۆ گوێگرتن لە هەستەکانی ئەو منداڵە. لەیادتان بێت هەموو منداڵێک جیاوازە و دڵنیا بینەوە کەوا قەت بەراوردی نێوان منداڵەکان ناکەن. ئەم منداڵە پێویستی بە پاڵپشتی زۆرە لە چالاکییەکانی دەرەوەی خێزانەکەی کە لەوێ هەست بەو فشارە ناکات کێشە و هەستە چارەسەرنەبووەکانی کەسانی دیکە وەربگرێت و دەریانببڕێت.

## بە ئاساییکردنی هەست و سۆزە نەرێنییەکان

ئاساییکردنەوەی هەست و سۆزە نەرێنییەکان ڕێگەیەکی تەواو جیاوازی باوانیکردنە. هەرگیز کەسە پێگەیشتووەکان و منداڵان پێشتر ئەوەندە هەست و سۆزیان نەبووە وەک ئێستا. ئێمە هەرگیز هێندە هەستیار نەبووین. ئاڵنگاری ئاساییکردنەوەی هەست و سۆزە نەرێنییەکان زۆر گەورەیە. بابەتەکە ئەوە نییە وەک بڵێی ئێمە گەورە

کراوین لەلایەن دایک و باوکیکەوە کە زانیویانە چۆن سەروکاری بەسەربەستی دەربڕینی هەست و سۆزەکان بکەن و برەویان پێ بدەن. کەچی لەگەڵ ئەم بەرچاوڕوونی و شارەزاییانەی باوانیکردنی ئەرێنیدا، سەرکەوتوو دەبێت.

لە ئەنجامدا، ژیان منداڵەکەت سنووردار ناکات، بەڵکو لەجیاتی ئەوە داهێنەر دەبن و دەتوانن ئەو ژیانە بخولقێنن کە ئارەزوو دەکەن پێشڕەوی بکەن. بە بوونی هۆشیارییەکی گەورەتری هەستەکانەوە، سەرەنجام پەی بە حەقیقەتی ئەوە دەبەن کە کێن و کاریان چییە بە بوونیان لەم جیهانەدا. هێشتا ڕووبەڕووی ئاڵنگارییەکان دەبنەوە، تەنانەت هەندێک جار گەورەتر لەو ئاڵنگارییانەی دایک و باوکیان ڕووبەڕووی بوونەتەوە، بەڵام سەرچاوەی نوێ و بەهێزیان لەبەردەستدایە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان و هێنانەدی خەونەکانیان.

# ئاساییە زیاترت بوێت

کاتێک منداڵان نازانن چیان دەوێت، ئەوسا دەبنە کەسانی لاواز و خۆنەگر بۆ ویست و خۆزگەکانی کەسانی دیکە. ئەو دەرفەتە لەکیس دەدەن تا پەی بە خۆیان ببەن و گەشە بە کەسایەتی خۆیان بدەن، لەبری ئەوە، دەبنە ئەوەی کەسانی دیکە دەیانەوێت ببن. لە سایەی ئەوەدا کە نازانن چیان دەوێت، کاریگەر دەبن بە ویستەکانی کەسانی دیکە، دادەبڕێن لە توانا و سۆز و ئاڕاستەکردنی خۆیان. بەبێ هۆشیارییەکی ڕوون لەبارەی ویستەکان و پێویستییەکانیان، ناتوانن درک بکەن بەوەی چی گرنگترین شتە لە ژیاندا.

**لە سایەی ئەوەدا کە نازانن چیان دەوێت، منداڵان کاریگەر دەبن بە ویستەکانی کەسانی دیکە.**

زۆربەی کات منداڵان ئەو پەیامە وەردەگرن کەوا ئەوان هەڵەن، خۆپەرست و شێوێنەرن لەپای ئەوەی زیاتریان دەوێت یاخود بێزار دەبن لەپای بەدەستنەهێنانی ئەوەی دەیانەوێت. لە ڕابردوودا، منداڵان بە گوێچکەنانیش دڵخۆش دەبوون، هەر ئەوەش بوو لە ژیاندا بەدەستیان هێنا. دەبینران بەڵام گوێیان لێ نەدەگیرا، دواتریش لە

ژیانیاندا، پشتگوێ دەخران و چاوپۆشیان لێ کرا. ڕێگەیان پێ نەدرا داوای زیاتر بکەن یان تەنانەت ویستی زیاتریان بێت.

خەفەکردنی ئارەزوو توانا و شارەزاییەکی گرنگی باوانیکردن بوو چونکە دایکان و باوکان نەیاندەزانی چۆن مامەڵە لەگەڵ هەستە نەرێنییەکانیان بکەن کە سەریان دەردەهێنا کاتێک ئارەزوویەک نەدەکرا وەدی بێت. ڕێگەدان بەوەی زیاتری بوێت توانایەک بە منداڵان دەبەخشێت کە دایکان و باوکان لە ڕابردوودا نەیاندەتوانی سەروکاری بکەن.

ئەمڕۆ، بە توانا و شارەزاییەکانی باوانیکردنی ئەرێنی بۆ سەروکاریکردنی هەست و سۆزە نەرێنییەکان، ئاساییە منداڵان زیاتریان بوێت. بە ویستنی زیاتر، دەتوانن پەرە بە هەستێکی بەهێزتر بدەن لەوەی کێن و بۆچی لێرەن لەم جیهانەدا.

## ترسەکان لەبارەی ئارەزووەوە

زۆربەی کات وا بیر دەکرێتەوە ڕێگەدان بە منداڵان تا زیاتریان بوێت وایان لێ دەکات زۆر فەرمانکەر بن یاخود زەحمەت بەڕێوە ببرێن. بە دڵنیاییەوە باوانیکردنی منداڵێک زۆر ئاسانترە کە خۆی دەگونجێنێت لەگەڵ گشت خۆزگە و ئارەزوویەکی تۆدا، بەڵام ئەم منداڵە ئەو دەرفەتە وەرناگرێت تا کنە و پشکنەی هەستی خودبوون و شێوازی ناوازە و ئاراستەکردنی خۆی بکات لە ژیاندا و پەرەی پێ بدات. کاتێک منداڵ ئەو خۆشەویستی و پاڵپشتییە وەدەست دەهێنێت پێویستی پێیەتی بۆ سەروکاریکردنی هەستەکانی، ڕێگەدانیان تا زیاتریان بوێت وایان لێ ناکات زیاتر فەرمانکەر بن یاخود زەحمەت بن بەڕێوە ببرێن. بە ویستنی زیاتر و بەدەستنەهێنانی، منداڵان فێری توانا و شارەزایی گرنگی دواخستنی دڵخۆشی و خۆدابینکردن دەبن.

هەندێک لە دایکان و باوکان نیگەرانن ڕەنگە ئەمە منداڵەکانیان زۆر خۆپەرست بکات. ئەمە ڕاستە گەر دایک و باوکەکە هەمیشە کۆڵ بدەن بۆ ویست و خۆزگەکانی منداڵەکانیان. ئەوەی خوی منداڵان تێک دەدات بەدەستهێنانی ئەوە نییە کە دەیانەوێت، بەڵکو توانای دەستبەسەرداگرتنی ئەوانی دیکەیە بە ویستنی زیاتر و ڕک گرتن بۆ بەدەستهێنانی. منداڵان خویان تێک دەچێت و خۆپەرست دەبن کاتێک دایک و باوک نکۆڵی لە ویستەکانی خۆیان دەکەن تاوەکوو منداڵەکانیان دڵخۆش بکەن.

**منداڵان خویان تێک دەچێت، نەک بە هۆی ئەوەی زیاتریان بوێت، بەڵکو بە هۆی ئەوەوە کە دایک و باوک دەست هەڵبگرن لە ویستنی زیاتر بۆ خۆیان.**

کاتێک دایک و باوک وێڵن بە شوێن ڕازیکردنی منداڵان بە هێنانەدی گشت ئارەزووەیەکیان وەک ڕێگەیەک بۆ دوورکەوتنەوە لە شێتگیری و ڕکگرتن، ئەوسا خوی منداڵەکان دەشێوێت. بۆ ڕێگەدان بە منداڵان تا زیاتریان بوێت، دایک و باوک پێویستە بەهێز بن لەو کاتانەدا کە منداڵ ڕک دەگرێت و پاشان دوورخستنەوەی کاتی گونجاوی بدەنێ. بە پێدانی دەرفەت پێیان تا هەمواری ئارەزووەکانیان بکەنەوە بۆ ویستنی زیاتر و قبوولکردنی سنوورەکانی ژیان، منداڵان زیاتر پێزان دەبن بەرانبەر ئەوەی لەو ساتەدا هەیانە.

بە دوورخستنەوەی کاتی ڕێکوپێک توانا و شارەزایی باشی کەیاندن بۆ یارمەتیدانی منداڵەکانیان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو هەستە بەهێزانەی ناوبەناو سەر هەڵدەدەن، دایکان و باوکان کە ڕێگە

به منداڵەکانیان دەدەن گەورە بیر بکەنەوە و زیاتریان بوێت، منداڵی بڕوابەخۆبوو، هاوکار و هاوسۆز گەورە و بەخێو دەکەن.

بە تیشکخستنەسەر خولقاندنی هاوکاری نەک گوێڕایەڵی کوێرانە، باوانیکردنی ئەرێنی پەرە بە ئیرادە و خۆزگەی ناو ناخی منداڵان دەدات، بەڵام لە هەمان کاتدا، بەردەوامی دەدات بەوەیش کەوا دایکان و باوکان لە جڵەودان. بۆ خولقاندنی هاوکاری، هیچ پێویست نییە ئیرادەی منداڵ بشکێنرێت. تەنانەت گەر بیانەوێت تا درەنگ بمێننەوە و نەخەون، سەرەنجام منداڵان دەچنە نێو جێی خەویان بەگوێرەی ویست و خۆزگەی دایک و باوکیان. بە جێبەجێکردنی پێنج توانا و شارەزاییەکەی باوانیکردنی ئەرێنی، دایک و باوک ڕێگە بە منداڵان دەدەن کە ویست و خۆزگەی خۆیانیان هەبێت، بەڵام قسەی کۆتای لای خۆیان دەهێڵێتەوە.

کێشەی ڕێگەدان بە منداڵان تا زیاتریان بوێت ئەوەیە ناوبەناو شتەکان خاو دەکاتەوە. منداڵان هەمیشە دەموودەست ملدەر و گوێڕایەڵ نین. ڕەنگە بیانەوێت شتێکی دیکە بکەن و ئاگاداریشتان دەکەنەوە. بە تەرخانکردنی ئەم کاتە بۆ گوێگرتن و ڕەچاوکردنی خەسڵەتەکانی ئیرادە و خۆزگەی منداڵێک، ئەوسا دایک و باوک پەرە بە ڕۆحی منداڵەکە دەدەن. کاتێک منداڵێک هەست دەکات زۆربەی کات گوێی بۆ دەگیرێت، لەو کاتانەدا کە دایک و باوکی کاتیان نییە، منداڵەکە زۆر خۆگونجێن دەبێت.

ڕۆحمان دەتوانێت لەڕێی ئیرادەمانەوە خۆی دەرببڕێت. کاتێک ئیرادەی منداڵێک ناشکێنرێت یاخود پشتگوێ ناخرێت، دەرفەتێکی هەیە هەناسە بدات و گەشە بکات. ئێمە لە ژیانماندا لەڕێی ئیرادەمانەوە هان دەدرێین. کات تەرخانکردن بۆ پەروەردەکردنی ئیرادەی منداڵێک هۆگری ئەو منداڵە بە دایک و باوکییەوە زیاد دەکات و ئارەزوویەکی سەراپاگیر دەخولقێنێت بۆ هاوکاریکردن.

هەموو منداڵان بە تاسە و پەرۆشییەکی گەورەوە دێنە ژیانەوە. ئەمە هێز و توانای ئیرادەیانە. کاتێک ویستنی زیاتر قبوول دەکرێت، ئەم ئیرادەیە پەرەی پێ دەدرێت و دەتوانێت بە هاوئاهەنگییەوە گەشە بکات لەگەڵ دایک و باوکیان و کەسانی دیکەدا. بەڵام کاتێک ڕێگەی پێ نادرێت گەشە بکات، منداڵان هێواش‌هێواش ئەو بلێسەیە لەدەست دەدەن کە ئێمە دەتوانین لە منداڵانی بچووکدا بەدی بکەین. منداڵەکە ئەو تاسە و پەررۆشییە بۆ ژیان، خۆشەویستی، فێربوون و گەشەکردن لەدەست دەدات.

**پەرەدان بە ئیرادەی منداڵ بەردەوامی دەدات بە تاسە و پەرۆشی منداڵ بۆ ژیان، خۆشەویستی، فێربوون و گەشەکردن.**

لەڕێگەی فێربوونیانەوە تا هەست بە ویستەکانی خۆیان بکەن و ڕێز و شکۆ لە ویستەکانی دایک و باوکیان بنێن، منداڵان پەرە بە توانا شارەزاییە گرنگەکانی ڕێزگرتن، هاوبەشیکردن، هاوکاریکردن، ...ازوول و وتووێژکردن دەدەن. بەبێ ڕێگەدان بۆ ویستنی زیاتر و ...واکردنی، منداڵان فێر دەبن خۆیان بکەنە قوربانی کەسانی دیکە. ...تێک منداڵان ڕێگەیان درا زیاتریان بوێت، پێویستیان بەوە نییە وەک ...رزەکار یاخی ببن تا خۆیان بدۆزنەوە.

## باشییەکانی سپاسگوزاری

...ایکان و باوکان زۆر بە پەلەن تاوەکوو باشییەکانی سپاسگوزاری ...ری منداڵەکانیان بکەن وەک لەوەی ڕێگە بە منداڵەکانیان بدەن ...تریان بوێت. "سپاسگوزار بە بۆ ئەوەی کە هەتە." وەڵامێکی زۆر ...رایە بۆ ئارەزووی منداڵێک کە زیاتری دەوێت. زۆربەی کەسانی

گەورە ڕێگە بە خۆیان نادەن زیاتریان بوێت لە ژیاندا چونکە دەترسن لەوەی سپڵە و ناسپاسگوزار دەربکەون بەرانبەر ئەوەی هەیانە.

لە ڕابردوودا، قوربانیدان بەشێک بوو لە ڕۆحانییەت. بوون بە کەسێکی باش، پیرۆز و ڕۆحانی واتای ئەوە بوو قوربانی بدەیت بە ناوی خوداوە. قوربانیدان ئامڕازێکی ڕاستەقینە بوو تا هەست بە وابەستەیی کەسێک بکرایە بە خوداوە، چونکە ڕێگەیەک بوو خەڵکی دەستیان دەکرد بە هەستپێکردن. وازهێنان لە شتێک بۆ خودا زۆری لە کەسێک دەکرد قووڵتر هەست پێ بکات. ئەمڕۆ، پێویست ناکات قوربانی بدەین تا هەست بکەین. تەنیا پێویستمان بە ڕێگەپێدانە تا زیاترمان بوێت و هەستەکان بە زۆر و زەوەندی سەر دەردەهێنن.

**لە ڕابردوودا، گونجاو بوو قوربانی بۆ خودا بدەین، بەڵام ئەمڕۆ ئاڵنگاری ئێمە ئەوەیە لەپێناوی خودادا بژین.**

ئاڵنگاری ئێمە خولقاندنی ژیانێکی فرەییە. زۆر سەرچاوەمان هەن لە بەردەستدان کە پێشتر هەرگیز بەردەست نەبوون. منداڵەکانتان دەتوانن خەونەکانیان بهێننە دی. دەتوانن چێژ وەربگرن هەم لە سەرکەوتنی ناوەکی و هەم سەرکەوتنی دەرەکی. بناغەی ئەم سەرکەوتنەش ڕێگەدانە بە ویستنی زیاتر. گەر ڕێگەیان پێ نەدرێت تا زیاتریان بوێت، ئیدی منداڵان واز لە خەون بینین دەهێنن، بەبێ بوونی خەونیش، هیچ ڕوو نادات ئەوە نەبێت پێشتر ڕووی داوە.

ڕازی سەرکەوتن، جا سەرکەوتنی ناوەکی بێت یاخود دەرەکی، پێزانینی ئەوەیە کە هەتە لەگەڵ ویستنی زیاتر. دڵێک تژی بێت لە سپاسگوزاری و خۆشەویستی لەپای ئەوەی هەتە لەگەڵ سۆزێکی بەهێز بۆ بەدەستهێنان و هەبوونی زیاتر ڕەچەتەی نهێنییە بۆ

ســەرکەوتنی منــداڵەکانمان لە ژیانــدا. کاتێــک منـــداڵان دەتــوانن
ســەروکاری هەستە نەرێنییەکـان بکەن کە پەیدا دەبن لە ئەنجامی
ـەمیشــە بەدەســتنەهێنانی ئەوەی دەتەوێــت، ئەوســا بە بەردەوامــی
ـەگەڕێـنەوە بـۆ پێزانینــی ئەو خۆشەویســتی و پاڵپشــتییەی پێیــان
ـەبەخشـرێت. بە بـوونی سپاسگوزاری بۆ خۆشەویستی و پاڵپشتی
ـایـک و باوکیـان، منـداڵان ئەو بناغەیەیـان هەیە بـۆ هەستکردن بە
ـارەزووەکـانی خـودی ڕاستەقینەی خۆیـان نەک ئەو ئـارەزووە ڕێ
ـەڵەکەرەی کەسانی دیکە هەیانە.

## ڕێگەدان بە وتووێژ

کاتێک منداڵان ڕێگەیان پێ دەدرێت تا زیاتریان بوێت، ئەمە ناوبەناو
ـاتای ئەرکی زیاترە بۆ دایک و باوکەکە. لە بەرانبەردا، منداڵان فێر
ـەبن لە ژیانـدا چۆن بۆ زیاتر وتـووێژ و دانوستان بـکەن. گەرچی
ـانوستان و وتـووێژکردن کـاتی زیـاتری دەوێـت، هەنـدێک جـار واقم
ـڕدەمێنێت بە توانـای منداڵەکانم بۆ هاندانم بۆ کردنی شتەکان. من
ـانازی بە بەهێزی و ڕاسووری و بەرهەڵستیان دەکەم تـا کوێرانە
ـل کەچ نەکەن بۆ ئیرادەی کەسانی دیکە.

کاتێـک ئەو سەربەســتییەی پــێ درا بـۆ داواکردنــی ئەو شــتەی
ـەیەوێـت، توانـای نـاوەکی کـچەکەم بـۆ بەدەسـتهێنانی ئەو شتەی
ـەیەوێت هەلێکی هەیە تـا نەشونمـا بکات. ئەو هەمیشـە نەخێر وەک
ـەلامێک وەرناگرێت. بەدەستوبردە بۆ وتـووێژکردن و زۆربەی کـات
ـانم دەدات ئەو شـتەی پـێ بـدەم کە دەیەوێـت. شـتێکی ئاسـاییە
ـەناعەت بە تۆ بکات هەڵوێستی خۆت بگۆڕیت. ئەمە مانـای ئەوە نییە
ـۆم بدەم بەدەستەوە تـا خۆم لە ورگگرتنی حەتمی دوور بخەمەوە.
جیاوازییەکی گەورە هەیە لەنێوان ئەوەی دەسـتت بەسـەردا بگیرێـت
ـلایەن منـداڵێکی نووزەنـوزکەر و هانـدانت لەلایەن وتـووێژکەرێکی

بلیمەتەوە. دایکان و باوکان پێویستە درێژە بە جڵەوی خۆیان بدەن بە درێژایی گشت وتووێژێک بەوەی بە ڕوونی سنوورەکان دابنێن کە وتووێژەکە دەتوانرێت تا چەندێک بەردەوام بێت.

**جیاوازییەکی گەورە هەیە لەنێوان ئەوەی دەستت بەسەردا بگیرێت لەلایەن منداڵێکی نووزەنوزکەر و هاندانت لەلایەن وتووێژکەرێکی بلیمەتەوە.**

کەسانێکی زۆر لە گەورەکان نازانن چۆن داوای ئەو شتە بکەن کە دەیانەوێت، چونکە وەک منداڵ زۆر پراوەی ئەو کارەیان نەکردووە. کاتێک سەرەنجام داوای ئەو شتە دەکەن کە دەیانەوێت، هێشتا نازانن چۆن وتووێژ بکەن. گەر نەخێرێک وەربگرن، یان دەکشێنەوە یاخود هەست بە کینە دەکەن. ژمارەیەکی زۆر لە کێشەکانی گەورەکان ون دەبن گەر خەڵکی فێر بن چۆن وتووێژ بکەن بۆ بەدەستهێنانی ئەوەی دەیانەوێت. ژمارەیەکی زۆر پارێزەرمان هەیە لەم جیهانەدا، بە سادەیی هۆیەکەی ئەوەیە خەڵکی لێنەزان و ناکارامەن لە تێگەیشتن و وتووێژکردنی جیاوازییەکانیان.

ئەو منداڵانەی گەورە بوون و وتووێژیان کردووە بۆ بەدەستهێنانی زیاتر ناکشێنەوە، نایشبنە کەسانی کینەدار. دەزانن نەخێر بەتەنیا واتای نەخێری هەیە گەر نەگەڕێنەوە بە هۆیەکی دیکەی باشەوە تا مل بدەن بۆ داواکارییەکەیان. دەیشزانن نەخێری ئەمڕۆ واتای نەخێری سبەینێی نییە. وتووێژکردن ئافراندن و پێداگری گەرەکە کە خۆکردانە دێن کاتێک منداڵان ڕێگەیان پێ دەدرێت زیاتریان بوێت.

منداڵان پێویستیان بە ڕێگەپێدانە تا داوای زیاتر بکەن، بەپێچەوانەوە، ئەگینا هەرگیز نازانن دەتوانن چەندێک بەدەست بهێنن.

تەنانەت وەک کەسی گەورە و پێگەیشتوویش، هێشتا تووشی ئەو زەحمەتییە دێین دیاری بکەین چی و چەندێک دەتوانین داوا بکەین تاوەکوو کەس زویر نەکەین یاخود زۆر فەرمانکەر و سپڵە دەرنەکەوین. گەر گەورەکان تووشی زەحمەتی بێن، ئەوسا بە ڕوونی پێویستە چاوەڕێی ئەوەیش لە منداڵەکانمان نەکەین ئەوە بزانن.

**منداڵان پێویستیان بە ڕێگەپێدانە تا داوای زیاتر بکەن، ئەگینا هەرگیز نازانن دەتوانن چەندێک بەدەست بهێنن.**

کاتێک ڕێگە بە منداڵێک دەدرێت داوای زیاتر بکات، دایک و باوک پێویستە تێبگەن و قبووڵی بکەن هەندێک جار منداڵێک داوای زۆر دەکات و خۆپەرست دەردەکەوێت. لەم کاتانەدا، لەبری ئەوەی حوکم بدەن و سەرزەنشتی منداڵەکانیان بکەن، پێویستە قبووڵکەر بن و تێگەیشتنیان هەبێت. منداڵێک ناتوانرێت هەمیشە چاوەڕێی ئەوەی لێ بکرێت بزانێت چی گونجاوە داوای بکات. دیسانەوە بابەتەکە بابەتی ئەزموونکردن و هەڵەکردنە.

## فێربوونی گوتنی نەخێر

تەنیا لەبەر ئەوەی منداڵان ڕێگەیان پێ دەدرێت داوای زیاتر بکەن مانای ئەوە نییە کە ئێوە هەمیشە قایل و ڕازی بن. هەر بەو جۆرەی فێر دەبن داوای زیاتر بکەن، دایک و باوکیش پێویستە ڕاهێنان بکەن بەوەی ئاسوودە بن کە بڵێن نەخێر. کاتێک دایک و باوک ناتوانن بڵێن نەخێر، منداڵان بە خێرایی دەبنە کەسی ناماقووڵ لە داواکارییەکانیاندا. بەردەوام زیاتر و زیاتریان دەوێت تا دەگەنە دواسنوور.

گەر دایک و باوک نەتوانن سنووری ماقووڵ دابنێن، ئەوسا منداڵان داوای ئەو شتە دەکەن کە ناماقووڵە. منداڵێک پاڵ دەنێت و داوای دەکات بۆی تا ئەو کاتەی سنووریکی ڕوونی پێ دەگات. کاتێک گەیشت بەو سنوورە، ئەوسا منداڵەکە پێویستی بە دوورخستنەوەیەکی کاتی دەبێت تا مامەڵە لەگەڵ هەستە بەهێزەکانی نائومێدی، ڕق، تووڕەیی، خەمباری و ترسدا بکات. تا منداڵان زیاتر بەدەست بهێنن لەوەی دەیانەوێت، زیاتر بێزار دەبن کاتێک لە کۆتاییدا ئەو شتە بەدەست ناهێنن کە دەیانەوێت.

**گەر دایک و باوک نەتوانن سنووری ماقووڵ دابنێن، ئەوسا منداڵان داوای ئەو شتە دەکەن کە ناماقووڵە.**

کاتێک منداڵان دەکەونە وتوویژکردن بۆ ئەو شتەی دەیانەوێت، دایک و باوک پێویستە سنوور و ڕادەی ڕوون و ئاشکرا دابنێن کە وتوویژەکە چەندێک بخایەنێت. دایک و باوک کات و مەیلێکی ئەوتۆی نییە بۆ بەردەوامیدان بە وتوویژکردن. کاتێک هەستتان کرد هێندەی پێویستتان بیستووە و ئارەزوویش ناکەیت ڕات بگۆڕیت، ئیدی کاتی ئەوەیە بڵێن: "تێدەگەم نائومێدیت، بەڵام ئێستا ئەم وتوویژە کۆتایی هات."

گەر منداڵەکە بەردەوام بوو، ئیدی لە جڵەو دەرچووە و پێویستی بە دوورخستنەوەیەکی کاتییە. دوای ئەوەی چەند جارێک ئەم پرۆسەیە ڕووی دا، ئەوسا منداڵەکە زۆر ڕێزدار دەبێت بۆ داواکاری تۆ بۆ کۆتاییهێنان بە وتوویژەکان. لەیادتان بێت، کاتێک دایک و باوک بار دەگۆڕن بۆ باری فەرمانکردن و فەرمانێک دووبارە دەکەنەوە، نەخێر دەبێت مانای نەخێر بدات.

**کاتێک دایک و باوکێک بار دەگۆڕن بۆ باری فەرمانکردن و فەرمانێک دووبارە دەکەنەوە، نەخێر دەبێت مانای نەخێر بدات.**

زۆربەی کات، بۆ کۆتاییهێنان بە وتووێژێک، بە تایبەت لەگەڵ منداڵێکی بچکۆلەدا، دایک و باوک دەتوانن دووبارە ئاراستەکردنەوە بەکار بهێنن. دایکێک ڕەنگە بڵێ: "تێدەگەم نائومێدیت. دەخوازم بمتوانیایە گۆچانێکی سیحری ڕاوەشێنم و ئەوەت پێ بدەم کە دەتەوێت، بەڵام ناتوانم. با لەجیاتی ئەوە ئەمە بکەین..."

دوو بارودۆخی جیاواز هەن کە دایک و باوک پێویست دەکات نەخێر بە منداڵێک بڵێن. لە بارودۆخی یەکەمدا، منداڵەکەت بەرهەڵستی داواکارییەکەی تۆ دەکات. بۆ نموونە، تۆ دەتەوێت منداڵەکەت ئامادە بێت بڕۆن، بەڵام ئەو دەیەوێت یاری زیاتر بکات. لەم نموونەیەدا، تۆ دەبێت بە ڕوونی و بە کاریگەری بتوانیت بڵێیت نەخێر بەڕووی زیاتر یاریکردنی منداڵەکەت و داواکارییەکەی خۆت دووبارە بکەیتەوە. لە بارودۆخی دووەمدا، گەرەکە لەسەرت بڵێیت نەخێر بۆ داواکارییە ڕاستەوخۆکەی. دەیەوێت تۆ یاری لەگەڵدا بکەیت، بەڵام تۆ پلانی دیکەت هەن. لە هەردوو حاڵەتەکەدا، باشترین ڕێگە بۆ وەڵامدانەوە بڕوابەخۆبوون و کورتبڕییە. هۆکاری زۆر مەدە بەدەستەوە تا پاساو بۆ نەخێرەکەت بهێنیتەوە -تەنیا بڵێ نەخێر. گەر ئاڵنگارت بوویەوە، تەنیا بە سادەیی هەمان وەڵام زیاتر بەتوندی بڵێرەوە. ئەمانە هەندێک نموونەی سادەن:

**دە ڕێگە بۆ گوتنی نەخێر**

١. نەخێر، من ئێستا سەرقاڵم.
٢. نەخێر، پلانی دیکەم هەن.

٣. نەخێر، بەڵام ڕەنگە بۆ کاتێکی دیکە بتوانم.
٤. نەخێر، هەر ئێستا سەرقاڵی شتێکی دیکەم.
٥. نەخێر، نیازمان هەیە ئەمە بکەین.
٦. نەخێر، هەر ئێستا دەمەوێت تۆ...
٧. نەخێر، بەڵام با لەجیاتی ئەوە ئەمە بکەین.
٨. نەخێر، ئێستا کاتی...
٩. نەخێر، نەخشەکەمان ئەوەیە ئەمە...
١٠. نەخێر، هەر ئێستا پێویستم بە کەمێک کاتی زیاترە بەتەنیا.

لەپاڵ دەرفەتپێدان بە منداڵ تا گەشە بکەن لە توانا و شارەزاییەکانی وتووێژکردنیاندا لەڕێی پێدانی پەیامە ڕوونەکانی "نەخێر"ەوە، هەروەها منداڵان فێر دەبن چۆن بڵێن نەخێر لە ژیانی خۆیاندا. دایک و باوک نابێت بێزار بن لە منداڵەکانیان لەپای داواکردنی زیاتر. ڕێگەدان بۆ ویستنی زیاتر واتای دەرفەتدانە بۆ داواکردن. کاتێک دایک و باوک بە ڕوونی بیریان دێتەوە کەوا لێیان داوا نەکراوە بڵێن بەڵێ، دەتوانن بڵێن نەخێر بەبێ هەستکردن بە هەستی گوناهباری. جگە لەوەی دڵنیا دەبنەوە بایەخ بدەن بە پێویستییەکانی خۆیان، ئەو دایک و باوکانەی دەتوانن بە ئاسوودەیی بڵێن نەخێر، دەتوانن ببنە سەرمەشقێکی کاریگەر بۆ منداڵەکانیان. گەر منداڵێک بەردەوام بوو لەوەی ئاڵنگاری پەیامی "نەخێر" بێنێتەوە، هەموو ئەوەی دایک و باوک پێویستە بیڵێن ئەمەیە: "وتووێژکردن کۆتایی هات."

# داواکردنی زیاتر

ڕۆژێکیان، لە دەوروبەری تەمەنی شەشساڵیدا، لۆرینی کچم داوای لێ کردم بە پیاسە لەگەڵی بڕۆم بۆ شارۆچکەکە بۆ کڕینی بسکویت. ئەمە وەک نەریتێکی بچووکی لێ هاتبوو کە پێکەوە دەمانکرد. جارێکیان، پێم گوت نەخێر، ئەوسا کەوتە تکاکردن و وتوویژکردن. ڕێک کەوت دراوسێیەکمان لەوێ بوو، دەستبەجێ بە پەیامێکی شەرمهێن قسەکەی پێ بڕی. دراوسێکەمان گوتی: "لۆرین، داوای ئەوە لە باوکت مەکە. نابینی سەری قاڵە؟ ناتوانێت بڵێت نەخێر گەر تۆ بەردەوام بیکەیت."

دەستبەجێ هەر سێ کچەکەم، شانۆن، جولێت و لۆرین پێکەوە گوتیان: "ئۆە، بەڵێ دەتوانێت." ئەوە ساتێکی لەبیرنەکراو بوو. زۆر هەستم بە شانازی کرد. هەرکام لە کچەکانم بە ڕوونی تێگەیشتبوو ئەو مافەی هەبوو داوا بکات، منیش لە بەرانبەردا ماف و دەسەڵاتم هەبوو بڵێم نەخێر.

کاتێک دایکان و باوکان قوربانی گەورە دەدەن تا هەموو داواکارییەکانی منداڵەکانیان بەجێ بگەیەنن، ئەمە ئەو بارە دەخاتە سەر شانی منداڵان تا پەی ببەن بەوەی چی ماقووڵە تا داوای بکەن. ئەمەش شتێکی ناتەندروستە. سەرەنجام، منداڵەکە هەست بە شلۆقی دەکات لەبارەی داواکردنی هەر شتێکەوە. لەجیاتی ئەوە، دایک و باوک پێویستە ڕێگەیان پێ بدەن داوا بکەن و ڕێگە بە خۆشیان بدەن بڵێن نەخێر. لە ماڵی خۆماندا زۆربەی کات دەڵێین: "گەر داوا نەکەیت، ئەوسا وەرناگریت، بەڵام کاتێک داوا دەکەی، هەمیشە وەرناگریت."

**گەر داوا نەکەیت، ئەوسا وەرناگریت، بەڵام کاتێک داوا دەکەیت، هەمیشە وەرناگریت.**

لەپاڵ ڕێگەدان بە منداڵان بۆ داواکردنی زیاتر، دایکان و باوکان پێویستە فێری منداڵەکانیش بکەن چۆن داوا بکەن. ئەمەش بە باشترین شێوە دەکرێت تا ببنە سەرمەشق بۆیان. کاتێک دایک و باوک ڕێزدارانە داواکاریان کرد، ئیدی منداڵەکەیش وردەوردە فێر دەبێت چۆن داوا بکات.

## سەرمەشقیکردن بۆ داواکردن

بۆ فێرکردنی ئەم ڕەفتارە گرنگە بۆ منداڵ، گرنگترین تەکنیک سەرمەشقبوونە. بەو جۆرەی لە بەشی سێیەمی ئەم کتێبەدا لێمان کۆڵییەوە، لەجیاتی ئەوەی بە سادەیی داوا و فەرمان بکەن، دڵنیا ببنەوە لەوەی داواکاری دەکەن بە بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەکانی "دەکەیت،" "تکایە،" "سپاس بۆ تۆ." کاتێک منداڵانیش داوا و فەرمانیان کرد، لەجیاتی ئەوەی پێیان بڵێن بێڕێز مەبن، بە سادەیی ببنە ڕابەر و سەرمەشق بۆیان تا بە ڕێگەیەکی باشتر بیانتوانیایە داواکەیان دەرببڕن.

کاتێک منداڵێکی چوار ساڵە دەڵێ: "بابە، ئەوەم بدەرێت!" بە سادەیی لە وەڵامدا بڵێ: "بابە، ئەوەم دەدەیتێ؟ بە دڵنیاییەوە، دڵخۆش دەبم ئەوەت پێ بدەم." ئەوسا هەر بە سادەیی ئەو شتەی بدەری داوای کردووە وەک بڵێی خۆی ئەو وشانەی گوتوون.

ئەم تەکنیکە کاری باوانیکردنی بۆ من زۆر ئاسانتر کرد. کاتێک منداڵەکانم زۆر فەرمانکەر دەبوون یاخود بێڕێز دەردەکەوتن، لەجیاتی ئەوەی بکەومە ململانێیەکی دەسەڵاتەوە ڕاستیان بکەمەوە یاخود هەوڵم بدایە ئەوە بڵێن کە من دەمویست بیڵێن، بە سادەیی سەرمەشقیم دەکرد بۆ ئەوەی دەمویست بیڵێن و پاشانیش بە جۆرێک وەڵامم دەدایەوە وەک ئەوەی ئەو قسانەیان کردبێت.

تاکە هۆکـار کە منـداڵان بە شـێوەیەکی ڕێزدارانەتـر ڕای خۆیـان دەرنابڕن ئەوەیە هێشتا فێر نەبوون. پێویست نییە ڕاستیان بکەینەوە، تەنیا پێویستە نیشانیان بدەین چی کاری خۆی دەکات و سەرکەوتوو دەبێت. وەک دایـک و بـاوک، ئیشـی ئێمەیە فێریـان بکەیـن. کاتێـک بەردەوام دیتیـان هەسـتێکی خۆشـی هەیە و سـەرکەوتووە، ئیـدی شوێنی دەکەون.

گەر کچەکەم تووڕە بێت و بڵێ: "بابە، لە ژوورەکەم بڕۆ دەرەوە." منیش دەڵـێم: "بـابە، زەحـمەت نەبێـت لە ژوورەکەم دەڕۆیـت؟ بە دڵنیـاییەوە، منـیش دڵخـۆش دەبـم." پاشـان لێـدەدەم و لە ژوورەکە دەڕۆم.

ئەمە بە ڕوونـی ئەو پەیامەیـان پـێ دەدات چـۆن داوا بـکەن بە ڕێگەیەک کە سـەرکەوتوو بێت. دەبێـتە بەفیڕۆدانـی کـات و وزە تـا مشتومڕ لەگەڵ منداڵەکەم بکەم و بڵێم: "پێم مەڵی چی بکەم. بەڕێزەوە داوام لـێ بـکە یـان نـاڕۆم." ئەم جـۆرە نزیکبـوونەوەیە تەنیـا بەرهەڵستیگەلی ناپێویست دەخولقێنێت.

منداڵان پێویستە هەست بە سەربەستی بکەن بۆ داواکردنی ئەو شتەی دەیانەوێت و بزانن شەرمەزار ناکرێن. تەنانەت گەر داواکەیان بە تەواویش دەرنەبڕا و نەنگی تێدابوو، دەبێت لە بەرانبەردا ڕێزیان لێ بگیرێت. هەروەها پێویستە بزانن، تەنیا بە هۆی ئەوەی داوایان کردووە، مانای ئەوە نییە ئەو شتە بەدەست دەهێنن کە داوایان کردووە. ئەو شێوەیەی داوای پێ دەکەن نابێت هۆکار بێت بۆ گوتنی نەخێری دایک و باوکەکە. کاتێک منداڵێک داوا دەکات، هەمیشە ئەوپەڕی هەوڵی خۆی دەدات. گەر نوشوستی هێنا، کەسێکی خراپ نییە، تەنیا پێویستی بە سەرمەشقی زیاترە، یاخود پەروەردەکردن یان دوورخستنەوەی کاتی زیاترە.

# توانای داواکردن

بە ڕێگەپێدان بە منداڵەکەت تا داوای زیاتر بکات، خەڵاتی ئاراستەکردن، لە ژیاندا مەبەست و توانایان پێ دەبەخشن. ژمارەیەکی زۆری ژنان ئەمڕۆ هەست بە بێدەسەلاتی دەکەن چونکە هەرگیز ڕێگەیان پێ نەدراوە داوای زیاتر بکەن. فێرکراون زیاتر بایەخ بدەن بەوەی کەسانی دیکە پێویستیان بوو، شەرمەزار دەبوون بەوەی بێزار بوونایە کاتێک ئەو شتەیان بەدەست نەهێنایە دەیانویست یاخود پێویستیان بوو.

یەکێک لە گرنگترین ئەو توانا و شارەزاییانەی دایکێک یان باوکێک دەتوانن فێری کچێکی بکەن ئەوەیە چۆن داوای زیاتر بکات. زۆربەی ژنان لە منداڵیدا فێری ئەم وانەیە نەبوون. لەبری ئەوەی داوای زیاتر بکەن، بە ناڕاستەوخۆ داوای زیاتر دەکەن بە بەخشینی زیاتر و هیوا دەخوازن کەسێک پێیان ببەخشێتەوە بێ ئەوەی ناچار بن داوا بکەن. ئەم بێتواناییە بۆ بە ڕاستەوخۆ داواکردن ڕێگریان لێ دەکات لە بەدەستهێنانی ئەوەی لە ژیاندا و لە پەیوەندییەکانیاندا دەیانەوێت.

**زۆربەی ژنان تووشی کێشە دەبن لە پەیوەندییەکانیاندا، چونکە فێر نەبوون چۆن داوای زیاتر لە منداڵیاندا بکەن.**

لە کاتێکدا کچان پێویستیان بە ڕێگەپێدانی زیاترە تا داوای زیاتر بکەن، کوڕان پێویستیان بە پاڵپشتییەکی تایبەت هەیە کاتێک زیاتر وەرناگرن. زۆربەی کات کوڕێک ئامانجەکانی بەرز دادەنێت، دایک و باوک هەوڵ دەدەن قسەی لەگەڵدا بکەن لەبارەی ئامانجەکانییەوە چونکە دەیانەوێت بیپارێزن لەوەی سەرەنجام نائومێد بێت. درک بەوە بکەن، گرنگتر لە بەدەستهێنانی ئامانجەکان، ئەوەیە شان بدرێتە بەر

نائومێدی تـاوەکوو جـارێکی دیـکە هەڵسـێتەوە و بـڕوات بەرەو ئامانجەکانی.

وەک چۆن کچان پێویستیان بە پاڵپشتییەکی زۆرە لە داواکردنی ئەو شتەی دەیانەوێت، کـوڕان پێویسـتیان بە پاڵپشـتی زیـادە هەیە بـۆ دیـاریکردنی هەسـتەکانیان و ڕەتبـوون پێیانـدا. بـۆ کـوڕان، ئەمە بە باشـترین ڕێـگە بەدەسـت دێـت بە پرسـیارکردن لەبـارەی وردەکارییەکانی ئەوەی ڕووی داوە لە کاتێکدا دەبێت تا ئەوپەڕ وریا بین هیچ ئامۆژگـارییەک یـاخود "یـارمەتی"یەک پێشکەش نەکەیـن. تەنانەت هاوسۆزی زۆریش "بۆ یارمەتیدانی" دەتوانێت بیکوژێنێتەوە تا باسی بکات چی ڕووی داوە.

دایکەکـان زۆربەی کـات ئەو هەڵەیە دەکەن پرسـیاری زۆر دەکەن. کاتێـک زۆریـان لـێ دەکرێـت بـۆ قسـەکردن، کـوڕان دەوەسـتن لە قسـەکردن. کاتێک پێشنیار دەکەن چۆن شـان بـدەنە بەر، کـوڕان بە تایبەتی دەکشێنەوە. ناوبەناو، کاتێک کوڕان هەست بە بەزین دەکەن، پێویستی بە کەسێک نییە حاڵی خراپتر بکات بەوەی پێیان بڵێن چۆن کێشـەکە چارەسـەر بـکەن یـاخود چـی کـردووە بـۆ بەشـداربوونی لە کێشەکەدا.

## بەخشینی زیاد لە پێویست

هەر کاتێک دایکان و باوکان زۆر ببەخشن، منداڵان وایان لێ دەکەن بزانن کە کارێکی لەو شێوەیە دەکەن. زیاد لە پێویست دەبنە کەسانی داواکەر و پێنەزان لەوەی کە هەیانە. کاتێک ئێوە شتێکیان پێ دەدەن و ئەوان زیاتریـان دەوێـت چـونکە کەمە و بەس نیـیە، بە گشـتی ئاماژەیەکە کەوا ئێوە زۆر دەبەخشن.

**کاتێک دایک و باوک زۆر دەبەخشن، چارەسەرەکە بریتییە لە کشانەوە لە قوربانیدان بۆ منداڵەکەیان.**

با تەماشای نموونەیەک بکەین. ڕۆژێکیان، لۆرینی کچم قاپێک ئایسکریمی دەویست. منیش بە کۆمەڵێک کارەوە سەرقاڵ بووم و بەڵام ئەو بە ڕاستی ئایسکریمێکی دەویست. لەبری ئەوەی ئەوە بکەم کە پێویست بوو بیکەم، ڕازی بووم دانەیەکی بۆ بکڕم. گەرچی درکم بەوە نەکرد، من زۆرم بەخشی بوو. بێزاربووم بەوەی لە کارەکانم منی بڕی، بەڵام هەرچۆن بوو بۆم کرد.

لە دوکانەکە، دوای ئەوەی لە ڕێزێکی درێژدا چاوەڕێمان کرد، بڕیاری دا کە قاپە ئایسکریمەکەی ناوێت و شتێکی دیکەی دەویست. ویستی من بڕۆم و بۆی بدۆزمەوە. بۆ کردنی ئەو کارەیش سەرەی خۆم لە ڕیزەکەدا لەدەست دەدا و کاتێکی زۆرم بەفیڕۆ دەچوو. لەو ساتەدا، درکم بەوە کرد زۆر لێی داخ لەدڵ بووم بەوەی زۆر داواکار بوو. بە ڕوونی دیار بوو سەری لێ شێواوە و پرسی ئاخۆ لێی تووڕە بووم. منیش پێم گوت کەوا تەنیا تووڕە بووم چونکە ئەم کارە زۆری پێ چوو.

لەژێر پەردەی هەموو ئەمەدا، بەشێک لە من تووڕە بوو لێی بەڵام هەموو ئەوەی ئەو کردی تاقیکردنەوەی سنوورەکە و داواکردنی ئەو شتە بوو کە دەیویست. من کەسە گەورە و پێگەیشتووەکە بووم ـ لە دەستی مندا بوو بڵێم دەمتوانی چی ببەخشم و نەمدەتوانی چی دیکە ببەخشم. ئەو ڕۆژە فێر بووم زۆر بە ڕوونی لە دەستی مندا بوو دیاری بکەم دەمتوانی بەڵێ بۆ چی بکەم و بۆچی دیکەیش نەمدەتوانی. ئیشی کچەکەم بوو بەردەوام داوا بکات تا گەیشتە سنوورێک. ڕەوا نەبوو ڕێی پێ بدەم پاڵ بە منەوە بنێت بۆ ئەو دیوو سنوورەکە و دواتر لۆمەی بکەم بەوەی زۆر فەرمانکەر بوو. بە

دڵنیابوونەوە لەوەی لە داهاتوودا زۆرم نەدەبەخشی، دانانی سنووری باشتر، ڕقم هەڵنەدەگرت لەوەی شتەکانی بۆ بکەم.

کاتێک منداڵەکانم ناوبەناو لەناو خەڵکدا بە شێوازێکی فەرمانکەرانە ڕەفتاریان دەکرد، هەمیشە ئاماژەیەکی ڕوون بوو بۆ من کەوا زۆرم دەبەخشی. هەر کاتێک دایک و باوکێک زۆر ببەخشن بۆ دڵخۆشکردنی منداڵەکەیان، ئەنجامەکە ئەوەیە منداڵەکە زیاد لە پێویست دەبێتە منداڵێکی فەرماندەر و داواکەر. هەندێک جار دایک و باوک نازانن ئاخۆ منداڵەکانیان زۆر دڵخۆش یان ڕازی دەکەن. هێندە خۆشحاڵن بە دڵخۆشکردنیان درک بەوە ناکەن زۆربەی کات خۆ دەدەن بەدەستەوە و دەسەڵات و توانای زۆریان پێ دەبەخشن.

## منداڵان هەمیشە زیاتریان دەوێت

کاتێک ڕێگە دەدرێت زیاتریان بوێت، منداڵان هەمیشە زیاتریان دەوێت. ناوبەناو وا دیارە ناتوانن دڵخۆشیان بکەن. ئەمە بەشێکی تەندروستی گەشەکردنە. بۆ ئەوەی درک بە توانای ناوەکی خۆیان بکەن بۆ دڵخۆشبوون، هەندێک جار منداڵان پێویستە ئەزموونی ئەوە بکەن کەوا ناتوانن هەموو شتێک بەدەست بهێنن کە دەیانەوێت.

دوای بەدەستنەهێنانی ئەوەی دەیانەوێت لە جیهانی دەرەوە، دەگەڕێنەوە سەر هەستکردن بەو شتەی بە ڕاستی پێویستیانە. کاتێک هەست بە پێویستی خۆیان بۆ خۆشەویستی دەکەن، دەستبەجێ دەست دەکەن بە درککردن بەوەی دەتوانن دڵخۆش بن بێ ئەوەی هەموو شتێک بەدەست بهێنن کە دەیانەوێت. ناچار نین ئێستا هەموو شتێکیان هەبێت. بەم شێوەیە منداڵان فێری دواخستنی دڵخۆشی پەیداکردنی شتەکان دەبن.

منداڵان هەروەها کات و سەرنجی زیاتریان دەوێت وەک لەوەی شیاوە و لە توانادایە پێیان بدرێت. دایک و باوک پێویستە بزانن ڕێگەدان بە منداڵان تا زیاتریان بوێت واتای ئەوەیە کەوا هەمیشە زیاتریان دەوێت. ئەو وانەیەی منداڵان پێویستە فێری بن ئەوەیە چۆن ئێستا دڵخۆش بن، گەرچی دەستبەجێ ئەوەیش بەدەست ناهێنن کە دەیانەوێت.

**دڵخۆشی دواخراو ئەوەیە فێر بیت چۆن ئێستا دڵخۆش بیت گەرچی دەستبەجێ ئەوەیش بەدەست ناهێنیت کە دەتەوێت.**

هەر لەبەر ئەمەیە سەروکاریکردنی هەستە نەرێنییەکان زۆر گرنگە. گەر منداڵێک زیاتری بوێت و هەمیشە بەدەستی نەهێنێت، ئەوا زۆر خەمبار دەبێت. دایکان و باوکان پێویستە وریا بن هەوڵ نەدەن هەمیشە ئەم منداڵە دڵخۆش بکەن یان کێشەکەی چارەسەر بکەن. منداڵەکە وەک پەپوولەیەکی بچووک وایە کە هەوڵ دەدات لە قۆزاخەکەی بێتە دەرەوە، پێویستی بەو هەوڵدانەیە بۆ بەهێزکردنی باڵەکانی تاوەکوو بەسەربەستی هەڵبفڕێت.

بۆ ئەوەی لە ژیاندا دڵخۆش بیت، یەکێک لە گەورەترن توانا و شارەزاییەکان دڵخۆشی دواخراوە. فێر ببیت زیاترت بوێت و هێشتا دڵخۆش بیت بەوەی هەتە ئازایەتی و هێزێکی زۆر مەزن و گەورەیە. ئەم هاوسەنگییە گەشە دەکات هەر جارێک کە منداڵەکەت نەتوانێت ئەو شتەی هەبێت کە دەیەوێت و بێزار ببێت. دەستگیرۆییکردنی منداڵەکەت بە هەستپێکردن و پاشان بەرەڵاکردنی هەستە نەرێنییەکان، جار لەدوای جار ئەزموونی ئەوە دەکەن کەوا دەتوانن ئاسوودە و

دڵخۆش بن لەم ساتەدا، گەرچی ژیان تەواو و بێکەموکووڕی نییە و شتەکانیش بەو جۆرە نین ئەوان دەیانەوێت بەو جۆرە بن.

منداڵانی دایک و باوکە لێک جیابووەوەکان

منداڵانی دایک و باوکە لێک جیابووەوەکان پێویستییەکی گەورەیان هەیە بۆ تێگەشتن لەدەستدانی هاوسەرگیری دایک و باوکیان. لە قووڵایی ناخی خۆیاندا، هەموو منداڵان دەیانەوێت دایە و بابە یەکتریان خۆش بوێت. هەر بەو جۆرەی دایکان و باوکان خەم و سۆ دەخۆن بۆ لەدەستدانی ژیانی هاوسەریان، منداڵانیش خەم و سۆ بۆ ئەو لەدەستدانە دەخۆن. منداڵان زۆربەی کات دەست بە پرۆسەی خەم و سۆ خواردن ناکەن تا ئەو کاتەی دایە و بابە دەستیان کردووە بە ژووان دانانەوە لەگەڵ کەسێکی دیکەدا. لەبەر ئەم هۆکارە، کاتێک دایک و باوکێک ڕەتبوون بەنێو پرۆسەی خەم و سۆ خواردنەکەدا، ئیدی پێویستی بەوەیە دەست بکات بە ژووان دانانەوە.

**منداڵان زۆربەی کات دەست ناکەن بە پرۆسەی خەم و سۆ خواردنی پاش جیابوونەوەیدایک و باوکیان تا ئەو کاتەی درک دەکەن بەوەی دایە یان بابە لەگەڵ کەسێکی دیکەدا دەستیان کردووەتەوە بە ژواندانان.**

هەندێک جار دایک و باوکە تەنیاکان نایانەوێت ژووان ببەستن لەگەڵ کەسانی دیکەدا چونکە منداڵەکانیشیان ئەوەیان ناوێت. منداڵەکانیان زۆر موحتاج و بێزار دەبن کەوا دایک یان باوکە تەنیاکان وێڵ دەبن بە شوێن خۆدوورخستنەوە لە تاوی شێتگیری و وڕکگرتنی

منـــداڵەکانیان بە چـــوونە نەدەرەوەیـــان. ئەم هەوڵە بـــۆ ڕازیکردنـــی منداڵەکە نەک هەر تەنیا خوی منداڵەکە تێک دەدات، بەڵکو بێبەشیشی دەکات لە دەرفەتی خەمخواردن بۆ کۆتـایی هـاتنی ژیانی هاوسەری دایک و باوکەکەی.

لە حاڵەتەکانی دیکەدا، دایک و بـاوکە تەنیاکان دەست ناکانەوە بە ژووانـدانان چـونکە دەیانەوێت قەرەبـووی بـارودۆخەکە بـکەنەوە و زیـاتر بە منـداڵەکانیان ببەخشـن. لـۆژیکەکە ڕوونە: بە هـۆی ئەوەی منداڵەکەم تەنیا یەک بەخێوکاری چالاکی هەیە و منداڵیش پێویستی بە دوو بەخێوکارە، کەوایە پێویستە زیاتر ببەخشم. ئەم لۆژیکە دروستە، بەڵام گریمـانەکەی هەڵەیە. منداڵان هەمیشـە لەوە زیاتریـان دەوێت کە ئێوە دەتـوانن بیبەخشـن. وەک دایـک و باوکێـک، ئێوە دەتـوانن تەنیا ئەوە ببەخشن کە دەتوانن و لەدەستتان دێت بیبەخشن.

گەر هەوڵ بـدەن زیـاتر ببەخشـن، ئەوسـا قوربـانی زۆر دەدەن بۆ منداڵەکانتان. لەبیرتان بێت منداڵان لە بەهەشتەوە هـاتوون. گەر ئێوە ئەوپەڕی هەوڵی خۆتان بدەن، خـوداش باقییەکەیتان بۆ دەکات. ئێوە دەتـوانن تەنیـا ئەوە بـکەن دەتـوانن بـیکەن. ڕاز و نهێنیـیەکە ئەوەیە بوونتـان هەبێـت بـۆ منـداڵەکانت کاتێـک بەنێـو بەرهەڵسـتی خۆیانـدا دەڕۆن بەرانبەر کارەکەی ئێوە کە پێویستە بۆ خۆتانی بکەن. لەجیاتی ئەوەی منـــداڵان بپـــارێزن لەوەی ئەو شـــتە بەدەســـت نەهێـــنن کە دەیانەوێت، یارمەتیـان بـدەن مـامەڵە لەگەڵ ئەو هەستانەدا بـکەن کە تێیدا دەبن لە وەڵامی بەدەستنەهێنانی ئەو شتەی دەیانەوێت.

**لەبیرتـان بێت منداڵان لـە بەهەشتەوە هـاتوون، گەر ئێوە ئەوپەڕی هەوڵی خۆتـان بدەن، خوداش باقییەکەیتان بۆ دەکات.**

کاتێک دایکێکی تەنیا دەچێتە دەرەوە بۆ ژووانێک، ڕەنگە منداڵەکەی سکاڵای زۆر بکات و ئەویش بەرهەڵستی چوونە دەرەوە دەکات. درک بەوە ناکات منداڵانی دیکەی هاوژینە هاوسەردارەکان بە هەمان شێوە سکاڵا دەکەن کاتێک دەچنە دەرەوە. کاتێک منداڵان هەستیان بە سەلامەتی کرد بۆ ویستنی زیاتر، وا دەکەن. لە دەستی دایک و باوکدایە بزانن دەتوانن چی ببەخشن بێ ئەوەی ژیانی تایبەتی خۆیان بکەنە قوربانی. بە تەرخانکردنی کات بۆ خۆیان، ئەوسا دەتوانێت ئەو کات و سەرنجە بە منداڵەکەی ببەخشێت زۆر پێویستی پێیەتی.

## تاسەی ڕۆحی مرۆڤ

ئارەزوو بۆ بەدەستهێنانی زیاتر تاسەی ڕۆحی مرۆڤە. کاتێک منداڵان دەتوانن سەروکاری ئارەزووی زیاتر بکەن، بەلام بە دانبەخۆداگرییەوە ئەوە قبوول دەکەن کە هەیانە و نرخی دەزانن، ئەوسا چەکبەدەستن تا سەروکاری گشت ئالنگارییە هەرە گەورەکانی دیکەی ژیان بکەن. ئەو کەسانەی سەرکەوتوون لە ژیاندا ئەوانەن پێ دادەگرن و کۆڵ نادەن. تاکە شکستخواردووەکان ئەوانەن کە کۆڵ دەدەن و دەوەستن لە خەوبینین، هەوڵدان و ویستن. کاتێک دڵەکانیان و مێشکیان کراوەیە و ئیرادەیان بەهێزە، شتێک نییە بتوانێت منداڵەکانمان ڕابگرێت.

ئەو منداڵانەی بە ئیرادەی بەهێزەوە گەورە دەکرێن مل نادەن بۆ ئیرادەی کەسێکی زۆردار، هەروەها وێڵیش نابن بە شوێن تێکشکاندنی ئیرادەی کەسانی دیکەوە لەڕێی سەپاندنی دەسەلاتی خۆیانەوە. دەبنە سەرمەشقێک لە جیهاندا وەک ڕێگەیەکی نوێ بۆ بەریەککەوتن. هاوکاریکردن دەبێتە ئەزموونی ڕۆژانەیان و بۆیە پەرە بەو توانا و شارەزاییانە دەدەن تا هاوکاریکردن لە ناخی کەسانی دیکەشدا بچێنن.

ئەو منداڵانەی گەورە دەبن و ڕێگەیان پێ دەدرێت زیاتریان بوێت گەورە بیر دەکەنەوە و نەخشەی گەورە دادەنێن. بڕوایان بە تواناکانی خۆیان هەیە تا زیاتر بەدەست بهێنن. لە قووڵایی ئارەزووەکانیاندا بڕوابەخۆبوون و زانینێکی زگماکی هەیە کە چۆن ئەوە بەدەست بهێنن کە دەیانەوێت.

بە ڕێگەپێدانی منداڵان تا زیاتریان بوێت، ئەم هۆشیارییە زگماکی و ئافرێنەرە بەئاگا دێتەوە، لێهاتوویی و باشتربوونێکیان دەدەینێ لەسەر ژیان کە کەسانێکی کەم لە ڕابردوودا ئەزموونیان کردووە. بەم بڕوابەخۆبوون و ئاراستەکردنەی نێو ناخیان، منداڵەکانتان دەتوانن لە ژیاندا بەرەوپێش بچن. منداڵەکانتان ئەو شتە بەدەست دەهێنن و ئەسپی خۆیانی تێدا تاو دەدەن کە دایکان و باوکانی نەوەکانی پێشوو تەنیا دەیانتوانی بۆ منداڵەکانیان هیوای بۆ بخوازن.

## ئاساییە بڵێیت نەخێر، بەڵام بیرت بێت دایە و بابە سەرۆکن.

بناغەی باوانیکردنی ئەرێنی بریتییە لە سەربەستی. هەرکام لە پێنج پەیامە ئەرێنییەکە سەربەستییەکی زیاتر دەدات بە منداڵان بۆ برەودان بە توانا شاراوەکانی نێو ناخیان. ئەم شێوازە نوێیەی باوانیکردن هێز دەبەخشێتە منداڵان تا لە ژیاندا بەرەوپێش بچن بێ ئەوەی دەست لە ناسنامەی خۆیان هەڵبگرن. بەم پاڵپشتییەوە، منداڵان گەورە دەبن و فێر دەبن ئاساییە جیاواز بن، ئاساییە هەڵە بکەن، ئاساییە هەست و سۆزە نەرێنییەکان دەرببڕن، ئاساییە زیاترت بوێت، لە هەموویشی گرنگتر، ئاساییە بگوترێت نەخێر.

### توانای بەرهەڵستیکردنی دەسەڵات بناغەی هەستێکی خودبوونی ڕاستەقینە و ئەرێنییە.

لە ڕووکەشدا، باوانیکردنی ئەرێنی ڕەنگە جڵەوشلکەر دیار بێت، بەڵام لە ڕاستیدا زیاتر جڵەوکەرە. تەکنیکەکان جڵەو دەچەسپێنن بەبێ ترس و هەستی گوناهباری. ڕێگەدان بە منداڵ تا بڵێت نەخێر واتای ئەوە نییە دایکان و باوکان خۆ دەدەن بەدەست بەرهەڵستی

منـــداڵەکانیانەوە. لەجیـــاتی ئەوە، دایـــک و بـــاوک گوێیـــان لە بەرهەڵستییەکە دەبێت و ڕەچاوی دەکەن. زیـاتر لە گـوێڕایەڵییەکی کـوێرانەی دایـک و باوکیـان، منـداڵان ئەو دەرفەتەیـان دەدرێتـێ هاوکاریکردن هەڵبژێرن.

ڕێگەدان بە منداڵان بۆ گوتنی نەخێر ئەو دەرگایە دەکاتەوە بۆیان هەستـەکانیان دەربـبـڕن و ئەوەی دەیانەوێـت بیـدۆزنەوە و پاشـان بکەونە وتووێژ و دانوستان بۆی. مانای ئەوە نییە تۆ هەمیشە ئەوە دەکەیت کە منـداڵەکەت دەیەوێـت. گەرچـی منـداڵەکە دەتوانێـت بڵێت نەخێر، مانـای ئەوە نییە منداڵەکە هەمیشـە بـۆی بچێتە سـەر. ئەوەی منداڵەکە دەیەوێت و هەستی پێ دەکات دەبیسترێت، ئەمەش خۆی لە خۆیدا وا لە منداڵەکە دەکات زیاتر هاوکار بێت. لەوەش گرنگتر، وا لە منداڵەکە دەکات هاوکار بێت بێ ئەوەی ناچار بێت خودی ڕاستەقینەی خۆی خەفە بکات.

**ڕێگەدان بە منداڵێک بۆ گوتنی نەخێر واتای ئەوە نییە دایک و باوکەکە ئەوە دەکەن کە منداڵەکە دەیەوێت.**

جیـاوازییەکی گەورە هەیە لەنێوان هەمـوارکردنەوەی ویستەکانت و نکـۆڵیکردن لە ویســتەکانت. هەمـوارکردنەوەی ویســتەکانت مانـای گـۆڕینی ویسـتی خـۆتە بـۆ ئەو شـتەی دایـک و باوکـت دەیەوێت. نکۆڵیکردن مانای خەفەکردنی ویست و هەستەکانی خۆت و ملدانە بۆ ویسـتی دایـک و باوکـت. ملکەچکـردن شـکاندنی ئیرادەی منداڵی لێ دەکەوێتەوە.

بەبێ ئیرادەیەکی بەهێز، منداڵەکانتان بە ئاسـانی کـاریگەر دەبن بە شـەپۆلە نەرێنییەکـان لە کـۆمەڵگەدا یـاخود دەکەونە ژێـر کـاریگەری

فشاری نزیک و هەڤاڵەکانی خۆی لە هەرزەکارانی دیکەوە کە لە دەرەوەی جڵەوی دایک باوکیانن. کاتێک کەسێک هەستێکی بەهێزی خودبوونی نەبێت، ئەوا دەبێتە نێچیرێکی ئاسان بۆ کەسانی دیکە تا دەستی بەسەردا بگرن و ئیهانەی بکەن. تەنانەت سەرنجی رادەکێشرێت بەرەو پەیوەندی و بارودۆخە خراپەکان، چونکە هەست بە ناشایستەیی دەکات و دەترسێت لەوەی ئیرادەی خۆی ڕابگەیەنێت. بەبێ ئیرادەیەکی بەهێز، قورسە بۆ منداڵانی بەر لە تەمەنی هەرزەکاری و هەرزەکاران تا بەرگری بکەن لەوەی بڕوایان پێیەتی و زۆر بە ئاسانی بە هۆی فشاری هاوتەمەنەکانیانەوە ڕادەماڵرێن.

هەموارکردنەوەی ئیرادەی کەسێک پێی دەگوترێت هاوکاریکردن، نکۆڵیکردن بەوەی ملکەچی بۆ ئیرادەی کەسێکی دیکە پێی دەگوترێت ملکەچبوون. ڕێگەکانی باوانیکردنی ئەرێنی وێڵن بە شوێن دروستکردنی منداڵانی هاوکاردا، نەک منداڵی ملکەچ. تەندروست نییە بۆ منداڵان بێ هۆشانە و بێ دڵانە شوێن ئیرادە و خۆزگەی دایک و باوکیان بکەون.

ڕێگەدان بە منداڵان بۆ هەستکردن و دەربڕینی بەرهەڵستی کاتێک ڕوو دەدات نەک تەنیا یارمەتیان دەدات بۆ بەرەودان بە هەستێکی خودبوون، بەڵکو وایان لێ دەکات زیاتریش هاوکار بن. منداڵانی ملکەچ تەنیا شوێنی فەرمانەکان دەکەون، بیر ناکەنەوە، هەست ناکەن، بەشداری پرۆسەکەیش نابن. منداڵانی هاوکار بە کەسایەتی ڕاستەقینەی خۆیان بەشداری هەر کارێک دەکەن و دەتوانن گەشە بکەن.

کاتێک منداڵان ڕێگەیان درا بەرهەڵستی بکەن، لە ڕاستیدا توانای زیاتر بە دایک و باوکیان دەبەخشێت بۆ جڵەوکردن. هەر جارێک کە منداڵ بەرهەڵستی دەکات و دواتر ئیرادەی خۆی تەسلیمی ئیرادەی دایک و باوکی دەکات، ئەوسا منداڵەکە بە ڕاستی ئەزموونی ئەوە

دەكات كە دایە و بابە سەری گەورەن و هەستی پێ دەكات. توانای هەستكردنی منداڵەكە بە وابەستەیی خۆی بە جڵەوی دایک و باوكییەوە بناغەی باوانیكردنی ئەرێنی دابین دەكات.

**كاتێک منداڵان ڕێگەیان درا بەرهەڵستی بكەن، ئەوسا دایكان و باوكان بە ڕاستی جڵەوی زیاتر دەگرنە دەست.**

ئەم وابەستەییە هەست پێ كراوە ئارەزوویەكی بەهێز لە منداڵاندا بەردەوامی پێ دەدات تا لاسایی ڕەفتاری دایک و باوكیان بكەنەوە و لە ئیرادەیاندا هاوكار بن، لە كاتێكدا ئەو سەربەستیەشیان بۆ فەراهەم دەهێنێت تا پەی ببەن بە كەسێتی خۆیان، هەڵە بكەن و خۆیان ڕاست بكەنەوە، هەست بە هەست و سۆزە نەرێنییەكان بكەن، زیاتریان بوێت و خۆیان ڕێک بكەنەوە لەگەڵ ئەوەی گونجاوە، وتوویژ بكەن بۆ بەدەستهێنانی زیاتر. ڕێگەدان بۆ گوتنی نەخێر یاخود بەرهەڵستیكردنی دەسەڵات ئەو شتەیە بە ڕاستی منداڵان بەئاگاوە دەهێڵێتەوە كەوا ئەوان جڵەو كراون. ئەم كارە تۆڕێكی سەلامەتی بنچینەیی بۆ سەقامگیری دابین دەكات كە پاڵپشتی هەر قۆناغێكی گەشەكردنی منداڵ دەكات.

## چۆن دایكان و باوكان كاریگەری دادەنێن لەسەر منداڵەكانیان

بۆ ئەوەی لە ژیاندا سەركەوتوو بن، كەسی پێگەیشتوو لە چەندین سەرچاوەی جیاوازی ناو ناخییەوە وەردەگرێت. ئەم سەرچاوانەیش بریتین لە خۆشەویستی، حیكمەت، هێز، باوەڕبەخۆبوون، كەرامەت، ڕەوشت، ئافراندن، زیرەكی، دانبەخۆداگرتن و ڕێزگرتن و چەند شتێكی دیكە. كۆكراوەی گشت ئەم سەرچاوانە تێڕوانینی تایبەتی

کەسێک یاخود هۆشیارییەتی. بڕیارێک یاخود کاردانەوەیەکی کەسێکی پێگەیشتوو بۆ بارودۆخێک پشت دەبەستێت بە هۆشیاریی کەسە پێگەیشتووەکە. کاتێک منداڵان هەست بە وابەستەییەکی ناوەکی دەکەن بۆ دایک و باوکیان، ئەوسا دەتوانن سوود لە هۆشیاری و ئاگایی دایک و باوکیان وەربگرن. کاتێک منداڵان هەست بەو وابەستەییە دەکەن، لەنێو هەستێکدان بەستراوە بە دایک و باوکیانەوە، ڕووناکیی ئاگایی و هۆشیاری دایک و باوکیان کاریگەری دەکاتە سەر هەموو شتێک منداڵەکە دەیڵێت و دەیکات.

## منداڵانی وابەستە بە دایک و باوکیانەوە، خۆکردانە سوود وەردەگرن لە ئاگایی دایک و باوکیان.

ئەم ئاگاییەی دایکان و باوکان ئەو جێگیری و سەقامگیرییە دەبەخشێت بە منداڵان تا خۆیان بن و ئەو توانایەشیان پێ دەبەخشێت خۆیان ڕاست بکەنەوە لەدوای ئەنجامدانی هەڵەیەک. تاوەکوو منداڵان هەست بە وابەستەیی بکەن، خۆکردانە خۆیان ڕاست دەکەنەوە بەبێ وانەدانی درێژ یان هەڕەشەی سزادان. بە سوودوەرگرتن لە ئاگایی دایک و باوکیان، منداڵان خۆکردانە خۆیان ڕاست دەکەنەوە لەڕێگەی تاقیکردنەوە و هەڵەوە.

تەنیا بوون لەگەڵ کەسێکی پێگەیشتوودا ئەو ئاگاییە زیادەیە دەبەخشێت بە منداڵان تا هاوئاهەنگ و ئافرێنەرانە ڕەفتار بکەن. منداڵان بە کاریگەرترین شێوە فێر دەبن بە بوونی یاخود لەژێر سەرپەرشتی دایک و باوکێک یاخود مامۆستایەک. تا منداڵان زیاتر وابەستە بن، ئەوا زیاتر دەتوانن سوود لەو سەرپەرشتیارییە وەربگرن.

## شاندانەبەر هەست و سۆزە نەرێنییەکان

منداڵان دەتوانن هەست بە هەست و سۆزە نەرێنییەکان بکەن و پاشان بەرەڵایان بکەن بە هۆی ئامادەگی دڵنیاکەرەوەی ئاگایی دایک و باوکیان. منداڵان، بەر لە تەمەنی نۆ ساڵی، ناتوانن تیفکرن، بەڵام بە پاڵپشتی دایک و باوکێکی هاوسۆز دەتوانن سوود وەربگرن لە توانای دایک و باوکیان بۆ تیفکرین و پاشان بەرەڵاکردنی هەست و سۆزە نەرێنییەکان. گریان لەنێو ئامێزی دایک و باوکێکی خۆشەویست و هاوسۆزدا خۆکردانە دەتوانێت تیماری ئازاری منداڵێکی ترساو بکات.

گریان بەتەنیا کاتێک کەس نەبێت گوێی بۆ بگرێت یاخود بایەخی پێ بدات هەستی پشتتێکردن توند دەکاتەوە، ترسەکەیش بەرەڵا ناکرێت. منداڵان لە ئێستایەکی هەمیشەیی و نەبڕاوەدا دەژین. بەبێ توانای تیفکرین، بەردەوام حەقیقەت بە هەڵە لێک دەدەنەوە.

**تەنیا بە هۆی ئەوەی منداڵان دەتوانن لاسایی بکەنەوە و پەیوەندی بگرن، دایکان و باوکان بە هەڵە وای دادەنێن منداڵانیش دەتوانن تیفکرن.**

کاتێک کەسێک بەدکارە، منداڵان وای دادەنێن ئەو کەسە هەمیشە بەدکار دەبێت. گەر کەسێک زیاتر خۆشەویست بێت، ئەوا ئەو کەسە بۆ هەمیشە زیاتر خۆشەویست دەبێت. گەر لە هەواڵەکاندا کەسێک ڕووت بکرێتەوە، ئەوا منداڵێک بەو شێوەیە بابەتەکە دەبڕێنێتەوە کە دەکرێت بە ئاسانی کەسی داهاتوو ئەو بێت بەو جۆرەی بەسەر بێت. ناتوانێت تێبگات لەوەی ئەو سەلامەتترە چونکە دەرگاکانی ماڵەکەی کلۆم دراون. ئەو بەرئەنجامە بیرکردنەوەی عەقڵانی گەرەکە،

دەتوانێت زیاتر هەست بە سەلامەتی بکات گەر دایە یان بابە گوێیان لە ترسەکەی بێت و پاشانیش دڵنیایی بکەنەوە.

کاتێک دەگەڕام بە شوێن قوتابخانەیەکی باشدا بۆ منداڵەکانم، قسەی بەخێوکارێکی دیکەم لەبیرە کە گوتی: "بە ڕاستی هیچ گرنگ نییە چ جۆرە مامۆستا یاخود منداڵێک لە قوتابخانەکە هەن. منداڵ پێویستە فێر بێت کەوا هەندێک جار جەنگەڵێک لە دەرەوە هەیە. باشترە ئێستا فێر بن کەوا مامەڵە لەگەڵ چی دەکەن وەک لەوەی دواتر فێر بن."
گەرچی ڕەنگە ئەم قسەیە ماقووڵ و ژیرانە بێت، بەڵام وا نییە.

هێندەی دەکرێت دەبێت منداڵان پارێزراو بن لە نەرێنییەکانی جیهان تا ئەو کاتەی دەبنە خاوەن توانایەکی مێشکی تا بە ڕاستی لێکدانەوە بۆ حەقیقەت بکەن. کاتێک جەستە لە ڕەحمی دایکیدا گەشە دەکات، پاراستن و پاڵپشتی جەستەی دایکەکەیشی گەرەکە. بە هەمان شێوە، بۆ نۆ ساڵی دواتریش، منداڵان پێویستیان بە پارێزگارییە لە دەستی نەرێنییەکانی ژیان. ئێوە منداڵەکەتان ئامادە ناکەن بۆ ئەزموونێکی خراپ بە پێدانی ئەزموونێکی خراپ.

منداڵێک هاوشێوەی تۆوێکی بچووک وایە نەش‌ونما دەکات کە پێویستی بە پارێزگارییە لە دەست کەش و هەوای توند و خراپ تا ئەو کاتەی دەرفەتێکی دەبێت تا بەهێزتر بێت. منداڵان پێویستە پارێزراو بن لەدەست مامۆستایەکی خراپ، لە کۆڕ و کۆمەڵی خراپ لە قوتابخانە، لە هەواڵەکانی ئێواران، هتد... دایک و باوکە خۆشەویستەکان و خێزان، دۆست و هاوڕێ پاڵپشتیکەرەکان، مامۆستاکان "ڕەحم"ێکی خەیاڵی بۆ منداڵێکی گەشەکردوو دابین دەکەن.

## گەشەکردنی توانا ئەقڵییەکان

توانا ئەقڵییەکان لە ژیانی منداڵاندا گەلێک درەنگتر گەشە دەکەن. ماوەی نۆ ساڵ دەخایەنێت تاوەکوو مێشکیان پەرە بەو توانایە بدەن ێکدانەوەی عەقڵانی بۆ حەقیقەت بکەن. منداڵان دەبێت پارێزراو بن لە حەقیقەتە توندەکان و بابەتە نەرێنییەکانی جیهان تاوەکوو تەمەنی نۆ ساڵی. تا نەبێتە تەمەنی چواردە ساڵی، منداڵێک ناتوانێت دروست ڕاتاییانە بیر بکاتەوە، بارودۆخە گریمانەکییەکان بخاتە ڕوو یاخود ێیان بکات، بۆ خۆی بەتەنیا بە عەقڵانی بیر بکاتەوە و لە ۆشەنیگایەکی دیکەوە لە کێشەکان بڕوانێت. چەند ساڵێک زووتر ەنگە منداڵانی بەر لە قۆناغی هەرزەکاری ببنە خاوەن دەستپێکی ئەم ڕانا ئەقڵیانە، بەڵام هێشتا بە تەواوی گەشەیان نەکردووە. بەبێ ئەم ڕانا ئەقڵیانە، منداڵان بە شێوەیەکی زۆر جیاواز ئەزموونی جیهان ەکەن.

وەک کەسانی پێگەیشتوو، لەیادمان کردووە جیهان چۆن دەبێت بێ ئەم توانا ئەقڵیانە لێی بڕوانین. لە ڕوانینی منداڵانەوە، جیهان ۆێنێکی گەورەیە کە دەکرێت بێزارت بکات، سەرت لێ بشێوێنێت و ۆشی دڵەڕاوکێی زۆرت بکات. جیهانی ئەمڕۆ تەنانەت زیاتر نەرێنی بەپێچ و پەناترە وەک لە نەوەکانی پێشوو. بە بوونی پێشکەوتنە ەکنەلۆژییەکان لە بواری گەیاندندا، منداڵان بەردەوام بۆمباران کرێن بە زانیاری و بزواندنی نەرێنی.

**ێستا منداڵان بۆمباران دەکرێن بە زانیاری و بزواندنی نەرێنی زیاتر لە هەر کاتێکی دیکەی مێژوو.**

کاتێک منداڵێک دەڕفێنرێت، دەست درێژی دەکرێتە سەری، دەکوژرێت لە ویلایەت یان وڵاتێکی دیکە، چیرۆکەکە لە بەردەمتدایە ڕوو بە هەر لایەکدا وەرگێڕیت. هەواڵەکە لەسەر تەلەفزیۆنە، لەنێو هەواڵەکاندایە، لە گۆڤارەکاندایە، لەنێو ڕادیۆ و ئینتەرنێتدایە. کاتێک ئەم هەواڵە دەهێنرێتە نێو ماڵەوە، لە تێڕوانینی منداڵەکانتانەوە وەک ئەوە وایە ئەو مەرگەساتە لە ماڵەکەی دراوسێیان ڕوو بدات و پاشانیش دەکرێت بە ئاسانی بەسەر خۆیاندا بێت. ڕووماڵی زۆری بەدڕەفتاری و بەدبەختییەکان لە هەواڵەکاندا توانای سروشتی هەستیاری منداڵان سڕ دەکات و هەستی خۆیان بە وابەستەییان بە جلەوی دایک و باوکیانەوە لاواز دەکات.

**نیشاندان و ڕووماڵی دووبارەبووەوەی توندوتیژی و تاوان بە هەڵە ئەو شتە ئاسایی دەکاتەوە کە لە ژیاندا ئاسایی یاخود سروشتی نییە.**

منداڵان لە ڕابردوودا هەرگیز زۆریان لێ نەدەکرا ڕووبەڕووی ژمارەیەکی زۆری حەقیقەتە نەرێنییەکانی جیهانی ڕاستەقینە ببنەوە و مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن. تەنانەت کەسانی گەورەیش تووشی زەحمەتی دێن لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەواڵگەلی زۆردا دەربارەی جیهانی ڕاستەقینە. گەورەکان لانیکەم توانای ئەقڵیان هەیە تا دروستتر لێکدانەوە بۆ ڕووداوەکان بکەن- منداڵان وا نین. هەر شتێک دایکان و باوکان بتوانن ئەنجامی بدەن بۆ پاراستنی منداڵەکانیان لەم خۆداکوتینە، دەستگیرۆیی منداڵەکانیان دەکات لەوەی هەست بە سەلامەتی و بڕوابەخۆبوون و سەقامگیری و پارێزراوی بکەن.

## پێویستی منداڵان بۆ دڵنیابوونەوە

بەر لە گەشەکردنی بیرکردنەوەی عەقڵانی، منداڵان پێویستیان بە دڵنیابوونەوەیەکی زۆرە کەوا هەموو شتێک باشە. بەبێ توانای بیرکردنەوە یان بەکارخستنی لۆژیک، منداڵان بڕوا و بەرئەنجامی هەڵە گەلاڵە دەکەن. ئەمانە چەند نموونەیەکن:

- کاتێک منداڵان هەست بە خۆشەویستی ناکەن، سەرەنجام بابەتەکە بەو جۆرە دەبڕنەوە کە هەرگیز خۆش ناویسترێن.
- گەر شتێک بزر بوو، منداڵان بڕوایان وایە هەرگیز نادۆزرێتەوە یاخود شوێنی ناگیرێتەوە.
- گەر منداڵان نەتوانن ئێستا بسکویتێک بخۆن، پێیان وایە هەرگیز چنگیان پێی ناگات.

ئەم بەرچاوڕوونییە یارمەتی دایکان و باوکان دەدات تێبگەن بۆچی منداڵان هێندە کاردانەوەی سۆزداری بەهێزیان هەیە.

**منداڵان بونەوەرێکن خاوەن ئیرادەن و هەست پێ دەکەن بەبێ سوودوەرگرتن لە مێشکێکی عەقڵانی.**

کاتێک دایکان و باوکان دوور دەکەونەوە، منداڵەکان ڕەنگە بەو جۆرە بابەتەکە ببڕنەوە کە هەرگیز ناگەڕێنەوە. هۆکارەکان ناتوانن منداڵان دڵنیا بکەنەوە، بەڵام گوێگرتن دەتوانێت. وەڵامێکی هاوسۆز بۆ هەستە ناسکەکانی منداڵان دەتوانێت پەیامێکی دڵنیاکەرەوە بگەیەنێت، هەرچی هێشتا ناتوانن خۆیان بیر بکەنەوە.

هۆكارەكان ناتوانن منداڵان دڵنیا بكەنەوە، بەڵام گوێگرتن دەتوانێت.

دایكان و باوكان دەزانن كەوا دەگەڕێنەوە و هەموو شتێك باشە. ئەم زانینە ڕاستەوخۆ دەگوازرێتەوە لە ئاگایی دایك و باوكەكەوە كاتێك بە هێمنی و خۆشەویستییەوە گوێ دەگرن و منداڵەكە دڵنیا دەكەنەوە كە هەموو شتێك باشە. كاتێك هەست دەكەن وابەستەن بە دایك و باوكیانەوە، منداڵەكە سوود وەردەگرێت لە ئەزموون و ئاگایی ژیانی دایك و باوكەكەی.

## منداڵان یادەوەرییەكی جیاوازیان هەیە

تا دەوروبەری تەمەنی نۆ ساڵی، منداڵان جۆرێكی جیاواز لە یادەوەریان هەیە. دەتوانن وشەكان، بیرۆكەكان و كردارە بەرجەستەكانیان بیر بێتەوە. بە هۆی ئەوەی هێشتا پەرەیان نەداوە بە بیركردنەوەی عەقڵانی، زیاتر لەو ساتەی ئێستادا دەژین. شتێكی ناواقیعییە داوا لە منداڵێكی كەمتر لە نۆ ساڵ بكرێت تا بیری بێتەوە سندووقی خۆراكی نیوەڕۆی بهێنێت یاخود شتێك لا ببات. دەتوانێت فێری ئەم ڕەفتارانە ببێت بە ڕێنوێنیكردنی دووبارە بووەوە و دووبارەكردنەوە، بەڵام نابێت چاوەڕێی ئەوەی لێ بكرێت بیری بێتەوە چونكە شتەكە ماقووڵە و دەچێتە مێشكەوە.

دایكێك بە هەڵە ڕوونی دەكاتەوە: "گەر نانی نیوەڕۆت لەبیر بكەیت، ئەوسا لە قوتابخانە برسیت دەبێت." منداڵێك ناتوانێت لەم هۆكارە تێبگات یاخود عەقڵانییانە بیر لە داهاتووی بكاتەوە. باشترین شتێك كە دایك و باوكێك بتوانن ئەنجامی بدەن ئەوەیە بە سادەیی بپرسن:

"زەحمەت نەبێ سندووقی خۆراکی نیوەڕۆت دەبەیت؟" یاخود "زەحمەت نەبێت ئەوە لا دەبەیت؟"

چاوەڕوانی زۆر لە منداڵێک تەنیا ئەو هەستە توند دەکاتەوە کەوا دایک و باوکەکە جڵەویان نییە و منداڵەکەیش خراپە لەپای بەرهەڵستیکردنی یان بە شێوەیەک ناتەواوە. هیچ کام لەم بەرئەنجامانە دروست نین. منداڵەکە بە سادەیی ئامادە نییە شتەکانی بیر بێتەوە تەنیا لەبەر ئەوەی ماقووڵ و مانابەخشن.

منداڵ زامدار دەبێت کاتێک دایک و باوک بێزار دەبێت و دەڵێ: "چۆن توانیت لەبیری بکەیت؟" ڕاستییەکە ئەوەیە، منداڵەکە لەبیری نەکرد، چونکە هەر لە سەرەتاوە نەیتوانیووە بیری بێتەوە. گەر کەسێک بیری چووە، ئەوە دایک و باوکەکەن، کە نازانن چاوەڕێی چی بکەن لە منداڵان کە تەمەنیان لە نۆ ساڵ کەمترە.

## شاندانەبەر ئیرادەی زیاد بوو

کاتێک زیاتریان دەوێت، منداڵانی کەڵلەڕەق دەتوانن سەرەنجام قبووڵی بکەن چی شیاوە و چی شیاو نییە، چونکە دایک و باوکیان پێشوەختە فێری قبووڵکردن بوون. منداڵەکە سوود لە ئەزموونی دایک و باوکی وەردەگرێت کە ڕەنگە هەمیشە ئەوەت چنگ نەکەوێت کە دەتەوێت دەمودەست، بەڵام، گەر کۆڵ نەدەیت، سەرەنجام ئەوەت چنگ دەکەوێت کە پێویستت پێیەتی. کاتێک منداڵان ئەزموونی ئازاری لەدەستدان، دواخستن، یاخود نائومێدی دەکەن، بەڵام هەست بە لێتێگەیشتن بکات، ئەوا وابەستە دەبن بە پێگەیشتوویی یاخود ئاگایی فراوانبووی دایک و باوکیانەوە کە گوێی لێ دەگرن.

**کاتێک منداڵان هەست بکەن لێیان تێدەگەن، ئەوا خۆکردانە وابەستە دەبن بە کامڵی و پێگەیشتوویی ئەو دایک و باوکەوە کە گوێی لێ دەگرن.**

منداڵانی کەللەڕەق وڕک دەگرن، بەڵام ئەوانیش وردەوردە زیاتر هاوکار دەبن. منداڵانی بەرهەڵستکار دەگەڕێنەوە بۆ ئارەزووی نێو ناخیان بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ دایک و باوکیان، چونکە خودی بەرهەڵستی خۆی ئەو بەریەککەوتنە دەخولقێنێت کە پێویستە تا هەستی وابەستەییان زیاد بکات. منداڵان پێویستە ناوبەناو بەرهەڵستی دایک و باوکیان بکەن تاوەکوو هەست بە وابەستەییان بکەن. کاتێک جارێکی دیکە هەست بە وابەستەییان دەکەنەوە، لەناکاو دەبنە کەسانی گراوە و پەسەندکار بۆ ڕابەریکردن و ڕێنوێنیکردنی دایک و باوکیان. ئەم بەرچاوڕوونییە نوێیە شێوازی تێڕوانینی ئێمە بۆ ڕەفتار و تێڕوانینە نەرێنییەکانی منداڵان دەگۆڕێت.

کاتێک منداڵان لاسار و ناهاوکارن، خراپ نین-بەڵکو تەنیا لە جڵەو دەرچوون. پێویستیان بە سزادان یاخود هەستکردن نییە تا خۆیان ڕاست بکەنەوە یاخود زیاتر دابین بکرێن. لەبری ئەوە، تەنیا پێویستیان بەوەیە بگەڕێنەوە ژێر جڵەو. جڵەوی کێ؟ جڵەوی دایک و باوکیان. کاتێک دایکان و باوکان پێنج توانا و شارەزاییەکەی باوانیکردنی ئەرێنی جێبەجێ دەکەن، منداڵەکانیان جارێکی دیکە دەگەڕێنەوە ژێر جڵەو و دڵخۆش دەبن بەوەی خۆیان بگونجێنن و هاوکاری بکەن.

**منداڵان هەرگیز خراپ نین، بەڵکو تەنیا لە جڵەو دەردەچن.**

لەگەڵ باوانیکردنی ئەرێنی، منداڵان نەک تەنیا جڵەو دەکرێن، بەڵکو ئەو توانایەشیان پێ دەبەخشرێت هەست بەو جڵەوکردنە بکەن. لەبەر ئەمەیە باوانیکردنی ئەرێنی پێشتر نەدۆزراوەتەوە. منداڵان لە نەوەکانی پێشوودا هێشتا هێند هەستیار لەدایک نەببوون تا هەست بە جڵەوی دایک و باوکیان بکەن. بەبێ توانای هەستکردن، منداڵان ناتوانن وەڵامدانەوەیان بۆ باوانیکردنی ئەرێنی هەبێت. ئەمڕۆ، بە هۆی ئەوەی بارگۆڕینێک ڕووی داوە لە ئاگایی و هۆشیاری کۆیی خەڵکیدا، ئەم توانا و شارەزاییانە سەرکەوتوو دەبن بۆ گشت منداڵان و هەرزەکاران، تەنانەت گەر لەگەڵ ئەو توانایانەشدا بەخێو نەکرابن. منداڵان و هەرزەکارانی گشت تەمەنەکان ڕاستەوخۆ وەڵامیان دەبێت بۆ ئەم توانا و شارەزاییانە.

**توانا و شارەزاییەکانی باوانیکردنی ئەرێنی سەرکەوتوو دەبن چونکە منداڵانی ئەمڕۆ توانایەکی مەزنتریان هەیە بۆ هەستکردن.**

ڕێبازەکانی باوانیکردنی جڵەوشلکەر شکستیان هێناوە چونکە تەواو و بێکەموکووڕی نەبوون. ئەوەندە بەس نییە ڕێگە بە منداڵەکانتان بدەن ببن بە هەر شتێک خۆیان دەیانەوێت یاخود هەر شتێک بکەن کە بیانەوێت. بۆ پێدانی سەربەستییەکی زیاتر بە منداڵان، دایکان و باوکان پێویستە ڕابەریکردنێکی بەهێزیش فەراهەم بهێنن. کە فێر بووین هاوسەنگی ڕابگرین لەنێوان سەربەستی زیادە و جڵەوکردنێکی زیاتر، توانا و شارەزاییەکانی باوانیکردنی ئەرێنی سەرکەوتوو دەبن.

## هاوسەنگکردنی سەربەستی و جڵەوکردن

لەڕێگەی برەودان بە هەستی وابەستەیی لەنێوان دایک و باوک و منداڵدا، باوانیکردنی ئەرێنی هاوسەنگییەک لەنێوان سەربەستی و جڵەوکردندا فەراهەم دەهێنێت. منداڵان ئەزموونی سەربەستی دەکەن تاوەکوو ناوازە و جیاواز بن، بەڵام هەست بە پێویستییەکی بەهێزیش دەکەن تا لاسایی دایک و باوکیان بکەن و لێیانەوە فێر بن. سەربەستی بەرهەڵستیکردن لە ڕاستیدا هەستی خودبوونی منداڵان بەهێز دەکات، لە هەمان کاتدا دەیانبەستێتەوە بە ئیرادە و ئاگایی دایک و باوکیانەوە.

ڕێگەدان بە گوتنی نەخێر یارمەتی منداڵان دەدات تا ئارەزووەکانی خۆیان دیاری بکەن، بەڵام، سەرەنجام ئارەزووی قووڵی خۆیشیان بۆ هاوکاریکردن بەهێز دەکات و خۆشەویستی و پاڵپشتی دایک و باوکیشیان بەدەست دەهێنێت. بەبێ هەستکردن بە هۆشیاری لەبارەی وابەستەیی خۆیان بە دایک و باوکیانەوە، منداڵان بە خێرایی ئارەزووی سەرەکی خۆیان بۆ هاوکاریکردن لەیاد دەکەن. لەڕێی بەکارهێنانی پێنج توانا و شارەزاییەکەی باوانیکردنی ئەرێنییەوە، وابەستەیی نێوان منداڵ و دایک و باوک دادەمەزرێتەوە و جارێکی دیکە منداڵەکە دەبێتەوە بە کەسێکی هاوکار.

**کاتێک منداڵان لاسارن، پێویستیان بە هەڕەشەی سزادان نییە، تەنیا پێویستیان بەوەیە وابەستە ببنەوە بە دایک و باوکیانەوە.**

ڕێگەدان بە گوتنی نەخێر و ویستنی زیاتر هەست و سۆزی نەرێنی بەهێز دەخولقێنێت کاتێک زیاتر بەدەست نایەت. دەربڕینی ئەم هەست و سۆزە نەرێنییانە نەک تەنیا دەرفەت دەدات بە منداڵان تا فێر بن

چۆن سەروکاری ئەم هەست و سۆزە نەرێنییانە بکەن، بەڵکو توانای منداڵیش زیاد دەکات تا لە ناخی خۆی بڕوانێت و هەست پێ بکات. بە ئاساییکردنی دەربڕینی هەست و سۆزە نەرێنییەکان، هەستێکی هۆشیاری دروست دەبێت کە پێویستە بۆ بەستنەوەی منداڵ بە دایک و باوکییەوە.

هەستکردن بە هۆشیاری یارمەتی منداڵان دەدات پێویستییە ناوەکییەکانی خۆیان دیاری بکەن. بە بوونی هەستگەلی گەورەترەوە، منداڵان زیاتر بەئاگان لە پێویستی بۆ خۆشەویستی و ڕێبەریکردنی دایک و باوکیان. خۆکردانە، ئارەزوویان بۆ هاوکاریکردن و فێربوونیان لە دایک و باوکیانەوە چالاک دەبێتەوە. زیاتر لەوەی شەرمەزار بکرێن یاخود سزا بدرێن، ئەم منداڵانە خۆکردانە خۆیان ڕاست دەکەنەوە بە سوودوەرگرتن لە ئاگایی و هۆشیاری ناوەکی دایک و باوکیان لەوەی چی ڕاستە و چی هەڵەیە، چی باشە یان چی خراپە، چی ژیرانەیە یاخود چی گەمژانەیە. گەرچی منداڵان ڕاستەوخۆ ئەو شتانە نازانن کە دایک و باوکیان دەیزانن، دەتوانن سوود لە زانین و سەرچاوەکانی دیکەی ئەوان وەربگرن تا خۆیان ڕاست بکەنەوە و هەموار و گۆڕانکاری پێویستیش ئەنجام بدەن.

هەرکام لەم پێنج پەیامەی سەربەستی، هاوهێز دەکرێن بە ڕێزگرتن. ئاساییە بەرهەڵستی بنوێنێت، بەڵام بە ڕوونی دایە و بابە بەرپرسیاری سەرەکی و سەرۆکن. ئەو پێنج سەربەستییە سەرکەوتوو نابن گەر دایک و باوک بەردەوامی نەدەن بە ڕابەریکردنێکی بەهێز. سەربەستیپێدان بە منداڵان بەبێ دەسەڵات جۆرێکە لە ئیهانەی جڵەوشلکەر. منداڵان پێویستە لەژێر جڵەوی دایک و باوکیاندا بن. توانا و شارەزاییەکانی پشت بەستوو بە خۆشەویستی باوانیکردنی ئەرێنی ئەم کارە دەکاتە شیاو.

## دوو کێشەی لەدەستدانی جڵەو

کاتێک منداڵان دادەبڕێن لە ئارەزووی ناوەکی خۆیان تا هاوکاری جڵەوکردنی دایک و باوکیان بکەن، دوو کێشەی گەورە سەرهەڵدەدەن. یان ڕەفتاری نەشیاو دەکەن یاخود ئەو ئازارە ناوەکی و پەشێوییەی هەستی پێ دەکەن لە ئەنجامی دەرچوونیان لە جڵەوی دایک و باوکیان لە ناخی خۆیاندا پەنگی پێ دەخۆنەوە. گەرچی هەندێک لە منداڵان هەردووکیان دەکەن یاخود لەو نێوانەدا دێن و دەچن، گەر بە گشتی قسە بکەین کوڕان ڕەفتاری نەشیاو دەکەن و کچانیش ڕێ دەدەن شتەکانی دەرەوە کار بکەنە سەر هەست و نەستیان و لە ناخی خۆیاندا پەنگی پێ دەخۆنەوە. تا ئەو ڕادەیەی منداڵان ئەو پاڵپشتییە وەرنەگرن کە پێویستیانە لەڕێی جڵەوی دایک و باوکیانەوە، ئەوا بەردەوام دەبن لە نیشاندانی هەندێک نیشانەی لە جڵەو دەرچوونیان.

**گەر بە گشتی قسە بکەین، لە ئەنجامی لە جڵەو دەرچوو، کوڕان ڕەفتاری نەشیاو دەکەن و کچانیش شتەکان لە ناخی خۆیاندا پەنگ پێ دەخۆن.**

کوڕان بە تایبەتی دەبنە کەسانی لاسار و بەرهەڵستی دەسەڵات دەکەن و ڕەفتاری خراپ دەکەن. بەبێ پاڵشتی خێزان و دایک و باوک، زیاد لە پێویست پشت دەبەستن بە هەڤاڵ و هاوتەمەنەکانی خۆیان بۆ ڕابەرایەتیکردنیان. سێوێکی خراپ دەتوانێت تەواوی سندووقێک سێو لەناو ببات: منداڵێکی باش بە ئاسانی کاری تێدەکرێت لەلایەن منداڵانی دیکەوە کە هێندەی ئەو باش نین. کاتێک منداڵانی بەر لە تەمەنی هەرزەکاری و هەرزەکاران دادەبڕێن لە دایک و باوکیان، لە

مەترسییەکی گەورەتردان بەوەی "لەناوبچن" لەلایەن ئەو هاودەم و هەڤالانەیانەوە کە زیاتر لە جڵەوی دایک و باوکیان دەرچوون.

کاتێک لە جڵەوی دایک و باوکیان دەردەچن، کوڕان مەیلیان لەوەیە توانای خۆیان لەدەست بدەن تا پارێزگاری لە تەرکیزیان بکەن. دەبنە کەسانی نەسرەوت و بزێو، کە پەل دەکوتێت بەرەو هەڵکشانی شەڕەنگێزی تاک و بە کۆمەڵ، توندوتیژی، بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان، پەیوەندیی سێکسی لە دەرەوەی پەیوەندییە ڕێگە پێدراوەکان، بەدکاری و دڕندەیی. کاتێک جڵەوی بەخێوکار لاواز دەبێت، نمرەکانی خوێندن ڕوو لە نزمبوونەوە دەکەن و چالاکییەکانی پەیوەست بە قوتابخانە و خێزان دەدەن لە کزی و نامێنن. بە دابڕانیان لە جڵەوی دایک و باوکیان، کوڕان ناتوانن پەرە بە شیان و توانای شاراوەی ڕاستەقینەیان بدەن.

**کاتێک جڵەوی بەخێوکار لاواز دەبێت، نمرەکانی خوێندن ڕوو لە نزمبوونەوە دەکەن و چالاکییەکانی پەیوەست بە قوتابخانە و خێزان دەدەن لە کزی و نامێنن.**

گەرچی ڕەنگە هەندێک لە کچان ئەزموونی هەمان ئەم کێشانە بکەن، مەیلیان لەوەیە ئەو سەرلێشێوان و ئازارە حەتمییەی دابڕان لە پاڵپشتی دایک و باوکیان خەفە بکەن و لە ناخی خۆیاندا پەنگی پێ بخۆنەوە. کچان بە تایبەتی بڕوابەخۆبوون و ڕێزلەخۆنانیان لەدەست دەدەن.

لەجیاتی ئەوەی ڕوو لە دایک و باوکیان بکەن بۆ پاڵپشتی، هەندێکیان ڕوو لە کوڕان دەکەن و جۆش و خرۆشی ڕەگەزی خۆیان

بەنەشیاوی بەکار دەهێنن وەک ڕێگەیەک بۆ ئەوەی سەرنجی کەسانی دیکە بەدەست بهێنن و هەست بکەن کەسانی تایبەتن.

لە کاتێکدا کوڕان نەسرەوت و بزێو دەبن و ناتوانن تەرکیز بکەن و خۆیان دابین بکەن، کچان مەیلیان لەوەیە بیروهۆشێکی زۆر بخەنە سەر نەنگی و کەموکووڕییەکانیان. ئەمە پەل دەکوتێت بۆ ئاخاوتنی نەرێنی لەبارەی خۆیان، قسە و قسەلۆکی زۆر، گرفتەکانی کێش زۆری لەش، مامەڵەی خراپ لەگەڵ کچانی دیکە، ڕوانینی خراپ لە خۆیان، سکپڕبوون لە تەمەنی هەرزەکاری، مەیلی خۆکوژی، گلان لە پەیوەندییە خراپەکان، ئالوودەبوون و خەمۆکی. بە دابڕانیان لەو پاڵپشتییەی پێویستیانە لە دایک و باوکیانەوە، کچان ناتوانن پەرە بە توانا شاراوە ڕاستەقینەکانیان بدەن.

## قۆناغەکانی تەمەنی نۆساڵی پێگەیشتن

منداڵان پێویستە بەنێو سێ قۆناغی نۆ ساڵی پێگەیشتندا تێپەڕن تاوەکوو ببنە کەسانی پێگەیشتووی تەندروست و سەرکەوتوو. بۆ نۆ ساڵی یەکەم، منداڵان بە باشترین شێوە گەشە دەکەن لەنێو ژینگەیەکی پڕ متمانەدا لە کاتێکدا بە تەواوی پشت بە کەسانی دیکە دەبەستن. لە نۆ ساڵی دووەمدا "تەمەنی نۆ بۆ هەژدە ساڵی،" منداڵانی بەر لە تەمەنی هەرزەکاری و هەرزەکاران گەشە دەکەن بەوەی فێر بن متمانەیان بە خۆیان بێت و تا بێت زیاتر پشت بە خۆیان ببەستن. لە سێیەم قۆناغی پێگەیشتندا "تەمەنی هەژدە بۆ بیستوحەوت ساڵی،" کەسی پێگەیشتووی لاو گەشە دەکات بەوەی سەربەخۆ بێت و خۆبەڕێوەبەر بێت.

له ماوەی قۆناغی یەکەمدا، ئالنگاری دایک و باوک ئەوەیە بە تەواوەتی بەرپرسیاری منداڵەکانیان بن. لە قۆناغی دووەمدا، ئالنگاری دایک و باوک ئەوەیە پارێزگاری لە هەستی جلەوکردن بکەن، بەلام بە منداڵانی بەر لە قۆناغی هەرزەکاری و هەرزەکاران سەربەستی و سەربەخۆی زیاتر بدەن. پرۆسەی وازهێنان لە جلەوکردن لەسەرخۆ و شێنەییە. منداڵان ناتوانن فێر بن متمانە بە خۆیان بکەن گەر ئێمە دەرفەتیان پێ نەدەین زیاتر بەرپرسیار بن. منداڵانی بەر لە قۆناغی هەرزەکاری و هەرزەکاران پێویستیان بە سەربەستی زیادە هەیە بۆ برەودان بە هەستێکی تەندروستی بەرپرسیارێتی. هەروەک لە قۆناغی پێشووتردا، دایک و باوک نابێت چاوەڕوانی کامڵبوون و بێکەموکوڕی بکەن، منداڵان لە هەموو تەمەنەکاندا هەڵە دەکەن.

**منداڵان و هەرزەکاران پێویستیان بە سەربەستی زیادە هەیە بۆ برەودان بە هەستێکی بەرپرسیارێتی.**

لە قۆناغی سێیەمدا "تەمەنی هەژدە بۆ بیستوحەوت ساڵی،" دایک و باوک پێویستە بکشێنەوە و واز بهێنن لەوەی بەرپرسیاری منداڵەکانیان بن. دایک و باوک هێشتا ئەو ڕۆڵە گرنگە دەگێڕن لەوەی پاڵپشتیکەر بن بە هەر شێوەیەک بێت کە بتوانن. ئەم پاڵپشتییە بە شێوەیەکی سەرەکی دیاری دەکرێت بەوەی منداڵەکە داوای چی دەکات و بڕوایشی وایە پێویستی بە چییە نەک ئەوەی دایک و باوک پێیان وایە منداڵەکە پێویستی بە چییە. بۆ نموونە، شتێکی باشە ئامۆژگاری یان پارەیان پێ بدەن گەر خۆی ویستی یان داوای کرد.

دایک و باوکێکی خۆشەویست دەبێت واز بهێنن لەوەی نیگەران بن لەبارەی منداڵە پێگەیشتووەکەیانەوە و لەبری ئەوە دەبێت سەرسام

بن بە هەوڵەکانی تا سەر بکەوێت. نیگەرانبوون لەبارەی منداڵێکی پێگەیشتووەوە تەنیا ئەو پەیامە دەدات کە ئێوە بڕواتان وایە شتێک هەڵەیە لەواندا یاخود متمانەتان پێیان نییە. دایک و باوکە نیازباشەکان کە دەیانەوێت قەرەبووی هەڵەکانی ڕابردوویان بکەنەوە شتەکان خراپتر دەکەن بە پێشکەشکردنی یارمەتی نەخوازراو دوای ئەوەی منداڵێک تەمەنی لە هەژدە تێپەڕیووە.

## گەشەکردنی بەرپرسیارێتی

لە ماوەی قۆناغی یەکەمدا، منداڵان بە تەواوی پشت دەبەستن بە پاڵپشتی دایک و باوکیان بۆ ئاراستەکردنیان. بەبێ جڵەوی تەواوی دایک و باوک، ناچارن زۆر بە خێرایی گەشە بکەن و چەند قۆناغێکی گەشەکردن لەکیس دەدەن. فێربوونی متمانەکردن و پشتبەستن بە کەسانی دیکە بناغەیە تاوەکوو وردەوردە بتوانین متمانە بە خۆیشمان بکەین.

تۆ هەرگیز ناتوانیت بەسەر تەنافێکدا بڕۆیت و تەنافبازی بکەیت گەر ناچار بیت مەشق بکەیت لە بەرزایی هەوادا بەبێ تۆڕێکی سەلامەتی. لە سەرەتادا فێر دەبیت لە نزیکی زەوییەوە ڕێ بکەیت. پاشان گوریسەکە بەرز دەکەیتەوە، بەڵام لە خوارەوە تۆڕێکی سەلامەتیت هەیە. بەبێ هەستکردن بە سەلامەتی زانینی ئەوەی دەکەویت، زەحمەتە فێری توانا و شارەزاییەکی نوێ بیت. کە زانیت پشت بە کەسانی دیکە دەبەستیت و تۆیش شایستەی پاڵپشتی ئەوانیت بناغەیەکی پتەوە تا سەرەنجام پەرە بە سەربەخۆیی و سەربەستی بدەیت.

له قۆناغی یەکەمدا، گەر دایک و باوک پەیامی ڕوون نەدەن کەوا جڵەویان هەیە، ئەوسا منداڵان خۆکردانە بەرپرسیارێتییەکی زۆر دەگرنە ئەستۆ. منداڵان خاوەنی گەشەی مێشکی نین تا تێبفکرن یاخود لە گۆشە نیگایەکی دیکەوە تەماشای کێشەکان بکەن. کاتێک خۆشەویستن، وای دادەنێن بە هۆی ئەوەوەیە کە کەسێکن قابیلی ئەوەن خۆش بویسترێن. بەرپرسیارێتی دەگرنە ئەستۆ. بڕوایان وایە وا لە کەسانی دیکە دەکەن خۆشیان بوێن. کاتێک منداڵان خۆش ناویسترێن، وای دادەنێن خۆشەویست نین و وا لە کەسانی دیکەیش دەکەن خۆشیان نەوێن.

**منداڵان بەرپرسیارێتی دەگرنە ئەستۆ بۆ هەر شتێک بەسەر خۆیان و چواردەوریاندا ڕوو بدات.**

منداڵان خۆیان بە چەق دادەنێن. جیهان لە دەوریان دەخولێتەوە. کاتێک شتە باشەکان ڕوو دەدەن، وای دادەنێن ئەوانن وا دەکەن شتە باشەکان ڕوو بدەن. کاتێک شتە خراپەکان ڕوو دەدەن، وای دادەنێن بۆ ئەو شتانەیش ئەوان بەرپرسیارن. کە ناتوانن تێفکرن یاخود لە گرفتەکان بڕوانن لە گۆشە نیگایەکی دیکەوە، بە هەڵە بەرپرسیارێتییەکی زۆر دەگرنە ئەستۆ.

بۆ نموونە، کاتێک دایک و باوکێک لە جەوێکی خراپدان، منداڵانن ناتوانن سەر دەربکەن لەوەی شتەکانی دیکە دەکرێت بەرپرسیار بن لەو جەوە خراپەی دایک و باوکیان. منداڵەکە دەمودەست وای دادەنێت کە خۆی بەرپرسیارە. ئەم مەیلە بۆ گرتنەئەستۆی بەرپرسیارێتی زۆر دەتوانرێت ڕاست بکرێتەوە گەر دایک و باوکەکەش بەرپرسیارێتی جەوی خراپی خۆیان بگرنە ئەستۆیان.

تەنانەت گەر دایک و باوکیش بەڕووی منداڵەکەدا باش بن، گەر شتێک نەکەن بۆ چارەکردنی جەوی خراپی خۆیان، منداڵەکە هەست بە بەرپرسیاریتی دەکات. گەر دایک و باوکەکە بێزار بن لە منداڵەکە، کێشەکان خراپتر دەکات. منداڵەکە زیاتر هەست بە بەرپرسیاریتی دەکات و بابەتەکە بەوە دەبڕێنێتەوە کەسێکی خراپ و ناشایستەیە. کاتێک دایکان و باوکان بە توندی سەرزەنشتی منداڵەکانیان دەکەن، سەرەنجام پێویستە بگەڕێنەوە و پۆزش بهێننەوە. بەپێچەوانەوە، منداڵان پەرە بەو بڕوایە دەدەن بە جۆرێک بەرپرسیارن هەر کاتێک ئەم دایک و باوکە دەقیژێنن، مشتومڕ و شەڕ دەکەن.

**منداڵان بەپرسیارێتییەکی زۆر دەگرنە ئەستۆ هەر کاتێک دایک و باوک بقیژێنن، مشتومڕ و شەڕ بکەن.**

کاتێک دایکان و باوکان مشتومڕ دەکەن، پێویستە هەمیشە لە ژوورێکی دیکەدا ئەو کارە بکەن، بەپێچەوانەوە، ئەوسا منداڵەکانیان هەستی گوناهباری زۆر دەگرنە ئەستۆ. دایکان و باوکان پێویستە توانا و شارەزایی پەیوەندیگرتنی باشیان هەبێت تاوەکوو شەڕ نەکەن. گەر هەر دەبێت شەڕ بکەن، پێویستە بە هێمنی لە ژوورێک یان شوێنێکی دیکە بیکەن. تەنانەت کاتێک منداڵان گەواهی بەدڕەفتاری کەسانی دیکە دەبن، ئەوسا بەرپرسیارێتی دەگرنە ئەستۆ. لەپاڵ پێویستی خۆیان تا دایک و باوکیان جڵەویان بکەن، منداڵان پێویستیان بەوەیە دایک و باوکیشیان جڵەویان بەسەر خۆیاندا هەبێت.

## تێگەیشتن لە هێڵی نەوەکان

دایکـان و باوکـان و منـداڵان "نەوە" یەک لە یەک جیـاوازن. ئەم بۆشاییە پێویستە هەمیشە ڕێزی لێ بگیرێت. دایکان و باوکان چینی سـەرەوەی نەوەکـانن و منـداڵانیش لە خـوارەوەن. بـوون لە سـەرەوە مانای ئەوەیە بەرپرسیار بیت و جڵەوت هەبێت. بوون لە خوارەوەیش مانای ئەوەیە پشت بەستوو بە کەسانی دیکەیت و لەژێر جڵەوی ئەو دایک و باوکەدایت لە هێڵی سەرەوەن.

کاتێک دایکان و باوکان هێمن، خۆشەویست، ئاسوودە، تێگەیشتوو، ڕێـزدار، هاوسـۆز و هاوکـار بـوون، ئەوا جڵەویـان هەیە و لە هێڵی سـەرەوەدان. کاتێـک منـداڵان پشـت بە دایـک و باوکیـان دەبەستن بۆ جڵەوکردن، ئەوا لە هێڵی خوارەوەن. لە هێڵی خـوارەوە منداڵان دەبێت منـداڵ بـن. بە بـوونی دایـک و بـاوک لە هێـڵی سـەرەوە، دەرفەتێکیان هەیە تا سوود وەربگرن لە سەرچاوەکان و ئاگایی دایک و باوکیان.

بە بوونی دایک و باوک لە سـەرەوەی هێڵەکە، منداڵان دەرفەتێکیان هەیە تـا پەرە بە گشـت توانـا و شـارەزاییە پێویستەکانی گەشەکردن بدەن. منداڵان بەو توانایەوە لەدایک دەبن ڕێز لە کەسـانی دیکە بگرن، هاوکـار بـن، لێبووردە بـن، خۆیـان ڕاسـت بکەنەوە، هاوبەشی بکەن، خۆشەویسـتی بـکەن، پێـداگری بـکەن، بگـونجێن، بەڵام پێویسـتی بە ڕێنوێنی و پاڵپشتی کەسێکە کە پێشتر فێری ئەم توانـا و شـارەزاییانە بووبێت. کاتێک دایک و باوک لە هێڵی سەرەوەن و منداڵانیش لە هێڵی خـــوارەوە، خـــۆکردانە وەک ســـــەرچاوەیەک لە ئاگـــایی دایـــک و باوکیانەوە دەکێشنەوە و سوودی لێ وەردەگرن.

کاتێک دایـک و بـاوک بە شـێوەی نابەرپرسیارانە ڕەفتـار دەکەن، جا بەرانبەر بە یەک، بە جیهان، بە منداڵەکانیان بێت، ئەوسا منداڵەکانیان ناتوانن لە پاڵپشتیان بکێشنەوە و سوودی لێ وەرگرن. کاتێک دایک و بـاوک چیتر جڵەویـان نییە و وەک منداڵان ڕەفتـار دەکەن، دەجووڵێن

بەرەو هێڵـی خـوارەوە. کاتێـک دایـک و بـاوک دەجـوولێن بەرەو خوارەوەی هێڵەکە، ئەوسا مندالان سەردەکەونە سەرەوەی هێڵەکە و زیاتر بەرپرسیار دەبن.

**کاتێک دایک و باوک دەجوولێن بۆ خوارەوەی هێڵی نەوەکان، ئەوسا منداڵان ڕەنگە ناچار بن زۆر زوو گەورە بن.**

هەر لەبەر ئەوەیە هاوار و قیژەکردن بەسەر منداڵەکانتاندا دەتوانێت وایان لێ بکەن باز بدەنەوە بۆ نێو جڵەو. کاتێک دایک و باوک هـاوار دەکەن و دەقیژێنن، لێ دەدەن و سزا دەدەن، زۆربەی کات ئەو کاتەیە جڵەویـان لەدەسـت داوە و ئێسـتایش وەک منـداڵێک ڕەفتـار دەکەن لە جڵەو دەرچووە. کاتێک دایک و باوک بەرەو خوار دەجوولێن بۆ هێڵی نەوەکـان بەوەی وەک منـداڵ ڕەفتـار بـکەن، منـداڵەکە سـەردەکەوێتە سـەرەوە و بە کـاتی وەک کەسێکی پێگەیشتووی بەرپرسـیار ڕەفتـار دەکات. گەرچی منداڵەکە دەوەستێت لەوەی دەیکات، ئێستا خۆی کـار دەکات بەبێ پاڵپشتی دایک و باوکێک کە جڵەوی هەیە.

گەر دایە یان بابە جڵەویان لەدەست چوو، ئەوسا منداڵەکە بۆ خۆی جێ دەهێڵێـت و لەناکـاو دەچێـتە نێـو "شـێوازی مـانەوە" لە ژیـان. کێشـەی ئەم شـێوازی مـانەوەیە ئەوەیە منـداڵەکە ناچـارە زۆر زوو گەورە ببێت. بەبێ دایـک و بـاوک، ناچـارە ببێت بە دایـک و بـاوکی خۆی. لەم پرۆسـەی گەورەبـوونە خێـرایەدا، منـداڵان ڕەهەنـدەکانی گەشەکردنیان و کەسێتی خۆیـان لەیـاد دەکەن. کاتێک دایک و بـاوک جڵەویان لەدەست دەدەن، منداڵان بە خێرایی دەگەڕێنەوە نێو جڵەو، بەڵام بە شێوازێکی تەندروست نا. لەجیاتی ئەوەی فێر بن سەروکاری

هەست و سۆزە نەرێنییەکان و ئارەزووە فەرماندەرەکان بکەن، شان دەدەنە بەری بە خەفەکردنیان.

ئەمە هاوشێوەی ئەوەیە کە ڕوو دەدات کاتێک منداڵان فەرامۆش دەکرێن یاخود پشتیان تێ دەکرێت. بۆ نموونە، کاتێک هەرزەکارێک لە تەمەنی دوانزە ساڵیدا ماڵەوە جێ دەهێڵێت، چەند بەشێکی دیاری کراو لە کەسێتی خۆی هەرگیز دەرفەتی گەشەکردنی نابێت. ڕەنگە بتوانێت وەک کەسێکی پێگەیشتوو کار بکات، بەڵام چەند توانایەکی دیاریکراوی هاوشێوەی سەروکاریکردنی سۆزدارانەی تەندروست یاخود توانای پشتبەستن بە کەسانی دیکە و داواکردنی یارمەتی گەشەیان پێ نادرێت. ڕەنگە کەسانی خۆشەویست بن، بەڵام تووشی زەحمەتی دێن لەوەی ببن بە کەسانی هۆگر و پەیوەندی و وابەستەییەکی بەردەوام دروست بکەن. ئەمە مانای ئەوە نییە ناتوانێت لە ژیاندا کار بکات -بەڵکو تەنیا مانای ئەوەیە شتێک کەم و ناتەواو دەبێت.

دەرفەتدان بە منداڵەکانمان تا بە تەواوی گەشە بکەن، پێویستیان بە هەژدە ساڵە تا لە هێڵی خوارەوەی نەوەکان بن. پێویستیان بەوەیە هەست بکەن دایک و باوکیان جڵەویان هەیە. پێویستیان بەوەیە هەست بکەن دەتوانن پشت بە ئێمە ببەستن تا بەردەوام لەلایان بین و پێویست ناکات ئەوان بۆ ئێمە لەلامان بن و بێن بەدەممانەوە.

## تەڵاق و هێڵی نەوەکان

کاتێک دایک و باوک لێک جیا دەبنەوە، بە هەمان شێوە کار دەکانە سەر هێڵی نەوەکانیش. لە نەبوونی یەکێک لە دایک یان باوک، منداڵ زۆربەی کات سەردەکەوێتە سەرەوەی هێڵەکە بۆ ئاسوودەکردن و

بایەخدان بە دایک یان باوکە زامدارەکە. دایک و باوکی گەرەکە تا خێزانێک لە مندالان بەخێو بکەن لە هێلی خوارەوە. کاتێک یەکێکیان بوونی نابێت بە هۆی تەلاق و جیابوونەوە یاخود بە سادەیی پشتگوێخستنەوە، ئەوسا مندالانی خوارەوەی هێلەکە مەیلیان دەبێت لەوەی سەر بکەونە سەرەوە و جێی باوک یان دایکە نەبووەکە بگرنەوە.

سەرەرای ئەوەیش، کاتێک دایک و باوکێک بە هەلە ڕوو دەکەنە لای مندالێک بۆ پالپشتی سۆزدارانە، مندالەکە سەر دەکەوێتە سەرەوە بۆ هێلی نەوەکان. کاتێک دایک و باوکێک پێویستیان بە پالپشتی سۆزدارییە، پێویستە ڕوو بکاتە کەسێکی دیکەی پێگەیشتوو کە لە سەرەوەی هێلی نەوەکانە. شتێکی ناتەندروستە تا ئەو پالپشتییە لە مندالەکەتەوە وەربگرێت کە پێویستە لە کەسێکی دیکەی پێگەیشتووەوە وەریبگرێت.

**کاتێک دایک و باوکێک پێویستیان بە پالپشتی سۆزدارییە، پێویستە ڕوو بکەنە کەسێکی دیکەی پێگەیشتوو کە لە سەرەوەی هێلی نەوەکانە.**

لەبەر ئەم هۆکارەیە، دایک و باوکە تەنیاکان هان دەدرێن ژیانێکی دی بەدەست بهێنن لەدوای جیابوونەوە لە هاوسەری پێشوویان. تەندروست نییە ڕوو لە مندالەکەت بکەیت بۆشایی ژیانت بۆ پڕ بکاتەوە. ڕووکردنە مندالەکەت بە شێوەیەکی سەرەکی ڕەنگە هەستێکی باشی هەبێت، بەلام مندالەکانتان دەرفەتیان نابێت گەشە بکەن. دواتر زۆر بە خێرایی گەورە دەبن و گەشە دەکەن. مەیلیان دەبێت لەوەی بەرپرسیارێتی زۆر بگرنە ئەستۆ لە ژیاندا و دواتریش

ئازار دەچێژن لەدەست نیشانە جۆراوجۆرەکانی هەستی گوناهباری و ناشایستەیی.

**ئەمانەی خوارەوە هەندێک لە نیشانەکانی گرتنەئەستۆی بەرپرسیارێتی زۆرە:**

- منداڵانی هەستیار مەیلیان دەبێت لەوەی هەست بکەن قوربانین لە ژیاندا و دەستەپاچەن بۆ بەدەستهێنانی ئەوەی دەیانەوێت.
- منداڵانی وەڵامدەرەوە زۆربەی کات دەبنە کەسانێک دڵی خەڵکی خۆش بکەن کە نکۆڵی لە خۆزگەکانی خۆیان دەکەن تا بگونجێن لەگەڵ کەسانی دیکەدا.
- منداڵانی پەسەندکار لە ژیاندا دەبنە کەسانی ملکەچ و سست و ناداهێنەر.
- منداڵانی چالاک دەبنە کەسانێک دەسکەوتی باڵا بەدەست بهێنن بەڵام زۆربەی کات بێزێز، جڵەوکەر، یاخود ئیهانەکەر بەڕووی کەسانی دیکەدا.

کاتێک دایک و باوک بە بەرپرسیارێتییەوە ڕەفتار دەکەن و لە سەرەوەی هێڵی نەوەکان دەمێننەوە، منداڵان دەرفەتێکیان دەبێت تا بە شێوەیەکی تەندروست گەشە بکەن. هێشتا هەڵە دەکەن و وڕک دەگرن، بەڵام پەرە بەو توانا و شارەزاییانە دەدەن تا سەرەنجام ببنە کەسانی پێگەیشتوو. کەسانی پێگەیشتوو پێویستە ئەوەی پێویستیانە لە کەسانی دیکەی پێگەیشتوو وەریبگرن گەر بیانەوێت خزمەت بە منداڵەکانیان بکەن لە خوارەوەی هێڵی نەوەکان.

پێدانی سەربەستی زیادە بە منداڵان پرۆسەیەکی ئۆرگانییە لەسەر بنچینەی پەیوەندیگەلی زۆر لەنێوان دایکان و باوکان و منداڵاندا لەگەڵ دایکان و باوکانی دیکە و مامۆستایاندا لەبارەی چ شتێک بە گونجاو دەزانن. گەرچی منداڵان و هەرزەکاران سەربەستی زۆر زیاتریان پێ دەدرێت تا بڕیار بدەن لەوەی دەیانەوێت بیکەن، هەرکام لە پێنج توانا و شارەزاییەکەی باوانیکردنی ئەرێنی هێشتا پێویستە تا پارێزگاری لە جڵەوکردن بکرێت.

گەر شانزە ساڵەیەک لە جڵەو دەربچێت و شەڕت لەگەڵدا بکات بە شێوازێکی بێڕێزانە، ئەوسا هێشتا دوورخستنەوەیەکی کاتی گەرەک و پێویستە. کاتێک هەرزەکاران بە قسە ڕەت دەدەنەوە، پێویستیان بە پەیامێکی ڕوونە کەوا ڕەفتارەکەیان قبووڵکراو نییە و دەتانەوێت لێیان زیاتر ڕێزدار بن. کاتێک منداڵان زیاتر زمانی قسەیان دەکرێتەوە، دایک و باوک پێویستە لەیادیان بێت هێشتا نابێت پاڵپشتی داواکارییەکانی خۆیان بکەن بە هەڕەشەی سزادان یاخود ڕوونکردنەوەکان.

گەر هەرزەکارەکەت بەرهەڵستی داواکارییەکانی تۆی کرد، ئەوسا بادانەوە بەرەو پاداشتدانەوە یاخود فەرمانپێکردنی هێشتا بە باشترین شێوە کاری خۆی دەکات. تەنیا پەیامی خۆتان بدەن و کاتیش بدەن تا جێی خۆی بگرێت. تا ئەو کاتەی منداڵەکانتان ماڵەوە جێ دەهێڵن، هێشتا پێویستیان بەوەیە ئێوە سەرۆک بن، بەڵام پێویستیان بە سزادان نییە. لەگەڵ هەر ساڵێکی پێگەیشتندا، پێویستیان بە سەربەستییەکی زیاتر و زیاتر هەیە.

**تا ئەو کاتەی منداڵەکانتان ماڵەوە جێدەهێڵن، هێشتا پێویستیان بەوەیە ئێوە سەری گەورەیان بن.**

پێویستیان بە سەرپەرشتیکردن هەرزەکاران، هەروەک منداڵان، پێویستیان بە سەرپەرشتیکردن نەبێت، تەنیا زانینی ئەوەی هەیە. تەنانەت گەر بەجەستەییش بوونتان نەبێت، تەنیا زانینی ئەوەی کە ئێوە دەزانن ئەوان لەکوێن و چی دەکەن یارمەتی منداڵەکە دەدەن بەوەی هەست بکەن وابەستەن بە جڵەوی ئێوەوە. ئەم جڵەوە زۆربەی کات لەدەست دەچێت کاتێک منداڵان زیاتر سەربەخۆ دەبن لە قوتابخانە. منداڵان دێنەوە ماڵەوە و دایک و باوکیا دەپرسن ڕۆژەکە چۆن تێپەڕیووە، بەڵام منداڵەکان شتێکی ئەوتۆیان بۆ گوتن نییە. هەندێک جار، تەنانەت بەر لەوەی بتوانن باسی ڕۆژەکەیان بکەن، زۆربەی کات تەنیا پێویستیان بە هەندێک کاتە تا لەیادی بکەن چی ڕووی داوە یاخود بە تەلەفۆن قسە بکەن لەگەڵ هاوڕێیەکیان لەبارەی ئەوەی ڕووی داوە. بۆ ئەوەی هەرزەکارەکانتان بهێننە قسە، کارێکی بنچینەییە لەو بەشەی ژیانیاندا بەردەوامی بە ئامادەگییەکی خۆت بدەیت.

زۆربەی کات دایک و باوک هێندە سەرقاڵن گەلێک زەحمەتە بەشداری چالاکییەکانی قوتابخانەیان بکەن و وابەستەی منداڵەکانیان بن. بەلای زۆربەی دایکان و باوکانەوە، لینکی سەرەکییان بە قوتابخانەوە منداڵەکانیانن، منداڵەکانیشیان قسە ناکەن. منداڵان پێویستیان بە دایک و باوکیانە تا وابەستە بن بە چالاکییەکانی قوتابخانەوە، ئەوسا منداڵەکانیان زۆر بە ئاسانی باسی لێوە دەکەن. خۆشبەختانە، پێشکەوتنی نوێی تەکنەلۆژی هەن کە ئەم وابەستەبوونە ئاسان دەکەن.

## بەکارهێنانی ئینتەرنێت بۆ برەودان بە پەیوەندیگرتن

بۆ بەردەوامی دان بە وابەستەبوونێکی باشتر لەگەڵ ژیان و چالاکییەکانی قوتابخانەی منداڵەکانیان، دایکان و باوکان ئێستا دەتوانن هێڵی ئینتەرنێت بەکار بهێنن. ژمارەیەکی زۆر لە

قوتابخانەکان ئێستا بەرنامەی سۆفتوەیری نوێ و خێرایی بەکار دەهێنن تا قوتابخانەکان ببەستنەوە بە دایک و باوکی منداڵانەوە لە ماڵەوە. لەسەر ئینتەرنێت دەتوانن دەستیان بگات بە نمرەکانی ئێستای منداڵەکانیان، بۆنەکان، پرۆژەکان، ئەرکی ماڵەوە، راپۆرتی بەرەوپێشچوون، هەروەها ئیمەیڵی مامۆستایان و تەنانەت پەیوەندی بە دایک و باوکەکانی دیکەیشەوە بکەن. ساڵنامەیەکی تایبەتی گونجاوی قوتابخانەی منداڵەکەت و چالاکییەکانی دوای قوتابخانە، هەروەها ساڵنامەیەکی خێزانی، کە چالاکییەکانی گشت منداڵەکانتی لەخۆ گرتبێت دانراون. گەر قوتابخانەکەت تا ئێستا ئەمەی بەکار نەهێناوە، کەواتە داوا لە دەستەی بەڕێوەبردنی قوتابخانەکە بکەن دەست پێ بکەن. ئەم سیستمە نوێیە خێرایی و بەردەستە بۆ بەخێوکاران و قوتابخانەکان.

**لەڕێی ئینتەرنێتەوە، دایک و باوک ئێستا ڕاستەوخۆ دەتوانن دەستیان بگات بە زانیاری لەبارەی چالاکییەکانی قوتابخانەی منداڵەکانیان.**

لە ماوەی چەند خولەکێک چوونە نێو ئینتەرنێت، دایکان و باوکان دەتوانن دەمودەست زانیارییان پێ بدرێت بەوەی قوتابییەکانیان لە قوتابخانە خەریکی چین. بە کلیکی ماوسێک، دەتوانن نامەیەک لەڕێی ئیمەیڵەوە بنێرن یاخود پرسیارێک بکەن لە گشت دایکان و باوکانی دیکە. بۆ زانینی زیاتر لەبارەی ئەم بەرنامەیەوە، کە بە خێرایی لەلایەن دامەزراوەی "Achieve Communications"ـەوە دابین کراوە، تەنیا بچۆ سەر هێڵی ئینتەرنێت و بچۆ ناو سایتەکەیانەوە بە ناوی www.achieve.com. ئەم هۆشیارییە هەڵکشاوە یارمەتیدەر دەبێت بۆ پەیوەندی گەلێک باشتر لەنێوان بەخێوکار و منداڵدا. کاتێک

دایک و باوک بە سادەیی دەپرسن: "ڕۆژەکەت چۆن بوو؟" بەڕاستی ناتوانن پێشبینی زۆر بکەن لە وەڵامدا. بەڵام کاتێک پرسیارێکی بە نیاز و ڕاستەوخۆ دەکەن، دەرگایەک دەکرێتەوە بۆ ئاخاوتنێکی باشتر. لەجیاتی پرسیارە گشتییەکان، دایک و باوک دەتوانن ورد و بەدیقەتتر بن. ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیەکن:

- چەندێک بەرەوپێش چوویت لە پرۆژە زانستییەکەتدا؟
- ئەمڕۆ ڕاهێنانی بەیسبۆڵەکە چۆن بوو؟
- ئەمڕۆ جێسیکا چۆن مامەڵەی لەگەڵدا کردیت؟
- وەڵامی مامۆستاکەت چۆن بوو بۆ پرۆژە زمانەوانییەکەی ئەمڕۆت؟
- بە ڕاستی شانازی دەکەم بەو نمرە نایابەی لە تاقیکردنەوەی بیرکاریدا هێناوتە.

منداڵان دەتوانن و دەیانەوێت باسی ژیانی قوتابخانەیان بکەن گەر دایک و باوک ئاگاییەکی زیاتریان هەبێت لەبارەی ئەوەی دەگوزەرێت لە قوتابخانە. تا دایک و باوک زیاتر بەشداری چالاکییەکانی قوتابخانە بکەن و بزانن ئێستا منداڵەکانیان لە چیدا سەعی و کۆشش دەکەن و کاتەکانیان لەگەڵ کێدا بەسەر دەبەن، ئەوا منداڵان زیاتر دەکرێنەوە و قسەیان بۆ دەکەن. ئاخاوتنی بەردەوام لەبارەی ئەوەی چی ڕوو دەدات لە ژیانی منداڵەکانمان و لە قوتابخانە شتێکی بنچینەییە تا لەژێر جڵەودا بمێننەوە و کاریگەریمان هەبێت بەسەریانەوە. کاتێک دایک و باوک دەبن بە کەسانێک کەمتر کاریگەریان هەبێت، ئەوسا منداڵان بەڕووی کاریگەری منداڵانی دیکەدا زیاتر لاواز و بەرگەنەگرتر دەبن.

ئاخاوتنی بەردەوام لەبارەی ئەوەی چی ڕوو دەدات لە قوتابخانە شتێکی بنچینەییە بۆ کاریگەریدانان لەسەر منداڵەکانتان.

بەکارهێنانی پێگەی www.achieve.com یارمەتیتان دەدات لە پەیوەندیدا بن لەگەڵ دایکان و باوکی دیکەدا و خوێندنەوەیەکی ورد بەدەست بهێنن لەبارەی ئەوەی ئەوان لەگەڵ منداڵەکانیان چی دەکەن. لە بەخێوکردنی منداڵەکانی خۆمدا، نزیک بە مەحاڵ بوو تا بە ڕێکوپێکی دایکان و باوکان یەکدی ببینن تا بکەوینە باسکردنی ئەوەی منداڵەکانیان ئەنجامیان دەدا و ڕێگەیان دەدا منداڵەکانیان چی بکەن.

## بەدەستهێنانی پاڵپشتی لە دایکان و باوکانی دیکەوە

تا ئەو کاتەی دایک و باوک لەگەڵ یەکدیدا قسە نەکەن، منداڵان دەسەڵات و توانایەکی زۆریان دەبێت. بۆ نموونە، دێنەوە ماڵەوە و دەڵێن ئەو تاکە منداڵ بووە کە ناچار بووە لە ماڵەوە بێت تا کاتژمێر یانزەی شەو، تۆیش هەست بە فشار دەکەیت کاتی گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە بگۆڕیت. زۆربەی کات ڕاستییەکە ئەوەیە تەنیا یەک دایک و باوک ڕێگەی چوونە دەرەوە تا کاتژمێر یانزەی شەو دەدەن بە منداڵەکەیان لە کاتێکدا تەواوی دایک و باوکەکانی دیکە کاتی گەڕانەوەیان بۆ کاتژمێر دەی شەو دیاری کردووە. دایکان و باوکان ئەمە نازانن گەر لەگەڵ یەکدیدا لە پەیوەندیدا نەبن. قسەکردن لەگەڵ دایکان و باوکانی دیکەدا یارمەتیت دەدات پەی ببەیت بە سنوورە شیاوەکان بۆ منداڵەکەت و یارمەتی دایکان و باوکانیش دەدات پارێزگاری لەجلەوی خۆیان بکەن.

کۆمەڵێکی پاڵپشتی مانگانە دروست بکەن، "منداڵان لە بەهەشتەوە هاتوون" بخوێننەوە، تاووتوێی ئەو گرفتە هەنووکەییانە بکەن لەگەڵ منداڵەکانتاندا هەتانە. باسکردنی گرفتەکانتان و ببیستنی ئەوەی کەسانی دیکە بە چیدا دەگوزەرێن نەک تەنیا زیاتر بەرچاوڕوونی دەهێنێت، بەڵکو کاری باوانیکردنیش ئاسانتر دەکات. بۆ ئەوەی پێویست بکات دەبێتە شتێکی زەحمەت کاتێک بەتەنیایت. دایک و باوک پێویستیان بە پاڵپشتییە، وەک چۆن منداڵان پێویستیان بە پاڵپشتییە. کاتێک پاڵپشتیت وەرگرت لە دایکان و باوکانی دیکەوە، منداڵەکانیشتان ئەو پاڵپشتییە وەردەگرن کە پێویستیانە.

کاتێک هەستت بە پاڵپشتی دایک و باوکەکانی دیکە کرد، گەلێک ئاسانتر دەبێت تا بەردەوامی بە جڵەوکردنێکی بەهێز و ڕابەریکردن بدرێت لە کاتێکدا ڕێگە بە منداڵەکانیشتان دەدەن بەرهەڵستی بکەن. بە پاڵپشتی کەسانی دیکە، کە هاوبەشی بە پابەندی و بەرچاوڕوونیەکانی ئێوە دەکەن، ئەوا بە کاراترین شێوە پێنج پەیامەکەی باوانیکردنی ئەرێنی دەخەنە بواری جێبەجێکردنەوە.

## (١٤)

# خستنه بواری جێبەجێکردنی پێنج پەیامەکە

لە قووڵایی ناخی گشت منداڵاندا، دوگمەیەک هەیە. کاتێک پەنجەی لەسەر دادەنرێت، ئەم دوگمەیە بیریان دەهێنێتەوە کەوا ئارەزوو دەکەن هاوکاری بکەن و دەیانەوێت دایک و باوکیان دڵخۆش بکەن. پێنج پەیامەکە و پێنج توانا و شارەزاییەکەی باوانیکردنی ئەرێنی بە شێوەیەکی سەرەکی تیشک دەخەنە سەر ئەو دوگمەیە. لەرێی فێربوونی ئەوەی جار لەدوای جار پەنجە بەم دوگمەیەدا بنرێت، دایک و باوک ئەو جڵەوە بەدەست دەهێنن پێویستیانە تا پێشرەوی منداڵەکانیان بکەن. منداڵان لە گشت تەمەنەکاندا بە شێوەیەکی سەرەکی لەرێی هاوکاریکردن و لاساییکردنەوەوە فێر دەبن. گەر دایک و باوک بەردەوام پەنجە نەنێن بەو دوگمە خەیاڵییەدا، منداڵان قەتیس دەمێنن لە توانای خۆیان تا فێر بن و گەشە بکەن.

**منداڵان لە گشت تەمەنەکاندا بە شێوەیەکی سەرەکی لەرێی هاوکاریکردن و لاساییکردنەوەوە فێر دەبن.**

باوانیکردنی ئەرێنی تەنانەت سەرکەوتوو دەبێت لەگەڵ ئەو منداڵ و هەرزەکارانەی کە بە پێنج پەیامە ئەرێنییەکەی باوانیکردنیش بەخێو نەکراون. هەرگیز درەنگ نییە تا ببیت بە دایک و باوکێکی باش و ببیتە مایەی ئیلهامی هاوکاریکردن لە منداڵەکانتاندا. گرنگ نییە کەی دەست پێ دەکەن، بە جێبەجێکردنی پێنج پەیامەکەی باوانیکردنی ئەرێنی، ئەو هێز و توانایە بەدەستەوە دەگرن بۆ بەرەودان بە پەیوەندیگرتن و خوڵقاندنی هاوکاری و دەرکێشانی باشترین لە منداڵەکانتان کە دەتوانن پێی بگەن.

## دایکان و کچان

قورسترین پەیوەندی زۆربەی کات لەنێوان دایکان و کچانی هەرزەکاردایە، چونکە زۆربەی کات دایکەکە هێشتا هەوڵ دەدات هەموو شتێک لە ژیانی ئەو منداڵەدا جڵەو بکات. ئەوەی بەنزینی زیاتر بە ئاگرەکەدا دەکات، کچان ڕەنگە تەنانەت زیاتر بەرهەڵستی دایکیان بکەن چونکە کاتێک بچووکتر بوون زیاتر گوێ ڕایەڵ و خۆگونجێن بوون.

بۆ برەودان بە هەستێکی خودبوون، کچانی هەرزەکار هەست بە پێویستییەکی گەورەتر دەکەن بۆ شەڕکردن و بەربەرەکانی و یاخیبوون لەدژی جڵەوی دایکەکانیان. کاتێک حاڵەکە بەم جۆرەیە، بەکارهێنانی پێنج توانا و شارەزاییەکەی باوانیکردنی ئەرێنی دایکەکە فێر دەکەن بە شێوەیەکی تەندروستتر پارێزگاری لە جڵەو بکات، بێ ئەوەی ناچار بێت دەنگی بەرز بکاتەوە، فەرمان بکات، هەستەکانی دەربڕێت، یاخود هەڕەشەی سزادان بەکار بهێنێت. دایکەکان بێئاگایانە بەرهەڵستی دەهێننە ئاراوە بەوەی منداڵان نوقمی هۆکارەکان دەکەن تا بە شێوەیەکی جیاواز ڕەفتار بکەن و کردار بنوێنن.

# باوکان و کچان

باوکـان زۆربەی کـات کچەکانیـان تەرە دەکەن بەوەی چارەسەر دەخەنە ڕوو و وەک پێویستیش پرسیار نـاکەن. پیاوان بە گشتی لە پێویسـتی ڕەگەزی مـێ بـۆ قسـەکردن و هاوبەشیکردن تێنـاگەن، تەنانەت کاتێک کچەکانیان ناگەڕێن بە شوێن ئامۆژگاری و یارمەتیدا. پیاوان بە هەڵە پێیان وایە کەوا ئیشی ئەوان ئەوەیە هەمیشە شتەکان چاک بکەنەوە، لە کاتێکدا زۆربەی کات کچێکی بچکۆلە، هەرزەیەک، یاخود ژنێک تەنیا دەیەوێت قسە بکات و گوێی بۆ بگیرێت.

لە کاتێکدا باوکان زیاتر بەتەنگ ئەوەوەن بژێوی بۆ خێزان دابین بـکەن، کەمتـر خۆیـان دەگلێـنن لە وردەکارییەکـانی ڕۆژانەی بەخێوکردنی منـداڵانەوە. زۆربەی کـات ئەمە ئەو پەیامە بە کچێکی بچکۆلە دەدات کەوا باوکیان هیچ گوێ نادەنێ و بایەخیان پێ نادەن.

ڕاسـتییەکە ئەوەیە، بـاوک گـوێ بە حـاڵی باشـی کـچەکەی دەدات، ئەوەیش یەکێکە لەو هۆیـانەی بـۆچی هێنـدە سـەخت کـار دەکات. لە هەمان کاتدا، بە هـۆی ئەوەی ناگلێت لە وردەکارییەکانەوە، زۆر گوێ بە شتە بچووکەکـان نـادات. بـاوکەکە بە گشتی خەمی حـاڵی باشتی گشتی کچەکەیەتی، بەڵام ئاخۆ کچەکەی پانتۆڵی جینز یان تەنوورەی لەپێ کردووە یان قژی کردووە بە شێوەی کلکی ئەسپی هێند گرنگ نییە بەلایەوە.

ئەمە باش نییە، چونکە کاتێک باوک گوێ بە وردەکارییەکانی ژیانی کچەکەی نادات، کـچەکە ئەو پەیـامەی پێ دەگـات کەوا بـاوکی بایەخی پێ نـادات. بـۆ هۆگربـوونی لەگەڵ کـچەکەی، بـاوک پێویستی بەوەیە کات تەرخان بکات پرسیاری مەبەستدار بکات و ڕاهێنان بکات لەسەر گوێگرتن بێ ئەوەی هەمیشە ئامۆژگاری بخاتە ڕوو.

## دایکان و کوڕان

دایکان زۆربەی کات ڕێزی کوڕەکانیان لەدەست دەدەن بە پێدانی فەرمانی زۆر بەسەریاندا و پاشان کۆڵ دەدەن کاتێک کوڕێک ئامادەیی تێدا نابێت هاوکاری بکات. دایکان زۆربەی کات سکاڵا دەکەن کەوا کوڕەکانیان گوێ ناگرن بۆیان. زۆربەی کات ئەمە بە هۆی ئەوەوەیە ئامۆژگاری و ئاراستەکردنی زۆر بە کوڕەکانیان دەدەن.

کوڕان لەچاو کچاندا بە گشتی پێویستیان بە سەربەخۆیی و مەودای زیاترە بۆ تاقیکردنەوە. پێویستییەکی گەورەتریان هەیە تا خۆیان بەتەنیا بیسەلمێنن کە چیان لە توانادایە. یارمەتیدانی زۆر وەک نەبوونی متمانە لێک دەدرێتەوە، سەرەنجام ئەو کوڕە دادەبڕێت و دەست هەڵدەگرێت لەوەی گوێ بگرێت.

**کوڕان لەچاو کچاندا بە گشتی پێویستیان بە سەربەخۆیی و مەودای زیاترە بۆ تاقیکردنەوە.**

دایکان مەیلیان لە بەکارهێنانی هەست و سۆزە نەرێنییەکانە یاخود وانەدانی درێژە بۆ جڵەوکردنی کوڕان. ئەم هەڵە باوە بە خێرایی وا دەکات کوڕەکە لە دایکی داببڕێت، دایکیشی ئەوسا کەمتر جڵەوی دەبێت. کاتێک منداڵێک بەرهەڵستە یان ناهاوکارە لە وەڵامی داواکاری یاخود فەرمانی دایکیدا، پێویستە دایکەکە ئامادە بێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی وڕکگرتنی کوڕەکەی و بیخاتە دوورخستنەوەیەکی کاتییەوە. گەر بە سادەیی کۆڵ بدات یان چاوەڕێی باوکەکە بکات بێتەوە ماڵەوە، ئەوسا جڵەوی خۆی لەدەست دەدات.

چۆنێتی مامەڵەکردنی مێرد لەگەڵ ژنەکەی جیاوازییەکی گەورە دروست دەکات لە شێوازی ڕێزگرتنی کوڕ بۆ دایکی. بۆ نموونە، گەر دایکەکە نانی ئێوارە ئامادە بکات، باوکەکە ڕێز لە ئیرادەی دایکەکە نەگرێت و دەمودەست وەڵام نەداتەوە کاتێک دایکەکە بانگ دەکات کاتی نانی ئێوارەیە، منداڵەکانیش فێر دەبن ناچار نین وا بکەن.

منداڵان هەمیشە تەماشا دەکەن و لاسایی دەکەنەوە. کاتێک باوک وەڵامی داواکارییەکانی دایک ناداتەوە، پەیامێکی ڕوونە کەوا کوڕانیش ناچار نین گوێ بگرن. ئەمە هۆکارێکی دیکەی باشە کە بۆچی گرنگە سکاڵاکانت لەبارەی هاوسەرەکەتەوە بەنهێنی بهێڵیتەوە. کاتێک دایک سکاڵا دەکات لەبارەی بێڕێزی باوکەکەوە لەبەردەمی منداڵەکاندا، دایکەکە بێئاگایانە منداڵەکان فێر دەکات کە پێویست ناکات منداڵەکانیش ڕێزی باوکیان بگرن.

## باوکان و کوڕان

باوکەکان بە باشترین شێوە لەڕێی کردەوەوە هۆگری کوڕەکانیان دەبن. بە کردنی شتەکان پێکەوە، کوڕێک ئەو دەرفەتەی دەست دەکەوێت تا ئەزموونی پێزانین، سەرسامی و دەستگیرۆیی باوکی بکات. لە کاتێکدا باوکەکان و کوڕەکان ڕەنگە پێویست نەکات قسەی زۆر بکەن، پێویستیان بەوەیە وابەستە و هۆگری یەک بن. باوکەکان دەبێت وریا بن کە زۆر ڕەخنەگر نەبن لە کوڕەکانیان یاخود بێزار نەبن بە نەنگییەکانی کوڕەکانیان. کوڕ پێویستی بە پەیامێکی ڕوونە لە باوکییەوە کەوا کەسێکی ئاسایی و قبوولکراوە هەر بەو شێوەیەی کە هەیە.

**باوکەکان پێویستە وریا بن کە داوای زۆر لە کوڕەکانیان نەکەن.**

کوڕان بە سروشتی خۆیان زیاتر ڕوو لە ئامانجەکانن. کاتێک کوڕێک شکست دەهێنێت، پێوستە بزانێت دەتوانێت بێتە لای باوکی بۆ تێگەیشتن و پێزانین و ئاسوودەیی کەوا ئەوپەڕی هەوڵی خۆی داوە. باوکەکانیش دەبێت خۆیان بگرن لەوەی هەمیشە ئاماژە بکەن بەوەی کەوا منداڵەکەی دەیتوانی باشتر کارەکە بکات. باوکەکان پێویستە لەیادیان بێت هەموو منداڵان جیاوازن و بە ڕێژەی جیاوازیش فێر دەبن. ئیشی ئەوان دۆزینەوەی هێزی منداڵەکانیان و دانپێدانانیانە بە ستایش و شانازی و سەرسامییەوە.

کاتێک باوکەکان فێربوون جڵەوی کوڕەکانیان بکەن بەبێ پێویستی سزادان، دەرگایەکی تەواو نوێ دەکرێتەوە بۆ کوڕ تا پەیوەست بێت بە باوکییەوە. چیتر پێویست ناکات سەرکێشی بە سزادانەوە بکات لە باوکییەوە لەپای کردنی هەڵەکان. سەربەستە لەوەی بچێتە لای باوکی بۆ ئامۆژگاری و ڕابەرایەتیکردن لە ماوەی تەواوی ساڵانی لە ماڵەوە.

## هەرزەکاران بەنهێنی نرخی سنوورەکان دەزانن

سەرگەورەبوون جیاوازە لەوەی ببیت بە باشترین هاوڕێی منداڵەکەت. هەرزەکاران هەمیشە حەزیان بەوە نایەت لە کۆتاییدا ئێوە بڕیاری لێ دەدەن، بەڵام ڕێزی دەگرن و قبووڵی دەکەن، بە نهێنیش نرخی دەزانن. بەلای هەرزەکارانەوە، گوشاری دۆست و هاوەڵەکانی زۆر بەهێزە. زۆر بە ئاسانی دەتوانن بەرهەڵستی فریوخواردنەکان بدەنەوە بە لۆمەکردنی دایک و باوکیان. گەرچی هەرەزەکاران ڕاستگۆیانە ناتوانن بڵێن سزا دەدرێن لەلایەن دایکان و باوکانەوە کە توانا و شارەزاییەکانی باوانیکردنی ئەرێنی بەکار دەهێنن، دەتوانن بڵێن لەگەڵ دایک و باوکیاندا دەچنە گێرمە و کێشەیەکی زۆرەوە.

**هەرزەکاران بە لۆمەکردنی دایک و باوکیان زۆر بە ئاسانی دەتوانن بەرهەڵستی فشاری دۆست و هاوەڵەکانیان بدەنەوە.**

تەنیا بە هۆی ئەوەی باوانیکردنی ئەرێنی منداڵان سزا نادات، منداڵان سەربەست نین لەوەی ڕەفتاری نەشیاو بکەن و لە بەرئەنجامەکەی هەڵبێن. بۆ هەرزەکاران تا سەربەستی زیاتر بەدەست بهێنن، پێویستە متمانەیش بەدەست بهێنن. گەر سەلماندیان ناتوانن ڕێز بگرن لە سنوورەکانی سەربەستییە تازەکەیان، ئەوسا سەربەستی کەمتریان پێ دەدرێت. دایک و باوکێک ڕەنگە بە کاتی سەربەستییەک وەربگرنەوە وەک ڕاستکردنەوەیەک، نەک وەک سزایەک.

**دایک و باوکێک ڕەنگە بە کاتی سەربەستییەک دوور بخەنەوە لە منداڵەکەیان وەک ڕاستکردنەوەیەک، نەک وەک سزایەک.**

بۆ نموونە، "تۆم"ی شانزە ساڵان، ڕێگەی پێ درابوو تا یەکی شەو لە دەرەوە بمێنێتەوە لە پشووەکانی کۆتایی هەفتەدا. کەچی بەردەوام دەوروبەری کاتژمێر دووی شەو دەهاتەوە ماڵەوە. ڕوونی دەکردەوە تەنیا لەبیری چووبوو، تێشنەدەگەیشت بۆچی هێندە شتێکی گەورە بوو. "سارا"ی دایکی ڕوونی کردەوە لە شەواندا سەرپەرشتیکردنی کەمتر هەیە و مرۆڤ دەبێت زیاتر پێگەیشتوو و بەرپرسیار بێت. گەر نەیتوانی بیری بێتەوە تا کاتژمێر یەک لە ماڵەوە بێت، کەوایە وەک پێویست کەسێکی پێگەیشتوو و بەرپرسیار نەبوو تا ئەو کاتە درەنگە لە دەرەوە بمێنێتەوە.

سارا بە تۆمی گوت گەر دەیەوێت تا یەکی شەو لە دەرەوە بمێنێتەوە، پێویستە لە دەوروبەری کاتژمێر دوانزەی شەودا تەلەفۆن

بۆ ماڵەوە بکاتەوە. ئەم کردەی بەرپرسیارێتییە یارمەتی تۆمی دەدا کە بیری بێتەوە کەی بگەڕێتەوە ماڵەوە. تۆم بەردەوام لەبیری دەکرد. دوای چەند هەوڵێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە لە کۆتاییدا دایکەکە درکی بەوە کرد هەڵەیەکی کردبوو کە زۆر زوو سەربەستییەکی زۆری بە کوڕەکەی دابوو.

پاشان سارا بە تۆمی گوت: "درک دەکەم بەوەی هەڵەیەکم کردووە کە ڕێم پێ داویت تا یەکی شەو لە دەرەوە بمێنیتەوە. دەزانم تۆ ئەوپەڕی هەوڵی خۆت دەدەیت، بەڵام پێم وا نییە تۆ ئامادە بیت. لە ئێستا بەدواوە تا دوانزەی شەو دەتوانیت لە دەرەوە بمێنیتەوە، گەر لە کاتی خۆیدا بۆ ماوەیەک ئەوە بکەیت، ئەوا جارێکی دیکە چاو دەخشێنمەوە بە چوونە دەرەوەت تا یەکی شەو."

بەم شێوەیە، سەربەستییەک بە شێوەیەکی کاتی وەرگیرایەوە تا ئەو کاتەی تۆم متمانەی پێویستی وەرگرت. وەرگرتنەوەی مافێکی تایبەت پێویستە وەک کۆتا چارە پەنای بۆ ببرێت. هەرزەکاران پێویستە بە ڕوونی ئەو پەیامە وەربگرن کە تۆ چەندین ڕێگەی جیاوازت تاقی کردووەتەوە تا کاریان لەگەڵدا بکەیت و سەرەنجامیش بەوە بڕیتەوە کەوا هێشتا ئامادە نین بۆ سەربەستی زیادە یان مافێکی تایبەتی.

**دایک و باوک پێویستە وریا بن کەوا کارێک هەموار ناکەنەوە بۆ سزادان، هەڕەشەکردن یاخود واڵێکردنی هەرزەکارەکانیان تا زیاتر هاوکار بن.**

ئەم جۆرە هەموارکردنەوانە تەنیا پێویستە ڕوو بدەن چونکە دایک و باوک درک دەکەن بەوەی کەوا سەربەستی زۆر دەبەخشن و

پێویستە کەمێک لەسەرخۆتر ڕێ بکەن. ئەوسا هەرزەکان دەتوانن وردەوردە متمانە بەدەست بهێنن تا مافی زیاتریان پێ بدرێت. لەبیرتان بێت هەمووارکردنەوەی مافە تایبەتییەکانی هەرزەکاران پێویستە تەنیا ئەو کاتە بکرێن دوای ئەوەی ڕێگەکانی دیکەت تاقی کردوونەوە. لەبیرتان بێت گەر سزای هەرزەکارەکانتان بدەن، ئەوسا بە دڵ و سینەی کراوەوە ڕووتان تێناکەن بۆ پاڵپشتی کردنیان.

**باوانیکردنی ئەرێنی سزادان بەکارناهێنێت، بەڵام کاتێک پێویستی کرد هەمواری ماف و ئیمتیازەکان دەکاتەوە.**

بۆ ئەوەی جڵەویان هەبێت، دایک و باوک پێویستە بزانن منداڵەکانیان لەکوێن، لەگەڵ کێ کاتەکانیان بەسەر دەبەن، چی دەکەن، کێ چاودێریان دەکات کاتێک کارەکانیان دەکەن. کەچی هێشتا زۆربەی کات هەرزەکاران نازانن بۆ کوێ دەچن. دەیانەوێت بچنە دەرەوە، پێکەوە بن، شتێک بکەن. گەر تەمەنیان هێندە هەبوو ئۆتۆمبیل بئاژوون، ئەوسا تەنیا ئاژووژتنی ئۆتۆمبیل لەو ناوە بۆ ئەوان بەسە تا دڵخۆش بن. دایک و باوکێک ڕەنگە بیانەوێت بزانن منداڵەکەیان لەکوێیە، هەرزەکارانیش ڕەنگە بە ڕاستی ئەمە نەزانن. لەم کێشەیەدا، هاوشێوەی کێشەکانی دیکە، چارەسەرە داهێنەرەکان دەکرێت بدۆزرێنەوە بە دانانی یاسا و ڕێساگەلی نوێ.

گەر هەرزەکارێک ڕێگەی پێ بدرێت تەنیا لەگەڵ هاوڕێکانیدا بڕواتە دەرەوە، یاسای نوێ ڕەنگە بۆی ئەوە بێت کاتژمێر دە تەلەفۆن بکات

یاخود ئامێرێکی "پەیجەر"[٤] هەڵبگرێت. گەر هەرزەکارەکە لەیادی کرد تەلەفۆن بکات یاخود ئامێرەکە هەڵبگرێت، ئەوسا سەربەستییە تازەکە بۆ چوونە دەرەوە دەکشێنرێتەوە تا ئەو کاتەی ئەو منداڵە دەتوانێت بیری بێتەوە کە ئامێرەکە هەڵبگرێت یاخود لە کاتێکی دیاریکراودا تەلەفۆن بکات.

**گەرچی هەرزەکاران بەرهەڵستی ئەم یاسایانە دەکەن، بەشێکی دیکە لەوان سپاسگوزارە کەوا ئێوە جڵەوتان ماوە و بەرپرسیارن.**

بۆ مانگی داهاتوو، هەرزەکارەکە لەپێشەوە لێی گەرەکە بزانێت بۆ کوێ دەچێت، بەڵام ئەو دەرفەتەیشی پێ دەدرێت تا پراوە بکات لەسەر ئەوەی کاتژمێر دە تەلەفۆن بکات بۆماڵەوە یاخود ئامێری پەیجەر هەڵبگرێت. کاتێک سەلماندی دەتوانێت بیری بێتەوە، ئەوسا جارێکی دیکە سەربەستی چوونە دەرەوەی پێ دەدرێتەوە.

**کاتێک هەرزەکارێک متمانەی بەدەست هێنا، پێویستە سەربەستی گەورەتری پێ بدرێت.**

کاتێک کاتی گەڕانەوە بۆ ماڵەوە درێژ کرایەوە، هەندێک لە دایکان و باوکان تەلەفۆن بۆ منداڵەکانیان دەکەن لە کاتێکی دیاریکراودا تا قسەیان لەگەڵدا بکەن و دڵنیا ببنەوە حاڵیان باشە. ئەم کارە

---

٤- ئامێرێکی بچووکی ئەلیکترۆنی ئاگادارکردنەوەیە، کە هەڵگرتنی ئاسانە و بەکار دێت بۆ وەرگرتنی کورتەنامە یاخود ژمارەی ئەو کەسەی هەوڵ دەدات پەیوەندی پێوە بکات.

یارمەتیدەرە بۆ هەرزەکاران بزانن دایک و باوکیان ڕەنگە تەلەفۆن بکەن و لە هەر ساتێکدا قسەیان لەگەڵدا بکەن. ئەمەیش ڕێگەیەکی دیکەی بەرگرتنە لە کێشانی ماددەی هۆشبەر و خۆخستنە نێو گێرمە و کێشەوە.

## چی بکرێت کاتێک منداڵەکەت ماددەی هۆشبەری کێشا

گەر منداڵان گیران بەوەی ماددەی هۆشبەریان کێشا، یاخود هۆکارێکتان هەبوو کە بڕوا بکەن بەوەی ماددەی هۆشبەر دەکێشن، بەڵام نکۆڵیان لێ کرد، ئەوسا پێویستە ڕەچاوی تاقیکردنەوەی کێشانی ئەو ماددانە بکرێت. تاقیکردنەوەی ماددەی هۆشبەری هەڕەمەکی زۆر کاریگەر بووە بۆ دڵنیابوونەوە کەوا منداڵەکانتان ماددە هۆشبەرەکان ناکێشن. هەر ڕاوێژکارێکی قوتابخانە فێرت دەکات چۆن تاقیکردنەوەکە بەڕێوە بەریت. فشاری هاوەڵانی بۆ کێشانی ماددەی هۆشبەر زۆر گەورەیە کە ئەگەری گیرانی بە هۆی تاقیکردنەوەکەوە ڕێگریەکی دیکەیە لەوەی ئەو ماددانە بکێشێت. گەر دڵنیا بن لەوەی دایک و باوکیان ڕەنگە تاقیان بکەنەوە پاڵپشتی هەرزەکاران دەکات بە نەخێر وەڵامی هاوەڵەکانیان بدەنەوە لەبارەی ماددە هۆشبەرەکانەوە.

هەرگیز گونجاو نییە منداڵێک بەند بکەیت بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک، هەفتەیەک، یان مانگێک. تا زیاتر بەند بکرێن، زیاتر دەکوژێنەوە تا بیانەوێت هاوکاری بکەن. لەجیاتی ئەوەی ببن بە دایک و باوکیان، دەبن بە دژمنیان. کاتێک مامەڵە دەکەن لەگەڵ کێشەسەختەکانی ڕەفتاردا، دایک و باوک پێویستە زیاتر گوێ بگرن و منداڵەکانیان

بهێنە قسە لەجیاتی ئەوەی بە منداڵان بڵێن بۆچی هەڵەن، پرسیارێکی لێکۆڵینەوەی هاوشێوەی ئەمانەی خوارەوە بکەن:

- تۆ بۆ پێت وایە من نامەوێت تۆ ماددە هۆشبەرەکان بکێشی؟
- رای تۆ چییە لەسەر ئەوە؟
- ئەزموونت چۆنە لەگەڵ کێشانی ماددە هۆشبەرەکاندا؟
- چیت بیستووە لەبارەی کاریگەری ماددە هۆشبەرەکانەوە؟
- پێت وایە من دەتوانم چی بکەم تا یارمەتیت بدەم تا ماددە هۆشبەرەکان نەکێشیت؟
- چی ترت لە من دەوێت؟

هێنانە قسەی هەرزەکاران یارمەتیان دەدات پەی ببەن بەوەی بیر لە چی دەکەنەوە کاتێک منداڵان دەرفەتیکیان دەبێت تا بۆچوونەکانیان هۆیەشی پی بکەن، ئەوسا زیاتر رێزتان دەگرن. تەنانەت گەر بۆچوونی منداڵێکیش جیاواز بێت لە هیی باوانی، دایک و باوکەکە نەبێت قبووڵکەر بێت، بەڵام هێشتا فەرمان بە هەرزەکار بکرێت لەوەی دایک و باوک داوای دەکات. لە هەموو تەمەنەکاندا، منداڵان ویستی جیاوازیان دەبێت. سەرەنجام، کاتێک ئەمانە بیستران ئەوسا ئارەزوو دەکەن شوێنی پێشڕەوی ئێوە بکەون. رەنگە حەزی پی نەکەن، بەڵام هۆکار دەبن.

## مامەڵەکردن لەگەڵ زمانی ناخاوتنی بێڕێزانە

دایکێک پرسی کچە شانزە ساڵەکەی بۆ ماوەی چەندێک دەبێت بەند بکرێت لەپای ئەوەی بە ناشیرینی قسەی لەگەڵدا دەکات. دایکەکە ویستی بزانێت ئاخۆ دوو هەفتە شایستە و ڕەوا بوو. ڕێنمایم کرد کە جاری داهاتوو ڕووی دایەوە تەنیا بە کاتی دووری بخاتەوە. بە هۆی ئەوەی هەرزەکارەکەی بە دوورخستنەوەی کاتی بەخێو نەکرابوو، تەنیا دەتوانرا بە سزادان جڵەو بکرێت، دایکەکە پێی وا بوو کچەکەی تەنیا بەو کارەی پێی پێدەکەنی.

بە هۆی ئەوەی منداڵەکە بە هیچ شێوەیەک ڕانەهاتبوو بە باوانیکردنی ئەرێنی، پێشنیارم کرد پێویستە کاتی زیاتر بدات بە کچەکەی بۆ چەند دوورخستنەوەی کاتی سەرەتا. لەجیاتی شانزە خولەک، پێشنیاری دوو کاتژمێرم بۆ کرد. دایکەکە هێشتا پێی وا بوو کچەکەی گاڵتەی بە وەزعەکە دەهات. گوتی: "دوو کاتژمێر هەر هیچ نییە بەراورد بەوەی شایستەیەتی."

بیری ئەم دایکەم هێنایەوە کچەکەی هەرگیز شایستەی ئەوە نەبووە سزا بدرێت. وەک دایکێک، تەنیا هەستی بەو شێوازە دەکرد چونکە بەو شێوازە خۆی گەورە و بەخێو کرابوو، بە ڕاستی ڕێگەیەکی دیکەی نەدەزانی تا کچەکەی فێر بکات و ڕەوییە و ڕەفتاری گونجاوی فێر بکات. سەرەنجام، ئەم دایکە ئارەزووی کرد هەوڵێک بدات، گەرچی هێشتا قەناعەتی وا بوو کچەکەی پێکەنینی پێی دەهات و گاڵتەی پێ دەکرد.

بۆم ڕوون کردەوە کەوا ئەو هۆکارەی کچەکەی زۆر بێڕێز بووە ئەوە بووە لە جڵەو دەرچووە. بۆ ئەوەی فێری دەربڕینی ڕەفتاری ڕێزدارانە بێت، منداڵەکەی تەنیا پێوستی بەوە بوو بگەڕێتەوە ژێر جڵەو. کاتێک بە کاتی دوور دەخرایەوە، منداڵەکە دەرفەتێکی دەبوو تا هەست بکات کەوا جڵەو دەکرێت.

**بۆ ئەوەی فێری دەربڕینی ڕەفتاری ڕێزدارانە بێت، هەرزەکارێک تەنیا پێوستی بەوەیە بگەڕێتەوە ژێر جڵەو.**

جاری داهاتوو دایکەکە کەوتە مشتومڕێکی گەورەوە لەگەڵ کچەکەیدا، لەجیاتی ئەوەی ڕێگە بدات تاوبسێنێت بۆ نێو شتێکی قێزەونتر، دایکەکە ژیرانە وەستا و بە سادەیی گوتی: "بۆ تۆ باش نییە بەم شێوەیە قسە لەگەڵ مندا بکەیت. من دایکی تۆم، دەمەوێت ڕێزم بگریت. دەمەوێت بە کاتی دوورت بخەمەوە. دەمەوێ بۆ ماوەی دوو کاتژمێر بچیتە ژوورەکەی خۆت. لەو ماوەیەدا، ناتوانیت بێیتە دەرەوە. سەرەڕای ئەوەیش، لە ماوەی ئەو دوو کاتژمێرەدا ناتوانیت بە تەلەفۆن لەگەڵ هاوڕێکانت قسە بکەیت."

دایکەکە سەرسام بوو کاتێک کچەکەی بە تووڕەییەکی زۆرەوە کاردانەوەی نواند. کچەکەی گوتی: "چۆن زات دەکەیت بە من بڵێی چی بکەم. من شتی وا ناکەم. تۆ ناتوانی پێم بڵێی چی بکەم. ڕقم لێتە. تۆ..."

دایکەکە، کە نەیتوانی کچەکەی هەڵبگرێت و بە کاتی دووری بخاتەوە، بەردەوام بوو لە فەرمانکردن بە کچەکەی. فەرمانەکەی دووبارە کردەوە چەند جارێکی دیکە. سەرەنجام کچەکەی چووە ژوورەکەی خۆی، شەقی لە دیوارەکان دەدا و لەگەڵ هەر هەنگاوێکیدا بە دەنگی بەرز قسەی نەشیاوی دەکرد. کاتێک کچەکە هەوڵی دا دایکی لە مشتومڕی زیاترەوە بگلێنێت، دایکەکە تەنیا فەرمانەکەی خۆی دووپات کردەوە: "دەمەوێ دوورخستنەوەیەکی کاتی وەرگریت بۆ ماوەی دوو کاتژمێر، لەو ماوەیەشدا ڕێگەت پێ نادرێت بە تەلەفۆن قسە لەگەڵ هاوڕێکانت بکەیت."

دایکەکە لە حاڵەتی بڕوانەکردندا بوو. نەیدەتوانی وێنای ئەوە بکات دوورخستنەوەیەکی کاتی بۆ ماوەی دوو کاتژمێر هێندە بەرهەڵستی دەهێنایە ئاراوە. لە کۆتایی دوو کاتژمێرەکەدا، کچەکەی هاتە دەرەوە و پۆزشی هێنایەوە بۆ ئەوەی هێندە بەدکار و بێچاو و ڕوو بووە بەرانبەر دایکی. بەکارهێنانی دوورخستنەوەی کاتی دەمودەست کاری خۆی کرد لە خێزانەکەیاندا.

جارێکی دیکە، ئەم ڕێبازە زۆر بە باشی کاری خۆی کرد، چونکە دایک و باوکەکە تەنیا پێویست جڵەو دابمەزرێننەوە تاوەکوو منداڵەکە بتوانێت هەست بە هۆگری و وابەستەییان بکاتەوە. دایک و باوکێک پێویست ناکات بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک یان هەفتەیەک منداڵەکەیان بەند بکەن تا جڵەوکردن دابمەزرێننەوە. بۆ منداڵانی ئەمڕۆ، سزادانەکان ئەنجامی پێچەوانەیان دەبێت و بە ڕاستی کاریگەری و جڵەوی دایک و باوک بەسەر منداڵ و هەرزەکارەکانیاندا لاواز دەکات.

## ڕێگەدان بەسەربەستی قسەکردن

لە دەوروبەری تەمەنی دوانزە ساڵیدا، لۆرینی کچم ناوبەناو دەستی دەکرد بە جوێندان. هەر جارێک، بە هێمنی داوام لێی دەکرد زوبانێکی ڕێزدارانەتر بەکار بهێنێت. ڕۆژێکیان دەستی کرد بە بەرهەڵستیکردنم. وەڵامی دامەوە منیش هەندێک جار جوێنم دەدا -ئەی ئەو بۆ نەیتوانیایە؟ بۆم ڕوون کردەوە وەک کەسێکی گەورە دەمزانی کەی و لەکوێ ئەو وشانە بەکار بهێنم بەڵام ئەو وەک منداڵ نازانێت. هەروەها نەشیدەزانی کەی زمانێکی لەو شێوەیە گونجاو و چ کاتێکیش نەگونجاو بوو. بەر لەوەی ئازاد بووایە تا وشەگەلی

جوێندان بەکار بهێنێت، دەبوو سەرەتا فێر بێت جڵەوی خۆی بکردایە و خۆی بگرتایە تا دەیتوانی کات و شوێنی گونجاوی بدۆزیایەوە.

لە سەرەتادا کچەکە زۆر بەرهەڵست بوو. گوتی کەوا هەمووان لە قوتابخانە جوێن دەدەن، دەبێت ئەویش بتوانێت شتی وا بکات. هەستی بە سەربەستی نوێی بەر لە قۆناغی هەرزەکاری دەکرد، ئاڵنگاری منی کرد.

گوتی: "نامەوێ واز بهێنم."

ڕووبەڕووی بوومەوە بەوەی داواکارییەکەم دووبارە بکەمەوە. پێم گوت: "تێدەگەم کە گشت منداڵەکانی دیکە وشەی جوێن بەکار دەهێنن، ئەوەیش شتێکی جوان و ڕێزدارانە نییە."

لۆرین: من واز ناهێنم، تۆیش ناتوانی ڕامگریت.

من: دەزانم ناتوانم جڵەوی ئەوە بکەم کە تۆ دەیکەیت کاتێک لەگەڵ تۆدا نیم. ناتوانم ڕاتگرم لەوەی لەگەڵ هاوڕێکانتدا جوێن بدەیت، بەڵام دەتوانم ڕاتگرم کاتێک لەبەردەم مندایت. لە دەوری من، دەمەوێت وشەگەلی ڕێزدارانە بەکار بهێنیت.

لۆرین: ئەی چی دەبێ گەر وانەکەم؟ چی دەکەی لەو بارەیەوە؟

من: تەنیا داوات لێ دەکەم واز بهێنی و بیرت دەخەمەوە کە من نامەوێت تۆ جوێن بدەیت. دەمەوێت بە زوبانێکی ڕێزدارانە بدوێیت.

لۆرین: گەر وانەکەم؟

من: گەر بەردەوام بیت، ئەوسا بە کاتی دوور دەخرێیتەوە.

ئەوە کۆتایی گفتوگۆکەمان بوو. هەردووکمان تێڕوانینێکی نادۆستانەمان هەبوو بۆ باقی ئێوارەکە، بەڵام دواتر لەیاد کرا. بە ڕوونی سنوورەکانی توانا و سەربەستی بوونی لە قوتابخانەی

ناوەندی تاقی دەکردەوە و خۆی گرتبوو بەو بەشەی خۆیەوە کە دەیویست ئالنگاری من بێتەوە.

چەند ڕۆژێک دواتر، دەستی کردەوە بە جوێندان. تا ئەم کاتە، هەردووکمان کاتی پێویستمان هەبوو تا بیر لە ئالنگارییە نوێیەکەمان بکەینەوە. کاتێک چووە نێو ئۆتۆمبیلەکەوە، دەستی کرد بە جوێندان لەبارەی کەسێکەوە کە پێی وا بوو بێزارکەرە. وەڵامەکەم هەمان شت بوو: "لۆرین، نامەوێ بەو زمانە بدوێیت لەدەوری من."

گوتی: "بابە، قورسە جوێن نەدەم. هەموو منداڵەکان وا دەکەن. وا هەست دەکەم لە ناخمدا کۆ دەبێتەوە، پێویستە بیکەمە دەرەوە. نازانم چی بکەم."

پێم گوت: "بەردەوام بیرم لەمە کردووەتەوە و پێم وایە سازشێکی باشم دۆزیوەتەوە. تەنیا دەمەوێت ئەوپەڕەی هەوڵی خۆت بدەیت ڕێزدار بیت. گەر هەستت بە پێویستی کرد هەندێک جار لە ناخی خۆت بیکەیتە دەرەوە، ڕێت پێ دەدەم جوێن بدەیت کاتێک پێویستت بوو، بەڵام دڵنیابەرەوە جڵەوی جوێندانەکەت دەکەیت و دەبێت داوای مۆڵەت بکەیت. دەزانی چۆن لە فیلمی "Stat Trek" تاقمەکە داوا لە کاپتنەکە دەکەن مۆڵەتیان بداتێ بەسەربەستی قسە بکەن؟ گەر سەرەتا داوا لە من بکەی، ئەوسا من دیاری دەکەم ئاخۆ کاتێکی گونجاوە بەسەربەستی قسەکانی خۆت بکەیت یاخود نا."

لەو کاتەوە، ئەم چارەسەرە داهێنەرە زۆر بە نایابی کاری خۆی کردووە و سەرکەوتوو بووە. کاتێک هەست دەکات ناچارە شتێکی بەدکار یان ناشیرین بڵێت، دەستبەجێ دەچرپێنێت بە گوێمدا و بە بزەیەکی بچووک دەڵێ: "مۆڵەت هەیە بەسەربەستی قسە بکەم؟" گەر ڕازی بم، ئەوسا بە دڵی خۆشەوە وشەی جوێن و قسە بەدکارییەکانی خۆی دەڵێت. بەم شێوەیە، فێر بوو جڵەوی هەستەکانی ناو ناخی خۆی بکات و بەڕێزەوە بدوێت کاتێک پێویست بوو.

## بڕیاردانەکان

بوارێکی دیکە کە تێیدا دایک و باوک دەستبەرداری جڵەویان دەبن ئەوەیە کە ڕێگە بە منداڵەکانیان دەدەن بڕیاری زۆر بدەن. کاتێک منداڵان سەربەخۆیی زۆریان پێ درا بەر لە تەمەنی نۆساڵی، ئەوا بە ئاسانی زامدار دەبن بە بڕیار و هەڵبژاردنی نادروست. کاتێک دایکان و باوکان ڕێگەیان پێ دەدەن خۆیان بڕیارەکانی خۆیان بدەن، گەر ئەنجامەکان خوازراو نەبوون منداڵان دەست دەکەن بە گومانکردن لە توانای خۆیان بۆ بڕیاردان و شڵۆق و ناجێگیر دەبن. ئەم شڵۆقییە دەکرێت تەمەنێک بەردەوام بێت، دەبێتە هۆی ئەوەی کەسێکی پێگەیشتوو ڕاڕا بێت و هەرگیز وابەستەی دڵسۆزییەکی هەمیشەیی نەبێت.

کاتێک دایک و باوک جڵەویان هەیە، تا دەگەنە تەمەنی نۆ ساڵی منداڵان نابێت هەرگیز بەرپرسیار بن لەوەی بڕیار بدەن و هەڵبژاردن بکەن. بە دڵنیاییەوە، دەتوانن ویست و خۆزگە و پێویستی هەستەکانیان دەرببڕن، بەڵام دایک و باوکەکە دەبێت بڕیارەکە بدەن. تەنانەت تا تەمەنی بلۆقبوونیش، دایک و باوکەکە هێشتا دەبێت زۆربەی بڕیارەکان خۆیان بیدەن. کاتێک منداڵێک دەڵێ: "پێویست دەکات بڕۆم؟" وەلامەکە پێویستە هەمیشە بەڵێ بێت.

**تا دەگەنە تەمەنی نۆ ساڵی، منداڵان نابێت بەرپرسیار بن لەوەی بڕیار بدەن و هەڵبژاردن بکەن.**

کاتێک دایک و باوک ڕاستەوخۆ لە منداڵەکانیان دەپرسن چیان دەوێت یاخود هەستیان چۆنە لەبارەی شتێکەوە، تەنانەت گەر دایک و باوکەکەیش بڕیاری کۆتایی بدەن، منداڵان ڕەنگە ئەو دیدگایەیان لەلا

دروست بیت ئەوان جلەویان هەیە نەک دایک و باوکیان. توانا و شارەزاییەکانی باوانیکردنی ئەرێنی بەرەو دەدەن بە گوێگرتن و ڕەچاوکردنی ویست و هەستەکانی مندالان دەدەن، بەلام هانی دایکان و باوکان نادەن تا ڕاستەوخۆ لەم بارەیەوە بپرسن.

بە دلنیاییەوە، بڕێک لە پرسیارکردن باشە، بەلام باشترە کاتێک مندالان خۆیان هەستەکانیان دەردەبڕن یاخود بەرهەلستی جلەوی ئێوە دەکەن. لەجیاتی ئەوەی بپرسن: "هەستت چۆنە لەوەی ناچیت بۆ پارک؟" دایک و باوکێکی زیرەک دەلێن: "بێزار دیاریت کە ناتوانیت بچیت بۆ پارک." بە پرسیارنەکردن، دایک و باوک ئەو پەیامە نادات بە مندال کەوا هەستەکانی جلەوی بارودۆخەکان دەکات، سەرنجی زۆریش ناخرێتە سەر مندالەکە. مندالان ئامادەی ئەم جۆرە جلەوکردنە نین تا دەبنە نۆ سالان.

## سووڕەکانی حەوت سالی

لە ماوەی حەوت سالی یەکەمدا، مندالان بە شێوەیەکی سەرەکی پشت دەبەستن بە دایک و باوکیان یاخود چاودێریکەریان بۆ برەودان بە هەستێکی خودبوون. لە ماوەی حەوت سالی دواتردا، "تەمەنی حەوت بۆ چواردە سالی،" مندالان هێشتا پشت بە دایک و باوکیان دەبەستن، بەلام گۆڕینێک ڕوو دەدات و وایان لێ دێت زیاتر پشت بە خوشک و براکانیان، خزمەکانیان، هاوڕێکانیان دەبەستن بۆ دیاریکردنی هەستێکی ئەرێنی خودبوون. لە ماوەی سێیەم خولی حەوت سالیدا "تەمەنی چواردە بۆ بیستویەک سالی،" هەرزەکاران و کەسانی پێگەیشتووی لاو ڕوودەکەنە هەڤال و کەسانی دیکە کە هەمان ئامانج یاخود شارەزاییان هەیە بۆ بەدەستهێنانی

ئامانجەکانیان تا یارمەتیان بدەن بۆ دیاریکردن و گەشەپێدانی هەستێکی خودبوون.

قۆناغی یەکەم ئەو کاتەیە ئەو شتە بەدەست دەهێنن کە پێویستیانە لە دایک و باوکیان یان چاودێریکەرە سەرەکییەکانیانەوە. لە قۆناغی دووەمدا، گەشە بە هەستی خودبوون دەدەن بە کارلێککردن لەگەڵ کەسانی دیکەدا لە ژینگەیەکی سەلامەتدا. پێویستی هەرە گەورەی منداڵان گەمەکردن و کاتی خۆشە. ئەمە ئەو کاتەیە هێندەی دەتوانن پێویستە دایک و باوک شتەکان خۆش، سەلامەت و ئاسان بکەن. کاتێک منداڵان فێربوون چۆن ئەو شتە بەدەست بهێنن کە پێویستیانە لە حەوت ساڵی یەکەمدا و چۆنیش کاتی خۆش بەرێکەن لە قۆناغی دووەمدا، ئەوسا ئامادە دەبن بە سەختی کار بکەن و لە قۆناغی سێیەمدا خۆیان بگرن و جڵەوی خۆیان بکەن.

**گەورەترین پێویستی منداڵ لەنێوان تەمەنی حەوت بۆ چواردە ساڵیدا گەمەکردن و بەسەربردنی کاتی خۆشە.**

هەڵەیەکی گەورەیە لە چواردە ساڵی یەکەمی تەمەنیدا زۆر توند پاڵ بە منداڵانەوە بنرێت. ئەمە ئەو کاتەیە کە دەبێت فێر بن چۆن دڵخۆش بن. توانای دڵخۆش بوون یەکێکە لە گرنگترین توانا و شارەزاییەکانی ژیان. بەختەوری لە جیهانی دەرەوە نایەت، بەڵکو لە ناخی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت. توانا و شارەزاییە. خەڵکانی دڵخۆش دڵخۆشن، بەبێ گوێدانە بارودۆخەکانی جیهانی دەرەوە.

زۆربەی دایکان و باوکان پاڵ بە منداڵەکانیانەوە دەنێن تا زوو گەورە بن چونکە دەیانەوێت منداڵەکانیان لە ژیاندا دڵخۆش بن. درک بەوە ناکەن بەختەوەری توانا و شارەزاییەکە لە قۆناغی دووەمی

تەمەنیاندا فێری دەبن. گرنگ نییە کە منداڵان لە ژیاندا چەندێک سەرکەوتوو بن، گەر زووتر فێر نەبووبن دڵخۆش و بەختەوەر بن، ئەوا لە داهاتوویشدا دڵخۆش و بەختەوەر نابن.

دڵخۆشی لەڕێی گەمەکردنەوە فێر دەبن. لە تەمەنی حەوت بۆ چواردە ساڵی، منداڵان پێویستە فێر بن دڵخۆش بن و کاتی خۆش بەڕێ بکەن. بەم بناغەیەوە، ئامادە دەبن سەعی باش بکەن لە قوتابخانە تا لە جیهاندا بۆ کاری سەخت ئامادە بن. فشاری زۆر تا نمرەی باش بهێنن یان کاری زۆریان پێ بکەن لە ماڵەوە دەتوانن ڕێگر بن لە منداڵان پەرە بە توانای خۆیان بدەن تا دڵخۆش بن و چێژ لە ژیانیان ببینن. کاتێک منداڵان ئەزموونی ئەوە دەکەن کەوا فێربوون و ئیشکردن خۆشن، تەنیا دڵخۆشتر نابن لە ژیاندا بەڵکو چێژ لە کارەکەیان وەردەگرن و لە باقی ژیانیاندا بەردەوام دەبن لە فێربوون.

**فشاری زۆر بۆ سەر منداڵان تا نمرەی باش بهێنن یان کاری زۆریان پێ بکەن لە ماڵەوە دەتوانن ڕێگر بن لەوەی فێر بن دڵخۆش بن.**

لە سێیەم سووڕی حەوت ساڵیدا، لە چواردە بۆ بیستویەک ساڵی، هەرزەکاران پێویستییەکی گەورەیان هەیە بەوەی پاڵپشتی وەربگرن لە هەرزەکارانی دیکەوە. ئەمە ئەو کاتەیە فشاری هاوەڵەکانی بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش بەرز دەبێتەوە. گەر دایکان و باوکان برەویان بە هەستێکی وابەستەیی بەهێز نەدابێت لەڕێی توانا و شارەزاییەکانی پەیوەندیگرتنی باشەوە، هەرزەکارەکانیان ڕوو لە هاوەڵەکانیان دەکەن بۆ پاڵپشتی و دەکەونە مەترسییەوە بەوەی بە هۆکارە هەڵەکان کاریگەر بن.

## بۆچی هەرزەکان یاخی دەبن

لە قۆناغی سێیەمدا، سروشتییە هەرزەکاران وێڵ و هەڵوەدا بن بە شوێن پاڵپشتی هەرزەکارانی دیکەدا، بەڵام، لە کردنی ئەم کارەدا، نابێ واز بهێنن لە هەستکردن بە پاڵپشتی دایک و باوک و خێزانەکانیشیان. کاتێک منداڵان بە توانا و شارەزاییەکانی باوانیکردنی ئەرێنی بەخێو کران، هەرزەکاران پێویستیان بەوە نییە یاخی ببن تاوەکوو گەشە بە هەستێکی خودبوون بدەن. لە هەر قۆناغێکی گەشەکردندا، پێشوەختە ئەزموونی سەربەستیان کردووە تا خۆیان بن. لە ئەنجامدا، هیچ پێویستیان بەوە نییە یاخی ببن.

**هەرزەکاران یاخی دەبن گەر وەک پێویست لە منداڵیدا سەربەستی و پاڵپشتیان پێ نەدرابێت تا خۆیان بن.**

بۆ بەرهەڵستی فشاری ناتەندروست لە هەرزەکارانی دیکەوە، هەرزەکارەکانتان پێویستە لە ماڵەوە هەست بە وابەستەیی بکەن. ئەمەیش لەرێی جڵەوکردنی زیادەوە بەدەست نایەت، بەڵکو بە جێبەجێکردنی پێنج توانا و شارەزاییەکەی باوانیکردنی ئەرێنی بەدەست دێت. هەرزەکاران پێویستیان بە کەسێکە بچنە لای بۆ قبوولکردن، تێگەیشتن، ئامۆژگاری و ئاراستەکردنی. منداڵان تەنیا وێڵ دەبن بە شوێن پاڵپشتی دایک و باوکیاندا گەر دایک و باوک بزانن چۆن ئەوەیان پێ دەدەن کە پێویستیانە.

**منداڵان تەنیا وێڵ دەبن بە شوێن پاڵپشتی دایک و باوکیاندا گەر دایک و باوک بزانن چۆن ئەوەیان پێ دەدەن کە پێویستیانە.**

زۆربەی هەرزەکارانی ئەمرۆ یاخین چونکە دایک و باوک توانا و شارەزاییەکانی باوانیکردنی پشت بەستوو بە ترسیان بەکار هێناوە. هەرکە دایک و باوک وازیان لە سزادان و توانا و شارەزاییەکانی باوانیکردنی دیکەی پشتبوو بە ترس هێنا، ئیدی پێویستی یاخیبوون دەڕەوێتەوە. تەنانەت باوانیکردنی ئەرێنیش سەرکەوتوو نابێت گەر دایک و باوک بەردەوام بن لە جڵەوکردنی زیاد لە پێویستی منداڵەکانیان. دایک و باوکی هەرزەکاران هێشتا لێیان گەرەکە سەربەستی زیاتر و زیاتر ببەخشن بە هەرزەکارەکانیان. گەر وەک پێویست سەربەستیان پێ نەدرێت، ئەوسا ڕەنگە هەرزەکارەکان یاخی ببنەوە. بۆ کەمکردنەوەی بەرهەڵستی لە هەرزەکاراندا، دایک و باوک پێویستە هەمیشە هاوسەنگی سەربەستی و جڵەوکردن ڕاگرن.

## پەرەپێدانی پەیوەندیگرتن لەگەڵ هەرزەکاراندا

لەگەڵ هەرزەکاراندا، دایک و باوک پێویستە وریا بن لەوەی ئامۆژگاری نەخوازراو پێشکەش نەکەن. تازەبەتازە هەرزەکاران گەشەیان بە توانای بیرکردنەوە لە شتە نەبینراوەکان داوە و بۆچوونەکانی خۆیان گەڵاڵە دەکەن. ئێستا توانایان هەیە ڕەچاوی تێڕوانینێکی دیکە بکەن، بەڵام سەرەتا پێویستە کەسێک هەبێت گوێ بگرێت بۆ بۆچوونەکانیان. تەنانەت گەر لێیشت بپرسن ڕای تۆ چییە، وەڵامیان مەدەنەوە پێش ئەوەی بپرسن ڕای خۆیان چییە.

کات تەرخانکردن بۆ قسەکردن لەگەڵ هەرزەکاراندا لەسەر بابەتگەلی دیکە لەپاڵ ئەوەی ئێوە لەوانتان دەوێت بیکەن پێویستی ئەوان بۆ بەرهەڵستیکردنی جڵەوی ئێوە کەم دەکاتەوە. لەم قۆناغەدا، پێویستیان بەوەیە مشتومڕ بکەن و بۆچوونە جیاواز و ناوازەکانیان

دەربببڕن. قسەیان لەگەڵ بکەن لەبارەی ئەوەی چی دەخوێنن لە وانەکانی زانستی کۆمەڵناسی و مێژوودا و بۆچوونەکانیان ببیستن.

هەرزەکاران پێویستیان بەوەیە تێڕوانینێکی جیاواز بەیان بکەن. تەنانەت کاتێک هاوڕای بۆچوونەکانیشیان نەبوون، لانیکەم دەتوانن پێزان بن بەرانبەر لۆژیکیان. دەکرێت بڵێن: "من هەرگیز بیرم لەوە نەکردبووەوە،" یاخود "دەی، من هاوڕا نیم، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەوە ماقووڵە." یاخود "ئەوە شتێکی باشە لەبارەی ئەمریکاوە، هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە بۆچوونی خۆی هەبێت."

**تەنانەت گەر هاوڕای بۆچوونەکانیشیان نەبوون، لانیکەم دەتوانن پێزان بن بەرانبەر لۆژیکیان.**

دەرفەت بە هەرزەکارانتان بدەن تا ئەزموونی بیرکراوەیی ئێوە بکەن لە بوارێکی دیکەدا لەپاڵ بابەتی ئەوەی چۆن دەتوانن تا درەنگان لە دەرەوە بمێننەوە. فێر دەبن ئاساییە هاوڕا نەبیت و بۆچوونی جیاوازت هەبێت لەڕێی پێزانینی ئێوەوە بۆ لۆژیک و بۆچوونەکانیان. ئەمە ئەزموونێکی گەلێک گرنگە. گەر ئێوە بەڕووی بۆچوونەکانیاندا سینە کراوە بن، زۆر داواکەر نابن کاتێک هاتە سەر ئەوەی چاوەڕێی سەربەستی زیاتر بکەن وەک لەوەی ئامادە بن بۆی. گەر دەرفەتیان پێ نەدرێت تا هاوڕا نەبن لەبارەی ڕووداوە هەنووکەییەکانەوە، ئەوسا هەست بە پێویستییەک دەکەن تا بەشەخسی هاوڕای ئێوە نەبن.

**دەرفەت بدەن بە هەرزەکارانتان تا ئەزموونی بیرکراوەیی ئێوە بکەن لە بوارێکی دیکەدا لەباری بابەتی ئەوەی چۆن دەتوانن تا دەرەنگان لە دەرەوە بمێننەوە.**

هەرزەکارانی بەرهەڵست نایانەوێت پێیان بگوترێت چی بکەن. بەر لە بەکارهێنانی توانا و شارەزاییەکانی فەرمانکردن بۆ دەربڕینی ڕابەریکردن، دایکان و باوکان پێویستە سەرەتا گوێبیستی لۆژیکی بەرهەڵستییەکانی هەرزەکاران بین. ئەوسا دەتوانن بڵێن: "تێدەگەم تۆ پێت وایە کە پێویستە بتوانیت تاتۆیەک بکەیت. دەبینم هەمووان وا دەکەن. بیر دەکەمەوە لەوەی دەیڵێی، بەڵام لە ئێستادا دەمەوێت چاوەڕێ بکەیت تا دەبیتە هەژدە ساڵ و ئەوسا بڕیار لە هەبوونی تاتۆ بدەیت لەسەر جەستەت."

هەرزەکاران هەستێکی گەورەتری دادوەری و ڕەوایەتیان هەیە لەچاو منداڵانی بچووکدا. کاتێک دایک و باوک وەک دیکتاتۆرەکان ڕەفتار دەکەن، هەرزەکاران بە دڵنیاییەوە یاخی دەبن. گوێگرتن و کارکردن پێکەوە بۆ بڕیاردان لەبارەی ئەوەی چەندێک سەربەستی بدرێت بە هەرزەکارێک هۆگری نێوان دایک و باوک و هەرزەکاران بەهێز دەکات.

بەر لەوەی فەرمانێک بدەن، دایک و باوک پێویستە سەرەتا داوای هاوکاری بکەن، گوێ بۆ بەرهەڵستیان بگرن، ڕێزیش لە بۆچوونی هەرزەکاران بگرن. ئەوسا دایک و باوک دەتوانن ئەوە دەرببڕن کە دەیانەوێت، کە ڕەنگە بەم شێوەیە دەربکەوێت: "تێدەگەم تۆ بڕوات وایە ئەمە ڕەوا نییە. دەتەوێت کات لەگەڵ هاوڕێکانت بەسەر بەریت، منیش دەمەوێت تۆ لێرە بیت تا ئامۆزاکانت ببینی. دەزانم ناتەوێ ئەمە بکەیت، بەڵام ئەمە گرنگە بۆ من. دەمەوێ لەوێ بیت. دەمەوێ دۆست

و ڕێزدار بێت لەگەڵیان بۆ ماوەی دوو کاتژمێرێک، ئەوسا ئازادیت لەوەی بڕۆیت."

## ڕێز لە بۆچوونەکانی هەرزەکارەکانتان بگرن

هەمیشە باشترین شت ئەوەیە هەرزەکاران بەرەو ئاراستەیە ببەن بۆچوونەکانی خۆیان گەڵاڵە بکەن و دەریانبڕن لەبارەی ئەوەی بۆچی دەتانەوێت شتانێکی دیاریکراو بکەن، بەڵام نەک بۆچی هەست بەوە دەکەیت کە هەستی پێ دەکەیت. تەندروست نییە بپرسن: "دەزانی ئەوە وام لێ دەکات هەستی من چۆن بێت؟"

دەربڕینی هەستەکانت تەنیا ئەو کاریگەرییەی دەبێت وا لە منداڵ دەکات واز لە گوێگرتن بهێنێت یاخود هەست بە گوناهباری بکات. زۆربەی منداڵانی ئەمڕۆ گوێیان لە هەستێکی گوناهباری دەبێت و ئاراستەیەکی دیکە دەگرنە بەر. بیرتان بێت منداڵان تا تەمەنی هەژدە ساڵی پشت بە دایک و باوکیان دەبەستن، بەرپرس نین لەوەی دایک و باوکیان هەستیان چۆنە، گەرچی دەتوانن گەشە بە تێگەیشتنێک بدەن بۆچی ئەوەتان دەوێت کە دەتانەوێت. کاتێک هەرزەکارێک بەرهەڵستی داواکارییەکانتان دەکات، وەک لەوەی وانەیان بدەن، بیهێنە قسە. بپرسن: "بۆچی پێت وایە من دەمەوێت تۆ ئەمە بکەیت؟"

بۆ پارێزگاری لە جڵەوکردنی خۆیان دایک و باوک پێویستە دڵنیا بن کەوا چاوەڕێی ئەوە لە منداڵەکانیان ناکەن هاوڕایان بن. بە تایبەت هەرزەکاران پێویستیان بە سەربەستییە تا جیاواز بیر بکەنەوە و گەڵاڵەی بۆچوونەکانی خۆیان بکەن. ئەمە قۆناغێکی گرنگە لە گەشەکردنیان. گەر ئێوە فەرمان بە ملکەچی و هاوڕابوون نەکەن، ئەوانیش ناچار نین یاخی بن. بە باوانیکردنی ئەرێنی، ئاساییە هاوڕا

نەبێت، بەڵام هەمیشە لەیادتان بێت، لە کۆتاییدا، هێشتا دایە و بابە سەرۆک و بڕیاربەدەستن.

**بە تایبەت هەرزەکاران پێویستیان بە سەربەستییە تا جیاواز بیر بکەنەوە و گەڵاڵەی بۆچوونەکانی خۆیان بکەن.**

دایک و باوک پێویستە بیریان بێت زۆر گرنگترە کە وا لە منداڵەکانیان بکەن بەردەوام قسەیان بۆ بکەن وەک لەوەی تەرەیان بکەن بە ئامۆژگارییێدان و ڕەخنەگرتنی زۆر. دایک و باوک پێویستە هەستیار بن تا هەست بکەن بەوەی کەی منداڵەکانیان بە ڕاستی داوای ئامۆژگاری دەکەن و چ کاتێکیش تاقیان دەکەنەوە تا ببینن ئاخۆ هێشتا دەتوانن قسەیان لەگەڵدا بکەن.

گەر هەرزەکارەکەت لە قوتابخانە هاتەوە چیرۆکگەلێکی گێڕایەوە لەبارەی ئەو منداڵانەی یاساکانیان شکاندووە، بێڕێزانە ڕەفتاریان کردووە، یاخود گلاون لە پەیوەندی سێکسی نەشیاوەوە، دایک و باوک پێویستە وریا بن لەوەی ڕاهێنان بکەن بەوەی خۆ بگرنەوە و دەستبەجێ نەکەونە ئامۆژگاری و وانەدان و ڕاستکردنەوە و هەڕەشەکردن.

لە هەرکام لەم نموونانەی خوارەوەدا، سەرنج بدە یەکەم کاردانەوەی تۆ چی دەبێت، پاشان بیر لە ڕێگەیەکی دیکە بکەوە کە بتوانێت وەڵام بدەیتەوە کە دڵنیایی بدات لەوەی هەرزەکارەکەت بەردەوام دەبێت لە قسەکردن بۆ تۆ:

- ئەمڕۆ "هاری" لە تاقیکردنەوەی بیرکاریدا قۆپییەی کرد.
- ئەمڕۆ "تینا" لەبەردەم هەمووانــدا کوڕە یارەکەی دایە بەر جوێن و نەفرەت.

- ئەمڕۆ "کریس" خۆی لە وانەکانی دزییەوە و چوو بۆ هۆڵی بیستن و بینین.
- ئەمڕۆ لە "ڕۆجەرم" دا کاتێک بەردەوام قژی ڕادەکێشام.
- پێم وایە "بەڕێز ڕیچاردز" بە ڕاستی کەسێکی گەمژە و بێزارکەرە. چاوەڕێی شتی زۆر لە ئێمە دەکات.
- "سۆزان" ئەمڕۆ بە ڕاستی ماندوو بوو. بەردێژایی شەوی ڕابردوو لە دەرەوەی ماڵ مابووەوە و مەست بوو.

کاتێک هەرزەکاران ئەم قسانە و هاوشێوەکانیان دەکەن تاقیتان دەکەنەوە تا ببینن ئاخۆ بە ڕاستی دەتوانن قسان بکەن، یاخود ئاخۆ ئێوە دەست دەکەن بە ئامۆژگاری و وانەدان و جڵەوکردن یاخود ڕاستکردنەوەی خۆیان یان هاوڕێکانیان. لەبری ئەوەی ڕاستەوخۆ کاردانەوە بنوێنن، دایک و باوک پێویستە سەرەتا لە هەرزەکاران بپرسن کە خۆی ڕای چییە. ئەوسا دایک و باوکەکە دەتوانن بپرسن، "بۆچوونی تۆ چییە لەبارەی ڕای من لەو بارەیەوە؟" بیرتان بێت هەرزەکاران بەردەوام قسەتان بۆ دەکەن گەر ئێوە بەردەوام گوێ بگرن لەوەی ئەوان بیری لێ دەکەنەوە.

**لەبری ئەوەی ڕاستەوخۆ وەڵام بدەنەوە، دایک و باوک پێویستە سەرەتا لە هەرزەکاران بپرسن کە خۆی ڕای چییە.**

گەر دایک و باوکێک دەمودەست دەست بکات بە ڕاستکردنەوەی بیرکردنەوە و ڕەفتاری هەرزەکارێک یاخود دەست بکات بە تەلەفۆنکردن بۆ دایکان و باوکانی دیکە یاخود مامۆستایان تا باسی کێشەکە بکەن، ئەوسا هەرزەکارەکە لە قسەکردن دەوەستێت. لەبری

ئەوەی کاردانەوە بنوێنن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە، دایک و باوک پێویستە سەرەتا بوەستن و خۆیان بگرنەوە لەوەی ئامۆژگاری بدەن. بەردەوام گوێ بگرن، هەوڵ بدە بیری هەندێک لەو شتانەت بکەوێتەوە خۆیشت وەک هەرزەکارێک کاتی خۆی ئەنجامت داون.

گەلێک گرنگترە هێڵەکانی پەیوەندی و ئاخافتن بەردەوام بە کراوەیی بهێڵنەوە وەک لەوەی هەر شتێکی دیکە بکەن لەبارەی کێشەکەوە. بۆ بەردەوامیدان بە کاریگەریتان بەسەر هەرزەکارانەوە، پێویستە هەست بە وابەستەیی بکەن، ئەوەش بە شێوەیەکی سەرەکی کاتێک ڕوو دەدات کە هەست دەکەن گوێیان بۆ گیراوە لەلایەن دایک و باوکیانەوە.

دوای بیستنی ڕووداوەکانی ڕۆژەکە، هەندێک جار ڕەنگە کردنی شتێک پێویست بێت. ڕەنگە منداڵێکی دیاریکراو پەیوەندیی سێکسی نەشیاوی هەبێت یاخود بە شێوەیەکی بەدکارانە بدوێت و پێویستە دایک و باوکی ئاگادار بکرێنەوە. دایک و باوک پێویستە وریان بن کە دەبێت دەست بەکار بن و لەو بارەیەوە شتێک بکەن. پێویستە سەرەتا لە هەرزەکارەکەیان بپرسن کە ڕایان چییە لەسەر ئەوەی پێویستە چی بکرێت، ئەوسا زیاتر پەسەندکار دەبن بەوەی لەو بارەیەوە ڕای ئێوە چییە. گەر پێویست بوو شتێک بکرێت، ئەوسا هەردووکتان پێکەوە دەتوانن پەی بە کارێکی شیاو ببەن.

کاتێک هێڵەکانی پەیوەندی و ئاخاوتن پچڕان، هەرزەکارەکەت لە مەترسیدایە کە بکەوێتە ژێر کاریگەری هاوەڵەکانی کە بە ڕوونی لە جڵەو دەرچوون یاخود کاریگەرییەکی تەندروستیان نییە. گەر هەرزەکارێک لەگەڵ هەرزەکارەکەی تۆ ناپەسەند و بەدکار بوو، بەڵام منداڵەکەت نەیەوێت تەلەفۆن بۆ دایک و باوکی بکەیت، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا باشترین شت ئەوەیە ڕێز لە خۆزگەی منداڵەکەت بگریت. هەرزەکارەکە دەزانێت، تۆیش پێویستە بزانیت، گەر متمانەی ئەو

بشـێوێنێت و زانیـارییەکەی بەکـار بهێنێـت کە باسـی دەکـات بە شێوەیەک هەست دەکات نارەوایە یاخود پاڵپشتیکەر نییە بۆی، ئیدی بە سادەیی واز لە باسکردنی شتەکان دەهێنێت.

## دوورخستنەوەی هەرزەکارەکانتان

هەندێک جار هەرزەیەکی خوو خراپ لە ژوورەکەیدا پێویستی بە کاتی زیاترە. هەندێک جار بەسەربردنی کات لەگەڵ سەرپەرشتیارێکدا لە وڵاتێکی گەشەکردوودا، مانەوە لەگەڵ پوور، مام یان دایە و بابە گەورەیەکـی خۆشەویسـتدا، لە دارسـتانێکدا لەگەڵ ڕێ نیشـاندەرێک یـارمەتی دەدات تـا خـودی ڕاستەقینەی خـۆی چنگ بخـاتەوە لەگەڵ پێویسـتی خـۆی تـا کەسـێک ببێـت بە گەورە و سـەروەری. دوورکەوتنەوە لە خێزان بە چالاکی سەرپەرشتی کراو کە ئاڵنگاری بن بۆ هەرزەکاران بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش دەتوانێت گەشە بە تێڕوانینی بدات.

کە منداڵ هەستی کرد لە جڵەو دەرچووە و پشت بە کەسێکی دیکە دەبەسـتێت، دەتوانێـت بگەڕێـتەوە سـەر هەسـتکردن بە پێویسـتی بنچینەیـی خـۆی بـۆ ڕێنـوێنی و پاڵشـتیکردنی. دوگـمەیەک دادەگیرسـێنرێتەوە کە لە ناخیـدا پێویستییەک بەئاگـا دەهێنێـتەوە بـۆ خۆشەویستی دایک و باوکی و ئارەزووی خۆی بۆ هاوکاریکردن و دڵخۆشکردنی دایک و باوکی.

هەبـوونی کـارێکی دوای قوتابخـانە لە دەرەوەی مـاڵ، وەرگرتنـی وانەی تایبەت، یاخود بوون بە بەشێک لە تیپێک دەرفەتگەلی گەورەن بۆ هەرزەکارێک تا هەست بکات پێویستییەکەی بایەخی پێ دەدرێت، ئاراستە دەکرێت و سەرپەرشتی دەکرێت. هەرزەکاران پێویستیان بە

ڕێنوێنی کەسێکە لە دەرەوەی خێزان. گەر ڕێنوێنی بەڕێوەبەری کار، مامۆستا، یاخود ڕاهێنەرێک وەرنەگرن ئەوا لە مەترسیدان تا شوێن هەرزەکارێکی ڕێبەهەڵەکەر بکەون. بۆ بەردەوامیدان بە جلەوکردن لە ماڵەوە، دڵنیا ببنەوە لەوەی هەرزەکارەکانتان لە دەرەوەی ماڵ سەرپەرشتی و ئاڕاستەکردنیش وەردەگرن.

## لەجیاتی "مەکەن" "دەمەوێت" بەکار بهێنن

بەر لەوەی منداڵان گەشە بە بیرکردنەوەی عەقڵانی بدەن، لە دەوروبەری تەمەنی نۆ ساڵیدا، ئەنجامی پێچەوانەی دەبێت وشەی "مەکەن" بەکار بهێنن. کاتێک دەڵێین "ڕا مەکەن،" منداڵان وێنەیەک لە ناخی خۆیاندا گەڵاڵە دەکەن بۆ خۆیان کە ڕا دەکەن. لەبری ئەوەی خاویان بکەنەوە، زیاتر دنە دەخۆن تا ڕا بکەن. منداڵان لەڕێی وێنەکانەوە فێر دەبن. کاتێک منداڵان بە چاوی مێشکیان وێنەیەک دەنەخشێنن، هەر بە زوویی کرداری بەدوادا دێت. وەک ئەوە وایە هەر وشەی "مەکەن"یان نەبیستبێت.

**کاتێک دەڵێین مەکەن، بە ڕاستی دنەدانێکی گەورەتر دروست دەکەن لە منداڵاندا تا هەمان ئەو شتە بکەن کە داوایان لێ دەکەن ئەنجامی نەدەن.**

هەر ئێستا، هەوڵ بدەن بیر لە ڕەنگی شین نەکەنەوە. بە هەوڵدان بۆ بیرنەکردنەوە لە ڕەنگی شین، زۆرت لێ دەکرێت بیری لێ بکەیتەوە. کاتێک بە منداڵێک دەڵێی: "لە براکەت مەدە." ئێستا خۆی دەبینێت لە

براكەی دەدات. بەكارهێنانی وشەی "مەكەن" بە ڕاستی وا دەكات بۆ منداڵان زەحمەتتر بێت هاوكاری بكەن.

كە بە منداڵان دەڵێین "یاری بە خواردنەكەتان مەكەن" لە چاوی مێشكیاندا وێنەیەكی خۆیان دروست دەكەن یاری بە خواردنەكەیان دەكەن و ویست و ئارەزوویان زیاد دەكات تا بە ڕاستی یاری بە خواردنەكەیان بكەن. كاتێک دەرفەتەكەیان پێ درا، ئەم دنەدانە دواتر سەر دەردەهێنێت و دەست دەكەن بە فلیقاندنەوەی شتەكانی دیكە لەگەڵ خۆراكەكەیان.

زۆربەی كات دایک و باوكێک شتێكی لەم شێوەیە لە منداڵێک داوا دەكات: "پێم وتی تۆپ لەناو ماڵەكەدا هەڵنەدەیت. بۆچی ئەو تۆپەت لەناو ماڵەكەدا هەڵدا؟" لەم حاڵەتەدا، وەڵامی ڕاستگۆیانەی منداڵەكە ئەمەیە: "نازانم." هەندێک جار بە ڕاستی نازانن بۆچی تۆپەكەیان هەڵداوە.

**زۆربەی كاتەكان، منداڵان بیر ناكەنەوە، بەڵكو تەنیا ڕەفتار دەكەن بەو وێنەیەوە كە لەنێو چاوی مێشكیاندایە.**

بەم بەرچاوڕوونییەوە، دایک و باوک دەتوانن دەستبەرداری وشەی "مەكەن" ببن. گەر لەبیریان كرد و "مەكەن"ێک قووت بوویەوە، ئەوسا دایک و باوكەكە بە ئاسانی دەتوانن پەیامەكە ڕاست بكەنەوە. بە دووبارە داڕشتنەوەی داواكارییەكەیان یاخود فەرمانكردن بە ئەرێنی، وێنە مەبەستدارەكە دروست دەبێت. گەر ڕێكەوت بڵێن: "ڕا مەكە." ئەوسا "مەكە"كە ڕاست بكەوە و بڵێ: "دەمەوێت خاو ببیتەوە و ڕێ بكەیت."

## پرسیارکردن له منداڵان لەوەی ڕایان چییە

لە دەوروبەری تەمەنی نۆساڵیدا، منداڵان گەشە بە توانای بیرکردنەوەی عەقڵانی دەدەن. گونجاوە بۆ دایک و باوک دەست بکەن بە پرسیارکردن لە منداڵان کە ڕایان چۆنە. گەر منداڵێک داوای ئایس کرێم بکات لە پاش نیوەڕۆدا، دایک و باوک دەتوانن بڵێن: "ڕای تۆ چییە؟ ئایا ئەوە بیرۆکەیەکی باشە؟"

لەپاڵ پرسیارکردن لە منداڵان لەوەی ڕایان چییە لەسەر ئەو شتەی کە پێویستە بیکەن، هەروەها دایک و باوک دەتوانن دەست بکەن بە ڕوونکردنەوەی هۆکارەکان بۆچی دەیانەوێت منداڵەکەیان شتەکان بکات. بەر لە تەمەنی نۆ ساڵی، منداڵان بە ڕاستی ناتوانن لە بیرکردنەوەی عەقڵانی بگەن. گوتنی: "دەمەوێت ئێستا بچیت بنوویت" باشترینە بۆ منداڵی تا تەمەن نۆ ساڵی، پاشان دایک و باوک دەتوانن بڵێن: "دەمەوێت تا کاتژمێر نۆ بڕۆیت بخەویت تا بەیانی تێر خەو بوو‌بیت."

**ئەمانەی خوارەوە هەندێک نموونەن بۆ منداڵانی نۆ ساڵ و گەورەتر:**

- زەحمەت نەبێ بێدەنگ دەبیت؟ هەر ئێستا، دەمەوێ گوێ بگریت چونکە ئەو کاتە دەتوانم ڕوونی بکەمەوە نیازمە چی بکەین.
- زەحمەت نەبێ واز لە لێدانی خوشکەکەت دەهێنیت؟ دەمەوێ بە وشەکانت تێیبگەیەنیت. لێدان ئازاری دەدات و وای لێ دەکات یاری لەگەڵ تۆدا نەکات.
- زەحمەت نەبێ یارمەتیم دەدەیت؟ دەمەوێ قاپەکەت بهێنی بۆ سەر سنگی شۆردنەکە، چونکە شۆردنی قاپەکان ئیشێکی گەورەیە و بە بوونی یارمەتی تۆ زۆر ئاسانترە.
- زەحمەت نەبێ ئەم پەرش و بڵاوییە خاوێن دەکەیتەوە؟ دەمەوێ گەمەکانت دوور خەیەوە، چونکە کاتێک جێیان دەهێڵی

کەسێک دەکرێت پێی هەڵکەوێت لێیان. ژوورەکە زۆر جوانتر دەبێت کاتێک شتەکانت لا دەبەیت.

- زەحمەت نەبێ ژوورەکەت ڕێک دەکەیتەوە؟ دەمەوێ شتەکانت لا بدەیت. کاتێک شتەکانت لا دەبەیت، پاشان دەزانی لەکوێ بیاندۆزیتەوە.

گەر منداڵێکی خوار نۆ ساڵ بپرسێ "بۆچی" دەبێت شتەکان بکات، ئەوسا وا باشە بە هەندێک لە هۆکارەکان وەڵامی بدەیتەوە، بەڵام وا نەکرێت گەر منداڵەکە بەرهەڵست بوو. دایک و باوک پێویستە لەیادیان بێت منداڵانی خوار تەمەن نۆ ساڵی توانایان نییە لە لۆژیک و عەقڵ تێبگەن و بیخەنە بواری جێبەجێکردنەوە.

دایک و باوک پێویستە هانی ڕەفتاری منداڵانی خوار تەمەن نۆ ساڵان بدەن بێ ئەوەی بە هۆش و عەقڵ پشتی داواکارییەکەیان بگرن. کاتێک منداڵان بەرهەڵستی ئاڕاستەکردن دەکەن، تاکە هۆکارێک کە منداڵ هاوکاری بکات بە هۆی ئەوەوەیە ئەو منداڵەکەیە و تۆیش سەرۆک، تۆیش دەتەوێت هاوکاری بکات. بیرتان بێت، لە قووڵایی ناخی هەر منداڵێکدا، هاندەری سەرەکی ئەوەیە لەگەڵ ویست و ئیرادەی ئێوەدا هاوکاری بکات.

## ئاڵنگاری باوانیکردن

باوانیکردن هەمیشە ئاڵنگارییەک بووە، بەڵام باوانیکردنی ئەرێنی ئاڵنگارییەکی گەورەترە. گەرچی لە دەستپێکدا کات و تەقەلایەکی زیاتر دەبات بۆ فێربوونی، بەڵام شایانییەتی. لە مەودای دووردا، نەک تەنیا باوانیکردن ئاسانتر دەبێت، بەڵکو منداڵەکانیشتان سوودی لێ

دەبینن. کاتێک منداڵەکانتان بەنێو قۆناغە جیاوازەکانی گەشەکردندا ڕەت دەبن، ئەوا ئێوەیش لە هەر لۆف و بادانەوەیەکدا ئامادە دەبن.

کاتێک توانا و شارەزایییەکانی باوانیکردنی ئەرێنیتان جێبەجێ کرد، ناوبەنـــاو دەکەونە تەڵەوە و دەکەون، بەڵام هەمـــووان هەر وان. هەر زوو هەست بە بروابەخۆبوون و ئاسوودەیی دەکەن، چونکە دەزانیت ئەوە دەبەخشن بە منداڵەکانتان کە پێویستیانە. ئێوە ناتوانن قەدەری نـاو ناخیـان بگـۆڕن یـاخود کێشـە ناوازەکانیـان بـڕەوێننەوە، بەڵام دەتـــوانن پاڵپشـــتی بـــاوانیی پێویســـتیان پـــێ ببەخشـــن بـــۆ ڕووبەڕووبـوونەوەی ناڕەحەتییەکـان و بەدەسـتهێنانی سـەرکەوتنی زیاتر.

وەک هەر توانا و شارەزایییەکی نوێ، چەماوەیەکی فێربوون هەیە. بەر لەوەی ئاسانتر بێت، قورستر دەبێت. هەر کە پێت وا بوو کاری خۆی دەکات، قۆرتێک دێتە ئارا، تۆیش نازانیت چی بکەیت. کاتێک ڕێبازەکەت وا دیارە کار ناکات و سەرکەوتوو نابێت، یاخود نازانیت چـی بکەیـت، ئەوە ئەو کـاتەیە چاوێـک بە "منـداڵان لە بەهەشـتەوە هاتوون"ـــدا بخشـێنیتەوە. لە مـــاوەیەکی کورتـــدا، پەی بەو شـــتە دەبەیتەوە لەیادت کردووە. بە جارێکی دیکە جێبەجێکردنی پێنج توانا و شـارەزایییەکەی بـاوانیکردنی ئەرێنـی، دەگەڕێنەوە سـەر ڕێچکەی ڕاست.

تەنانەت گەر هەموو شتێکیش بە ڕاستی بکەن، بیرتـان بێت منداڵان کامڵ و بێکەموکووڕی نین. پێویستە هەڵە بکەن و ئەزموونی کۆسپ و تەگەرەکان بکەن. لە ژیاندا پێویستیان بە کێشەکان و ئاڵنگارییەکان هەیە تـا گەڵاڵەی کەسـایەتی نـاوازەی خۆیـان و کـۆمەڵەی خـاڵە بەهێزەکانیان بکەن. گەرچی پاڵپشتی ئێوە زۆر پێویستە، هـاتوونەتە ئەم جیهانەوە بەو شتەوە کە پێویستیانە تـا وانەکانیان فێر بن و ئەو ئەرکە بەجێ بگەیەن بۆ ئەنجامدانی هاتوونەتە ئەم دنیایەوە.

وەک چۆن ناتوانن چاوەڕێی ئەوە لە منداڵەکانتان بکەن کامڵ بن، چاوەڕێی ئەوەیش مەکەن خۆیشتان کامڵ و بێکەموکووڕی بن. هەڵەکردن بەشێکە لە گەشەکردن، هەروەها بەشێکیشە لە باوانیکردنی سەرکەوتوو. منداڵان ناتوانن بەهێز بن گەر هەموو شتێک ئاسان بێت. منداڵان ناتوانن نەنگییەکانیان قبووڵ بکەن گەر دەرفەتگەلێکی زۆریان نەبووبێت تا لە باوانیان خۆش بن لەپای هەڵەکانیان و نەنگییەکانیان.

## خەڵاتەکانی مەزنی

بە پێدانی سەربەستی بە منداڵەکانتان بۆ دۆزینەوە و دەربڕینی خودی ڕاستەقینەی خۆیان، خەڵاتەکانی مەزنێتیان پێ دەبەخشن. هەموو تاکە مەزنەکان، بیرمەندەکان، هونەرمەندەکان، زاناکان و سەرکردەکان لە مێژوودا توانیان بڵێن نەخێر بەڕووی بیر و ڕاکانی ڕابردوودا و داهێنەرانە بیریان کردەوە. خەونیان هەبوو، توانیشیان شوێن خەونەکانیان بکەون. کاتێک کەسانی دیکە لەدژیان وەستانەوە یان بڕوایان پێنەکردن، خاوەن ئەو هێز و توانایە بوون بڕوا بە خۆیان بکەن. مەزنێتی هەمیشە لەڕێی بەڕووداوەستاندا دروست بووە. هەموو چیرۆکێکی سەرکەوتن تژییە لە نموونەگەلێک کە ناچار بوون لەدژی ئەوانی دیکە بوەستنەوە و بەرەوپێش بڕۆن. لەڕێی پرۆسەی گوتنی نەخێرەوە بەرانبەر کەسانی دیکە یاخود بەرهەڵستیکردنی ڕێگە باوەکانی بیرکردنەوە و کوێرانە شوێن نەکەوتن، داهێنان و مەزنێتی دەتوانن پەیدا ببن.

هەرکام لە پێنج پەیامەکەی باوانیکردنی ئەرێنی پاڵپشتی گەشەپێدانی هەستێکی بەهێزی خودبوون دەکەن و دیارییەکی بەنرخی مەزنێتیان لەخۆ گرتووە. ئەوانیش:

١. ڕێگەدان بە جیاوازبوون، کە ڕێگە بە منداڵان دەدات تا هێزی شاراوە و مەبەستی نێو ناخیان بدۆزنەوە، بینرخێنن و گەشەی پێ بدەن.

٢. ڕێگەدان بە ئەنجامدانی هەڵە، کە ڕێگە بە منداڵان دەدات خۆیان ڕاست بکەنەوە، لە هەڵەکانیانەوە فێر بن، سەرکەوتنی گەورەتر بەدەست بهێنن.

٣. ڕێگەدان بە دەربڕینی هەست و سۆزە نەرێنییەکان، کە منداڵان فێر دەکات تا سەروکاری هەست و سۆزەکانیان بکەن و گەشە بە هەستێکی ئاگایی بدەن کە وایان لێ دەکات زیاتر بڕوابەخۆبوو، هاوسۆز و هاوکار بن.

٤. ڕێگەدان بە ویستنی زیاتر، کە یارمەتی منداڵان دەدات گەشە بە هەستێکی تەندروست بدەن لەوەی شایستەیانە لەگەڵ توانای دواخستنی دڵخۆشبوونیان. دەتوانن زیاتریان بوێت، کەچی هێشتا دڵخۆش بن بەوەی هەیانە.

٥. ڕێگەدان بە گوتنی نەخێر، کە توانا دەبەخشێت بە منداڵان تا مەشق بە ئیرادەیان بکەن و پێناسەی هەستێکی ڕاستەقینە و ئەرێنی خودبوون بکەن. ئەم سەربەستییە مێشک، دڵ و ئیرادەی منداڵان بەهێز دەکات و بەرەو بە ئاگاییەکی گەورەتر دەدات لەوەی چیان دەوێت، هەست بە چی دەکەن و بیر لە چی دەکەنەوە. ئەم ڕێگەدانە بۆ بەرهەڵستی دەسەڵات بناغەی گشت توانا و شارەزاییەکانی باوانیکردنی ئەرێنییە.

هیوادارم ئەم ڕێنیشاندەرە کردارەکییەی باوانیکردن یارمەتیتان بدات ببنە باشترین ڕابەری منداڵەکانتان. بوون بە باوانی منداڵ زەحمەتە، بەڵام وەک هەموویشمان دەزانین کارێکە زۆرترین پاداشتی هەیە کە مرۆڤ دەکرێت ببێتە خاوەنی. بۆ ئەوەی ئیشەکەت ئاسانتر

بیت، بە شوێن پاڵپشتی دایک و باوکی دیکەدا بگەڕێن کە ئەوانیش توانا و شارەزاییەکانی باوانیکردنی ئەرێنی بەکار دەهێنن.

با ئەم ڕێنیشاندەرە لە گەشتەکەتاندا یارمەتیتان بدات. هیوادارم منداڵەکانتان وەک منداڵی بروابەخۆبوو، هاوکار و هاوسۆز گەورە بن. دەخوازم لە جیهانی دەرەوە و جیهانی ناوەوەدا سەرکەوتوو بن. بە هیوام خەونەکانیان بێنە دی، هەردەم لەنێو خێزان و پەیوەندییەکانیاندا ئەزموونی خۆشەویستییەکی هەمیشەیی بکەن.

هەموو منداڵێک بۆ خۆی پێشوەختە ناوازە و تایبەتە. بە چارەنووسی ناوازەی خۆیەوە دێتە نێو ئەم جیهانەوە. دەنکە تۆوێکی سێو بەسرووشتی دەبێتە درەختی سێو. ناتوانێت هەرمێ یان پرتەقاڵ بهێنێتە بوون. وەک دایک و باوک، گرنگترین ڕۆڵی ئێمە ناسینەوە و شکۆدارکردن و پاشان برەوپێدانی پرۆسەی گەشەسەندنی سرووشتی و ناوازەی منداڵەکانمانە. بە هیچ شێوەیەک لە ئێمە داواکراو نییە گەڵاڵەی کەسایەتی ئەوان دابڕێژین بۆ ئەو کەسەی ئێمە پێمان وایە پێویستە بەو جۆرە بن. بەڵام هێشتا بەرپرسین تا ژیرانە پاڵپشتیان بکەین بەو شێوانەی بەهرە و هێزە تاکییەکان لەنێو ناخیان دەربهێنین و بیانخەنە ڕوو.

لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان